منتدى إقرأ الثقافى
www.iqra.ahlamontada.com

ئا ئامە

تێگەیشتن

ئێمەیە

نووسینی: صالح بن عبدالعزيز بن محمد آل الشيخ

عبدالخالق حمدأمين عبدالله

وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە

کتێبخانەی
صلاح الدين

ئائەمە تێگەیشتنی ئێمەیە

ئائەمە تێگەیشتنی ئیمەیە

نووسینی

صالح بن عبدالعزیز بن محمد آل الشیخ

وەرگێڕانی

عبدالخالق حمد أمین عبدالله

١٤٣٦ک - ٢٠١٥ز

صلاح الدین

هەموو مافێکی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ
کتێبخانەی صلاح الدین

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی (٢٠١٥)ی پێدراوە

- چاپی یەکەم -

١٤٣٦ ك

مكتبة
صلاح الدين
Salahaddin Bookshop

کتێبخانەی صلاح الدین

هەولێر- فلکەی شیخ محمود- باڵەخانەی سید بهاء الدین
نهۆمی خوارەوە.

٠٦٦٢٢٣٦٤٨٠

پێشەکی وەرگێڕ:

الحمد لله الواحد الأحد الفرد الصمد، الذي لم يلد ولم يولد ولم يكن له كفوا أحد، والصلاة والسلام على خير خلقه محمد صلى الله عليه وسلم، وعلى آله وصحبه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين.

أما بعد:

دوای تێپەڕبوونی چەند سەدەیەک بەسەر کۆچی دوایی پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ هاوەڵە بەڕێزەکانیو کۆتایی هاتنی سەردەمی تابعین، چەندین بۆچوونی جیاواز لە ناو مسوڵمانان سەری هەڵداو بووە مایەی لێکترازانو تێکدانی یەکڕیزی ناو مسوڵمانان، لەڕاستیدا هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی ئەم بۆچوونە جیاوازانە دەگەڕێتەوە بۆ نەگەڕانەوە سەر چۆنیەتی تێگەیشتنی هاوەڵانو تابعین لە دەقە شەرعیەکان، هەروەها بوونی کۆمەڵێک کۆسپی تری وەکو جیاوازی تێگەیشتن لە دەقەکانو بوونی کۆمەڵێک فەرموودەو هەواڵی هەڵبەستراو بە ناوی پێغەمبەرﷺ هاوەڵانو شوێنکەوتانیانەوە، ئەمەو چەندین هۆکاری تری وەکو نەبوونی زانستی تەواو و قسەکردن لە دین بە هەواو ئارەزوو بە پێی تێگەیشتنی خودیو گوێنەدانە ڕوحو مانای دەقەکانو تأویل کردنو لادانی مانای دەقەکان لە مەبەستەکانیان بۆ ئەوەی لەگەڵ مەرامە تایبەتیەکاندا یەکبگرێتەوە.

هەموو ئەم هۆکارانە وایانکرد جیاوازی بیروڕا لە ناو مسوڵمانان دروستبێتو کۆتاییەکەی بگەیەنێتە دروستکردنی چەندین تاقمو گروپو ناو لە خۆنانو خۆجیاکردنەوە لە یەکتری.

یەکێک لەو بابەتانەی ئەمڕۆ بۆتە جێگای مشتومڕ لە ناو مسوڵماناندا بابەتی داواکردنی شەفاعەتو تکایە لە گۆڕی مردوان، ئایا ئەمە تا چەند دروستەو هۆکاری پەیدابوونی چییە، ئایا بۆچی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ داوای شەفاعەتیان لە گۆڕی پێغەمبەر ﷺ نەکردووەو لێی نەپاڕاونەتەوەو داوای نزایان لە گۆڕەکەی نەکردووە، ئەی بۆچی ئەمڕۆ کۆمەڵە کەسانێک دەبینین لە ناو مسوڵماناندا داواکردنو پاڕانەوە لە گۆڕی پێغەمبەرانو پیاوچاکان بە ڕەوا دەبینن، ئەمەو چەندین پرسیاری تر لەم پەرتووکەدا وڵامەکەی دەست خوێنەر دەکەوێت.

ئەم پەرتوکەم لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتەوە سەر کوردی، لە بنچینەدا ئەم کتێبە لە لایەن زانای بەڕێز شێخ صالح آل الشیخ نووسراوە، ئەم کتێبە وڵامێکە بۆ زانایەک بە ناوی (محمد بن علوی المالکی)، ئەم زانایە هەستاوە بە نووسینی کتێبێک بە ناوی (مفاهیم یجب أن تصحح) کە تیایدا بەڵگە بە چەندین فەرموودەی لاوازو هەڵبەستراو دەهێنێتەوە بۆ سەلماندنی دروستێتی داواکردنو پاڕانەوە لە گۆڕی پێغەمبەران و پیاوچاکان. شێخ صالح آل الشیخ هەستاوە بە وڵامدانەوەی ئەم کتێبە بە شێوەیەکی زانستیانەو هەموو ئەو بەڵگانەی نووسەری (مفاهیم یجب أن تصحح) هێناونی تەخریجی کردوونو قسەی گەورە زانایانی لەسەر باسکردووەو لایەنی لاوازیو دروستێتی بەڵگەکانی ڕوونکردۆتەوە، ئەم وڵامدانەوەیەی ناونا بە (هذه مفاهیمنا)، منیش هەستام بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە لە عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی

بە ئومێدی ئەوەی ببێتە مایەی ڕەزامەندی خوای میهرەبانو مسوڵمانان لێی سودمەند بن، هەر هەڵەو ناتەواویەک لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا هەبێت ئەوا لە منەوەیەو لە شەیتانەوەیە، ئەگەر تەواویەکی تێدا بەدیکرا ئەوا لە لایەن خوای گەورەوەیەو خوای گەورە خاوەن منەتو چاکەیە بەسەرمانەوە.

وصلى الله وسلم وبارك على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

عبدالخالق حمدأمين عبدالله

هەینی ٢٥/ربيع الأول/ ١٤٣٦ – ٢٠١٥/١/١٦

الخرطوم – السودان

پێشەکی نووسەر

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله، صلى الله عليه وعلى آله وصحبه وسلم تسليما كثيرا، أما بعد: فإن أصدق الحديث كتاب الله، وخير الهدي هدي محمد، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة.

بێگومان فیتنەو ئاشوب لەمڕۆدا زۆرەو گشتی بەدوای یەکدا دێت؛ (بۆ نمونە) ئەو فیتنەیەی تووشی ئەندامەکانی لاشە دەبێت، فیتنەی دڵەکان، فیتنەی هۆشو بیرەکان، زۆرێک لە خەڵکانی ئەمڕۆ ڕۆچوون لە ناو فیتنەو ئاشوبدا بە بێ ئەوەی گوێی پێ بدەن، کۆمەڵە کەسانێکی تر توشی داوی فیتنە بوون بە هۆی نەزانیو نەبوونی زانستیانەوە، چەندین کەسی تریش هەن کە زاناو ئاگاداریشن کەچی ڕۆچوون لەناویدا، چەندین گروپو لایەن هەن بە هۆی شوێنکەوتنی کوێرانە تێکەوتوونو تووشی ئاشوبو فیتنە هاتوون.

تا وای لێهاتووە ئەو کەسانەی خاوەن دڵێکی زیندوونە هەرچی دەیبینن بەلایانەوە نەشیاوو ناپەسندە، ئەو دەمو چاوانەی بەرچاویان دەکەوێت ئەو دەمو چاوە نینە کە ناسرابوون (پێشتر بیندرابوون)، هەروەها ئەو کردەوانەی دەبیندرێن ئەو کردەوانە نینە کە پێشتر بیندراونو هەستیان پێکراوە، ئەو هۆشو ژیرییەی (ئەمڕۆی ئەم کەسانە) هۆشو ژیرییەکی ڕۆشنو ڕووناک

نییە، هەروەها تێگەیشتنەکان تێگەیشتنێکی ڕووناکو ڕشنگدار نییە.

ئەو کەســـە بە لاشە لەگەڵ خەڵکدا دەژیەت، (بەڵام) بە کردەوە لێیان جیایە، لە ناو خەڵکو کەســـوکاریدا بە نامۆیی ژیان بەســـەر دەبات، تا ئەو کاتەی خوای گەورە ڕێگـــە دەدات کاتی تەواوبێت لە دونیاو بگات بە خوای گەورە – کاتێک خوا لێی خۆشـــبێت – هەرچی دڵتەنگـــی‌و نامۆیی هەیەتی نایمێنێتو خوای گەورە تەنیاییەکەی لادەبات‌و دڵنەوایی دەکات.

یەکێک لە گەورەترین ئەو فیتنەو ئاشـــوبانەی زۆر ڕێگرەو لادەرە لە ڕێبازی ڕاســـتی خوا بریتییە لەو فیتنەو ئاشـــوبانەی نایەڵن مانای شـــایەتومان (شـــایەتیدان‌و گەواهیدان بەوەی کە هیچ پەرستراوێک جگە لە خوا شایستەی پەرســـتن نییەو پێغەمبەر ﷺ نێردراوی خوایە) وەکـــو خۆی بێتەجێ‌و (کاری پێبکرێـــت)، چەندین کەس هەیە کە زانایە بـــەڵام بووەتە فیتنە لە خەڵکو مانای دروســـتی (لا إلـــه إلا الله) یان فێرناکات، کەســـی واش هەیە کوێرانە شوێن بابەتەکان کەوتووەو خەڵک بە لاڕێدا دەبات.

ئەم جـــۆرە بە لاڕێدابردنە **(نە چەســـپاندنی مانای لا إلـــه إلا الله)** چەندین شـــێوازو جۆری هەیە، هەموو ئەم جۆرانە لەم ســـەردەمەدا بوونیان هەیەو هەســـتیان پێدەکرێت، لە هیچ سەردەمێک لە ســـەردەمەکان بەم شێوەیە ئەم جۆرە ئاشـــوبو فیتنانە نەبوونە، خەڵکێکی زۆر کەم ئاشـــنایە پێی، کەمن ئەوانەی تێدەکۆشن بۆ لەناوبردنی‌و هەوڵی نەهێشتنی دەدەن.

هەندێک خەڵک کاتێک پرسیاری مانای وشەی یەکخوا پەرستی (لا إله إلا الله) ی لێبکەیت وا گومان دەبات کە ماناکەی بەم شێوەیە (هیچ دروستکراوێک نییە جگە لە خوا)، وەکو ئەوەی خەڵکانی ســـەردەمی نەفامی (موشریکـو هاوبەش بڕیاردەران) ئەوانەی کە پێغەمبەرانیان بـــۆلا ڕەوانە کراوە پێیان وابووە کە

ئەم گەردوونە چەندین دروستکەرو بەدیهێنەرو بەڕێوەبەری هەبووە؛ لەبەر ئەوەیە پێغەمبەران بە پەیامی (لا إله إلا الله)ەوە نێردراون بۆلایان.

لە ڕاستیدا ئەم نەفامو هاوبەشبڕیاردەرانە پەرستراوی جۆراوجۆریان هەبوو، پێیان وانەبوو خوای دروستکەر جۆراو جۆرەو (چەند خوایەک هەیە ئەم گەردوونو بوونەوەرەیان دروستکردووە)، بۆیە پێغەمبەران بە پەیامی(لا إلـه إلا الله)ەوە هاتن بۆلایان، مانای لا إله إلا الله هەروەکو نوح ﷺ بە گەلەکەی فەرموو: ﴿أَلَا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَ﴾. واتە: من بۆلای ئێوە ڕەوانەکراوم (ئەی گەلەکەم) تاکو پەرستن تەنها بۆ خوا ئەنجامبدەنو جگە لە خوا کەسیتر نەپەرستن.

پەرستن (العباده): لە زمانی عەرەبیدا واتە: مل کەچکردنو ژێربارببوونو فەرمانبەرداربوون، بۆیە جۆرەکانی پەرستنی (وەکو نوێژو ڕۆژوو حەجو زەکات ...) ناوی پەرستنیان لێنراوە؛ چونکە بە ملکەچیو خۆبەکەمزانییەوە ئەنجامدەرێت، ئەم جۆرە پەرستنانە وا لە مرۆڤ دەکەن ژێربارو ملکەچ بێت بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان، (وای لێدەکات گوێڕایەڵی) فەرمانو نەهییەکانی بێت، هەروەها (بەهۆی پەرستنی خواوە) دڵنەواو ئارام بێتو بەوپەڕی ملکەچییەوە لەخزمەتیدا بێت.

ئەمە ئەو مانایەیە کە عەرەب هەستی پێکردووەو زانیویەتی، لەبەر ئەوە بووە ژێرباری (لا إله الله) نەبوونە؛ تەنانەت بە زمانیش دەریان نەبڕیوە.

کاتێک تۆ وردبیتەوە لە هەندێک خەڵکی ئەمڕۆ سەیردەکەیت ئەوەندەی ملکەچی بۆ گۆڕ دەنوێنن و ئەوەندەی خۆیان بە کەم دەزانن لە ناو ئەو مەزارو خانووانەی لەسەر گۆڕەکان دروستکراون ئەوەندە ملکەچ نینە لە کاتی چونە ناو ئەو مزگەوتانەی گۆڕیان تێدانییە.

لە لای ئەم گۆڕانە چەندین جۆر کردەوە ئەنجامدەدرێت کە گشتیان پێچەوانەی یەکخوا پەرستین، هەیە حەوت جار بە دەوری گۆڕدا دەسوڕێتەوە، هەیە دەڵێت: ئەی دۆستی خوا شیفام بدەو لە نەخۆشی چاکم بکەرەوەو قەرزەکانم لەسەر لابببە، هەیە دەڵێت: من خۆم دەخەمە کۆشی تۆوە بمپارێزەو هەرچی بەڵاو مەینەتی هەیە لەسەرم لابدەو مەیهێڵە (چەندین کاری نابەجێی تریش ئەنجامدەدەن کە لە ژماردن نایەن)، پێیان وایە ئەم گۆڕانە خوا هەڵی ئەوەی پێداون کە کاروباری ئەم گەردوونە بەڕێوە ببەنو ڕایپەڕێنن، واگومان دەبەن کە هەیانە گوندێکی بەدەستەو بە ئارەزووی خۆی دەیدات بە هەندێک کەسو لە هەندێکی تریشی دەگرێتەوە، هەیانە هەرێمێکی پێدراوە، هەیە بەرپرسی چواریەکی جیهانە، هەیە کاروباری هەموو زەوی پێ سپێردراوە؛ ئەو کەسەش ناوی (الغوث)ە واتە فریادڕەس، ئا بەم شێوەیە گۆڕ پەرستان گومان دەبەنو بیردەکەنەوە.

ئەو کەسانەی ئەم جۆرە بۆچوونانەیان هەیە وەکو ئەوانە وانە کە پێیان وایە خوای گەورە کاروباری ئەم جیهانەی داوەتە دەست حەوت هەسارەکان.

هەیە هۆشو بیری ڕێگای پێنادات وەکو ئەوانەی باسمانکرن شەریکو هاوەڵ بۆ خوا دابنێت لە بەڕێوەبردی گەردووندا، بەڵکو بۆچوونی وەکو بۆچوونی ئەو جۆرە کەسانەیە کە (أبوالبقاءالكفوي) لە کتێبی (الكليات) دا ناوی لێناوە شیرکو هاوبەشدانانی نزیکبوونەوە، ئەم جۆرە شیرکە سەردەکێشێت بۆ شەریک دانان بۆ خوای گەورە لە بەڕێوەبردنی گەردووندا.

ئەو کەسەی ئەم جۆرە بۆچوونەی هەیە لەگەڵ هاوڕاکانیدا بانگەشەی داواکردن لە مردووانی ناو گۆڕستان دەکات تەواو لەگەڵ ئەم بیرکردنەوەیەدا ناوێتە بووەو ئومێدی وایە کە مردووەکان لای خوا شەفاعەتو تکای لێخۆشبوونی بۆ

بکەن تاکو خوا لە تاوانەکانی ببوڕێت، یان تکا لە خوا بکەن تاکو پلەوپایەی بەرزبێتەوە، یان ڕزقو ڕۆزی زیادبێت، یان شیفای بۆ بێتو لە نەخۆشی چاکبێتەوە، کاروبارو پێداویستییەکانی جێبەجێ بکات.

وەک ئەوەی خوای گەورە هەموو دەرگاکانی بەردەمییانی داخستبێتو بەهانایانەوە نەیەتێتو پێویستییەکانیان دابین نەکاتو ولاّمی داواکارییەکانیان ناداتەوە، ئەم کارەی ئەوان ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە خوای گەورە بە بێ واستەو تکا نابەخشێت، بەڕاستی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە زۆر کەمو کوڕی تێدایە.

زۆر جار دەبینیت ئەم جۆرە کەسانە خۆشەویستی خۆیان بۆ ئەم مردووە بە جۆرەها کار ئەنجام دەدەن بە مەبەستی نزیک بوونەوە لێی: هەیانە هەر بەناوی مردووەکە سەری ئاژەلّەکە دەبڕێت، هەیە نەزری بۆ دەکات (شتی بۆ لە خۆ دەگرێت)، هەیانە سوڕانەوەی بەدەوردا دەکاتو دەیهەوێت بەم سوڕانەوەیە لێی نزیک بێتەوەو تکاوشەفاعەتی ئەو مردووە مسۆگەر بکات.

ئەم دوو جۆرە شیرکە کە شەریکو هاوبەشدانانی گەورەن؛ لەناو خەلّکدا بلّاون (ولا حول ولا قوة إلا باللّه)، لە ناو ئەم پەرتوکەدا ئاماژەم بەوە کردووە کە یەکەمین کەسانێک کە شەریکو هاوبەشدانانی گەورەیان لە ناو مسوڵمانانی ئەم ئوممەتەدا دا هێنا بریتی بوون لە (الباطنیية) باتینییەکان، لە سەروی هەموو هەموویانەوە (إخوان الصفا) ئەم کارەیان ئەنجامدا، هەروەها دەوڵەتی (العبیدیة) هەلی برەوپێدانی ئەم کارەی گرتە ئەستۆ.

زۆر جار خەلّک بە هۆی ئەم جۆرە بۆچوونانەوە دەخەلّەتێنو لە خشتە دەبرێن بەتایبەتی ئەوانەی زانیاریان نییەو شارەزا نینە لەم بوارەدا، هەندێک کەسی تر ئەم کارەیان بەهەل زانیوە بۆ ئەوەی بیکەنە باشترین سەرچاوەی ژیانی

ڕۆژانەیان، بەزۆری سۆفییەکان لەم کارەوە تێوەدەگێنو لای ئەوان ڕەواجی هەیە؛ چونکە هەیانە تەنها خواپەرستەو شارەزاییەکی ئەوتۆی نییەو ئاگادار نییە، ئەمەش وای لێکردون ببن بە بنێشتەخۆشەو شیرینی بۆ ئەو کەسانەی بە ئارەزووی خۆیان هەڵیان دەسوڕێننو بۆ مەرامی دونیایی بەکاریان دەهێنن.

لە دوای سەدەی پێنجەمەوە ئەم بابەتە زۆر ڕووی لە زیادبوون کردو لە ناو خەڵکدا بڵاوبۆوە، بەشێوەیەکی وا تەشەنەی کرد تا وای لێهات هیچ وڵاتێک سەلامەت نەبوو لێی، لە هەموو سەدەیەکدا دۆستانێکی خوا دەژینو کاتێک مردن قەبرەکانیان دەکرێت بە مەزارگەو خانووی لەسەر دەکرێت، پاشان داوای تکاکردنو شەفاعەتی لێدەکرێتو لێی دەپاڕێنەوەو هاواری دەکرێتێ.

گۆڕەکان زۆر بوونەو زۆر ماڵو سامان دەبەخشرێت بە گۆڕەکان، ئەمە وای کردووە خەڵکانێک لەم سامانەی دەخرێتە ناو مەزاری پیاوچاکان سودمەند بێت، بۆیە بەڕاستی ماڵو سامان فیتنەیە، پلەو پایە فیتنەیە، دەسەڵات فیتنەیەو مرۆڤ دەخەڵەتێنێتو لە خشتەی دەبات.

ئەوانەی یەکخوا پەرست نین زۆر حەزیان لێیە خەڵک لە ژیانیدا بە گەورەی دابنێنو دەستو پێی ماچبکەنو بۆ بەرەکەت دەست بە جل و بەرگیدا بهێننو لە لای ئەو دەنگیان نزم بکەنەوەو بە دڵ و بە لاشە خۆیان ملکەچ نیشان بدەن.

جارێکیان پیاوێکم لە دەوری کەعبەی پیرۆزدا بینی کە وا گومان دەبرا زانا بێت؛ ئەم پیاوە بە دەوری کەعبەدا دەسوڕایەوەو لەگەڵ هاوڕێیەکی بە دەنگی بەرز پێدەکەنی، خەڵک هەبوو دەست و پلی ماچدەکردو هەبوو دەستی بە جلو بەرگیدا دەهێنا.

ئایا ئەمە چ جۆرە هەڵسوکەوتێکە، ئەمە چ جۆرە دڵێکە خاوەنەکەی وا لێبکات لە دەوری کەعبە بە دەنگ پێبکەنێت، پاشان ئەوانە وا گومان دەبرێت

کە دۆستانی خوا بن.

ئەگەر بێین ئەمڕۆ باسی بارودۆخی مسوڵمانان بکەین بابەتەکە درێژە دەکێشێت، بەڵام ئاماژەکردن (بە ڕاستیەکان) بەسە، چونکە درێژکردنەوەی زۆر مرۆڤ تووشی بێتاقەتیو بێزاربوون دەکات.

جارێکیان لە یەکێک لە وڵاتە ئەفریقییەکان لەگەڵ زانایەکی گەورەدا دەمەتەقێمان کرد کە ئەویش بەم جۆرە کارانەوە گرفتار ببوو، کە چوونە لای قەبرو پەرستن بۆ ئەنجامدانی بەلایەوە باش بوو، هەروەها پارەی لەسەر وەردەگرتو پارێزگاری لێدەکردو خزمەتی دەکرد، (دەمەتەقێکەمان لەسەر) مانای پەرستن و تێگەیشتن لە چەمکی شایەتومان بوو، ئەویش وتی: من زۆر باش دەزانم کە ئێوە ڕاستدەکەن، بەڵام لە خەڵک گەڕێ با بژیت!

ئەمە بۆتە واقیع و (ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر)، بابەتەکە بریتی نییە لە سەرخستنی (الحق) ڕاستی بە بەڵگەوە، بەڵکو بابەتەکە بریتییە لە گەورایەتیو بنەماڵە و ناوبانگ و ماڵ و سامان؛ ئینجا دوای هەموو ئەمانە دێت بۆ چەسپاندن و شەرعاندنی ئەو کارانەی خۆی بە ناو بەڵگەکاندا دەگەڕێت تاوەکو شتێکی دەستبکەوێتو بیکاتە پاساو بۆ کارەکانی خۆیو (بلێت): لە پێش مندا ئەم بەڵگە شەرعییانە کارەکانی منیان بە ڕەوا زانیوە؛ هەرچەندە بەڵگەکان فەرموودەی درۆو هەڵبەستراویش بن، هەروەها بەڵگەی عەقڵی زۆر دەهێنێتەوە بۆ بەڕاستدانای کارەکانی خۆی هەرچەندە ئەم بەڵگانە لاوازتر بن لە دەزووی جاڵجاڵۆکە.

پارێزگاریکردن لەسەر هێشتنەوەی گەورایەتیو بنەماڵەییو ڕێزو شکۆ یەکێکە لەو لایەنانەی کە زۆر گرنگی پێدەدرێت لە لایەن هەموو ئەو کەسانەی شوێن بەرنامەو مەنهەجێکی داهێندراو کەوتوونو هەوڵی سەرخستنی دەدەن،

(هەوڵـــدەدەن) ئەو پەیڕەوو یاســـایەی ئەوان لەســـەرینی وەکـــو میرات بۆ منداڵەکانیانی بەجێ بهێڵن؛ چونکە حەزدەکەن میراتگرەکانیان لە دوای خۆیان بە دەوڵەمەندی بەجێ بهێڵن! هـــەر کاتێکیش مرد ئەوا ئەگەر بۆیان کراو لە توانایاندا بوو گۆڕەکەی بۆ دەکرێت بە مەزارگەو سەرنجی زۆرێک لە خەڵکی بۆلای خۆی ڕادەکێشـــێت، بەهۆی ئەمەشـــەوە خەلیفەی جێنشین پلەو پایەی لە ناو خەڵکدا زیاتر دەبێتو زیاتر بەگوێی دەکرێتو ماڵو سامانی دەدرێتێ. لە هەر جێگایەکی ســـەر ئەم زەوییە گۆڕ پەرســـتان هەبـــوون ئەوا زۆرجار کەســـانێکی تریشی لێیە کە لەسەر ڕێبازو بەرنامەو ڕێنمایی پێغەمبەرن ﷺ، هەرگیز ئەو گەورایەتیـــەی ئەوان هەڵیانناخەڵەتێنێـــتو بە گومانەکانیان کاریگـــەر نابن، ئەم جۆرە کەســـانە لـــە زۆربەی وڵاتان غەریـــبو نامۆنە، ئیشـــییان ئەوەیە خەڵک ڕێنمایی دەکەن بۆ سوننەتی پێغەمبەر ﷺ یەکخوا پەرستی، هەروەها دڵی خەڵک بۆلای خوا ڕادەکێشنو وا لە خەڵک دەکەن خوا بە گەورە بزانن و لێی بترســـنو ئومێدی ئەو نـــازو نیعمەتەیان هەبێت کە لە لای خوایە، دڵەکان پەیوەســـت دەکەن بە خواوە نەک بە کەسێکی تر لە خوا، کەســـیان خۆشـــنەوێت لەبەر خوا نەبێت، هەروەها ئەگەر ڕقیان لە کەسێک بۆوە ئەوا لەبەر خوا ڕقیان لێی بێت، جگە لە خوا هیچ کەسی تر نەپەرستن، مەبەستییان تەنها بانگردنی خەڵکە بۆ یەکخوا پەرستیو بە تەنها ئەنجامدانی کردەوەکانی دڵو ئەندامەکان بۆ خوای گەورە.

ئەوانە ناویان لە خۆیان ناوە: شوێنکەوتوانی سەلەفی صالح (پێشینی باش)، دەبێت چەندە جێگای سەرســـوڕمان بێت کاتێک دوو کەس بەرامبەر یەکتر بنو بەراورد بکرێن لەگەڵ یەکتردا؛ یەکێکیان شـــوێنکەوتەی کەسانێکی باش بێتو یەکێکی تریان شوێنکەوتەی کەسانێک بێت کە خراپنو (لە پەیڕەوی زانایانی

سەلەف لایانداوە)، دەبێت شـــوێنکەوتەی زانایانی سەلەف چەندە بەڕێزبنو شوێنکەوتەی ئەو کەســـانەی لە پەیڕەوی زانایانی سەلەف لایانداوە چەندە نزم بێت.

دوژمنانـــی (پەیڕەوی ڕاســـت) بە ئەو کەســـانە دەڵێن (کـــە هەڵگری پەیامی سەلەفن) وەهابییەکان یان تووند ڕەوەکان، هەروەها (دوژمنانی پەیامی ڕاست) هەوڵـــدەدەن ئەو پەرتـــوکو کتێبانە بڵاوبکەنەوە کـــە پێچەوانەی بانگەوازو پەیامی شـــێخ (محمدی کوڕی عبدالوهاب)ە ڕەحمەتی خوای لێبێت، هەروەها بەرپەرچی هەموو ئەوانە دەدەنەوە کە لەسەر ئەم بەرنامەیەنو شوێنکەوتەی بانگەوازی سەلەفییەتی پاکن (ئەو بانگەوازەی بانگمان دەکات بۆ گەڕانەوە بۆ سەر قورئانو سوننەت).

ئەو جـــۆرە بەرپەرچدانەوانە جـــۆراو جۆرو هەمە ڕەنگـــن، بەگوێرەی هەر دەوڵەتێک دەگۆڕێت، جاری وا هەیە بەرپەرچدانەوەکە بە ئاشـــکرایی دەبێتو هەشـــە بە نهێنی دەبێتو بە شـــێوەی ئاماژە پێکردن دەبێـــت نەک دەربڕینو درکاندن.

ئەم هەوڵانە گشتیان یەکنو بۆ یەک مەبەستن، ئەو ڕێگایەی ئەوان گرتوویانەتە بەر کۆنەو لەمێژە خەڵکانێکی لەســـەر دەڕۆن، لەسەر ئەم ڕێگایە کەسانێک هەنە کە بانگی بۆلا دەکەن، کاتێک بانگکەرێک بانگی ڕاهێشت هەموو کەسەکان بە دەنگی بەرزو هاوار وڵامی دەدەنەوە.

ئەو شێوازەی ئەم جۆرە بۆچوونانەی لێوە بڵاودەکرێتەوە شێوازێکی زانستیانە نییەو بەو شـــێوەیە نییە کە گومانی پێ دەبدرێـــت، بەڵکو ئەمە هۆکارێکە ئامانجی تەنها نیشـــتەجێکردنو سەقامگیرکردنی (کەســـایەتی) بانگخوازانی خراپە لە وڵاتەکانیانو وڵاتانی تریش کە ئەوانی لێ نیشتەجێ نینە.

یەکێک لەو کتێبو پەرتووکانەی بەرپەرچی بانگەوازی چاکسازیو (ڕاستی) داوەتەوە بریتییە لەو کتێبەی کە خاوەنەکەی ناوی لێناوە (مفاهیم یجب أن تصحح) (واتە: کۆمەڵێک تێگەیشتن هەیە پێویستە ڕاستبکرێتەوە)، ئەم کتێبە لە وڵاتی میسر ساڵی ١٤٠٥هـ چاپکراوە، پاشان لە سعودیە چەند وێنەیەکی زۆری لەبەر گیراوەتەوەو بە نهێنیو ئاشکرا لە چەند شوێنێکی ئەم وڵاتەدا بڵاوکراوەتەوە، لە هەردوو حەرەمەکانی (مەککەو مەدینە) بە شێوەیەکی زیاتر بڵاوکراوەتەوە.

لەم کتێبەدا (مفاهیم یجب أن تصحح) نووسەرەکەی داواکردنی شەفاعەت لە پێغەمبەر ﷺ لە ناو گۆڕدا بە دروست دەزانێت؛ بەڵکو هەندێک جار بەلایەوە خۆشەویستەو ڕەواجی پێدەدات، هەروەها لای دروستە پێغەمبەر ﷺ بکرێتە واسیتە لە نێوان مرۆڤو خوادا، هەروەها بەلایەوە دروستە داوای فریاکەوتن لە پێغەمبەر ﷺ بکرێت، داوای فریاکەوتن لە پێغەمبەر ﷺ بەلای ئەم نووسەرەوە مایەی ڕزگاربوونو فریادڕەسییە، هەروەها پێی وایە دروستە لە دوای مردنی پێغەمبەر ﷺ داوای شەفاعەتو تکای لێبکرێتو داوای یارمەتی لێبکرێت، ئەم جۆرە بۆچوونەی داوەتە پاڵ پیاوچاکانو پێی وایە پیاوچاکان ئەم کارەیان کردووە.

بەڵکو لەوە زیاتر دەڵێت: ئەو کەسەی دەڵێت: ئەی پێغەمبەر چاوەکانم بۆ بگێڕەوە، یان ئەم بەڵاو مەینەتییەم لەسەر لابدە، یان لە نەخۆشی چاکم بکەرەوە؛ ئەوا دروستەو هیچ لۆمەو گازندەیەک لەسەر بێژەری ئەم جۆرە قسانە نییە، ئەم قسەیەی لە لاپەڕە (٩٨)ی کتێبەکەیدا کردووە.

لە کتێبەکەیدا فەرموودەی زۆر هەڵبەستراوو (منکر)و لاوازو نادروستی کردۆتە بەڵگە بۆ ئەو گومانانەی باسیکردوون، زۆر جار زۆری لە خۆی دەکات بۆ

ئەوەی بەڵگە بهێنێتەوە لەسەر قسەکانی؛ هەر چەندە بەڵگەکەی زۆر لاوازە. ئەم جۆرە کەسانە زۆر کارامەن لە بەڵگەهێنانەوە بە هەواڵی هەڵبەستراوو لاوازو پشکردن لە هەواڵە دروستو پڕ بایەخەکان.

ئەمە شتێکی نوێ نییە، بەڵکو هەموو ئەوانەی لە ڕێبازی سەلەف لادەدەن ئارەزووی داهێنانو زیادکرن لە دینداو ڕەواجی پێ دەدەن؛ تاکو وای لێدێت لای ئەم جۆرە کەسانە قسە هەڵبەستن بە ناوی پێغەمبەرەوە ﷺ شتێکی زۆر ئاسانو سانا دەبێت.

هەیە لەمانە بە زانایيەو قسە بە ناوی پێغەمبەرەوە ﷺ هەڵدەبەستێت، هەشیانە نەزانە، نموونەیەکت بۆ باسدەکەم لەسەر ئەم جۆرە کەسانە تاکو زیاتر چاو ڕۆشن بیتو لەو شتانە باشتر تێبگەیت کە لەمەودوا دەیانبیستیت: لە کتێبی (الدرر السنية في الرد على الوهابية) کە ئەحمەدی کوڕی زینی دحلان (ل٥٥) هاتووە دەڵێت: ((زانای گەورە سەید عەلەوی کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەسەنی کوڕی قوتب سەید عبد الله حەدداد باعلوی لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی کە وڵامی (محمدی کوڕی عبدالوهاب)ی تێدا داوەتەوە بە ناونیشانی (جلاء الظلام في الرد على النجدي الذي أضل العوام) ئەم کتێبە کتێبێکی زۆر باشەو هەندێک فەرموودەی تێدا باسکردووە.

لەوانە: ئەو فەرموودەیە کە لە عەبباسی کوڕی عبد المطلب مامی پێغەمبەر ﷺ خوا لێیان ڕازی بێت گێڕدراوەتەوەو دەیداتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی: لە سەدەی دوازدە لە دۆڵی بنی حنیفە پیاوێک دەردەکەوێت شێوەی وەکو شێوەی گا وایە، هەمیشە لێوە گەورەکانی دەلێسیتەوە، لە کاتی هاتنی ئەودا خراپەو کوشتار زۆر دەبێت، ماڵو سامانی مسوڵمانان بە حەڵاڵ دادەنێنو بازرگانی پێوە دەکەن، خوێنی مسوڵمانان حەڵاڵ دەکەنو

شـــانازی پێوە دەکەن، ئەمە فیتنەو ئاشـــوبێکە کەسە نزمەکان تێیدا بەهێزو بازوو دەبن، هەواو ئارەزوو لە ناویاندا دێتو دەچێت هەروەکو چۆن ســـەگ لە دەوری خاوەنەکەی دێتو دەچێت.

ئەمجا وتی: ئەم فەرموودەیە چەند شـــاهیدێکی تری هەیە کە ماناکەی بەهێز دەکات، هەر چەندە نەشـــزاندرابێت کێ باســـیکردووەو گێڕاویەتییەوە)) لێرە قسەکەی کۆتایی دێت.

ئەم فەرموودەیە کابرا خۆی هەڵی بەســـتووە یان یەکێکە لە شوبهەکانی، بە بەرچـــاوی خەڵکەوە درۆ بە ناوی پێغەمبەرەوە ﷺ دەکات، دەبێت ئەو دڵە چ جۆرە دڵێک بێت کە ئاوا بوێرەو دەتوانێت ئەم جۆرە کارانە بکات، ئایا دەبێت ئەو دڵانەی تر چۆن بن کە هاو وێنەی ئەم جۆرە کەسانەیان خۆشدەوێت.

ئەمانە درۆ بە نـــاوی پێغەمبەرەوە ﷺ دەکەنو وا گومان دەبەن پێغەمبەریان ﷺ خۆشدەوێت.

ئایا خۆشەویســـتی پێغەمبەرو ﷺ قســـە بۆ هەڵبەســـتنی لە دڵی کەســـێکدا کۆدەبنەوە؛ نەخێر سوێند بە خوا شتی وا قەت نابێت، مەگەر لە دڵی کەسێکی بیدعەچی بۆچوون لاوازی درۆزندا کۆببێتەوە.

ســـەیر لەوەدایە کە خۆی وتی (نازاندرێت کێ گێڕاویەتییەوە) خۆ ئەگەر ئەم قســـەیەی دابایە پاڵ کتێبێکی ون بووەوە ئەوا زیاتر ڕەواجی بە فەرموودەکە دەدا لـــە لای خەڵکی نـــەزانو کەم زانســـت، نەک لـــە لای ئەوانەی خاوەن زانستنو ڕۆشنایی فەرموودەکانی پێغەمبەریان ﷺ پێگەیشتووەو دەزانن کامە فەرموودەی دروستی پێغەمبەرە ﷺ.

جۆری دووەم لەوانەی بەناو پێغەمبەرەوە ﷺ قسە هەڵدەبەستن بەڵام نەزانن و بە بێ ئاگایی و ئاشـــنایی ئەم کارە دەکەن؛ (نمونەی ئەم جۆرە کەســـانە) لە

کتێبی (الرد المحکم المنیع) لاپەڕە (١٧) دا هاتووە کە دەڵێت: (شتێکی زاندراوو بەڵگە نەویستە لای فێرخوازانو سەرجەم خەڵکی ج جای زانایان کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: باوەڕ بە بنەماڵەییو ڕەچەڵەکی مرۆڤەکان دەکرێت – واتە: کاتێک کەسێک بیستی ڕەچەڵەکم فلانە شتەیە پێویستە باوەڕی پێبکرێت مادام بەڵگەیەکی ڕوون نییە لەسەر پێچەوانەی قسەکەی –).

بەڵکو لای زانایان هەتاوەکو لای فێرخوازانو قوتابییە بچوکەکانی شەریعەتی ئیسلامی زاندراوە کە ئەم ڕستەیە: (باوەڕ بە بنەماڵەییو ڕەچەڵەکی مرۆڤەکان دەکرێت) قسەی ئیمامی مالیکە ڕەحمەتی خوای لێبێت.

هەموو ئەوانەی حەزیان بە بیدعەو زیادکردن دێت لە دیندا پشت لە سوننەت دەکەن، هەر کەسێک شتی زیادکراو لە دین بۆ خەڵک جوان بکات ئەوا بە ئەندازەی (بانگەوازییەکەی بۆ ئەم بیدعەیە) ئاشنایی بە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ کەم دەبێت، هەر کەسێکیش لەو جۆرە کەسانە وردبێتەوە ڕاستی ئەم قسەیە دەزانێتو بۆی دەردەکەوێت.

کتێبی (مفاهیم یجب أن تصحح) (واتە: کۆمەڵێک تێگەیشتن هەیە پێویستە ڕاستبکرێتەوە) کۆکەرەوەو لەخۆگری هەموو ئەو گومانە پەرتەوازانەیە کە خەڵکانێک ویستوویانە بیکەنە لەمپەرێک لەبەردەم بانگەوازی (محمدی کوڕی عبد الوهاب)، خاوەنی ئەم کتێبە شوێنیان دەکەوێت، بەڵکو شوێن ئەو بۆچونانەشیان کەوتووە کە لە گومان زیاتر نییە، هەروەها شوێن بۆچوونیان کەوتووەو وەکو ئەوان دەجەنگێت، بەشێوەیەک کۆڵی گەڕان بە دوای ڕاستێتی قسەکانیانی نەخستۆتە سەر شانی خۆی، یان ئەوەتا گەڕاوەو زانیویەتی ئەوەی نووسیویانە وانییەو پێچەوانەیە لەگەڵ ڕاستیدا؛ بەڵام بەو شێوەیە نووسیویەتی کە ئەوان مەبەستیانەو وەکو خۆی هێناونی.

لەبەر ئەوەی لەم کتێبەدا خاوەنەکەی بۆچوونی خۆی باسـدەکاتو دەیخاتە ڕوو، هەروەها لادانێکی بەرچاوی تێدا دەبیندرێت لە تێگەیشـتنو ڕاڤەکردنی مانای یەکخوا پەرسـتی، (هەروەها لەم کتێبەدا) هەسـت بە تێنەگەیشـتن دەکرێـت لە بانگەوازی محمدی کوڕی عبدالوهاب، (خاوەنەکەی) بەرگرییەکی زۆر دەکات لەو کەسـانەی داوا لە گۆڕی پیاوچـاکانو پێغەمبەران دەکەن، هەروەها ئەو لایەنە بە دروسـت دادەنێت کە زانا تێگەیشتووەکان لە بابەتی (هەڵگەڕانەوە لە دین) فەرموویانە: ئەمە کوفرو بێباوەڕییە بە کۆڕای زانایان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە خاوەنی ئەم کتێبە چەندین موریدو دەروێشی هەیە؛ بۆیە پشتم بە خوای گەورە بەست بە مەبەستی دەرخستنیو هەوڵدەدەم لایەنی ڕاستو حەق بەدەر بخەم، هەروەها ڕوونی دەکەمەوە کە ئەو بیرو باوەڕەی خاوەنی کتێبی (مفاهیم) باسـیکردووە یەکێیکە لەو جۆرە شیرکەی کە خوای گەورە پێغەمبەرانی ﷺ بۆ ناردووە بە مەبەسـتی نەهێشتنیو بنبڕکردنی؛ کە کۆتایی هەموویان پێغەمبەر محمدی کوڕی عبدالله ﷺ بوو.

شەریکـو هاوبەشـدانان بۆ خوای گەورە لە پەرسـتراوێتیدا چەندین وێنەی جۆراو جۆری هەیە کە شەیتان بۆ ئەو کەسانەی دەڕازێنێتەوە کە کەوتوونەتە ناوی‌و ڕۆچوون تێیدا، شەیتان زۆر حەزدەکات ئەوان ڕۆبچن لە کارێکدا خوای گەورە نەهی لێکردووەو بە حەرامی داناوە، هەروەها دڵنیایان دەکات بەوەی کە ئـەو کارەی ئەوان دەیکەنو ڕۆچوون لە ناویـدا کارێک نییەو خوا نەهی لێکردبێت (بەڵکو دروسـتە)، شـەیتان چەندین ڕێگاو ڕێبازی (خەڵەتاندنی) هەیە، لەسـەر هەر ڕێگایەک شتێکی جوانو ڕازاوەی داناوە تاکو بە هۆیەوە خەڵک لە خشتە ببات‌و بیانخەڵەتێنێت.

بە گوێرەی ئەو پلانەی لە فەرموودەکەی أبو سعید خوا لێی ڕازی بێت باسکراوە

پێویستە خراپە لا ببرێت، ئومێد دەکەم خوای گەورە لوتف بفەرموێت تاکو ئەم چەند پەڕەیە (لای خۆی و خەڵک) وەرگیراوو پەسندکراو بێت، هەروەها ببێتە مایەی سودو قازانج (بۆ کەسانی تر)، چونکە مەبەست (لە نووسینی ئەم کتێبە) سود بینی خەڵکە لێی، لە دوای وەرگیرانو قبوڵکرانی ئەم کتێبە لای خوا هیچ مەبەستو ئامانجێکی تر نییە ئومێدی بۆلا بکرێت.

ناوم لەم وڵامدانەوەیە ناوە: (الورقات الكاسرة للفاهيم الخاسرة).

کاتێک ئەم کتێبەم نیشانی باوکی بەڕێزم دا؛ ئەو باوکەی کە لە پاش خوای گەورە چاکەیەکی زۆری بەسەر منەوە هەیە، خوای گەورە بە هۆیەوە حەق و ڕاستی سەربخاتو باشترین پاداشتی بداتەوەو پلەو پایەی بەرزبکاتەوە، ڕێنمایی کردم بۆ ئەوەی ئەم ناوە لە کتێبەکەم بنێم: (هذه مفاهيمنا) (واتە: ئەمە تێگەیشتنەکانی ئێمەیە)، ئاماژەی (باوکم) فەرمانە، گوێڕایەڵیکردنیشی بەدەستهێنانی دەستکەوتو قازانجە، بۆیە ئەو ناوەم لە کتێبەکەم نا کە (باوکم هەڵیبژاردبوو) بۆ ئەوەی ئەو شتە لا بدەم کەمن دەمهەوێت کاتێک ویستی باوکم لەگەڵ شتێکی تر بوو، هەروەها بۆ ئەوەی بۆچوونی ئەو بەرز بنرخێنمو قسەی خۆم بە کەم دابنێم لە لای قسەی ئەو.

بە پچڕ پچڕی ئەم کتێبەم نووسیوە[1] ، دڵی (مرۆڤ) بە هۆی سەرقاڵییەوە

---

١) لەم کتێبەدا وڵامی بەشی یەکەمم داوەتەوە، هەروەها بەشێکی بەشی دووەمیشم هەڵبژاردووەو وڵامم داوەتەوە، چونکە من هەستم کرد بنچینەو بناغەی هەموو وتەکانی لەم دوو بەشەدا کۆکردۆتەوە، لەم کتێبەدا هەڵەیەکی زۆر بەدی دەکرێت بەتایبەتی لە بابەتی فەرموودەدا، هەروەها هەڵەی زۆر بەدی دەکرێت لە چۆنییەتی بەڵگە هێنانەوە، من ئەوانەم واز لێهێناو قسەم لە سەری نەکرد، بەڵکو تەنها وڵامی ئەو ئەو بابەتانەم دایەوە کە دەبنە مایەی شەریکو هاوبەش دانان بۆ خوا یان سەر دەکێشن بۆ شەریک دانان بۆ خوا، هەروەها ئەم کتێبە دەرخەری مەنهەجو شێوازکاری نووسەرە لە کتێبەکەی (مفاهيم يجب ...)، مرۆڤی چاو ساغو بینا بەو چاوەی کە ئەو باسانەی پێشتری بینیوەو لە کتێبەکی سەرەتا باسیکردووە سەیری ئەو بابەتانە دەکات کە لە بەشەکانی تر کتێبەکەی لەخۆی گرتووە. (واتە: چی دەبینین بەوە حوکم دەدەین نەک زیاتر).

پەرتەوازە بووە، لە هەموو دۆڵێکەوە قومە ئاوێکی بۆ دێت (واتە: ئاشوبەکان وەکـــو ئەو ئاوەوان کە لە هەموو دۆڵەکان کۆ دەبنەوەو دەبن بە زریانی خەم بـــۆ دڵەکان)، خەمەکان هەمیشـــە بارودۆخەکان بـــە دوای یەکتردا دەهێنن، فیتنەو ئاشـــوبەکان ڕێگرن لە دەربڕینی جوانو پوختو وتەی تۆکمەو تەواو، دڵنـــەواکاران کەمن، بەڵکو دەگمەنن، ئەی خـــوای پەروەردگارمان ئێمە هانا تەنهـــا بۆلای تۆ دەهێنین، پێیەکانمان لە ســـەر ڕاســـتیو حەق ســـەقامگیر بکە، چاوڕۆشـــنمان بکە بەو وامان لێبکە خۆمان بناســـین، کردەوەکانمان با بۆ هیچ کەســـێکی تر نەبێـــت جگە لە تۆ، پەنا دەگرین بە تۆ کە شـــەریکو هاوبەش بڕیار بدەین بۆ تۆ کاتێک بشـــزانین ئەو کارەی دەیکەین شـــیرکە، داوای لێخۆشـــبوون لە تۆ دەکەین کاتێک شـــەریکمان بۆت بڕیارداو ئێمەش نەماندەزانـــیو ئاگادار نەبووین، ئێمە ســـیفەتمان وایە کـــە کەمتەرخەمین، ســـیفەتی خوای پەروەردگاریش ئەوەیە کە دەپۆشێتو دەبەخشێت، خوایە لە هەموو (ناڕێکییەکان) ببورە، وآخر دعوانا أن الحمدلله رب العالمين.

نووسینی:

صالح بن عبد العزيز بن محمد بن إبراهيم آل الشيخ

ڕۆژی پێنج شەممە، ١٣/٥/ ١٤٠٦ك.

بەشی یەکەم

ئەم بەشە چەند لێکۆڵینەوەیەک لەخۆ دەگرێت:

١. (ڕوونکردنەوەی) مانای الوسیلە:
٢. تخریجکردنو ڕوونکردنەوەی دروستی ئەو فەرموودانەی خاوەنی کتێبی (المفاهیم) پشتی پێ بەستوون.
٣. بەرپەرچدانەوەو ولامدانەوەی ئەو بەڵگانەی نووسەر لە کتێبەکەیدا باسیکردوون.

لە لاپەڕە (٤٥) دا دەڵێت:

((الوسیلە: **هەموو ئەو شتانەن کە خوای گەورە کردونی بە هۆکاری نزیکبوونەوە لێی، هەروەها کردوونی بە مایەی جێبەجێ بوونی پێویستییەکان لە ڕێگەیانەوە، تەوەرەی بابەتی (الوسیلە) ئەوەیە کە ئەو شتەی تکای پێ دەکرێت دەبێت لای تکا لێکراو پیرۆزو خاوەن ڕێزو شکۆ بێت**)).

دەڵێم: ئەم وتەیەی نووسەر دوو ڕستەی لە خۆ گرتووە؛ یەکەمیان حەقەو ڕاستە، دووەمیان کورت بڕی تێدایە کە بەهۆیەوە مرۆڤ تووشی ئەو کارە دەبێت کە خوا نەهی لێکردووەو بە حەرامی داناوە، (ئەوەش بەوە دەبێت کە مرۆڤ شتێک بکاتە وەسیلە بۆ نزیک بوونەوە لە خوای گەورە) کە خوا نەیکردبێتە مایەی نزیک بوونەوە لە خۆی.

وتەی نووسەر (تەوەرەی تکاو نزیکبوونەوە ...)) ماناکەی دیارنییەو پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە؛ دەکرێت بە دوو شێواز لێکبدرێتەوەو ڕافە بکرێت:

شێوازی یەکەم:

خودی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) دێنە ناو بابەتی (الوسیلە) وە، چونکە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) خاوەن پلەو پایەی بەرزن لای خوای گەورە کە ئەمەش وای کردووە زۆر لای خوا نزیک بن بە شێوەیەک ناتواندرێت وەسفبکرێت نزیکیان لە خوای گەورە.

ئەگەر ئەمە مەبەست بێت ئەوا خوای گەورە خودی پێغەمبەرانی (سەلامی خوایان لەسەر بێت) یان بنەماڵەو ڕێزو شکۆمەندییانی نەکردووە بە هۆکاری نزیکبوونەوەی بەندەکانی (واتە: ناکرێت مرۆڤ تەکا بە خودی پێغەمبەرﷺ یان بنەماڵەکەی یان ڕێزو شکۆمەندی لە خوای گەورە بکاتو، چونکە خوای گەورە ئەمانەی کردووە بە مایەی نزیکبوونەوەی بەندەکانی کاتێک تکای پێیان لە خوا بکات).

بەڵکو خوای گەورە شێوێنکەوتنی پێغەمبەرانو (سەلامی خوایان لەسەر بێت) هەروەها بەڕاستدانانی فەرموودەکانیانو شوێنکەوتنی ئەو نورو ڕۆشناییەی پێی هاتوونو تێکۆشانو جیهادکردن لە پێناو چەسپاندنی لە ناو خەڵکدا کردووە بە مایەی نزیکبوونەوە لە خۆی.

ئەمانە یەکێکن لەو شتانەی کە دروستە ئەو کەسەی لە خوا دەپارێتەوە لە پێش پارانەوەکەیدا باسیان بکاتو (بە هۆیانەوە لە خوا نزیک بێتەوە)، ئەو کەسەی لە خوا دەپارێتەوە یان پەرستنی بۆ ئەنجامدەدات پەرستنو پارانەوەکەی دروستنابێت تەنها بە شێوێنکەوتنو بەڕاستدانانی پێغەمبەران نەبێت (سەلامی خوایان لەسەر بێت).

ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی لە مرۆڤ لە خوا نزیک دەکەنەوەو خوای گەورە

بە دروستی داناوەو کردوویەتی بە شەرعو بەرنامە بۆ ئێمە.

بەڵام دروستنییە مرۆڤ تکا بە خودی پێغەمبەرانو (سەلامی خوایان لێبێت) پیاوچاکان بکات (واتە: دروستنییە بڵێت خوایە بۆ خاتری پێغەمبەرﷺ لێم خۆشبە)، هەروەها دروستنیە داوای تکا بە ڕێزو کەسایەتییان لەخوا بکات، هەروەکو بە درێژی باسی لێوە دەکەین.

بەڵکو دروستە تکا بە هۆی (پێغەمبەرانو پیاو چاکان) لە خوا بکرێت لە ڕێگەی داواکردن لێیان بە مەبەستی بۆ پاڕانەوە لە خوا کاتێک زیندو بوون، وەکو چۆن مسوڵمانانی سەردەمی پێغەمبەرو ﷺ دوای پێغەمبەرﷺ وایان دەکرد، (داوایان لە کەسانی لە خۆیان باشتر دەکرد کە زیندوو بوون) دوعایان بۆ بکەن یان داوای باران بارین لە خوا بکەن یان هەر شتێکی تر.

بەڵام دوای مردنی پێغەمبەرانو (سەلامی خوایان لێبێت) پیاو چاکان بە کۆڕای (زانایانی هەرسێک) سەدە پیرۆزو شکۆدارەکە دروستنییە تکا لە خوا بکرێت بە هۆی پاڕانەوەی پێغەمبەران یان پیاو چاکان، (هەروەها دروستنییە) داوا بە خودی پێغەمبەرانو پیاوچاکان بکرێت لە خوا دوای مردنیان.

شێوازی دووەم:

دەبێت ئــەو هۆکارانەی دەگرێنە بــەر بۆ ئەنجامدانی کــردەوەکان هۆکاری دروســتو ڕەوا بن، نابێت (مرۆڤ) شــوێن ڕێبازی ئەو کەســانە بکەوێت لە ئەنجامدانییان کە لارێ بوونەو تووشــی داهێنانو زیادکردنی ناڕەوا هاتوون لە دیندا، بەڵکو دەبێت لە چۆنییەتی ئەنجامدانی ئەم هۆکارانە (مرۆڤ) شوێن سوننەتو (ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ) بکەوێت، ئەمەیان ڕاستەو ڕەوایە.

نووسەر زۆر بە جوانی ویستوویەتی (الوسیلة)ی داهێندراو بخاتە ناو کەلێنی وشە ڕاســتو تەواوەکان، ئێمە ئەوەمان ڕوونکردۆتەوە، نەدەبوو (نووسەر) ئەم کارە بکات لە کاتێکدا خەریک بوو ئایەتێکی کتێبەکەی خوای ڕاڤە دەکردو ڕوونەدەکردەوە.

لە (تێگەیشــتن لە مانای) الوســیلە دوو قســە هەیە کە زانایانی تەفســیر باســیانکردووەو ابن الجوزی بە یەکەوە هێناونی لە کتێبەکەی (زاد المسیر) (٣٨/٢)، فەرموویەتی:

یەکــەم: (الوســیلە) بریتییە لە نزیکبوونەوە، ابن عباس و عطاء و موجاهیدو فەراء وایان فەرموە.

قەتادە فەرموویەتی: لە خوا نزیکببنەوە بە کردەوەیەک کە خوا ڕازی دەکات، ئەبو عوبەیدە فەرموویەتی: دەوترێت: توسلت إلیه، واتە: لێی نزیک بوومەوە، (پاشان) ئەم دێڕە شیعرەی وت:

إذا غفل الواشون عدنا لوصلنا وعاد التصافي بيننا والوسائل

واتە: کاتێک دووزمانیکەران بێئاگابوون لێمان دەگەڕێینەوە سەر پەیوەندییەکەی جارانمان، هەروەها دڵسۆزیو پاکی نێوانمانو نزیکبوونەوەکانمان لە یەکتر

دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی.

دووەم: خۆشەویستی، ابن زید فەرموویەتی: خۆتان خۆشەویست بکەن لای خوا.

یەکێک لە پرسیارەکانی نافیعی کوڕی ئەزرەق لە ابن عباس ئەوە بوو کە فەرمووی: هەواڵم پێبدە (سەبارەت بە مانای) ئەم فەرموودەیەی خوا: ﴿وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ﴾ المائدة: ٣٥، ابن عباس فەرمووی: الوسیلە واتە پێویستی، نافیع وتی: ئایا عەرەب ئەمەی زانیوە، ابن عباس فەرمووی: بەڵێ، ئایا نەت بیستووە کە عەنتەرە وتوویەتی: إن الرجال لهم إليك وسيلة أن يأخذوك تكحلي وتخضبي.

واتە: بەڕاستی (ئەی ئافرەت) پیاوان پێویستییان بە تۆیەو دەیانهەوێت بە دەستت بهێنن، بۆیە چاوت بە کل بکەو خەنە لە خۆت بدە.

لەم دێرە شیعرانە چەندین شاهیدی تر هەیە جگە لەوانەی باسمانکردن.

الوسیلە: بریتییە لە نزیکبوونەوە لە خوای گەورە بە هۆی جۆرەکانی گوێڕایەڵیکردنی خواو هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ لە خوا نزیک دەکەنەوە، کە بەرزترینو باشترینیان بریتییە لە دینداری کردنێکی دڵسۆزانە بۆ خوای گەورە، نزیکبوونەوە لە خوا بە خۆشەویستنی خواو پێغەمبەرەکەیو ﷺ خۆشویستنی ئەو کەسانەش دەبێت کە خوا پێویستی کردووە خۆشمان بووێن، فەرموودەکانی زانایانی سەلەف لەسەر ئەم شتانە کۆکە، (جیاوازی) قسەکانیان جیاوازییەکی جۆرییە (نەک بنەڕەتی).

تۆ (ئەی خوێنەر) وردبەرەوە لەم فەرموودەیەی خوای گەورە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ وَجَٰهِدُواْ فِي سَبِيلِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٣٥﴾ المائدة: ٣٥.

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لەخوا بترسنو ئەو ڕێگاو هۆکارانە بگرنە بەر کە لە خواتان نزیک دەکاتەوەو لە پێناو خوادا تێبکۆشنو جیهادبکەن بۆ ئەوەی سەرفرازبنو سەرکەوتوو بن (لە دونیاو دواڕۆژ).

پێشخستنی جارو مەجروورەکە (إلیە) (بەسەر وشەی الوسیلە دا) سودی ئەوەی لێوەردەگیرێت کە هۆکارەکانی نزیکبوونەوە لە خوا تایبەتن بە خوای گەورە، هیچ کەسێک شەریکو هاوبەشی خوا نییەو ناتوانێت بەدەستیان بهێنێت، هەروەکو چۆن هەمان ئەم مانایە (کە تایبەتکردنە) لە (إیاک نعبد وإیاک نستعین) ەوە وەردەگیرێت، زانای پایەدار شنقیطی ڕەحمەتی خوای لێبێت لە تەفسیرەکەیدا دەفەرموێت (٢/٩٨):

((بۆچوونی ڕاستو دروست لە مانای (الوسیلة) ئەو مانایەیە کە زۆربەی زانایان بۆچوونیان لەسەرەو (بە پەسندیان داناوە) کە (الوسیلە) بریتییە خۆ نزیککردنەوە لە خوای گەورە بە هۆی دڵسۆزی بۆ خوا لە پەرستنیداو ئەنجامدانی بەو شێوەیەی پێغەمبەری خوا ئەنجامیداوەو کردوویەتی، ڕاڤەکردنی ابن عباس دەچێتە ژێر ئەم مانایەوە، چونکە داواکردن لە خوای گەورەو ملکەچ بوون بۆی لە کاتی داواکردنی پێویستییەکان یەکێکە لە گەورەترین جۆرەکانی پەرستنی خوای گەورە کە ئەویش بریتییە لە نزیکبوونەوە لە خوا بە مەبەستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیو سۆزو میهرەبانیو ڕەحمەتی خوا.

لەم لێکدانەوە دروستەوە بۆت دەردەکەوێت کە ئەو گومانەی زۆربەی ئەو بەلاڕێدابەرانەی شوێنکەوتەی نەزانەکانو بانگەشەی تصوف دەکەنو (پێیان وایە لەسەر ئەم ڕێبازەن) (دەڵێن): مەبەست بە (الوسیلە) لەم ئایەتەدا ئەو شەیخەیە کە دەبێتە واسیتە لە نێوان خۆیو خوادا، (ئەمە گومانێکی ناپەسندە)و خۆخستنە ناو نەزانییەو کوێرایەتییەو گومڕاییەکی دیارەو

گالته‌کردنه به کتێبه‌که‌ی خوای گه‌وره.

دانانی ئـــه‌و هۆکارانه‌ی (مرۆڤ له خوا) نزیک ده‌نـــه‌وه (به بێ ئه‌وه‌ی) خوا داینابـــن یه‌کێکه له بنچینه‌کانی کافرانو بێبـــاوه‌ڕان، هه‌روه‌کو خوای گه‌وره به‌ڕاشـــکاوی باســـیکردووه‌و له باره‌یانه‌وه فه‌رموویه‌تـــی: ﴿مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ﴾ الزمر: ٣.

واته: (ئه‌و که‌ســـانه‌ی جگه له خوا که‌ســـانی تریان کرده ســـه‌رخه‌رو دۆستی خۆیانو شه‌ریکـو هاوه‌ڵیان بۆ خوا دانا)؛ ده‌یانوت ئێمه بۆیه ئه‌م په‌رستراوانه ده‌په‌رســـتین تاکو بۆمان له خوا بپارێنه‌وه‌و تکاو شـــه‌فاعه‌تمان بۆ بکه‌ن لای خوا، له خوا نزیکمان بکه‌نه‌وه.

هه‌روه‌هـــا خـــوا فه‌رموویه‌تـــی: ﴿وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِۚ قُلۡ أَتُنَبِّـُٔونَ ٱللَّهَ بِمَا لَا يَعۡلَمُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ١٨﴾ يونس: ١٨.

واته: ئه‌و موشریکـو هاوبه‌ش بڕیارده‌رانه ده‌ڵێن ئه‌مانه تکاکارن بۆ ئێمه لای خوای گه‌وره، (ئه‌ی پێغه‌مبـــه‌ر) پێیان بڵێ: ئایا ئێوه (ده‌تان هه‌وێت) هه‌وڵی شتێک به خوا بده‌ن له ناو ئاسمانه‌کانو زه‌ویدا که ئاگاداری نییه‌و نایزانێت (چونکه ئه‌گه‌رئه‌وانه شه‌فاعه‌تکارو تکاکار بوونایه ئه‌وا خوای گه‌وره زۆر له ئێوه باشـــترو زووتر ده‌یزانیو ئاگاداری ده‌بوو) خوای گه‌وره پاکـو بێگه‌رده‌و دووره له‌و هاوبه‌شدانانو کرده‌وه شیرکییه‌ی موشریکه‌کان ده‌یکه‌ن.

واجبه له‌ســـه‌ر هه‌موو مسوڵمانێکی پێگه‌یشتوو بزانێت که ئه‌و ڕێگاو ڕێبازه‌ی مرۆڤ ده‌گه‌یه‌نێته ڕه‌زامه‌ندی خوای گه‌وره‌و به‌هه‌شتو سۆزو میهره‌بانییه‌که‌ی بریتییه شوێنکه‌وتنی پێغه‌مبه‌ر ﷺ، هه‌ر که‌سێک له‌م ڕێبازه لابدات ئه‌وا ڕێگای ڕاســـتی بزرکردووه. ﴿لَّيۡسَ بِأَمَانِيِّكُمۡ وَلَآ أَمَانِيِّ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِۗ مَن يَعۡمَلۡ

سُوٓءًا يُجۡزَ بِهِۦ وَلَا يَجِدۡ لَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيّٗا وَلَا نَصِيرٗا ﴿١٢٣﴾ ﴾النساء: ١٢٣، واتە: (ئەم فەرزڵو بەخششەی خوا بەدەست نایەت) بەو ئومێدەی ئێوە دەیبەنو هەروەها بەو ئومێدەش کە خاوەن کتێبەکان (لە جولەکەو گاورەکان) دەیبەن بەدەست نایەت، (بەڵکو تەنها بە باوەڕی دروست بەخوای گەورەو کردەوەی باش بە دەست دێت)، هەر کەسێک کردەوەیەکی خراپ ئەنجامبدات ئەوا سزا دەدرێت لەسەریو جگە لە خوا هیچ سەرخەرێکی نابێتو کەس ناتوانێت پشتگیری لێبکاتو خراپەی لێ لابدات[٢] . (لێرە قسەی شنقیطی تەواو دەبێت).

نووسەر لە لاپەڕە (٤٣) دا دەڵێت: ((لە ڕاستیدا (التوسل) شتێکی زۆر زەرورو پێویست نییە، هەروەها وڵامدانەوەی پاڕانەوە (لە لایەن خوای گەورەوە) نەوەستاوە لەسەری، بەڵکو ئەوەی بنچینەو بنەمایە بریتییە لە پاڕانەوە لە خوای گەورە بە ڕەهایی (واتە: بەبێ واسیتە)، هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ ﴿١٨٦﴾ ﴾البقرة: ١٨٦. واتە: (ئەی پێغەمبەر) هەر کاتێک بەندەکانم پرسیاری منیان لە تۆ کرد ئەوا من نزیکم لێیانەوە.)).

دەڵێم: ئەگەر داواکردن لە خوای گەورە (ڕاستەوخۆ)و بە بێ واستە بنەماو بنچینە بێت؛ کەواتە بۆچی لەم بنچینەیە لابدرێت بۆلای شتێکی تر، شتێکی نادیار نییە کە دەستگرتن بە جگە لە بنەماو بنچینە لە لایەن هیچ کەسێکەوە نابێت مەگەر بنەماکەی لەدەست چوبێتو نەی بێت، خوای گەورە زیندوو ڕاگرە، هەرگیز نە وەنەوز دەگرێتو نە دەشخەوێت، واجبو پێویستە بەندە داوا لە خوا بکاتو ئومێدی پێی هەبێتو لێی بترسێتو بە ناو و سیفەتەکانی خۆی لە خوا نزیکبکاتەوە.

٢) التفسير الميسر: (ل٩٨)

کەواتە ئەگەر (پاڕانەوەی ڕاستەوخۆ لە خوا) لە مرۆڤ جیانەبێتەوەو (هەموو کات مرۆڤ بتوانێت داوا لە خوا بکات) لە هەر شـــوێنێکی دونیا بێت کە واتە: (داواکردنی ڕاستەوخۆ بە بێ واستە لە خوای گەورە) بنچینەی ڕاستەقینەیە، بۆچـــی دەبێت لێی لابدرێتو خەڵکی لێ دوور بخرێتەوەو، ئایا دەتوانیت لەم ڕێگایە لابدەیت بۆ ڕێگایەکی باشترو ڕاستتر لەمە.

تۆ دەڵێیت: ئەو (التوســـل)ەی ئێمە نکۆڵی لێدەکەینو (بە باشـــی دانانێین) بریتییە لە تکاکردن لە خودی مرۆڤەکان یان تکاکردن بە کردەوەی کەســـانی تر کە هی ئەو کەسە نییە دەپارێتەوەو تکاکەی پێدەکاتو هەروەها هاووێنەی ئەم جۆرانـــەش (بە باش دانانێین)، (دەڵێیت) ئەمـــە بنچینەو بنەما نییە لە دوعاکردنداو ئێوە شایەنترن بە بنچینەکە.

ئایا تۆ دان بەوەدا دەنێیت کە ئێمە لەسەر ڕێنمایی‌و شوێنکەوتنی پێغەمبەرین ﷺ، (لە هەمان کاتدا) تۆش ئارزەووی ئەوە دەکەیت کە پێچەوانەی بنچینەو بنەمای دروست بکەیت بە بێ بەڵگەیەکی ڕاست.

ئایا بەس نییە بۆ تۆ کە لەسەر بچینەو بنەمای دروست بمێنیتەوە، ئایا تەنها داواکردن لە خوای گەورە بە بێ واســـتە تۆ دڵنیا ناکات، کاتێک ئەو خوایەی زینـــدو و ڕاگرەو وڵامی پەککەوتە دەداتەوە کاتێک داوای لێبکاتو ناخۆشـــی لادەبات حەزبکات بەندەکەی هەموو کاتێک لێی بپارێتەوەو بیپەرستێت، ئەو خوایەی کە فەرموویەتـــی: ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ ﴿١٨٦﴾ ﴾ البقرة: ١٨٦. واتە: (ئەی پێغەمبەر) هەر کاتێک بەندەکانم پرســـیاری منیان لە تۆ کرد ئەوا من نزیکم لێیانەوە.)). کاتێک (ئەو خوایە) بەم شێوەیە بێت بۆچی دەبێت ڕوو وەربچەرخێندرێت بۆلای مردوان‌و تکایان لێ بکرێت چ بە ناویان یان پلەو مەقامیان یان ڕێزو شکۆداریی‌یان یان هەر ناوێکی داهێندراوی تر.

بۆچی مسوڵمانان فێری تەنها داواکردنو پەرستنی خوا ناکرێن، تاوەکو بەو هۆیەوە دڵیان پاکبێتەوە لە وەرچەرخان بۆلای جگە لە خوا بە مەبەستی لادانی نارەحەتییەک یان لابردنی بەڵاو موسیبەتێک، یان بۆ هێنانی سودو قازانجێک؟

ئێوە مسوڵمانان فێری ئەوە بکەن، دڵیان وابەستە مەکەن بە جگە لە خوای گەورە؛ وایان لێمەکەن جگە لە خوای گەورە بکەن بە شەریکو هاوەڵی خوا، بەشێوەیەک (دوور بکەونەوە لە خوا) تاوای لێبێت لەبیریان بچێتەوە بە تەنها ناوی خوایان بهێنن، چونکە ئەوان واتێگەیشتوون کە سودو قازانجی ئەوان بە دەست ئەو کەسانەوەیە کە دەیانکەنە واستەو هۆکاری نزیکبوونەوە لە خوای گەورە، بێگومان هەر کەسێک دەرگای بیدعەو داهێنان لە (التوسل) دا بۆ ئەمانە بکاتەوە ئەوا بە دڵنیاییەوە لە ئایندەدا تووشی شەریک بۆ خوا دانان دەبن، چونکە ئەم کارە هۆکاری شەریک دانانە بۆ خوای گەورە، هەر لەم بارەوە پلە پلە مرۆڤ بەسەر دەکەوێت تاوەکو دەگاتە داواکردن لە خودی مردووانو تکای ڕاستەوخۆیان لێدەکاتو پەنایان بۆ دەباتو داوای یارمەتییان لێدەکات.

ئەمە هەموو ئەو وتانەیە کە خاوەنی کتێبی (المفاهیم) دەری بڕیون و (بۆ خەڵکی باسکردووە)، ئەویش بریتییە لە بە دروست دانانی (داواکردن لە مردووان) لە چەندین شوێنی کتێبەکەیدا، هەروەکو باسی (لێوە دەکەین) لە بابەتی (الشفاعه).

ئەمە هەمووی بەهۆی ئەوەوەیە کە واز لەو بنەمایانە هێندراوە کە زانایان لەسەری یەکدەنگنو کۆڕان، هەروەها بەهۆی شوێنکەوتنی ئەو بەڵگانەوەیە کە ماناکانیان زۆر ڕوون نییەو پێویستە بگەڕێندرێنەوە بۆ ئەو بەڵگانەی

ماناکانیان ڕوونو دیارە.

نووســـەر لە لاپەڕە (٤٤) دا دەڵێت: ((ئێمە وا دەبینین کە جیاوازی بۆچوون لەم بابەتەدا شتێکی ڕۆتینییەو ناوەڕۆکی نییە، چونکە داوای نزیک بوونەوە لە خوا بە هۆی خودی (کەسەکان) لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە سەر داوای نزیک بوونەوەی مرۆڤ لە خوا بە هۆی کردەوەکانی، ئەمەش هەموو زانایان لەسەری یەکدەنگو کۆڕان ...)).

من دەڵێم: ئەمە قسەیەکی نا تەندروستە، ئەمە هەڵخەڵەتاندنی دەروونە، چونکە ئەوانەی (توسل) بە خودی مرۆڤەکانەوە دەکەن دەزانن ئەم ئەنجەتهێنانەوەو ڕاڤەکردنە زۆر دوورە، هەروەها ڕاجیاوازی لێرەدا ناوەڕۆکییە نەک شێوەیەیی؛ کەواتە (لەم بەڵگانە) ئەوەمان دەستدەکەوێت کە ئەو بەڵگەیەی ئێوە پشتتان پێ بەســـتووەو بانگەشەی بۆلا دەکەن بەتاڵو ناپەسندە، ئەمەش دەگەڕێتەوە ســـەر بابەتی (المجاز العقلی) کە بە بەدرێژی باسی لێوە دەکرێت لەمەو دوا، بەڵام ئایا کردەوەی ئەو کەسەی دەکرێتە واسیتە لە نێوان بەندەو خوا کردەوەی ئەو کەسەشە کە تەوەسولەکە دەکاتو داوای تکای لێدەکات، ئەمە لە کاتێکدا کە زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی دروستە مرۆڤ داوا لە خوا بکات بە هۆی کردەوە باشـــەکانی خۆیەوە، بەڵام من لێرەدا وەکو لایەنی لەگەڵ ڕۆیشـــتنو دەمەتەقێ دەڵێم: تۆ وا دابنێ کە جیاوازییەکە شێوەییە (ناوەڕۆکی نییە) ئایا نابێت ئێوە واز لەو وشـــانە بهێنن کە گومانی ئەوەیان لێدەکرێت سەربکێشن بۆ کاری ناشـــەرعیو نادروست؟ قســـەی ئەو کەسەی دەڵێت: من خۆم لە خوا نزیکدەکەمەوە بە فلانەکەس (تەوەســـــول بە فلانەکەس دەکەم) ڕووکاری ئەم وشـــەیە بەڵگەیە لەسەر تەوەســـــولکردنو خۆنزیکردنەوە لە خوا بە خودی کەســـێک بە بێ ئەوەی (واتێبگەین ئەو کەسانەی تەوەسوولیان پێکراوە) دوو

کەســـن، هیچ بەڵگەیەکی درکێندراو یان نەدرکێندراو لکاو یان نەلکاو لێرەدا نییە هەتاوەکو ئەم وشەیە لەم مانا دیارە لابداتو (بیخاتە سەر ئەو مانایەی خاوەنی کتێبی المفاهیم باسیکرد).

ئەو ماناو مەبەســـتە نادیارەی باســـی لێوە دەکرێت شتێکی نادیارەو لە ناو دڵەکاندایە، حوکمدان لەسەر ئەو شتانەی لە ناو دلەکاندایە لقێکە لە ئاشنا بوون پێیان (واتە:: تاکو نەزانی دڵی مرۆڤ چی تێدایە ناتوانی حوکمی لەسەر بدەیت، ئەمەش کارێکی ئەســـتەمە)، هیچ هۆکارێک نییە (مرۆڤ بگەیەنێتە) ئەمە.

ئەوەی کە لەشەریعەتو بەرنامەی خوادا چەسپاوەو پشترِاستکراوەتەوە ئەوەیە کە شەریعەتی ئیسلام دەستوری داوەو فەرمانیکردووە بە وازهێنان لە هەموو ئەو وشانەی سەردەکێشن بۆ کارێک خوا نەهی لێکردووەو حەرامیکردووە، هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقُولُواْ رَٰعِنَا وَقُولُواْ ٱنظُرْنَا وَٱسْمَعُواْۗ وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٠٤﴾ ﴾ البقرة: ١٠٤.

واتــە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە هەرگیز بە پێغەمبەر ﷺ مەڵێن: (راعنا) واتــە: لێمـــان تێبگەو تێمان بگەیەنە، چونکە جولەکەکان ئەم وشـــەیەیان بە پێغەمبـــەرﷺ دەوتو زمانیـــان لەگەڵ دەســـوڕاندو مەبەســـتیان جنێودانو وەســـفکردنی پێغەمبەرﷺ بوو بە (الرعونه) کە ئەمەش مانای ناشیرینە (خوا ڕوویان ڕەشبکات)، ئەی بڕواداران ئێوە لە جیاتی ئەمە بە پێغەمبەرﷺ بڵێن ســـەیرمان بکەو چاوەڕێمان بکە، گوێبیستی ئەو ئایەتانە بن کە بەسەرتاندا دەخوێندرێتەوە لـــە لایەن پەروەردگارتانەوەو لێی تێبگەن، ئەو کەســـانەی باوەڕیان بە ئایەتەکانی خوا نییە سزایەکی تووندو بە ئێش دەدرێن[٣].

---

٣) التفسير الميسر: (ل: ١٠٤).

لە ڕاستیدا جولەکەکان وشـــەی (راعنا)یان بە مەبەستی جنێو بەکار دەهێنا، کاتێک مسوڵمانەکان ئەم وشـــەیان بەکار دەهێنا وەکو جولەکەکان نەبوونو بە دڵ مەبەســـتیان ئەوە نەبوو کە جولەکەکان مەبەسیان بوو، بە دڵنیاییەوە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ کاتێک ئەم وشـــەیان دەوت مەبەسیان هیچ مانایەکی خراپیان مەبەســـت نەبوو، ئەمـــە یەکێکە لە گەورەترین ئـــەو بەڵگانەی کە لە دڵەوە وەردەگیرێتو هەســـتی پێدەکرێت (چونکە هـــاوەڵان هەرگیز دڵیان بەرامبـــەر پێغەمبەر ﷺ خراپ نەبووە،)، لەگەڵ ئەوەشـــدا قەدەغەکرا لێیان ئەم وشەیە بڵێن.

قورتوبی لە تەفســـیرەکەیدا (٧٥/٢): دەفەرموێت: ((لەم ئایەتەدا دوو بەڵگە هەیە: یەکەمیان: (ئەم ئایەتە بەڵگەیە) لەســـەر دووركەوتنەوە لەو وشانەی بۆنی تانەو تەشـــەرو بەکەم دانانیان لێدێت. بەڵگەی دووەم: دەســـتگرتن بە (بنەمای) داخستنی ئەو ڕێگایانەی سەردەکێشن بۆ حەرامو خراپەکاری)).

جصاص لە کتێبەکەی (أحكام القرآن) (٥٨/١) دەفەرموێت: دەربڕینی (راعنا) هەر چەندە مانـــای چاوەڕێکردنی لێ وەردەگیرێت؛ بەڵام لەبەر ئەوەی مانای ئەوگاڵتەپێکردنەی لێوەردەگیرێت کە جولەکەکان بەو وشەیان دەکرد نەهیکرا لە باوەڕداران‌و لەسەریان قەدەغەکرا دەری ببڕن، چونکە ئەم وشەیە ئەو مانا قەدەغەکراوە لە خۆ دەگرێت کاتێک بوترێت، هەروەها هاوشێوەشی هەیە لە زمانی عەرەبیدا ..)) ، هەروەها فەرموویەتی: ((ئەمە بەڵگەیە لەســـەر ئەوەی کە هەر کاتێک وشـــەیەک مانایەکی باش‌و مانایەکی خراپی لە یەک کاتدا لە خۆ دەگرت ئەوا دروســـتنییە دەربببڕێت هەتاوەکو دەبەسترێتەوە بەو مانایەی مانای باش‌و چاک دەدات)). قسەی جصاص تەواو بوو.

بیربکەرەوە چۆن هاوەڵەکان ئەم وشـــەیەیان بەکار هێنـــا؛ لەکاتێکدا ئەوان

لـــە هەموو کەس دوورتر بوون لە مەبەســـتی خراپو ویســـتی گاڵتەپێکردنو بە کەمدانان، لەگەڵ ئەوەشـــدا خوای گەورە ئەم وشەیەی لێ قەدەغە کردن، چونکە ئەم وشـــەیە دوو مانای تێدا هاوبەشـــە، ئەو نییەت پاکییەی دڵیانو ئەم مانا دروســـتەی لە دڵی هاوەڵاندا بوو دەربڕینی ئەم وشـــەیەی بۆ حەڵاڵ نەکردنو بەس نەبوو بۆ دروســـتی دەربڕینی، ئەمە دیارەو ئاشاکرایە بۆ ئەو کەسەی هۆشو بیری بخاتە گەڕ.

لە لاپەڕە (٤٤) دا دەڵێت: ((ئەو جێگایەی زانایان بۆچونیان لەسەری جیاوازە لە بابەتی (التوســـل) بریتییە لە تەوەســـولکردنو تکاکرن لە خوا بە جگە لە کردەوەی تکاکەر، وەکو تکاکردن بە خودی شـــتەکان یان کەســـایەتییەکان، بەشـــێوەیەک بڵێت: خوایە من تکا لە تۆ دەکـــەم بە پێغەمبەرەکەت ﷺ، یان تـــکا لە تۆ دەکەم بە ئەبو بەکری ســـدیق، یان عومەری کوڕی خەتتاب، یان عوسمانی کوڕی عەفان، یان عەلی؛ خوا لێیان ڕازی بێت)).

من دەڵێـــم: ئەوەی کەواجبو پێویســـتە لـــە کاتی ڕوودانـــی دوبەرەکیو ڕاجیاوازیدا ئەوەیە (بۆچوونـــە جیاوازەکان) بگەڕێندرێنەوە بۆلای کتێبەکەی خوا (قورئان)و ســـوننەتی پێغەمبەرەکـــەی ﷺ، (هەروەها) بگەڕێندرێتەوە بۆ تێگەیشـــتنی هاوەڵە بەڕێزەکان خوا لێیان ڕازی بێت (ئاخۆ ئەوان چۆن لێی تێگەیشتوون)، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ﴿١١٥﴾ ﴾ النســـاء: ١١٥، واتە: هەر کەسێک پێچەوانەی پێغەمبەر ﷺ بکات دوای ئەوەی ڕێنمایی پێگەیشتووەو ڕێبازی ڕاستی بۆ ڕوون بۆتەوە، جگـــە لە ڕێبازی بـــاوەڕداران ڕێگایەکی تـــر دەگرێتەبەر، ئـــەوا ئێمە وازی

لێدەهێنین (تا بەهیلاک دەچێت) لە ناو ئەو گومڕاییو خراپەکارییەی هەڵی بژاردووە، پاشان دەیخەینە ناو ئاگری دۆزەخەوە، بەڕاستی ئەم جێگایە (دۆزەخ) خراپترین سەرئەنجامو جێگایە، بابەتی تەوەسولکردن بە شتە (پیرۆزەکان)و کردەوەی ئەو کەسانەی مردوونو نەماون؛ (سەلەف) هاوەڵانو تابعین هیچ بۆچوونیان جیاواز نەبووە لەسەر ئەوەی کە توسل بەشێک نییە لە دین، هەروەها بۆچونیان جیاواز نەبووە لەبارەی ڕێگەپێدرانی لەکاتی دوعاو پاڕانەوەدا.

بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە لە هیچ یەکێک لەمانە بە دروستی نەگێڕدراوەتەوە کە تکای لە خوا کردبێت بە یەکێک لەچوار خەلیفەکان، یان بەو هاوەڵانەی لە جەنگی بەدردا شەهید بوون.

کارکردن بەگوێرەی ئەو تێگەیشتنەی سەلەفی صالح هەیبووە بریتییە لە مەنهەج و بەرنامەی من، هەر وەکو لە بابەتی (السلف والسلفیة) لەم کتێبەدا بە درێژی باسکراوە، هەر کەسێک بانگەشەی بەرنامەیەکی نوێ بکات (پێچەوانەی بەرنامەو مەنهەجی سەلەف بێت) ئەوا پێی دەوترێت خەلەفی (واتە: لەسەر بەرنامەیەکە کە جگە لە بەرنامەی سەلەفە)، هەروەها هیچ پشکێکی نییە لە مەنهەجی سەلەف.

کاتێک ئەمە زاندرا؛ کەواتە تەوەسولکردن و تکاکردن لە خوا بە شتە پیرۆزەکان قەدەغەکراوە لەبەر ئەم لایەنانە:

یەکەم: ئەم کارە داهێندراوەو لای هاوەڵانو تابعین زاندراو نەبووەو ئاگاداری نەبوون، هەموو داهێندراوێک (لە دین) گومڕاییە، هیچ شتێک لای خوا بەڕێزتر نییە لە پاڕانەوە، لە فەرموودەیەکدا هاتووە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (الدعاء هو العبادة). واتە: پاڕانەوە (لە خوا) بریتییە لە پەرستن. ئەم فەرموودەیە ئەبو

داودو ترمزیو جگە لە ئەوانیش بە سەنەدێکی دروست لە نوعمانی کوڕی بەشیریان گێڕاوەتەوە.

کاتێک دوعاو پاڕانەوە پەرستش بێت (هەرچەندە پەرستنیشە) کەواتە داهێنانی شتێکی نوێ لە پەرستندا ڕەتکراوەیە بە کۆڕای زانایان.

دووەم: ئەو کەسەی دەڵێت: خوایە تکا دەکەمو تەوەسول بۆلای تۆ دەکەم بە ئەبوبەکرو عومەر ... هەڵەیە، بە هۆی نا تەندروستیو ئاڵۆزی تێگەیشتنیەوە تووشی بووە، هەروەها بۆیە ئەم وشەیە دەڵێت چونکە پێی وایە هەر شتێک تەوەسولی پێبکرێت دروستە، ئەمەش هەڵەیە.

بۆ نموونە هەر کەسێک بڵێت تەوەسول بۆلای خوا دەکەم بە ئەبوبەکر ئەوا دووشتی پێکەوە کۆکردۆتەوە، هیچ ڕێگاو هۆکارێکیش نییە بە یەکیان بگەیەنێت، ئەمە وەکو ئەوە وایە کە ئەم کەسە وشەیەکی دەربڕیبێت هیچ مانایەکی نەبێت، ئەمە وەکو ئەو کەسە وایە کە پیتەکانی هیجائی (أ، ب، ج، ...) دەردەبڕێت، چونکە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان کەسایەتی ئەو کەسەی تکاکە دەکاتو ئەو کەسەی تکای پێدەکرێت نییە تاکو پێکەوە کۆ ببنەوە.

دەبێت شتێک هەبێت بەیەکیانەوە کۆبکاتەوە، ئەویش بریتییە لە خۆشویستنی هاوەڵان بۆ نمونە، ئەمەش بریتییە لە کردەوەی ئەو کەسەی تکاکە دەکات، کاتێک بڵێت: خوایە من تکا لە تۆ دەکەمو خۆم لە تۆ نزیک دەکەمەوە بەو خۆشەویستییەی هەمە بۆ ئەبوبەکر یان بۆ عومەر یان خۆشەویستیم بۆ هاوەڵانی پێغەمبەرەکەت ئەوا دروستەو باشە.

بە هەمان شێوە ئەگەر وتی تکا لە تۆ دەکەمو خۆم تەوەسول بۆلای تۆ دەکەم بەو ڕێزو حورمەتو شوێنکەوتنەی هەمە بۆ پێغەمبەرەکەت ئەو پێغەمبەرەی کە پێغەمبەری ڕەحمەتو سۆزو میهرەبانییە، ئەوا (هیچ لۆمەی لەسەر نییە،

بەڵکو ئەمە) یەکێکە لەو تەوەسولانەی سودی بۆ مرۆڤ هەیە.

کەواتە پێویستە بەستەرێکی وەکو باوەڕ یان کردەوەی باش باسبکرێت کە ئەمانە دەبنە مایەی کۆکردنەوەی دوو شت کە بەبێ کۆکەرەوە پێکەوە کۆنابنەوە.

هەروەکو چۆن خوای گەورە لە بارەی بەندەکانییەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویانە: ﴿ رَبَّنَآ ءَامَنَّا بِمَآ أَنزَلْتَ وَٱتَّبَعْنَا ٱلرَّسُولَ فَٱكْتُبْنَا مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٥٣﴾ ﴾ آل عمران: ٥٣، واتە: ئەی پەروەردگارمان ئیمە باوەڕمان هێنا بەو کتێبەی داتبەزاندووە (کە ئینجیلە)، شوێن پێغەمبەرەکەشت کەوتین (کە عیسایە ﷺ)، کەواتە ئەی خوایە بمانگێڕە لەو کەسانەی شایەتی دەدەن بە تاکو تەنهایی تۆو هەروەها شایەتی ئەوە بۆ پێغەمبەران دەدەن کە ئاینەکەیان بە باشی گەیاندووە.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ رَبَّنَآ إِنَّنَا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِى لِلْإِيمَٰنِ أَنْ ءَامِنُوا۟ بِرَبِّكُمْ فَـَٔامَنَّا ۚ رَبَّنَا فَٱغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرْ عَنَّا سَيِّـَٔاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ ٱلْأَبْرَارِ ﴿١٩٣﴾ ﴾ آل عمران: ١٩٣، واتە: ئەی پەروەردگارمان ئیمە گوێبیستی دەنگی بانگکەرێک بووین (خەڵکی) بۆ لای ئیمان و باوەڕهێنان(بانگ دەکرد) و (دەیگوت) باوەڕبێنن بە پەروەردگارتان، ئەی پەروەردگارمان ئیمە باوەڕمان هێنا تۆش لە تاوانەکانمان ببورەو عەیبو عارو نەنگییەکانمان ببپۆشەو لەگەڵ چاکەکاران بمانمرێنەو بمانگەیەنە بە ئەوان، ئایەت زۆرە لەسەر ئەم بابەتە.

جا کاتێک باشترین کەسەکان کە پێغەمبەرانو شوێنکەوتەکانیانو هاوەڵەکانیان تەنها هەموو شتێکیانە نەگەڕاندۆتەوە سەر پاکێتی دڵیان بەڵکو بە ڕوونیو ئاشکراییو بە بێ بەکارهێنانی وشەی نادیار وشەیان دەربڕوەو قسەی زمانو

دڵیان یەک بـــووە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەوان هیچ کاتێک گومان لە دڵیان ناکرێت، باشـــە ئەوانەی لە دوای ئەوان دێن شـــایەنتر نینە بەوەی قســـەی خراپی سەر زمانیان بە نییەتی دڵیانی تەفسیر نەکەنو ڕاڤە نەکەنو مەجازی عەقڵی بەکار نەهێنن.

سێیەم: هاوەڵەکان وا لە توسل گەیشتوون کە تەوەسول دەبێت بە دوعا بکرێت نـــەک بە خودی مرۆڤـــەکان، عومەری کوڕی خەتتاب تەوەســـولی بە دوعای عباســـی مامی پێغەمبەر ﷺ کرد، هەروەها موعاویە تەوەســـولی بە دوعای یەزیدی کوڕی ئەسوەد کرد.

ئەگەر تەوەسول بە خودی مرۆڤەکان دروستبوایە ئەوا پێغەمبەر ﷺ بەس بوو بۆ ئەوانو پێویستی نەدەکر داوا لە جگە لەو بکەن، بەڵکو دەهاتن داوایان لە خوا دەکرد بە گەورەترینو بەڕێزترین و شـــکۆدارترینی دروستکراوانی خوا، بـــەڵام وازیان لە گۆڕی پێغەمبەرﷺ هێناو داوایـــان لەو زیندووانەکرد کە لە خوار پلەی پێغەمبەرەوە ﷺ بوون.

لێـــرەوە دەزاندرێت ئەوەی ئـــەوان ئەنجامیانداوە دروســـتبووە نەک ئەوەی وازیان لێهناوە.

شەهاب ئالوســـی لە (روح المعانی) (١١٣/٦) دا لە سەر داوانەکردنی هاوەڵان لە قەبـــری پێغەمبەرﷺ فەرموویەتـــی: ((دووەم لە هاوەڵان تەوەســـول بە کەسێک بکەن جگە لە تەوەسول کردن بە گەورەی مرۆڤایەتی لە کاتێکدا ئەوان بیانزانیبێت دەتوانن ئەمە بکەنو بچوکترین هۆکارو پاساوی هەیە.

داوانەکردنیان لە قەبری پێغەمبەروﷺ تەوەسول نەکردنیان پێی لە کاتێکدا کە ئەوان پێشـــینی یەکەمن و لە ئێمە زیاتر ئاشنان بە خواو پێغەمبەرەکەی وﷺ بە مافەکانی خواو پێغەمبەرو ﷺ دەیانزانی کام پاڕانەوەیە دروستەو کامیان

نادروستە، هەروەها ئەوان لە کاتێکی وادا بووون کە زۆر تەنگەتاوو زەرور بوون (بۆ کەسێک بیکەنە تکاکار بۆ لای خوا)و دەیانهەویست ئەو ناڕەحەتییەی لەسەریانە لابچێتو خوا بارانیان بۆ ببارێنێت بە هەر شێوەیەک بێت: ئەمە بەڵگەیەکی ڕوونو دیارە لەسەر ئەوەی ئەوان کردوویانە کارێکی دروستە نەک شتی تر)) قسەکەی کۆتایی هات.

چوارەم: دەتواندرێت بوترێت لە بابی تەنازول بۆکردن: تەوەسول کردن بە خودی مرۆڤەکان لەم دوو حاڵەتە بەدەر نییە؛ یان گەورەترو باشترە لە تەوەسولکردن بە ناوەکانی خواو کردەوە باشەکان یان نا، ئەگەر بوترێت تەوەسولکردن بە خودی مرۆڤەکان باشترە ئەوا کوفرەو قسەیەکی خراپە، ئەگەر بشوترێت تەوەسولکردن بە ناو و سیفەتەکانی خواو کردەوەی باش باشترە لە تەوەسول کردن بە خودی مرۆڤەکان (ئەوا دەوترێت) بۆچی بەرگری لە شتێک دەکرێت کە پلەی کەمترەو قەدری کەمترەو، هەروەها واز دەهێندرێت لە سەرخستنی باشترینو پاڵپشتی کردنیو بڵاوکردنەوەیو هەوڵدان بۆ ئەوەی خەڵک فێری بێت.

نووسەری کتێبی (المفاهیم) لە لاپەڕە (٤٦) دا دەڵێت: ((لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە ئادەم ﷺ تەوەسولی بە پێغەمبەر ﷺ کردووە، حاکم لە مستدرکدا دەڵێت: أبو سعید عەمری کوڕی محمدی کوڕی مەنصور کە جێگای متمانەیە پێی ڕاگەیانم (ئەویش) وەریگرتووە لە ئەبولحەسەن محمد کوڕی إسحاق کوڕی إبراهیم الحنظلي، ئەویش وەریگرتووە لە ئەبولحارس عبدالله کوڕی مسلم الفهری، ئەویش لە إسماعیلی کوڕی مەسلەمە گێڕاویەتییەوە، ئەویش فەرموویەتی: عبد الرحمن ی کوڕی یەزیدی کوڕی ئەسلەم لە باوکییەوە بۆمانی گێڕاوەتەوە ئەویش لە باپیرییەوە گێڕاویەتییەوە ئەویش لە عومەری کوڕی

خەتتاب گێڕاویەتییەوە کە فەرموویەتـــی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: کاتێـــک ئادەم تاوانەکـــەی ئەنجامدا وتی: ئەی خوایە مـــن داوا لە تۆ دەکەم بەڕاستێتی محمد بۆ ئەوەی لێم خۆشبیت ...)).

ئەم فەرموودەیە حاکم لە مســـتدرک ڕیوایەتی کردووەو بە دروســـتی داناوە، (ج٢ ص٦٥١) هەروەها ســـیوطی ڕیوایەتیکردووە لە الخصائص النبویە، بە دروستیشـــی داناوە، هەروەهـــا بەیەقی لە کتێبی (دلائـــل النبوة) ڕیوایەتی کردووە (گێڕاویەتییەوە)، بەیەقی هەرگیز فەرموودەی هەڵبەستراو ڕیوایەت ناکات و نایانگێڕێتەوە، هەروەکو خۆشی بە ڕاشکاوی لە سەرەتای کتێبەکەیدا باســـیکردووەو ئاماژەی پێکردووە، هەروەها قەستەڵانیو زەرقانی لە کتێبی (المواهب اللدنیة ج٢ ص٦٢) بە دروســـتی داناوە، هەروەها سوبوکی لە کتێبی (شفاء السقام) بە صحیح و دروستی داناوە.

الحافظ هەیســـەمی فەرموویەتی: (ئەم فەرموودەیە تەبەرانی لە کتێبەکەیدا (الأوســـط) گێڕاویەتییەوە، ئەم فەرموودەیە (لە پیاوەکانی ناو سەنەدەکەی) کەســـی وای تێدایە کە من نایانناسم و (نازانم عەدلن یان نا). (مجمع الزوائد ج٨ ص٢٥٣). قسەی نووسەر لێرە تەواو دەبێت.

مـــن دەڵێم: ئەم چەند دێرە چەندین هەڵەو بێ ئاگاییو گۆڕینی زانیاری لەخۆ گرتووە؛ بە ویستی خوا گشـــتی ڕوونەکەمەوە، من هەرگیز پێم وانەبوو بەم شێوەیە ستەم لە خۆی بکات و سەرسام بێت بە زانست و زانیارییەکەی و بێ ئاگا بێت لە زاناکانی سەردەمی خۆیو هەروەها ئەوانەش کە سلکی خوێندنی زانستە شەرعییەکانیان گرتۆتە بەرو ئەوانەش کە خۆیان دەدەنە پاڵ زانست لە شوێنکەوتەکانی خۆی (بەشێوەیەک هیچ گوێی بە کەس نەداوەو وەک بڵێی پێـــی وایە کەس بە دواداچوون ناکات بۆ قســـەکانی) تاکو بێت بەم شـــێوەیە

نەوەی دەیهەوێت بینوسێت لەسەر ئەم فەرموودەیەو هەروەها فەرموودەكانی دوای ئەم فەرموودەیەش بە ئاڕەزووی خۆی.

من لێرە سێ هەڵوێستم بەرامبەر بە نووسەر دەبێت:

یەكەم: هەڵوێستم لەبارەی ئەو فەرموودانەوە دەبێت كە نووسیونی، هەروەها بەرامبەر سەرچاوەی فەرموودەكانیش هەڵوێستم هەیە.

دووەم: لێدوانم دەبێت لەسەر ڕیوایەتی فەرموودەكە (ئاخۆ كێ گێڕاویەتییەوەو چۆنە).

سێیەم: (هەڵوێستم دەبێت) لەسەر دەقی فەرموودەكەو لایەنی تێگەیشتنو ماناكەی.

هەڵوێستی یەكەمم چەند شتێك دەگرێتەوە:

یەكەم: لە باسكردنی سەرچاوەكانی ئەم فەرموودەیە كەمو كورتی هەیەو (وەكو خۆی باسینەكردووە)، (چونكە) ئەم فەرموودەیە دەستەیەك لە چینی مامۆستاكانی حاكم گێڕاویانەتەوە، هەروەها ئەو كەسانەش گێڕاویانەتەوە كە هاوتەمەنی (حاكم)نو هەروەها ئەوانەش كە لە دوای ئەو هاتوون، ئەمانە هەر هەموویان لە ڕێگەی عبدالرحمن ی كوڕی زەیدی كوڕی ئەسلەم فەرموودەكەیان گێڕاوەتەوە، بەڵام زۆری ئەوان مانای بەهێزی فەرموودەكە نابەخشێت، لەبەر ئەوە باسیان ناكەم بۆ ئەوەی باسكردنی ئەوان نەبێتە مایەی زیادكردنی نەزانی ئەو خەڵكانەی شارەزانینە لە فەرموودەو زاراوەكانی فەرموودە ناسان.

دووەم: سەنەدی حاكمی هەموو هێنا بەڵام بە ناتەواوی، (چونكە) لە سەنەدەكەدا وشەی (عن أبیه) تێدایەو (ئەو باسی نەكردووە)، من لەگەڵ سەنەدەكەدا

باسمکردووە، هەروەها لە پشتڕاسکردنەوەی زانیاری ناو (المستدرک)و باسکردنی لاپەڕەو بەرگی کتێبەکە بەهەڵەدا چووەو دووجار نووسیویەتی: (ج٢ ص٦٥١)، ئەمە هەڵەیەو خلیسکانی قەڵەم نییە، چونکە چەند جار دووبارە بۆتەوە، دوا بەدوای ئەمە سەیری کتێبی (إعلام النیل) کە ئامۆژگاریکەرێکی بەحرەینی نووسیویەتی بینیم بەم شێوەیە سەرچاوەی فەرموودەکەی باسکردووە (ج٢ ص٦٥١)، ئەم کتێبە پێش (المفاهیم) چاپکراوە، سەیرکەو بزانە چۆن ڕاهاتوون لە تەقلیدو شوێنکەوتنی بێ بەڵگە لە هەموو شتێکدا!

پشتڕاستکردنەوەی شوێنی فەرموودەکە لە ناو (المستدرک)دا دەبێت بەم شێوەیە بێت (٦١٥/٢)، مستدرک تاکو ئەم ساڵیش هیچ چاپێکی نییە تەنها چاپێکی هیندی نەبێت. (تێبینی/ مەبەستی نووسەر لەو ساڵەوەی خاوەنی المفاهیم کتێبەکەی نووسیوە تاکو ئەو کاتەی نووسەر وڵامی ئەم کتێبەی داوەتەوە، چونکە شێخ صالح ساڵی (١٤٠٦ک) وڵامی ئەم کتێبەی داوەتەوە).

هەروەها (خاوەنی کتێبی المفاهیم) نووسیویەتی: (صححه الحاکم) واتە: حاکم بە صحیحو دروستی داناوە، ئەمە هەڵەیە؛ چونکە حاکم وتوویەتی: (صحیح الإسناد) واتە: سەنەدەکەی صحیحو دروستە، واتە: لای حاکم ئەو کەسانەی فەرموودەکەیان گێڕاوەتەوە بە پێی ئەو ڕێزبەندییەی حاکم لە کتێبەکەیدا باسیکردوون کەسی وانیین سەنەدی فەرموودەکەیان پێ لاواز ببێت)، ئەمە لە کاتێکدایە کە فەرموودەناسانو ئەوانەی سەرقاڵی زانستی فەرموودەن جیاوازی دەکەن لەنێوان صحة الإسناد و صحة الحدیث.

سێیەم: دەڵێت: ((ئەم فەرموودەیە الحافظ السیوطی گێڕاویەتییەوەو بە صحیحو دروستی داناوە))، ئەمە یەکێکە لەو شتانەی زۆر سەرسوڕهێنەرەو لە ناو کتێبی (المفاهیم)دا باسکراوە، ئەمە بەڵگەیە لەسەر نەبوونی زانیاری تەواو

لە زانستی فەرموودە، هەر چەندە شایەتی ناڕاستیشی تێدا بەدی دەکرێت (لەم کتێبەدا) چونکە ئەم قسەیە (رواە) واتە: (گێڕاویەتییەوە) لای زانایانی فەرموودە تەنها بەرامبەر ئەو کەسە دەوترێت کە فەرموودەیەکی بە سەند لە مامۆستاکانییەوە باسکردووە تا کۆتایی سەنەدەکە هەمووی باسکردبێت، هەروەها ئەو کەسەی فەرموودەیەک وەکو بەڵگە پێهێنانەوە لە کتێبێکیدا باسبکات (بە بێ سەندی خۆی و ناوی مامۆستاکانی خۆی) پێی ناوترێت فەرموودەکەی ڕیوایەت کردووەو گێبڕاویەتییەوە.

بەڵام ئەم قسەیەی کە دەڵێت (صححه السيوطي) لەمە سەیرترە؛ چونکە سیوطی دوای باسکردنی فەرموودەکە لە کتێبی (الخصائص) نەی وتووە صحیحو دروستە، ئەمە قسە هەڵبەستنە بۆ سیوطی.

نووسەر – لاوازی لایەنی زانستی– هاتووە لەسەر ئەم قسەیەی سیوطی ڕۆیشتووە کە لە کتێبی (الخصائص ٨/١)دا دەڵێت: ئەم کتێبەم پاککردۆتەوە لە هەرچی هەواڵی هەڵبەستراوو ڕەتکراوەیە)، ئەم قسە گشتییەی سیوطی مانای ئەوە نییە هەرچی لە کتێبەکەیدا باسیکردووە دروستەو (صحیح)ە.

لەبەر ئەوە سیوطی لە کتێبی (مناهل الصفا في تخريج أحاديث الشفاء) ل٣٠ بەڕاشکاوی فەرموویەتی: سەنەدی فەرموودەکە لاوازە. (ئەم کتێبە لە مصر چاپکراوەو چاپەکەی حەجەرییە، ساڵی ١٢٧٦).

سیوطی لە کتێبی (الخصائص) بە دوای قسەی (ئەبو نعیم)یدا هێناوە، هەر چەندە فەرموودەکە سەنەدەکەی (مظلم)ە (جۆرێکە لە لاوازی لە سەنەددا)، هەروەها دەقی فەرموودەکە (منکر)ە (واتە: پێچەوانەیە لەگەڵ فەرموودەیەک یان زیاتر کە دروستنو صحیحن)، سیوطی ئەم ڕاستییەی درکاندووە لە کتێبەکەیدا (٤٧/١) دوای باسکردنی هەردوو فەرموودە لاوازەکان فەرموویەتی:

((من گیانم ئاسودە نابێت بە باسکردنی ئەم دوو فەرموودەیە، بەڵام من شوێن ئەبو نعیم کەوتوم لە بوراەداو (قسەی ئەوە هێناومە). إ.ە.

چوارەم: لە بارەی بەیهەقییەوە دەڵێت: ((بەیهەقی فەرموودەی هەڵبەستراو ناگێڕێتەوە)). إ.ە، دەڵێم: باشە بۆچی دەقی قسەکەی بەیهەقی باسناکات کە وتوێەتی دوای گێڕانەوەی فەرموودەکە، بۆ ئەوەی شاردنەوەی ڕاستییەکانی نەکردبایە پیشەی خۆی، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو وشانە باسنەکات کە پێویستییان بە ڕاڤەکردنەو دەبێتە مایەی خەڵەتاندنی کەسانی ساویلکەو کەم زانست، هەمیشە (ئەم بەڕێزە) ئەو شتانە دەشارێتەوە کە بەڵگەکانی پوچەڵ دەکاتەوە.

بەیهەقی لە کتێبی (دلائل النبوە ٥/٤٨٩) دا دوای باسکردنی فەرموودەکە دەڵێت: ئەم فەرموودەیە عبدالرحمن ی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم بە تەنها ڕیوایەتیکردووەو گێڕاویەتییەو، ئەم پیاوە لاوازە)). إ.ە، ئەم وشەیەی بەیهەقی زۆر بەنرخەو فەرموودەناسان قەدرو ڕێزەکەی دەزانن چەندە، بەڵام ئەوانەی ئیشیان داهێنانە لە دین تەنها ئەوە دەزانن ڕستەی وا باسبکەن کە (مجمل)ەو پێویستی بە ڕاڤە هەیە، ئەمە ئیشی ئەو قوتابیانەیە کە زاراوەی زانایان نازانن.

الحافظ زەهەبی لە کتێبی (میزان الإعتدال ٣/١٤٠ – ١٤١) دا فەرموویەتی: ((ئەگەر کەسێک (زانایانی فەرموودەناس پێی بڵێن صدوق ە کە ئەمە وەسفی ئەو کەسەیە فەرموودەی حسن دەگێڕێتەوەو پلەی لە خوار ئەو کەسانەیە کە (ثقه)ن و راوی فەرموودەی (صحیح)ن) ئەوا ئەگەر بە تەنها خۆی فەرموودەیەکی گێڕایەوە بە بێ ئەوەی کەسێتری لەگەڵدا بێت بە (منکر)[٤] دادەندرێت)) إ.ە. باشە ئەگەر

٤) المنکر: جۆرێکە لە جۆرەکانی لاوازی لە فەرموودەدا.

(صدوق) حاڵی ئاوا بێتو هەروەها ئەو کەسانەی لە خوار ئەوەوەن لە جوان لەبەرکردنـــی فەرموودە؛ دەبێت چۆن بیـــت بەرامبەر ئەو فەرموودەیەی تەنها کەسێکی لاواز ڕیوایەتی دەکاتو دەیگێڕێتەوە، ئەو کەسەی کە هەموو زانایانی فەرموودە کۆڕان لەسەر نا عەدالەتیو لاوازییەکەی، بەڵکو هەندێک لە زانایان لەوانە وەکـــو حاکم فەرموویەتی: فەرموودەکانی ئەم پیاوە هەڵبەســـتراونو لەمەودوا (چەند نمونەیەک) لە فەرموودەکانی دەبینیت إن شاءالله.

پێنجەم: نووســـەر دەڵێت: ((وصححه القســـطلانی)). واتە: قەســـتەڵانیش بە صحیحو دروستی داناوە.

من دەڵێم: ئەمە کتێبی (المواهب)ە ئایا لەوێدا بەدروستی داناوە، یان قەستەڵانی ئەو قســـەیەی بەیهەقی باســـکرد کە پێشـــتر ئاماژەی بۆ کرا، دەقی قســـەی (قەســـتەڵانی) (٧٦/١ لەگەڵ ڕاڤەکەی) بەم شـــێوەیە: ((بەیهەقی فەرموویەتی: تەنها عبد الرحمن ئەم فەرموودەیەی گێڕاوەتەوە، ئەمە قسەی قەستەڵانییە، ئایا نووسەر مەبەســـتی قســـەی زەرقانییە (ئەو زانایەی شەرحی مواهب ی کردووە)، (ئەگەر مەبەستی ئەو بێت ئەوا زەرقانی) دەڵێت: تەنها عبدالرحمن گێڕاویەتییەوە واتە: هیچ کەسی تر وەکو ئەو ئەم فەرموودەیەی نەگێڕاوەتەوە لە زاناکانی ســـەردەمی خۆی، لە کەســـیتر جگە لە ئەو نەبیســـتراوە، ئەم فەرموودەیە غەریبە لەگەڵ لاوازی ڕاویەکەی (مەبەستی عبدالرحمن)ە.

قەستەڵانی لە کتێبەکەی (المواهب)و کتێبەکانی تریشی زانیاری لە کتێبەکانی ســـیوطی وەردەگرێت بەبێ ئەوەی ســـەرچاوەکەی بڵێتو نـــاوی کتێبەکانی بهێنێـــت، ئەمە وای لێهات بـــوو بە بابەتێک (لەناو زانایان)و باســـی لێوە دەکراو وەکو بەســـەرهاتێک دەگێڕدرایەوە، (لەوانەی باسی ئەم ڕووداوەیان

کردووە) (ابن العماد)ە کە لە کتێبەکی (شـــذرات الذهب) باسی ئەم بەسەرهاتە دەکاتو منیش وەکـــو خۆی هێناومە بۆ ئەوەی بزاندرێت کە قەســـتەڵانی لە کتێبی (المواهب) دا قســـەی جگـــە لە خۆی وەردەگرێت، بۆیە نابێت پشـــتی پێببەستریت لە بە صحیح دانانی فەرموودەدا، هەروەها لە زانایانی زانستی (الجرح والتعدیل، التخریج) هەژمار ناکرێت، بەڵکو تەنها شت لە خەڵکی تر وەردەگرێتو زانیاری جگە لە خۆی باسدەکات[٥] ، ابن العماد (١٢٢/٨ – ١٢٣) دەڵێت: دەگێڕنەوە کە ســـیوطی چارەی نەدەویستو بەلایەوە پەسند نەبوو، چونکە پێی وابوو ئەم پیاوە زانیاری لە کتێبەکانی ئەوەوە وەردەگرێتو ناوی سەرچاوەکانیش نانوسێتو ناوی سیوطی نابات لەکاتی هێنانی نووسینەکانی ئەودا، جارێکیان لای شـــێخی ئیســـلام زەکەریا ســـکاڵای لەسەر تۆمار کرد، ئەویش داوای لە ســـیوطی کـــرد ڕوونکردنەوە بداتو بیســـەلمێنێت کەوایە، ســـیوطی چەند بابەتێکی باسکرد (کە گوایە قەستەڵانی لە ئەوی وەرگرتووەو ناویشـــی نەهێناوە)، قەستەڵانیش وتی: من لە بەیهەقییەوە باسمکردووەو لە کتێبەکانی ئەوم وەرگرتووە، ســـیوطی فەرمووی: بێگومان بەیهەقی کۆمەڵێک نووســـینو پەرتوکی هەیە؛ بابێت پێمان بڵێت لە کام کتێبەی بەیهەقی هەموو ئەم زانیارییانەی وەرگرتووە، دەبوایە قەســـتەڵانی بڵێت: سیوطی لەبەیهەقی وەرگرتووە.

شێخ جار اللە ی کوڕی فهد باسیکردووە کە شێخ (قەستەڵانی) ڕەحمەتی خوای لێبێت ویســـتویەتی ئەم بۆچوونەی جەلال سیوطی بگۆڕێتو (پاکانەی خۆی لـــە لا بکات)، (بەم بۆنەیـــەوە) لە قاهیرەوە بـــەرەو ڕەوزە دەکەوێتە ڕێ تا

٥) مەبەستم ئەوەیە زانیاری کەسانی تر باسدەکات لەسەر (الجرح والتعدیل، التصحیح)، ئەگینا کتێبەکانی بەسودن بەمەرجێک (خوێنەر) وریای ئەو فەرموودە لاوازانە بێت کە باسیان دەکاتو دەیانهێنێت.

دەگاتە بەر دەرگای (مالّی) سیوطی، لە دەرگا دەدات، ئەویش دەڵێت: کێیە؟ دەڵێت: من قەستەڵانیم، بە پێخواسیو سەری ڕووتەوە هاتووم بۆ لای تۆ تاکو دەرونت لەمن پاکبێتەوەو (ئاشت ببیەوە لەگەڵم)، سیوطی پێی وت: دەرونم بەرامبەرت باشبۆوەو (هیچم بەرامبەرت نەما)، دەرگاکەی لێنەکردەوەو هەوڵی نەدا بیبینێت)). تاکو ئێرە لە شذرات وەرگیراوە.

سیوطی کتێبێکی تری هەیە ناوی لێناوە (الفارق بین المنصف والسارق) لەوانەیە - دڵنیا نیمە تەواو - ڕەنگە مەبەستی پێ قەستەڵانی بێت، چونکە لەو بارەوە گوتویەتی: ((ئەم کەسە هەستاوە بە هێرشکردنە سەر ژمارەیەک لە کتێبەکانی ئێمە لە کاتێدا ئێمە چەند ساڵمان بەڕێکردووە لە پێناو کۆکردنەوەیان، هەروەها لە نووسینی ئەم کتێبانەدا شوێن بنەماو یاسا کۆنەکان کەوتووین، (ئەم کەسە) هاتووە لە کتێبەکەی من (المعجزات والخصائص) لە دریژەکەو پوختەکە هەرچی هەیە لە ناویاندا بە خەتی منەوە دزیویەتی، ئەمە لەکاتێکدایە کە خەتی من هەر کەسێک چاو ڕۆشنی هەبێت دەیناسێتەوە[٦])). إ.ە.

شەشەم: قسەی نووسەر کە دەڵێت: زەرقانی بە صحیحو دروستی داناوە لە (المواهب اللدنیە) (ج٢ ص٦٢)، **دەڵێم:** زەرقانی هیچ کتێبێکی نییە بە ناوی المواهب، لەوانەیە نووسەر مەبەستی شەرحی مواهب بێت.

پاشان خۆ زەرقانی بە لاوازی داناوە نەک بە صحیحو دروست، فەرموویەتی (٧٦/١): ((ئەم فەرموودەیە غەریبە هەروەها راویەکەشی لاوازە)، بۆچی نووسەر شتێک باسدەکات کە ڕاست نییە، هەروەها دێت گرانکاری دەکاتو شت دەگۆڕێت هەر چەندە زۆر کارامەیە لە شاردنەوەی ڕاستییەکان، ئەی

٦) ل ٧٤٥ وەرگیراوە لە گۆڤاری عالم الکتب، ربیع الثاني ١٤٠٢ه، نامیلکەی (الفاروق) بلاوکراوەتەوە بە (تحقیق) ی قاسم السامرائی.

باشـــە بۆ لە باسکردنی بەرگو لاپەڕەی سەرچاوەکەدا بە هەڵەدا چووە، ئەو دەڵێت – جـ٢ – هەر چەندە لە بەرگی یەکەمیشدا باسکراوە.

حەوتەم: لە ژماردنی ناوی ئەو کەســـانەی فەرموودەکەیان بە دروســـت داناوە دەڵێت: (سوبوکی لە کتێبی شفاء السقام به دروستی داناوە)، سوبوکی شوێن حاکم کەوتووە لە بە دروستدانانی فەرموودەکە، ئەو کەسەی شوێن خەڵکی تر بکەوێت لە حوکمدان لەســـەر فەرموودەدا پشتی پێنابەستڕێت (مەبەست تەنها ئەو فەرموودەیەیە کە تقلیدی جگە لە خۆی کردووە بەڕاشکاوی لە بە صحیح دانانی)، سوبوکی ل١٦٣ دەڵێت: ((ئێمە لە بە صحیح دانانی ئەم فەرموودەیە پشتمان بە قسەکەی حاکم بەستووە)) إ.ه.

ســـوبوکی دان بە لایەنـــی لاوازی فەرموودەکـــەدا دەنێت، بـــەڵام وتویەتی: عبدالرحمن ی کوڕی ئەسلەم ناگاتە ئەو پلە لاوازییەی کە ئەم بانگەشەی بۆلا دەکات)).

هەشـتەم: لەکاتـــی وەرگرتنی زانیاری لە هەیســـەمی شـــوێنی فەرموودەکەی باسنەکردووە کە (المعجم الصغیر)ی تەبەڕانییە، پێویستە ئاگاداری ئەمەش بێت.

هەڵوێستی دووەم:

قسەکردن لەسەر ریوایەتو سەنەدی فەرموودەکە:

لەم چەند دێڕەی باسکران دەرکەوت کە فەرموودەکە تەنها حاکم دەڵێت صحیحو دروستە، حاکم لە مستدرک (٦١٥/٢) دا دەڵێت: ((فەرموودەکە سەنەدەکەی صحیحو دروستە[٧] ، ئەمە یەکەمینی ئەو فەرموودانەی عبدالرحمن ی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمە کە من باسیان دەکەم)) إ.ە.

هەموو ئەوانەی ئەم فەرموودەیە دەدەنە پاڵ پێغەمبەرﷺ لە عبدالرحمن ی کوڕی ئەسلەم وەریانگرتووە، ئەوەی پێویستە لێرەدا بگوترێت ئەوەیە کە حاکم ئەم فەرموودەیەدا لە ڕووی لێکۆڵینەوەی زانستییەوە قسەی لێوەرناگرێت، لەبەر ئەم هۆکارانە:

یەکەم: لە کتێبەکەیدا (المدخل إلى الصحيح ١٥٤/١) دا دەڵێت: ((عبدالرحمن-ی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم لە باوکییەوە کۆمەڵێک فەرموودەی هەڵبەستراوی گێڕاوەتەوە کە شاراوە نین لای زانایانی فەرموودە کاتێک وردبنەوە لێیان)) إ.ە. هەروەها حاکم لە سەرەتاو دەستپێکی (المدخل) دا وتوویەتی (١١٤/١): ((من به یارمەتی خوای گەورە ناوی کەسانێکتان بۆ باسدەکەم کە قسە لەسەر کەسایەتییان کراوەو تجریح کراون، ئەوەندەی بۆم دەرکەوتووە لە حاڵو باریانو تا چەند مجروحن) باسی لێوە دەکەم بە پێی ئیجتیهادو توانا، هەروەها بۆ ئەوەی بیاننasێنم کە (ئەمانە قسەیان لەسەر کراوە)و مەجروحن،

---

٧) شایانی باسە ئەو چاپە هیندییەی مستدرک هەڵەیەکی چاپی تێدایە بەم شێوەیە: (هذا صَحِيح الإسناد) (صيح) کاتێک دەڵێیت تصيح الشيئ کە شکا، هەروەکو لە (تاج العروس شرح القاموس ١٨٦/٢) دا باسکراوە، کەواتە مانای (صيح الإسناد) واتە سەنەدەکەی تێک شکاوە، ئەمە شتێکی سەرسوڕهێنەرە، خوای گەورە مەبەستێکی هەیە لە ڕوودانی ئەم هەڵەیە، کەواتە بەرچاو ڕوون بن!

بەهیچ شێوەیەک تەقلیدی کەسم نەکردووە لە پێشەوایانی (زانستی فەرموودە) من هاتووم بۆ ئەوانی باسبکەم کە گێڕانەوەی فەرموودە لەمانە نابێت تەنها دوای بسکردنی حاڵو باریان و (دەرخستنی نا تەندروستی کەسایەتییان)، لەبەر ئەوەی پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: هەر کەسێک فەرموودەیەک باسبکات کە دەشی زانی درۆیە ئەوا ئەویش یەکێکە لە درۆزنان)). إ.ە، هەموویانی بە ڕیز هێناوەو باسیکردوون، عبد الرحمن ی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمیشی لە ئەوان ژمارد، هەروەکو باسمان کرد، ئەمە (تناقض و تعارض)ە، قسەی حاکم لێرەدا پێچەوانەی یەکترنو یەکتر هەڵدەوەشێننەوە، ئایا هۆکاری ئەمە چییە، چی وای کردووە فەرموودەیەک سەنەدەکەی بە صحیح دابندرێت لە کاتێکدا عبدالرحمن ی تێدا بێت.

ولاّمی ئەم پرسیارە لای زانایانی فەرموودەو وردبینو دوور لە هەوەسو ئارەزوو دیارو زاندراوە، ئەویش ئەوەیە: حاکم سالّی ٣٩٣ک[٨] دەستی بە نووسینی کتێبی (المستدرک) کرد، واتە دوای گەیشتنی بە تەمەنی ٧٢ سالّی ئەم کارەی ئەنجامدا، پێشەوا ابن حجر لە کتێبی (لسان المیزان ١٥/٥) دا فەرموویەتی: ((دەگێڕنەوە کە (حاکم) گۆڕانکاریو بێئاگایی تووشهاتووە لە دواساتەکانی تەمەنیدا، بەڵگە لەسەر ئەمەش ئەوەیە کە لە کتێبەکەیدا ناوی کۆمەڵێک کەسی لە لیستی لاوازەکان باسکردووە لە کتێبەکەی: (الضعفاء)، هەروەها هۆشداری داوە لەسەر ئەوەی کە هەرگیز فەرموودەیان لێوە ڕیوایەت ناکاتو لای ئەو قسەیان نابێت بە بەڵگە، (لەگەڵ ئەوەی ئەم قسانەی کردوو هاتووە) لە کتێبەکەی (المستدرک) چەندین فەرموودەی لەوانەوە گێڕاوەتەوەو ڕیوایەت کردووەو بەدروستو (صحیح)یشی داناون، لەوانە (ئیمامی حاکم)

٨) هەروەکو لە کتێبی (السماع: ٢/١)و جگە لەم کتێبەش بەم شێوەیە باسکراوە.

فەرموودەیەکی عبدالرحمن ی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمی گێڕاوەتەوە، هەر چەندە ناوی (عبدالرحمن)ی لە کتێبی (ضعفاء)دا هێناوە، (حاکم لە کتێبی الضعفاء)دا دەڵێت: (عبدالرحمن) لە باوکییەوە چەند فەرموودەیەکی هەڵبەستراوی گێڕاوەتەوە کە لای هیچ یەکێک لە (زانایانی فەرموودە) شاراوە نییە کە ئەم فەرموودانە دەبنە مایەی (تانەدان لە خاوەنەکانیان)و لەسەری حیساب دەکرێت)) قسەی ابن حجر لێرە کۆتایی هات.

زانایان بەم شێوەیە سەیری (المستدرک)یان کردووە، لەو قسانەی لەسەر ئەم کتێبە وتراوە؛ وتەکەی سەخاوییە کە لە کتێبەکەی (فتح المغیث (٣٦/١) دا دەڵێت: ((دەوترێت هۆکاری (هاتنی ئەم جۆرە فەرموودانە لە المستدرک دا) ئەوە بوو کە (حاکم) ئەم کتێبەی لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا نووسیوە، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی تووشی بێگایی بێتو گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، یان ئەوەتا بۆی نەکراوە کتێبەکەی پوختە بکاتو گوڵبژێری بکات، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە لە پێنجیەکی یەکەم تساهلاتو (ئاسانکاری) زیاتری پێوە دیارە بە بەراورد لەگەڵ هەموو کتێبەکە، لە ڕاستیدا لەم شوێنە ئەم ڕستەیە بیندراوە: لێرە نووسینی حاکم تەواو دەبێت)). إ.ه.

ئەو (عبد الرحمن)ەی کە ئەوانەی (توسل)یان بە خودی کەسەکان پێ دروستە پشتیان پێ بەستووەو فەرموودەکانی دەکەنە بەڵگە زۆر لاوازە لە فەرموودەدا، ئەمە قسەی علی کوڕی مەدینییە، ئەبوحاتەمی ڕازی دەڵێت: خودی خۆی کەسێکی باش بوو، بەڵام لە فەرموودەدا لاواز بوو.

هەروەها هەر یەکە لە ئەحمەد و ئیبن مەعین و بوخاری و نەسائی و دارەقوتنی و جگە لە ئەوانیش خەڵکێکی زۆر (لە زانایانی فەرموودە) بە لاوازیان داناوە،الطحاوی فەرموویەتی: (فەرموودەکانی (عبد الرحمن ی کوڕی

زەید) لای زانایانی فەرموودە بە ئەو پەڕی لاواز دادەندرێن «لەوە لاوازتر نییە لایان»)).

ئەمە قسەی پێشەوای حەنەفییەکان بووە لەسەردەمی خۆیدا، هەروەها شەیخ و مامۆستای میسرییەکان بووە ئەو کاتە، ئایا نووسەر بەلایەوە حەڵاڵو ڕێگە پێدراوە کە بە فەرموودەیەک خۆی لە خوا نزیکبکاتەوە کە لەوپەڕی لاوازیدا بێت، چۆن پێیەکانت خۆیان دەگرن لە بەردەم پەروەردگارتدا کاتێک پرسیاری ئەمەت لێبکات، چ بەڵگەو ئەنجەتێک دەهێنیتەوە، پشت بە کێ دەبەستیت، وڵامێک ئامادە بکە بۆ ئەم پرسیارە، چونکە ئەم بابەتە زۆر گەورەیە.

دووەم: لە سەنەدی حاکمو بەیهەقیدا پیاوێکی تێدایە ناوی (عبد الله)ی کوڕی موسلم ئەلفیهرییە، پێشەواو حافیز زەهەبی لە کتێبی (المیزان ٥٠٤/٢) دا ژیاننامەکەی باسکردووەو فەرموویەتی: ((لە ئیسماعیلی کوڕی مەسلەمەی کوڕی قوعنوبەوە لە عبدالرحمن ی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە هەواڵێکی بەتاڵو خراپ گێڕدراوەتەوە کە تیایدا هاتووە: ئەی ئادەم ئەگەر محمد نەبووایە من تۆم دروستنەدەکرد، ئەمە بەیهەقی گێڕاویەتییەوە لە کتێبی (دلائل النبوة) إ.ه.

پێشەواو حافیز ئیبن حەجەر لە کتێبی (لسان المیزان ٣٦٠/٣) دا فەمووێەتی: ((من دەڵێم: بە دووری نازانم ئەو کەسەی لە پێشیەوە هاتووە ئەو کەسە نەبێت کە لە چینی خۆیەتی)) إ.ه، مەبەستی بە قسەی (ئیبن حەجەر) کە دەفەرموێت: ئەو کەسەی لە پێشییەوە هاتووە ئەو پیاوەیە کە لە پێش فیهری باسی ژیاننامەی کراوە، ئەویش بریتییە لە عبدالله ی کوڕی موسەللەمی کوڕی روشەید، زەهەبی فەرموویەتی: ئیبن حبان باسیکردووەو وتویەتی تۆبەتبارکراوە بە دانانو هەڵبەستنی فەرموودە ...

سێیەم: سەنەدی فەرموودەکە دەستەیەکی زۆر لە زانایان بە لاوازیان داناوە: لەوانە: البیهقی لە (دلائل النبوة ٤٦٨/٥)، زەهەبی لە کتێبی (تلخیص المستدرک ٦١٥/٢)، لەوێدا وتوویەتی: ((ئەم فەرموودەیە هەڵبەستراوە)، لە کتێبی میزاندا دەڵێت: (باطل)ە، ئەم فەرموودەیە سەنەدەکەی خراپەو دەقەکەشی هەڵبەستراوە، هەروەها شێخ تقی الدین ئیبن تەیمیە وتوویەتی ئەم فەرموودەیە هەڵبەستراوە لە کتێبی (الرد علی البکري) ل٦ لە کتێبە پوختکراوەکە، هەروەها ئیبن عبدالهادی حافیز ئەو قسەیەی سەرخستووەو بە دروستی داناوە کە دەڵێت فەرموودەکە لاوازە لە کتێبی (الصارم المکنی). هەروەها حافیز ابن کثیر لە کتێبی (البدایة والنهایة ٣٢٣/٢)دا سەبارەت بە ڕاوی ئەم فەرموودەیە دەڵێت: ئەم (کەسە) قسەی لەسەر کراوە، هەروەها قسەی بەیهەقی لەسەر باسکردووە کە دەڵێت لاوازە، هەروەها هەیسەمی لە کتێبی (مجمع الزوائد ٢٥٣/٨) بەلاوازی داناوە، هەروەها سیوطی لە کتێبی (تخریج أحادیث الشفاء ل٣٠) بە لاوازی داناوە، هەروەها (لەو کەسانەی بە لاوازییان داناوە زەرقانییە لە کتێبی (شرح المواهب ٧٦/١)، هەرووها شەهاب ئەلخەفاجی لە شەرحی (الشفاء ٢٤٢/٢) بە لاوازی داناوە، هەروەها مەلا علی قاری لە کتێبی (شرح الشفاء ٢١٥/١) بە لاوازی داناوە، هەروەها ئیبن عراق لە کتێبی (تنزیه الشریعة ٧٦/١) باسی ئەوەی کردووە کە فەرموودەیەکی خراپو ناپەسندە.

هەڵوێستی سێیەم:

(تاوتوێکردن)و وردبوونەوە لە دەقی فەرموودەکەو لایەنی ماناو تێگەیشتنی: ئەوەی جێگای گومان و دوو دڵی نییە ئەوەیە؛ ئەو پارانەوەیەی خوای گەورە بە هۆیەوە تەوبەو پەشیمانبوونەوەی ئادەمی ﷺ پێ گیرا کرد ئەو پارانەوەیە بوو کە خوای گەورە لە سوورەتی (الأعراف) دا باسیکردووەو فەرموویەتی: ﴿ قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٢٣﴾ ﴾ الأعراف: ٢٣ ، واتە: (ئادەمو حەوا بە ملکەچییەوە) وتیان: ئەی پەروەردگارمان ئێمە ستەممان لە خۆمان کردووە، ئەگەر بێتو لێمان خۆشنەبیتو بەزەییت پێماندا نەیەتەوە ئەوا ئێمە لە خەسارەتمەندانو مایەپوچان دەبین.

ئەم چەند وشەیە ئەو وشانەبوون کە ئادەم لە خواوە وەریگرتووەو داوای پێ لە خوای گەورە کردووەو خوای گەورەش تەوبەکەی لێ وەرگرتووە، هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن رَّبِّهِۦ كَلِمَٰتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٣٧﴾ ﴾ البقرة: ٣٧، واتە: ئادەم ﷺ ئەو وشانەی لە خواوە وەرگرت کە (بە هۆیانەوە لە خوا پارایەوەو داوای لێخۆشبوونی لێکرد) پاشان خوای گەورە تەوبەکەی گیرا کرد، بەڕاستی خوای گەورە زۆر تەوبە وەرگرو زۆر میهرەبانو دلۆڤانە.

ئیبن کثیر لە تەفسیرەکەیدا (١١٦/١) دەڵێت: ((ئەم تەفسیرکردنە ڕیوایەتکراوەو گێڕدراوەتەوە لە هەریەکە لە موجاهید، سەعیدی کوڕی جوبەیر، ئەبولعەتاهیە، ڕەبیعی کوڕی ئەنەس، خالدی کوڕی مەعدان، عەتائی خوڕاسانی، عبدالرحمن ی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم)) إ.ە.

دە زانا ئەم ئایەتەیان بە ئایەتەکەی (الأعراف) ڕاڤە کردووە، کە لەناویاندا

عبدالرحمن ی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمە، ئەو پیاوەی فەرموودەی لاوازو مونکەرەکەی گێڕاوەتەوە لەسەر تەوەسولی ئادەم.

ئەم جۆرە تەفسیرە زیاتر ئەو فەرموودەیەی لاواز دەکات (کە باس لە تەوەسولی ئادەم دەکات)، لەهیچ ڕێگەیەکی صحیحو دروست بەڵکو لە هیچ ڕێگەیەکی لاوازیشەوە نەبیستراوە کە یەکێک لە هاوەڵانو تابعین ئەم وشانەی خوای گەورە فێری ئادەمی کردن بە تەوەسولی ئادەم بە پێغەمبەر محمدﷺ لێکیان دابێتەوە، مەگەر تەنها فەرموودەیەک باسی ئەوە بکات کە زۆر لاوازو هەڵبەستراو بێت، لەوانەشە چیرۆکی لێخۆشبوونی خوای گەورە لە تاوانی ئادەم بە تەوەسولکردنی بە پێغەمبەرﷺ مسوڵمانە نەخوێندەوارو کەم زانستەکان لە خاوەن کتێبە ئاسمانییەکانیان وەرگرتبێتو (قیاسیان کردبێتە سەر) عیسا پێغەمبەر ﷺ، ویستویانە گەورەییو شکۆداریەک بۆ پێغەمبەر ﷺ دابنێن بۆیە ئەوەی ویستیان بیڵێن وتیان.

شەهرستانی لە کتێبەکەیدا (الملل والنحل ٥٢٤/١) لە باسی بیرو باوەڕی گاورەکان دەڵێت: (یەکێکی تر لە بیرو باوەڕی گاورەکان ئەوەیە) کە دەڵێن: مەسیح پلەکەی زۆر لەمە زیاترە، چونکە ئەو تاکە کوڕە، هیچ هاوشێوەیەکی نییە، هەروەها قیاس ناکرێتە سەر هیچ یەکێک لە پێغەمبەران، مەسیح ئەو کەسەیە کە خوای گەورە بە هۆیەوە لە تاوانی ئادەم ﷺ خۆشبوو)) إ.ه.

ئەمە بۆچوونی گاورەکانە، ئەوانەی نەزانن لە مسوڵمانان پێشبڕکێیان لەگەڵ کردوون (بۆ بەدەستهێنانی).

لە لاپەڕە (٤٧) دا دوای هێنانی فەرموودەی: دوای ئەوەی ئادەم ﷺ تاوانەکەی ئەنجامدا ... هەروەها دوای ئەوەی باسی ئەوەی کرد کە ئیبن تەیمیە ئەم فەرموودەیەی کردووە بە بەڵگە لای خۆی دەڵێت: ((ئەمە بەڵگەیە لەسەر

ئـــەوەی ئەم فەرموودەیە لای ئیبن تەیمیە شایســـتەی ئەوەیە بکرێتە بەڵگەو جێگای ســـەرنجە، چونکە فەرمـــوودەی لاوازو ناپەســـند ناکرێتە بەڵگە لای فەرموودە ناسان)) هتد ..

من دەڵێم: بەڵکو شەیخولئیسلام ئەم فەرموودەیەی لە سەرەتای کتێبی (الرد علی البکری) باسکردووەو (بەلایەوە) فەرموودەیەکی هەڵبەستراوە، هەروەها پێی وایە ئەم فەرموودەیە زۆر لە چیرۆکەکانی بەنو ئیسرائیل دەچێت. (ئیبن تەیمیە لە لاپەڕە (٦) دا) دەڵێت:

ئەم فەرموودەو هاوشـــێوەکانی شایســـتەی ئەوە نین بکرێنە بەڵگەو پشتیان پێ ببەســـترێت لە چەسپاندنی حوکمێکی شـــەرعی کە پێشتر هیچ یەکێک لە زانایانو پێشـــەوایان فەتوایان لەسەری نەدابێت، هەروەها نابێت بەم جۆرە فەرموودانە جۆرە پەرستشێک بهێندرێتە کایەوە کە هیچ یەکێک لە هاوەڵانو شـــوێنکەوتووانیانو ئەوانـــەی بە دوای شـــوێنکەوتووانی هاوەڵاندا هاتوون کەسیان نەیان وتبێتو (بە پەرستشـــیان دانەنابێت) بەڵکو تەنها (ئەو کەسە ڕەواجی پێ دەدات) کـــە لە هەموو کەس نەزانترە بە ڕێگاو بنەماکانی حوکمە شـــەرعییەکان، هەروەها کەسانێک گرنگی بەم جۆرە فەرموودانە دەدەن کە لە هەموو کەس گومڕاترە لە بابەتە شەرعییەکان، ئەم فەرموودەیە هیچ کەسێک لە پیغەمبەرییەوەﷺ نەگێڕاوەتەوە نە بە سەنەدێکی صحیحو نە بە سەنەدێکی حەســـەن، بەڵکو لە ڕێگەیەکی وا لاوازیشەوە ڕیوایەت نەکراوە کە بتواندرێت پشتی پێ ببەستریتو بکرێتە مایەی دڵدانەوە بۆ ئەو کەسەی دەیکاتە بەڵگە. شەیخولئیســـلام لە زیاتر لە شـــوێنێک باســـیکردووە کە ئـــەم فەرموودەیە هەڵبەســـتراوە، بەڵام لەو شوێنەی نووسەر بەشێک لە قسەکانی وەرگرتووە

ئەوا ئیبن تەیمیە ئەم فەرموودەی لەو شوێنەدا باسکردووە کە تیایدا وڵامی ئەو کەسانەی دەدایەوە کە بیرو باوەڕی (وحدە الوجود)یان هەبوو، لەم شوێنەدا هەردووک فەرموودەکەی بە سەنەدەوە باسکردووە، هەر چەندە ئەو نەریتی وایە سەنەدی فەرموودە باسناکات، بەڵام لێرەدا باسیکردووە بۆ ئەوەی هەر کەسێک ئەم سەنەدی دوو فەرموودانەی بینی بزانێت حاڵیان چۆنە، نەریتی زانایان بەو شێوەیە بووە کە هەر کاتێک سەنەدی فەرموودەیەکی باسکرد ئەوا ئەرکەکەی خۆی بەجێگەیاندووە، بەڵام بۆ حوکم دان لەسەری کە ئایا هەڵبەستراوە یان نا ئەوا لە کاتێکدا دەبێت کە بیهەوێت وڵامی ئەو کەسانە بداتەوە کە دەیانهەوێت یەکێک لە دەقەکانی بکەنە بەڵگە بۆ خۆیان، هەر لەبەر ئەمەیە دەبینی ئەو زانایانەی بە لەبەرکاری فەرموودە ناسراون وەکو ئەبو نوعەیم، خەتیبو هاوشێوەکانیان، هەروەها بەیهەقی، جار جار ئەو فەرموودانە باسدەکەن کە هەڵبەستراون یان زۆر لاوازن بەشێوەیەک زانایان دەزانن ئاخۆ هەڵبەستراون یان نا، بەڵام پاساوی ئەوەیان بۆ دەهێندرێتەوە کە ئەوان فەرموودەکەیان بە سەنەدەوە باسکردووە، هەر کەسێکیش فەرموودەی بە سەنەدەوە باسکرد ئەوا نەنگیو ناتەواویو ناڕۆشناییەکانی دەرخستووە کاتێک نەنگ بێت یان نادیارو ناتەواو بێت، لە لاپەڕە (٥٠) دا دەڵێت: ((لەم فەرموودەیەدا ئەوە باسکراوە کە تەوەسول بە پێغەمبەرەوە ﷺ کراوە بەر لەوەی جیهان بە دروست بوونی بەڕێزو گەورە بێت، تەوەرەی دروستێتی تەوەسول ئەوەیە کە ئەو کەسەی تەوەسولی پێ دەکرێت دەبێت خاوەن ڕێزو شکۆمەندی بێت لای خوای پەروەردگاری، هەروەها مەرجیش نییە ئەو کەسەی تەوەسولی پێدەکرێت زیندوو بێت لە دونیا)). إ.ە.

دەڵێم: نووسەر بەس بەوەوە نەوەستا فەرموودەیەکی هەڵبەستراو بە صحیحو

دروســـت دابنێت، بەڵکو هات لەو حوکمەی لە فەرموودەکەدا هاتووە هۆکارو (علە)ەی لێ دەرهێنا، پاشـــان لە ڕێگەی قیاســـەوە عیللەکەی تێپەڕاندە سەر جگە لە شوێنی حوکمەکەو جگە لە کاتی حوکمەکە.

ڕوونکردنەوەی ئەمەش بەم شێوەیە دەبێت:

لە فەرموودەکەدا باسی ئەوە کراوە کە ئادەم ﷺ تەوەسوڵو تکای بە پێغەمبەر ﷺ کـــردووە بەر لە بوونی، واتە پێش ژیانی، کەواتە پێغەمبەر ﷺ ئەو کاتە ژیانی نەبووە، لێرەدا ئەم قسەیە هیچ مانایەکی نابێت کە بوترێت تەوەسولی پێ کراوە لە کاتێکدا ژیانی نەبووە؛ مەگەر لەگەڵ ئەمەشـــدا بوترێت دروستە تەوەسول لە کاتی بوونی ژیانو پێش ژیانو دوای ژیانیش. ئەمەیە بەرهەمی هەواو ئارەزوو قیاسکردنی ناتەندروست.

پاشـــان تەنها تایبەتکردنی پێغەمبەر ﷺ بە تەوەســـول و تکا هیچ مانایەکی نەما لای نووسەر، چونکە هات هەموو ئەوانەی لای خوا پلەو پایەی بەرزیان هەیە قیاسی کردنە سەر پێغەمبەرو ﷺ (پێی وایە ئەوانیش دروستە تەوەسولو تکایان پێ بکرێت) بە هۆی ئەوەی ئەوان لە پێغەمبەرایەتی یان دۆستایەتییان بۆ خوا یان ڕێزو حورمەتیان هەیە لای ئەو یەکســـانن، ئەم بۆچوونو بەڵگە هێنانەوەیە هەمان بەڵگەهێنانەوەی ئەو کەســـانەن کە گیرۆدە بوون بە گۆڕ پەرســـتیو جگە لە خوا دەیانپەرستن، ئەوانیش پارانەوە لە مردوویان وەکو پارانەوە لە زیندو هەژمار کردووە، پاشان دەمەتەقێیان لەسەر بیرو بۆچوونە کردووە، ئینجا کاتێک گومانیان برد کە بە لێ دروستە ئەمە بۆ پێغەمبەر ﷺ ئەنجامبدرێت وتیـــان: تایبەتکردنی پێغەمبەر ﷺ بە لێپارانەوەو تکا لێکردن یان هەر جۆرە پەرستنێکی تر هیچ مانایەکی نییە، بەڵکو دروستێتی ئەم کارە

جگـــە لە پێغەمبەریشﷺ دەگرێتەوەو دەکرێت بـــۆی ئەنجامبدرێت، بە هۆی ئەوەی ئەو کەســـەی پارانەوەی بـــۆ ئەنجامدەدرێت یان وەکو ئەو پێغەمبەرە یـــان پێغەمبەر نییەو بەڵام چۆن پێغەمبەرﷺ ڕێزی هەیە لای خوا ئەویش بە ئەندازەی خۆی ڕێزی هەیە (کاتێک وەلی بێت).

یان هەروەکو چۆن (نووســـەر) دەڵێت: ((ئەو هۆکارەی وا دەکات تەوەســـول دروســـت بێت ئەوەیە کە ئەو کەسەی تەوەســـولی پێ دەکرێت دەبێت خاوەن ڕێزو شـــکۆمەندی بێت لای خوای پەروەردگاری))، ئەمە دەســـتپێکێکە بۆ ئەو بابەتانەی کردوونی بە بنەما بۆ خۆیو لێرەدا باسینەکردوون.

سەیری ئەم جۆرە غیرەتو توانایە بکە لە بەرامبەر حوکمە شەرعییەکان؛ چۆن شـــتە هەڵبەستراوەکان بە صحیحو دروســـت دادەندرێنو قیاسێکی وا خراپو ناپەســـند دەکرێت کە هەرگیز هیچ کەسێک نەیکردووە لەوەتای پێغەمبەرﷺ ڕەوانەکراوە هەتا تەواو بوونی هەرســـێک سەدە ســـەدەی یەکەمیش تا ئەو ڕۆژەی قەرامیتـــە باتینییەکان بـــە دەرکەوتن لەگەڵ شـــوێنکەوتەکانیان لە (برایانی الصفا)، ئەوانیش دەســـتەیەکی دیارو ناســـراو بوون لە سەرەتای ســـەدەی چوارەمدا بە دەرکەوتن، ئەوانە ئەو کەســـانە بـــوون کە ئەو بیرو باوەڕەیان هێنایە کایەوە کە نووسەر کردوویەتی بە بنەمایەو ئامانجی خۆی، لە پێش نووسەریشـــدا چەندین کەســـی لاڕێ خاوەنی ئەم جۆرە بیرو باوەڕە بوون، ســـەیربکەو بزانە برایانی (الصفا) چییان وتووەو چۆن شـــەریعەتو بەرنامەیەکیان داهێناوە کە مســـوڵمانان نەیانناسیوەو ئاشنای نەبوونە لە هەر ســـێ ســـەدەی یەکەمی کۆچیدا، پاکو بێگەردی بۆ ئـــەو خوایەی کە کە دڵەکان دەگۆڕێت بۆ دوو دڵ.

لە نامیلکەی (٤٢)ی نامبلکەکانی برایانی (الصفا ٢١/٤) دا هاتووە کە دەڵێن:.

((بزانـــە ئەی برای من کـــە خەڵکانێک هەن لە خوا نزیـــک دەبنەوە بە هۆی پێغەمبەرەکانی، هەروەها بە هۆی پێشەواو دۆستانی خواو بەندە چاکەکانی خـــوا (لە خوا نزیک دەبنەوە)، یان بە فریشـــتە نزیکەکانی خواو بە گەورە دانانیـــانو شـــوێنکەوتنیانو وەک ئەوان بـــوون لە کـــردەوەو کارکردن بە ئامۆژگارییەکانیانو ڕۆیشتن لەسەر سوننەتەکانیان (لە خوا نزیک دەبنەوە)، بە ئەندازەی تواناو هەوڵو کۆششـــیان ئەم نزیک بوونەوەیە (بەدەست دێت). بەڵام ئەوانـــەی بە تەواوی خوا دەناســـن ئەوا هەرگیز بە مەبەســـتی نزیک بوونەوە جگە لە خوا پشـــت بە کەسی تر نابەستن، ئەمە پلەی ئەو کەسانەیە کە گەیشتوونەتە (عرفان)و ناسینی تەواوی خوا، ئەمانە دۆستانی خوان.

بەڵام ئەو کەســـەی لە ڕووی تێگەیشتنو ناسینی خوا کەمو کوڕی هەبێت ئەوا هیچ ڕێکایەکی نییە بۆ گەیشـــتن بە خوا تەنها لە ڕێگەی پێغەمبەرانی خواوە نەبێت، هەر کەسێک کەمو کوڕی هەبێت لە تێگەیشتنو ناسینی خوا ئەوا هیچ ڕێگەیەکی نییە بـــۆ لای خوا مەگەر لە ڕێگەی پێشـــەواکانەوە نەبێت (وەکو) جێنشینەکانو بەندە چاکەکانی خوا.

ئەگەر زانســـت و زانیاری بە (دۆستانی خوا) کەم بوو ئەوا هیچ ڕێگایەکی بۆ نییە تەنها ئەوە نەبێت کە دەبێت شوێنیان بکەوێتو کار بە ئامۆژگاریەکانیان بکاتو لەسەر سوننەتو ڕێو شوێنیان بێتو بچێتە مزگەوتەکانیانو ئامادەی ئەو شـــوێنانە بێت کە ئەوانی لێیەو لەو شوێنانەش بێت کە ئەوان پاڕانەوی تێـــدا ئەنجامدەدەنو نوێـــژو ڕۆژوو داوای لێخۆشـــبوونی لێدەکەن لە خوای گەورە، هەر وەها دەبێت داوای لێخۆشـــبوونو ڕەحمەت لە گۆڕەکانیانو ئەو بتانەش بکرێت کە لەســـەر شـــێوەو ئاکاری ئەوان دروســـتکراوە، بۆ ئەوەی

بیرەوەری بەڵگەکانیانو حاڵیان بکرێت لای ئەو بتانەی لەسەر شێوەی ئەوان دروستکراون، هەروەها هەر شتێکی تریش بکرێت کە هاوشێوەی ئەمە بێت بە مەبەستی نزیکبوونەوە لە خوای گەورە، پاشان بزانە هەر چۆنێک بێت ئەو کەسەی شتێک دەپەرستێتو دەیکاتە هۆکاری نزیکبوونەوە لە خوای گەورە ئەوا باشترە لەو کەسەی شتێک ناکاتە هۆکاری نزیکبوونەوە لە خوا بە هیچ شێوەیەک)). إ.ە، بەم شێوەیە برایانی (الصفا) کە باتینییەکانن شیرکو هاوبەشدانانیان بۆ خوا هێنایە ناو مسوڵمانان، ئەم بیرو باوەڕە لە ناو نەزانو نەفامەکان زۆر بڵاو بۆوە، لە ناویاندا وەکو ئەو ئاگرە گرێگرت کە لە درەختی وشک بەردەدرێت، بۆیە چەند دەستەیەک لە زانایان هەستان بە ئیدانە کردنو نەهێشتنی ئەم کارە، لە سەرەتای ئەم بیرو باوەڕەدا ئامانج و ڕێ و شوێن و مەبەستەکانی دیار نەبوونو ئاشکرا نەبوونن؛ چونکە مسوڵمانان ئەو کاتە ئاینی بت پەرستی لە ناویاندا نەبوو، پاشان ڕاستێتییەکەی بە دەرکەوتو پەردە لەسەری لاکەوت، بۆیە زانایان لە سەدەی چوارەم و پێنجەمدا زۆر دژی وەستان، لەو زانایانەی دژی ئەم بیرو باوەڕە وەستا ئیبن عقیلی حەنبەلی بوو، کە دەڵێت: ((دوای ئەوەی ئەرکە (شەرعییەکان) لەسەر شانی نەفام و گێژەکان قورس بوو؛ زوو وازیان لە ئەو یاسانە هێنا کە لە شەریعەتی ئیسلامدا (خوا بۆ مرۆڤەکانی) دانابوو، بەرەو پیری ئەو شتانە چوون کە خۆیان بۆ خۆیان دانابوو، لەبەر ئەوەی بە فەرمانی کەس نەچووبوونە ناوی بۆیە لەسەر شانیان سوکو ئاسان بوو، لەبەر ئەم شتانەی ئەوان دایان ناوەو هێناویانەتە بوون؛ ئەمانە لای من بێباوەڕنو کافرن، وەکو بە گەورە دانانی گۆڕەکانو قسەکردن لەگەڵ مردووانو داواکردنی پێویستی لێیان و نووسینی (ئەی گەورەکەم ئەم کارەو ئەم کارەم بۆ ئەنجام بدە)، هەروەها

هەڵواسینی پەڕۆو پاڵ بە درەختەکانەوە هەروەکو چۆن ئەوانەی لات و عزایان دەپەرست (ئەوانیش هەمان کار دەکەن).

ئەم شـــیرکە گەورەیە بنەماو هۆکارەکەی ئەو قیاســـە خراپە بوو کە خاوەنی کتێبی (المفاهیم) باســـی دەکات، دەرگای تەوەسولکردن بە خودی کەسەکان ئێمە نالێین شـــیرکە، بەڵکو ئەمە بیدعە و هۆکارێکە بۆ گەیشتن بەو شیرکە گەورەیە، هەر شـــتێکیش سەربکێشێت بۆ کوفرو شیرک ئەوا ڕێگە پێنەدراوەو پێویستە دەرگای لێبگیرێت و ڕێی لێبگیرێت بەشێوەیەک بگیرێت و قایم بکرێت کە هەرگیز جارێکی تر نەکرێتەوە، هەر کەســـێک تۆسقاڵێک خۆشەویستی بۆ ئەو ئیســـلامە هەبێت کە پێغەمبەرەکەی ﷺ پێی هاتووە ئەوا پێی ناخۆشەو دڵـــی پڕدەبێت لە قینـــەو تووڕە کاتێک ئەو شـــیرکەی ســـەردەمی جاهیلی بیهەوێت بگەڕێتەوە ناو مســـوڵمانان، ئەو شیرکەی کە لاچوو بە هۆی هاتنی خۆشەویستمان ﷺ .

نووســـەر لە لاپەڕە (٥١) بەشێکی هێناوە کە ناوی لێناوە: ((تەوەسولی یەهود بە پێغەمبەر ﷺ، هەروەها لەوێدا باســـیکردووە کـــە ئیبن عباس وتویەتی: یەهودەکانی خەیبەر شـــەڕیان بوو لە گەڵ (غطفان)، کاتێک بەیەک گەیشتن جولەکەکان شـــکان، یەهودەکان ئەم پاڕانەوەیان کردو وتیان: (ئەی خوایە) ئێمە داوا لە تۆ دەکەین بە ڕاستێتی ئەو پێغەمبەرە نەخوێندەوارەی کە بەڵێنت پێماندواوە لە کۆتایی دونیا بنێریت (داوا لە تۆ دەکەین) کە ســـەرمان بخەیت ...)) تفسیر القرطبی (٢/٢٦ – ٢٧) إ.ه.

دەڵێم: نووســـەر شتێکی زۆر سەرســـوڕهێنەرو ســـەیری ئەنجامداوە کاتێک بەڵگـــە بە کردەوەی جولەکەکان دەهێنێتەوەو (لە کتێبەکەیدا) هێناویەتی، لە

ڕوانگەی دروستێتیو نادروستی فەرموودەکە؛ نووسەر قسەی ئیبن عەبباسی باسکردووە بەبێ ئەوەی باسی ئەوە بکات کە ئاخۆ سەنەدەکەی دروستە یان نا، چونکە بە دەستی نەکەوتووەو نەیزانیوە کەس ئەم قسەیەی بە دروستو صحیح دانابێت، ئەم قسەیە حاکم لە کتێبەکەی (المستدرک ٢/٢٦٣) دا هێناویەتی، هەروەها بەیهەقی لە کتێبی (دلائل النبوة ٢/٧٦) دا باسیکردووە، لە ڕێگەی عبدالملک ی کوڕی هارونی کوڕی عەنتەرە کە لە باوکییەوە ئەویش لە باپیرییەوە لە سەعیدی کوڕی جوبەیری وەرگرتووەو ئەویش لە ابن عەبباسەوە گێڕاویەتییەوە.

حاکم دوای ئەوەی فەرموودەکەی هێناوە دەڵێت: ((زەرورەتو پێویستی وای کردووە کە ئەم قسەیە لە تەسیردا باسبکرێت هەر چەندە غەریبیشە)). إ.ە.، زەهەبی لە تەلخیصەکەیدا دەڵێت: ((هیچ زەرورەتو پێویستییەک لەمەدا نییە، عبدالملک کەسێکە وازی لێهێندراوەو تیاچووە))إ. ە.، سیوطی لە کتێبی (الدر المنثور) دا هێناویەتیو دەڵێت: سەنەدەکەی لاوازە، ئەمە لە کاتێکدایە کە سیوطی هەرگیز ناڵێت ئەم سەنەدە لاوازە مەگەر لە سەنەدەکەدا هیچ ڕێگە چارەیەک نەبێت بۆ ئەوەی سەنەدەکەی پێ بە صحیحو دروست دابندرێت.

هەروەها حاکم عبدالملک ی لە کتێبی (المدخل ١/١٧٠) دا باسکردووەو دەڵێت: ((ئەم پیاوە چەند فەرموودەیەکی هەڵبەستراوی لە باوکییەوە گێڕاوەتەوە)). ئەم (عبدالملک)ە یەحیای کوڕی مەعینو ئیبن حیبباندو جەوزەجانیو جگە لە ئەوانیش بە درۆزنیان داناوە، ئەم پیاوە ئەو کەسە بوو کە ئەو فەرموودەیەی هەڵبەستووە کە دەڵێت: ((چوار دەرگا لە دەرگاکانی بەهەشت کراوەن: ئەسکەندەرییە، عەسقەلان، قەزوین، عەبادان، گەورەیی جوددە بەسەر

ئەمانەدا وەکو گەورەیی مالّی خوایە بەسەر هەموو مالّەکاندا)).

ئەمە درۆیەکی دیارو ئاشکرایە، ئەو مسوڵمانانە ڕەواجی پێ دەدەن کە نەزانن، ئەوانەن کە هەرگیز بەرامبەر قسەکانی پێغەمبەر ﷺ هەستی بەرگری لێکردنیان نییە، ئەم خەڵکانە تامەزرۆی ئەو فەرموودانەن کە هەڵبەستراونو پشتەکەن لەو فەرموودانەی صحیحو دروستن.

شەیخولئیسلام لە کتێبی (التوسل والوسیلە ٢٩٩/١ – ٣٠٠ مجموع الفتاوی) دا دەڵێت: ((ئەم فەرموودەیەی خوا کە دەفەرموێت: ﴿ وَكَانُواْ مِن قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ﴾البقرة: ٨٩، (واتە:: جولەکەکان پێش هاتنی پێغەمبەری ئیسلام بە عەرەبە موشریکەکانیان دەوت نزیک بووە وادەی هاتنی پێغەمبەری کۆتایی زەمان، بۆیە هەر کاتێک هات ئیمە شوێنی دەکەوینو لەگەڵ ئێوەدا دەجەنگین). ئەم ئایەتە بە کۆڕای زانایانی تەفسیر سەبارەت بەو جولەکانە دابەزی کە یەکەمجار لە مەدینەدا نیشتەجێ بوون، وەکو بەنی قەینوقاعو قوڕەیزەو نەزیر، ئەمانە هاوپەیمانی ئەوسو خەزرەج بوون، ئەوانە ئەو جولەکانە بوون کە پێغەمبەر ﷺ کاتێک هاتە مەدینە پەیمانی لەگەڵدا بەستن پاشان دوای ئەوەی پەیمانەکەیان شکاند جەنگی لەگەڵدا کردن ... چۆن دەوترێت ئەم ئایەتە سەبارەت بە جولەکەکانی خەیبەرو غەتفان دابەزیوە؟ ئەم قسەی قسەی کەسێکی درۆزنی نەزانە کە نازانێت چۆن درۆ بکات.

ئەوەی نادڕاستی ئەم قسەیە دەردەخات ئەوەیە کە تێیدا باسکراوە: جولەکەکان سەرکەوتن بەسەر غەتفاندا کاتێک ئەم پاڕانەوەیان ئەنجامدا، ئەم قسەیە هیچ کەسێک نەی گێڕاوەتەوە جگە لەم درۆزنە)) إ.ە کاتێک ئەمە

ڕوون بۆوە ئەو ڕیوایەتەی کە صحیحو ڕاستەو بە دروستی هاتووە بریتییە لە فەرموودەیەی کە ئیبن جەریر (٢/٣٣چ.شاکر)، هەروەها ئەبو نەعیم لە الدلائل (١/لە سەرچاوەکەوە)، هەروەها بەیهەقی لە (الدلائل ٢/٧٥) گشتیان لە ڕێگەی ئیبن اسحاقەوە (کە لە سیرەکەیدا باسیکردووە ل٦٣ بە ڕیوایەتی یونسی کوڕی بەکیر) فەرموویەتی: هەواڵی پێدام عاصمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادەو فەرمووی: کۆمەڵێک شێخو مامۆستایانمان پێیان ڕاگەیاندمو فەرموویان: هیچ کەسێک لە عەرەبەکان بە ئەندازەی ئێمە شارەزاو ئاگادار تر نەبووە لە بارودۆخی پێغەمبەر ﷺ، ئێمە جولەکەکان لەگەڵماندا بوون، ئەوان خاوەن کتێب بوونو ئێمەش خاوەنی ئاینی بت پەرستی بووین، کاتێک لە ئێمەوە شتێکیان پێدەگەیشت کە پێیان ناخۆش بووایە دەیان گوت: ئێستا پێغەمبەرێک ڕەوانە دەکرێت، کاتی هاتنی زۆر نزیک بۆتەوە، ئێمە شوێنی دەکەوینو لەگەڵیدا ئێوە دەکوژین وەکو چۆن عادو ئیرەم بە کوشت چوون، کاتێک خوای گەورە پێغەمبەری ﷺ ڕەوانەکرد ئێمە شوێنی کەوتینو ئەوان بێباوەڕو کافر بوون پێی، سەبارەت بە ئێمەو ئەوان خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿ وَكَانُواْ مِن قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ﴾البقرة: ٨٩ .

ئەم سەنەدە سەنەدێکی گەورەو شکۆدارە، شێخو مامۆستاکانی ئەوان ئەو هاوەڵانە بوون کە ئاگاداری بارودۆخەکە بوونو پێیان زانیوە، چەندە جوانو شایستەیە ئەمە، لە ڕاستیدا چەندین هەواڵو زانیاری لەم بارەوەو نزیک لەم مانایە لە ئیبن عەبباسو جگەلە ئەویش باسکراون، بەڵام من باسمنەکرد بەڵکو تەنها ئەم هەواڵە صحیحو دروستەم پێ بەس بوو، هەروەها تاوەکو باسکردنی ئو هەموو هەواڵانەی تر نەبێتە مایەی بێتاقەتکردنو وەڕەزکردن. خوایە (ڕاستییەکان) بخەیتە ناو دڵەکانو (مرۆڤەکان) فێربکە.

نووسەر لە لاپەڕە (٥٢) دا دەڵێت: ((فەرموودەکەی عوسمانی کوڕی حەنیف خوا لێی ڕازی بێت کە باس لە تەوەسولی کوێرەکە دەکات بە پاڕانەوەی پێغەمبەر ﷺ لە کاتی ژیانیدا)).

من دەڵێم: ئەم فەرموودەیە پێشەوا ئەحمەد لە (مسند ١٣٨/٤) دا گێڕاویەتییەوە، هەروەها هەر یەکە لە ترمذی لە کتێبەکەیدا (الجامع ٥٦٩/٥)، نەسائی لە کتێبی (عمل اليوم والليلة ٤١٧ – ٤١٨)، ئیبن ماجە لە (سونەنەکەیدا ١٣٨٥)، تەبەڕانی لە (المعجم الكبير ١٩/٩)، حاکم لە (المستدرک ٣١٣/١)و جگە لە ئەمانیش گێڕاویانەتەوە.

ئەحمەد فەرموویەتی: عوسمانی کوڕی عومەر پێی ڕاگەیاندین، وتی: شوعبە لە ئەبو جەعفەرەوە گێڕاویەتییەوە کە وتویەتی: گوێم لە عومارەی کوڕی خوزەیمە بووە کە لە عوسمانی کوڕی حەنیفەوە هەمان ئەم فەرموودەیەی دەگێڕایەوە، پاشان ئەحمد ڕیوایەتێکی تر دەهێنێتەو دەڵێت: ڕەوح پێی ڕاگەیاندینو وتی: شوعبە لە ئەبو جەعفەری مەدینییەوە ئەم فەرموودەیەی گێڕاوەتەوە.

پاشان جارێکی تریش ئەحمەد گێڕاویەتییەوەو دەڵێت: موئەممیل پێی ڕاگەیاندین، وتی: حەمماد واتە: ئیبن سەلەمە پێی ڕاگەیاندین، فەرمووی: ئەبو جەعفەری خەتمی هەمان ئەم فەرموودەیەی باسکردووە.

نەسائی لە (عمل اليوم والليله) دا دەڵێت: هیشامی دستوائیو ڕوحی کوڕی قاسم پێچەوانەی هەردووکانی کردووەو وتویانە: لە ئەبی جەعفەرەوە کە عومەیری کوڕی یەزیدی کوڕی خراشەیە، لە ئەبو ئومامەی کوڕی سەهل لە عوسمانی کوڕی حەنیف (وەرگیراوە).

ئـــەم جیاوازییە عیلمو نەخۆشـــییەکە کـــە زۆر جار لەوانەیـــە هەندێک لە فەرموودەناســـان فەرموودەکـــەی پـــێ ڕەت بکەنەوە، ئەم جێگایە شـــوێنی هەڵوێستە لەســـەر کردنە، سەنەدی شوعبەو حەمماد حەسەنەو هیچ کێشەی نییـــە، ئەبو جەعفەری بریتییە لە خوتەمی مەدەنـــی، حافز (ئیبن حجر) لە (التقریب) دا دەفەرموێت: (صدوق) واتە: ڕاستگۆیە.

دەســـتەیەک لە زانایان پێیان وایـــە ئەم فەرموودەیـــە لاوازە، چونکە ئەبو جەعفەر قســـەی لەسەرە، هەندێکی تر ســـەنەدەکەیان بە لاواز داناوە چونکە ڕوون نەبۆتـــەوە کە ئەبو جەعفەر ئایا خوتەمییە یان نا، ئەوان پشـــتیان بە قسەکەی ترمذی بەستووە کە ڕەتی دەکاتەوە ئەبو جەعفەر خوتەمی بێت.

لەگەڵ ئەوەشـــدا ئـــەم فەرموودەیە هیـــچ بەڵگەیەکی تێدانییە لەســـەر ئەو ڕۆڤاگەندەیـــەی بە دروســـتدانەرانی تەوەســـول بە خودی کەســـەکانو ... بانگەشـــەی بۆلا دەکـــەن، ئەم فەرموودەیە لەســـەر بنەماکانی شـــەریعەت ڕۆیشتووە ســـەبارەت بە تەوەســـول، ئەویش بریتییە لە تەوەسولکردن بە پاڕانەوەی پێغەمبەر ﷺ لە کاتی ژیانیدا، ئەمە مانای شـــەفاعەتە، چەمکی فەرموودەکە بریتییە لە تەوەسولکردن بە پاڕانەوەی پێغەمبەرو ﷺ ڕووکردنە خـــوا بە پاڕانـــەوەی پێغەمبەر ﷺ لە کاتی ژیانیدا، ئەم ڕاســـتییە لە چەند شوێنێکی تردا چەسپاوە جگە لەم فەرموودەیە، ئەم شێوازی تەوەسولە ئەهلی ســـوننەتو جەماعەت بە ڕەوایان داناوە، ئەمە جێگای مشـــتومڕ نییە، هیچ کێشـــەیەک لە مانای فەرموودەکەدا نییە، هەر کەسێک گومانی وابێت کە ئەم فەرموودەیە بەڵگەی تەوەسولکردنی بە خودی کەسەکان تێدایە ئەوا پرسیاری لێدەکرێت، ئایا چۆن ئەم جۆرە تەوەســـولە شـــاراوە بـــووە لەو هاوەڵانەی کوێر بوونەو چاوەکانیان لەدەســـتداوە (بۆچی) لەسەر دەمی پێغەمبەرو ﷺ

دوای وەفاتکردنیشی ئەم جۆرە تەوەسوڵەیان بەکار نەهێناوە، هەر وەها لە دوای ئەوانیش کەس ئەم کارەی نەکردووە، (شتێکی بەڵگە نەویستە) کە هەموو خەڵک سوڕن لەسەر ئەوەی پارێزگاری لەئەندامەکانی لاشەو هەستەوەرەکانیان بکەن، لە ڕێگەی ئەم ئیلزامکردنەوە دەزاندرێت کە ئەم فەرموودەیە تەنها تەوەسول بە پاڕانەوەی پێغەمبەری ﷺ تێدایە نەک تەوەسول بە خودی خۆی، تەوەسولکردن بە پاڕانەوەی پێغەمبەرﷺ شتێکی بەڵگەنەویستەو (زانایان) کۆڕان لەسەری، کەواتە ئەم فەرموودەیە تایبەت دەبێت بەم کوێرەو یەکێکە لە موعجیزەکانی پێغەمبەر ﷺ، سوپاس بۆ ئەو خوایە کەسەکان ڕێنمایی دەکات بۆلای هەموو کارە باشەکان.

پاشان نووسەر دەڵێت: ((ئەم جۆرە تەوەسولە تایبەت نییە بە ژیانی پێغەمبەرﷺ، بەڵکو هاوەڵان ئەم شێوازەی تەوەسولیان بەکارهێناوە تەنانەت دوای مردنی پێغەمبەریشﷺ))، (نووسەر) بەڵگەی بۆ ئەم قسەیەی هێناوەتەوەو (ئەم چیرۆکەی کردووە بە بەڵگە) کە ((پیاوێک ئیشێکی بە عوسمانی کوڕی حەنیف بوو ئەویش فێریکرد بڵێت: خوایە من ڕوو دەکەمو ڕوو دەکەمە تۆ بە هۆی پێغەمبەرمان ﷺ، ئەو پێغەمبەرەی کە پێغەمبەری ڕەحمەتو سۆزو میهرەبانییە، ئەی محمد من بە هۆی تۆوە ڕوو دەکەمە پەروەردگارت تاکو پێویستییەکەم بەجێ بهێنێت، پاشان جۆری پێویستییەکەت دەڵێیت)). کابرا وایکردو عوسمانیش پێویستییەکەی بۆ دابینکرد، ئەمە پوختەی ئەو ڕیوایەتە بوو کە تەبەرانی گێڕاویەتییەوە، دەڵێت: ((ئەم چیرۆکە حافز تەبەرانیو ئەبو عبدالله ی مەقدسی بە صحیحو دروستیان داناوە)).

دەڵێم: لێرەوە خاوەنی کتێبی (مفاهیم) دەستیکردبە شاردنەوەی ڕاستییەکانو

پۆشینی دەقە دروستەکانو، هەروەها دەستیکرد بە ڕازاندنەوەی قسەکانی بۆ ئەو کەسانەی شوێن وتەکانی ناکەون.

وتی: ئەم چیرۆکە حافز تەبەرانی بە صحیحو دروستی داناوە ...

هەرگیز تەبەرانی ئەم چیرۆکەی بە صحیحو دروست دانەناوە بەڵکو ئەمە لەو دووڕە، ئەگەر هاتبایە بە ئەمانەتەوە قسەکەی تەبەرانیت هێنابایە ئەوا ڕاستییەکانت لەبەرچاوی خوێنەر نەدەگۆڕین، چونکە سیقەو متمانەبوون بەو کەسانەی بانگەشەی زانستو زانیاری دەکەن چاوی زۆرێک لەو خەڵکانە کوێردەکات کە بە دوای ڕاستیو دروستی ئەو وتانەدا بگەڕێن کە ئەو کەسە بۆیان دەهێنێتو باسیان دەکات، ناپەڕژێنە سەر ئەوەی بزانن ڕاستگۆیە یان نا، ئایا هیچی گۆڕیوە یان ئەوەتا دەیهەوێت ئەو متمانەیەی هەیەتی لە ناو خەڵکدا استغلالی بکات بۆ ڕەواجدانو بڵاوکردنەوەی شتی ناڕەوا.

تەبەرانی لە (الصغیر ١/١٨٤) دا دەڵێت: ((لە ڕوحی کوڕی قاسمەوە کەس نەیگێڕاوەتەوە جگە لە شەبیبی کوڕی سەعید ئەبو سەعیدی مەکی – ئەم کەسە متمانە پێکراوە – ئەو کەسە ئەو کەسەیە کە کوڕەکەی فەرموودەی لێوە دەگێڕێتەوە[٩] کە ناوی (ئەحمەدی کوڕی شەبیب)ە، ئەویش لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە کە لە یونوسی کوڕی یەزیدی ئیلییەوە دەگێڕێتەوە.

ئەم فەرموودەیە لە لایەن شوعبەوە گێڕدراوەتەوە کە ئەویش لە ئەبو جەعفەری (الخطمی) وەریگرتووە کە ناوی عومەیری کوڕی یەزیدە – ئەویش متمانە پێکراوە – تەنها عوسمانی کوڕی فارس لە شوعبەوە گێڕاویەتییەوە، فەرموودەکە صحیحو دروستە)). إ.ە.

---

٩) چاپی المعجم الصغیر لەم ڕستەیەدا گۆڕاوە، ئەوەی ڕاستە لە (مجمع البحرین) دا باسکراوە کە هی هەیسەمییە (١/١٠١/١) نوسخەی سێیەمی ئەحمەد لە تورکیا.

لەم قسانەوە دەردەکەوێت کە تەبەڕانی تەنها فەرموودەکەی پێغەمبەری ﷺ بە صحیحو دروست داناوە، بەڵام باسی چیرۆکەکەی نەکردووە ئاخۆ دروستە یان نا، بەڵکو وتی ((ئەم چیرۆکەی نەگێڕاوەتەوە .... هتد)، کە ئەمەش نیشانەی لاوازی چیرۆکەکە دەردەخات لای ئەو، ئەمەیان ڕاستییەکەیە.

ڕوونکردنەوەی ئەمەش بەوە دەبێت کە ئەم چیرۆکە تەبەڕانی لە (الصغیرو الکبیر ١٧/٩ – ١٨) باسیکردووە. لە ڕێگەی شەیخەکەی تاهیری کوڕی عیسای کوڕی قیرسی میسڕی تەمیمی، ئەصبغ ی کوڕی فەرەج هەوالّی پێدام، وتی عبدالله ی کوڕی وەهب لە شەببی کوڕس سەعدی مەککیەوە هەوالّی پێدام، ئەویش لە ڕوحی کوڕی قاسمەوە گێڕاویەتییەوە، ئەویش لە جەعفەری خوتەمیی مەدەنییەوە گێڕاویەتییەوە.

ناتەواوی ئەم سەنەدە لەوەدایە کە عبدالله ی کوڕی وەهب لە شەببی کوڕی سەعد گێڕاویەتییەوە کە ئەویش مونکەرە (جۆرێکە لە لاوازی) لای فەرموودەناسان، من هیچ جیاوازییەکم لەوان نەبیستووە لەسەر (لاوازی ئەم سەنەدە)، ئیبن عەدی لە (الکامل فی الضعفاء ١٣٤٧/٤) دا دەڵێت: ((ئیبن وەهب لەم پیاوەوە چەندین فەرموودە دەگێڕێتەوە کە گشتیان (منکر)ن (منکر: جۆرێکەلە لاوازی فەرموودە ئەوەیە کەسێکی لاواز فەرموودەیەک باسبکات پێچەوانەی فەرموودەیەکی تری صحیحو دروست بێت) ، پاشان دەڵێت: ((لەوانەیە شەبیب لە میسڕ بووبێت ئەو کاتەی کە بازرگانی دەکردو دەچۆ بۆ ئەوێ بۆ ئەم مەبەستە، هەروەها ئیبن وەهب لە ئەوەوە نووسیویەتی کاتێک بێ لەبەر بۆی وتووەو ئەویش هەڵەی کردووە توشی گومان بووە (لەکاتی باسکردنی چیرۆکەکە)، ئومێدم وایە شەبیب بە ئەنقەست ئەم درۆیەی نەوتبێت)، ئەم چیرۆکە تەنها ئەم سەنەدەی هەیە، دەقی چیرۆکەکەش (منکر)

ە هیچ خێرێکیش لە (منکر) دا نییە.

پاشان ئەوەی زیاتر(منکر)ی ئەم فەرموودەیە دەردەخات ئەوەیە کە فەرموودەکە حاکم (٥٢٦/١ – ٥٢٧)و ئیبن سوننی لە (عمل الیوم واللیلە ل١٧٠ چ هیندی) لە رێگەی ئەحمەدی کوڕی شەبیبی کوڕی سەعید گێڕاویەتییەوە کە دەڵێت: باوکم لە ڕوحی کوڕی قاسمەوە هەواڵی پێدام، ئەویش لە ئەبو جەعفەری مەدەنییەوە وەریگرتووە کە پێی دەوترێت (الخطمی) ئەویش لە ئەبو ئومامەی کوڕی سەهلی کوڕی حەنیفەوە لە مامیەوە کە عوسمانی کوڕی حەنیفە گێڕاویەتییەوە کە وتوویەتی: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو کاتێک پیاوێک هاتە لای، ئەمجا فەرموودەکەی باسکرد بەبێ چیرۆکەکە.

ئەم ریوایەتە صحیح ترو دروستترە، چونکە ئەمە لە ڕیوایەتی ئەحمەدی کوڕی شەبیبە کە لە باوکییەوە دەیگێڕێتەوە، حافز لە تەقریبدا لە ناو ژیاننامەی شەبیبدا دەڵێت: ((ئەم کەسە هیچ کێشەیەک لە فەرموودەکانیدا نییە لە کاتێکا کە کوڕەکەی لێی دەگێڕێتەوە کە ناوی ئەحمەدە، نەک ئەو فەرموودانەی لە لە ئیبن وەهبەوە دەیانگێڕێتەوە)).إ.ە.

ئەحمەدی کوڕی شەبیب راوییەکی تایبەتکراوە بە باوکی، ئەم پیاوە لە باوکییەوە ئەم چیرۆکەی باسنەکردووە، کوڕەکەی لە هەمان ئەو ڕێگایەوە فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە کە ئیبن وەهب لێوەی گێڕاوەتەوە لە شەبیب، تەنها گێڕانەوەی ئیبن وەهب بەڵگەیە لەسەر ئەوەی (منکر)ە، هەروەها پێشەوانەبوونی ریوایەتی ئیبن وەهب لە شەبیبەوە – لە کاتێکدا مونکەرە – لەگەڵ ڕیوایەتی ئەحمەدی کوڕی شەبیب کە لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە بەڵگەیە لەسەر زیادبوونی (منکر)ی چیرۆکەکەو خراپییەکەی، هەروەها گومان دەکرێت کە ئەمە درۆو هەڵبەستراو بێت.

پاش ئەم ڕوونکردنەوەیە کەواتـــە ئەم چیرۆکە یان درۆیە یان (منکر)ە لەبەر ئەو زانیارییانەی خســـتماننە ڕوو ، ئەمە بەڵگەیەکی ڕوونو ئاشـــکراو دیارە بۆ ئەو کەسانەی خوای گەورە چاوڕۆشنی پێدابن ، هەر کەسێکیش خوا لاڕێی بکات ئەوا هیچ کەسێک ناتوانێت بیگەڕێنێتەوە سەر ڕێگای هیدایەتو ڕێنمایی. ئەوەی جێگای سەرســـوڕمانە ئەوەیە کە خاوەنـــی کتێبی (مفاهیم) ئەوەندەی خۆشەویستی هەیە بۆ فەرموودە (منکر)و لاوازەکان ئەوەندە حەزو ئارەزووی بەلای ئەو فەرموودانەدا نییە کە بە دروستی لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕدراونەتەوە ، کە دەبوایە ئەم پیاوە هەوڵی لادانی ئەو درۆیانە بدات کە بە دەم پێغەمبەرەوە ﷺ هەڵبەستراون ، نەک بڵاوکردنەوەو ڕەواج پێدانیان.

هەروەها لە ســـەنەدەکەدا شەیخێکی تەبەڕانی تێدایە کە ناوی تاهیری کوڕی عیسایە ، ئەم کەسە نادیارەو بە کەسێکی متمانە پێکراو نەناسراوە ، زەهەبی باســـیکردووە بەڵام نەی وتووە خرپە یان باشە ، کەواتە ئەمە (مجهول الحال)ە ، وێنەی ئەم جۆرە کەسانە دروستنییە پشت بە فەرموودەکانییان ببەستڕێت بەتایبەت کاتێک پێچەوانە بوون لەگەڵ دەقەکانی قورئانو ســـوننەتدا ، ئەمە قسەی شێخ (ســـولەیمانی کوڕی عبدالله) یە لە کتێی (تیسیر العزیز الحمید ل٢١٢ – چ یەکەم) دا وتویەتی.

نووسەر لە ل ٥٤ دا دەڵێت: عوسمانی کوڕی حەنیف ((زانیویەتی ئەو کەسەی کە خەلیفە دواکەوتووە لە جێبەجێکردنی پێویستییەکانی دوعاو پاڕانەوەیەک دەکات کە تیایدا: تەوەسول بە پێغەمبەر ﷺ دەکاتو هاواری دەکاتێ ، هەروەها داوای پەنادانی لێدەکات دوا مردنی ﷺ)) إ.ە.

من دەڵێم: ئەمە بەردی سێیەمیانە (ئەمە لای عەرەب نیشانەی بەڵاو موسیبەتە) ،

ئەم قسەیە پشت شکێنە، ئەمە ئەو تەوەسولە هەڵبەستراوەی لەبیر بردینەوە کە لە پێشەوە باسکرا، کەواتە بابەتەکە بریتییە لە داواکردن لە مردووانو داوای پەنادان لێیان، گومانم نەدەبرد کە خاوەنی کتێبی (المفاهیم) بگاتە ئەو ئاستەی شوێنکەوتنی هەوەسو ئارەزوو تاکو جێ دەستیم نەبینیو قسەی سەر زوبانیم نەبیست، (لا حول ولا قوه إلا بالله)، ئەی خوای وەرگێڕی دڵەکان دڵمان جێگیر بکە لەسەر گوێڕایەڵی خۆت.

ئەم قسەیە ناپەسندەو خراپەو دژی ئاینی ئیسلامەو هاوپێکە لەگەڵ ئەو بیروباوەڕەی خەڵکی سەردەمی نەفامی لەسەری بوون کە بریتی بوو لە داوای یارمەتیکردن لە پێغەمبەرانو پیاچاوچاکانو هاوارکردنیان بۆ لادانی ناڕەحەتیو بەڵاو موسیبەتەکان، ئایا ئەمانە قورئان ناخوێنندەوە، ئایا گوێبیستی قسەی زانایانی پێشوو نەبوون لە پیاوچاکان.

ئایا ئەم ئایەتەی خوایان نەخوێندۆتەوە کەدەفەرموێت: : ﴿ قُلِ ٱدْعُواْ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِهِۦ فَلَا يَمْلِكُونَ كَشْفَ ٱلضُّرِّ عَنكُمْ وَلَا تَحْوِيلًا ﴿٥٦﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓ ۚ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ كَانَ مَحْذُورًا ﴿٥٧﴾ ﴾الإسراء: ٥٦ – ٥٧ .

واتە: ئەی پێغەمبەر بەو موشریکو هاوبەش بڕیاردەرانە بڵێ: داوا لەو پەرستراوانەتان بکەن کە گومانتان وایە (جگە لە خوا سود یان زەرەرتان پێدەگەیەنن) ئەمانە هەرگیز ناتوانن زەرەرتان لەسەر هەڵبگرنو ناشتوانن لای بدەن، ئەو پیاوچاکو پێغەمبەرانەی موشریکو هاوبەش پەیداکەران داوایان لێدەکردن هەوڵیان دەداو پێشبڕکێیان دەکرد بۆ ئەوەی لە خوا نزیکببنەوەو ئومێدی ڕەحمەتو سۆزو میهرەبانیو لێخۆشبوونی خوایان هەبوو، هەروەها دەترسان لە سزای خوای گەورە، بەڕاستی سزای خوا شایستەی ئەوەیە

بەندەکان لێی بترسن.

لەم ئایەتەدا بە گشتی قەدەغەکراوەو حەرامکراوە پارانەوە بۆ هیچ کەسێک ئەنجامبدرێت جگە لە خوای گەورە، پەری بێت یان مرۆڤ، وشەی (الذین) لە ئایەتەکەدا (إسم موصول)ە، ئیسمە مەوصولەکان یەکێکن لەو وشانەی مانای گشتییان تێدایە لای زانایانی أصولو نەحو، ئەمە یاسایەکی چەسپاوە لە ناو ئەم دوو زانستەدا، وشەی (الذین) هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە جگە لە خوا داوایان لێدەکرێت بۆ لادانی ناڕەحەتیو ناخۆشی، ئەمە هەموو پێغەمبەرانو پیاوچاکانو جگە لەمانیش لە فریشتەو پەرییەکانیش دەگرێتەوە، پارانەوە لەمانە دروستنییە، (چونکە) ئەمە ئاینی سەردەمی نەفامی بووەو بیرو باوەڕی موشریکەکان بووە، شێوەکانی ئەم جۆرە داوالێکردنە زۆرە؛ لەوانە هاوارکردنە مردوانی پێغەمبەرانو جگە لە ئەمانیش هەروەکو لە مانای دیاری ئایەتەکە وا دەردەکەوێت، یەکێکی تر لە جۆرەکانی داواکردنی نادروست وەکو داواکردنی پەنادان (لە جگە لە خوا)، پێغەمبەرانو پیاوچاکان دوای مردنیان نەسودو نە قازانجیان تەنانەت بۆ خودی خۆشیان بەدەست نییە؛ ئەی چۆن دەتوانن ئەوە بۆ جگە لە خۆیان بکەن، ئەم ئایەتە ئاینو بەرنامەی موشریکو هاوبەش بڕیاردەران نیشان دەدات، دەی کەواتە بۆ ئەمانە دەگەڕێنەوە سەر ئاینی ئەوان. چی وای لە ئەوان کردووە واز بهێنن لە ئاینی تەواوی پێغەمبەرانو ڕازی بن بە ئاینی خراپو ناپەسندی سەردەمی نەفامی، شێخ عبدالرحمن ی کوڕی حەسەن ل ٢٤ لە میانەی ولاّمدانەوەکەی بۆ ئیبن جەرجیس دەڵێت: ((خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَخۡلُقُونَ شَيۡـٔٗا وَهُمۡ يُخۡلَقُونَ ٢٠ أَمۡوَٰتٌ غَيۡرُ أَحۡيَآءٖۖ وَمَا يَشۡعُرُونَ أَيَّانَ يُبۡعَثُونَ ٢١ ﴾ النحل: ٢٠ – ٢١، واتە: ئەو پەرستراوانەی کە هاوبەش بڕیاردەران دەیانپەرستن هیچ

شتێکیان دروستنەکردووە (بەڵکو) خۆیان دروستکراون، ئەمانە مردوونو زیندوو نینە هەروەها هەست بەو ڕۆژە ناکەن کە خوای گەورە خەڵکی تێدا زیندوو دەکاتەوەو نازانن کەیە کاتەکەی.

ئەم ئایەتە دەربارەی بتەکان نەهاتووە؛ هەروەکو ئەوانەی لێی وردنابنەوە وا گومان دەبەن، چونکە (الذین) بەکار نایەت تەنها بۆ ئەو شتانە نەبێت کە ژیرنو عاقڵن، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو بتانەی کە لە دارو بەرد دروستکراون مردنیان بەسەردا نایەت، چونکە ئەوان نەژیاون تاکو بمرن، هەروەها ئەمان وەکو مرۆڤەکان زیندو ناکرێنەوە تاکو پاداشت یان سزا بدرێن لەسەر ئەو کارانەی کردوویانە، هەروەها هەست بە زیندوو بوونەوەش ناکەنو ناچێتە عەقڵەوە ئەوان هەستی زیندووبوونەوەیان هەبێت تاکو خوای گەورە بفەرموویێت ئەمانە هەست بە کاتی زیندوو بوونەوە ناکەن، ئەمە لە کاتێکدایە خوای گەورە فەرموویەتی: (ئەوانەی ئەمان دەیپەرستن) هەرگیز ئاگاداری کاتی زیندوبوونەوە نینو هەستی پێناکەن، ئەم ئایەتە بۆ کەسێکە بمرێتو زیندوو بکرێتەوە، هەروەکو ئەم مانایە شاراوە نییە بۆ ئەو کەسەی لە ئایەتەکە وردبێتەوە، هەروەها وردبێتەوە لە فەرموودەی خوا کە فەرموویەتی: ئەمانە نازانن کاتی زیندوبوونەوە کەیە؛ ئەمە تەنها بۆ کەسێک بەکاردێت کە ژیر بێت، هەرچەندە ئەمە شاراوە نییە لە لای ئەو کەسەی شارەزایی هەبێت بە زمانی عەرەبی، سوپاس بۆ خوا لەسەر ڕوونکردنەوەی بەڵگەکانو بەدیارخستنی ڕێبازی ڕاستو دروست)).

دەگەڕێینەوە سەر ئەو بەڵگە هێنانەوە نا دروستە بە قسەی ئەو کەسەی تووشی ناڕەحەتی هاتبوو دوای مردنی پێغەمبەر ﷺ وتوویەتی: ((ئەی محمد من بە هۆی تۆوە ڕوو دەکەمە پەروەردگارم))، ئایا چ بەڵگەیەک لەمەدایە

دوای زانینی ناپەسـندی فەرموودەکـەو لاوازییەکەی، ئایـا دەکرێت بەڵگە بە فەرموودەی خراپو لاواز بهێندربێتەوە، ئەمە شـتێکی زۆر سـەیرەو زۆر نامۆیەو بەڵگەهێنانەوەیەکی گوماناوییە، بۆیە لە دەمەتەقێ لەگەڵ ئەمانەدا تەنازولێک بۆ مانی ئەم گوتەیە دەکەمو دەڵێم:

یەکەم: ئایا قسەی تۆو مسوڵمانان لە کاتی تەحیاتدا کاتێک دەوترێت: سەلامی خـوات لێبێت ئەی پێغەمبەری خـوا ﷺ ... دەبێتە بانگردن بۆ پێغەمبەر ﷺ دوای مردنی، ئایا مسـوڵمانان لە هەموو نوێژەکانیاندا بانگی پێغەمبەر ﷺ دەکەن، یان ئەوەتا ئەو بانگردنەی لێرەدا باسـکراوە بۆ هەستکردن بە پلەو پایەی پێغەمبـەرە ﷺ تاکو ئەم ببێتە مایەی زیاتـر جێگیرکردنی ئەو پلەو پایە لە دڵەکاندا، چونکە واجبەو پێویسـتە بە گەورە سـەیربکرێتو ڕێزی لێبگیرێتو سـەربخرێت، هیچ یەکێک لە زانا ڕێنماییکراوەکان بەڵگەیان بە تەحیات نەهێناوەتەوە لە سەر بانگەشەی بانگردنو هاوارکردنە پێغەمبەر ﷺ دوای مردنی، ئەمە ئیجماعی لەسەرەو هیچ جیاوازی تێدا نییە.

ئـەم فەرموودەیە – هەر چەندە زۆر لاوازو (منکر)ە – لەم شـێوازەیە، ئەمە تەنها بۆ ئامادەبوونی ئەو مانایانەیە کە باسمانکردن لە قسەی نوێژخوێن لە کاتی تەحیات خوێندندا، ئەمە (التفات)ی پێدەوترێت، (التفات)یش خواسـتی تایبەتی خۆی هەیە لە ناو زانسـتەکانی مەعانـیو بەیاندا، من ئەمە وەکو (تنزل)ێکی جەدەلی دەڵێم، ئەگەر نا ئەمە هەرگیز ناشێت هەر لە سەرەتاوە، ئەوەی کە گونجاوەو شیاوە هەر ئەوەیە کە تۆزێک لەمەوپێش باسمان لێوەی کرد.

دووەم: ئـەوەی کە لـەم فەرمـوودە لاوازو (منکر)ەدا باسـکراوە ئەوەیە کە کەسـەکە بە پێغەمبەر ﷺ ڕوویکردۆتە خوا لە کاتـی پارانەوەدا، ئایا ئەمە

لـــە کوێی پاڕانەوە لـــە مردووانە، ڕووکردنە خوا بە ناوی دروســـتکراوەکان بریتییـــە لە داواکردن لـــە خوا بە هۆیانەوە نەک داواکـــردن لە مردووەکان، هەموو کەســـێک جیـــاوازی دەکات لە نێوان داواکردن لە کەســـێکو داواکردن بـــە هۆی کەســـێک، چونکە لە کاتی پاڕانـــەوەو داواکردن لـــە خوا بە هۆی کەســـێک کەســـەکە پاڕانەوەکەی بە پاکی بۆ خوا ئەنجامداوە تەنها ئەوەندە هەیـــە کە ڕووی لـــە خوا کردووە بە هۆی خودی ئەم کەســـە، بەڵام لە کاتی داواکردنی ڕاســـتەوخۆ لەکەسێک لە شتێکدا کە تەنها لە توانای خوادایە ئەوا کردوویەتی بە شـــەریکو هاوەڵی خوای گەورە لە پەرستشی پاڕانەوەدا، لە فەرموودەکەی کوێرەکەو ئیبن حەنیف هیچ شتێکی تر بەدی ناکرێت جگە لە بە پاکـــی ئەنجامدانی پاڕانەوە بۆ خوای گەورە هەروەکو ئەمە بە ڕوونی دیارەو بە ڕاشکاوی باســـکراوە، تەنها ئەوەندە نەبێت کە قسەی ئەو کاتێک دەڵێت: ئەی محمد من بە هۆی تۆوە ڕوو دەکەمەخوا، ئەمە دواندنی مردووی تێدا نییە لە شتێکدا کە لە توانای ویدا نەبێت، بەڵکو ئەمە دواندنی مردووە لە کاتێکدا لە هۆشـــی خۆیدا پلەو پایەکەی دەزانێتو هەســـتی پێدەکات، هەروەکو چۆن نوێژخوێن لە نوێژدا دەڵێت: الســـلام علیک أیها النبی ورحمه الله وبرکاته[١٠] ، بەو شێوەیەی کە لە ڕوانگەی یەکەم ڕوونم کردەوە.

سێیەم: ئایا ئەو شـــێوازی پاڕانەوەیەی ئەم تووشبووە بە بەڵاو ناڕەحەتییە داوای پـــێ لـــە خوا کردو ناخۆشـــییەکەی لەســـەر لاکـــەوت، هەروەها ئەو پاڕانەوەیەی دەبێتە لادەری سەختیو ئەو شتانەی مرۆڤ لەناو دەبەنو دەبێتە مایەی بەدەستهێنانی ئەو شتانەی مرۆڤ ڕزگار دەکەن شتێکی شاراوەو نادیار بوو لەســـەر ئوممەت بۆیە بەکاریان نەهێناوە کاتێک تووشـــی ئاســـتەنگیو

---

١٠) تیسیر العزیز الحمید ل ٢١٢

ناخۆشـــی هاتوونە، لەسەردەمی عومەرد مسوڵمان تووشی وشکەسالّی هاتن مســـوڵمانان ڕوویانکردە خوا بە هۆی عەببباســـەوە، – واتە: بە هۆی دوعای عەببباســـی – لە کاتێکدا پێغەمبەر ﷺ مردبوو (گۆڕەکەی نزیک بوو لێیان)، مسوڵمانان تووشی فیتنە هاتن لە ســـەردەمی عوسمانو عەلیدا هەروەها لە دوای ئەوانیش تووشـــی چەندین بەڵاو ناســـۆرو ناخۆشی هاتن کە هەر خوا دەزانێت چەندە توندو ناخۆشـــبووە لەسەریان؛ کەچی ئەم جۆرە پاڕانەوەیان بەکار نەهێناوە، باشـــە ئـــەو گومانەی ئێوە دەیبەن لـــە کوێیە ئەی خاوەن ژیرانو تێگەیشتووان.

نووسەر لە ل ٥٤ دا دەڵێت: ((کاتێک پیاوەکە وا گومانی برد کە پێویستییەکەی دەبربووەو جێبەجێ بووە بە هۆی قســـەی عوســـمان لای خەلیفە بۆیە ئیبن حەنیـــف پەلەیکرد بە لابردنـــی ئەو گومانەو ئەو فەرموودەیەی بۆ باســـکرد کە بیســـتوویەتیو ئامادەی شـــوێنی وتنی بووە بۆ ئەوەی بۆی بسەلمێنێت کە پێویستییەکەی بە هۆی تەوەســـولکرنی بە پێغەمبەرەوەﷺ هاتۆتە جێ، هەروەهـــا لەبەر ئەوەیە کەئەو هـــاواری کردۆتە پێغەمبـــەرو ﷺ هانای بۆ بردووە)). إ.ه.

دەڵێم: ئەمە درۆیە هەڵدەبەستێت بە دەم هاوەڵێکی گەورە کە ئامادەی جەنگی بەدرو جەنگەکانی دوای بەدریش بووە، ئەمە قسە کردنە بە گومان، گومانیش درۆترینی قسانە، ئەمە بوێرییەکەکە شتێکی تری لە دوا نییە.

لەپێش قســـەکانی دەســـتپێکێکی باســـکردووە کە تیایدا دەڵێت ئەم چیرۆکە دروســـتەو هەریەکە لە تەبەرانیو مەقدیسیو بە دروستییان داناوە، هەروەها هەریەکـــە لە هیثمی، منذری، جگە لـــە ئەمانیش بە صحیح دانانی ئەمانیان

باسکردووە.

ئەمە شتێکی دیارو ئاشکرایە، چونکە قسەی تەبەڕانی هەروەکو پێشتر حەرف بە حەرف هێناومە سەبارەت بە بە صحیح دانانی فەرموودەکەیە، واتە: فەرموودە مەرفوعەکە، نەی وت: (چیرۆکەکە دروستە) بەڵکو وتی (فەرموودەکە دروستە)، دەبوایە جەستەی خاوەنی کتێبی (مفاهیم) وەجۆش هاتبیایە لە کاتێکدا ئەم جۆرە درۆیانە هەڵدەبەستێت و باسیان دەکاتو هەروەها درۆ دەکات لە کاتی گواستنەوەی زانیارییەکاندا، ﴿ إِنَّمَا يَفْتَرِي ٱلْكَذِبَ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ... ﴿١٠٥﴾ ﴾ النحل: ١٠٥، گومانی تێدا نییە کە هەڵبەستنی درۆی لەم شێوازە بە دەم هاوەڵانی پێغەمبەرو ﷺ پارێزەرانی زانست لە مسوڵمانانو پێشەواکانیان خوێندنەوەیان قورسەو ئەستەمەو بینینیان مایەی نیگەرانیو نارەحەتییە.

نووسەر لە (ل ٦٨) دا لە ژێر ناونیشانی (تەوەسولکردن بە پێغەمبەر ﷺ لە کاتی تووشبوون بە نەخۆشیو مەینەتییەکان).

دەگێڕنەوە لە (هیثم)کوڕی (حنش)[١١] کە وتوویەتی: ئێمە لای عبدالله ی کوڕی عمر خوا لێی ڕازی بێت بووین پێی لە کار کەوت، پیاوێک پێی وت: ناوی خۆشەویسترین کەس بەلاتەوە بهێنە، ئەویش وتی: یا محمد، (ئەوەندە چاکبۆوە) وەک ئەوەی کەسێک لە دوای بەندکرانو بەستنەوە بە چالاکی هەڵدەستێتەوە، لە موجاهیدەوە دەگێڕنەوە کە وتویەتی: پیاوێک لای عبدالله ی کوڕی عباس بوو قاچی لە کار کەوت، ئەویش پێی وت: ناوی خۆشەویسترین کەست بهێنە. ئەویش وتی: ﷺ، دەستبەجێ چاکبۆوە، پاشان نووسەر دەڵێت: ئەمە تەوەسولە لەسەر شێوازی هاوارکردنو هانا بۆ بردن)) إ.ە.

---

١١) لە کتێبی (مفاهیم) ئەم ناوە بە هەڵە نووسراوەو گۆڕاوە بۆ (هیپم بن خنس) من ڕاستمکردەوە.

من دەڵێم: لێرە قسە لەسەر دوو شت دەکرێت:

یەکـــەم: چۆنییەتی گێڕانەوەو ڕیوایەتەکە، هەواڵی یەکەم ئیبن ســـوننی لە کتێبی (عمل الیوم واللیلة) باســـیکردووە بە ژمـــارەی (١٧٠)، دەڵێت: هەواڵی پێداین محمدی کـــوڕی خالدی کوڕی بەرزەعی، ئەویـــش وتوویەتی حاجبی کوڕی سولیمان پێی ڕاگەیاندینو وتی: محمدی کوڕی مصعب هەواڵی پێداین، ئەویش وتی: ئیســـرائیل لە ئەبو إســـحاقەوە لە (هیثـــم ی کوڕی حنش)ەوە گێڕاویەتییەوە.

ئەم سەنەدە زۆر لاوازەو ناتەواوی نەخۆشی زۆری تێدا بەدی دەکرێت:

لەوانە: محمدی کوڕی مصعب ی قرقوســـانی لاوازە لای زانایانی فەرموودە، ئیبن معین دەڵێت: ئەم پیاوە لەو کەســـانە نەبوو کە خاوەنی فەرموودە بێت، کەســـێکی بێئاگا بوو، نەسائی دەڵێت: لاوازە، هەروەها ئەبو حاتەمی ڕازیش هەمان قسە دەکات.

ئیبن حبان دەڵێت: ((ئەم کەسە سەنەدەکان هەڵدەگێڕێتەوەو فەرموودە (مرسل) ەکان دەکات بە (مرفوع)، دروســـتنییە قسەکانی بکرێن بەبەڵگە))، ئیسماعیلی دەڵێـــت: محمدی کـــوڕی مصعب لە لاوازەکانە، خەتیـــب دەڵێت: زۆر هەڵەی هەیە، لەبەر ئەوەی بێ لەبەر فەرموودەی دەوت.

ئەحمەد دەڵێت: کێشـــەی نییە، هەروەها ئیبن عەدیش هەمان قســـە دەکات، ئیبن قانع بە ســـیقەو متمانە پێکراوی داناوە، ئیبن عەدی لەو کەسانەیە کە ئاسانکاری زۆری هەیە لە قسەکردن لەسەر خەڵکو (متساهل)ە.

لێرەوە دەردەکەوێت کە کەســـێکی لاوازە، هەروەکو پێشـــەوا زاناکان وای بۆ چوون، بەڵام قسەی ئەحمەد کە دەڵێت: کێشەی نییە واتە کەسێکە خۆی باشە بەڵام لە فەرموودەدا لاوازە.

یەکێکی تر لە کێشەکانی ئەم سەنەدە ئەوەیە کە: (هیثم ی کوڕی حنش) نەناسراوە، خەتیب لە کتێبی (الکفایة فی علم الروایة ل ٨٨) دا دەڵێت: نەناسراو لای زانایانی فەرموودە هەموو ئەوانەن کە ناوبانگی بەوە دەرنەکردووە کە کەسێکی فێرخوازەو بە دوای زانستدا دەگەڕێت، هەروەها زانایان نەیاننناسیوە، لە تەنها ڕێگەیەکەیەکەوە نەبێت فەرموودەکانی نەناسران، وەکو: (عمروذي مر، جبار الطائي، عبدالله بن أغر الهمداني، الهيثم بن حنش ...) ئەمانە گشتیان جگە لە ئەبو ئیسحاقس سەبیعی کەسیتر فەرموودەی لێیانەوە نەگێڕاوەتەوە)) إ.ە.

یەکێکی تر لە کێشەکانی ئەم سەنەدە ئەوەیە کە: ئەبو ئیسحاقی سەبیعی کەسێکی (مدلس)ە (مدلس: بەو کەسە دەوترێت کە فەرموودەیەک لەو مامۆستایەی خۆی دەگێڕێتەوە کە لێی نەبیستووە بەڵام فەرموودەی تری لێ بیستووە جگە لەم فەرموودەیە)، سەرەڕای ئەمەش بە وشەی (عن) فەرموودە لەم کەسە نادیارەوە دەگێڕێتەوە.

یەکێکی تر لە کێشەکانی ئەم فەرموودەیە ئەوەیە کە: ئەبو ئیسحاق تووشی لێتێکەڵ بوون بووەو لێی تێک چووە، بەڵگەش لەسەر تووشبوونی بە تێکەڵکردنی ئەوەیە کە ئەم فەرموودەیە جارێک لە ئەبو شوعبە (یان ئەبو سەعید)ەوە دەگێڕێتەوەو جارێکی تریش لە عبدالرحمن ی کوڕی سەعدەوە دەیگێڕێتەوە، ئەم جۆرە شڵەژانە فەرموودەی پێ ڕەتدەکرێتەوە.

باشترین شتێک کە لەسەر ئەم بابەتە هاتبێتو کە صحیحو دروستترە هەر چەندە لە تەدلیسی ئەبو (ئیسحاق)یشی تێدایە؛ ئەو فەرموودەیە کە بوخاری گێڕاویەتییەوەو لە (الأدب المفرد ٩٦٤) دا باسیکردووەو دەڵێت: ئەبو نەعیم هەوالّی پێداینو وتی: سوفیان لە ئەبوئیسحاقەوە گێڕاویەتییەوە ئەویش لە عبدالرحمن ی کوڕی سەعدەوە گێڕاویەتییەوە کە دەڵێت: پێی عبدالله ی کوڕی

عمر لەکار کـــەوت، پیاوێک پێی وت: ناوی خۆشەویســترین کەس بەلاتەوە بهێنە، ئەویش وتی: محمد.

ئـــەم ڕیوایەتـــە لە هەمـــوو ڕیوایەتەکانی تر دروســتترە و ئەم ســودانەی لێوەردەگیرێت:

یەکەم: قســـەکەی عبدالله ی کـــوڕی عمر (محمد) بە بێ ئامـــرازی بانگکردنە واتـــە (یا)ی لە پێـــش نییە، ئەوەی بەربڵاوە لە ناو عـــەرەب – لەمەودواش باســـیدەکەین – ئەوەیە کە (یا) ی بانگکردن بەکار دەهێنن لە کاتی باسکردنی خۆشەویستەکەیان بۆ ئەوەی زیاتر لە هۆشی ئەو کەسەدا بێت کە پێی لەکار کەوتووە تاکو بتوانێت بڕوات.

عبدالله ی کوڕی عمر وازی لە وشە بەربڵاوەکە هێناو شتێکی تری بەکار هێنا، چونکە دەیزانی ئەوەی کە بەربڵاوە تاوانی تێدایە.

دووەم: ناوهێنانی پێغەمبەر ﷺ لە کاتێکدا کە پێغەمبەرﷺ خۆشەویســترین کەس بووە بەلای عبدالله ی کوڕی عمرەوە شـــتێکی ڕاســـتو ڕەوایە، چونکە هیچ کەسێک باوەڕی نەهێناوە مەگەر پێغەمبەری ﷺ لە باوک‌و کوڕو هەموو خەڵک خۆشـــتر نەوێت، بەڵکو دەبێت لەو گیانەی خۆشی خۆشتر بووێت کە لە لاشـــەی دایە، ئەمە شتێکە کە ئێمە دڵمان لەســـەری دامەزراندووە بە پێی ڕێنمایی خوایە گەورە.

ســـێیەم: سوفیان لەو زانایانەی کە پێیان وتراوە (الحفاظ الأثبات) واتە: شتی زۆریـــان لەبـــەرەو زۆر متمانە پێکراون، کاتێک ســـوفیان هەواڵێک لە ئەبو ئیســـحاقەوە دەگێڕێتەوە ئەمە مانای ئەوەیە کە تەنهـــا ئەم هەواڵە تەواوو پارێزراوەو جگە لە ئەم هەواڵە هەڵەیەو ڕەتکراوەیە.

بـــەڵام فەرموودەی دووەم: ئیبن ســـوننی لە کتێبی عمل الیـــوم واللیلة ١٦٩) باســـیکردووە، لە ســـەنەدەکەیدا غیاث ی کوڕی إبراهیـــم هەیە کە زانایانی فەرمـــوودە بە درۆزنیان داناوە. ئیبن معین دەڵێت: درۆزنێکی پیســـە، ئەوەی کە لە ئەوەوە باســـکراوە ناوی (محمد) بەبێ وشەی (یا)ی بانگکردنە. هەرگیز جێگای پشـــت پێبەستن نییە، هەمان ئەو قسانەی لەسەر قسەکانی ئیبن عمر کردمان بۆ ئێرەش گونجاوە.

<u>دووەم:</u> قسەکردن لەسەر فەرموودەکان لە ڕوانگەی تێگەیشتنەوە:

بـــەو پیاوەی بەڵگەی بەم فەرموودانە هێناوەتـــەوە دەوترێت: ئەو پەڕی لەم فەرموودانە ناوهێنانی خۆشەویستی تێدایە، نەک داوای شتێکی لێکرابێت یان داوای لێکرابێت بەڵایەکی لەسەر لابدات، هەروەها ئەو کەسەی ناوی هێندراوە نەکراوە هۆکارو واسیتە بۆ لادانی ناتەواوی و لەپێ کەوتنی پیاوەکە، هەروەها تەوەسولیشـــی تێدا نییە، چونکە ئەگەر ئەمە تەوەســـول بووایە کەواتە لازم دێتو پێویست دەکات هەر کەســـێک ناوی خۆشەویستەکەی هێنا ئەوا هانای بۆ بردووەو داوای لێکردووەو تەوەسولی پێکردووە بۆ لادانی ناخۆشی، ئەمە خراپترین خراپەیە، مەحاڵترینی ئەو شتانەیە کە مەحاڵنو ئەستەمە بێنەدی. باشـــە چی دەڵێت کاتێک کەســـێکی بێ باوەڕ ناوی خۆشەویستەکەی هێناو قاچی چاکبۆوەو توانی بڕوات، ئایا ئەم کەســـە تەوەسولی پێکردووە، ئایا ئەو خوایەی کە نەخۆشیو لە پێکەوتن لادەبات ئەم تەوەسولەی گیراکرووەو ڕازییـــە پێ! ئەم جـــۆرە دەرمانـــە – تاقیکراوەیە – بۆ لەپێکەوتن شـــتێکی زاندراوو بووە لای ئەو کەســـانەی لەســـەردەمی نەفامیدا ژیاون پێش هاتنی ئیســـلام تاقیکراوەتەوەو ســـودی هەبووە، ئەمە هیچ شتێکی تێدا نییە تەنها ئەوە نەبێت کە ناوی خۆشەویستەکەی تێدا دەهێندرێت، لە ڕاڤەو لێکدانەوەی

ئەمەدا وتراوە: ناوهێنانی خۆشەویستەکەی وای لێدەکات گەرمی غەریزەی لاشەی دەست بە جوڵە بکات، خوێن بە ناو دەمارەکانیدا دەڕوات، بۆیە کۆ ئەندامی دەماری دەست بە جوڵە دەکات، بەو هۆیەشەوە لەپێکەوتنەکە لادەچێت، لەسەر ئەم بابەتە زۆر شیعرو هۆندراوە لەسەر دەمی نەفامیدا وتراوە: لەوانە: شاعیر دەڵێت:

صبُ محبُ إذا ما رِجلُه خَدرت

نادى (كُبَيشَة) حتى يذهب الخَدَر

یەکێکی تر دەڵێت:

لى أنَّ رجلي لا يَزَالُ امْذ لُها

مقيماً بها حتى أجيئلك في فكري

كُثَير دەڵێت:

إذا مَذلَتْ رجلي ذكرتُكِ اشتفي

بدعواك من مَذلٍ بها فيهون

جميلُ بثينةَ دەڵێت:

وأنتِ لعَينيْ قُرَّةٌ حين نَلْتَقِي

وذِكْرُكِ يَشفِيني إذا خَدرتْ رجلي

ئافرەتێک وتویەتی:

إذا خدرت رجلي دعوتُ ابنَ مُصعبٍ

فإنْ قلتُ: عبدَ اللَهِ أجلَى فتورَها

الموصلی وتویەتی:

واللهِ ما خَدَرَتْ رجلي وما عَثَرَتْ

إلا ذكرتُكِ حتى يَذهبَ الخدَرُ

الوليد بن يزيد وتویەتی:

أثيبي هائماً كَلِفاً مُعَنًى

إذا خَدرتْ لهُ رجلٌ دَعاكِ

جگـــە لە مانەش چەندین هۆندراوەی تریش هەیە (لـــەم بارەوە) ئایا دەوترێت: ئەمانە تەوەسولیان بە خۆشەویستەکانیانەوە کردووەو هانایان بۆ ئەو ئافرەتو مێرمنداڵانە بردووە کە خۆشیان ویستونەو پاشان وڵامی داواکانیان دراوەتەوەو ئەو هۆکارەی بەکاریان هێناوە بۆ نزیکبوونەوە لێیان وەرگیراوە !!!

هەروەها لە ل ٦٨ دا سەرەبابەتێکی بەم شێوەیە داناوە:

((تەوەسولکردنو نزیکبوونەوە لە خوا بە هۆی جگە لە پێغەمبەر ﷺ)).

چەندیـــن فەرموودەی لە کتێبـــی (مجمع الزوائد ١٣٢/١٠) هوە باســـکردووە، هەیســـەمی ئەم فەرموودانەی لە ژێر ناونیشـــانی (بەشی: مرۆڤ چی دەڵێت کاتێک ئاژەڵەکەی تووشـــی پێـــکان هات یان داوای یارمەتیکرد یان شـــتێکی لێ بزر بوو) لە ناو بابەتی بەشـــەکانی پاڕانەوە لە کاتی ســـەفەرو گەشتدا باســـیکردووە، تێگەیشتنی هەیسەمی زۆر دیارو ئاشکرایە، بەڵام ئەو کەسەی تەوەســـولکردن بە پێغەمبەر ﷺ دەکاتە ســـەرە بابەتی ئەم فەرموودانە ئەوا لە دەقەکان تێنەگەیشـــتووە، لەمەودوا ئەمە ڕوونەدەکەمەوە، خاوەنی کتێبی (مفاهیم) لە ژێر ئەم ناونیشانەدا کۆمەڵێک فەرموودەی کردووە بە بەڵگە:

دەڵێـــت: عوتبەی کوڕی غـــەزوان لـــە پێغەمبـــەرەوە ﷺ گێڕاویەتییەوە کە فەرموویەتی: ((کاتێک یەکێک لە ئێوە شتێکی لێ بزر بوو یان داوای یارمەتیکرد لە کاتێکدا لە زەوییەکدا بوو کەســـی دڵنـــەواکاری لێنەبوو ئەوا بابڵێت: ئەی بەندەکانـــی خوا یارمەتیم بدەن، چونکە خوا کۆمەڵێک بەندەی هەیە کە ئێمە نایان بینین. لە ڕاستیدا ئەمە تاقیکراوەتەوە)) ئەمە تەبەرانی گێڕاویەتییەوە، ئـــەو پیاوانەی (لە ســـەنەدی فەرموودەکـــە دا) لە لایـــەن زانایانەوە متمانە پێکراون، هەر چەندە هەندێکیان لاوازییان تێدا بەدی دەکرێت، تەنها ئەوەندە هەیە کە یەزیدی کوڕی عەلی بە عوتبە نەگەیشتووە)) إ.ە.

قسەکردن لەسەر ئەمە بە چەند خاڵێک دەبێت:

یەکــەم: لەکاتی باســکردنی فەرموودەکە گۆڕانکاری تێدا کــردووە، لەوانە: نووسەر وشەی (ئەمە تاقیکراوەتەوە) ی کردووە بە قسەی پێغەمبەرﷺ چونکە ئەو ئەم قسەیەی خستۆتە ناو دوو کەوانەوە لە کاتێکدا ئەمە قسەی پێغەمبەر ﷺ نییە، بەڵکو ئەمە قســەی هەندێک لەو کەســانەیە کــە فەرموودەکەیان گێڕاوەتەوە، هەروەکو لەمەودوا باسی لێوە دەکرێت.

یەکێکــی تر لە گۆڕانکارییــەکان ئەوەیە کە (یزید) گۆڕانــکاری تێدا کراوە، ڕاســتییەکەی زەیدی کــوڕی عەلییە، هەروەکو لە معجــم ی تەبەرانیدا بەم شێوەیە باسکراوە.

دووەم: فەرموودەکە تەبەرانی لە (المعجم الكبير ١١٧/١٧) دا ئەم فەرموودەیەی باســکردووە لە ڕێگەی ئەحمەدی کــوڕی یەحیای ســۆفییەوە، وتوویەتی: عبدالرحمــن ی کوڕی شــریک[١٢] هەوالّی پێدام، باوکم لــە عبدالله ی کوڕی عیســاوە لە زەیدی کــوڕی علی لە عوتبەی کوڕی غەزوانــەوە هەوالّی پێدام (فەرموودەکە دراوەتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ).

ئیبن حجر لە کتێبی (نتائج الأفكار) دا دەڵێت: ((تەبەرانی بە سەنەدێکی پچڕاو گێڕاویەتییەوە)) إ.ە.

دەوترێت: سەرەڕای پچڕانەکەی لە سەنەدەکەیدا لە دوو ڕوانگەی ترەوە قسەی لەسەرە:

١. عبدالرحمن ی کوڕی شــریک: ئەبو حاتم دەڵێت: فەرموودەکانی لاوازن، ئیبن حبان لــە کتێبی (الثقات) دا باســیکردووەو دەڵێت: لەوانەیە هەڵە بــکات، ئیبن حجر لــە کتێبی (تهذيب التهذيب) دا باســیکردووە ئەم دوو

١٢) بەم شێوەیە هاتووە لەو نوسخەی لای منە کە لە کتێبخانەی ئەحمەدی سنێیەم وەرگیراوە (١/٢٧/٩)، لە چاپەکەدا گۆڕدراوە بۆ: عبدالرحمن ی کوڕی سهل

قسەیەشی هێناوەو هیچی تریشی باسنەکردووە.

٢. شـــریک باوکی عبدالرحمن بریتییە لە عبداللـــە ی نەخەعی کە قازییەکی ناودار بووە، ئیبن حجر لە (التقریب) دا دەڵێت: ((باوەڕپێکراوەو زۆر هەڵە دەکات، لەبەرکردنـــی تێکچو دوای ئەوەی بوو بە قازی کوفە، کەســـێکی دادپەروەرو بەڕێزو خواناس بوو، زۆر توند بوو لەسەر ئەهلی بیدعە)).

لەم سەنەدەدا سێ نەخۆشی بوونیان هەیە: پچڕان، لاوازی عبدالرحمن، لاوازی شـــریک، بە دڵنیاییەوە فەرموودەکە لاوازە،هەروەها (نووسەر) دەڵێت: ((لە عبداللـــە ی کوڕی عەبباســـەوە گێڕدراوەتەوە کە پێغەمبـــەر ﷺ فەرموویەتی: خوای گەورە کۆمەڵێک فریشـــتەی هەیە جگە لەو دوو فریشتانەی کردەوەکانی مرۆڤەکان دەنووســـنەوە، ئەمانە تەنانەت ئەم گەڵیانەش دەنووسنەوە کە لە دڕەختەکانەوە بەردەبنەوە ســـەر زەوی، کاتێک یەکێک لە ئێوە لە زەوییەکی چۆڵدا تووشی پێکانێک هات با هاواربکاتو بڵێت یارمەتیم بدەن ئەی بەندەکانی خوا)). تەبەرانی گێڕاویەتییەوەو پیاوەکانی ناو ســـەنەدەکەی متمانە پێکراون إ.ە. ئەم فەرموودەیەی لە کتێبی (مجمع الزوائد)ی وەرگرتووە.

دەڵێم: لە نوســـخەیەکی (مجمع الزوائد)دا نووسراوە (البزار) گێڕاویەتییەوە، لەوانەشە ئەمەیان دروستتر بێت، چونکە ئەم فەرموودەیەی عبدالله ی کوڕی عەبباس بەزار لە کتێبی (البحر الزخار) دا گێڕاویەتییەوە، هەروەها هەیسەمی لە کتێبی (کشـــف الأستار ٣٣/٤ – ٣٤) دا هێناویەتیو دەڵێت: بەزار وتویەتی: ((موســـای کوڕی ئیسحاق هەواڵی پێداین، ئەویش وتی: منجابی کوڕی حارث هەواڵی پێداین، وتی: حاتمی کوڕی ئیســـماعیل لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە لـــە ئەبانی کوڕی صالح لـــە موجاهیدەوە لە عبدالله ی کوڕی عەبباســـەوە

گێڕاویەتییەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ئەمجا فەرمودەکەی باسکرد.

بەزار دەڵێت: ((ئێمە نەمانزانیوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ ئەم فەرموودەیە بەم دەقە باسکرابێت جگە لەم سەنەدە – واتە: هیچ سەنەدێکی تری نییە –)) إ.ە.

ئەم سەنەدە کێشەی تێدایە:

١. ئوسامەی کوڕی زەید بریتییە لە اللیثی المدنی، ئەم هەندێک لە زانیان بە متمانەپێکراویان داناوەو هەندێکی تر فەرموودەکانیان بریندار کردووەو – بە لاوازیان داناوە – .

- **ئەحمەد دەڵێت:** ئەم کەسە هیچ نییە، ئەم قسەیە ئەسڕەم لە ئیمامی ئەحمەدییەوە گێڕاوەتەوە.
- **عبداللە ی کوڕی ئەحمەد بە باوکی وت:** من وا دەبینم ئەم پیاوە فەرموودەکانی (حسن) بن.
- **(باوکی) وتی:** ئەگەر لە فەرموودەکانی وردبیتەوە ئەوا خراپیو ناپەسندی لە فەرموودەکانیدا بەدی دەکەیت. یەحیای کوڕی سەعید بە لاوازی دادەنا.
- **ئەبو حاتم دەڵێت:** فەرموودەکانی دەنووسرێنەوەو وەکو بەڵگە پشتیان پێ نابەسترێت.
- **نەسائی دەڵێت:** بەهێز نییە.
- **البرقی دەڵێت:** ئەم پیاوە لەوانەیە کە بە لاواز دادەندرێت، هەروەها وتویەتی: یەحیا بە منی وت کە چەند فەرموودەیەکی ئەم پیاوە لە لایان زانایانی فەرموودە بە ناپەسند داندراون (منکر)ن، ئەمە قسەی هەندێک لەوانەیە کە لەسەر ئەم پیاوە قسەیان کردووە، ئەوانەی ئەم پیاوەیان بە

متمانـــەدار داناوە بریتین لە کۆڕی مەعین، کە لە ڕیوایەتی ئەبو یعلی دا باسکراوە، هەروەها بە هەمان شێوە باسکراوە لە ڕیوایەتی عباس دا.

- **کۆڕی مەعین شـــوێن ئیبن عـــەدی کەوتووەو وتویەتـــی:** فەرموودەکانی کێشـــەیان تێدا نییە، هەروەها ئیبن شاهینو ئیبن حبان بە متمانەداریان داناوەو ئیبن حبان ئەمەشی وتووە: ((هەڵە دەکات)).

٢. حاتم ی کۆڕی ئیسماعیل لە ئوسامەی کۆڕی زەید دەگێڕێتەوە، حافز ئیبن حجر لەبارەیەوە دەڵێت: ((نووسینەکانی دروستن، صدوق – ڕاستگۆیە – و تووشی تێکەڵکردنو وەهم دێت)) إ.ە.

شـــێخ ناصر ئەلبانی دەڵێـــت: ((جەعفەری کـــوڕی عـــەون پێچەوانەی ئەم پیاوەی کردووەو وتوویەتی: ئوســـامەی کوڕی زەید هەوالّی پێدام ... پاشان فەرموودەکەی باسکرد بە (موقوف)ی لەسەر عبدالله ی کوڕی عەببباس – واتە: نەیوت فەرموودەی پێغەمبەرە ﷺ)).بەیهەقی گێڕاویەتییەوە لە کتێبی (شعب الإیمان ٢/١/٤٥٥).

جەعفـــەری کوڕی عەون متمانەپێکراوترە لە حاتم ی کوڕی ئیســـماعیل، ئەم دووانە هەرچەندە لەو پیاوانە بن کە بوخاریو موسلیم فەرموودەی لێیانەوە گێڕاوەتـــەوە بەڵام ئەوەی یەکەمیان بەهیـــچ جۆرێک تانەی لێنەدراوەو – بە لاواز دانەنراوە – بە پێچەوانەی ئەوەی تریان، بەڵکو نەســـائی لە بارەی – دوومیان – دەڵێت: بەهێز نییە، هەروەها جگە لە نەسائی وتوویانە: بێئاگایی هەیە، هەر لەبەر ئەمەیە ئیبن حجر لە بارەیەوە فەرموژیەتی: ((نووسینەکانی دروستن، صدوق – ڕاستگۆیە – و تووشی تێکەڵکردنو وەهم دێت)) إ.ە.

بەڵام ســـەبارەت بە جەعفەر دەڵێت: (صدوق). ڕاستگۆیە، هەر لەبەر ئەمەیە ئەم فەرموودەیە لای من بەهۆی پێچەوانەکردنەوە نەخۆشە)) إ.ە.

٣. تەنها ئوسامە ئەم فەرموودەیەی باسکردووە، لەمەو پێش باسمانکرد کە هەر کاتێک کەسێکی لاواز لە لەبەرکردنی فەرموودە بە تەنها فەرموودەیەکی گێڕایەوە ئەوا فەرموودەکەی بە (منکر)(١٣) دادەندرێت کاتێک ڕاستەوخۆ بنەمایەکی دروستی ئیسلامی پاڵپشتی نەکات.

حافز ئیبن حجر دەفەرموێت: ((ئەم فەرموودەیە سەنەدەکەی (حسن)و باشە، زۆر نامۆیە)) إ.ە، ئەم قسەیە لە ڕاڤەی کتێبی الأذکار وەرگیراوە کە هی ئیبن علان)ە (١٥١/١)، شتێکی زاندراوە کە باشی سەنەد بەڵگە نییە لەسەر باشی دەق هەموو کاتێک، ئەم فەرموودەیە هەرچەندە لاوازەو لە ژێر بابەتی یادکردنەکان باسکراوە بەڵام ئەو بەڵگەیەی تێدانییە کە هەندێک کەس لێ وەردەگرێتو دەیکاتە بەڵگە بۆ داواکردن لە مردوانو هاوشێوەی ئەمانە، بەڵکو ئەم فەرموودەیە بە ڕاشکاوی باسی ئەوە دەکات کە ئەو کەسانەی دەدوێندرێن لە لایەن ئەو کەسەی ڕێگەی بزر کردووە بریتین لە فریشتەکان، ئەوان قسەکانی دەبیستن، دەتوانن بە یارمەتی خوا وڵام بدەنەوە، چونکە ئەوان زیندوونو دەتوانن ڕێگا نیشانی ئەم کەسە ونبووە بدەن، ئەمانە بەندەکانی خوان، زیندوونو دەبیستنو دەتوانن بە گوێرەی ئەو توانایەی خوای گەورە پێیانی داوە وڵام بدەنەوە؛ کە وڵامدانەوەکەشیان بریتییە لە ڕێنماییکردنی ئەو کەسەی لە دەشتاییەکی چۆل ڕێگای لێ ون بووە. هەر کەسێک ئەم فەرموودانە بکاتە بەڵگە لەسەر داواکردن لە کەسێکی دیاریکراوو ناوی بهێنێت ئەوا درۆی بە ناوی پێغەمبەرەوە ﷺ کردووە، هەرگیز تێبینی قسەی پێغەمبەری ﷺ نەکردووەو لێی ورد نەبۆتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی ئیشیان شوێنکەوتنی هەواو ئارەزوویە.

١٣) جۆرێکە لە فەرموودەی لاواز، پێشتر ئاماژەمان پێکرد

کاتێک ئەمە زاندرا ئەوا ئەم فەرموودەیە لە بابەتی یادکردنەکان ئاسانکاری لە کارپێکردنیدا دەکرێت هەر چەندە لاوازیشە، چونکە ئەم فەرموودەیە لەسەر بنەماکانی شەریعەت دەڕوات، هەروەها پێچەوانە نییە لەگەڵ دەقە قورئانییەکانو فەرموودەکانی پێغەمبەرﷺ، پاشان ئەمە تایبەتە بەو ڕووداوەی لەبارەیەوە هاتووە، چونکە ئەم بابەتەی ئەم فەرموودەیە باسی لێوە دەکات ناکرێت قیاسی تێدا بکرێت چونکە بابەتێکی بیروباوەڕییەو بیرو باروەڕیش دەبێت لەسەری بووەستین تاکو بەڵگەیەکی ڕاست دەبینین – نابێت قیاسی تێدا بکرێت – .

هەر لەبەر ئەمەیە عبدالله ی کوڕی ئەحمەد لە کتێبی (المسائل ل٢٤) دا لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: ((لە یەکێک لە حەجەکاندا لە کاتێکدا بە پیادەیی دەڕۆیشتم ڕێگام بزرکرد، لەو کاتەدا دەم گوت: ئەی بەندەکانی خوا ڕێگامان نیشان بدەن، بەردەوام ئەمەم دەوت تاکو هاتمەوە سەر ڕێگا)). ئەوەی کە وایکردووە خاوەنی کتێبی (مفاهیم) سەرە بابەت بەم شێوەیە بۆ ئەم فەرموودەیەو هاوشێوەکانی دابنێتو بڵێت: ((تەوەسولکردن بە جگە لە پێغەمبەرﷺ)) ئەوا مانای ئەوەیە کە ئەم پیاوە لە فەرموودەکان ورد نەبۆتەوەو هەروها بەو شێوازە لێی تێنەگەیشتووە کە پێشەوا زاناکانی تر لێی تێگەیشتوون، لە کاتێکدا هیچ یەکێک لەو زانایانەی لەمەو پێش ژیاون نەیان وتووە ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر تەوەسولکردن بە جگە لە پێغەمبەرﷺ، چۆن وادەڵێن لە کاتێدا ئەوان یەکدەنگن لەسەر قەدەغەکردنی ئەم کارە، هەروەها دەڵێت (لە کاتێکدا ئەم قسەیەی لە کتێبی مجمع الزوائد) ەوە هێناوە: لە عبدالله ی کوڕی مەسعودەوە گێڕدراوەتەوە کە وتوویەتی: پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی: ((هەر کاتێک ئاژەڵی یەکێک لە ئێوە لە

زەوییەکی چۆلدا بزر بوو با بانگبکاتو بڵێت: ئەی بەندەکانی خوا ئەم ئاژەڵە بگرنەوە، چونکە خوای گەورە کەسانێکی هەیە لەسەر زەوی کە هەمیشە ئامادەنو ئاژەڵەکەی بۆ دەگرنەوە))، ئەم فەرموودەیە ئەبو یعلیو تەبەرانی گێڕاویانەتەوەو زانیارییەکی زیاتریشی باسکردووە کە دەڵێت: ((بۆتان دەگێڕمەوەو بەندی دەکات). لەم فەرموودەیەدا مەعروفی کوڕی حسان ی تێدایە لاوازە)) إ.ە.

من دەڵێم: فەرموودەکە لە کتێبی (المعجم الکبیر ٢٦٧/١٠) دا بەم شێوەیە: ئیبراهیمی کوڕی نائیلە هەواڵی پێداین، هەروەها لە کتێبی (مسند أبی یعلی ٢/٢٤) دا هاتووەو لە کتێبی (عمل الیوم واللیلە ل١٣٦) ی ئیبن سوننیدا باسکراوە لە ڕێگەی ئەبو یعلی وە. هەردوکیان وتوویانە: حەسەنی کوڕی شەقیق هەواڵی پێداین، وتی: مەعروفی کوڕی حسان (ئەبو معاذ) ی سەمەرقەندی لە سەعیدی کوڕی ئەبو عروبەوە هەواڵی پێداین، ئەویش لە عبداللە ی کوڕی بریدەوە لە عبداللە ی کوڕی مەسعودی وەرگرتووەو بەرزی کردۆتەوەو (مرفوع)ی کردووە – واتە: وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی – .

<u>ئەمە سەنەدێکی لاوازە لەبەر ئەم خاڵانە:</u>

١. مەعروفی کوڕی حسان: ئەبو حاتم لەبارەیەوە دەڵێت: ((کەسێکی نادیارو نەناسراوە))، ئیبن عدی لەبارەیەوە دەڵێت: ((فەرموودەکانی منکر))ن – جۆرێکە لە لاوازی لە فەرموودەدا – من دەڵێم ئەم پیاوە لە ئیبن ئەبی (ذئب) وە لە نافعەوە دەگێڕیتەوە ئەویش لە عبداللە ی کوڕی عومەرەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە (کە فەرموویەتی): ((هەر کەسێک درەختێک پەروەردە بکات تاکو دەڕوێت ئەوا پاداشتی وەکو پاداشتی ئەو کەسە وایە

کە شـــەو خواپەرســـتی دەکاتو بەڕۆژیش بەڕۆژووە))، ئەم فەرموودەیە هەڵبەستراوە، کەنجەروذی لە کتێبی ((الکنجروذیات) باسیکردووە.

٢. ســـەعیدی کوڕی ئیبن ئەبی عروبە: تووشـــی تێکەڵکردن هاتووە – واتە: زانیارییەکانی فەرمـــوودەی لێ تێکەڵبووە بەهـــۆی لەبیرچوونەوە یان شتی تر– نەسائی دەڵێت: هەر کەسێک دوای تووشبوونی بە تێکەڵکردنی زانیارییەکانی هەر کەســـێک هەر فەرموودەیەکی لێ بیســـتبێت ئەوا هیچ نییـــە – واتـــە: نابێتە بەڵگـــە – مەعروفی کوڕی حســـان یەکێک بووە لە بچووکەکان، لە پێش ئەوەی ئەم پیاوە تووشی ئەم تێکەڵکردنە بێت تەنها گەورەکان لێیان بیســـتووە، بەرلەوەی تووشی تێکەڵکردن بێت کۆمەڵێک لێیان بیســـتووە، دوای ئەوەی تووشـــی تێکەڵکردن هاتـــووە خەڵکێکی زۆر لێیان بیستووە. ســـەرەتای تێکەڵکردنەکەی ساڵی (١٣٢ک) بووە لە ســـاڵی (١٤٨ک) دا بە تەواوی تووشی تێکەڵکردن هاتووەو زانایان حوکمی تێکەڵکردنیان بەسەردا داوە، ئەم قسەیە هی (البزار)ە.

٣. سەعیدی کوڕی ئەبی عروبە تدلیس – شاردنەوەی – ئەنجامداوە، حافز ئیبن حجر دەفەرموێت: ((زۆر تدلیسو شـــاردنەوە ئەنجام دەدات)). ئەم فەرموودەیەشـــی بە وشـــەی (عن) لە ئیبن بریدەوە گێڕاوەتەوە بۆیە لێی وەرناگیرێت.

٤. ئیبن حجر لە کتێبی (نتائج الأفکار)) دا دەڵێت: ((ئەم فەرموودەیە نامۆیەو ئیبن ســـنیو تەبەڕانی گێڕاویانەتەوە، لە سەنەدەکەدا پچڕانێک لە نێوان ئیبن بریدەو ئیبن مەسعوددا هەیە)) إ.ە. ئەمە نەخۆشی چوارەمە کە ئیبن حجر باسیکردووە کەبریتییە لە پچڕان (الانقطاع).

ئیبن ئەبی شەیبة لە کتێبی (المصنف ١٠/٤٢٤ – ٤٢٥) دا فەرموویەتی: یەزیدی کوڕی هارون هەواڵی پێداینو وتی: محمدی کوڕی ئیسحاق لە ئەبانی کوڕی صالحەوە هەواڵی پێداین کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: فەرموودەکەی باسکرد، ئەم سەنەدە (معضل)ە[١٤] ، تەدلیسو شاردنەوەی ئیبن ئیسحاق شتێکی دیارو ئاشکراو مەشهورە، ئەمە نەخۆشی لە دوای نەخۆشییە، هیچ چارەسەرێکی نییە تاکو لەناو نەچێت، بەڵکو سەنەدەکەی ڕەتکراوەیە.

هەر لەبەر ئەوەیە هیچ کەسێک لەوانەی شارەزاییان هەیە لە فەرموودە ئەم فەرموودەیان نە بە صحیح نە بە حسن دانەناوە، بەڵکو یان بە لاوازیان داناوە، یان قسەی ئەو کەسانەیان باسکردووە کە دەڵێن فەرموودەکە لاوازە.

پاش ئەمە: قسەی خاوەنی کتێبی (مفاهیم) ل٦٩کە دەڵێت: ((ئەمە تەوەسولە لە شێوەی بانگکردنو هاوار بۆ کردن)) ئەمە لە زمانەوانیو لە شەرعدا بە پەڕاوی سکاڵا ناوزەند دەکرێت:

لە زمانەوانیدا: هەرگیز لە زمانی عەرەبیدا نەزاندراوە کە یەکێک لە شێوازەکانی تەوەسول بریتی بێت لە بانگکردن، بەڵکو بانگکردن بریتی بووە لە پاڕانەوەو داوای ڕاستەوخۆ، بۆ ئەو کەسەی ئامادەیەو بانگدەگرێتو وڵامدەداتەوە، تەوەسول بریتییە لە وەی خواپەرستییەکان بکرێنە هۆکار بۆ گیرا بوونی پاڕانەوە.

بەڵام لە شەرعدا: فەرموودەکان لاوازن، یەکەمو سێیەم لاوازییەکەیان زۆر تونده، دووەم: ئەوەی باسی فریشتەکانی تێدا هێندراوە لاوازەو نامۆیە زۆر، هیچ بەڵگەیەکی تێدا نییە بۆ سکاڵاکەر کە دەڵێت ئەمە تەوەسولە، چونکە ئەمە بانگکردنی زیندوویەکە کە توانای وڵامدانەوەی هەیە.

---

١٤) واتە: لە دوو شوێنی سەنەدەکەدا پچڕان هەیە.

زۆر جوانـــە ئەو فەرموودەیەی کە هەرەوی لە کتێبـــی (ذم الكلام ١/٦٨/٤) دا گێڕاویەتییەوە کە دەڵێت: ((عبدالله ی کوڕی مبارک لە یەکێک لە سەفەرەکانیدا ڕێـــگای لێ ون دەبێت، ئەویش پێی گەیشـــتبوو کە هەر کەســـێک تووشـــی ناخۆشییەک هاتو پێویستی بە هانا بوو بانگیکردو وتی: ئەی بەندەکانی خوا یارمەتیم بدەن! ئەوا یارمەتی دەدرێت، وتی: ئەو کاتە منیش داوای بەشەکەی تریانم دەکرد ســـەیری ســـەنەدەکەی بکە (واتە: داوای ســـەنەدی دروستی ئەم قسەیەم دەکرد نەک بەقسەی بکەم).

هەرەوی دەڵێت: عبدالله ی کوڕی مبارک بە دروســـتی نەزانیوە داوا بە شتێک بکات سنەدەکەی نەبینێت. إ.ە[١٥]، ئەمە ڕێبازی سەلەفو شوێنکەوتوانیانە کە بریتییە لە گەڕان بە دوای سەنەدەکاندا، پیشەی ئەوانەی لە دوای سەلەفەوە هاتوونو شوێنکەوتەکانیان بریتییە لە شادومان بوونو دڵخۆشبوون بەهەموو ئەو شتانەی پاڵپشتی بۆچوونەکەیان دەکات هەر چەندە هەڵبەستراوو لاوازیش بێت، هەستیان بۆ بەرگریکردن لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ ناجوڵێت.

لـــە ل٦٩ دا دەڵێت: ((لـــە فەرموودەیەکدا هاتووە کـــە پێغەمبەرﷺ لە دوای دوو ڕکاتی بەیانی دەیفەرموو: (ئەی خوای پەروەردگاری جبرائیلو إسرافیلو میکائیلو ﷺ پەنا دەگرم بە تۆ لە ئاگر ...).

پاشـــان دەڵێت: ((تایبەتکردنی ئەمانە بە باســـکردن مانای تەوەســـولکردنە بێیان، وەکو ئەوە وایە بڵێت: خوایە من داوا لە تۆ دەکەمو بە هۆی جبریلەوە لـــە تۆ نزیک دەبمەوە ...هتـــد . ئیبن علان لە شـــەرحەکەیدا ئاماژەی بەمە کردووە)) إ.ە.

---

١٥) سلسلة الأحاديث الضعيفة: ١٠٩/٢ .

من دەڵێم: ئەوەی ئەو وتی بریتییە لە شـــیکردنەوەی قسەی پێغەمبەری خوا ﷺو باسکردنی شتێک کە لە دەرونی پێغەمبەردایە ﷺ، ئەگەر نا ئەو چوزانیت دڵـــی پێغەمبەر ﷺ چی لەناودایە تاکو بێـــتو بڵێت: (وەک ئەوە وایە بڵێت)، ئەمە بەهێزی نواندنە بەرامبەر پایەو پێگەی پێغەمبەرایەتی.

پاشان ئەم بەهێزی نواندنەی پاڵپشتکرد بە هۆی ئەوەی وتی ئەمە قسەی ئیبن علانە لە ((شـــرح الأذكار ١٤١/٢)، ئەمە نە ئیبن عەلان وتوویەتیو نە ئەویش ئاماژەی پێکردووە، بەڵکو ئەمە بریتییە لە گۆڕینو دروستکردنو هەڵبەستنی قێزەونو ناشیرین.

فەرموو ئەوە قسەکەی ئیبن علانە لە کتێبی (شرح الأذكار) دا دەڵێت: ((پێغەمبەر ﷺ بۆیە ناوی ئەمانەی بەتایبەتی هێنا – هەر چەندە خوای گەورە پەروەردگاری هەموو شـــتێکە– چونکە لە قورئانو ســـوننەتدا هاو وێنەی ئەمە هاتووە کە درانە پاڵ هەبووە بۆ هەموو ئەو شـــتانەی پلەیـــان گەورەیەو بەڕێزن، ئەمە بۆ ئەو شـــتانە ناکرێت کە بچوکنو بە گچکەیی سەیردەکرێن)) پاشان دەڵێت: ((تەوەسولکردنو نزیکبوونەوە لە خوای گەورە بە هۆی پەروەردگارێتی خوای گەورە بۆ ئەم گیانانە، ئەو پەروەردگارە گەورەیەی کە ژیانی بەدەســـتە ئەوا کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لەسەر بەدەستهێنانی پێویستییەکانو گەیشتن بە ئامانجەکان)) إ.ه.

ئەم قســـەیەی ئیبن علان زۆر باشـــە، تەوەســـولکردن بە پەروەرگارێتی خوا بـــۆ ئەم گیانانەیە نەک بە هۆی گیانەکان، ئەمە بریتییە لە تەوەســـولکردن بە ســـیفەتێک لە ســـیفەتەکانی خوای گەورە، ئەم تەوەسولە لە جۆری ئەو تەوەسولانەیە کە خوا پێی خۆشـــەو لێی ڕازییە، پێغەمبەرەکەشی ﷺ هەڵی

بـــژاردووەو بەکاری هێناوە، بۆیـــە تۆ تەنها شـــوێن پێغەمبەر ﷺ بکەوە، وازبهێنە لەو کەســـانەی لە ناو خراپەدا ڕۆدەچن و حەز لە تێکدانی نێوانیان دەکەن.

خاوەنی کتێبی (مفاهیم) لە ل٦٩ دا سەرەبابەتێکی داناوەو تیایدا دەڵێت:

((مانای تەوەسولی عومەر بە عەببباس))، نووسەر لێرەدا هەموو ئەو وتانەی هەڵگێڕاوەتەوە کەزانایان وتوویانە سەبارەت بە مانای تەوەسول، لە کاتێکدا زانایان پێیان وایە ئەمە تەوەســـولە بە پارانەوە چونکە عەببباس لە توانایدا بوو، (نووســـەر) شـــتێکی ســـەیر دەڵێت گوێی لێبگرە: ((هەر کەسێک وا لە قسەکەی پێشەوای مسوڵمانان تێبگات کە بۆیە تەوەسولی بە عەببباس کردووەو تەوەســـولی بە پێغەمبـــەر ﷺ نەکردووە لەبەر ئـــەوەی عەببباس زیندووبوو پێغەمبەر ﷺ مردبوو؛ ئەوا تێگەیشـــتنی مردووەو لەدەســـتی داوە، هەروەها وەهمو خەیاڵ بەســـەریدا زاڵە، هەورەها بانگەشـــە بۆسەر خۆی کردووە بە دیاردەیەکی دیار، یان بانگەشـــەی بۆ دەمارگیـــری بۆچوونی خۆی کردووە. عومەر تەنها لەبەر ئەوە تەوەســـولی بە عەببباس کردووە چونکە خزمایەتی لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ هەیە ...)).

من دەڵێـــم: ئەمە چەنـــدە ســـەیرەو چەندە ئاســـانە بەڕیـــەرچ بدرێتەوەو ولاّمبدرێتەوە، ئەم قسەیە لەبەر دوو هۆکار نووسەر وتوویەتی:

یەکەم: ئارەزوویەکی نادیار کە لەنێوان دێڕو پیتەکانیدا دیارە.

دووەم: کەمی گەڕان بەدوای ڕاستییەکانو کەمی تێگەیشتن لە مانای داواکردنی باران بارین بە هۆی پیاوچاکانو مێژووەکەی.

بە دروســـتیو صحیح ی هاتووە کە موعاویەی کوڕی ئەو ســـوفیان خوا لێی ڕازی بێت داوای باران بارینی بە ((یەزیدی کوڕی ئەســـوەد)) کردووە، حافزی

بە تواناو دیار یعقوبی کوڕی سفیان لە کتێبەکەیدا (المعرفه والتاریخ ٢/٣٨٠ – ٣٨١) دا دەڵێت: ئەبولیەمان هەوالّی پێداینو وتی: صفوان لە سەلیمی کوڕی عامری خەبائرییەوە هەوالّی پێداین: کە باران لە ئاسمانەوە نەباری – وشکە سالّی بوو – موعاویەی کوڕی سوفیانو خەڵکی دیمەشق چوونە دەر بە مەبەستی داوای باران بارینکردن، کاتێک موعاویە لەسەر مینبەر دانیشتو وتی: کوانێ یەزیدی کوڕی ئەسوەدی جرشی؟ خەڵک بانگیان کرد، یەزیدیش بەناو خەڵکەکەدا هات، موعاویە فەرمانی پێکردو ئەویش چووە سەر مینبەر لای پێیەکانی دانیشت، موعاویە وتی: خوایە ئێمە بە هۆی باشترینو گەورەترین کەس لە ناو ئێمەدا تکات لێدەکەینو لێت دەپارێینەوە، خوایە ئێمە بە هۆی یەزیدی کوڕی ئەسوەدی الجرشی داوا لە تۆ دەکەین. ئەی یەزید دەستەکانت بۆ لای خوا بەرزبکەرەوە، یەزید دەستەکانی بەرزکردەوەو خەڵکیش دەستیان بەرزکردەوە، زۆری نەبرد پەڵە هەورێک لە شێزەی زرێپۆشدا لە خۆرئاواوە دەرکەوت، بای لەگەڵدا هەڵکرد، باران ئەوەندە باری تا وای لێهات نزیک بوو خەڵک نەگەنەوە ماڵەکانیان.

ئیبن سەعد ئەمەی لە کتێبی (الطبقات ٧/٤٤٤) دا باسکردووە، هەورەها ئەبو زرعە لە کتێبی (تاریخ دمشق ١/٦٠٢) دا باسکردووە، ئەم چیرۆکە سەنەدەکەی رێزبەندکراوە بە کۆمەڵێک زانای مەزنی متمانەپێکراو، بۆیە لەوپەڕی دروستیو صحیح ی دایە، ئەمە موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیانە کە یەکێکە لە هاوەڵان – خوا لێی ڕازیبێ – وا لە داوای باران بارین گەیشتووە لە سەردەمی پێغەمبەرﷺ کاتی ژیانیدا کە پێغەمبەر ﷺ داوای باران بارینیان بۆ دەکات. لەو کارەی عومەر بە عەبباسی کرد (خوا لێیان ڕازی بێت) کە عەبباس داوایان بۆ دەکاتو لەسەر ئەم تێگەیشتنە ڕۆیشتو داوای باران بارینو تکای

بە یەزیـــد کرد تاکو بۆیان بپارێتەوە، ئایا یەزیـــد چ خزمایەتییەکی لەگەڵ پێغەمبـــەردا ﷺ هەیە؟ گومانی تێدا نییە کـــە خزمایەتی لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ لە کاتێکدا کەســـەکە باش بێت هۆکاری گیرابوونی پارانەوە، بەڵام تەنها ئەو خزمایەتییـــەی چاکبوونی لەگەڵدا نییە هیچ ســـودێک بە مامی پێغەمبەر ﷺ ئەبو لەهەبو ئەوان ناگەیەنێت.

بەڵکو هۆکاری گەورە بریتییە لە شـــوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ، ئێمە شـــوێن تێگەیشـــتنی هاوەڵان دەکەویـــن، هەروەها لەگەڵ تێگەیشـــتنی جێنشـــینە ڕێنماییکراوەکاندا ین، تێگەیشـــتنی ئەو کەســـانەش وەلا دەنێین کە بە هەواو ئارەزوو شتەکان لێک دەدەنەوە، سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان.

لە ل٦٥ دا سەرە بابەتێکی داناوەو تێیدا دەڵێت: ((تەوەسولکردنی پێغەمبەر ﷺ بە ڕەوایـــی خۆیی و ڕەوایی پێغەمبەران و پیاوچاکان))، پاشـــان بەڵگەی بەم فەرموودەیە هێناوە کە پێغەمبەر ﷺ فاتیمەی کچی ئەســـەدی دایکی عەلی خوا لێی ڕازی بێت خســـتە ناوگۆڕ، کە لە فەرموودەکەدا هاتووە: ((خۆشـــبە لە دایکم فاتیمەی کچی ئەسەد خۆشبە بەڵگەی بخەرە سەر زوبان، مانی بۆ فراوان بکـــە (داوا دەکەم لە تۆ خوایە) بە هۆی ڕەوایی پێغەمبەرەکەتو پێغەمبەرانی پێش من)). دەڵێت:

((تەبەڕانی لە (الکبیر والأوسط) دا گێڕاویەتییەوە، لەسەنەدەکەدا روحی کوڕی صلاح هەیە کە ئیبن حبانو حاکم بە متمانەداریان داناوە، لاوازییەکی تێدایە، ســـەرجەم پیاوەکانی تری پیاوی (صحیح)ن، (بە هەمان شـــێوە باسکراوە لە کتێبی مجمع الزوائد ج٩ ص ٢٥٧).

تەبەرانی لە ئەوسەت و کەبیر گێڕاویەتییەوە بە سەنەدێکی باش.

ئیبن حبانو حاکم گێڕاویانەتەوە لە ئەنەسەوەو بە صحیح یان داناوە.

ئیبن ئەبی شەیبە لە جابری گێڕاوەتەوە.

ئیبن عبدالبر لە عبدالله ی کوڕی عەبباسەوە گێڕاویەتییەوە.

هەندێکیان بۆچوونیان جیاوازە لەسەر روحی کوڕی صلاح کە یەکێکە لە گێڕەرەوانی فەرموودەکە، بەڵام ئیبن حبان لە چینی متمانەپێکراون باسیکردووە، حاکم وتوویەتی: متمانەپێکراوەو ئەمینداڕە، هەردووک حافزەکان فەرموودەکەیان بە دروستو صحیح داناوە. هەیسەمی بە هەمان شێوەی وتووە لە کتێبی (مجمع الزوائد)، هەروەها ئیبن عبدالبر بە هەمان شێوەی گێڕاوەتەوە لە ئیبن عباسەوە، هەوروەها ئیبن ئەبی شەیبە لە جابرەوە گێڕاویەتییەوە.

هەروەها دەیلەمیو ئەبو نەعیم گێڕاویانەتەوە، هەموو ڕێچکەکانی یەکتر دەگرنو یەکتر بەهێز دەکەن. إ.ە.

ئەمە کتێبی خاوەنی (مفاهیم)ە وەکو خۆی هێناومەو کتێبەکەم درێژ کردەوە بە هۆی قسەی ئەم پیاوە تاکو چەند شتێک بۆ ئەو کەسانە دەربکەوێت کە ئەم کتێبە دەخوێننەوە:

یەکەم: کەم ئاشنابوونی بە زانستی تخریجو بنەماکانی.

دووەم: دژیەکی قسەکانی تەنانەت لە چەند دێڕێکی نزیک یەکو لە چەند شوێنێکدا:

لەوانە: لە سەرەتای قسەکانی کە لە کتێبی هەیسەمییەوە هێنابووی کە تیایدا جەخت لەسەر لاوازی فەرموودەکە دەکاتەوە، پاشان لە کۆتایی وتەکانیدا دەڵێت: هەیسەمی بە (صحیح)ی داناوە. چۆن نووسەر گومانی ئەوە دەبات کە هەیسەمی پێی دروستە لە کاتێدا ئەو سەبارەت بە روح دەڵێت (لاوازی

تێدایە)، هەیسەمی ئەم قسەیەی کردووە لە ناو ئەو دەقەدا کە تیایدا باسی ئەوانەی تێدایە کە ئەم پیاوە بە متمانەدار دادەنێو ئەویش بەدوایاندا ئەم قسەیە دەکات.

پاشان ئەو قسەیەی نووسەر کە دەڵێت پیاوەکانی پیاوی (صحیح)ن ئەو کاتە مانای دروستی فەرموودەکە دەدات کە سەرجەم پیاوەکان پیاوی (صحیح) بن و راویەکانی متمانەپێکراو بن، ئەمانە هیچ هۆکاریک نین بۆ دروستێتی سەنەدەکەو حوکم دان لەسەری بەوەی کە (صحیح)ە ئەی چۆن دەبێت کاتێک فەرموودەکەی هەموو پێ (صحیح)و دروست بکرێت.

لەوانە: ئەو دەڵێت: بە سەنەدێکی باش گێڕاویەتییەوە، پاشان دروستێتی و (صحیح)ی فەرموودەکە لە هەمان ئەو ڕێگایەوە باسدەکات کە ئەو پێی وتبوو سەنەدێکی باشە.

لەوانە: دەڵێت دەیلەمیو ئەبو نعیم گێڕاویانەتەوە، بەڵکو ئەوان لە ڕێگەی روح ئەم فەرموودەیان گێڕاوەتەوە، (نووسەر بۆیە ئەمەی باسکرد) تاکو ڕاستی بشارێتەوەو وا پیشان بدات کە ئەم فەرموودەیە لە چەند ڕێگەیەکی زۆرەوە هاتووە.

سێیەم: دوو جار ڕیوایەتی ئیبن ئەبی شەیبەو ئیبن عبدالبر دووبارە دەکاتەوە، نازانم بۆ وایکردووە، بەڵام (دیارە) ئەو دەیهەوێت باسەکە درێژە بکێشێت. دەستەواژەی نووسەر لەم فەرموودەیەدا زۆر شڵەژاوەو دووبارەی زۆر لە دەقەکانیدا بەدی دەکرێت، ئەم قسانە ڕێکو پێک نینە هەروەکو بە ئاسانی دەردەکەوێت بۆ ئەو کەسەی بەس بیانخوێنێتەوە چ جای لێیان وردبێتەوەو تێیان بفکرێت. باشە چۆن دەبێت ئەوانەی پێداچوونەوەیان بۆ ئەم کتێبە کردووەو پێشەکییان بۆ نووسیوە ئاگادار نەبووبێتن لەم شڵەژانەو ئاگاداریو

هۆشیاریان نەدابێت، تەخریجکردنی فەرموودەکە:فەرمووەی ئەنەس کە باسکرا: تەبەرانی لە (الأوسط ١٥٢/١ – ١٥٣)و لە (المعجم الكبير ٣٥٢/٢٤)و ئەبو نعیم لە (الحلیه ١٢١/٣) دا باسیکردووە.

لە رێگەی روحی کوڕی صلاح، سفیانی سەوری هەواڵی پێداین لە عاصمی ئەحوەلەوە ئەویش لە ئەنەس وەریگرتووە، لەم سەنەدەدا روحی کوڕی صلاح هەیە کە دارەقوتنی بە لاوازی داناوە، زەهەبی لە بارەیەوە دەڵێت: دارەقوتنی کەسێک بە لاواز دانانێت مەگەر بێ چارە بێت (لەبەر لاوازیان چارەسەر نەکرێت)!.ە، موناوی لە کتێبی (فیض القدیر ٢٨/١) ئەمەی لە زەهەبییەوە باسکردووە، هەروەها ئیبن عدی بە لاوازی داناوە لەگەڵ ئیبن ماکولا کە دەڵێت: ((زانایانی فەرموودە بە لاوازیان داناوە)، ئیبن یونس لە کتێبی (تاریخ الغرباء) دا دەڵێت: چەندین فەرموودەی منکرو لاوازی لێوە گێڕدراوەتەوە، بەڵام ئەو تەوسیقەی ئیبن حبان کردوویەتی (کە ئەم پیاوە بە متمانەپێکراو دەزانێت) ئەوا لەسەر ئەو بنەمایەی خۆیەتی کە هەمیشە پەیرەوی دەکات کە بریتییە لە متمانەکردن بە کەسانی نەناسراو، لە کتێبەکەی (الثقات) دا لە ژێر ژیاننامەی روح دا دەڵێت: روحی کوڕی صلاح خەڵکی میسرە، لە یەحیای کوڕی ئەیوبو خەڵکی ولاتەکەی فەرموودە دەگێڕێتەوە. محمدی کوڕی إبراهیم ی بوشنجی و خەڵکی میسر لەم پیاوەوە فەرموودە دەگێڕنەوە))!.ە. (٢/١٣٢/٢ بە گوێرەی ڕیزبەندی نوسخەکەی دار الکتب)ە، ئەمە بە ئاشکرایی دیارە کە نەناسراوەو نەزاندراوە، نابێت ئبن حبان بخرێتە سەر ئەو کەسانەی ئەم پیاوەیان بە متمانەدار داناوەو ژمارەیان پێ زیادبکرێت، (حاکم)یش قوتابی ئیبن حبانە، لەوانەیە ئەم متمانەپێکردنەی لە (مامۆستاکەی) وەرگرتبێت.

هەر کەسێک لاواز بێت هەرگیز فەرموودەی لێوەرناگیرێت، چ جای ئەگەر

بێت و تەنیا ئەم فەرموودەیە باسبکات و بیگێڕێتەوە، ئەم فەرموودەیەش هیچ یەکێک لە هاوەڵانی سوفیان نەیانگێڕاوەتەوە بۆیە تەبەرانی لە کتێبی (الأوسط) دا کە ئەبو نەعیم لە (الحلیە) دا لەوی وەرگرتووەو دەڵێت: ((تەنها روحی کوڕی صلاح باسیکردووەو گێڕاویەتییەوە))، شتێکی زاندراوە کاتێک لاوازێک تەنها فەرموودەیەک بگێڕێتەوە ئەوا فەرموودەکەی دەبێت بە (منکر)، هەروەکو زەهەبی لە کتێبی (المیزان) دا لە ژێر ژیاننامەی ئیبن المدینی دا وایفەرموەو پێشتریش ئاماژەی پێکراوە.

قسەی نووسەر: ((ئیبن حبانو حاکم گێڕاویانەتەوەو بە صحیح یان داناوەو لە ڕێگەی ئەنەسەوە ریوایەتیان کردووە)).

ئەم جۆرە تەخریجکردنە لایەن حافزە بەناوبانگو زاناکانەوە باسنەکراوە (ئیبن حجر) لە (إصابە) دا باسینەکردووە، سیوطی لە (الجامع الکبیر) دا نەیهێناوە، هەرچی پەیوەندی بەم بابەتەوەیە موتتەقی هیندی لە کتێبی کنز العمال دا هێناویەتی بەڵام باسی ئەو کەسەی نەکردووە کە بەم شێوازە تەخریجی دەکات، بەڵکو نووسەر بە قسەی (الکوثري) هەڵخەڵەتاوە، چونکە ئەو بەم شێوازە تەخریجی کردووەو لێدوانی لەسەر داوە لە (مقالات)ەکانیدا ل٣٩١، حاڵی ئەم پیاوەش دیارەو ڕوونە کە چەندە ڕاستییەکان پەردەپۆش دەکات هەروەکو لە کتێبی (التنکیل) کە عبدالرحمن المعلمی الیمانی نوسیویەتی دیارەو دەزاندرێت، قسەی نووسەر کە دەڵێت: ((بە هەمان شێوە ئیبن عبدالبر لە ئیبن عباسەوە گێڕاویەتییەوە)).

ئەمە پەردەپۆش کردنێکی لەڕادەبەدەرە، ڕیوایەتی ئیبن عباس باسی تەوەسولکردنی پێغەمبەریﷺ تێدا نییە بە ڕەوایەتی خۆیو پێغەمبەران، ئەم

وتانە لە ڕیوایەتەکەی ئیبن عباسدا نییە، (باشە) بۆچی خاوەنی کتێبی (مفاهیم) ئەوەندە ڕاستییەکان لە پێش چاوی خوێنەری کتێبەکانی دەشێوێنیتو دەیان شـــارێتەوە، ئایا دەیهەوێت شتێک بهێنێتە کایەوە کە نەبووەو باسنەکزاوە، هێنانی ئەو ڕیوایەتانەی دەبن بە شـــایەتو پاڵپشت بۆ ڕیوایەتەکانی تر لای زانایان ماناکەی بەم شـــێوەیە: شاهیدەکە بەڵگە دەبێت بۆ ئەو سەرەبابەتەی شاهیدەکەی لەژێردا باسکراوە، ئەمەش هیچ بوونێکی نییە لای خاوەنی کتێبی (مفاهیم)، وەکو ئەوە وایە (نووسەر) مەبەستێکی شاراوەی هەبێت، هەروەها هەوڵبدات دزەبکات بۆ چەسپاندنی (ئەو شـــتەی خۆی بڕوای پێیە)، فەرموو ئەمە قسەی (ئیبن عبدالبر)ە لە کتێبی (الاستیعاب ١٨٩١/٤)، دەڵێت: ((سەعدانی کوڕی وەلیدی سابری لە عەتائی کوڕی ئەبی ڕەباحەوە دەگێڕێتەوە ئەویش لە ئیبن عەباسەوە گێڕاویەتییەوە کە فەرموویەتی: کاتێک فاتیمەی دایکی عەلی کوڕی ئەبو تالیب کۆچی دوایی کرد پێغەمبەری خوا ﷺ پۆشـــاکی خۆی لەبەر کردو لەگەڵیدا ڕاکشا لەناو گۆڕەکەیدا، وتیان: ئێمە نەمان بینیویت ئەم کارە بەرامبەر بە هیچ کەســـێک بکەیت، ئەویش فەرمووی ﷺ: لە دوای ئەبو تالیب هیچ کەســـێک ئەوەندەی ئەم ئافرەتە بۆ من باشـــنەبووە، بۆیە بەرگی خۆم بەبەردا کرد تاکو لە خشڵی بەهەشتی بەبەردا بکرێت، بۆیە لەگەڵیدا ڕاکشام تاکو (ئەم ناخۆشیەی) لەسەر سوک بێت))!.ە.

ئەم پشتڕاســـتکردنەوەیە گرێ کوێرەی خاوەنی کتێبی (مفاهیم) مان نیشـــان دەدات کە دوو دزەی کردووە بۆ پۆشینی ڕاستییەکان:

یەکـــەم: ئەو دەڵێت (ئیبن عبدالبر) ڕیوایەتیکـــردووە، تۆش دەبینیت کە ئیبن عبدالبر ڕیوایەتی نەکردووە، بەڵگو باســـیکردووە کە سەعدانی کوڕی وەلید ڕیوایەتیکردووە، جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەم دوو حاڵەتە.

دووەم: کردنە شـــایەتی تەوەســـولکردن بـــە ڕەوایی‌و حەقـــی پێغەمبەرو ﷺ پێغەمبەرانی ترو هێنانی وەک پشتڕاسکەرەوەیەک بۆ ئەو بەڵگەیەی یەکەمجار باســـیکرد لە هەواڵەکەی ئیبن عباس دا باسنەکراوەو نەهاتووە، بۆیە خۆت بپارێزە لەو وتانەی ئەمانە دەینووسن، ئاگادار بە.

خاوەنی کتێبی (مفاهیم) لە ل٦٦ – ٦٧ دا دەڵێت:

((حافز ئەبوبەکـــر بەیهەقی دەڵێت: ئەبو نەصری کوڕی قەتادەو ئەبو بەکری فارســـی هەواڵیان پێم داو وتیان: ئەبو عومـــەری کوڕی مطر هەواڵی پێداین، وتی ئیبراهیمی کوڕی عەلـــی زوهەلی هەواڵی پێداین، ئەویش وتی: یەحیای کوڕی یەحیـــا هەواڵی پێداین‌و وتی: ئەبو موعاویە لە ئەعمەشـــەوە ئەویش ئەبـــو صالحەوە لە مالکـــەوە هەواڵی پێداین کەوتوویەتی: خەڵک لەســـەر دەمی عومەری کوڕی خەتتابدا تووشـــی بێبارانی‌و وشکەسالّی هاتن، پیاوێک هاتـــە خزمەت گۆڕی پێغەمبەرو ﷺ وتی: ئەی پێغەمبـــەری خوا داوای بارانە بـــۆ ئوممەتەکەت لە خوا بکە ئەوان وا خەریکـــە بەهیلاک دەچنو تێداچوون. پێغەمبەری خـــوا ﷺ هاتە خەونی ئەم پیاوەو پێی وت: « برۆ بۆ لای عومەرو ســـەلامی منی لێبکەو پێیان بڵێ کە ئەوان بارانیان بۆ دەبارێندرێت، هەورەها پێی بڵێ با گرنگی بە (الکیـــس)[١٦] بدات)) پیاوەکە هاتە خزمەت عومەر کوڕی خەتتابو پێـــی وت، عومەر وتی: پەروەردگارا من بێتاقەت نابم لە داوا کردن مەگەر لە شـــتێکدا کە لە توانامدا نییە, ئەم ســـەنەدە صحیحو دروستە، ئیبن کەسیر هەمان ئەم قسەیەی کردووە لە کتێبی (البدایة والنهایة ج٧ – ص٩١)[١٧] ، لە ژێر بابەتی (ئەو ڕووداوانەی لە ساڵی ١٨ دا ڕوویانداوە)، إ.ە.

١٦) الکیّس: لە زمانی عەرەبی بە کەسی تێگەیشتوو زیرەک دەوترێت.
١٧) لە نوسخەی سەرەکی کتێبی (مفاهیم) نووسراوە ج١، ڕاستییەکەی ج٧، ئەم هەڵەیە لە لاپەرە ٧٧ بە هەمان شێوە دووبارە بۆتەوە، ئەمە وەکو ئەوە وایە هەڵەی چاپ نەبێت.

من دەڵێم: لێرە دوو لێدوان هەیە کە پێویستە باسی لێوە بکرێت:

یەکەم: ئیبن کەسیر پێش ریوایەتەکەی بەیهەقی ریوایەتی سەیفی هێناوە کە تیایدا باسی ئەوە دەکات عومەر خوا لێی ڕازی بێت چووە سەر مینبەرو بە خەڵکی وت: سوێندتان دەدەم بەو خوایەی ئیوەی ڕێنمایی کردووە بۆ لای ئیسلام دەبێت پێم بڵێن ئایا ئێوە شتێکتان لە من بینیوە پێتان ناخۆش بێت؟ ئەوانیش وتیان نەخێر، بەڵام بۆچی؟

ئەویش هەواڵی قسەکەی موزەنی پێ ڕاگەیاندن کەناوی بیلالی کوڕی حاریسە. ئەوانیش تێگەیشتنو تێنەگەیشتن، وتیان: بەڕاستی تۆ دواکەوتی لە داواکردنی باران بارین، داوای باران بارینمان بۆ بکە. إ.ە.

مەبەست لێرە ئەوەیە: کە ئەم ڕیوایەتە ڕوونکەرەوەی ئەو قسەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((ئەوەندەی کە من تۆم ناسیبێت (ئەی عومەر) تۆ کەسێکی خاوەن وەفای بەرامبەر بەڵێنەکانتو پابەندی بەو عەقدانەی دەیانبەستیت، گرنگی بە زیرەکیو هۆشمەندی بدە))، من ئەوە دەڵێم سەرەڕای لاوازی ئەم ڕیوایەتە، بۆ ئەوەی مەبەستی ئیبن کەسیر دەربخەم لە هێنانی ئەم دوو ڕیوایەتە لاوازە، کاتێک ئەمە ڕوون بۆوە گەورەیی زانستی ئیبن کەسیر دەردەکەوێتو دەزاندرێت ڕەحمەتی خوای لێبێت، لە کاتێکدا هاتووە ڕیوایەتەکەی بەیهەقی دووەم جار باسکردووە، ئەو ڕیوایەتەی کە هی سەیفەو بە درێژی باسی مانای (الکیس) دەکات یەکەمجاری باسکردووە، بۆیە لەمە وردبەرەوە، لێرەدا مەبەستی زانا ناوداڕەکانمان بۆ دەردەکەوێت لە چۆنییەتی حوکمدانیان.

دەوترێت: عومەر دواکەوت لە داوای باران بارین لە کاتێکدا داواکردنی

بـــاران بارین (نوێژە بارانە) یەکێکە لەو پەرستشـــە ڕێگەپێدراوانەی خوا پێی خۆشە، چونکە زەلیلی‌و ملکەچی تێدایە لەبەردەمی خوای گەورەدا، هەروەها دەبێتـــە مایەی خۆبەکەمگرتـــن بەرامبەر خوای گـــەورەو (وا دەکات) دڵەکان بەڕاستی‌و بە دڵسۆزانە ڕووبکەنە خوای گەورە بە مەبەستی لادانی ناخۆشی‌و نەهامەتییەکانی، دواکەوتنی عومەر لە پەنابردن بۆ خوای گەورە هۆکار بوو بۆ ئەم پەنابردنە ڕێگە پێنەدراوە.

هـــەر لەبەر ئەمەیە هیچ یەکێک لە هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ ئەو کارەیان نەکرد کـــە ئەم پیاوە کردی؛ کە هات بۆلای گـــۆڕی پێغەمبەروﷺ ئەوەی وتی وتی، بەڵکـــو ئەوان بارانیان بۆ باری بە هۆی ئـــەو داوای باران بارینەی کردیان، نەک بە هۆی ئەو قسە نادروستەی پیاوەکە کردی، بۆیە ئاگاداری ئەمە بە.

دووەم: ئەو ڕیوایەتەی ئیبن کەســـیر هێناویەتـــی لە ڕیوایەتی بەیهەقییە کە لە (دلائل النبوه) دا هێناویەتی‌و چەندین نەخۆشـــی تێدا کە فەرموودەناسان دەریان خستووە:

١. ئەعمەش لێـــرەدا بە (عن) فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە، لەکاتێکدا ئەعمەش کەســـێکی (مدلس)ە، ئەو کەسەی موددەلیس بێت (لای زانایانی فەرموودە) فەرمـــوودەی لێوەرناگیرێت مەگەر بڵێت (ثنا یـــان أخبرنا) هەواڵی پێدام یان هاو وێنەی ئەمە. بەڵام کە وتی (قال یان عن) ئەوا لێی وەرناگیرێت، چونکـــە گومانی ئەوەی لێدەکرێت لە کەســـێکی لاوازی وەرگرتبێت ئەگەر بێتو باســـی بکات فەرموودەکەی پێ لاواز بێت، هەروەکو ئەمە زاندراوەو (ڕوونکراوەتەوە) لە ناو زانســـتی زاراوەکانی فەرموودە، سەرەڕای ئەمە ئەعمەش لە چینی دووەمی موددەلیسەکانە لای ئیبن حجر.

٢. ئـــەو (مالـــک)ەی لـــە ڕیوایەتەکەدا باســـکراوە بریتییە لـــە کۆڵەکەی

ڕیوایەتەکە، ئەو کەسێکی نەناسراوە، بوخاریو ئیبن ئەبی حاتم باسیان کردووە، نە(تجریح) نە (تعدیل) یان نەکردووە، ئەم پیاوە نەناسراوە، نەناسراویش فەرموودەی لێوەرناگیرێت، ئیبن کەسیر بۆیە سەنەدەکەی بە صحیحو دروست داناوە چونکە ئەو لەسەر شێوازو بەرنامەی خۆی دەڕوات کە بریتییە لە متمانەپێکردن بەو کەسانەی نەناسراون لە گەورە تابعینەکان، هەروەکو ئەمە زاندراوە لە تەفسیرەکەیدا و ئاشکرایە (بۆ ئەو کەسەی بەدوای حوکمەکانیدا بگەڕێت)، کاتێک ئەم پیاوە نەناسراو بێت ئێمە نازانین مێژووی مردنی کەیە.

٣. ئەبو صالح کە ناوی زەکوانەو لە مالیکەوە دەگێڕێتەوە نەزاندراوە ئایا گەیشتووە بە مالیک یان لێی بیستووە یان نا، چونکە ئێمە نازانین کەی مالیک مردووە، هەروەها بە (عن) فەرموودەکەی لە کەسانی تر گێڕاوەتەوە، ئەمە گومانی پچڕانی لێ دەکرێت نەک تەدلیس.

٤. تەنها گێڕانەوەی ئەم فەرموودەیە لەلایەن ئەو کەسەی کە ناوی (مالک)ەو نەناسراوە لە کاتێکدا ئەمە ڕووداوێکی گەورەیەو خەڵک هەمووی بە گەورەو مەزن سەیری دەکەنو ڕەنگی عومەری کوڕی خەتتاب بە هۆیەوە ڕەش هەڵگەڕا، ئەو هۆکارەی بووە بە مایەی لادانو چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەر لەوەی گەورەکان هان بدات بۆ گێڕانەوەو باسکردنی تەنانەت بچوکەکانیش دەیگێڕنەوەو دەیگوازنەوە بۆ جیلی دوای خۆیان، هەر وەکو چۆن برسێتییەکەی سااڵی ڕەمادەیان گێڕایەوەو باسکرد. لەوانەیە ئەمە تەنها گومانێک بێت بردبێتی.

نووسەر لە ل٦٧ قسەی ئیبن حجر لەسەر ئەم ڕیوایەتە باسدەکاتو دەڵێت: ((ئیبن ئەبی شەیبە بە سەنەدێکی صحیحو دروست گێڕاویەتییەوە بە پێی ڕیوایەتی صالح سەممان کە لە (مالک)ی داری وەرگرتووە کە ئەم پیاوە خەزنەداری عومەر بووە ..)) ئەمجا فەرموودەیەکی وەک فەرموودەکەی بەیهەقی باسکرد.

خاوەنی کتێبی (مفاهیم) دەڵێت: ((ئیبن حجری عەسقەلانی ئەم فەرموودەیەی هێناوەو سەنەدەکەی بە صحیحو دروست داناوە هەروەکو لە پێشەوە باسکرا، (ئیبن حجر) ئەو کەسەیە (کە ناسراوە بە زانستو ڕێزی تایبەتی هەیە)و پلەو پایەی دیارە لە ناو حافزانی فەرموودە کە پێویست ناکات ڕوونکردنەوەی لەسەر بدرێتو زۆر بە درێژی باسی لێوە بکرێت)) إ.ە.

من دەڵێم: پلەو پایەی ئیبن حجر جێگای مشتو مڕ نییە، ئەو پیاوە کەسێکی ناودارو خاوەن ڕێزو شکۆیەو (جێ دەستی دیارە) لە زانستی فەرموودەدا، بەڵام لێرە باسەکە لەسەر تێگەیشتنی کەسێکە کە خۆی دەداتە پاڵ زانست، لە مانای وشەکانی ئیبن حجر تێناگات پەیان پێ نابات.

حافزی خاوەن ڕێزو شکۆو زانا ئیبن حەجەر هەرگیز بە ڕەهایی سەنەدەکەی بە صحیح و دروست دانەناوە، هەروەکو خاوەنی کتێبی (المفاهیم) بۆی چووەو گومان دەبات، بەڵکو وتوویەتی: ((بە سەنەدێکی صحیحو دروست لە ڕیوایەتی ئەبو صالحی سەممان لە مالیکی دار ...)) إ.ە، ئەمە مانای وایە کە ئیبن حجر سەنەدەکەی بە صحیح داناوە تاکو ئەبو صالحی سەممان، ئەو پیاوانەی تر کە باسکراون لە سەنەدەکەدا نەیوتووە صحیحو دروستن، لەکاتێکدا ئەمە دیارو ئاشکرایە لای زانایان، جیاوازی هەیە لە نێوان ئەم قسەیەو ئەوەی کە بیوتبایە: ((بە سەنەدێکی صحیح مالیکی دار وتوویەتی

...))، لێرەوە دەردەکەوێت کە قســـەی ئیبن حجر نابێتە بەربەست لەبەردەم ئەو دوو لاوازییانەی کە فەرموودەکە بە هۆیانەوە لاواز دەبێت.

یەکەم: نادیاری مالیکی دار.

دووەم: گومانی پچڕان لەنێوان ئەبو صالحی زەکوانو مالیکی دار.

کاتێک ئەمە چەســـپا ئەو کاتە دەزاندرێت گەورەیی قسەی ئیبن حجر بەسەر قســـەی ئبن کەسیردا چەندە کە پێشتر باســـکرا، لەمەوە لاوازی فەرموودەکە بەدیار دەکەوێت.

پاشـــان من ئەوەم ڕوونکردۆتەوە هەرەها هۆشداریم دا لەسەر ئەوەی کە ئەم فەرموودەیە هیچ بەڵگەو پاســـاوێکی تێدا نییە لـــە دەقەکەیدا، ئەوەش بەوە دەبێـــت کە کاتێک گیانەکان ســـەلامەت بوون، هەورەهـــا ڕازی بوون بەوەی بنەماکانی زانایان بکەنە بەرنامەی ژیانیان بۆ گەیشـــتن بە ڕاستیو ڕەوایی، (ئەو کاتە) ئەو کەسەی کە وانییە زانایان هیچ گرنگی پێنادەن، هەروەها هیچ قورساییەکی بۆ دانانێن.

ڕیوایەتی سەیف لە (الفتوح): خاوەنی کتێبی (مفاهیم) لە ل٦٧ دا دەڵێت: ((لە ڕاستیدا سەیف لە (الفتوح) دا گێڕاویەتییەوە کە ئەو کەسەی لەو خەوەدا ئەم ڕووداوەی بینی بیلالی کوڕی حارسی موزەنی بوو کە یەکێک بوو لە هاوەڵان. ئیبن حجر دەڵێت: سەنەدەکەی صحیحو دروستە إ.ە. (فتح الباری ص٤١٥ ج٢).

دەڵێم: ئەمە درۆیەکی ئاشـــکرایە بەناوی ئبن حجرەوە دەیکات، قسەی سەیف تا ئەو شوێنەیە کە دەڵێت: یەکێکە لە هاوەڵان، بەڵام ئەو قسەیەی کە دەڵێت: ئیبن حجر وتی: سەنەدەکەی صحیحو دروستە ئەوا یەکێکە لە هەڵبەستەکانی خاوەنـــی کتێبی (مفاهیـــم) کە بەدەم حافز ئیبن حجرەوە هەڵی دەبەســـتێت،

سەیرکە چۆن هەڵسوکەوت دەکاتو چۆن بە خراپی مامەڵە دەکات.

ئیبن حجر چۆن سەنەدێک بە صحیح دادەنێت کە سەیف لە (الفتوح) دا هێنابێتیو بیگێڕێتەوە لەکاتێکدا ئیبن حجر ئەو کەسەیە کە سەبارەت بە سەیف لە کتێبەکەی (تقریب التهذیب) دا دەڵێت: ((لاوازە لە فەرموودەدا))، هەر کەسێک ئەمە حاڵی بێت تەنانەت لەو سەنەدانەش پشتی پێنابەستریت کە وەک شایەدو موتابەعە دەیان هێنێت هەروەکو ئەمە زاندراوە لە زاراوەی ئیبن حجر، ئیبن حجر ئەمەی لە سەرەتای کتێبەکەیدا باسکردووە، دوای ئەو بابەتەی لە پاش ئەم بابەتەوە دێت باسی قسەی زانایان سەبارەت بە سەیف دێت (قسەی لەسەر دەکرێت).

بۆچی خاوەنی کتێبی (مفاهیم) بە ئەنقەست درۆ دەکات، بە ئەنقەست درۆکردنی دیاردەیەکی ناشیرینەوە بە (خراپەیەکی) گەورە لەسەری دەوەستێت، لە کتێبی (المشروع الروی فی مناقب آل أبي علوي ٥٨/١) دا دەڵێت: ((ڕەفتاری نەشیاو لە بنەماڵەی پێغەمبەر ﷺ نەشیاوترە لە خەڵکانی تر، هەر لەبەر ئەوە بوو عەبباس بە کوڕەکەی (عبدالله) خوا لێیان ڕازی بێت وت: ئەی کوڕەکەم درۆکردن ئەوەندەی لەمنو تۆو بنەماڵەی تۆ ناشیرینو ناپەسندە لە هیچ کەسیتر ئەوەندە ناشیرنو ناپەسند نییە)) إ.ه.

لە ل٦٧ دا دەڵێت:

((ئیبن کەسیر وتوویەتی: دروشمی مسوڵمانان لە ڕووداوی یەمامە بریتی بوو لە محمد)).

دەڵێم: ئیبن کەسیر ڕەحمەتی خوای لێبێت ئەم ڕووداوەی لە ناو چیرۆکێکی دوورو درێژدا سەبارەت بە جەنگەکە باسکردووە، قسەی هەر یەکە لەوانەی چیرۆک دەگێڕنەوە تێکەڵ بووە بە ئەوی تریان. بەڵام هەوالّی ئەم دروشمە ئیبن جەریر لە کتێبی (تاریخ الأمم والملوک ٢٩٣/٣) دا گێڕاویەتییەوە، دەڵێت: بۆ سەری نووسراوە لە لایەن شوعەیب لە سەیف ئەویش لە (ضحاک) ی کوڕی یەربوعی وەرگرتووە ئەویش لە باوکی وەرگرتووە ئەویش لە پیاوێکی وەرگرتووە کە لە کوڕانی سەحیم بووە ...)) ئەمجا چیرۆکەکە باسدەکاتو ئەم دروشمەشی تێدایە.

دەڵێم: ئەم سەنەدە (مظلم)ە[١٨]، هەرگیز نەبووە بابەتی بیروباوەڕی بەڵکو بابەتەکانی تری وەکو ئەحکامەکانی شەریعە (فقە)یش لە کتێبەکانی مێژووەوە وەرنەگیراوە، بەڵکو ئەم کتێبانە تەنها چیرۆک دەگێڕنەوە بۆ پەند وەرگرتن، بە هەمووی پێکەوە بەڕاست دادەندرێت نەک یەک یەکە، بۆیە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەڵێت: سێ شت هەیە هیچ بنەمایەکییان نییە لەوانە باسی جەنگەکانی کرد ...))، لاوازی ئەم سەنەدە لە سێ ڕووەوەیە:

یەکەم: سەیف کە ئیبن عەمری پێدەڵێنو نووسەری کتێبی (الفتوح) هەروەها (الردە)یە فەرموودە لە کۆمەڵێ خەڵکی نەناسراوەوە دەگێڕێتەوە.

زەهەبی لەبارەیەوە لە کتێبی (میزان الإعتدال ٢٥٥/٢) دا دەڵێت: مطین لە یەحیاوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: فلسێک باشترە لە ئەو، ئەبو داود دەڵێت: هیچ نییە. ئەبو حاتم دەڵێت: وازی لێ هێندراوە. ئیبن حبان دەڵێت: تۆمەتبارکراوە بەوەی کە زندیقە. ئیبن عەدی دەڵێت: زۆربەی فەرموودەکانی (منکر)ن)).إ.ە.

---

١٨) جۆرێکی لاوازییە لە فەرموودەدا.

دووەم: ضەحاکی کوڕی یەربوع: ئەزدی دەڵێت: فەرموودەکانی ڕاستو ڕەوا نین.

من دەڵێم: ئەو لەو نادیارانەیە کە سەیف تەنها لێیەوە فەرموودە دەگێڕێتەوە.

سێیەم: نادیاری یەربوع و پیاوەکە و سحیمی.

هەر یەکێک لەم نەخۆشییانە فەرموودەکە لاواز دەکەن، چۆن وانابێت لەکاتێکدا ئەمە لە ڕیوایەتی سەیفی کوڕی عومەرە، زانیت چی لەبارەوە وتراوە داوای سەلامەتی لە خوا دەکەین.

هێنرانی وێنەی ئەم جۆرە هەواڵە لاوازانە لە لایەن ئیبن جەریرەوە نابێتە مایەی ئەوەی سەرکۆنە بکرێتو لەسەری حیساب بکرێت، هەروەها ئەمەی ئبن جەریر هێناویەتی مێژوو نووسانی تریش لێیانەوە وەرگرتووەو باسیان کردووە، لە ڕاستیدا ئیبن جەریر ڕەحمەتی خوای لێبێت لە پێشەکی کتێبەکەی (تاریخ الأمم والملوک ١/٨) دا دەڵێت: (کە ئەمە دەقەکەیەتی): لەم کتێبەیِ ئێمەدا ئەگەر هەواڵێک هەبوو سەبارەت بە هەندێک لەو کەسانەی لەمەوبەر ژیاونو بووە مایەی ئەوەی خوێنەر پێی خراپ بێتو بەلایەوە ناپەسندو نامۆ بێت، یان بیسەر بە ناڕێکی دابنێت لەبەر ئەوەی هیچ بەلای ڕاستیدا نییەو ڕێکار نییە بۆ ئەوەی ڕاست بێتو هیچ واتایەکی ڕاست نادات لە ڕاستیدا: ئەوا با بزانێت ئەمە لە لایەن ئێمەوە نەکراوە، بەڵکو ئەمە لە لایەن چەند کەسانێکەوە پێمان گەیشتووە کە گوازەرەوەی ئەم جۆرە هەواڵانەن، ئێمەش بەو شێوەیە باسمانکردووە کە پێمان گەیشتووە)) قسەکەی کۆتایی هات.

خاوەنی کتێبی (مفاهیم) بە گومانی خۆی بەڵگەی بۆ دروستێتی تەوەسول بە حەقی پیاوچاکان بە فەرموودەی ئەبو سەعیدی خدری هێناوەتەوە کە لە کتێبەکەیدا باسیکردووە ٦٥ – ٦٦، دەقەکەی بەم شێوەیە هێناوە:

((هەر کەسێک لە ماڵەوە دەربچێت بەرەو نوێژ (ی جەماعەت لە مزگەوت)

هەروەها بڵێت: خوایە داوا لە تۆ دەکەم بە حەقو ڕاستێتی ئەو کەسانەی داوا لە تۆ دەکەن، بە حەقی ئەو ڕۆیشتنەی من، من بە مەبەستی خراپەو شەڕەنگێزی‌و ڕیاو بۆ مەبەستی باسکردنی خەڵک نەهاتوومەتە دەر ... فەرموودەکە))

دەڵێم: نووسەر کەمتەرخەمیکرد لە حوکمدان لەسەر فەرموودەکەو سەیرکردنی سەنەدەکەی کە ئەمە نەریتی خۆیەتی، فەرموودەکە ئیمامی ئەحمەد لە (المسند ٢١/٣) دا گێڕاویەتییەوە، هەروەها ئبن ماجە لە سونەنەکەیدا گێڕاویەتییەوە (٢٥٦/١)، ئیبن سوننی لە(عمل الیوم واللیلە ٨٥) دا گێڕاویەتییەوە، ئیبن خزیمە لە کتێبی (التوحید ل١٧) دا ئاماژەی بە تەخریجی فەرموودەکە کردووە لە کتێبێکی تردا، هەموویان لە (فضیل)ی کوڕی مەرزوق لە عطیەی عەوفی لە ئەبو سەعیدی خودری دەیگێڕنەوەو کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی.

<u>ئەمە سەنەدێکی لاوازە لەبەر چەند شتێک:</u>

١. (فضیل)ی کوڕی مەرزوق هەندێک لە زانایان بە متمانە پێکراویان داناوەو هەندێکی تریش بە لاوازیان داناوە، ئەمە یەکێکە لەو شتانەی کە بە عەیب گیراوە لە سەر موسلیم کە فەرموودەی ئەمانەی لە کتێبەکی (صحیح مسلم) دا هێناوە، هەروەکو حاکم دەڵێت (ڕەحمەتی خوای لێبێت): ئیبن حبان زۆر تووند بوو لەسەری‌و وتی: ((– فضیل – لە عطیەوە فەرموودەی هەڵبەستراو دەگێڕێتەوە)).

٢. عطیە ی عوفی: زەهەبی لە کتێبی (المیزان) لە بارەیەوە دەڵێت: ((تابیعییەکی بەناوبانگە، لاوازە ...، ئەحمەد دەڵێت: فەرموودەی لاوازە، نەسائی‌و چەند کەسێک دەڵێن: لاوازە)). إ.ه.

٣. عطیه ســـەرەڕای ئەوەی لاوازە کەســـێکی مودەلیسە، تەدلیسەکەشی زۆر سەرســـوڕهێنەرە، ئەحمەد دەڵێت: پێم گەیشـــتووە کە عطیه دەچێتە لای کەلبی، تەفسیری لێوەردەگرێت، عطیه کونیەی ئەبو سەعیدی بۆ کەلبی دانابوو دەیوت: ئەبو سەعید وتی. إ.ه.

٤. شـــێخ ناصر الدین ئەلبانی لە کتێبی (السلسلة الضعیفة) دا (٣٧/١) ئەم فەرموودەیەی بە لاواز داناوە بە هـــۆ عیللەیەکی تر‌ەوە؛ ئەویش بریتییە لە دروســـتبوونی شـــلەژانو (إضطراب) ی عطیەو مـــرزوق لە ڕیوایەتی فەرموودەکەدا، بەشـــێوەیەک جارێک بە مەرفوعـــی گێڕاویانەتەوە هەر وەکو پێشتر باسکرا، جارێکی تر بە مەوقوفی باسکراوە لەسەر أبوسەعید (واتە: جارێک وتراوە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی، جارێکی تر وتراوە ئەبو ســـەعید وتوویەتی)، هەروەکو چۆن ئیبن ئەبی شەیبە گێڕاویەتییەوە لە کتێبەکەی (المصنف ١/١١٠/١٢)، لە ئیبن مەروقەوە بە مەوقوفی.

لـــە ڕیوایەتی بەغەویدا لە ڕێگەی فضیل دەڵێت: وابزانم بەرزی کردەوەو دایە پاڵ پێغەمبـــەر ﷺ، ئیبن ئەبی حاتم لە کتێبی (العلل ١٨٤/٢) دا دەڵێت: (ئەم فەرموودەیە) وەستاوە لەسەر أشبە إ.ه[١٩].

ئەم قسەیە قسەیەکی پەسندە، چونکە ئەوانەی فەرموودەکانیان شلەژانی پێوە دیارە لاوازن لە فەرموودەکانیاندا، ئەمەش ناخرێتە سەر جگە لە إضطراب و شلەژان، هەروەکو ئەوە زاندراوە لە بنەماکانی فەرموودەدا.

لە ڕاســـتیدا حافزی عێراقی لە کتێبی (تخریج الإحیاء الصغیر ٣٢٣/١) دا ئەم فەرموودەیەی بە (حســـن)و پەسند داناوە، هەروەها حافز ئبن حجر بە هەمان شێوە بە (حسن)ی داناوە لە کتێبی (نتائج الأفکار) دا دەڵێت: ((فەرموودەیەکی

١٩) واتە: قسەی پێغەمبەر ﷺ نییە.

_حسن)ەو ئەحمەدو ئیبن ماجەو ئیبن خوزەیمە لە کتاب التوحیدو ئەبو نعیم الأصبهاني گێڕاویانەتـــەوە. دەڵێت: لە کتێبی (الصلاه) کە هی ئەبو نوعەیمە لە فضیل ڕیوایەت دەکات ئەویش لە عطیە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ئەبو سەعید هەوالّی پێدام پاشان فەرموودەکە باسدەکات, بەڵام نەیداوەتە پاڵ پێغەمبەرﷺ. بەو هۆیەوە لە تەدلیسی عطیە دڵنیا دەبێت ...)) إ.ە.

دەڵێم: لێرەدا قسەکەی ئیبن حجر ئەوەی لێ وەردەگیرێت کە بۆیە فەرموودەکەی بە (حســـن) داناوە لەبەر نەبوونی تەدلیسی عطیە، ئەمەش لە دوو ڕوانگەوە مایەی تێ ڕامانە:

یەکەم: تەدلیســـی عطیە بریتی نییە لەو تەدلیســـەی ناســـراوە بە تەدلیسی ئیسناد تاوەکو دڵنیابین لێی بە هۆی قسەی ڕاوی کە دەڵێت (هەوالّی پێدام)، بەڵکو ئەمە تەدلیســـێکی تڕە، عطیە دەڵێت: ئەبو سەعید هەوالّی پێدام، یان ئەبو سەعید وتی؛ مەبەستیشی پێی کەلبییە. هەروەکو ئیمامی ئەحمەد باسی لێوەکردووە ڕەحمەتی خوای لێبێت.

دووەم: حافز ئیبن حجر باســـی ئەوەی کرد کە ئەو ڕیوایەتەی تیایدا (وشـــەی) هەوالّی پێداین ئەبو ســـەعید مەوقوفەو شـــڵەژانی تێدا نییـــە، لێرەدا مافی خۆیەتی کە پێی وابێت شڵەژانی تێدا نییە.

کاتێـــک ئەم تێڕامانە زاندرا ئەوا بە دڵنیاییـــەوە خەڵکێکی زۆر لە حافزەکان فەرموویانـــە فەرموودەکە لاوازە، لەوانە حافز عبدالعظیم ی کوڕی عبدالقوی المنذری، لە کتێبی (الترغیب والترهیب ٤٥٩/٣) دا

لەوانە حافز النووی لە کتێبی (الأذکار) دا ل٢٤.

لەوانە شەیخولئیسلام ئیبن تەیمیە لە (مجموع الفتاوی ٢٨٨/١) دا.

لەوانە البوصیری حافیز لە (زوائد ابن ماجه).

جگە لەمانەش لەو زانایانەی حەقیان پێکاوە، هەر کەسێک وردبێتەوە لەو زانیارییانەی باسکران بە ویژدانو دوور لە هەواو ئارەزوو ئەوا دەزانێتو بۆی دەردەکەوێت کە قسەی ئەم حافزانە دروستترە، خوای گەورە زاناترە.

سەرنج/ شەیخولئیسلام لەسەر فەرموودەکە لە کتێبی (مجموع الفتاوی ٢٨٨/١) دا دەڵێت: ئەم فەرموودەیە لە ڕیوایەتی عطیەی عوفییە کە لە ئەبو سەعیدی وەرگرتووە، ئەم پیاوە بە کۆڕای زانایان کەسێکی لاوازە، لە ڕیگەیەکی تریشەوە[٢٠] ئەم فەرموودەیەی گێڕاوەتەوە کە ئەمیش هەر لاوازە. دەقی فەرموودەکە بەهیچ شێوەیەک نابێتە بەڵگە، چونکە یەکێک لەو مافانەی کە داواکەران هەیانە لای خوای گەورە ئەوەیە کە خوا وڵامیان داتەوە، هەروەها مافی خواپەرستان لای خوای گەورە ئەوەیە پاداشتیان بداتەوە، ئەمە مافێکە خوای گەورە بە بەڵێنێکی ڕاستگۆیانە لەسەر خۆی داناوە بە کۆڕای زانایان، لە یەکێک لە قسەکانی زانایان (باس لەوە کراوە کە خوای گەورە) لەسەر خۆی واجبو پێویستت کردووە .. ئەمە وەکو ئەو سێ کەسە (حیسابی بۆ دەکرێت) کە لە ناو ئەشکەوتەکەدا بە هۆی کردەوەکانیان داوایان لە خوای گەورە کرد)) إ.ە.

(ئیبن تەیمیە) فەرموویەتی ڕەحمەتی خوای لێبێت: ((هەر کەسێک بڵێت دروستکراو مافی هەیە لای خوای گەورە ئەوا دروستە ئەم قسەیە کاتێک مەبەستی ئەو مافە بێت کە خوای گەورە باسی هێنانەدی کردووە، چونکە خوای گەورە ڕاستگۆیەو هەرگیز بەڵێن ناشکێنێتو پێچەوانەی بەڵێن ناکات،

---

٢٠) ئاماژە دەکات بە ڕێگای وازعی کوڕی نافعی عوقەیلی، لە ئەبو سەلەمەی کوڕی عبدالرحمن کە لە جابروەریگرتووە ئەمیش هەمان ئەم فەرموودەیەی لە بیلال وەرگرتووە، حافز ئیبن حجر دەڵێت: ((ئەم فەرموودەیە زۆر لاوازە))، لە گۆڤاری کۆلێژی بنەماکانی ئاین ژمارە چوار لە ڕیاز بە درێژی باسی ئەو کەسانەم کردووە کە ئەم فەرموودەیان گێڕاوەتەوە

ئەوە ئەو مافەیە کە خوای گەورە بە داناییو گەورەییو دلۆڤانی خۆی لەسەر خۆی واجبو پێویســـت کردووە، ئەو کەسەی شایستەی ئەم مافە بێت کاتێک بە هۆی ئەم مافەوە داوای لە خوای گەورە کرد ئەوا داوا لە خوا دەکات وەعدو بەڵێنەکەی ببات ســـەر، یاخود ئەو کەســـە داوا لە خـــوا دەکات بەهۆی ئەو هۆکارانەی ســـەرئەنجامی هۆکارەکانی پێوە بەستراونەتەوە وەکو کردەوەی باش، ئەوا ئەو کاتە گونجاوە، بەڵام ئەو کەسەی کە شایستەی ئەم مافە نییە کاتێک داوی لە خوا کرد بە مافی کەسێکی تر ئەوا وەکو ئەوە وایە داوا لە خوا بکات بە کەســـایەتی ئەو کەســـە، ئەمەش داواکردنە بە شتێکی بێگانە کە هی داواکەر نییە، بە شـــتێک داوای نەکردووە کە گونجاوبێت لەگەڵ ولامدانەوەی پارانەوەکەیدا)) إ.ە.

هەروەها دەڵێت (٢١٤/١):

((لەبەر ئەوەی ئەو گیانانەی نەفامییان تێدایە وا گومان دەبەن کە مرۆڤ بەهۆی ئەوەی خوا دەپەرستێتو زانستی هەیە ئەوا مافیکی ئەو مرۆڤە دەکەوێتە سەر خـــوای گەورە کە لە ڕەگەزی ئەو مافەیە کە مرۆڤ بەســـەر مرۆڤییەوە هەیە. وەکو ئەوانەی پاشـــاکانیان و خاوەنەکانیان خزمەت دەکەن، ئەوان ســـودو قازانجیان دەبێ بۆیان (پاداشـــتیان دەدەنەوە)و ناخۆشییان لەسەر لادەدەن، بۆیە یەکێک لەوانە دەمێنێتەوەو داوای ئەو شتە دەکات کە پێویست بوو لەبری کارەکەی بیدرێتێ و پاداشت بدرێتەوە لەسەری، کاتێک بینی ئەم کەسە پشتی تێکـــردووە یان لێی تووڕەیە پێی دەڵێت: ئایا مـــن ئەوەو ئەوەم بۆت نەکرد؟ بۆیە منەت دەکات لەســـەری بە هۆی ئەو کارانـــەی لەگەڵیدا ئەنجامیداون، ئەگەر ئەمەشـــی نەوتبێت بە زمانی ئەوا لە دەرونیدا هەیە، بیرکردنەوە لەم

جۆرە شـــتانە بەرامبەر خوای گەورەو بردنی ئەم گومانە بەشـــێکە لە نەفامی مرۆڤو ستەمی مرۆڤ)) إ.ە.

(نووســـەر) لە ل ٦٢ دا ســـەرە بابەتێکی نووســـیوە بە ناونیشانی: ((التوسل بێپارە))

((بە صحیحی هاتووە کەهاوەڵان خوا لێیان ڕازی بێت تەبەروکیان بەو شوێنو جێگایانە دەکـــرد کە پێغەمبەری ﷺ لێ بووە، ئـــەم تەبەروکە لە یەک واتا زیاتری نییە؛ ئەویش بریتییە لە تەوەســـول کردن بەو شتانەی پێغەمبەرﷺ بە کاری هێناون بۆلای خوای گەورە، چونکە تەوەســـول چەند جۆرێکە تەنها جۆرێک نیە.

ئایا تۆ پێت وایە کە ئەوان تەوەســـول بەو شـــتانە بکەن کـــە پێغەمبەر ﷺ بەکاری هێناون بەڵام تەوەسول بەخۆی نەکەن. ئایا دروستە تەوەسول بە لک بکرێت بەڵام بە بنەما نەکرێت)).

دەڵێم: کاتێک زۆربەی ئەوانەی شوێن ئەو بەرنامەیە دەکەون کە موبتەدیعەکان بانگەشـــەی بۆلا دەکەن بێ مێشـــک و نەفام بن و جیاوازی نێوان وشـــەکان نەکـــەن لەڕووی زمانەزوانیو شـــەرعییەوە، کاتێک ئاوا بوون ئەوا ئاســـان دەبێت بۆ گەورەکانیان گالتەیان پێبکەن، هەروەها گالتە بەو وشانەش بکەن کە لەشـــەرعدا بە جۆرێـــکو لە زمانەوانیدا بەجۆرێکی تـــر بەکار دێن، ملو دەستو پێوەندی ئەو وشانە دەشکێنن بۆئەوەی لەگەڵ ئەو شتانەدا بێنەوە کە ئارەزوویان لێیەتی، ئەم چەند دێڕەی بۆتم هێنا لەم بابەتەیە.

ڕاســـتە هاوەڵان تەبەروکیـــان بە خـــودی پێغەمبەرﷺ کـــردووە، هەروەها تەبەروکیان بەو شـــتانە کردووە کە لە لاشەی پێغەمبەرﷺ هەڵدەوەری وەکو

موو ئارەزو هاوشـــێوەی ئەمانە، تەبەروککردن بە خودی پێغەمبەرﷺ شتێکە ئێمـــە دانی پێدا دەنێینو باوەڕمان پێیەتی هەروەکو ڕوونی دەکەونەوە دواتر. بـــەڵام خاوەنی کتێبـــی (مفاهیم) لە کۆ ئـــەم زانیارییەی دەســـتکەوتووەو هێناویەتی کە گوایە تەبەروک پێی دەوترێت تەوەســـول، چۆن توانی مۆڵەتی ئەوە وەربگرێتو دروســـتاندی کە قســـەی زاناکانی هاوەڵانو ئەوانەی دوای ئەوانیش تێک بداتو ناوی تەوەســـول لە تەبەروک بنێت، بەڕەکەت شتێکەو تەوەسول شتێکی تڕە.

بۆیە لێرە دەســـتدرێژی خاوەنی کتێبی (مفاهیم) مان بۆ دەردەکەوێت بۆ سەر هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بەوەی کە دەڵێت: ((ئەم تەبەروکە لە یەک مانا زیاتری نییە؛ ئەویش برتییە لە تەوەســـولکردن بە شـــوێنەوارەکانی پێغەمبەرﷺ)). ئەمە گاڵتەکردنێکی دیارە بە کردەوەی هاوەڵان، بە ســـتەمکارانە ســـەروملی هەڵسوکەوتەکانیان دەشکێنێت. ئەم پیاوە دەیهەوێت ڕێبازی خۆی بچەسپێنێت بەڵام بە ڕێگایەکی نا زانســـتیانە کە ناگونجێت تەنها لە ســـەردەمی نەفامیدا نەبێت، لەو سەردەمانەی کە خەڵک بە کوێرانە شوێن گەورەکانیان دەکەوتن بەبـــێ لێکۆڵینەوەو بـــەدوادا گەڕان، لەمانە هەندێک کـــەس ماون، بەڵام بە ئاگایی زانســـتی شەرعی دەبێتە مایەی گەڕاندنەوەی گومانەکانی بۆلای خۆی ئەگەر بۆلای ئەویش نەبێت بۆلای شوێنکەوتووانی دەگەڕێنێتەوە.

ئەنـــەس خوا لێی ڕازی بێت هەندێک مووی پێغەمبەریﷺ لابوو کە تەبەروکی پێدەکرد، باشـــە تـــۆ هیچ هەواڵێک دەتوانی بۆ ئێمە لـــە ئەوەوە بهێنیت کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بی وتبێت: ((تەوەســـول دەکـــەم بە مووی پێغەمبەرﷺ ...)) ناتوانی ئەمە بکەیت با بشـــفڕی بۆ بۆلای بەرزترین ئەستێرە، موبتەدیعەکان ناتوانن هیچ شـــتێک لەمە بهێنن باوەکو هەندێکیشیان یارمەتی هەندێکی تر

بەدەنو پالپشتی یەکتر بکەن.

هاوەڵەکان جیاوازیان دەکرد لەنێوان تەوەسولو تەبەروککردن بەو شتانەی لە لاشـــەی پێغەمبەرﷺ جیا دەبۆوە، بەڵام ئەم خەڵکانە تێناگەن، یان تێدەگەن بەڵام ســـتەم لە هاوەڵان دەکەن، ســـوپاس بۆ خوا کە ئێمە ئەهلی سوننەینو لەسەر رێبازی هاوەڵان دەڕۆینو قسەی ئەوان دەکەین.

لە ل٦٤ دا دەڵێت:

((لە ڕاســـتیدا ئەمە تەنها تەوەســـولکردنە بە شوێنەواری ئەم پێغەمبەرانە، ئەگەرنا هیچ مانایەکی نەدەبوو کـــە تابوت پێش خۆیان بخەن ئەگەر لەبەر ئەمـــە نەبووایە، خوای گەورەو پاک ڕازی بـــووە بەمە بە بەڵگەی ئەوەی کە تابوتی بۆ گەڕاندنەوەو کردی بە ئایەتو نیشـــانەیەک لەســـەر دروســـتێتی مەلیک تالوت، هەورەها ئینکاری ئەم کارەی نەکردنو بە خراپی دانەنا)) إ.ە، ئەمە دواینی قسەکانییەتی لەسەر تەوەسولکرن بە شوێنەواری پێغەمبەران.

ئەو کەســـەی کەمترین زانیاریو زانستی لابێت لای ڕوونو ئاشکرایە کە قسەی ئەم پیاوە نا بینایی تێدایە:

لە قســـەکەی ئەمدا: پێویستە ســـەلمێنەرێک هەبێت کە بەڵێ ئەوان تابوتیان پێش خۆیان خستووە، نەک بێیت قسەی هەندێک مێژوو نووسان کە حیکایەت خوانـــەکان گواســـتوویانەتەوە بیخەیتە جێگای ئەو دەقانـــەی بەڵگەیان پێ دەهێندرێتەوەو دەبنە بنەما بۆ ئەم حوکمانە.

نەم بیســـتووە لە هیچ کەســـێک لەوانەی پەیوەندی بە زانستی شەرعییەوە هەیە لە پێشینان و ئەوانەی دوای ئەوانیش بەڵگەیەکی بۆ حوکمێکی شەرعی عەقیدەیی بهێنێتەوە لە ڕێگەی قسەی کەسێکی مێژوو نووسەوە.

بەداخەوە بۆ ئەو بنەمایانەی زانایان دایان ناوەو چەسپاندوویانە بەڕاستی ڕۆیشتو نەما کاتێک ئەوانە قسەیان کرد کە هاوێنەی ئەم جۆرە زانایانەن، ئەگەر بێتو ئیسرائیلیان بەڵگەو حجە بێت لای نووسەری کتێبی (مفاهیم)و هاوشێوەکانی هەورەکو ئەمە دیارو ئاشکرایە لە بەڵگە هێنانەوەکانیان دەبا ئەوە بکەن بە بەڵگە کە ئەبو نوعەیم لە کتێبی (حلیة الأولیاء ٩/١٠) هێناویەتیو گێڕاویەتییەوە: یوسف وتی: خوایە من ڕوو دەکەمە تۆ بە هۆی چاکی باوانم ئیبراهیمو ئیسحاق ی کوڕاوە !و یەعقوبی ئیسرائیلی تۆ. خوای گەورە وەحیو نیگای بۆلا نارد (فەرمووی): ئەی یوسف تۆ ڕوو دەکەیتە من بە هۆی نازو نیعمەتێ: من پێم بەخشیون؟

دەی کەواتە ئەمە بکەن بە بەڵگە ئەی خاوەنانی (مفاهیم)!

ئەم قسەیەی خاوەنی (مفاهیم) دەستدرێژیکردنی تێدایە بۆسەر مەقامی پەروەردگارێتی کاتێک دەڵێت: ((خوای گەورەو پاک ڕازییە لەمە)) سەیرکە چەندە دڵنیایە لەوەی خوای گەورە ڕازییە لەڕێگەی هەواڵێک کە چیرۆک خوانەکان دەیگێڕنەوەو لای زانایان بەڕاست داناندرێتو هیچ قورساییەکی نییە.

خوای گەورە بەوە وەسف دەکات کە ڕازییە لە کردەوەیەک کە نەخۆی فەرموویەتی ڕازیم نەپێغەمبەرەکەی. بەڵکو مێژوو نووسان وایان وتووە.

ئەمە چ پەلەکردنێکە، چ خراپ بیرکردنەوەو ڕوانینێکە، ئەمە مایەی کەم گرنگی پێدانە، داوای سەلامەتی لە خوا دەکەین، داوای سەلامەتی لە خوا دەکەین، داوای سەلامەتی لە خوا دەکەین، لا حول ولا قوه إلا بالله.

لە ل ٦٤ دا سەرە بابەتێکی داناوە بە ناونیشانی ((تەوەسولکردن بە شوێنەوارەکانی پێغەمبەران)).

پاشان ئەم ئایەتەی هێناوە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَقَالَ لَهُمْ

نَبِيُّهُمْ إِنَّ ءَايَةَ مُلْكِهِۦٓ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلتَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَبَقِيَّةٌ مِّمَّا تَرَكَ ءَالُ مُوسَىٰ وَءَالُ هَٰرُونَ تَحْمِلُهُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٤٨﴾ ﴾ البقرة: ٢٤٨.

واتە: پێغەمبەرەکەیان پێیانی فەرموو: نیشانەی دەسەڵاتی ئەم کەسە ئەوەیە کە ئەو سندوقەتان بۆ دەهێنێت کە تەوراتی تێدایە – ئەم سندوقە دوژمنانیان لێیانیان ستاندبون – ئەم سندوقە دڵنیایی‌و ئارامی تێدایە لە پەروەردگارتانەوە بۆ ئێوە کە دڵتان جێگیر دەکات، هەورەها ئەمە هەندێک لەو شتانەی تێدایە کە بنەماڵەی موساو هارون لە دوایان بەجێماوە، وەکو گۆچان‌و پارچەکانی ئەلواح کە فریشتەکان هەڵی دەگرن. ئەمە گەورەترین بەڵگەیە بۆ ئێوە لەسەر هەڵبژاردنی تالوت وەک پاشای خۆتان ئەگەر ئێوە خواو پێغەمبەرانی بە ڕاست دەزانن، هەروەها قسەی ئیبن کەسیری باسکردووە کە لە کتێبەکەی لەسەر مێژوو باسی قسەکەی ئیبن جەریری کردووە کە وتوویەتی: ((هاوەڵان بە هۆی بەرەکەتی پێغەمبەرو ﷺ ئەو دڵنیاییەی هەیان بوو بە هۆی باوەڕەوە سەردەکەوتن)).

من دەڵێم: لە نێوان ئەم بانگەشەو بەڵگەکەیدا دووڕییەکی ئەوەندە زۆر هەیە کە جەرگی وشتری موهری دەبڕێت لەوەی پێی بگات، بانگەشەکە بریتییە لە: تەوەسولکردن بە شوێنەواری پێغەمبەران، بەڵگەکەشی قسەی ئبن جەریرە کە دەڵێت: ((ئەوان بە بەرەکەتی پێغەمبەر ﷺ سەردەکەوتن)).

ئەمە لە چەند ڕووانگەیەکەوە ستەمکردنە لە زانست:

یەکەم: لەم ئایەتانەدا تەنها باسی ئەوەی تێدا هاتووە کە ئەوان پاشایەتی تالوتیان ڕەتدەکردەوە، چونکە ئەو لە ڕەچەڵەکی پاشا نەبوو، پێغەمبەرەکەیان

پێی وتن: بەڵگەی ڕەوایی پاشـــایەتییەکەی ئەوەیە کە تابوتیان بۆ دەهێنێت و بە هۆیەوە دڵنیا دەبن چونکە ئەم بەڵگەیە بەڵگەیەکی ڕاستە کە ئەو پاشایە، هەروەها ئەو تابوتە هەندێک لەو شتانەی تێدایە کە بنەماڵەی موساو هارۆن لە دوای خۆیان جێیان هێشتبوو کە ئەمە دەبێتە بەڵگەی دووەم لەسەر ڕەوایی ئەم پاشایە، بەڵگەی ســێیەم ئەوەیە کە فریشتەکان ئەم تابوتە هەڵدەگرن، ئەمە ئەو مانایەیە کە ئایەتەکە لەخۆی گرتووە.

دووەم: قسەی ئیبن جەریرو جگە لە ئەویش شایستەی ئەوەیە بەڵگەی لەپشتەوە بێت نەک بکرێتە بەڵگە.

سێیەم: تۆ وادابنێ ئەوان تەبەروکیان کردووە، کوا بەڵگە لەسەر ئەوەی ئەوان تەوەســـولیان کردووە، نووســـەری کتێبی (مفاهیم) جیاوازی ناکات لە نێوان تەبەروک و تەوەسول.

چوارەم: وادابنێ ڕووداوەکە بەو شـــێوەیە کە تۆ گومان دەبەیت، باشە لەکوێت هێنـــاو چۆن وات لێهـــات ئەوەندە دڵنیابیت کە هەرچی دروســـت بووبێت لە شەریعەتەکانی پێش ئێمە بە ڕەهایی دروستە بۆ ئێمە.

پێنجـەم: یەکێک لەو بەڵگانەی کە دروســـتنییە ئەوەی نەوەکانی ئیســـرائیل کردیان – ئەگەر ڕاست بێت چیرۆکەکە – ئەوەیە کە پێغەمبەرﷺ وازی لێهێناو نەیکردو هەروەها هیچ یەکێک لە ســـیریەکانی بۆلا ڕێنمایی نەکردووە کاتێک ڕەوانەی دەکردن، کاتی وا هەبوو مســـوڵمانان تێک دەشـــکان، وەکو جەنگی موئتەو هاوشێوەکانی، باشە بۆچی پێغەمبەر ﷺ شتێک لە شوێنەواری خۆی وەکو پۆشاک و شتی تری نەدەنارد تاکو ئەوان بەهۆیەوە سەربکەون.

نەکردنی ئەم کارە لەگەڵ ئەوەی کە زۆر پێویستییان پێی بووە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەمە دروستنییە لای ئێمە.

شەشەم: ئەمە تێگەیشتنی هاوەڵانە دوای پێغەمبەرەکەیان ﷺ، هیچ شوێنەوارێکی پێغەمبەریان ﷺ وەکو تەبەروک نەناردووە لەگەڵ موجاهیدو تێکۆشەراندا، بە مەبەستی سەرکەوتن بە هۆیەوە، بەڵکو ئەوان پیاوانی خاوەن کردەوەو دڵسۆزیان دەنارد، هەورەها دەگەڕان بە دوای جێبەجێکردنی سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ لەکاتی جەنگەکانیاندا، بەدوای ئەو شوێنەوارانەی پێغەمبەرانیاندا دەگەڕان کە فەرمانیان پێدەکردن، نەک ئەو شتانەی لە لاشەیان جێدەما، ئەوە بارودۆخی ئەوان بووە لە جەنگەکانیاندا.

لە ل٦٦ دا ناونیشانێکی داناوەو تێیدا دەڵێت:

((تەوەسولکردن بە گۆڕی پێغەمبەر ﷺ دوای مردنی)) بەڵگەکەشی لەسەر ئەم ناونیشانە نامۆیە باسکردووە، دەڵێت: پێشەوای حافز داریمی لە کتێبەکەی (السنن) دا دەڵێت: بەشی ئەو بابەتانەی تیایدا باس لەو ڕێزانە دەکرێت کە خوای گەورە لە پێغەمبەرەکەی گرتووە لە دوای مردنی ﷺ.

حدثنا أبو النعمان حدثنا سعيد بن زيد حدثنا عمرو بن مالك البكري حدثنا أبو الجوزاء أوس بن عبد الله قال: قحط أهل المدينة قحطاً شديداً فشكوا إلى عائشة فقالت: أنظروا قبر النبي (فاجعلوا منه كواً إلى السماء حتى لا يكون بينه وبين السماء سقف، قال: ففعلوا. فمطرنا مطراً حتى نبت العشب وسمنت الإبل (تفتقت من الشحم فسمي عام الفتق، ومعنى كواً أي: نافذة) اهـ «سنن الدارمي» (جـ١ ص٤٣)). انتهى ما نقله صاحب المفاهيم.

ئەبو نوعمان هەوالّی پێداینو وتی: سەعیدی کوڕی یەزید هەوالّی پێداینو وتی: عەمری کوڕی مالیکی البکری[٢١] هەوالّی پێداینو وتی: ئەبولجەوزا ئەوسی کوڕی عبدالله هەوالّی پێداینو وتی: خەڵکی مەدینە تووشی وشکە سالّیو

٢١) ئەم وشەیە نووسەر گۆڕیویەتی، لە کتێبی (السنن) بەم شێوەیە (النكرى)، بە نون.

بێبارانییەکی توند هاتن، بۆیە هانایان بۆلای عائیشە برد، ئەویش فەرمووی: سەیری گۆڕی پێغەمبەر ﷺ بکەنو پەنجەرەیەکی لێیەوە دروستبکەن بەرەو ئاسمان تاکو لەنێوان ئەوو ئاسماندا هیچ سەقفێک نەبێت، وتی: ئەوانیش ئەم کارەیان کردو بارانمان بۆ باری تا وای لێهات گژوگیا ڕوواو وشترەکان قەڵەو بوون (گۆشتن بوون ئەو سالّە پێی وترا سالّی الفتق، وشەی (کوا) واتە: پەنجەرە) إ.ە، ئەم دوو کەوانەیەی کە لە دەورەی ئەم دێڕەی داناوە (تفتقت من الشحم...) هتد ئەوا لە دەستکاری خۆیەتیو نابەجێیکردنە بەرامبەر هێنانی زانیاری وەکو خۆی، چونکە دەقەکە لە سنن الدارمی (٤٣/١) بەم شێوەیە: (وسمنت الإبل حتى تفتقت من الشحم فسمي عام الفتق، ومعنى كوا أي: نافذة) ە، ئەمە دەستەواژەی ناو (سنن الدارمی) یە؛ گۆڕانکاریکردن تێیدا شتێکی ناپەسندە، هەروەها لەسەر فەرموودەکە شتێکی تریشی زیاد کردووە ئەویش ئەوەیە کە دەڵێت: (ومعنى كوا أي: نافذة)، ئەمەلە کتێبی (سنن الدارمی) دا نییەکە ئەم پیاوە لە ئەوەوە ئەم فەرموودەیەی باسکردووەو هێناویەتی .

<u>ئەم فەرموودەیە زۆر لاوازەو لە چەند ڕووانگەیەکەوە نابێتە بەڵگە:</u>

یەکەم: ڕاویەکەی کە ناوی عەمری کوڕی مالیکی النکری یە بە هۆی (مرە)وە لاوازە، ئیبن عدی لە (الکامل ١٧٩٩/٦) دا دەڵێت: فەرموودەی (منکر) لە کەسانی متمانە پێکراو دەگێڕێتەوە، هەورەها فەرموودە دەدزێت، گوێم لە ئەبو یعلی بوو دەیگوت: عەمری کوڕی مالیکی النکری: کەسێکی لاواز بوو.))، پاشان دوای ئەوەی چەند فەرموودەیەک باسدەکات دەڵێت: ((عەمر جگە لەوەی باسمکرد چەندین فەرموودەی (منکر)ی هەیە)) إ.ە، ئیبن حبان دەڵێت: (هەڵەدەکاتو شتی غەریبو نامۆ دەڵێت) إ.ە.

عەمرو هاوشێوەکانی ئەوانەی کە ئەمەیە حاڵیان چۆن دەبێت کەسێک

بتوانێتو بوێرێت ڕیوایەتەکانیان بکاتە بەڵگە، ئایا نابێت (ئەو کەسە) غیرەتێکی هەبێت بەرامبەر سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ شەریعەتەکەی دژی ئەو کەسانەی فەرموودە دەزن!

دووەم: ئەو کەسەی ناوی سەعیدی کوڕی زەیدەو لە عەمرەوە ڕیوایەت دەکات لاوازی تێدایە، یەحیای کوڕی سەعید دەڵێت: لاوازە، سەعدی دەڵێت: زانایان فەرموودەکانی بە لاواز دادەنێن، نەسائیو جگە لە ئەو دەڵێت: بەهێز نییە، ئەحمەد دەڵێت: خراپ نییە، یەحیای کوڕی سەعید بە باشی دانەدەناو پێی باش نەبوو، زەهەبی ئەم قسانەی لە (المیزان) دا هێناوە.

سێیەم: شەیخولئیسلام لە کتێبی (مختصر الرد علی البکری ل٦٨ – ٦٩) دا دەڵێت:

ئەوەی کە لە عائیشەوە گێڕدراوەتەوە کە دەڵێت: دەلاقەیەک بکەنەوە لە گۆڕی پێغەمبەرەوە ﷺ بەڕووی ئاسماندا بۆ ئەوەی باران ببارێت ئەوا هیچ ڕاست نییەو سەنەدەکەی جێگیر نییە، بەڵکو کەسێک ئەمەی گێڕاوەتەوە کە بە درۆزن ناسراوە. ئەوەی کە دەردەخات کە ئەم پیاوە درۆزنەو درۆکەی ئاشکرا دەکات ئەوەیە کە بە درێژایی ژیانی عائیشە ماڵەکە پەنجەرەی نەبووە، بەڵکو هەندێکی وەکو خۆی مابوو هەروەکو چۆن لەسەر دەمی پێغەمبەردا ﷺ بوو ئاوا بوو، هەندێکی سەقفی هەبوو هەندێکی تریشی کراوە بوو، تێشیکی خۆر دەهاتە ناو ماڵەکە هەروەکو لە (دوو کتێبە صحیحەکاندا هاتووە)[٢٢] لە خاتو عائیشەوە گێڕدراوەتەوە کە پێغەمبەرﷺ نوێژی عەسری دەکرد لە کاتێکدا خۆر لە ژوورەکەی دەداو سێبەر دوای ئەمە دەرنەدەکەوت. ئەم ژوورە هەر بەم شێوەیە بوو تا ئەو کاتەی وەلیدی کوڕی عبدالملک لە سەردەمی

٢٢) صحیح البخاری، وصحیح مسلم.

فەرمانڕەواییەکەیدا لە مزگەوتی پێغەمبەری ﷺ زیادکرد کاتێک ژووری پێغەمبەری ﷺ زیادکرد لەناو مزگەوتی پێغەمبەردا ﷺ)) إ.ە

کاتێک ناپەسندی ئەم چیرۆکە لە ڕووی عەقڵو نەقڵەوە دەرکەوت، هەروەها لە ڕووی مێژوو سەنەدەوە دەرکەوت – کە درۆیە – لێرەوە دەزاندرێت کە قسەی خاوەنی کتێبی (مفاهیم) دوای هێنانی فەرموودەکە کە دەڵێت:

((ئەمە تەوەسولکردنە بە قەبری پێغەمبەر ﷺ، نەک لەبەر ئەوەی قەبرە، بەڵکو لەبەر ئەوەی لاشەی بەڕێزترین دروستکراوەکانو خۆشەویستی پەروەردگاری جیهانیانی لە خۆ گرتووە، ئەم گۆڕە بە هۆی ئەوەی ئەم لاشەیەی تێدایە بەڕێز بووە، بۆیە شایستەی ئەم ڕێزو شکۆمەندیەیە)). إ.ە.

– ئەو قسەیەی خاوەنی مفاهیم – کە پشتی بەستووە بە فەرموودەی منکرو لاواز، هیچ نرخێکی نییە، بەڵکو بە ئەندازەی تۆپکڵی جۆ وەزنی نرخی نییە، هەروەها بە ئەندازەی پەردە بچوکەکەی سەر دەنکی خورما کێشی نییە، ئەمە دیارو ئاشکرایە بۆ هەموو کەسێک، سوپاس بۆ خوا لەسەر ڕێنماییو یارمەتییەکانی.

خاوەنی کتێبی (مفاهیم) لە ل٧٢ دا دوای هێنانی چیرۆکی (العتبی) دەڵێت:

((ئەم چیرۆکە ئیمامی نەوەوی لە کتێبە بەناوبانگەکەی (الإیضاح) لە بەشی شەشەمدا ل ٤٩٨ گێڕاویەتییەوە. هەرەها حافز عماد الدین ئیبن کەسیر لە تەفسیرە بەناوبانگەکەیدا لە گەڵ ئەم فەرموودەیەی خوای گەورە باسیکردووە کە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذ ظَّلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمْ﴾النساء: ٦٤.

هەروەها شێخ ئەبو محمد کوڕی قودامە (ابن قدامة) لە کێبەکەیدا (المغنی ج٣ ص٥٥٦) گێڕاویەتییەوە ..)) إ.ە.

دەڵێم: ئەم دەستەواژانە دەستەواژەی خەڵکی عەوامن، دەستەواژەو وتەی زانستی نین، هەورەها ئەوە نیشان نادات کە ئەم قسانە قسەو وتەی کەسێک بێت فێر خواز بێت، چونکە کاتێک ئەو دەڵێت: رواها .... ورواها ... ورواها ... هتد هەڵەیەکی ڕوونە، چەنکە وشەی (رواها) ناوترێت تەنها بۆ کەسێک نەبێت کە چیرۆکەکە بە سەنەدی خۆی دەهێنێت، (واتە): بڵێت (حدثنا، یان أخبرنا) یان هەر وشەیەکی تر کە مانای (التحمل والأداء) لەخۆ بگرێت. (واتە: ئەو وشانەی وا دەردەخەن کە بێژەر ئەم فەرموودەیەی دەست بەدەست لە مامۆستا کەیەوە بیستووە تا دەگاتەوە سەر پێغەمبەر ﷺ یان کۆتایی سەنەدەکە، هەورەها ئەم فەرموودەیەشی گێڕابێتەوە).

١. نەوەوی ئەم چیرۆکەی نەگێڕاوەتەوە، بەڵکو لە کتێبی (المجموع شرح المهذب ٢٧٤/٨) داو لە کۆتایی کتێبەکیدا (الإیضاح) دەڵێت: ((لە جوانترینی ئەو شتانەی دەگوترێن: ئەوەیە کە هاوەڵانی ئێمە گێڕاویانەتەوە لە (العتبی)و بەلایانەوە (حسن)ە، دەڵێت: من لای گۆڕی پێغەمبەر ﷺ دانیشبووم ...) إ.ە، ئەمە قسەی (النووي) یە، ئەمە ڕیوایەتی ئەو نییە، ئەو کەسەی بڵێت ئەمە ڕیوایەتی نەوەوییە ئەوا فقهی نییەو تێگەیشتنی نییە بۆ زاراوەکانی زانایان. یان ئەوەتا خۆی تێرکردووە بە شتێک کە پێی نەدراوە، لە کاتێکدا ئەم قسانە دەکات کە مەبەستی تێکدانی ڕاستییەکانو پەردەپۆشکردنی بێت، ئەوا ئەو کەسە هیچ ڕێگایەک نییە (بۆ چارەسەرکردنی).

٢. ئیبن کەسیر ڕیوایەتی نەکردووە، بەڵکو لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: ((کۆمەڵێک ؛ کە لە ناویاندا شێخ (ئەبو منصور الصباغ)ە لە کتێبەکەی (الشامل) ئەو چیرۆکە بەناوبانگە باسدەکەن کە لە (العتبی)یەوە

ڕیوایەتکـــراوە ...)) ئەمـــە ڕیوایەت نییـــە، بەڵکو ئەمە گواســـتنەوەی زانیارییە.

٣. ئیبـــن قودامە لە کتێبی (المغنـــی) دا ڕیوایەتی نەکردووە، بەڵکو ئەو ئەم چیرۆکەی بە وشـــەیەک گێڕاوەتەوە کە مانای لاوازی چیرۆکەکە دەدات، وتوویەتی: (٥٥٧/٣): (ویروی عن العتبی ...).

ئەمە ڕیوایەت نییە، بەڵکو گواستنەوەی هەواڵە بە گوتەیەک کە مانای لاوازی تێدایـــە، ئەمە مانای لاوازی تێدایە، پاشـــان نووســـەر دەیزانی کە چیرۆکی العتبی سەنەدەکەی لاوازە، ئەم چیرۆکە لاوازەو ڕەتکراوەیە.

لەبەر ئەوەی ئەو ئەمەی دەزانی بۆیە ئەو شوبهەیەی لەگەڵدا باسکردووە کە جگە لەو شوبهەیە هیچی تری نییە لەگەڵ لاوازی ئەم چیرۆکەدا باسی بکات، لـــە ل ٧٣ دا دەڵێت: ئـــەم چیرۆکەی (العتبی) ئەمانـــە هەموویان هێناویانەو باسیانکردووە، ئەم چیرۆکە چ صحیح بیت یان لاواز لە ڕووی ئەو سەنەدەی کە فەرموودەناســـان پشتی پێ دەبەستنو لە ســـۆنگەیەوە حوکم لەسەر هەر هەواڵێک دەدەن؛ ئەوا ئێمە پرســـیار دەکەینو دەڵێین: ئایا ئەمانە شـــتێکیان هێناوە لە کتێبەکانیاندا کە کوفرو گومڕاییە؟ یان شـــتێکیان گواســـتۆتەوەو هێناویانە کە بانگەشەی بتپەرستیو پەرستنی گۆڕەکان دەکات ....)) إ.ه.

دەڵێم:

یەکەمیـــان: مـــادام ئەم چیرۆکە لە ســـوننەتی پێغەمبـــەر ﷺ نییەو کردەوەی خەلیفە ڕێنماییکراوەکانو هاوەڵان نییە، هەورەها کردەوەی تابعینو ســـەدە پیرۆزەکان نییە، بەڵکو تەنها گێڕانەوەی چیرۆکێکە لە کەســـێکی نادیار، کە بە سەنەدێکی لاواز نەقڵ کراوە؛ چۆن دەبێت بکرێتە بەڵگەو پاڵپشت لە بابەتی

بیروباوەڕی یەکخواپەرستی، ئەو بیروباوەڕەی کە بنچینەی بنچینەکانە، چۆن دەبێت بکرێتە بەڵگە لەکاتێکدا بەرهەڵستی هەموو ئەو فەرموودە دروستانە دەکات کە نەهی دەکاتو قەدەغەدەکات زیادەڕەوی بکرێت لە گۆڕەکانداو لە پیاوچاکاندا بەگشتیو هەورەها قەدەغەی ئەوە دەکات کە زیادەڕەوی بکرێت لە گۆڕو تەنانەت خودی پێغەمبەریش ﷺ بەتایبەتی، بەڵام ئەو کەسەی ئەم چیرۆکە باسدەکات لە زاناکان بە باشی دەزانێت ئەوا ئەمە ناتواندرێت بکرێتە بەڵگەیەکو بەرپەرچی دەقە دروستەکانی پێ بکرێتو بە هۆیەوە پێچەوانەی ئەو بیروباوەڕە بکرێت کە سەلەفو پێشین لەسەری بوون، زۆر جار هەیە لای هەندێک لە زاناکان هەندێک شت شاراوەو نادیار دەبێت کە ئاشکراو ڕوونە لای جگە لە ئەوان، جاری وا هەیە ئەوان هەڵە دەکەن لە گواستنەوەو هێنانی هەواڵێکو سەیردەکرێت بەڵگەی ڕاست لای ئەوەیانە کە پێچەوانەی ئەوانە (لەم بابەتەدا). مادام ئێمە زانیمان کامە ڕێگای تەواوە ئەوا پێویست ناکات (شوێن ئەوە بکەوین) کە فلانەکەس وتوویەتی یان گێڕاویەتییەوە، ئایئی ئێمە دانەندراوەو هەڵنەچندراوە لەسەر چیرۆکو خەونەکان، بەڵکو هەڵچندراوەو داندراوە لەسەر بەڵگە ڕاستو دروستەکان.

دووەمیان: جاری وا هەیە هەندێک بابەتو زانیاریو مانا لای کۆمەڵێک شاراوە دەبێت کە خۆی دامالێوە لە شەریک دانانو خۆی بەریکردووە لە شیرکو ئەهلی شیرک، هەروەکو هەندێک لە هاوەڵان وتیان: (اجعل لنا ذات أنواط كما لهم ذات أنواط)، فقال رسول الله ((اللّه أكبر إنها السنن قلتم والذي نفسي بيده ما قاله أصحاب موسى: ﴿ ٱجْعَل لَّنَآ إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ ءَالِهَةٌ ﴾.حديث صحيح.

واتە: هەندێک لە هاوەڵان بە پێغەمبەریان ﷺ وت: ئەی پێغەمبەر تۆش داڕێکمان بۆ دەستنیشان بکە (تاکو وەکو تەبەروک چەکەکانیانمان بە

لکەکانییەوە هەڵواسین) هەروەکو ئەمانە داریان هەیە لقی پێویە شتی پێوە هەڵدەواسن. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: پاکو بێگەردی بۆ خوا ئەمە سوننەتو بەرنامەی موشریکانی پێش خۆتانە، ئێوە شتێکتان وت کە گەلی موسا بە موسایان ﷺ وت: (ئەی موسا) تۆ پەرستراوێکمان بۆ دیاریبکەو دابنێ هەروەکو ئەمانە کۆمەڵیک پەرستراویان هەیە، بەڵگە لێرەدا ئەوەیە کە ئەم هاوەڵانە لەسەردەمی کوفر و بێباوەڕییەوە نزیک بوون، ئەوان بەهۆی وشەی (لا إله إلا الله) هاتنە ناو ئایینی ئیسلامەوە، ئەم وشەیەش مانای فڕێدان و خۆدابڕین دەدات لە هەموو جۆرەکانی هاوبەشیدانان بۆ خوا و یەکخواپەرستی دێنێتە کایەوە، سەرەڕای ئەمەش و سەرەڕای ئەوەی بێڕەرانی ئەم وشەیە خاوەنی زانیارییەکی ڕەوا بوون (سەیر دەکەی) ئەوان هەندێک بابەتیان لا شاراوە بووە بەشێک بوو لە (لا إله إلا الله)، ئەوەی شایستە و گرنگە ئەوەیە کە کاتێک بەڵگە ڕوونکرایەوە ئەوا پێویستە (مرۆڤەکان) بۆ لای بگەڕێنەوە و پابەند بن پێیەوە، نەزان عوزر و پاساوی بۆ دەهێندرێتەوە هەروەکو چۆن ئەم هاوەڵانە وتیان: (درەختێکی وامان بۆ دابنێ چەک هەڵبواسین بەلقەکانیەوە) عوزریان بۆ هێندرایەوە، جگە لەمانە زاناکان ئەوڵاتر و لەپێشترن کە گومانی ئەوەیان لێبکرێت کە هەندێک شت شاراوە و نادیارە لایان باوەکو بابەتەکە پەیوەندی بە شیرک و تەوحیدەوە بێت.

سێیەم: چۆن کەسێ دەتوانێ بەرهەڵستی دەقەکانی قورئان و سوننەت بکات بە قسەیەک کە کەسێک دەیگێڕێتەوە و بە باشی دادەنێت، لەکاتێکدا خوای گەورە دەفەرموێت: (فليحذر الذين يخالفون عن أمره أن تصيبهم فتنة أو يصيبهم عذاب أليم). واتە: با ئەوانە بترسێن کە پێچەوانەی فرمانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەکەن بەوەی خوای گەورە تووشی فیتنەیان بکات (واتە

شـــیرک) یان تووشی سزایەکی بە ئێشیان بکات. ئیمامی ئەحمەد دەفەرموێت: من ســـەیرم دێت لە کەسانێک کە سەنەد و ڕاستی ســـەنەدیان ناسیوە بەڵام دەچن دەســـت دەگرن بە قسە و بۆچوونی سوفیانەوە، لەکاتێکدا خوای گەورە دەفەموێت: (فليحذر الذين يخالفون عن أمره أن تصيبهم فتنة) ئایا تۆ دەزانی فیتنە چییە؟ فیتنە بریتییە لە شیرک، چونکە لەوانەیە ئەگەر هەندێک قسەی پێغەمبەری ﷺ ڕەتکردەوە لە دڵدا لاڕێ بوون دروســـت بێت و بەو هۆیەشەوە بەهیلاک بچێت، ئەم (وتەیە) فەضلی کوڕی زیاد و ئەبو طالب لە ئەحمەدیان گێڕاوەتەوە و ڕیوایەتیان کردووە، لەوانەشـــە ئەمە لە کتێبی (طاعة الرسول – ﷺ) داهاتبێت کە هی ئیمامی ئەحمەدە.

گوێڕایەلیکردنی پێغەمبەر ﷺ لە پێشـــترە لە گوێڕایەلێکردنی هەموو کەسێک باوەکو ئەو کەســـە لە هەموو خەڵکی ئەم ئوممەتە باشـــتر بێت وەکو ئەبو بەکر و عومەر هەروەکو ئیبن عەبباس دەفەرموێت (نزیکە بەرد لە ئاسمانەوە بەســـەرتاندا ببارێت، من دەڵێم پێغەمبەری خوا ﷺ ئێوەش دەڵێن ئەبوبەکر و عومەر).

باشـــە دەبوایە چ ڕوویدابایە ئەگەر هاتبایە و ئیبن عەبباس ئەو کەســـانەی بینیبایە کە بەرهەڵســـتی قســـەی پێغەمبەر ﷺ دەکەن و بەقســـەی کەسێکی دەشتەکی بەڵگەی ڕوون ڕەتدەکەنەوە –کە لە چیرۆکی العتیبی دا هاتووە ئەم چیرۆکە کە (ضعیف) و لاوازە و (منکر)ـە.

ســـوننەت لە دڵی ئەو کەســـانەی خۆشەویســـتیان بۆی هەیـــە گەورەتر و بەنرختر لەم بەڵگە پڕوپووچانەی کە خاوەنی کتێبی (مفاهیم)ـی بیدعی پشتی پێدەبەســـتێت و دەیکاتە بەڵگە، ئەو (مفاهیم)ـانەی گشتیان لەسەر خەون و شـــتی ناپەسند هەڵچندراون، ئەمەت لاسەیر بێت، تەنها شوێن پێغەمبەر ﷺ

بکەوە. ئاگاداربە لەوەی فەرموودە دروستەکان ڕەت بکەیتەوە، پاشان باوەڕ بهێنیت بە کۆمەڵێک هەواڵی لاواز و نادروست، چونکە نزیکە هەرکەسێک ئاوا بێت تووشی فیتنەیەک بێت و بەهیلاک بچێت.

چوارەم: هەموو زانایەک (جاری واهەیە) وڵام دەدرێتەوە لە چەندین بابەت کە خۆی هەڵیبژاردووە، ئەم بەڕەچدانەوەیە یان بەهۆی بۆچوونەکەیەتی یان بەهۆی لاوازی بەڵگەیەتی، ئەمانە بەر لە ڕوونکردنەوەی بەڵگەکان عوزر و پاساویان بۆ دەهێندرێتەوە، ئەگەر بێت و خەڵک شوێن قسە شازەکانی موجتەهیدان و ڕوخسەتەکانیان بکەون ئەوا لە ئایینی ئیسلام دەردەچن و دەچنە ناو ئایینێکی ترەوە، هەروەکو وتراوە: هەرکەسێک شوێن ڕووخسەتەکان بکەوێت ئەوا دەبێتە زندیق. ئەگەر ئەو کەسەی ئارەزوومەندی فەسادییەو دەیەوێت لەڕێگەی ڕاست لابدات و دەیەوێت بەهۆی ئەم ڕووخسەتانە پەیژەیەک دروست بکات و بەسەریدا سەربکەوێت تاوەکو بگات بە ئارەزووەکانی ئەوا پێویستە حاکم ڕێگەی لێبگرێت و تەعزیری بکات و کارەکەی بنبڕ بکات، هەروەکو ئەمە شتێکی ڕوون و ئاشکرا و زانراوە لەلای هەر چوار ئیمامەکان و جگە لەمانیش هیچ فەقیە و زانایەک نەیوتووە: ئەو کەسەی بۆ پاساو هێنانەوە بۆ تاوانی خۆی قسەی زانایەک بکاتە بەڵگە کە هەڵەکەی زانرابێت ئەوا ئەم پاساوەی لێوەردەگیرێت و لۆمە ناکرێت.

خوایە گیان ئایین و خواپەرستیمان بپارێزیت.

خاوەنی کتێبی (مفاهیم) سەرەبابەتێکی داناوە لە لاپەڕە (٧٦)دا بەناونیشانی: ((ڕوونکردنەوەی ناوی ئەو کەسانەی تەوەسوڵیان کردووە لەپێشەواکانی موسوڵمانان))

ئیشی سەرەکی ئەوەیە کە دێت ناوی هەموو ئەو زانایانە دێنێت کە زۆرترین

فەرموودەیان لەسەر تەوەسول باسکردووە، ئەمە بریتییە لە حوکمدان بە گومان کە ئەمەش نەهی لێکراوە، بەڵکو لە هەندێکیانەوە هەواڵی پێچەوانەی گومانی ئەم هاتووە، یاسای جێگیر لای زانایان ئەوەیە کە کاتێک زانا فەرموودەیەکی بە سەنەدەوە باسکرد ئەوا حوکمدانی لەسەر فەرموودەکە لە ئەستۆی خۆی لابردووە و ئەم واجبەی سووک کردووە لەسەر خۆی.

هەر کاتێک فەرموودەیەک ڕیوایەتکرا پاشان ڕاویەکەی بەلایەوە (صەحیح) بوو لەکتێبێکدا ئەوا ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەبێت کەسەکەی پێ (إلزام) بکرێت و بوترێت کەواتە ڕەئی لەگەڵ فەرموودەکەیە، چونکە لەوانەیە ئەویش تێڕوانینی هەبێت و تێگەیشتنی جیای هەبێت، لەوانەیە هۆکارێک هەبێت وابکا بەگوێرەی فەرموودەکە فەتوا نەدات، وەک ئەوەی (إجماع) هەبێت لەسەر پێچەوانەی فەرموودەکە، یان نەسخ بووبێتەوە، یان لەبەرئەوەی لە شەرعی ئیمەدا نییە و هاوشێوەی ئەمانە، درێژەی ئەم پوختەیە لە کتێبە (أصول) یەکاندا باس دەکرێت:

نووسەر ناوەکان دەژمێرێت و دەڵێت:

١. لەوانە (حاکم) لە (المستدرک)دا فەرموودەی ئادەمی باسکردووە و بە (صحیح)ی دادەنێت.

وەڵام بۆ ئەمە/ حاڵی فەرموودەکە ئەوە بوو کە لاوازییەکەی ئاشکرا و ڕوونە، هەروەکو حاکم خۆی دەقی داوە لەسەر لاوازی ڕاوییەکەی لە کتێبی (المدخل)دا، هەروەها ئەو نوسخەیەی فەرموودەکەی تێدا ڕیوایەت کراوە حاکم پاکتاوی نەکردۆتەوە، بەڵکو مسۆدە بووە، هەروەکو پێشتر ئەمە باسکرا.

٢. لەوانە (البیهقی) لە کتێبی (دلائل النبوة)دا فەرموودەی ئادەم و جگە

لەویشی باسکردووە، خۆشی پابەندی ئەوە بووە کە فەرموودە لاوازەکان ڕیوایەت نەکات.

وەڵام بـــۆ ئەمە/ بەیهەقی لەدوای فەرموودەکە باســـی ئەوەی کردووە کە ڕاویەکـــەی کە ناوی (عبدالرحمن)ـە ســـەرەڕای ئەوەی کـــە لاوازە تەنها ئەم فەرموودەیەی گێڕاوەتەوە، ئەمەش نەخۆشـــیەکە پێویســـت دەکات فەرموودەی پێ ڕەت بکرێتەوە.

٣. لەوانە (الســـیوطی) لە ((الخصائص النبوة))دا ئـــەم فەرموودەیە و جگە لەویشی باسکردووە.

وەڵام/ باســـیکردووە و حوکمی لەســـەر نەداوە، بەڵام لە کتێبی ((تخریج الشفاء))دا کە هی خۆیەتی باسیکردووە و سەنەدەکەی بە لاواز داناوە.

٤. لەوانە (ابن الجوزی) لە کتێبی ((الوفاء)) دا باسی ئەم فەرموودەیە و جگە لەمەشی کردووە.

وەڵام/ ابن الجوزی هەرچی دەســـتی کەوتبێت باسی کردووە و حوکم دانی لەســـەر دروستی سەنەد لە ئەستۆ نەگرتووە، لە کتێبی (مکذوبات یعرفها أهل الشأن) دا باســـیکردووە، ئەمەش یەکێکە لەو شتانەی کە زانایان بە قسە دژ بەیەکەکانی ناوی دەبەن، لە (٥،٦،٧)دا دەڵێت: لەوانە: عیاض و ملا قاری و الخفاجی.

وەڵام/ قاری و الخفاجی فەرموودەی تەوەسولی ئادەمیان بە لاواز داناوە، عیبرەت بەلاوازدانانەکەیانە نەک بە بۆچوونیان، ســـەیری شرح القاری (٢١٥/١) و شرح الخفاجی (٢٤٢/٢) بکە.

٥. دەڵێت لەوانە (القسطلانی)یە لە کتێبەکەی (المواهب اللدنیه).

وەڵام/ قەستەڵانی خۆی حوکمی نەداوە لەسەر فەرموودەکەی ئادەم، بەڵکو

ئەو قسەی سیوطی نەقڵ دەکات و لەوەوە وەریگرتووە، ئێمە چیرۆکێکمان لەم بارەوە باسکرد، هەروەها ئەوەمان خستەڕوو کە چ شتێک بووە هۆکاری ئەوەی کە سیوطی ئەم کتێبە (الفارق بین المصنف والسارق) بنووسێت.

٦. دەڵێت: لەوانە زەرقانیە کە لە شەرحەکەیدا لەسەر المواهب (ج١ ص٤٤). وەڵام/ زەرقانی فەرموودەی ئادەمی بە لاواز داناوە، ئەگەر ئەمەش بۆچوونی خۆیەتی با بەڵگەکەی باسکات، من (ئەم زانیارییەم) لە (ج١ ص٤٤) دا نەدۆزییەوە لە کتێبی شرح المواهب دا.

٧. دەڵێت: لەوانە النووی:

من دەڵێم: کاتێک النووی باسی چیرۆکی العتبی دەکات مانای ئەوە نییە کە تەوەسول بەخودی مرۆڤەکانی لا دروستە. ئەمجا دەڵێت: لەوانە ابن کثیر.

وەڵام/ کاتێک ابن کثیر چیرۆکی دەشتەکیەکە باس دەکات مانای ئەوە نییە کە تەوەسولکردنی بە کەسەکان لا دروست بێت، ئەو چیرۆکی ئادەمی باسکرد و ڕاویەکەی بە لاواز داناوە.

چیرۆکی ئەو پیاوەی هاتە لای گۆڕی پێغەمبەر ﷺ ڕوونم کردەوە، بگەڕێوە سەری، بە (صحیح) دانانی سەنەد مانای ئەوە نییە کە لای دروست بێت، هەروەکو پیشەی ابن کثیر ئەمە نیشان دەدات هەروەها کاتێک باسی دروشمی موسوڵمانان دەکات کە وتویانە (یا محمداه) مەبەست نەبووە، بەڵکو ئەمە لەمیانەی باسکردنێکی درێژدا بووە کە (إسناد)ـەکەی (مظلم)ـە. ا.ه.

دەڵێت: لەوانە (ابن حجر) ئەو سەنەدی فەرموودەی ئەو پیاوەی بە (صحیح) دانا کە هاتە لای گۆڕی پێغەمبەر ﷺ).

وەڵام/ ئەو بە (صحیح)ـی دانەناوە بەڵکو وتی: (بإسناد صحیح من روایة أبی

صالح السمان عن مالک الدینار).

لەمەوە ئاماژە هەیە لەسەر نەخۆشی ڕیوایەتەکە لای ئەو، ئەو کەسانە لێی تێدەگەن کە بەزانستی فەرموودەوە خەریکن.

وەڵام/ قورتوبی وێنەی چیرۆکی ئەعرابیەکەی باسکردووە، باسکردنیشی مانای ئەوە نادات کە خۆشی لەگەڵ حوکمی هەموو دەقەکانییەتی.

لەمەوە پەردەکە لادەکەوێت، ژێر بەرگەکە دەردەکەوێت، دەردەکەوێت کە قسەی خاوەن کتێبی (مفاهیم) دەستدرێژی کردنی تێدایە بۆ سەر زۆربەی ئەوانەی قسەکانمان باسکرد، ئەمە باشنەبوو بۆ ئەو، ئەمە کارێکە کەس لەپێش ئەودا نەیکردووە، هیچ نووسەرێک ئەم کارەی نەکردووە لەپێش ئەودا، چونکە ڕەتدەکرێتەوە بەگوێرەی خواستی بنەماکانی زانایان. وبالله التوفیق.

لە ل٥٤ دا دەڵێت: ((هانابردنی بوونەوەر لەڕۆژی دواییدا بۆ لای پێغەمبەران و دواهەمینیان پێغەمبەر محمد ﷺ؛ تاوەکو تکا بۆ ئەوان بکات لای پەروەردگاری... هتد.

پاشان دەڵێت:

((ئەمە (إجماع)ـە لە پێغەمبەران و نێردراوان و گشت باوەڕداران هەروەها خوای پەروەردگاری جیهانیان ئەم کارەی بە خراپ دانەناوە (إقرار)ـی کردوون لەسەر ئەوەی کە هانابردن بۆ لای گەورەی نزیکەکان لە خوا یەکێکە لە گەورەترین کلیلەکانی لادانی ناخۆشی و هۆکاری ڕەزامەندی خوای پەروەردگاری جیهانیانە.)) ا.ە.

دەڵێم:

ئەم بوێرییە زۆر ناشیرینە بەرامبەر خوای پەروەردگاری جیهانیان و بەرامبەر پێغەمبەران و نێردراوانی (سەلامی خوایان لێبێت). ئەگەر هاتبایە

بـــۆن و دوکەڵی ئـــەم بوێرییە بەرەو هەورەکان هەڵکشـــابایە ئەوا ناوی ناو هەورەکان دەبێتە ژەهرێکی کوشندە و دەبارێت، ئەگەر ئەم بارانە ببارێتە ناو کانیاوەکان ئەوا دەیانگۆڕێت بۆ ئاگرێی بڵێســـەدار، بەڵام هەوا و ئارەزوەکان هۆش و بیـــرەکان تێکدەدەن. مرۆڤ پەلکێش دەەن بۆلای پەرســـتنی جگە لە خـــوا: (أفرأيت من اتخـذ إلهه هواه وأضلَّـه اللّه على علـم). (ئایا تۆ هەواڵی ئەو کەســـەت پێنەگەیشتوە کە هەواو ئارەزووی خۆی کردووەتە پەرستراوی خۆی و -بەهۆی خراپـــی نیەتەکەی -خوا ئەوی گومڕا کردووە ســـەرەڕای ئەوەی ئەو خاوەن زانست و زانیارییە.)، (أرأيت من اتخذ إلهه هواه أفأنت تكون عليه وكيلا) واتە: -ئەی پێغەمبەر ﷺ- هەواڵی ئەو کەســـەت پێنەگەیشتووە کە هەواو ئارەزووی کردووە بە پەرســـتراوی خۆی ئایا تۆ دەتوانی بەسەریدا زاڵ بیت. (بەڵکو تۆ تەنها ترسێنەری).

ئایا دەکرێت خوای گەورە ئایینی جاهیلیەت ئیقرار بکات و پێی خراپ نەبێت، ئایا دەکرێت ئایینی جاهیلییەت پێغەمبەران (إجماع)یان لەسەر هەبێت.

چەند ناشـــیرین و قێزەونە هەواو ئارەزووی ناپەسند، زۆر ئاشکرا و ڕوونە ئایینی جاهیلییەت لەناو قسەکانی خاوەنی (مفاهیم). ئەوەی کە ڕوودەدات لە ڕۆژی دواییدا ئەوەی کە خەڵک داوای شەفاعەت لە پێغەمبەر ﷺ دەکەن تاکو لای خوا تکایـــان بۆ بکات بۆ ئەوەی حوکم بکات لەنێوانیاندا و لەوەســـتان ڕزگاریـــان بکات، ئەم جۆری داواکردنە هەر بەو شـــێوەیەیە کە دروســـتە و بریتییە لە داواکردنی شەفاعەت لە کەسێکی زیندووی ئامادە کە توانای هەبێت.

واتـــە: داوا لە خوا بـــکات و بۆ داواکەر بپارێتەوە لەپێناو دەســـتەبەرکردنی مەبەست و ئامانجەکەی، مانای شەفاعەت بریتییە لە داواکردنی بۆ پارانەوە لە کەسێکی زیندووی ئامادە، ئەمەش جیاوازە و پێچەوانەیە لەگەڵ داواکردنی

شەفاعەت لە مردوو، یان نزیکبوونەوە لێی بەهەرجۆرێک بێت لە جۆرەکانی پەرستش بەمەبەستی شەفاعەت بۆ کردن، هەروەکو خوای گەورە دەفەموێت: (ویعبدون من دون الله ما لا یظرهم ولاینفعهم ویقولون هؤلاء شفعاؤنا عند الله). واتە: (ئەم موشریکانە) جگە لە خوا پەرستن بۆ شتێک دەکەن کە زیان و سوودی بۆیان نییە و (پاشان) دەڵێن ئەمانە تکاکارمانن بۆ لای خوا.

(نوسەر) لە ل٥٥ دا دەڵێت:

((لە الفتاوی الکبری دا هاتووە: پرسیارکرا لە شیخ الإسلام ڕەحمەتی خوای لێبێت: ئایا دروستە تەوەسول بکرێت بە پێغەمبەر ﷺ یان نا؟ وڵامی دایەوە: الحمد لله: تەوەسول کردن بەباوەڕ بوون پێی، خۆشەویستی و گوێڕایەڵی کردنی و صەڵات و سەلامدان لەسەری و، بە پارانەوەی پێغەمبەر ﷺ شەفاعەتی هاوشێوەی بەندەکان و فرمان کراوە کە دەرحەق بە پێغەمبەر ﷺ ئەنجام بدرێن، ئەوا مەشروع و ڕێگا پێدراوە بە یەکدەنگی موسوڵمانان، {الفتاوي الکبری ج١ ص١٤٠...})) ا.ه.

دەڵێم: نووسەری کتێبی (مفاهیم) جارێکی تریش لەسەر ئەو شێوازە ڕۆیشتووە کە خۆی لێی ڕازییە؛ کە بریتییە لە گۆڕین و دروستکردنی گۆڕانکاری، قسەی کۆتای شەیخولئیسلامی قرتاندووە بۆ ئەوەی گومانی ئەوە دروست بکا کە (ابن تیمیة) لای یەکسانە تەوەسول بکرێت بە پێغەمبەر ﷺ بەزیندووی و بەمردووی، ئەمە بریتییە لە گۆڕینی شەیخولئیسلام دوای ئەو قسەیەی خاوەنی کتێبی مفاهیم هێناویەتی دەڵێت: ((هاوەڵان تەوەسولیان بە پێغەمبەر ﷺ دەکرد کاتێک لە ژیاندا بوو، دوای وەفات کردنی تەوەسولیان بە مامی پێغەمبەر ﷺ (عباس) کرد، هەروەکو چۆن پێش مردنی پێغەمبەر ﷺ

تەوەسولیان پێدەکرد.)) ا.ە.

ئەم ڕاڤەیەی کە (ابن تیمیه)بۆ قســـە (مجمل)ـەکانی پێشتری کرد دەبێت باس بکرێت و بهێنرێت، لەم قســـانەی لەســـەرەوە ئەوەمان بـــۆ دەردەکەوێت کە تەوەسول کردن بە پێغەمبەر ﷺ لەکاتی ژیانیدا بەوە دەبێت کە بپارێتەوە بۆ ئەو کەسەی داوای بۆ پارانەوەی لێکردووە، یان بەوە دەبێت کە خۆی سەرەتا بپارێتەوە بۆ هەریەکە لە هاوەڵانی کە خۆی بیەوێت، ئەمە شـــتێکی ڕاست و ڕەوایە چونکەی پێغەمبەر ﷺ لەناویاندا زیندوو بووە، توانیویەتی لە دونیا (کە جێگەی تەکلیفە) بپارێتەوە، توانیویەتی داوا لە خوا بکات بۆ ئەو کەسەی داوای لێکردووە داوای بۆ بکات، (ئەمە ڕاســـتە) بەگوێرەی ئەو دەقانەی هیچ گومان لە بوون و مانایان نییە.

بەڵام دوای گەڕانەوەی بۆلای خۆشەویســـتی بەرز و بڵندی و چوونی بۆ ژیانی بەرزەخ ئەوکاتە ئەو کردەوانەی لە دونیا دەیکرد وەکو پارانەوە بۆ ئەو کەسەی داوای لێکردووە بۆی بپارێتەوە، هەروەها شەفاعەتکردن بۆ ئەو کەسەی داوای شەفاعەتی لێکردووە، دەپچڕێت و نامێنێت.

ئەوەی لەمە لایدابێت و دەرچووبێت ئەوا ڕەتکراوەیە، مەگەر دەقێک هەبێت، هیچ دەقێکی گوازراوەمان نییە ئەو مانایە بدات. نە دەقێکی صحیح نە حســـن نە لاواز نییە، هەروەکو زانایان وا لێی تێگەیشتوون.

پێغەمبەر ﷺ هەروەکو لەم کتێبەدا ڕوونکراوەتەوە –شـــەفاعەت و تەوەسولی بە هیچ یەکێک لە پێغەمبەرانی پێش خۆی نەکردووە، بەڵکو شەفاعەتی بە هیچ شەهیدێک نەکردووە کە گەورەترینیان (حەمزەی کوڕی عبدالـمطلب)ـە، هەرگیز داوای لێنەکردوون و تەوەسولی پێنەکردوون هەرچەندە ئەوان پێغەمبەر بوون و یەکێک بوون لەو شـــەهیدانەی کە زیندووییان جێگای گومان نییە و مردوو

نین، بەڵام ژیانەکەیان ژیانێکی بەرزەخییە.

ئەمە کردەوەی پێغەمبەر ﷺ ئێمەش شوێنکەوتەی ئەوین، بەڵام موبتەدیعە لاڕێکان شوێنکەوتەی هەوا و ئارەزووەکانیانن، هەرکەسێک یەک جار سەیری ئەمە بکات ئەوا بۆچوونێکی بۆ دروست دەبێت کە دەبێتە مایەی ڕزگاربوونی لە پەشیمانی بەیارمەتی خوای خاوەن دڵەکان، کاتێک ئەم کەسە یەکێک بێت لەوانەی خوازیاری دۆزینەوەی ڕێگای ڕاستە و بەدوای ڕێنمایدا دەگەڕێت؛ ڕێنمایی باشترینی هەموو بوونەوەر.

لە ل٥٦دا دەڵێت: ((ئەوەی لە قسەکەی شێخ ابن تیمیە وەردەگیرێت ئەوەیە کە ئەو کەسەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆی پاڕاوەتەوە دروستە بۆ ئەو بە پاڕانەوەی پێغەمبەر ﷺ تەوەسوڵ بۆ لای خوا بکات، لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە کە دوعای بۆ ئوممەتەکەی کردووە، ئەمە لە چەندین فەرمودەدا هاتووە)). ا.ە.

پاشان دەڵێت: ((کەواتە دروستە بۆ هەموو موسوڵمانێک تەوەسول بۆلای خوا بکات بەمە و بڵێت: خوایە پێغەمبەرەکەی ﷺ دوعا و پاڕانەوەی بۆ ئوممەتەکەی کردووە، منیش تاکێکم لە تاکەکانی ئەم ئوممەتە، خوایە من بەهۆی ئەم دوعایە داوات لێدەکەم کە لێم خۆشبیت و ڕوحمم پێ بکەیت، تا کۆتایی ئەو شتەی دەیهەوێت، کاتێک ئەمەی وت ئەوا لەو بابەتە دەرناچێت کە هەموو زانایانی موسوڵمانان لەسەری یەکدەنگن)). ا.ە.

دەڵێم: من ئێستا ئەوەم ڕوونکردەوە کە تەوەسولکردن بە پاڕانەوەی پێغەمبەر ﷺ دوای مردن چەندە داهێنراوی تێدا کراوە، هەروەها باسی دەرچوون لە تێگەیشتنی سەلەفم کردووە لەم بابەتەدا، تەوەسولکردن بە پاڕانەوەی پێغەمبەر ﷺ مەبەستی خاوەنی کتێبی (مفاهیم) نییە، بەڵکو ئەمەی بۆیە

هێناوە تاوەکو بیکات بە شـــتێکی تر، ئەویش ئەوەیە کە خۆی بە ڕاشـــکاوی دەڵێت: ((ئەگەر کەسەکە بڵێت: خوایە من تەوەسول بۆلای تۆ دەکەم بۆ ئەوەی پێغەمبەرﷺ ئەوا ئەوکات ئەم دەربڕینەی لە دەست دەچێت بەهۆی ئەو شتەی لە نیەتیدایە، هەروەها ئەمە ئاشـــکراکردنی ئەو شـــتەیە کە دڵی پەیوەستە پێوە، ئەمەش مەبەســـتی گشت موســـوڵمانێکە، مەبەستەکەشی لەم سنورە تێپەڕ ناکات)). ا.ە.

ئەم قســـەیە ڕوونە، بۆچی نوسەر ئەم قســـانەی شەیخولئیسلامی هێنان کە پێشتر باسکرا، ســـەیر بکەن چەند لاوازە بەڵگەکەی، بەرچاو ڕۆشنی چەندە کەمە، کاتێک دەیەوێت بابەتەکە بگێڕێتەوە سەردڵی ئەو کەسانەی تەوەسول بـــە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەکەن دوای مردنـــی لەکاتێکدا ئەو پێی وایە، ئەو ئاگاداری دڵـــی ئەوانە و دەزانێت چی لەناو دڵیاندایە، هەروەها مەبەســـتی ئەوان لەو ســـنورە ناچێتەدەر کە لەدڵی ئەواندایە و ئەو ئاشـــنایە پێی. ئایا نوسەر دڵی داواکەرانی پشـــکنیوە، یان ئەوەتا خۆی کردووە بە گەورەیان و بەرگرییان لێدەکا، ئەمە نوسەر، خۆی لەم سنورە دەرچوو کە بانگەشەی بۆلا دەکات، بەهۆی تەوەســـولی بیدعی گەیشتە ئەوەی بڵێت دروستە هانا ببرێت بۆ پێغەمبەران و داوای شەفاعەتیان لێبکرێت، ئەمەی کرد بە پەیژە، پاشان چ شتیک وادەکات ئەو کەسەی دەپارێتەوە بە ڕاشکاوی ئەوەی لەناو دڵی بڵێت، تەنها ئەو شـــتە ڕێگرە کە پێی وایە ئەو وشانەی دەریان دەبڕێت باشترن لەو وشـــانەی نەی وتوون، ئەگەر پێی وابێت وشەیەکی نزیکتر و دروستتر هەیە ئەوا دەیگوت؛ چونکە ئەو داواکەرە، ئەو کەســـی داواکەرە هەمیشـــە بەدوای وشـــەیەکدا دەگەڕێت کە زیاتـــر مرۆڤ نزیک بکاتەوە و ڕاســـت بێت، ئەگەر ئەوان مەبەستیان ئەو شتە بوایە کە نوسەر کردوویەتی بە پاساو بۆیان ئەوا

دەیانگوت، بەڵام مەبەستیان تەوەسولکردنە بە خودی پێغەمبەر ﷺ، کە ئەمە شـــتێکی داهێندراو و هۆکارێکە لە هۆکارەکانی شەریک دانان و کردنە بەشی کەســـێکی تر لەگەڵ خوادا و کردنیەتی بە تکاکار و پەنادەر و یارمەتیدەر، کە ئەمە تەنها لەتوانای خوای گەورەدایە، یان (پێغەمبەر ﷺ دەکەنە شەفیع) دوای مردنی.

پاشـــان کاتێک تۆ بێی بەدوای ئەمەدا بگەڕێیت دەبینی ئەو کەســـەی بەرگری لە دروســـتی تەوەسول دەکات بە خودی کەسەکان لە هەمان کاتدا شیرکی پێ دروستە کە بریتییە لە هانا بردن بۆ مردوان و پارانەوە لێیان و داوای تکاکردن لێیان، من خوێندنەوەم هەبووە بۆ هەندێک لە کتێبەکانیان ســـەرئەنجام بۆم دەرکەوتووە کە بەو شێوەیەن بۆتم باسکرد. کە تۆش لەوانە بیت کە بەرچاو ڕۆشن و ڕزگاربوون.

لە ل٥٧ دا دەڵێت: ((لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ژیانم بۆ ئێوە باشـــترە، مردنم بۆ ئێوە باشترە، ئێوە قسەدەکەن و قسەتان بۆ دەکرێت، کردەوەکانی ئێوە دەهێندرێن بۆ لای من، کاتێک چاکەیەکم بینی سوپاســـی خوا دەکەم، کاتێک خراپەیەکم بینی داوای لێخۆشـــبوونتان بۆ لە خوا دەکەم))، ئەم فەرموودەیە حافز ئیســـماعیل القاضي لە ((بەشی الصلاة علی النبی ﷺ) دا باسی کردووە. هەروەها (الهیثمی لە کتێبی ((مجمع الزوائد)) دا باســـیکردووە بە (صحیح)ی داناوە، ئەمە بە ڕاشکاوی باس لەوە دەکا کە پێغەمبەر ﷺ داوای لێخۆشبوون بۆ ئوممەتەکەی دەکات لە ژیانی بەرزەخدا. داوای لێخۆشـــبوونیش بریتییە لە دوعا و پارانەوە، ئوممەتیش ســـود لەمە دەبینێت)). قسەی خاوەنی کتێبی (مفاهیم) لێرە کۆتایی دێت.

دەڵێم:

قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە لە چەند ڕوانگەیەکدا خۆی دەبینێتەوە:

یەکەم: ئەم فەرموودەیە إسماعيل القاضي لە لا٣٦ لە (بەشی صلاوات دان لەسەر پێغەمبەردا ﷺ گێڕاویەتیەوە (بە سەنەدێکی) مورسەل و دەڵێت: سليمان بن حرب هەواڵی پێداین و وتی حماد بن زيد هەواڵی پێداین و وتی: غالب القطان لە بکر بن عبدالله المزني هەواڵی پێداین کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی، پاشان فەرموودەکەی بە (لفظ)ێکی تر باسکرد کە وەک ئەو شێوازە نییە نووسەر باسیکرد، خاوەنی کتێبی (مفاهيم) بەم پێشەیەی وا گومان دروست دەکات (لەناو دڵی خوێنەردا) کە (إسماعيل) بەم شێوازە گێڕاویەتیەوە، بکر بن عبدالله المزني یەکێکە لە تابعین کە زۆر متمانە پێکراوە و سااڵی (١٠٦ک) کۆچی دوای ی کرد، ئەمە (مرسل)ـە، (مرسل)یش وەرناگیرێت لای فەرموودەناسان.

بەڵام قسەی نووسەر: ((الهيثمي لە کتێبی مجمع الزوائد))دا باسیکردووەو بە (صحيح)ی داناوە، لەم قسەیەدا (لەم کتێبەدا) هاتووە کە: الهيثمي ڕیوایەتی (البزار)ی باسکردووە –لەمەودوا باسیدەکەین کە چۆن– وتی پیاوەکانی پیاوی (الصحيح)ـن، ئەم قسەیە مانای بە (صحيح) دانانی خۆی دەرناخات بۆ فەرموودەکە، دروست نییە بوترێت ئەو بە (صحيح)ـی داناوە، هەروەکو خاوەنی کتێبی (مفاهيم) دەوترێت وابڵێت. ئەوەندە هەیە کە قسەی (الهيثمي) کە دەڵێت: پیاوەکانی پیاوی (الصحيح)ـن مانای متمانەداری پیاوەکانی دەدات، هەروەها مانای وایە کە لە (صحيح البخاري یان مسلم) دا فەرموودەیان گێڕدراوەتەوە، ئەمە مانای ئەوە نادات کە نە سەنەدەکەی (صحيح) بێت و نە فەرموودەکەش (صحيح) بێت، دروستی سەنەد پێویستی بەوە هەیە

کە بزاندرێت ئاخۆ ڕیوایەتەکە هەمـــووی (اتصال)ی[٢٣] تێدایە و پچڕانی تێدا نییە، هەروەها نابێت لە سەنەدەکەدا (مدلس)ێک هەبێت فەرموودەکە بە (عن) ڕیوایەت بکات.

بـــۆ نمونە/ ئەگەر بێت و فەرموودەیەک لە ڕێگـــەی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ڕیوایـــەت بکرێت و بوترێت: عـــن أحمد بن حنبل عن ســـفيان الثوري عن ابن المســـيب عن أبي بكر الصديق، دروستە بوترێت: پیاوەکانی ئەم فەرموودەیە پێشـــەوای متمانەپێکراوی (حافظ)ـن، بەڵام ئەمە ئـــەوە ناگەیەنێت بوترێت سەنەدەکەشی (صحيح)ـە چونکە لە ســـەنەدەکەدا بە ئاشکرا دیارە کە پچڕان لەنێوان هەریەکە لە ڕاوی و مامۆستاکەیدا هەیە، ئەحمەد سفیانی نەبینیوە، سفیان نەگەیشتووە بە ابن المسيب، ابن المسيب نەگەیشتووە بە أبو بكر.

ڕاستی فەرموودەکە نەبەســـتراوەتەوە بە ڕاستی سەنەد، بەڵکو لەنێوانیاندا چەندین پلە هەیە کە زاناکان دەیزانن، چەندین فەرموودە هەیە کە سەنەدەکەی (صحيح)ـە و خۆشی (شاذ)ـە یان هەڵەیە یان (مُعَلَّل)ـە، هەر لەبەر ئەمەشە کە پێناسەی فەرموودە لای زاناکان دوو شت دەگرێتەوە: ڕاستی سەنەد و نەبوونی (شـــذوذ) و (عِلَّة)، ئەگەر ئەم دوو مەرجە کۆنەبوویەوە ناوترێت فەرموودەکە (صحيح)ـە، لێرەوە دەزاندرێت کە کاتێک خاوەنی کتێبی (مفاهيم) بەدروســـت دانانی فەرموودەکە دەداتە پاڵ (الهيثمي) قسە هەڵبەستنە بەناویەوە، هەروەها زیادکردنی شـــتێکە (بەسەر قسەکانییەوە) کە ئەو نەیوتووە (ڕەحمەتی خوای لێبێت)، هاوونێنەی ئەمە ئەو فەرموودەیە کە خاوەنی کتێبی (مفاهيم) لە (لا١٧٢) ی کتێبەکەیدا قسەی العراقی باس دەکات کە گوایە وتوویەتی: إسناده جيد. دووەم: فەرموودەکـــە البـــزار لـــە (مســـند)ـەکەیدا (٣٩٧/١) و (زوائد)ـەکەیدا

٢٣) واتە: هەموو ڕاویەکەیان یەکتریان بینیبێت و لە یەکتریان بیستبێت.

گێڕاویەتییەوە و وتوویەتی: یوسف بن موسی هەواڵی پێداین و وتی عبدالمجید بن عبدالعزیز بن أبی رواد لە (سفیان)ـەوە هەواڵی پێداین و لە (عبدالله)ـی کوڕی السائب وەریگرتووە لە (زاذان)ـەوە ئەویش لە (عبدالله)ـەوە لە پێغەمبەری ﷺ وەرگرتووە کە فەرموویەتی: ((إن للّه ملائكة سياحين يُبلّغوني عن أمتي السلام))، واتە: خوا کۆمەڵێک فریشتەی هەیە کە بە سەر زەویدا دێن و دەچن سەلامی ئوممەتەکەم پێ دەگەینن، هەروەها فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((ژیانم باشترە بۆ ئێوە... هتد)).

(البزار) دەڵێت: ((نەمانزانیوە کە لە (عبدالله)ـەوە بە جگە لەم سەنەدە ئەم فەرموودەیە گێڕدرابێتەوە)). ا.ە.

ئەم سەنەدە (عبدالمجید أبی داود)ـی تێدایە کە ئەو کەسێکە هەرکاتێک بەتەنیا فەرموودەیەکی گێڕایەوە لای زانایان لێی وەرناگیرێت. هەر لەبەر ئەمەیە کە (الحافظ العراقی) کە شەیخ و مامۆستای (الهیثمی)یە دەڵێت: پیاوەکانی پیاوی (لصحیح)ـن تەنها ئەوەندە هەیە کە عبدالمجید بن أبی رواد هەرچەندە (مسلم) فەرموودەی لێ گێڕاوەتەوە و (ابن معین) و کەسانی بەمتمانەداریان داناوە (سەرەڕای ئەمە) هەندێک بە لاوازیان داناوە)). ئەمە ڕاستە. (چونکە) ئەم پیاوە بەتەنها ئەم زیادەی باسکردووە ((ژیانم باشترە بۆ ئێوە...))، بەڵام سەرەتای فەرموودەکە: ((خوا چەند فریشتەیەکی هەیە... هتد)). ئەوا پارێزراوە و فەرموودەی (سفیان)ـە کە لە (عبدالله بن السائب)ـی وەرگرتووە، گێڕەڕەوانی فەرموودە (ئەوانەی کە ئەم فەرموودە لە) سفیان دەگێڕنەوە هەموویان یەکدەنگن لەسەر ئەمە، پاشان عبدالمجید هات و تەنها ئەو زیادەی باسکرد، ئەمە شازە و لاوازە هەروەکو بەدواداگەڕانی دروست ئەمە دەخوازێت.

سێیەم: ئەگەر فەرموودەکە دروست و (صحیح)یش بێت ئەوا ئەو واتایە لەخۆ ناگرێت کە خاوەنی کتێبی (مفاهیم) بانگەشەی بۆ لادەکات کە (پێی وایە) دروستە تەوەسول بەو داوا لێخۆشبوونە گشتییەی پێغەمبەر ﷺ بکرێت کە بۆ ئوممەتەکەی کردوویەتی، چونکە پارانەوەی پێغەمبەر ﷺ لەماوەی ژیانیدا بۆ ئوممەتەکەی داواکردنی لەخوا بۆ ئەوان باشتر و لەپێشترە لە داوای لێخۆشبوون کردنی بۆ ئوممەتەکەی –ئەگەر ئەمە بە (صحیح)ی هاتبێت– ئەو هۆکارەی کە لە ژیانیدا بوونی هەبووە هەمان ئەو هۆکارەیە کە حوکمی پێوە بەستراوە دوای مردنی، کاتێک لە شەرعدا ئەم جۆرە کارە بوونی نەبووە کە بریتییە لە تەوەسولکردن بەو داوا لێخۆشبوونە گشتییەی (پێغەمبەر ﷺ) کردوویەتی هەرچەندە هۆکاریش هەبووە بۆ ئەوەی ئەم جۆرە تەوەسولکردنە ئەنجام بدرێت لەکاتی ژیانی پێغەمبەر ﷺ، کەواتە داهێنانی کارێکی لەم جۆرە بیدعەیە و زیادکردنی نارەوایە لە دین، ئەوەی پاڵپشتی ئەم قسەیە دەکات ئەوەیە کە هەرسێک سەدە باشەکان و ئەوانەی بەدوایاندا هاتن و ئەوانەی بەدوای ئەواندا هاتن هیچ کامێکیان ئەم جۆرە تەوەسولەی نەکردووە کە عاشقانی بیدعە و پشتگوێ خەرانی سوننەت دایان هێناوە.

من دەڵێم: پاشان خاوەنی کتێبی (مفاهیم) وەک نەریتی خۆی زیاتر درێژەی بە بابەتەکەدا و دەستی گرت بە کەمترین و لاوازترین شوبهە و گومان، لە لا١٧٣ دا لە کۆتایی قسەکانی لەسەر فەرموودەکە وتی: ((فەرموودەکە (صحیح)ـە و هیچ قسەیەکی لەسەر نییە و جێگای ڕەخنە نییە)) ا.ه، ئەمە قسە هەڵبەستنە و کەمی زانیارییە، بەڵکو فەرموودەکە ڕەخنەی لەسەرە هەروەکو باسمانکرد لەمەوپێش.

دەڵێت: ((ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەرﷺ ئاگاداری کردەوەکانمانە بەهۆی ئەوەی دەخرێتە پێش چاوی، داوای لێخۆشبوونمان بۆ لە خوا دەکات لەو گوناهو کارە خراپانەی ئەنجاممان داون، کاتێک کەوابێت ئەوا دروستە تەوەسوڵی پێبکەین و بیکەین بە تکاکاری خۆمان لای خوای گەورە چونکە ئەو ئاگاداری ئەو داوای شەفاعەتکردنە دەبێت و بەو هۆیەوە شەفاعەتمان بۆ دەکات و بۆمان دەپارێتەوە...))ا.ه.

من دەڵێم: لە فەرموودەکە باسی ئەوە کراوە کە کردەوەکان دەخرێنە پێش چاوی پێغەمبەرﷺ نوسەریش ئەمە دەکاتە بەڵگە لەسەر دروستێتی داواکردنی شەفاعەت، ئای دەبێت چ جۆرە تێگەیشتنێک بێت کە لەناو ئەم ئوممەتەدا بوونی نەبووە و پەنهان بووە ماوە چواردە سەدە و شتێک، تا ئەوە کاتەی ئەم موبتەدیعانە پەیدا بوون و پێی گەیشتن، پیشاندانی کردەوەکان بە پێغەمبەرﷺ شتێکە و بە دروست دانانی داواکردنی شەفاعەتت شتێکی تر و دوورە، ئەگەر هات و کردەوەکانت خرایە پێش چاوی پێغەمبەرﷺ ئەوا ئەو هەرگیز ڕازی نابێت بە کردەوەی شیرکی کاتێک لەناو کردەوەکانتدا بێت. یەکێک لەو کردەوە شیرکییانە بریتییە لە داواکردنی شەفاعەت لە مردووان، هەرگیز داوای لێخۆشبوون بۆ موشریکێک ناکات هانا بۆ مردوان ببات.

(ما كان للنبي والذين ءامنوا معه أن يستغفروا للمشركين ولو كانوا أولي قربى من بعد ما تبيّن لهم أنهم أصحاب الجحيم)، واتە: بۆ پێغەمبەر و باوەڕداران نییە کە داوای لێخۆشبوون لە خوا بۆ موشریک و هاوبەش بڕیاردەران بکەن با هەرچەندە ئەوان خزم و نزیکیان بن دوای ئەوەی بۆیان ڕوون بۆوە کە ئەوان لە هاوەڵانی دۆزەخن، داواکردنی شەفاعەت لە مردوان کارێکی خراپە و شیرکە، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) داوای لێخۆشبوون بۆ کەسێک

ناکات وازی لە ئایینەکەی هێنابێت و شـــوێن هەوەس و ئارەزووی کەوتبێت و شیرکی کردبێت، داوای لێخۆشـــبوونی پێغەمبەر ﷺ شەفاعەتەکەی تەنها لەمـــاوەی ژیانی و ڕۆژی دواییە نەک لەنـــاو بەرزەخدا، پێغەمبەر ﷺ چەند جۆرێک شـــەفاعەتی هەیە کە موشریکان پشکیان تێدا نییە، هەرکەسێک دوای مردنی پێغەمبەر ﷺ داوای شەفاعەت لە پێغەمبەر ﷺ بکات شایەنترە بەوەی لە دواڕۆژ هەلی شەفاعەت بۆ کرانی نەبێت.

ئەم قســـەیەی خاوەنی کتێبی (مفاهیم) کە دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ شـــەفاعەتمان بۆ دەکات و بۆمان دەپارێتەوە قســـەیەکی خراپە و دەستدرێژییە بۆسەر پلە و مەقامی پێغەمبەرایەتی، بەشێکی تر لە قسە خراپەکان و تێکەڵکردنی وتەکان و نارێکی قســـەکان ئەوەیە کە خاوەنی کتێبی (مفاهیم) دەســـتدرێژی دەکاتە ســـەر پلە و مەقامی پەرستراوێتی، پێی دروســـتە داوای شەفاعەت ڕاستەوخۆ لـــە پێغەمبەر ﷺ بکات لەکاتێکدا شـــەفاعەت حەق و مافـــی خوایە بەتەنها، بەڵکو شـــەفاعەت تەنها لە خوا داوا دەکرێت هەروەکو دڵسۆزان و نیازپاکان دەپارێنەوە و دەڵێن: (اللهم شَفِّع فینا نَبِیّك محمداً (صلى الله علیه وسلم)) واتە پێغەمبەر ﷺ بکە بە تکاکاری ئێمە، لە باســـی بابەتی (الشفاعة) بەشێوەیەک ئـــەم بنەمایانەم ڕوونکردۆتەوە کە دەبنە مایەی دڵنەواکردن و ڕازیکردنی ئەو کەسەی خوای گەورە بیهەوێت ڕینمونی بکا.

لە لا٦١ دا سەرەباســـێکی داناوە کە بریتییە لەمە: ((شـــێخی پێشەوا محمد بن عبدالوهاب ئینکاری تەوەسول ناکات)).

دەڵێم: ڕازاندنەوەی ناوی محمد بن عبدالوهاب بە (الشـــیخ الإمام) یان دەبێت دان نانـــت بێت بە گەورەیی ئەو پیاوە و دیاری جێ پەنجەی لە نوێکردنەوەی ئایینی ئیسلام و چاکسازییەکانی و تێکۆشانی، یاخود تەنها مەبەستت لایەنی

زمانەوانی ئەم وشانەیە.

ئەگەر مەبەستت مانای یەکەم بێت ئەوا شێخ بانگەوازەکەی لەسەر دژایەتیکردنی هەموو جۆرەکانی شیرکی ئاشکرا و نادیار بوو، شیرک و گەورە و بچوک، هەروەها دژایەتی هەموو ئەو هۆکارانەی کردووە کە سەر دەکێشن بۆ ئەو شیرکەی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ قەدەغەی کردووە، هەر کەسێک ورد بێتەوە لە کتێبی (کتاب التوحید) ئەوا دەبینێت کە ئەم کتێبیە لە دەوری ئەو مانایانەی باسمکردن دەخولێتەوە، هەروەها لەسەر ڕێبازی ڕاست و دروست دەڕوات، شێخ (محمدی کوڕی عبدالوهاب) جیهادی کرد و تێکۆشا بە مەبەستی گەڕاندنەوەی خەڵک بۆ سەر ئەو ئایینەی کە پێغەمبەری خوا محمد ﷺ پێی هاتبوو، تێکۆشا لە پێناو قەناعەت پێکردنیان بەوەی کە ئەو کارانەی هەندێک لە خەڵکان لەسەردەمی ئەودا ئەنجامیان دەدا و ناویان نابوو ئیسلام هەمان ئەو کار و کردەوانە بوون کە ئەو موشریک و هاوبەش بڕیاردەرانە لەسەری بوون کە پێغەمبەر ﷺ جەنگی لەگەڵدا بەرپاکردن، زۆربەی ئەوانەی لەسەردەمی (محمدی کوڕی عبدالوهاب) دابوون و خۆیان بە موسوڵمان دەزانی گۆڕپەرست بوون: ڕاستەوخۆ داوایان لە گۆڕەکان دەکرد جگە لە خوای گەورە و لەگەڵ خوادا داوایان لێیان دەکرد بە مەبەستی شەفاعەت و تکاکردن لای خوا و هەروەها بە مەبەستی نزیک بوونەوە لە خوای گەورە داوایان لێمان دەکرد، هەروەها ئومێدیان پێیان هەبوو لەلادانی ناخۆشییەکان و هەموو ئەو هۆکارانەی مرۆڤ بەهیلاک دەدەن و لەناوی دەبەن، هەروەکو خوای گەورە سەبارەت بەو کەسانەی وەکو ئەمانن فەرموویەتی: (مانعبدهم إلا ليقربونا إلى الله زلفى)، واتە: موشریکەکان دەیان وت ئێمە بۆیە ئەم (بتانە) دەپەرستین تەنها لەبەر ئەوەیە تاکو لە خوا نزیکمان بکەنەوە، ئنجا ئەو کەسانە

دەهاتن جۆرەها قوربانی و پەرستشـــیان بۆ ئەم گۆڕانە ئەنجام دەدا ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەم جۆرە پەرستشـــانە نابێـــت بۆ جگە لە خوا ئەنجام بدرێت، وەکو: ســـەربڕین و نەزر، هەروەها ئەمانـــە زۆر زیاتر لە مزگەوتەکانی خوا ملکەچییان بۆ گۆڕی ئەم مردوانە نیشاندا.

ئەوان هانایان بۆ مـــردوان دەبرد، لەکاتی نهێنیدا لێیان دەترســـان، زیاتر لە خۆشەویســـتیان بۆ خوا خۆشەویســـتیان بۆ ئەم گۆڕانە هەبوو، هەوڵی نزیکبوونەوەیـــان لەم گۆڕانە زیاتر بوو لە هەوڵی نزیکبوونەوەیان لە خوا، بەڵکـــو ناو و یـــادی پەروەردگاریان لەبیرکردبوو، ئەمـــە بووە هۆی ئەوەی چەندین ڕێباز و مەزهەبی بێ دینـــی و زندیقی لەناویاندا بڵاوبێتەوە و پەرە بســـتێنن، وەکو مەزهەبی (وحدة الوجود) و بە گەورە دانانی دۆستانی خوا و پێغەمبەرانی هەروەکو پێشینەکەیان دەڵێت:

مقام النبوة في برزح فوق الرسول ودون الولي

واتە: پلە و مەقامی پێغەمبەرایەتی لەناو بەرزەخدا لەســـەرەوەی (الرســـالە) یە و لە خوارەوەی دۆستایەتی خوایە. (واتە یەکەم وەلی ئەمجا نەبی ئەمجا رسول).

ئەمە بەشـــێکە لەو واقیعە ڕەشەی کە شێخ (محمد) لەم وڵاتانەدا بینیویەتی، بۆیە پشتی بە خوا بەست و شوێن پێغەمبەرﷺ کەوت و دەستی کرد بە جیهاد و تێکۆشـــان، بەڵکو لە شێوازی جیهاد کردنیشدا لەسەر سوننەت بوو، بۆیە خوای گەورە سەری خستن و بەهێز و عیززەتی کرد و ئایینی بۆ چەسپاند لە وڵاتدا.

ئەو واقعەی باسمانکرد لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامیەکاندا بەرجەستەیە و بوونی هەیە، ئەوەی پێویســـتە و واجبە ئەوەیە کە دەبێت بەرچاو ڕۆشنیان بدرێتێ

و هەموو ئەو شـــتانەیان پێ بوترێت کە دەبنە مایـــەی کافر بوون و بێباوەڕ کردنی مرۆڤ مسوڵمان، پاشان بە هەرسێ جۆرەکەی جیهاد (جیهاد بە دەست، جیهاد بە زمان، جیهاد بە دڵ) جیهادیان لەگەڵ بکرێت، بەڵام خەڵک خۆی بە زەوییەوە نوساندوە (جیهاد ناکەن) تەنها کەمێکیان نەبێت.

ئەوەی کە باسکرا لە جۆرەکانی شیرکی گەورە دژایەتیکردن و گۆڕین و ڕێنمایی کردنی خەڵک بۆلای ئیســـلام بریتیی بوو لە خەم و مەبەســـتی یەکەمی شێخ (محمدی کوڕی عبدالوهاب).

ئنجا شـــێخ ڕەحمەتی خوای لێبێت بانگەوازکارێکی دانا و لەســـەرخۆ بوو، کاتێک ئەو کەسەی قسەی بۆ دەکرێت کەوتبێتە ناو گێژاوی جۆرەکانی شیرک ئەوا نادانییە شـــێخ نەهی لێبکات لـــەوەی ئەم بیدعانە بکات و داوای لێبکات واز لەو هۆکارانە بهێنێت کە ســـەر دەکێشن بۆ شـــەریک و هاوبەشدانان بۆ خوا، لەکاتێکدا ئەم کەســـە نەزانێت کە بەڵێ بەڕاســـتی شیرک بوونی هەیە لەناو خەڵکدا، بەڵکو واجبە و پێویســـتە شـــیرک و هاوبەشـــدانان بۆ خوا ڕوونبکاتەوە، پاشـــان ئەگەر ئیسلامی ڕاســـتەقینە لەناو دڵی بەندەدا جێگیر بوو وازی (لە شـــیرک) هێنا و تێکۆشا بۆ نەهێشتنی شیرکی گەورە؛ ئەوکاتە خۆی ڕقی دەبێتەوە لەو هۆکارانەی سەردەکێشـــن بۆ شەریک و هاوبەشدانان بۆ خوا، چونکە مرۆڤی ژیر و بەرچاو ڕۆشن کاتێک ڕقی لە شتێک بۆوە ئەوا ڕقی لەو هۆکارانەش دەبێتەوە کە سەردەکێشن بۆ ئەم شتە.

إن السلامة من سلمى ورجارتها أن لا تحل على حال بواديها

ئەم شـــاعیرە کۆنە ئەم ڕاســـتییەی زانیوە ژیرەکانیش بۆلای ئەم ڕاســـتییە ڕێنمایی وەردەگرن، شـــەریعەتی ئیســـلامی ئاماژەی بەمە کردووە و بنەمای ((ســـد الذرائع)) واتـــە : ((بنبڕکردنی هۆکارەکانی تووشـــبوون بە حەرام))ی

لەســـەر داناوە، (نووسەر) لە پووختەی قسانیدا لەســـەر (التوسل) لە لا٧٣ دا دەڵێت: تەوەســـول تەنها لەناو ئەو بازنە تەسکەدا نییە کە تووندڕەوەکان وا گومان دەبەن کە وابێت)).

دەڵێم: ئەم وشـــانە خاوەن دڵە زیندووەکان لێی ڕادەکەن، ئەو دڵانەی کە پڕن لە خۆشەیستی خوای گەورە و بە گەورە زانینی، (کاتێک ناوی خوای بیست) بەناوی خوا دڵنەوا دەبێت و پێویستی بە جگە لە خوا نییە، ئایا ئەمانە خوایان لەبیرکردووە بۆیـــە خوای گەورە ئەوانی لەبیرکردووە، دەبێت ئەم وشـــانە چەندە خراپ بن لەکاتێکـــدا ئەگەر تێکەڵ بکرێن بە ئاوی دەریا تێکی دەدات، ئەگەر بێت و ئەم وشانە بپڕژێن بەسەر کشتوکاڵی خەڵکدا ئەوا تێکی دەدات و لەناوی دەبات. پاک و بێگەردی بۆ خوا، ئایا تەوەســـولکردن و نزیکبوونەوە لە خوای گەورە بەهۆی ناو و ســـیفاتەکانی بازنەیەکی تەسکە، ئەو ناوانەی خوا کە هەرگیز ســـەرژمێر ناکرێن، دەبێت ئەمانە بازنەیەکی تەسکی تەوەســـول بن، ســـیفەتە بەرزەکانی خوا و کردەوە داناییەکانی بازنەیەکی تەسکن سبحان الله، ولا حول ولا قوه إلا بالله.

ئەی خاوەنی کتێبی (مفاهیم)! لەناو ناوەکانی خوای میهرەباندا نەوەد ونۆ ناو هەیە هەرکەسێک ســـەررژمێریان بکات (لەبەریان بکات و لەمانایان بزانێت) دەچێتە ناو بەهەشـــتەوە، ئەگەر تۆ هەموو ژیانت سەرتاســـەر بەهۆی ئەم ناوانە لە خوا بپارێتەوە بـــە یەک لەدوای یەکی ئەم ناوانە ئەوا تۆ دەگەیتە ئەو ڕاســـتییەی کە ئەگەر هەموو بوونەوەر لە ســـەرەتایانەوە تا کۆتاییان ئەگەر بەم داوا بکەن ئەوا بەشیان دەکات بەبێ دووبارە کردنەوە.

ئەی خاوەنی (مفاهیم): من تۆ لەسەرئەنجامی ئەم وشە خراپە ئاگادار دەکەمەوە کە لاشـــەی مرۆڤ پێی گرژ دەبێت، پێویستە تۆ زەلیلی خۆت لەبەردەم خوای

گەورە نیشان بدەیت و لەم قسەیەت پەشیمان بیتەوە و تەوبە بکەیت، هەروەها تەوبە بکەیت لەهەر وشـــەیەک بۆلای شیرک مرۆڤ پەلکێش بکات و هەروەها هـــەر بیدعەیەکی تریش لەم بیدعەیە نزیک بێـــت، ولاحول ولاقوة إلا بالله، وإنا للـــه وإليه راجعون، خوایە گیان ئێمە پەنـــا دەگرین بە تۆو خۆمان بە دوور دەگرین لە قســـەی هەر کەسێک کە دەڵێت تەوەسولکردن بە ناو سیفەتە بەرزەکانت بازنەیەکی تەســـکە، خوایە گیـــان ئەوەمان لێوەرگرە، ناوەکانی خۆتمان فێربکە هەروەها شوێنەواری سیفەتەکانی خۆتمان نیشانبدە کە دڵمان بەهێز بکات و ڕێنماییمان بکات بۆ لای ڕێبازە ڕاستەکەی خۆت.

بەشی دووەم

چەند بابەتێک کە باسی بەتەنها دانانی خوا لە ڕووی پەروەردگاریەتی و پەرستراوێتی لەخۆ دەگرێت، کە ئەم خاڵانە دەگرێتەوە:

- هاوبەشدانان بۆ خوا لەناو گەلی نوح و ئیبڕاهیم، هەروەها لەناو عەرەب.
- دزەکردنی شیرک و هاوەڵ دانان بۆ خوا بۆ ناو ئەم ئوممەتە.
- بەرپەرچدانەوەی بابەتی (المجاز العقلی) بۆ بە چاکدانان و حەڵاڵکردنی شیرک.

(شیرکی گەلی نوح علیه السلام)

بوخاری لە کتێبەکەیدا (صحیح البخاری ٦٦٧/٨)دا لە باسی ڕاڤەی فەرموودەی خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا﴾ لە ئیبن عەباسەوە دەگێڕێتەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) کە فەرموویەتی: ((دوای ئەوەی ئەم بتانە (لەلایەن گەلی نوحەوە دروستکران) بوون بە هی عەرەب.

ود: بتی هی کلب بدومتا الجندل بوو.

سواع: هی هذیل بوو.

یغوث: هی مردا بوو پاشان بوو بە هی غطیف لە الجرف لا سبأ.

یعوق: هی همدان بوو.

نسر: هی (حمیر)ی بنەماڵەی الکلاع بوو.

ئەمانە ناوی کۆمەڵێک پیاوچاکی گەلی نوح بوون، کاتێک مردن شەیتان نیگای بۆ گەلەکە کردووە بە گوێیاندا چپاند کە لەناو شوێنی دانیشتنەکانیاندا کۆمەڵێک بت دروست بکەن و ئەم ناوانەیان لێ بنێن.

ئەوانیش ئەم کارەیان کرد، بەڵام ئەو کاتە ئەم بتانە نەدەپەرستران، تا ئەو

کاتەی ئــەوان مردن و ئەو زانیارەی دەربارەی ئــەم بتانە هەبوو نەما ئنجا پەرســتران. ئەو ڕیوایەتەی کە وەکو ڕیوایەتەکەی (ابن عباس)ـە ئەوەیە کە لــە عبدی کوڕی حمیدی کوڕی محمدی کوڕی کعب ســەبارەت بە فەرموودەی خوا ﴿وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا ﴿٢٣﴾ وَقَدْ أَضَلُّوا كَثِيرًا﴾ نوح: ٢٣ – ٢٤، گێڕدراوەتــەوە کە وتوویەتی: ((ئەمانە گەلێکی پیاوچاکی نێوان ئادەم و نوح بــوون، لەدوای ئەمانە گەلێکی تر پەیدا بوون، وەکو ئەوان خوا پەرســتیان دەکرد. ئیبلس پێیانی وت: ئەگەر ئێوە وێنەی ئەمانە دروســتبکەن و سەیریان بکەن (باشە)، ئەوانیش وێنەی ئەمانیان کێشا و پاش ماوەیەک مردن.لەدوای ئەمانــە گەلێکی تر پەیدا بوون ئیبلیــس پێیانی وت: ئەوانەی پێش ئێوە ئەم بتانەیان دەپەرست، بۆیە ئەوانیش بتەکانیان پەرست)).

عبــد بن حمید لە (أبــو المطهر)ـەوە گێڕاویەتییەوە کــە وتوویەتی. لای أبو جعفر باســی یزیدی کــوڕی المهلب کرا، ئەویش وتی: ئــەم پیاوە لە یەکەم شوێنی سەرزەویدا کوژرا کە جگە لە خوای تێدا پەرسترا، پاشان باسی (ود)ی کرد وتی: (ود) پیاوێکی موســوڵمان بوو، هەروەها لەناو گەلەکەیدا کەسێکی خۆشەویســت بوو، کاتێک مرد لە زەوی بابل لەدەوری گۆڕەکەی کۆبوونەوە و پەرۆشــی خۆیان بۆ دەردەبڕی، کاتێک ئیبلیس بینی ئەوان ئا بەم شێوەیە بە پەرۆشــن بۆی خۆی خستە سەر شێوەی مرۆڤێک و پێیانی وت: من دەبینم ئێوە زۆر پەرۆشــی ئەم پیاوەتانە، ئایا پێتان چۆنە کە وێنەی ئەم پیاوەتان بۆ دروســتکەم و (هەیکەلەکەی) لەناو نادیەکەتان (شــوێنی کۆبوونەوەتان) بێت و بەو هۆیەوە هەمیشــە لەبیرتــان بێت؟ ئەوانیش وتیان بەڵێ، ئەویش وێنەی بۆ کێشــان و لە شــوێنی دانیشــتنی گشــتی ئەوانی دانا و ئەوانیش هەمیشە بیریان دەکرد، کاتێک (ئیبلیس) بینی کە ئەوان چۆن بەتاسەوە بیری

دەکـــەن وتی: ئایـــا پێتان چۆنە کە لە مالّی هەریەکێک لە ئێوە هاوشـــێوەی ئـــەم هەیکەلە لە مالّەکەیدا دابنێت و بۆ ئەوەی (لەمالّەوەش) لەبیرتان بێت؟ وتیان بەڵێ، (ئیبلیس) لە هەر مالّێکدا بتێکی لەســـەر شـــێوازی بتی شوێنی دانیشتنیان دروستکرد، ئەوانیش بەردەوام یادیان دەکردەوە، (ڕاویەکە) وتی: منداڵەکانیان کاتێک پێگەیشتن کاری باوانیان دەبینی، پاشان چەندین جیلی تـــر هات و یادکردن لەناویاندا نەما تا وای لێهات کردیان بە پرســـتراوێک و جگە لە خوا دەیانپەرست.

(ڕاویەکـــە) وتی: یەکەم بت کە جگە لە خوا پەرســـترا ئەو بتە بوو کە ناویان نابـــوو (ود)، چەندین ڕیوایەتی تـــر لەم بارەوە هەیـــە، الحافظ ابن حجر لـــە ((فتح الباری ٦٦٩/٨))دا دەڵێت: ((هەندێک لـــە ڕاڤەکاران دەڵێن: ئەوەی لەبارەی ئەم بتانە وتراوە دوو قسەیە:

یەکەمیان: ئەو بتانە لەناو گەلی (نوح)دا بوون.

دووەمیان: ئەمانە ناوی کۆمەڵێ پیاوچاک بوون. تا کۆتای چیرۆکەکە.

دەڵێم: بەڵکو هەموو ئەم ڕیوایەتانە دەگەڕێتەوە ســـەر یەک قســـە، چیرۆکی پیاوچاکەکان ســـەرەتای پەرســـتنی ئەم بتانە بوو لەلایـــەن گەلی نوحەوە، پاشان ئەوانەی لەدوای ئەوان هاتن لەسەر ئەم کارە شوێنیان کەوتن)) قسەی ابن حجر کۆتایی هات.

شیرک و هاویەش دانان بۆ خوای گەورە لەناو گەلی (ئیبراهیم)دا

شەهرستانی لە کتێبی (الملل والنحل ١/٥٦٠-٥٦٣)دا دەڵێت: هەموو تاقمەکان لەسەردەمی (خلیل)دا سەلامی خوای لێبێت دەگەڕانەوە سەر دوو تاقم:

یەکەمیان: الصابئة

دووەمیان: الحنفاء

صابئە)کان دەیان وت ئێمە بۆ ناسینی خوا و گوێ ڕایەڵیکردنی و فەرمان و حوکمەکانی پێویستیمان بە ((متوسط)) واتە: کەسێک هەیە لەنێوان ئێمە و خوا دابێت پێویستە ئەو کەسە ڕوحانی بێت و لاشەی نەبێت، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە ڕوحانیەکان پاک و بێگەردن و لەخواوە نزیکن، ئەوەی کە لاشەی هەیە وەکو ئێمە مرۆڤە لەو خواردنە دەخوات کە ئێمە دەیخۆین و لەو خواردنەوەیە دەخوات کە ئێمە لێی دەخۆینەوە وەکو ئێمە ماددە وێنەکەی.

دەیان وت: ﴿ وَلَئِنْ أَطَعْتُمْ بَشَرًا مِّثْلَكُمْ إِنَّكُمْ إِذًا لَّخَاسِرُونَ ﴿٣٤﴾ ﴾المؤمنون:٣٤ واتە: (دەیان وت) ئەگەر ئێوە گوێڕایەڵی کەسێک بکەن کە وەکو خۆتان وایە ئەوا ئێوە لە خەسارەتمەندان و دەست بەتاڵن.

(الحنفاء)ەکان دەیان وت: ئێمە بۆ ناسینی خوا و زانینی چۆنیەتی گوێڕایەڵیکردنی پێویستیمان بە (متوسط)ێک هەیە لە ڕەگەزی مرۆڤ، ئەم مرۆڤە پلە و مەقامی لە ڕووی پاکی و پارێزراوی و داناییەوە لەسەروی ڕوحانیەکان بێت، دەبێت وەکو ئێمە بێت لەڕووی مرۆڤایەتییەوە و جیاواز بێت لە ئێمە لەڕووی ڕوحانییەوە. دەبێت وەحی و نیگا وەربگرێت لەڕووی ڕوحانییەوە، پاشان بە ڕێگای مرۆڤایەتییەوە پەیامەکەی بگەیەنێت بە مرۆڤەکان.

ڕاستی ئەم قسەیەش لە فەرموودەی خوادا دەردەکەوێت کە فەرموویەتی: ﴿ قُلْ

﴿إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ...﴿١١٠﴾﴾ الكهف: ١١٠.

واتە: (ئەی پێغەمبەر) بڵێ: من مرۆڤێکم وەکو ئێوە نیگام بۆ دێت کە پەرستراوی ئێوە تاک و تەنهایە.هەروەها فەرموویەتی: ﴿...قُلْ سُبْحَانَ رَبِّي هَلْ كُنتُ إِلَّا بَشَرًا رَّسُولًا ﴿٩٣﴾﴾الإسراء: ٩٣ . واتە: (ئەی پێغەمبەر) بڵێ پاکی و بێگەردی بۆ پەروەردگارم ئایا من تەنها مرۆڤێکی نێردراونیم.

کاتێک (صابئة)ەکان نەوەستان لەسەر بابەتی ڕوحانیەت و نزیک بوونەوە لێی و وەرگرتنی زانیاری لێیەوە، کۆمەڵێکیان دەستیان دایە (دروستکردنی) و داتاشینی بت بۆی، کە ئەوانیش پێیان دەوترا (السیارات السبع وبعض الثوابت)

(صابئە)ەکانی النبط و فارس و ڕۆم دەگەڕانەوە لای (السیارات).

(صابئە)ەکانی هیند دەگەڕانەوە لای (الثوابت).

بە گوێرەی توانا و یارمەتی خوای گەورە ڕێچکە و مەزاهیبیان باس دەکەین، لەوانەیە ئەوان لە بت پەرستییەوە هاتبنە سەر پەرستنی کەسانێک کە نەدەبیستن و نەدەبینن و نە هیچ سودێکیان هەیە.

گروپی یەکەم: ئەوانە بوون کە ئەستێرەکانیان دەپەرست.

دووەمیان: ئەوانە بوون کە بتەکانیان دەپەرست.

پاشان لە ٦٧٣ دا لە شوێن باسکردنی ئەو کەسانەدا کە شوێنکەوتەی ڕوحانیەتن دەڵێت: ((مەزهەب و ڕێچکەی ئەمانە ئەوەیە کە ئەم جیهانە بەدیهێنەرێکی هەیە کە دانا و پاکە لە هەردوو پیسیەکە دووڕە پێویستە لەسەر ئێمە ئەوە بزانین کە ئێمە ناتوانین بە ئەو بگەین. بەڵکو لە ڕێگەی ئەو کەسانە نزیک بوونەوە لە خوا دەبێت کە نزیکەکانی ئەون و دەبن بە واسطە لەنێوان خوا و مرۆڤەکاندا.

ئەوانـــەی کە دەکرێن بە (واســـطە) ئەوانـــەن کە پاک و بێگـــەردن لە ڕووی نـــاوەڕۆک و کردەوە و حاڵەتەوە، لـــەڕووی ناوەڕکەوە ئەوان پاکن و دوورن لـــە ماددە لاشـــەییەکان و بەرین لە هێزە جەســـتەییەکان، بە پاک ڕاگیراون لەوەی جوڵە شـــوێنی و گۆڕانکاریەکانیان بەسەردابێت، ئەوانە لەسەر پاک و خاوێنی دروســـتکراون و لەســـەر بەپاکڕاگرتن هێندراونەتە بوون، هەرگیز سەرپێچی پەروەردگاریان ناکەن لە شـــتێکدا ئەو فەرمانیان پێدەکات، ئەوان کارێک دەکەن کە خوا فەرمانیان پێدەکات.

ئەو کەســـەی ئێمەی ڕێنمایی کـــرد بۆ لای (ئەم بەرنامەیـــە) بریتیی بوو لە مامۆستا یەکەمەکەمان کە (عاذیمون، هرمس) بوون.

ئێمە لە ئەوان نزیک دەبینەوە و پشـــتیان پێ دەبەستین، ئەمانە پەروەردگار و پەرســـتراوانی ئێمەن، ئەمانە هۆکاری نزیک بوونـــەوە و تکاکاری ئێمەن لای خوا، خوا پەروەردگاری پەروەردگارانە و پەرســـتراوی پەرستراوەکانە و پەروەردگاری هەموو شتێک و پادشا و خاوەنیەتی)). ا.ه.

مەبەســـت لە هێنانی ئەمە هەمووی ڕوونکردنەوەی حاڵ و باری ئەو (صابئە) یانەیە کە ئەستێرەکانیان دەپەرست لەبەر گومانی گەیشتن بە خوا لە ڕێگەی ئەو کەسەی لەسەر پاک و خاوێنی دروستکراوە و پیرۆزە.

لەنێوان شیرکی گەلی نوح و گەلی ئیبڕاهیم خاڵی هاوبەش هەیە کە چەندین جۆری شـــیرک لەدوای ئەمە لەم جۆرە ســـەری هەڵداوە، هەبووە لەم جۆرە شیرکانە شـــوبهە و گومانی کەمی تێدابووە و هەبووە زۆر، دوا بەدوای ئەمە پێغەمبەرانیان بۆلا نێردراوە. شیرکی گەلی نوح لە دیاردەکانی چاکی مرۆییەوە سەری هەڵداوە دووبارەبۆتەوەو شیرکی گەلی ئیبڕاهیم لە ژیری و فەلسەفەی نهێنییەکانی سروشت و وەزیفە گەردوونیەکان سەری هەڵدا.

شیرکی گەلی نوح شیرکی نزیک بوونەوە و تکا بوو.

شـــیرکی گەلی ئیبڕاهیم شـــیرکی هۆکار و یارمەتی بـــوو ئەگەر بت بۆ ئەمە دانـــدرا ئەوا دەبێـە شـــیرکی نزیک بوونەوە و تکا، هەروەکو دواین قســـەی شەهرستانی ئەم مانایە دەبەخشێت.

شیرکی عەرەب و ئایندارییان

بزانە کە عەرەب دوای ئیبڕاهیم علیه السلام لەسەر ئایینی (الحنیفیه) (واتە: ئایینی ڕاست کە یەکخواپەرستی و دوور بوونە لە شیرک)، ئەم ئایینە لەناویاندا بڵاوبۆوە لە ڕێگەی کوڕەکەی کە ناوی (ئیسماعیل) علیه السلام بوو گوازراوەتەوە بۆ ناویان، بۆیە ئایینی (الحنیفیه) لەناویاندا پەرەی سەند، مانّی خوایان (کەعبە) خۆشویست و دڵیان هۆگری بوو.

((یەکەم کەس کە لەناو عەرەبدا بتی دانا بریتی بوو لە (عمرو بن لُحَي بن غالوتة بن عمرو بن عامر) کاتێک گەلەکەی بەرەو مەککە چوون، پاشان دەستیگرت بە سەروکاری کەعبەدا، پاشان چوو بۆ شاری (البلقاء) لە شام گەلێکی بینی بتیان دەپەرست سەبارەت بەم بتانە لەم گەلەی پرسی، ئەوانیش وتیان: ئەمانە چەند پەروەردگارێکن ئێمە لەسەر شێوازی بتی بەرز و کەسایەتی مرۆیی دروستمانکردوون، داوای سەرکەوتن لە ئەمانە دەکەین سەردەکەوین، داوای باران بارینیان لێدەکەین بارانمان بۆ دەبارێت، داوای شیفا و چاکبوونەوەیان لێدەکەین شیفامان بۆ دێت... (عمرو)یش ئەمەی بەلاوە جوان و باش بوو.

ئەویش داوای لێکردن بتێک لە بتەکانی خۆیانیانی پێشکەش بکەن بۆیە (هُبَل) یان پێدا، (عمرو) ئەم بتەی هێنایەوە و لەناو کەعبەدا داینا، هەروەها (إساف و نائلە)ی لەگەڵدا بوو کە لەسەر شێوازی ژن و مێرد بوون.

خەڵکی بانگکرد بۆ ئەوەی بە گەورەی دابنێن و لێی نزیک ببنەوە و تەوەسولی پێبکەن بۆلای خوای گەورە))[٢٤].

شەهرستانی بە هەمان شێوە باسی ئایینەکانی عەرەب و بیروباوەڕیانی کرد،

---

٢٤) الشهرستاني، الملل والنحل (١٢٢٢/٢-١٢٢٣)، چ. بدران.

من بە کورتی باسی لێوە دەکەم:

دەستەی یەکەم: ئەوانە بوون کە ڕەتیان دەکردەوە بەدیهێنەر هەبێت و لەگەڵ بوونی زیندووبوونەوە و گەڕانەوەی ڕوح بۆ لاشەدا نەبوون، ئەمانە کۆمەڵێکی کەم بوون.

دەستەی دووەم: ئەوانە بوون باوەڕیان بە زیندووبوونەوە و گەڕانەوەی ڕوح بۆ لاشە نەبوو جارێکی تر.

دەستەی سێیەم: بتپەرستەکان.

هەبوو لەمانە بەلای جولەکەکانـــدا بوو، هەیان بوو بەلای گاورەکاندا بوو، هەبوو بەلای (صابئە)کاندا بوو.

(شەهرستانی) لە شوێنی باسکردنی دەستەی سێیەمدا (١٢٣٢/٢) دەڵێت:

((بەشێک لەمانە باوەڕیان بە بەدیهێنەر و دروستبوونی بوونەوەر و جۆرێک لە زیندووبوونەوە هەبوو، دژی پێغەمبەران بوون و بتیان پەرست.

وا گومانیان برد کە ئەم بتانە دەبنە مایەی تکاکار بۆ ئەوان لای خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا، بۆیە حەجیان بۆ دەکردن و ئاژەڵیان بۆ ســـەردەبڕین و بە مەبەستی نزیکبوونەوە لێیان قوربانیان بۆ ئەنجامەدان و چەندین پەرستش و دروشمیان بۆ ئەنجام دەدان. ئەمانە خەڵکی عەوامی عەرەب بوون (بەزۆری ئاوابوون) تەنها کەمێکی کەمیان نەبێت کە باسیان دەکەین)). ا.ه.

چۆن شیرک هاتە ناو موسوڵمانان

بەهــۆی ڕەوانەکرانــی پێغەمبــەری ڕەحمــەت و ڕێنمایی (ﷺ) ســەرجەم پەرستنەکانی بت لاکەوتن و نەمان، ژیری و عەقڵ و هۆشەکان لەبیرکردنەوە کەم و ناتەندروســتەکان ڕزگاری بوو، بەڕەو یەکخواپەرســتی بەسەرکەوت دوای ئەوەی لەناو گێڵایی گێژاوی شــیرکدا بوو، وای لێهات دڵی عەرەبەکان و جگە لە ئەمانیش ڕووبکاتە لای خوا بەتەنها، هیچ شــەریک و هاوبەشێکی نییــە خوا؛ نە پێغەمبەرێکی نێردراو و نە فریشــتەیەکی نزیک، خوای گەورە کارەکەی تەواو کرد و ئایینەکەی کامڵ کرد وشەکەی خۆی بەرز نرخاند.

مســوڵمانان چەند سات و ســەدەیەک لەســەر ئەمە مانەوە، تا ئەوکاتەی بزوتنەوە باتینیە پیســەکان لەناویاندا سەری هەڵدا. وەکو (الاسماعیلیە)کان و ئەوانەی لەوانەوە سەریان هەڵدا وەکو (قرامطە، إخوان الصفا، عبیدیین، دروز) و هاوشــێوەکانیان ئەوانــەی کــە چەند وێنەیەک بــوون بەڵام یەک بیروبۆچوونیان هەبوو.

ئەم بزوتنەوەیــە هەر لە کۆنەوە پیرۆزکردنــی بنەماڵەی پێغەمبەری (صلی الله علیه وسـلم) کردە شــیعار و دروشــمی خۆی، زنجیــرەی ئیمامەتی و پێشــەوایەتییان لە (إسماعیل بن جعفر)ـەوە دەســتپێکرد، ئەوان بەناوبانگ بوون بە پیرۆزکردنی بنەماڵەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسـلم)، دەوڵەتی فاتمیەکان شوێنەواری ئەم بزوتنەوە باتنیانە بوو.

مسوڵمانان لە سەدەکانی پێشوودا کەسی وایان لەناودا بوو کە لە مێشک و بیر و هۆشدا دیاردەکانی شیرکی وەک شیرکی عەرەب بوونی هەبێت (هەرگیز وەکو

عەرەب بیریان نەدەکردەوە لەوەی) پیاوچاکان و پێغەمبەران بکەن بە هۆکاری شەفاعەت، تا ئەو کاتەی ئیسماعیلیەکان بیروباوەڕی خۆیان بە نهێنی لەناو خەڵکدا بڵاوکـــردەوە، نەزان و نەفامەکان ئەم کارەیان بەلاوە خۆشەویســـت بوو، چونکە ئەم بیروباوەڕە تەکلیفی شـــەرعی لەســـەر شانی خەڵک سووک دەکرد، هەر لەو ســـاتەوە گرنگـــی دان بە گۆڕ و مەزارگە و دروســـتکردنیان دەســـتیپێکرد و خەڵکی لەم شوێنانەدا دەپارانەوە، تاوای لێهات شەیتان لەم بـــارەوە گواســـتنیەوە و وای لێکردن ئەوانیان کرد بە تکاکار و پاشـــان وای لێکردن ڕاســـتەوخۆ داوا لە خاوەنی گۆڕەکە بکەن، ئنجا بیروباوەڕی ئەوەی بۆ دروســـتکردن کـــە ئەمانە توانای گۆڕانکاری و هەڵســـوکەوتیان هەیە لەم گەردوونەدا، ئەمە بەماوەی نزیکەی دوو ســـەدە بە (تدریجی) و بەدوای یەکدا هاتە بوون.

کۆنتریـــن ئەوانەی کە مـــن بینیومە خەریکی گەڕاندنەوەی مســـوڵمانان بوون بۆ ســـەر ئایینی جاهیلیەت لـــە باوەڕبوون بە ڕوحەکان و گـــۆڕەکان بریتین لە ئیســـماعیلیەکان، بەتایبـــەت برایانی (الصفا)، ئـــەو تاقمە نهێنییەی کە بیروباوەڕەکەی و پەنجا پەیامیان بە نهێنی بڵاوکردەوە بەشێوەیەک نەدەزاندرا کێ نووســـەر و ئامادەکاری ئەم پەیامانەیە، ئەگەرچی گومانیشی پێ برابایە، پاشـــان موســـوێیەکان کە پێیان دەوترێت (الإثني عشـــرية) لە پیرۆزکردنی مردووانی ئەهلی بەیت شـــوێنیان کەوتن، لەم بارەوە چەندین کتێبیان نووسی لەسەر حەجکردنو کۆچکردن بەمەبەستی سەردانکردنی گۆڕەکانیان، هەروەها باسی چۆنییەتی زیارەتو سەردانکردنی گۆڕەکانیان تێداکردووەو ئاماژەیان بەو جۆرە پارانەوانە کردووە کە لە سەر گۆڕەکان دەوترێن، ئەم زانیارییانە بە چەند ڕێگەو سەنەدێکی خراپو ناپەسند دەگەیەننەوە سەر بنەماڵەی پێغەمبەرﷺ .

لە ڕاستید من خۆم کتێبی (الزیارت الکاملة)م خوێندۆتەوە کە (ابن قولویه)[٢٥] نووسیویەتی، لەم کتێبەدا هاوشێوەی ئەمەم زۆر بینیوە، ئەم کتێبە چاپکراوە، هەر کەسێک خوێندنەوەی هەبێت لەسەر کتێبی ئیسماعیلیەکان و بزوتنەوەی إخوان الصفا ئەوا ئەوەی من وتم لەبەر چاوی دەبێتو دەیبینێتو لەناو کتێبەکانیاندا بەدی دەکات، ئەم بواره بواریکی گەورەو گرنگە، تێکەوتنی خەڵک لە فیتنەی گۆڕو تووشبوونیان بە دانانی مردووان بە شەفیعو تکاکارو هۆکار شتێکە لە پێش ئەواندا زاندراو نەبووە، دوای ئەوەی پێش هاتنی دەوڵەتی فاتیمییەکان جەهلو نەزانین باڵی کێشا بەسەر خەڵکدا هەندێک لە خەڵکان ئەم شتەیان ناسی، دوای دەرکەوتنی دەوڵەتی (العبیدیة) مەزارگاکان تۆکمە کرانو ئەوەی نهێنیو نادیار بوو لە بیرو باوەڕی ئەوان بە دیار کەوتو ئاشکرا بوو.

لە پەیامی (٤٢) ی پەیامەکانی إخوان الصفا دا ئەم زانیارییانەی باسمانکردن گشتییان هاتووەو بەڕوونی باسکراونو بەڵگەیان بۆ هێندراوەتەوە، نووسەرانی (الرسائل ٤/١٩ – ٢١) دەڵێن:

((چونکە ئەو گەلەی پێغەمبەریﷺ بۆلا ڕەوانەکرابوو ئەوان ئاینیان بریتی بوو لە پەرستنی بتەکان، ئەوان لە خوا نزیک دەبوونەوە بە هۆی ئەوەی ئەم بتانەیان بە گەورە دادەناو سوجدەیان بۆ دەبردنو سەلامیان لێدەکردنو بخوریان بۆ دادەگیرساندن، ئەوان پێیان وابوو کە ئەم کارەیان دەبێتە مایەی نزیکبوونەوەیان لە خوا، بتەکان بریتین لە چەند لاشەیەکی بێدەنگ؛ کە توانای دەربڕینیان نییەو جوڵەو هەستو جیاکردنەوەو وێنەی ڕاستەقینەو

---

٢٥) ناوی: أبو القاسم جعفر بن محمد، ساڵی ٣٦٧هـ کۆچی دوایی کردووە، کتێبەکەی بە چاپی (الحجریه) چاپکراوە نەجەف ساڵی ١٣٥٦هـ .

لێک جیاکردنەوەیان نییە، خوای گەورە پێغەمبەرانی ڕەوانەکردو ڕێنماییکردن بۆلای شتێک کە باشترو لەپێشترە لەو کارەی ئەوان دەیکەن.

چونکە پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێت هەر چەندە مرۆڤیش بن بەڵام ئەوان زیندوونو دەتوانن قسە بکەنو شـــتەکان لێک جیا بکەنەوە، هەروەها ئەوان ژانانو بە هۆی دەروونی پاکیان وەکو فریشتەکان وان، ئەوان خوا وەکو خۆی دەناســـن بە تەواوی، بۆیە نزیک بوونەوە لە خـــوا بەهۆی ئەوان ئەولاترو شایستە تر زیادەیە لە تەوەسولکردن بە کۆمەڵێک بتی بێ دەنگ کە هەرگیز نابیستێت و نابینێتو هیچ سودێکی نییە.

ئینجا بزانە کەوا ئێمە لێرەدا باســـی چۆنییەتی دەســـتپێکردنو دروستبوونی پەرستنی بتەکان دەکەین و دەڵێین: سەرەتای پەرستنی بتەکان لە ناو گەلاندا بریتیی بووە لە پەرستنی ئەستێرەکان، سەرەتای پەرستنی ئەستێرەکان بریتی بووە لە پەرستنی فریشتەکان، هۆکاری پەرستنی فریشتەکانیش برسیتی بووە لە تەوەســـول پێکردنیان بۆ لای خوای گەورەو داوای نزیک بوونەوە کردن لە خوا بووە بە هۆیانەوە.

چونکە داناکانی پێشـــوو کاتێک بـــە پاکی دەروونو بیریـــان زانیان کە ئەم جیهانە بەدیهێنەرێکی هەیەو دانایە، ئەوەش بە هۆی ئەوەوە بوو کە ئەوان لە دروستکراوانی خوا ورد دەبوونەوەو بیریان لە دروستکراوە سەرسوڕهێنەرەکانی خوا دەکـــردەوە، هەروەها گرنگییان بە جۆراوجۆری داهێنانەکانی خوا دەدا، کاتێک بوونی خوا لە ناو دڵیانـــدا جێگیر بوو، ئەو کاتە دانیان بە تەنهایی خـــوادا ناو بە پـــەروەردگار وەســـفیانکرد، هەروەها زانیان کـــە ئەو خوایە کۆمەڵە فریشـــتەیەکی هەیە لەپاکترینی دروستکراوەکاننی، لەو کاتەدا داوای نزیکبوونەوەیان لە خوا کردووە، تەوەسولیان بەم فریشتانە کردووە، داوای

نزیکبوونەوەیـــان لە خوا دەکرد بەهۆی ئەوەی ئەم فریشـــتانەیان بە گەورە دادەنـــا، هەروەکو چۆن خەڵکی دونیا وایان دەکـــرد، داوای نزیکبوونەوە لە پاشـــاکانیان دەکەن بە هۆی نزیکترین کەس لە پاشـــاوە، هەبوو لە خەڵکی خۆی لە پاشا نزیک دەکردەوە بە هۆی خزمەکانیو وەزیرەکانیو نووسەرانیو ئەو کەســـانەی تایبەت بوون بە ئەوو سەرلەشکرەکانی ئەو بوون، هەروەها ئەو کەسانەشـــیان دەکرد بە تکاکار کە توانای هەبـــوو بەگوێرەی تواناکەی خۆی، لە نزیکترینەوە دەستیان پێدەکرد، ئەمە هەمووی لەبەر ئەوەبوو تاکو لە خوا نزیکببنەوە.

داناکانو خاوەن ئاینـــەکانو ئەوانەش خواناس بـــوونو باوەڕیان پێی بوو دانیان بەبوونی دادەنا بە هەمان شـــێوەیان کردوو لەسەر ئەم شێوازە بوون، ئەوان داوای نزیک بوونەوەیان لە خوا دەکرد، هەر کەسەو بە گوێرەی تواناو کۆششو بوونی باوەڕ لە دەروونیدا (داوی لێدەکرا).

کاتێک ئەم داناو خوا بە حەق ناسانە ڕۆیشتنو نەمانو سەردەمیان بەسەرچوو؛ گەلانێک هاتنە جێگایان کە لە ڕووی خواناسیو زانستەوە وەکو ئەوان نەبوون، هەروەها ئاشنا نەبوون بە مەبەستو چەمکی دەقەئاینەکانیان، بۆیە ویستیان وەکو ئەوان بکەنو شوێنیان بکەون، بۆ ئەم مەبەستە هەستان بە داتاشینی بت لەســـەر هاوشێوەی ئەوان هەروەکو چۆن گاورەکان (ئەم کارەیان ئەنجامدا)و هەستان بە دروســـتکردنو دانانی شێوەی مەسیحوﷺ روحی قودوسوجبریلو مەریەم ســـەلامی خوایان لێبێت لە ناو کڵێســـەکانیاندا، هەروەها بارودۆخو چۆنییەتی هەڵسوکەوتی مەســـیحیان بەشێوەی وێنە لە ناو کڵێسەکاندا دانا تاوەکو ئەمە ببێتە مایەی یادەوەریو لەبیرنەکردنی مەسیح.

هەورەها إخوان الصفای باتینی وتوویانە:

فصـــــل

ئینجا بزانە ئەی برام خەڵک هەیە لە خوا نزیک دەبێتەوە بەهۆی پێغەمبەرانو نێردراوانو پێشـــەواکانیان، یاخود بە هۆی دۆستانی خواو بەندە چاکەکانی خوا، یان بە هۆی فریشتە نزیکەکان؛ لە ڕێگەی بە گەورەدانانیانو بەرزڕاگرتنی مزگەوتەکانیانو مەزارگاکانیانو شوێنکەوتنیانو بەگوێرەی کردەوەی ئەوان ڕەفتارکردنو کارکردن بە ئامۆژگارییەکانیانو لەسەر ڕێبازو سوننەتی ئەوان ڕۆیشـــتن بە گوێرەی تواناو کۆششیانو چەسپانی لە ناو دەروونیان (لە خوا نزیک دەبوونەوە)، بەڵام ئەو کەسەی خوای بە تەواوی ناسی ئەوا تەوەسول ناکات بە هیچ کەســێک جگە لە خوا، ئەم پلەیەش پلەی ئەو کەســانەیە کە خاوەن زانستو مەعریفەتن، ئەوانە دۆستانی خوان.

بەڵام ئەو کەســەی کەمو کورتی لە تێگەیشــتنو شایســتەییدا هەبێت: ئەوا هیــچ ڕێگایەکی نییە بۆلای خــوای گەورە تەنها لە ڕێگــەی پێغەمبەرانەوە نەبێت، هەرکەســێکیش کەمو کوڕی هەبوو لە تێگەیشــتنوو ناســینی ئەوان ئــەوا هیچ ڕێگایەکی نییە بــۆلای خوا تەنها پێشــەواکان نەبن ئەوانەی کە جێنشینی پێغەمبەرانن، هەروەها بەوە دەبێت کە دەست بگرن بە سوننەتیانو چونــە مزگــەوتو مەزارگاکانیانو پاڕانــەوەو نوێــژو ڕۆژووگرتنو داوای لێخۆشــبوونکردنو بەزەیی لە لای گۆڕەکانیــانو هەورەها (ئەنجامدانی ئەم کارانە لای ئەو بتانەی لەسەر شێوەی ئەوان داتاشراون بۆئەوەی ببێتە مایەی بیرخســتنەوەی بەڵگەکانیانو زانینی بارودۆخیان، (ئــەم کارە لەلای) هەر بێک یان هاوشێوەی ئەو ئەنجامبدرێت بە مەبەستی داواکردنی نزیکبوونەوە

لە خوای گەورە.

ئینجا بزانە کە ئەو کەسەی شـــتێک لەمانە دەپەرستێتو بە هۆی کەسێکەوە کە خۆی لە خوا نزیک دەکاتەوە ئەوا لەو کەسە باشترە کە هیچ ناپەرستێتو بەهیچ شێوەیەک لە خوا نزیک نابێتەوە ...)) قسەکانی إخوان الصفا لێرەدا کۆتاییان هات.

ئەم گروپە باتینییانە سەرەتای دروست بوونیان لەسەرەتاکانی سەدەی سێیەمدا بـــوو، ئەو پەیامانەی دایان نابوون بۆ چەســپاندنی رێچکەو مەزهەبەکەیان نەزاندرابـــوو، بەڵکو ئەمانە تەنها لای کۆمەڵێک کەســـی تایبەت زاندرابوون تا ئەو کاتەی ســـەدەی چواری کۆچی بەســـەردا هـــات زۆر بەنهێنی بوو لەو کاتەدا بیرو بۆچوونی پرووپووچو بێ کەڵک هاتە ناوی، بۆیە دەســـتبەجێ زانا ناوداڕەکان ئینکارییان کردوو دژی وەستان، هەروەها خاوەنی ئەم بیرو بۆچوونانەیـــان بە کافرو بێباوەڕ دانا، هەر وەکـــو ابن عقیل خاوەنی کتێبی (الفنون) دەڵێت: ((کاتێک خواستە شەرعییەکان لەسەر نەفامو گێژەکان قورس کەوت، لایاندا لە یاســـا شەرعییەکان دەســـتیان دایە بە گەورەدانانی یاساو بەرنامەیەک کە خۆیان دایان نابوو، ئەو کاتە لەســـەر شـــانیان سوک بوو چونکە ژێربارى فەرمانی هیچ کەســـێک نەبوون جگە لە خۆیان، ئەوانە لای من کافرو بێباوەڕن لەبەر ئەم شـــتانەی کە دایان ناونو دروستییان کردوون، وەکـــو: بەگەورەدانانی گۆڕەکانو قســـەکردن لەگەڵ مردووان بە مەبەســـتی دابینکردنی پێویســـتی، هەورەها نووسینی شـــتی وەک: ئەی گەورەکەم ئاواو ئاوام لێبکە، یان هەڵواســـینی پەڕۆ بـــە دارو درەختەوە وەکو ئەوانەی لاتو عوززایان دەپەرست ...)) إ.ه.

فصـــل

خاوەنی کتێبی (مفاهیم) لە ل٢٦ دا ســـەرە بابەتێکی بە ناونیشانی (الواسطة الشـــرکیة) نووســـیوەو ئەم فەرموودەیەی خوای گەورەی باســـکردووە: ﴿مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ﴾ الزمر: ٣، واتە: ئەو کەسانەی جگە لە خوا کەسانی تریان کردە سەرخەرو دۆســـتی خۆیانو شەریکـو هاوەڵیان بۆ خوا دانا؛ دەیانوت ئێمە بۆیە ئەم پەرســـتراوانە دەپەرســـتین تاکو بۆمان لە خوا بپارێنەوەو تکاو شەفاعەتمان بۆ بکەن لای خوا، لە خوا نزیکمان بکەنەوە.

پاشـــان دەڵێت: ئەم ئایەتە بە ڕاشکاوی بەرپەرچی کاری موشریکان دەداتەوە کاتێک هەڵدەســـتان بە پەرســـتنی بتەکانو دەیانکردن بە پەرستراو جگە لە خوای گەورەو شـــەریکیان بۆ خوا دادەنا لە ڕووی پەروەردگارێتییەوەو پێیان وابوو پەرستنی ئەم بتانە نزیک بوونەوەیە لە خوای گەورە.

شیرکـو کوفری ئەوان لەو ڕووانگەیەوە بوو کە ئەوانیان دەپەرستنو باوەڕیان وابوو ئەمانە کۆمەڵە پەروەردگارێکن جگە لە خوای گەورە.

لێرەدا شـــتێکی گرنگ هەیە کە پێویستە ڕوونبکرێتەوە ئەویش ئەوەیە کە ئەم ئایەتە شایەتی لەسەر ئەوە دەدات کە ئەم موشریکانە زۆر بەڕاستییان نەبووە هەروەکو خوای پەروەردگارمان لێیانەوە دەگێڕێتەوە)) إ.ە.

دەڵێم: ئەم قسەیە دوو بابەت لە خۆ دەگرێت:

یەکەمیـــان: کافرەکانی عەرەبوموشـــریکەکانیان بیروباوەڕیـــان وابووە کە بتەکانیـــان کۆمەڵە پەروەردگارێک بوونە جگە لە خوای گەورە، (گوایە پێیان

وابووە) ئەوان دروستکەرو ڕزقدەر بوونە ، ئەم بۆچوونو تێگەیشتنە پێچەوانەی دەقی ڕاشکاوی قورئانە کە باس لە بارودۆخو بیرو باوەڕی ئەوان دەکات.

دووەمیان: قسەی موشریکەکان کە خوا لێیانەوە دەگێڕیتەوە:﴿ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ ﴾ الزمر: ٣. (کە گوایە ئەوان) بە ڕاستی ئەم قسەیان نەکردووە هەروەکو خوای پەروەردگارمان لێیانەوە دەگێڕێتەوە.

ئەم بابەتی دووەمە لە سەیرترینی قسانە ، یەکێکە لە نامۆترین داهێندراوەکان ، ئەمە تەنها شتێکە بەس خاوەنی کتێبی (مفاهیم) یەکەم جار دایهێناوەو پێش جگە لە خۆی کەوتۆتەوە لەم بابەتەداو بۆتە سوارچاکو ئازا لەم مەیدانەدا !! خوای گەورە قسەیەکی موشریکەکان باسدەکاتو پاشان حوکمێکی لەسەر دەردەکات لە هەمان کاتیشدا ئەوان بەڕاستیو بە جددی ئەم قسەیان نەوتووە ، هەروەکوئەوەی خوای گەورە شتێک لەوانەوە باسبکات بەڵام نەیزانیبێت کە ئەوان بە جددیو بە ڕاستییان نییە ، ئایا تۆ وا گومان دەبەیت خوا شتێک باسبکات کە گاڵتەیە ، لە کاتێکدا قورئان ڕوونکەرەوەی ڕاستیو ناڕاستییەو قسەیەکی هەوەنتە نییەو وتەکانی ناو قورئان گاڵتە نین ، ﴿ إِنَّهُۥ لَقَوۡلٞ فَصۡلٞ ١٣ وَمَا هُوَ بِٱلۡهَزۡلِ ١٤ ﴾ الطارق: ١٣ – ١٤ ، ئەو وتانەی ئەم پیاوە لێرەدا تەنانەت فێرخوازیش خۆیان لێ بە دوور دەگرێتو دەریان نابڕێت ، بەڵکو تەنانەت کەسێک ئەم وشانە دەڵێت کە فێڵو فرتو فیتنەو شیرکو بیدعە لە ناو دڵیدا بێت.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلۡخَالِصُۚ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡ فِي مَا هُمۡ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ كَٰذِبٞ كَفَّارٞ ٣ ﴾الزمر: ٣، واتە: ئاگاداربن گوێرایەڵی تەواوو پەرستشی پاکو بێگەردو دوور لە شیرک تەنها

بۆ خوایە ئەو کەســـانەی جگە لە خوا کەسانی تریان کردە سەرخەرو دۆستی خۆیانو شەریکو هاوەڵیان بۆ خوا دانا؛ دەیانوت ئیمە بۆیە ئەم پەرستراوانە دەپەرســـتین تاکو بۆمان لە خوا بپارێنەوەو تکاو شـــەفاعەتمان بۆ بکەن لای خـــوا، لە خوا نزیکمان بکەنەوە بێگومان خوای گەورە حوکم دەکات لە نێوان خوا بە تەنها پەرســـتانو موشریکەکان لەســـەر ئەو شتانەی ئەوان جیاوازن تێیدا پاداشـــتی هەر کەســـە بە گوێرەی کردەوەکەی دەداتەوە، خوای گەورە هەرگیز کەسێک سەرکەوتوو ناکات کە درۆزنو بێباوەڕ بێت.

ئایا ئەم ئایەتە هەر هەمووی هێندراوەو باســـکراوە لەبەر قســـەیەک کە بە جددیو بە ڕاســـتی نەوتراوە، پاکو بێگەردی بۆ خـــوا لەم درۆیەی کە بۆی هەڵدەبەســـترێت، ئەو درۆیەی کە پێچەوانەیە لەگەڵ قســـەی هەموو زانایان هیچ ڕاڤەکەرێکی قورئان ئەو قسەی خاوەنی کتێبی (مفاهیم)ی نەکردووە.

فەخری ڕازی لە تەفسیرەکەیدا (٢٤١/٢٦) دا دەڵێت:

((بزانە کە ئەو ڕاناوەی لە فەرموودەی خوادا هاتووە ﴿ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ ﴾الزمر: ٣ . دەگەڕێتەوە سەر هەموو ئەو شتانەی کە جگە لە خوا پەرســـتراون، ئەوانیش دوو بەشـــن: عاقڵەکانو بێ عەقڵەکان، جا عاقڵەکان: (ئەوانە بوون) کە گەلانێک هەبوون مەسیحو عوزەیرو فریشتەکانیان دەپەرست، زۆرێک لە خەڵکان خۆرو مانگو ئەســـتێرەکانیان دەپەرستو باوەڕیان وابوو کە ئەوان زیندوونەو عەقڵو هۆشیان هەیەو دەتوانن بدوێن. بەڵام ئەو شتانەی کە پەرستراونو سیفەتی ژیانو عەقڵیان نەدراوەتە پاڵ بریتی بوون لە بتەکان. کاتێـــک ئـــەوەت زانی ئەوا دەڵێن: ئەو قســـەی کە بێبـــاوەڕەکان کردوویانە شایستەی عاقڵەکانە، بەڵام شایســـتە نییە بە بێ عاقڵەکان، ڕوونکردنەوەی ئەمەش بەم شێوەیە دەبێت:

یەکەم: ئەو ڕاناوەی کە لە فەرموودەی خوادا هاتووە (ما نعبدهم) ڕاناوێکە بۆ عاقڵو ژیرەکان بەکار دێت، شایستە نییە بە بتەکان.

دووەم: شتێکی دوور نییە کە (گومان ببرێت) کە ئەم بێباوەڕانە باوەڕیان وابێت کە مەسیحو عوزەیرو فریشتەکان شەفاعەتو تکایان بۆ بکەن لای خوای گەورە، بەڵام دووەم لە عاقڵێک کە بیرو باوەڕی وابێت بتو بێ گیانەکان نزیکیان بخەنەوە لە خوای گەورە؟ ...)) إ.ە.

هیچ کێشەیەک ڕووناداتو کارێکی خراپ نییە کاتێک ئێمە قسەی رازی جووت بکەینو لەگەڵ قسەی یەکێک لەو (ڕاڤەکەرانەی قورئان) کە لە سەدەکانی کۆتاییدا بووە ئەویش بریتییە لە سەید قوتب کە لە کتێبەکەیدا (في ظلال القرآن ٣٠٣٧/٥) دا دەڵێت:

((بێباوەڕو موشریکان بە ڕاشکاوی دەیان وت کە خوا بەدیهێنەری ئەوانەو هەورەها بەدیهێنەری ئاسمانەکانو زەوییە .. بەڵام ئەوان لەو کاتەدا لەسەر فیترەت نەدەڕۆیشتن واتە خوا بە تەنها دابنێن لە پەرستنیدا (تەنها ئەویان نەدەپەرست)، (هەروەها ئەوان لەسەر فیترەت نەبوون) لە بە پاکی ئایندا ریکردن بۆ خوا بە بێ هاوبەشو شەریک. بەڵکو ئەوان ئەفسانەی دانانی فریشتەکان بە کوڕی خوایان داهێنابوو پاکو بێگەردی بۆ خوا (لەو کارەی ئەوان کردوویانە). پاشان ئەو کەسانە هەستان بە داتاشینی شێوەی فریشتەکانو کردیانن بە بتو پەرستنیان بۆ ئەنجامدان. ئینجا وا گومانیان دەبرد کە ئەو پەرستشەی ئەنجامیان داوە بۆ ئەو بتانەی لەسەر شێوەی فریشتەکان دروستکراون – کە پێیان دەوتن پەرستراو وەکو لاتو عوززاو مەنات[٢٦] – بریتی نەبوو لە پەرستنیان، بەڵکو ئەمە بریتی بوو لە نزیک بوونەوە لە خوا. (ئەمەیان

٢٦) لاتو عوززاو مەنات پەیکەری فریشتەکان نەبوون، هەروەکو لە سورەتی (النجم) وا دەردەکەوێت، بەڵکو ئەمانە کۆمەڵە پەیکەرێک بوون لەسەر شێوازی مرۆڤ یان بەرد.

بۆیە دەکرد) تاکو لای خوا تکایان بۆ بکاتو شـــەفاعەتیان بۆ بکاتو لە خوا نزیکیـــان بکاتەوە! ئەمـــە لادانە لە بیرکردنەوەی فراوانو ڕاســـت بۆ چوونە ســـەر ئەم (بیرکردنەوە) سەختەو هێنانە کایەی خوڕافیاتو شتی نەبووە، نە فریشتەکان کچی خوای گەورەن، نەپەیکەرەکانیش پەیکەری فریشتەکانن، نە خوای گـــەورەش بەم لادانە ڕازییە. هەرگیز خوای گەورە تکایان وەرناگرێت، هەروەهـــا خوای گەورە ئـــەوان لەم ڕێگەیەوە لە خۆی نزیـــک ناکاتەوە! لە ڕاســـتیدا مرۆڤایەتی لە فیترەت دوور دەکەوێتەوە لەسەر ئەو ڕێبازە نامێنێت کە خوا ئەوانی لەسەر دروســـتکردووە هەر کاتێک لەو یەکخواپەرستییە لای دا کە ئیســـلام پێی هاتووە، (ئەم یەکخواپەرستییە) لە ناو ئەو بیرو باوەڕەدا باســـکراوە کە خوای تاکو تەنها بۆ مرۆڤەکانی ناردووەو گشـــت پێغەمبەران ئەم بیرو بۆچوونەیان پێ بووە.

ئێمە هەموو ڕۆژێک دەبینین کە چۆن پەرستش بۆ ئەو کەسانە ئەنجامەدرێت کە پیرۆز کراون، هەروەها پەرستش بۆ دۆستانی خوا ئەنجامەدرێت کە ئەمە هەر وەکو هەمان کارو کردەوەی عەرەبە کۆنەکان دەچێت کاتێک پەرستشـــیان بۆ فریشتەکان ئەنجامەدا، یان ئەم کارە هەروەکو کاری ئەو عەرەبانە دەچێت کە پەرستشیان بۆ پەیکەری فریشتەکان ئەنجامەدا بە مەبەستی نزیکبوونەوە لـــە خوای گەورەو بۆ ئەوەی ئەوان ببن بە تـــکاکار لای خوای گەورە بۆیان، خوای گەورەو پاک تەنها خۆی ئەو ڕێگەیە دادەنێت کە دەبێتە مایەی گەیشـــن پێـــی، ئەو ڕێگایە بریتییە لە تەوحیدو یەکخواپەرســـتی کە پاکەو دوورە لە تێکەڵکردنی بە (بیروباوەڕی دانانی) واســـتەو تـــکاکار بۆ خوای گەورە، بەو شـــێوە ئەفسانەیە سەیرە (کە لە پێشەوە ئاماژەی بۆ کرا کە چۆن پەرستن بۆ جگە لە خوا ئەنجامدراوە). إ.ە.

لە تەفسیری (التحریر والتنویر ٢٣/٣٢٢) دا هاتووە کە دەڵێت:

((ئەو جیاکردنەوەیەی کە لەفەرموودەی خوادا هاتووە کە دەڵێت: ﴿إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ﴾ جیاکردنەوەیە لە چەند هۆکارێکی باسنەکراو. واتە: ئێمە ئەوان لەبەر هیچ شتێک ناپەرستین تەنها لەبەر یەک هۆکار نەبێت ئەویش ئەوەیە کە ئەوان ئێمە لە خوا نزیک بکەنەوەتەنها وەستان لەسەر ئەم هۆکارە پێی دەوترێت: قصر قلب إضافي...)) إ.هـ.

ئەگەر بێتو من قسەی هەموو ڕاڤەکەرانی قورئان لێرەدا باسبکەم ئەوا کتێبەکە لە چەند سەدێک تێدەپەڕی، بەڵام ئەوەی باسکرا لێرەدا مایەی کردنەوەی دەرگایەکە بۆ ئەو کەسانەی دەیانهەوێت زیاتر قسە لەسەر ئەم بابەتە ببیستنو بخوێننەوە.

لەمەوە دەردەکەوێت کە قسەی خاوەنی کتێبی (مفاهیم) کاتێک دەڵێت: ((ئەم موشریکانە ی خوای گەورە ئەم قسەیەیان لێوە دەگێڕێتەوە بە جددییان نەبووە)) یەکێکە لەو تێگەیشتنە ڕووخاوانەی کە تەنها ئەو باسی لێوەکردووە دوای تێپەڕبوونی چواردە سەدە، لەم قسەوە لازم دێت (ئەم قسەیە ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە) کە ئەم قورئانە قسەیەکی تێدایە کە خوای پەروەردگاری جیهانیان دەیگێڕێتەوە ڕاست نییە بەڵکو گاڵتەیە، ئەم قسەیە زۆر ناپەسندو خراپو بێکەڵکە.

خاوەنی کتێبی (مفاهیم) ئەم لازمەی باسکردووەو دەریخستووە بەشێوەیەک لە لاپەڕە ٢٧ دا دەڵێت: ((هەمان قسەم فەرموودەیەی خوادا بکەو بیڵێوە کاتێک خوا دەفەرموێت: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ قُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢٥﴾﴾ لقمان: ٢٥. واتە: ئەگەر تۆ پرسیاریان لێبکەیت (ئەی ﷺ)و بڵێیت: کێ ئاسمانەکانو زەوی دروستکردووە

دەڵین خوا دروستیکردووە. چونکە ئەگەر بێتو ئەوان بەڕاستی پێیان وابایە تەنها خوا بەدیهێنەورە، هەورەها بتەکانیان هیچ شتێک دروست ناکەن ئەوا ئەو کاتە تەنها خوایان دەپەرست)) إ.ە.

ئەم قسەیە ئەگەر تێکەڵ بکرێت بە ئاوی سازگار تێکی دەدات، وڵامی ئەم قسەیە لەو بەشەدا دێت کە لەدوای ئەم بابەتە باسی لێوە دەکەم.

بە تەنها دانانی خوا لە پەروەردگارێتیو پەرستراوێتیدا

بۆ روونکردنەوەی ئەم بابەتە چەند باسێک دەخەینە ڕوو

یەکەم: بریتییە لە (باسکردنی) گومانی خاوەنی کتێبی (مفاهیم) کە پێی وایە ئەو عەرەبانەی پێغەمبەریان ﷺ بۆلا ڕەوانەکراوە بۆیە کافر بوونو بێباوەڕ بوون چونکە پێیان وابووە بتەکانیان پەروەردگار بوونەو توانای دروستکردنو ڕزقدانانیان هەبووە، هەورەها خاوەنی کتێبی (مفاهیم) گومانی وایە کە بێباوەڕانی قوڕەیش نەیان وتووە خوا بەدیهێنەریانە، هەورەها ئایەتی سورەتی لوقمانیش باسکرد کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ قُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢٥﴾﴾ لقمان: ٢٥ . وتی: ئەوان ئەم بیرو باوەڕەیان نەبووە، بەڵکو خوای گەورە شتێکی لەوانەوە باسکردووەو گێڕاوەتەوە کە ئەوان باوەڕیان پێی نەبووە، هەروەکو پێشتر دەقەکەی باسکرا.

ئەم بابەتە بنەماو دەستپێکی گومڕابوونی خەڵکێکی زۆرە، هۆکاری سەرەکی بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم بیروباوەڕە بریتییە لە مەنتیقی یونانی ناپەسند، هەروەها ئەوانەش بوونەتە هۆکار کە لەسەر ئەم پەیڕەوە بوونەتە فێرخواز ئەوانەی کە تامەزرۆی زانستی (الکلام)ن، ئەمە بنەمایەکە کە ئەم خەڵکانە

زۆر جەختیان لەسەر کردۆتەوە لە میانەی ڕاڤەکردنی وشەی (التوحید) دا.

ئەو ڕاستییەی کە هیچ گومانێک هەڵناگرێتو هەموو زانایان لەسەری یەک ڕان دەقی ڕاشکاوی قورئانە کە موشریکەکانی قورەیش لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ پێیان وابوو کە خوای گەورە بەدیهێنەرو ڕزق دەریانە. ئەوان دانیان بە بەتەنها دانانی خـــوادا دەهێنا لە کردەوەکانیدا لە چۆنییەتی دروســـتکردنو ڕزقدانو بەڕێوەبـــردنو زیندوکردنەوەو مراندنو ژێربارکردنو هاوشـــێوەی ئەمانە لە کردەوەکانـــی پەروەردگار، هەرگیز باوەڕیان وانەبووە کە کەســـێکی تر هەیە هاوبەشـــی خوا دەکات لەم کارەدا، ئەمە ئەو شتەیە کە زانایان ناویان ناوە (توحید الربوبیە).

ئەوان دانیان بەم جۆرە تەوحیدە نابوو، بەڵام نەیهێنانە ناو ئاینی ئیسلام.

ئـــەوان لە کردەوەکانی خۆیاندا خوایان بە تەنهـــا دانەدەنا: وەکو پاڕانەوەو داوای پەنادانو ئومێدو ترسو خۆشەویســـتیو نەزرو سەربڕینوهاوشـــێوەی ئەمە. ئەمە زانایانی تەوحید ناویان لێناوە (توحید الألوهیة)، واتە: بە تەنها دانانی خوا لە پەرستنیدا.

خوای گەورە بە چەند جۆرێک لە قورئانی پیرۆزدا ئەو بەڵگانەی باسکردووە کە باس لە داننانی موشریکەکان دەکات بە تەوحیدی ربوبیەت، هەروەها باسی ئەوە دەکات کە ئەوان شـــەریکیان بۆ خوا داناوە لە پەرستنیدا، بە شێوەیەک باسیکردووە کە هەرکاتێک مسوڵمان دەیخوێنێتەوە زیاتر بەرچاوڕوون دەبێت بە حاڵو باریانو زیاتر ئاشنا دەبێت بە بیروباوەڕی خۆیو زیاتر تێدەگات.

<u>جۆری یەکەم:</u> لـــەو بەڵگانەی باس لەمە دەکەن: وەکو فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (یونس) کە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَمَن يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَىِّ وَمَن يُدَبِّرُ

ٱلْأَمْرَ ۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُ ۚ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٣١﴾ ﴾یونس: ٣١. واتە: – ئەی پێغەمبەر ﷺ – بەبێباوەڕان بڵێ کێ لەم ئاسمانو زەوییەدا ڕزقو ڕۆزیتان دەداتێ– بەهۆی باران بارین لە ئاسمانەوەو ڕوانی ڕووەکو دانەوێڵەو سەوزە لە سەر زەوی – ئەی کێ بیستنو بینینی بەدەستە – کێ خاوەنی ئەو گوێو چاوانەتانە – ئەی کێ یە ئەو کەسەی زیندوو لە مردوو دەردەهێنێتو مردوو لە زیندوو دەردەهێنێت کێ یە ئەو کەسەی کارو باری ئەم بوونەوەرە بەڕێوە دەبات، – لە وڵامدا – دەڵێن ئەو کەسە خوایە، – ئەی پێغەمبەر ﷺ– پێیان بڵێ ئەی بۆ لەو خوایە ناترسنو بەتەنها نایپەرستن، هەورەها لە سورەتی (المؤمنون) دا دەفەرموێت: ﴿ قُل لِّمَنِ ٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهَآ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٤﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٨٥﴾ قُلْ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلسَّبْعِ وَرَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٨٦﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٨٧﴾ قُلْ مَنۢ بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَىْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٨﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ فَأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ ﴿٨٩﴾ ﴾ المؤمنون: ٨٤ – ٨٩، واتە: – ئەی پێغەمبەر ﷺ بەو موشریکو هاوبەشە پەیداکەرانە – بڵێ: ئەم زەوییەو هەرچی لەناویدایە مۆڵکی کێ یەو کێ خاوەنیەتی ئەگەر ئێوە شت دەزانێو ئاگادارن، – لە وڵامدا – دەڵێن خوا – هەموویانی دروستکردووە – پێیان بڵێ ئەی بۆچی بیر ناکەنەوە – لەوەی ئەو کەسەی دروستکەرە دەبێت تەنها ئەو بپەرستریت – پێیان بڵێ کێ یە ئەو کەسەی پەروەردگاری حەوت ئاسمانەکانەو پەروەردگاری عەرشی گەورەیە، لە وڵامدا دەڵێن هەر خوا پەروەردگاریانە بڵێ ئەی بۆ لە خوا ناترسن – خۆتان ناپارێزن لەپەرستنی جگە لە خوا –، بڵێ ئەی کێ دەسەڵاتی گشت بوونەوەری بەدەستەو هەر ئەو پەنادەرەو کەس ناتوانێت لەدژی ئەو کەس پەنا بدات ئەگەر ئێوە دەزانێو شارەزان، لە وڵامدا دەڵێن هەموو ئەوانە

بەدەست خوایە پێیان بڵێ ئەی – کەوایە – چۆن فریو دەخۆنو لە ئاست ڕاستی یەکان چاوو ژیریتان بەستراوە – ئەی بۆ ئەو خوایە گەورە بەتەنها ناپەرستنو شەریکو هاوەڵی بۆ دادەنێن.

خوای گەورەو شکۆدار لە سورەتی العنکبوت دا دەفەرموویت: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۖ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٦١﴾ ٱللَّهُ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ وَيَقْدِرُ لَهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٦٢﴾ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّن نَّزَّلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَحْيَا بِهِ ٱلْأَرْضَ مِنۢ بَعْدِ مَوْتِهَا لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ قُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿٦٣﴾ ﴾ العنکبوت: ٦١ – ٦٣، واتە: ئەی (ﷺ) کاتێک تۆ پرسیار لە هاوبەش بڕیاردەران بکەیتو بڵێیت: کێیە ئەو کەسەی ئاسمانەکانو زەوی دروستکردووەو خۆرو مانگی فەراهەم هێناوەو ژێر باری کردوون، (ئەوان لە وڵامدا) دەڵێن: خوا (ئەم کارانەی کردووە) باشە ئەی کەوایە ئەی بۆ ڕوو وەردەگێڕنو پشت دەکەن لە پەرستنی ئەم خوایەو جگە لە خوا لەگەڵ خوادا دەپەرستن، بەڕاستی سەرت بسوڕمێ لەم درۆو بوهتانە گەورەیەی ئەوان، خوای گەورە ڕزقو ڕۆزی والا دەکاتو دەبەخشێت بە هەر کەسێک خۆی حەز بکاتو بیهەوێت، هەورەها بە ئارەزوو و ویستی خۆی ڕزقو ڕۆزی لەو کەسە دەگرێتەوە کە نایهەوێت پێی بدات، بێگومان خوای پەروەردگار ئاشنایە بە هەموو شتێکو زۆر زاناو ئاگاداڕە، کاتێک لەم بێباوەڕانە بپرسیت (باشە) کێ لە ئاسمانەوە ئاوی باراندوو بە هۆیەوە گژوگیای سەر زەوی دوای مردنو نەمانی زیندوو کردەوە، ئەوان لە وڵامدا دەڵێن خوا (ئەم کارەی کردووە) تۆش پێیان بڵێ: سوپاس بۆ خوای گەورە (کە ئەنجەتی بۆ نەهێشتنو بەڵگەو نیشانەی ڕوونی پیشان دان) بەڵام زۆربەی ئەم بێباوەڕانە بەرژەوەندی خۆیان نازانو تێناگەنو ژیر نیین، (چونکە ئەگەر

ژیر بوونایە هاوەڵیان بۆ خوا بڕیار نەدەدا).

هەروەها لە سورەتی لقمان دا فەرموویەتی: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ قُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢٥﴾ ﴾ لقمان: ٢٥.

واتە: ئەی (ﷺ) کاتێک تۆ پرسیار لە هاوبەش بڕیاردەران بکەیتو بڵێیت: کێیە ئەو کەسەی ئاسمانەکانو زەوی دروستکردووە، ئەوانیش لە وڵامدا دەڵێن خوا ئەوانی دروستکردووە، تۆش بڵێ سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە وای لێکردن بە زمانی خۆتان بەڵگە لەسەر هەڵەی خۆتان بهێننەوە، بەڵام زۆربەی هاوبەش بڕیاردەران نازانن و بیرناکەنەوە لەو کەسەی کە پێویستە سوپاس و ستایشی بکەن بۆیە هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن.

هەروەها لە سورەتی الزمر دا دەفەرموێت: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ ...﴿٣٨﴾ ﴾ الزمر: ٣٨ .واتە: ئەگەر تۆ پرسیاریان لێبکەیت (ئەی ﷺ)و بڵێیت: کێ ئاسمانەکانو زەوی دروستکردووە دەڵین خوا دروستیکردووە.

جگە لەم ئایەتانەش چەندین ئایەتی ترمان هەیە لە ناو قورئانی پیرۆزدا (کە ئەم واتایانە لە خۆ دەگرن)، ئەمە بەڕاستی دیارو ئاشکرا بوو لە بیروباوەڕی هاوبەش بڕیارەران کە پێیان وابوو جگە لە خوای گەورە هیچ کەسێک رزق‌و ڕۆزی بەخش نییە، دەیاننزانی خوای گەورە خاوەندارێتی سەرجەم بیستن و بینینەکانە و هەر تەنها ئەو مرێنەرەو زیندووکەرەوەیەو بەڕێوەبەری کاروباری ئەم گەردوونەیە. هەروەها دەیانزانی کە خوای گەورە خاوەنی زەوی‌و هەموو ئەو شتانەشە کە لە سەر ڕووی زەمینن، خاوەنی حەوت ئاسمانەکانەو پەروەردگاری عەرشی گەورەیە.

بێگومان خوای گەورە خاوەنی هەموو شتەکانەو هیچ کەسێک جگە لە ئەو

هیچ شـــتێکی بەدەست نییەو خاوەنی ڕاســـتی نییە، خوای گەورە پەنادەری کەسەکانەو کەس ناتوانێت هیچ کەســـێک لە خوا پەنابداتو نەهێڵێت خوای گەورە پێی بـــگات، خوای گەورە بەدیهێنەری ئاســـمانەکانو زەوییەو خۆڕو مانگی بەدیهێناونو ژێربارێکردوون، خوای گـــەورە باران دەبارێنێتو زەوی دوای مردن زیندووو دەکاتەوە، هەموو ئەمانە بریتـــی بوون لە بیروباوەڕی موشریکانی عەرەبو موشریکەکانی تری جگە لە عەرەب، ئەم باسە قورئانی پیرۆز لە ئەوانی دەگێڕێتەوەو سەرکۆنەیان دەکاتو بەوە ڕەخنەیان لێدەگرێت کـــە چۆن ئەوان دان بەم هەموو ڕاســـتیانەدا دەنێنو خوای گەورەش بە تەنها ناپەرستن، بۆچی کەسانی تریان کردووە بە هاوبەشو هاوەڵی خوای گەورەو مردووەکانیـــان کردووە بە تکاکارو داوایان لێدەکـــەن بۆیان لە خوای گەورە بپارێنـــەوە، یاخود بۆچی ئەوان داوا لە بێگیانـــەکان دەکەن بۆیان لە خوای گەورە بپارێنەوە.

خاوەنی کتێبی (مفاهیم) ئینکاری ئەمە دەکاتەوەو بەڕاســـتی نازانێتو دەڵێت: ئەم موشـــریکانە باوەڕیان بەو شـــێوەیە نەبووە بەم شتانە کە خوای گەورە لێیانـــەوە دەگێڕێتەوە، دەبێت ئەمە چ بوێریەک بێـــتو چ ئازایەتییەک بێت (نووسەر) نیشانی دەدات، دەبێت چ بوێریەک لەدوای ئەمە هەبێت.

<u>جۆری دووەم:</u> وەکو فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (الأنعام)، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَٰدَةً ۖ قُلِ ٱللَّهُ ۖ شَهِيدُۢ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ ۚ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَ ۚ أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ ٱللَّهِ ءَالِهَةً أُخْرَىٰ ۚ قُل لَّآ أَشْهَدُ ۚ قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ وَإِنَّنِي بَرِيٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ﴿١٩﴾ ﴾ الأنعـــام: ١٩، واتـــە: ئەی پێغەمبەر بەو موشریکانە بڵێ: چ شتێک گەورەترین شایەتی هەیە، بڵێ خوای گەورە شایەتە لەنێوان مـــنو ئێوەدا، من ئەم قورئانە بە نیگا (لـــە لایەن خوای گەورە بۆم

هاتووە) تاکو ئێوەو ئەوانەی کە ئەم پەیامەیان پێدەگات پێ بترسێنم، ئایا ئێوە شایەتی ئەوە دەدەن کە لەگەڵ خوای گەورە پەرستراوی تر هەبێت، بڵێ من ئەم شایەتیە (ناڕەوایە) نادەم، بڵێ: ئەو (خوای گەورە) پەرستراوی تاکو تەنهایەو منیش بەریمو خۆم بە دوور دەگرم لەو شتانەی دەیانکەنە شەریکی خوای گەورە، ئەم ئایەتە پیرۆزە مانای ئەوەی لێوەردەگیرێت کە موشریکەکان شایەتیان لەسەر ئەوە داوە کە خوای گەورە پەرستراویانە، بەڵام ئەوان لەگەڵ ئەمەشدا دەیانگوت خوای گەورە چەندپەرستراوێکی تریشی لەگەڵدایە، ئەم شایەتیدانە بەهۆی سوێندو ئامرازی دڵنیاکەرەوە (إن) هەروەها لامی دڵنیاکەر جەختی لەسەر کراوە، وشەی (مع) لە فەرموودەکەی خوای گەورەدا ﴿أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ ٱللَّهِ ءَالِهَةً أُخْرَىٰ ... ﴿١٩﴾﴾. بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەئەوان دانیان بە پەروەردگاریەیتی خوای گەورەدا ناوە، هەروەها دانیان بەوەشدا ناوە کە خوای گەورە پەرستراوە، بەڵام هاوەڵو شەریکیان بۆ بڕیارداوە، شێرکی ئەوان ئەوە بووە کە کەسێکی تریان لە پەرستندا کردبووە هاوەڵ و شەریکی خوای گەورەو بە مەبەستنی گەیاندنیان بە خواو واستەکردنیان لای خوا بۆیان ڕوویان تێدەکردنو ئومێدی ئەوەیان لێدەکردن پێویستیەکانیان بە خوای گەورە بگەیەنن و وڵامی داواکاریەکانیان بداتەوە، ئەمە بریتی بوو لە بیروباوەڕو ئاینیان، چەندین ئایەتی تر لەم شێوازە لە قورئاندا هاتووەو هەمان ماناو مەبەست ئەدا دەکات، یەکێک لەو ئایەتانە ئەم فەرمایشتەی خوای گەورەیە کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّا كَفَيْنَٰكَ ٱلْمُسْتَهْزِءِينَ ﴿٩٥﴾ ٱلَّذِينَ يَجْعَلُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ ۚ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴿٩٦﴾﴾ الحجر: ٩٥ – ٩٦، واتە: ئەی پێغەمبەر تۆ ئێمەت بەسە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەت لەکۆڵ بکەینەوەو تووشی سزایان بکەین کە گاڵتە بە ئایینەکەتو بە تۆ دەکەن، ئەوانەی لەگەڵ خوادا

کەسانی تر دەپەرستنو دەیانکەن بە شەریکی خوای گەورە لەمەودوا دەزانن چییان بەسەردێت، هەروەها فەرموویەتی: ﴿ وَمَن يَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرْهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١١٧﴾ ﴾المؤمنون: ١١٧، واتە: هەر کەسێک لەگەڵ خوادا کەسێکی تر بپەرستێتو داوای لێبکات ئەوا هیچ بەڵگەیەکی لانییە لەسەر ئەم کارە -خراپە -، بەڵکو حیسابی ئەم کەسە لای خوای گەورە ئەوەیە کە خوا کافرو بێباوەڕان سەرفراز ناکات لە ڕۆژی دواییدا، هەروەها خوای گەورە لە سوڕەتی (النمل) دا فەرموویەتی: ﴿ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ ﴿٦٠﴾ ﴾النمل: ٦٠.

واتە: ئایا هیچ پەرستراوێک هەیە لەگەڵ خوادا، بەڵکو ئەم موشریکانە کۆمەڵە کەسانێکن کە لە ڕێبازی حەقو ڕاستی لایانداوەو جگە لە خوای گەورە دەکەنە هاوتای خوا لە پەرستنیدا، هەروەها فەرموویەتی: ﴿ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٦١﴾ ﴾النمل: ٦١ ، واتە: ئایا هیچ پەرستراوێکی تر هەیە شەریکو هاوبەشی خوابێتو ئەو کارانە ئەنجامبدات کە خوای گەورە لە توانایدایە، بەڵکو زۆربەی موشریکو هاوبەشی بڕیاردەران قەدرو ڕێزو گەورەیی خوای پەروەردگار نازانن.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٦٢﴾ ﴾ النمل: ٦٢ ، واتە: ئایا لەگەڵ خوای گەورەدا هیچ پەرستراوێکی تر هەیە ئەم نازو نیعمەتانەتان پێبدات، بەڵام کەمێک لە ئێوە پەند وەردەگرنو نازو نیعمەتەکانی خوای گەورەتان کەمجار بیردەکەوێتەوە، بۆیە شەریکو هاوەڵی بۆ بڕیاردەدەن، هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ تَعَٰلَى ٱللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٦٣﴾ ﴾ النمل: ٦٣، واتە: ئایا هیچ پەرستراوێک هەیە لەگەڵ خوای گەورەدا بتوانێت وڵامی هەموو داواکاریەکانتان بداتەوە،

بەرزو بڵندەو پاکەو دوورە خوای گەورە لەو شـــەریکو هاوەڵەی ئەوان بۆی بڕیاردەدەن، هەروەها فەرموویەتـــی: ﴿ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٦٤﴾ ﴾ النمل: ٦٤ ، واتە: ئایا هیچ پەرســتراوێکی تر هەیە لەگەڵ خـــوای گەورەدان، ئەی پێغەمبەر تۆ بە ئەوان بڵێ: دەی بەڵگە بهێنن لەســـەر ئەوەی خوا شەریکی هەیە ئەگەر ڕاستدەکەنو ڕاستگۆن.

هەروەها خـــوای گەورە فەرموویەتـــی: ﴿ فَلَا تَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَكُونَ مِنَ ٱلْمُعَذَّبِينَ ﴿٢١٣﴾ ﴾ الشعراء: ٢١٣، واتە: لەگەڵ خوای گەورەدا هیچ پەرستراوێکی تر مەپەرستەو هاواری مەکەیە؛ چونکە ئەگەر واتکرد ئەوا لەو کەسانە دەبیت بە هۆی ئەم تاوانەوە سزادەدرێن.

هەروەهـــا فەرموویەتـــی: ﴿ ٱلَّذِى جَعَلَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَأَلْقِيَاهُ فِى ٱلْعَذَابِ ٱلشَّدِيدِ ﴿٢٦﴾ ﴾ ق: ٢٦، واتە: ئەو کەســـە فڕێبدەنە ناو دۆزەخو ســـزایەکی تووند کە شەریکو هاوەڵی بۆ خوای گەورە بڕیارداوە.

ژمارەی ئەو ئایەتەنانەی لەم بارەوە دەدوێن زیاترە لەوەی باســـکراوە، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باســـی بیروباوەڕی موشـــریکانی کردووەو ئاماژەی بەوە کردووە کە موشریکەکان پێیان وابووە خوای گەورە پەرستراوێکی تـــری لەگەڵدایـــە، ئەوان دانیـــان بە تەنهایی خـــوای گـــەورەدا دەهێنا لە پەروەردگاریێتیدا بەڵام لە کاتی پەرســـتنیدا شتی تریان دەکردە هاوەڵی خوای گەورە، کەســـێک بە جوانیو بە باشـــی لەم دەقانە وردبێتەوە خوای گەورە چەندین دەرگای فێربوونو بەدەســـتهێنانی زانستی بۆ دەکاتەوە کە بەهۆیەوە ئاسۆکانی تێگەیشـــتنی بەڕوودا دەکرێتەوەو باشتر لەو بیروباوەڕە تێدەگات کە خوای گەورە پێغەمبەرانی پێ ناردووە.

جۆری سێیەم: خوای گـــەورە فەرموویەتـــی: ﴿ سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْ لَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشۡرَكۡنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمۡنَا مِن شَيۡءٖۚ .... ﴿١٤٨﴾ ﴾ الأنعام: ١٤٨.واتە:: ئەوانەی هاوبەش بڕیاردەرنو موشـــریکن لەمەودوا دەڵێن: ئەگەر خوا بیویستایە ئەوا هەرگیز شەریکو هاوەڵمان بۆ بڕیار نەدەداو هیچ شتێکمان جگە لەو شتانەی ئەو حەرامیکردوون حەرام نەدەکرد لەسەر خۆمان.

هەروەهـــا خـــوای گـــەورە فەرموویەتـــی: ﴿ وَجَعَلُواْ لِلَّهِ شُرَكَآءَ ﴾ الرعد: ٣٣ .

واتە: ئەوان چەندین هاوەڵو شەریکیان بۆ خوای گەورە بڕیاردا.

جگـــە لەم ئایەتانـــە چەندین ئایەتی ترمان هەیە لـــەم مانایەو ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم موشـــریکانە شـــەریکو هاوبەش بۆ خوای گـــەورە دادەنێن لە پەرســـتنیدا، لەڕاســـتیدا لە هەر جێگایەکی قورئان خوای گەورە موشریکان بدوێنێت ئەم ڕاســـتیە دەخاتە ڕوو، وشـــەی (الشرک) لە گشت زمانێکدا واتە: هاوبەشـــی پێکردنی دوو شـــت لە حوکمێکدا، موشـــریکەکات لەگەڵ ئەوەی باوەڕیان بە پەروەردگارێتی خوای گەورە هەبوو بەڵام لە پەرستندا شەریکو هاوەڵیان بۆ خوای گەورە دادەنا.

جۆری چوارەم: خوای گەورە لە باســـی بارودۆخی ئەو موشریکانەی پێغەمبەری خوایانﷺ بە درۆ دەزانیو شەڕیان لەگەڵدا دەکردو تووڕەیان دەکرد ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەوان تەنها لە کاتی خۆشیو کامەرانیدا شەریکو هاوەڵیان بۆ خوای گەورە بڕیاردەدا، بەڵام لەکاتی ناخۆشـــیو تەنگانەدا شەریکیان بۆ خـــوای گەورە بڕیارنەدەدا، بەڵکو لەم کاتانەدا دڵســـۆزیان بۆ خوای گەورە نیشان دەداو هاوبەشیان بۆ دانەدەناو هانایان بۆ جگە لە خوا نەدەبردو هیچ شتێکیان نەدەکردە هۆکار بۆ نزیکبوونەوە لە خوای گەورە.

ئەم ڕاســـتیە لە زۆر شوێنی قورئانی پیرۆزدا بە ڕوونی خراوەتە ڕوو، خوای

گەورە سەبارەت بە موشریکان فەرموویەتی: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا كُنتُمۡ فِي ٱلۡفُلۡكِ وَجَرَيۡنَ بِهِم بِرِيحٖ طَيِّبَةٖ وَفَرِحُواْ بِهَا جَآءَتۡهَا رِيحٌ عَاصِفٞ وَجَآءَهُمُ ٱلۡمَوۡجُ مِن كُلِّ مَكَانٖ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمۡ أُحِيطَ بِهِمۡ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ لَئِنۡ أَنجَيۡتَنَا مِنۡ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٢٢﴾ ﴾ یونس: ٢٢، واتە: ئەو کاتەی ئێوە لە ناو دەریادانو کەشتیەکە بە هۆی بایەکی نەرمەوە بەڕێکەوتو ڕۆیشتو ئەوان پێی کەیفخۆشو شادومان بوون (پاش ماوەیەک) بایەکی توندو بەهێز ڕوو لەم کەشتیانە دەکاتو لە هەموو لایەکەوە شەپۆلەکانی دەریا هێرش بۆ سەرنشینەکانی کەشتیەکە دەهێنن، لەم کاتەدا ئەوان دڵنیادەبن کە دەمرنو لەناودەچن بۆیە تەنها داوا لە خوای گەورە دەکەنو بە دڵسۆزییەوە هانای بۆ دەبەنو دەڵێن: پەروەردگارا ئەگەر تۆ ئەمجارە ئێمە لەم ناخۆشی و مەرگەساتە ڕزگاربکەیت ئەوا ئێمە لە سوپاسگوزاران دەبینو سوپاست دەکەین لەسەر نازو نیعمەتەکانت.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ وَإِذَا غَشِيَهُم مَّوۡجٞ كَٱلظُّلَلِ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمۡ إِلَى ٱلۡبَرِّ فَمِنۡهُم مُّقۡتَصِدٞۚ وَمَا يَجۡحَدُ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَّا كُلُّ خَتَّارٖ كَفُورٖ ﴿٣٢﴾ ﴾ لقمان: ٣٢ ، واتە: کاتێک ئەو موشریکانە سواری کەشتی بوونو لە ناو ئاوەکەدا شەپۆلی دەریاکە وەکو هەور لە هەموو لایەکەوە بەسەریاندا هات زۆر دەترسنو تووشی دڵەڕاوکێ دەبن بۆیە بە دڵسۆزییەوە هاوار دەکەنە خوای گەورەو هانای بۆ دەبەن، کاتێک خوای گەورە ئەوانی ڕزگارکردو خستنیەوە سەر وشکانی هەیانە مامناوەندەو بە تەواوی سوپاسی خوای گەورە نەکردووەو هەیانە بێسەفەت دەبێت بەرامبەر بە چاکەو نازو نیعمەتەکانی خوای گەورەو ئینکاریان دەکات، تەنها ئەو کەسانە بەڕەچی ئایەتو بەڵگەکانی خوای گەورە دەدەنەوە کە بەڵین شکێنو بێبڕاوەڕن کوفرانەی نازو نیعمەتەکانی خوای گەورە دەکەن.

ئەو کەســـە کێیە کە دەڵێت موشریکان لە ڕووی پەروەردگاریەتیەوە شەریکو هاوبەشیان بۆ خوا دادەنا نەک لە پەرستنیدا، ئەو کەسە کێیە کە بە شێوەیەکی گاڵتەجاریو نا شایستە هەڵدەستێت بە ڕاڤەکردنی ئایەتەکانی خوای گەورە، ئایا ئەو کەســـەی لە کاتی ناخۆشیو نارەحەتیدا هاوارەکاتە خوای گەورەو هانای بۆدەبـــات باوەڕی بە پەروەردگاریتیو پەرســـتراوێتی خوا نییە، ئەو ڕاستیەی پێویستە نەشاردرێتەوەو دانی پێدابندرێتو خوای گەورە لە قورئاندا باســـیکردووە ئەوەیە کە موشـــریکەکان دانیان ناوە بـــە پەروەردگاریەتیو پەرستراوێتی خوای گەورە بەڵام شەریکو هاوەڵیان بۆ خوای گەورە دادەنا، ئەم کارەشـــیان بە هـــۆی چەند گومانێکو ڕاڤەی ناپەســـندەوە دەپۆشـــیو دەیانکردە ئەنجەت بۆ شـــەریکدانان بۆ خوای گەورە، هەر کاتێک تووشـــی ناخۆشیو تەنگوچەڵەمە بهاتنایە تەنها هانایان بۆ خوای گەورە دەبردو بە دڵســـۆزییەوە پەرستنیان بۆ ئەنجامدەداو وازیان دەهێنا لە داواکردن لە جگە لە خوای گەورەو داوای پەنادانیان لە جگە لە خوای گەورە نەدەکرد. ئەوکاتە کەســـیان بیرنەدەما جگە لە خوا، نە فریشتە، نە پێغەمبەرانو پیاوچاکان، بەڵکو تەنها خوایان دەپەرست.

<u>جۆری پێنجەم:</u> خوای گەورە لە ســـوڕەتی یوســـف ســـەبارەت بـــە بێباوەڕان فەرموویەتی: ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾ ﴾یوسف: ١٠٦.

واتـــە: هـــەر کاتێک ئەوان باوەڕبهێنن بـــە پەروەردگاریەتی خوای گەورە ئەوا دەستدەکەن بە شەریکو هاوەڵبڕیاردان بۆی.

باوەڕبوونیان بە خوای گـــەورە ئەوەیە کە دەیانگوت: خوا بەدیهێنەرو ڕزقو ڕۆزیدەرمانەو دەمانمرێنبێتو ژیانمان پێدەبەخشـــێت، شـــەریک دانانیان بۆ

خوای گەورە لەوەدایە کە ئەوان لە پەرستنو داواکردن لە خوای گەورە شەریکیان بۆ بڕیاردەدا، بەتەنها داوایان لە خوای گەورە نەدەکردو نەیاندەپەرست، ئەو زانایانەی ئەم جـۆرە ڕاڤەیان بۆ ئەم ئایەتانەکـردووە بریتین لە هەریەکە لـە: ئیبن عباس، عکرمە، مجاهد، عامر، قتادە، عطاء، هەروەها کۆمەڵێکی تر لە زانایانی بەناوبانگ، هەروەکو ئیبن جەریر لە تەفسـیرەکەیدا (١٣/٥٠ – ٥١) دا ئاماژەی پێکردووە، هەروەها لە تەفسـیری (ئیبن ئەبی حاتم)یشدا هاتووە، ئەمەیە ڕێبازی ڕاسـتو ڕەوا، ئایا ئەمانە گوێیەکیان هەیە بتوانن پێیی ببیسـتن، یان دڵێکیان هەیە بترسێت لە سـەرئەنجامو دواڕۆژی، ئایا نەفسو گیانێکیان نییە وایان لێبکات بترسن لە ئاگرو خەشمی خوای گەورە، خوای گەورە هیدایەتیان بدەیت چونکە ئەمانە نەزانن.

کۆمەڵێـک بەڵگـە لـە فەرموودەکانی پێغەمبـەر ﷺ لەسـەر باوەڕبوونی موشریکەکان بە پەروەردگاریەتی خوای گەورە:

چەندیـن فەرمـوودە هەیـە بەڵگـەن لەسـەر داننانـی موشـریکەکان بە پەروەردگاریەتی خوای گەورە، هەروەها لە ناو فەرموودەکاندا جەخت لەسەر ئـەوە کراوەتەوە کە بـەس بە تەنها باوەڕبوون بـە پەروەردگاریەتی خوای گەورەو بە تەنها دانانی لە پەروەردگاریەتیدا سودی بۆ مرۆڤ نابیت، بەڵکو دەبێت هەر کەسـێک بیهەوێت ئەم بیروباوەڕە سـودی بۆی ببێت ئەوا وشەی (لا إله إلا الله) بە زمانی دەربببڕێت، وشـەی (الإله) واتە: پەرستراو، هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتـی:﴿ أَن لَّا نَعۡبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ ... ﴿٢٦﴾ ﴾هود: ٢٦، واتە: فەرمانتان پێدەکەم کە تەنها خوای گەورە بپەرستن.

چەند نموونەیەک لە فەرموودەکانی پێغەمبەرﷺ لەسەر ئەم بابەتە:

ئیمامی موسلیم فەرموودەیەکی لە کتێبەکەیدا (صحيح مسلم ٤/٢) گێڕاوەتەوە:

عن أنس بن مالك قال: كان رسول الله يغير إذا طلع الفجر، وكان يستمع الأذان، فإن سمع أذانا أمسك وإلا أغار. فسمع رجلاً يقول: الله أكبر الله أكبر، فقال رسول الله: على الفطرة، ثم قال: أشهد أن لا إله إلا الله، أشهد أن لا إله إلا الله. فقال رسول الله: خرجت من النار، فنظروا فإذا هو راعي معزى

ئەنەسی کوڕی مالیک فەرموویەتی: پێغەمبەرﷺ لە کاتی دەرکەوتنی سپێدەی بەیانیدا بەسەر دوژمنیادەداو هێرشی دەکردنەسەر، (بەر لە هێرشبردنەکە) گوێی ڕادەداشت ئاخۆ گوێی لە بانگە یاخود نا، ئەگەر گوێی لە دەنگی بانگبوویایە ئەوا وازی لێدەهێنان، ئەگینا ڕووبەڕوویان دەبۆوە.

پێغەمبەرﷺ گوێی لە پیاوێک بوو دەیوت: الله أكبر الله أكبر

پێغەمبەرﷺ کاتێک ئەمەی بیست فەرمووی: ئەم کەسە لەسەر ئاینی پاک و فیترەتە.

ئینجا کابرا وتی: أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدا رسول الله.

پێغەمبەرﷺ پێی فەرمووی: لە ئاگر هاتیتەدەر.

پاشان هاوەڵەکان بە دوای کابرا کەوتنو بینیان شوانی بزنانە.

کاتێک شوانەکە وتی: (الله أكبر) پێغەمبەرﷺ پێی فەرموو ئەمە لەسەر ئاینی پاکو فیترەتە، ئەم وتەیەی پێغەمبەرﷺ مانایەکی جوان هەڵدەگرێتو قسەیەکی پڕمانایەو بەڵگەیە لەسەر بە تەنهادانانی خوای گەورە لە پەروەردگاریەتیدا، ئەم جۆرە خوا بەتەنها دانانە هەر لە ئەزەلەوە مرۆڤ لە بابو باپیرانی بۆی جێماوەو زانیویەتی[٢٧]، هەر لەبەر ئەوە بوو پێغەمبەرﷺ بەو کەسەی وتی:

---

٢٧) بۆنمونە ئەوسی کوڕی حجر دەڵێت: باللات والعزى ومن دان دينها

(الله أكبر) نـــەوت: لە ئاگر ڕزگارت دەبێتو پێی نەفەرموو تۆ مســـوڵمانیت تا ئەو کاتەی شـــایەتومانی هێناو وازی هێنا لە هەموو پەرســـتراوەکان جگە لە خوای گـــەورە، ئەمجۆرە خوا بەتەنها دانانە بریتیـــە لە بە تەنهادانانی خوای گەورە لە ڕووی پەرســـتراوێتیەوە، دەقی فەرموودەکە شـــایەدە لەسەر ئەم ڕاستیە.

نموونەیەکـــی تر لە فەرموودەکانی پێغەمبەرﷺ لەســـەر ئەم بابەتە: ئیمامی موســـلیم لە کتێبەکی (صحیح مسلم ١١/١٥ مع شـــرح النووی) فەرموودەیەک دەگێڕێتـــەوە لە عەمـــری کوڕی شـــەریدەوە، عەمر لە باوکی بیســـتووە کە فەرموویەتی: ((ڕۆژێکیان لە دوای پێغەمبەرﷺ دەڕۆیشـــتم پێی وتم: ئایا هیچ شـــیعرێکی ئەومەیەی کوڕی ئەبو صەلتت لایە؟ وتـــم: بەڵێ، فەرمووی بۆم باسبکە، منیش بەشێک لە شـــیعرەکانی ئەوم بۆی خوێندەوە، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: هی تریشت کە لەلایە بۆم باسبکە، منیش بەشێکی تر لە شیعرەکانیم بـــۆ وت، ئینجا فەرمـــووی: هی تریش بخوێنەوە، منیـــش بۆم خوێندەوە تا گەیشـــتە سەد دێڕە شیعر))، موسلیم لە ڕێگەیەکی تریشەوە هەمان فەرموودە دەگێڕێتەوەو زیادەیەکی لەگەڵدایە، ئەویش ئەویە کە پێغەمبەرﷺ سەبارەت بە ئومەییە فەرموویەتی: ((نزیکبووە مسوڵمان بێت)، لە ڕێگەیەکی ترەوە کە لە عبدالرحمـــن ی کوڕی مەهدییەوە گێڕدراوەتەوە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((نزیکبووە مسوڵمانیەتەکەی لە شیعرەکانیدا دەربخات).

پێشەوا نەوەوی فەرموویەتی: ((پێغەمبەرﷺ بۆیە ئارەزووی بیستنی شیعری زیاتری دەکردوو داوای دەکردبۆی بخوێندرێتەوە چونکە لە ناو شـــیعرەکانی ئومەیەدا باوەڕبوون بە خوای گەورەو ڕۆژی دوایی دەدرەوشایەوە.

وبالله إن الله منهن أكبر

مەبەست لێرە ئەم دێڕەیە (وبالله ...) واتە: سوێند بە خوا، خوا لە ئەوان گەورەترە.

نمونەیەک لە شیعرەکانی ئومەییە:

الحمد للّه ممسانا ومصبحنا

بالخيـر صَبّحنـــا ربي ومَسّانا

ربُ الحنيفيةِ لم تنفد خزائنها

مملوءة طبـق الآفـــاق أشـــطانا

ألا نبي لنا منا فيخبرنا

ما بعد غايتنا من رأس هجرانا

بينا يُربّبنا آباؤنا هلكوا

وبينمـــا نقتفـــي الأولاد ألانا

وقد علمنا لو أن العلم ينفعنا

أن ســـوف تلحـق أخرانا بأولانا

وقد عجبت وما بالموت من عجب

ما بال أحيائنا يبكون موتانا

هۆندراوەکانی ئومەیە زانداون لای خەڵک، زۆربەی شیعرەکانی لەدەوری ئەم مانایانەن، واتە: جەخت لەسەر تەنهایی خوای گەورە دەکاتەوەو باوەڕبوون بە ڕۆژی دواییو زیندووبوونەوە لە شیعرەکانی دیارو ئاشکرایە.

ســـەیرکە چۆن پێغەمبەرﷺ پێـــی دەفەرموویت: (نزیکبوو مســـوڵمان بێت)، پێغەمبەرﷺ حوکمی مســـوڵمان بوونی بۆ نەدا تەنهـــا لەبەر ئەوەی باوەڕی بـــە تەنهایی خوای گەورەیە لـــە پەروەردگاریەتیداو خـــوای گەورە مرێنەرو زیندوکەرەوەیـــە یـــان هەرشـــتێکی تر، ئەمـــە لەکاتێکدا بـــوو ئومەیە لەو کەسانەبوو هاوسەردەمی پێغەمبەرﷺ بوو، ئەم دوو فەرموودەیەلە سوننەتی خۆشەویستمان پێغەمبەرﷺ بەسە بۆ کەسێک ڕاستی بوێتو خولیای بێت.

نموونەیەکی تری هۆندراوەی شـــاعیرانی سەردەمی نەفامی کە باوەڕبوونیان بە پەروەردگاریەتی خوای گەورە دەردەخات؛ وەکو:

ئەوسی کوڕی حجر دەڵێت :

باللات والعزى ومن دان دينها

وبالله إن الله منهن أكبر

هەروەها درهەمی کوڕی زەیدی ئەوسی دەڵێت :

إني ورب العزى العزى السعيدة

والله الذي دون بيته سرف

شیعری تر زۆرە لەم بابەتە، زۆرێک لە شاعیرانی سەردەمی نەفامی باوەڕیان بە پەروەردگاریەتی خوای گەورە هەبووە، بەڵام من تەنها ئەم نموونەیەم باسکردووە چونکە ئەوانی تر لەگەڵ هێنانی ناوی بتەکانیان ناوی خوای گەورە دەهێنن، دەتواندرێت بوترێت ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەوان باوەڕیان بە پەروەردگاریەتی خوای گەورە هەبووە.

تەلبیەی ئەوان بەمشێوەیە بوو: لبيک اللهم لبيک، لبيک لا شريک لک لبيک، إلا شريکا هو لک، تملکه وما ملک.

واتە: ئەی خوای پەروەردگار من بەردەوامم لەسەر گوێڕایەڵیکردنی تۆ، تۆ هیچ شەریکو هاوەڵت نییە، تەنها شەریکێک نەبێت کە تۆ خاوەندارێتی ئەو دەکەیتو هیچی لەدەست نییە.

مەجازی عەقڵی

خاوەنی کتێبی (مفاهیم) ئەم بابەتەی بۆیە لە کتێبەکەیدا باسکردووە تاکو بیکایەتە پاساو بۆ کۆمەڵێک کردەوەی شیرکیو هەموو ئەو هۆکارانەی سەردەکێشن بۆ شەریکدانان بۆ خوای گەورە.

نووسەری (مفاهیم) پاساوێکی زۆر بۆ ئەو کەسانە دەهێنێتەوە کە (مردووەکان دەکەنە تکاکارو تەوەسول) بە کەسایەتیو ڕێزو شکۆمەندیانەوە دەکەن.

نووسەر مەجازی عەقڵی دەکاتە هۆکار بۆ ئەوەی پاساو بۆ ئەو کەسانە بهێنێتەوە کە پێغەمبەرﷺ پیاوچاکان دەکەنە واستەو تکاکار لەنێوان خۆیانو خوای گەورەدا بە مەبەستی لادانی ناخۆشیو ناڕەحەتیو هێنانی خۆشیو بەختەوەری، هەروەها بۆ ئەوەی داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکەن لای خوای گەورە، هەموو ئەو کردەوانەی لەسەر گۆڕی پیاوچاکان ئەنجامدەدرێن وەکو هانا بۆ بردنیانو داوای تکاکردن لێیانو جگە لەمانەش (نووسەر) بەرگریان لێدەکاتو ڕەتیدەکاتەوە کە ئەمانە شیرک بن، (بەبەڵگەی) مەجازی عەقڵی.

هەرچەندە هەندێک لە زاناکان (البیانیین) بە مەبەستی دەرکردنی هەندێک شیعرو قسەی عەرەبەکان لە قاڵبی کوفر مەجازی عەقڵی دەکەنە بەڵگە.

بەڵام مەجازی عەقڵی ناتواندرێت بکرێتە پاساو و بەڵگە بۆ ئەو قسانەی کوفرو شیرکی ڕاستەوخۆیان پێوەدیارەو بە ئاشکرا شەریکی تێدا بۆ خوای گەورە بڕیاردەدرێت، (نابێت بوترێت مادام ئەو کەسانەی ئەم قسانەدەکەن دان دەنێن بە تەنهایی خوای گەورە بۆیە نابێت بە کافرو موشریک دابندرێن). ئەم ڕاستییە زانایانی شەریعەت (فەقیەکانو فەرموودە ناسان) لەسەری کۆدەنگن، نەبیستراوە کەس بەڵگەی بە مەجازی عەقڵی بێنێتەوە لە زانایانی پێشوو، بەڵکو ئەم جۆرە بەڵگەهێنانەوەیە لە دوای بانگەوازەکەی محمد کوڕی عبدالوهاب (ڕەحمەتی خوای لێبێت) پەیدا بوو.

ئەم کۆمەڵە زانایانە پەنایان بۆ بەڵگەهێنانەوە بە مەجازی عەقڵی برد بۆ ئەوەی خۆیان لە قەدەغەکردنی کردەوەی ئەو کەسانە قوتاربکەن کە داوا لە گۆڕی مردووان دەکەن، هاوکات پاساویان بۆ کارە شیرکیەکانیان دەهێنایەوە.

شایەنی باسە ئەم جۆرە بەڵگەهێنانەوەیە خراپو ناپەسندەو لە جێگای خۆی نییە، چونکە هەرکارتێک مانای ڕاستەقینەیی شتەکان ڕوونو ئاشکرابوو پەنا نابردرێت بۆ مەجازی عەقڵی، تەنها کاتێک پەنا دەبردرێت بۆ مەجازی عەقڵی کە بەڵگەیەکی ڕوونو ئاشکرا هەبوو لەسەر لەبەرچاوگرتنی مەجازەکە، (بەڵگە هێنانەوە بە مەجازو زیادەڕەویکردن تێیدا) دەبێتە هۆکار بۆ زیندووکردنەوەو بڕەودان بە شەریکو هاوبەشدانان بۆ خوای گەورە.

نووسەری کتێبی (مفاهیم یجب أن تصحح) لە ژێر ناونیشانی: مەجازی عەقڵیو بەکارهێنانی؛ دەڵێت: ((باوەڕی ڕاستو دروست ئەوەیە کە مرۆڤ باوەڕی هەبێت بەوەی خوای گەورە بەدێهێنەری مرۆڤەکانو کردەوەکانیانە، جگە لە خوای گەورە نەمردو نەزیندو هیچ کاریگەرییەکی نییە، ئەم بیروباوەڕە بریتیە لە یەکخواپەرستی تەواو، بە پێچەوانەی ئەو کەسەی بیروباوەڕەکەی بەم شێوەیە نەبێت، (هەر کەسێک بەم شێوەیە بیرنەکاتەوە) تووشی شەریکو هاوبەشدانان دەبێت بۆ خوای گەورە)) إ.ە.

دەڵێم (واتە: شێخ صالح): ئەم جۆرە بیروباوەڕەی (نووسەر باسی لێوە دەکات) بریتیە لە بە تەنهادانانی خوای گەورە لە پەروەردگاریێتیدا، ئەم جۆرە خوا بەتەنهادانانە بریتی نییە لە یەکخواپەرستی تەواو، بەڵکو یەکخواپەرستی تەواو ئەوەیە مرۆڤ لەسەر بە تەنها دانانی خوای گەورە لە پەروەردگاریەتیو پەرستراوێتیو ناو و سیفەتەکانی کۆبکاتەوە، هەر کەسێک ئەم سێ مەرجانە پەیڕەو نەکات ئەوا بیروباوەڕەکەی تەواو نییەو پێی ناوترێت یەکخواپەرست. پێشتر بە بەڵگەوە ئاماژەمان بەوە کرد کە موشریکەکانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ (ئەوانەی پێغەمبەری خوا ﷺ جەنگی لە دژ هەڵگیرساندن) باوەڕیان بە پەروەردگاریێتی خوای گەورە هەبووەو دانیان بەو بیروباوەڕەدا دەهێنا کە

خاوەنی کتێبی (مفاهیم) ناوی لێناوە تەوحیدو یەکخواپەرستی.

گوێ لە فەرمووەی خوای گەورە بگرە کە دەفەرموێت:

﴿ قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَمَن يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَىِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ ۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُ ۚ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٣١﴾ فَذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمُ ٱلْحَقُّ ۖ فَمَاذَا بَعْدَ ٱلْحَقِّ إِلَّا ٱلضَّلَٰلُ ۖ فَأَنَّىٰ تُصْرَفُونَ ﴿٣٢﴾ كَذَٰلِكَ حَقَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى ٱلَّذِينَ فَسَقُوٓا۟ أَنَّهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٣﴾ ﴾ یونس: ٣١ – ٣٣.

واتە: – ئەی پێغەمبەر ﷺ – بەبێباوەڕان بڵێ کێ لەم ئاسمانو زەوییەدا ڕزقو ڕۆزیتان دەداتێ– بەهۆی باران بارین لە ئاسمانەوەو ڕوانی ڕووەکو دانەوێڵەو سەوزە لە سەر زەوی – ئەی کێ بیستنو بینینی بەدەستە – کێ خاوەنی ئەو گوێو چاوانەتانە – ئەی کێ یە ئەو کەسەی زیندوو لە مردوو دەردەهێنێتو مردوو لە زیندوو دەردەهێنێت کێ یە ئەو کەسەی کارو باری ئەم بوونەوەرە بەڕێوە دەبات، – لە وڵامدا – دەڵێن ئەو کەسە خوایە، – ئەی پێغەمبەر ﷺ– پێیان بڵێ ئەی بۆ لەو خوایە ناترسنو بەتەنها نایپەرستن. کەواتە تەنها خوا پەروەردگاری ڕاستی ئێوەیەو شایستەی پەرستنە ئایا لەدوای ڕاستیو ڕەوای جگە لە گومڕاییو سەرلێشێواوی چیتر هەیە؛ دەی کەوایە بۆچی پشتدەکەنە پەرستنی خوای گەورەو جگە لە ئەو دەپەرستن، هەروەکو چۆن ئەوانە کافر بوونو بێ بڕوابوون بە ئایەنەکەی خوای گەورە بە هەمان شێوە حوکمی خوا چەسپاوە لەسەر ئەوانەی بێباوەڕنو لە فەرمانی خوا دەرچوون کە هەرگیز دان نانێن بە تەنهایی خوای گەورەو پێغەمبەرایەتی ﷺ، ئەوان دانیان دەنا بە تەنهایی خوای گەورەو دەیانزانی تەنها ئەو بەدیهێنەرە، هەروەها دانیان بەوەدا دەهێنا کە خوای گەورە زیندوکەرەوەو مرێنەرەو هەر تەنها ئەو بەڕێوەبەری کاروباری ئەم گەوردونەیە، لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە هەواڵی

پێداوینو کە ئەوان باوەڕیان نەهێناوەو لەسەر گومڕاین.

خوای گەورە ئەو دانانەی ئـــەوان بە تەنهایی خوا لە پەروەردگاریێتیدا کردە بەڵگە بەســـەریانەوە کە چۆن دەبێت ئەوان دان بـــە تەنهایی خوای گەورەدا بنێن لە پەروەردگاریێتیداو کەچی بـــە کردەوەکانیان پێچەوانەی ئەو بەتەنها دانانـــە بکەن کە ئەویش بریتییە لـــە (ڕەتکردنەوەی بە تەنها دانانی خوا) لە پەرســـتنیدا، شـــتێکی بەڵگە نەویستە کە ئەو کەســـەی دەیهەوێت بەڵگەیەک بچەسپێنێت لەسەر کەسێک ئەوا ســـەرەتا ئەو شتەی بۆ دێنێتە پێش و بیری دەخاتەوە کە خۆی باوەڕی پێیەتی، ســـەیری ناوازەیی ئەم بەڵگەیەو جوان بەکارهاتنی بکە لە قورئانی پیرۆزدا، ئەو هاوبەش بڕیاردەرانەی کە ئیبراهیم پێغەمبەریان بۆلا نێردراوە ســـەلامی خوای لێبێت گشتیان دانیان بەم واتایەدا دەنـــا، هەروەها دانیان بەوەدا دەنا کە خوای گەورە بەدیهێنەری کردەوەکانی ئەوانـــە، هەروەها دەیانزانی کە ئەوانو کردەوەکانیان دروســـتکراوی خوای گـــەورەن، هەر لەبەر ئەوە بوو کە ئیبراهیم ســـەلامی خـــوای لێبێت بەڵگەی لەسەریان هێنایەوە بەو شتەی کە ئەوان دانیان پێدا دەناو باوەڕیان پێ بوو؛ پێـــی وتن – هەروەکو خوای گـــەورە لەبارەیەوە فەرموویەتی: ﴿ قَالَ أَتَعْبُدُونَ مَا تَنْحِتُونَ ﴿٩٥﴾ وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ ﴿٩٦﴾ ﴾الصافـــات: ٩٥ – ٩٦، واتـــە: ئایا ئێوە شتێک دەپەرستن کە خۆتان دروستتان کردووە، لە کاتێکدا خوای گەورە ئێوەو کردەوەکانی ئێوەشی دروستکردووە.

ئیبراهیـــم پێغەمبـــەر ئەم جۆرە پەرســـتنەی ئەوانی ڕەتکردەوەو بە باشـــی نەزانی، پەرســـتنەکەی ئـــەوان بریتی بوو لە مەیلکردنـــی دڵیان بۆ لای ئەو بتە داتاشـــراوانەی لەسەر شێوەی ئەو کەســـانە داتاشرابوون کە کردبوویان بـــە تکاکاری نێوان خۆیان و خـــوای گەورە . بەڵگەی لەســـەریان هێنایەوە

بەو شـــتەی ئەوان دانی پێدا دەنێن؛ کە بریتییـــە لەوەی خوای گەورە ئەوانو کردەوەکانی ئەوانیشی دروستکردووە.

ئەمـــە لەکوێی بە تەنها دانانی خوایە بە تەواوی، لە کاتێکدا ئەوان هاوبەش بۆ خوای گەورە دادەنێن.

قســـەی خاوەنی کتێبی (مفاهیم) کە دەڵێت: هیچ کەس کاریگەری نییە جگە لە ئەو نە زیندو نەمردوو هتد ... ئەمە بۆنی قســـەی توند ڕەوە سۆفییەکانی لێ دێـــت، ئەوانەی پێیان وایە (وحدة الوجود) بوونـــی هەیەو تەنها خوا هەیەو کردەوەی بەندەکان کردەوەی خوای گەورەیە.

ئـــەو وتەیەی خاوەنی کتێبی (المفاهیم) کە دەڵێت: ((بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئەگەر ئەو کەسە بیرو باوەڕەکەی جگە لەو بیرو باوەڕە بێت کە ئێمە باسمان کرد ئەوا دەکەوێتە ناو شیرکو هاوبەش دانان بۆ خوای گەورە)).

ئەم قسەیە هەڵقوڵاوی بنچینەی ئەو کەسانەیە کە خولیای زانستی (الکلام) ی ناپەسند بوون، ئەویش ئەوەیە کە خوا بەتەنهادانان بریتییە لە بە تەنها دانانی خوای گەورە لە پەروەردگاریتیدا، ئەو کەسە هاوبەشی بۆ خوای گەورە داناوە کە پێی وایە دوو بەدیهێنەر هەیە. یاخود ئەم قســـەیە هەڵقوڵاوی قسەی ئەو کەسانەیە بڕوایان بە (وحدة الوجود) هەیە هەروەکو باسمانکرد، هەر کەسێک بارودۆخی ئەو کەســـانە بزانێت کە هاوبەشـــیان بۆ خوای گەورەبڕیارداوەو ئاگاداری بیروباوەڕیان بێت دڵنیادەبێتەوە لە ناپەسندیو ناتەواوی ئەم قسە عەقڵییە، دەزانێت ئەمە قسەیەکی عەقڵییە نەک شەرعی.

چونکە ئەم قســـەیە هیچ پشکێکی نییە لە ناو بەڵگەکانی قورئانو سوننەتدا، بەڵکو هەموو قورئان پێچەوانەی ئەم قسەیە دەخاتە ڕوو.

بەڵام چەند کەسانێکی زۆر لای زاناکانی (الکلام)و لەسەر کتێبەکانی زانایانی (الکلام) فێربوون، پشتیان کردووە لە ڕامان لە کتێبی پەروەردگاریان.

شەریک و هاوبەشدانان بۆ خوای گەورە چەند جۆرێکە:

لەوانە: جۆرێکی شیرک بریتییە لە شەریک دانان بۆ خوای گەورە لە پەروەردگارێتیدا، وەک بیرو باوەڕی ئەو کەسانەی پێیان وایە دوو دروستکەر هەنە لەم گەردوونەدا.

لەوانە: بریتییە لە هاوبەشدانان بۆ خوای گەورە لە پەرستراوێتیدا، ئەم جۆرە شیرکە شیرکی زۆربەی بەڵکو هەموو ئەو کەسانە بوو کە خوای گەورە پێغەمبەرانی بۆلا ڕەوانە کردووەو لە قورئانی پیرۆزدا هەواڵی ئەوانی بۆ باسکردووین، لە ناو عەرەبدا هیچ کەسێک نەبووە دژایەتی بە تەنها دانانی خوای گەورەی کردبێت لە پەروەردگارێتی تەنها کەمێکی کەم نەبن کە ناتوانین هیچ قسەیەکیان بدەینە پاڵ هەروەک کۆمەڵێک زانا وایان فەرمووە.

ئەمانە سەرەڕای باوەڕبوونیان بە پەروەردگارێتی خوای گەورە کەچی هێشتا خوایان بە تەواوی بە تەنها دانەناوە.

خاوەنی کتێبی (مفاهیم) لە ل٢١ دا دەڵێت: ئەوەی کە هەموو لەسەری کۆکن ئەوەیە کە هەر کەسێک لەگەڵ خوای گەورە کەسێکی تر بکاتە شەریکو هاوەڵ لە دروستکردنو بەدیهێنانو کاریگەریدا ئەوا هاوبەشی بۆ خوا داناوەو موشریکە. جا یەکسانە ئەو کەسەی دەکرێتە هاوەڵی خوا بێ گیان بێت، یان مرۆڤ بێت، یان پێغەمبەر بێت، یان جگە لە ئەو، یان فریشتە بێت، یان پەری (جنۆکە) بێت، یان کردەوەیەک بێت کە خۆی ئەنجامی دابێت.

هەرکەسێک پێی وابێت شتێک هۆکارە جا ئەو شتە گشتی بێت یان نا، پاشان ئەو کەسە خوای گەورە بکاتە هۆکاری بەدیهێنانی ئەو شتانە، هەروەها پێی وابێت بکەرەکە تەنها خوای گەورەیەو هیچ هاوەڵی نییە ئەوا باوەڕدارە، ئەگەرچی ئەو کەسە لە گومانەکەی خۆیدا هەڵەش بکات بەوەی کە شتێک هۆکار

نەبێت بیکاتە هۆکار، چونکە هەڵەکەی لە هۆکارەکەیە نەک لەو کەسەی کە مایەی بوونی هۆکارەکەیە کە ئەویش خوای بەدیهێنەرو بەڕێوەبەرو گەورەو پایەدارە)).

دەڵێم: ئەم بیروباوەڕە هەمان ئەو بیروباوەڕەیە کە موشریکەکانی عەرەب هەیان بوو، هیچ جیاوازییەکی نییە، چۆن دەبێت ئەم گومانە لە ناو گەلی محمدداﷺ هەبێتو بێتو بچێت، لە کاتێدا خوای گەورە بە هۆی ڕەوانەکردنی پێغەمبەرەکەیو وڵامدانەوەیو شوێنکەوتنی ڕێزی لێناون. ئینجا ئەوانەی باوەڕیان بە (وحدة الوجود) هەیە دەڵێن: هەر کەسێک پێی وابێت جگە لە خوای گەورە بکەرێکی تر هەیە ئەوا شەریکو هاوەڵی بۆ خوای گەورە داناوە، ئەمە قسەی جەبریەکانیشە، ئەم واتایە لە وتەکانی نووسەر دەخوێندرێتەوەو وەردەگیرێت.

هاوبەشی بڕیاردەران پێیان وا نەبووە کە بتەکانیان خۆیان دروستکردووە، هەروەها پێیان وانەبووە کە تەنها خۆیان سودیان هەیە، هەروەها پێیان وانەبووە بتەکان خۆیان کاردەکەن، بەڵکو بکەرو بەڕێوەبەر لای ئەوان خوای گەورە بوو هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَن يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ ۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُ ۚ ... ﴿٣١﴾﴾ یونس: ٣١ . واتە: کێ کارو باری ئەم بوونەوەرە بەڕێوە دەبات، لە وڵامدا دەڵێن: خوا. هەروەها فەرموویەتی: ﴿قُلْ مَنۢ بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَىْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٨﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ فَأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ ﴿٨٩﴾﴾ المؤمنون: ٨٨ – ٨٩، واتە: بڵێ ئەی کێ دەسەڵاتی گشت بوونەوەری بەدەستەو هەر ئەو پەنادەرەو کەس ناتوانێت لەدژی ئەو کەس پەنا بدات ئەگەر ئێوە دەزانن و شارەزان، لە وڵامدا دەڵێن هەموو ئەوانە بەدەست خوایە پێیان بڵێ ئەی – کەوایە – چۆن فریو دەخۆن و لە ئاست

ڕاستی یەکان چاوو ژیریتان بەستراوە – ئەی بۆ ئەو خوایە گەورە بەتەنها ناپەرستنو شەریکو هاوەڵی بۆ دادەنێن.

کاتێک خوای گەورە پێی ڕاگەیاندین کە ئەم خەڵکانە شیرکی واستەیان هەبووە، نەک شیرکی بەدیهێنانو دروستکردن، ئەوان شیرکی هۆکاربوونیان هەبووە نەک سەربەخۆیی، کەوایە بۆچی ئێمە شوێن فەرموودەی خوای گەورە نەکەوینو وازنەهێنین لە نەوەکانی یونانییەکان ئەوانەی تامەزرۆی (الکلام)ن، ئەمە فیتنەیەکی گەورەیە ئومێد دەکرێت خوای گەورە چەند خەڵکانێکی لێ دەربهێنێتو ڕزگار بکات.

خوای گەورە سەبارەت بە خەڵکی ناو ئاگر دەفەمەرموێت: ﴿ قَالُواْ وَهُمْ فِيهَا يَخْتَصِمُونَ ﴿٩٦﴾ تَٱللَّهِ إِن كُنَّا لَفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٩٧﴾ إِذْ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٩٨﴾ وَمَآ أَضَلَّنَآ إِلَّا ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿٩٩﴾ فَمَا لَنَا مِن شَٰفِعِينَ ﴿١٠٠﴾ ﴾ الشعراء: ٩٦ – ١٠٠، واتە: خەڵکی دۆزەخ لە کاتێکدا خەریکی دەمەتەقێو کێشەن لەگەڵ ئەوانەی ئەوانیان گومڕا کردو دەڵێن: سوێند بە خوا ئێمە لە ناو گومڕاییەکی دیارو ئاشکرادا بووین کاتێک ئێوەمان چواند بە خوای پەروەردگاری جیهانیان، ئێمە تەنها ستەمکارو تاوانکارەکان گومڕایان کردین، ئێمە هیچ کەسێکمان نییە شەفاعەتمان بۆ بکاتو تکامان بۆ بکات تاکو لەم سزایە ڕزگارمان بێت.

وردبەوەو ڕامێنە لە فەرموودەی خوای گەورە بە جوانی، ئینجا ئەم ئایەتە بهێنە لای ئەم فەرموودەیەی خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ قُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢٥﴾ ﴾ لقمان: ٢٥. واتە: ئەگەر تۆ پرسیاریان لێبکەیت (ئەی ﷺ)و بڵێیت: کێ ئاسمانەکانو زەوی دروستکردووە دەڵین خوا دروستیکردووە. چونکە ئەگەر بێت و ئەوان بەڕاستی پێیان وابایە تەنها خوا بەدیهێنەرە، هەورەها بتەکانیان هیچ شتێک

دروســت ناکەن ئەوا ئەو کاتە تەنها خوایان دەپەرست)) إ.ە. ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ﴿٨٧﴾ ﴾ الزخرف: ٨٧. واتە: ئەی پێغەمبەر ئەگەر تۆ پرسیار لەو کافرو بێباوەڕانە بکەیتو بڵێیت کێ ئێوەی دروستکردووە ئەوان لە وڵامدا دەڵێن خوا ئێمەی دروستکردووە.

لەمەوە دوو شت فێردەبیت:

یەکەمیان: کاتێک موشــریکەکان پەرستراوەکانی خۆیان بە خوای پەروەردگاری جیهانیان دەچواند لە ڕوانگەی دروســتکردنو بەدیهێنان نەبوو، بەڵکو ئەوان پەرســتراوەکانی خۆیان لە ڕوانگەی ڕووتێکردنو پەرســتن بە خوای گەورە دەچوانــد، مافــی خوای پــەروەردگار ئەوەیە کە نابێت جگە لــە ئەو داوای لێخۆشبوونو پلەبەرزیو بەخشینو سۆزو میهرەبانی بکرێت.

ئەوان هەســتان بە داواکردنی لێخۆشبوونو چاکە لە بتەکانیان، ئەو بتانەی کە لەسەر شێوەی پیاوچاکان دایان تاشی بوون. دروشمی ئەوانیش ئەوەبوو کە دەیان وت: ﴿ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ ﴾الزمر: ٣ . واتە: ئێمە بۆیە ئەم پەرستراوانە دەپەرستین تاکو بۆمان لە خوا ببڕێنەوەو تکاو شەفاعەتمان بۆ بکەن لای خواو لە خوا نزیکمان بکەنەوە.

بە هەمان شــێوە دەیان وت: ﴿ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ ﴾ یونس: ١٨ . واتە: ئەوانە دەبن بە تکاکارو شەفاعەتکار بۆمان لای خوای گەورە.

لێرەدا بە دڵنیایی ڕوونەدەبێتەوە کە ئەوان پەرستراوەکانی خۆیان لە ڕوانگەی خۆشەویستیو بەگەورە دانانو ڕووتێکردنو مەبەستو داوای تکاو واسیتە بە خوای پەروەردگاری جیهانیان چواندووە.

قورئان هەمووی راستەو حەقە، باشــترین شتو ناوازەترین شت ئەوەیە کە

قورئان بە قورئان تەفسیرو ڕاڤە بکرێت.

دووەم: دانانی تکاکارو داواکردن لەو کەسانەی لە ناو گۆڕەکاندانە بە مەبەستی تکا شـــیرکو هاوبەش دانانە بۆ خواو هەمان ئەو شـــیرکەیە کە لە سەردەمی نەفامیدا هەبووە، شـــیرکی ئەوان لە پەرستندا بووە ئەوان یەکسانیان دەکرد لە نێوان خوای گەورەو دروستکراوەکانیدا لە ڕووتێکردنو مەبەست بۆ ئەوەی شـــەفاعەتو تکایان بۆ بکـــەنو هەروەها لە پاڕانەوەو هـــۆکاردا دەیانکردنە یەکسانی خوا.

وتەی خاوەنی (مفاهیم) کە دەڵێت: ((ئەمە هۆکارە)) قســـە هەڵبەستنە بە دەم شـــەرعەوە؛ چونکە خوای گەورە ئەمەی نەکردووە بە هـــۆکار بۆ گیرابوونی پاڕانەوەو هەروەها فەرمانیشـــی پێنەکردووەو نەیکردووە بە دەستورو یاسا بۆ بەندەکانی، هەر کەسێک ڕووبکاتە کتێبەکەی خوای گەورەو لێی تێبگاتو چاوڕۆشـــنی بە هۆی ئایەتەکانیو ئەو هەواڵانـــە وەربگرێت کە خوای گەورە سەبارەت بە بیروباوەڕی موشریکەکان باسیکردووەو هەورەهائەو هەواڵانەش کە باس لە بیرو باوەڕی یەکخواپەرســـتان دەکات، هەروەها ئەو هەواڵانەش کە باس لە بارودۆخی پێغەمبەران دەکات لەگەڵ گەلەکانیانو (وردبێتەوە لەو شـــتانەی) پەیوەندیان بە لایەنەکانی خوا بەتەنها ناســـینو شیرکەوە هەیە؛ ئەوا ئەو کەسە بەڕاستی ڕێنمایی کراوە.

ئەو کاتە لە دڵیدا ئەوەندە خۆشەویســـتی خوای گـــەورەو بە گەورەدانانیو گوێڕایەڵی لە دڵیدا دروســـت دەبێت کە بە هـــۆی ڕەحمەتو میهرەبانی خوای گـــەورە پێی دەگات بە پلـــەی یەقینو دڵنیایی لە دونیـــادا، هەروەها دەگاتە بەهەشت و خۆشیەکانی لە ڕۆژی دواییدا، خوایەگیان بە منەتو کەرەمی خۆت هۆکارەکانی دڵنیایی و پەرستن و چوونە بەهەشتمان بۆ ئاسان بکە.

خاوەنی کتێبی (مفاهیم) لە ل٢٥ دا دەڵێت:

((کاتێک لە وتەی باوەڕداراندا بیستترا کە شتێک پاڵدەداتە جگە لە خوای گەورە ئەوا پێویستە بخرێتە سەر مەجازی عەقڵی، هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی بە بێباوەڕ دابندرێن)). إ.ە .

دەڵێم: مەبەستی بەمە ئەوەیە کە هەرکەسێک بە پێغەمبەرﷺ بڵێت دوای ئەوەی کۆچی دوایی کردووە: ئەی پێغەمبەر داوای پەنادانت لێدەکەین ئەوا هەر کاتێک بێژەری ئەم قسەیە یەکخواپەرست بوو ئەوا پێویستە ئەم قسەیە بە مەجازی عەقڵی لێکبدرێتەوە، چونکە لای نووسەر ناکرێت داوای هاناو فریاکەوتن ڕاستەخۆ لە مردووان بکرێت.

بەڵکو ئەو مانایەی کە داواکار مەبەستی بووە بریتییە لە هۆکار بوون.

ئەم مانایە زۆر جار دووبارە دەبێتەوە لە کتێبی (مفاهیم یجب أن تصحح) ئەوەی ڕاستییەو جێگای شکو گومان نییە ئەوەیە کە ئەو پێشەکیو شتانەی لێکیان دەداتەوە بۆ ئەو کەسەی هانا بۆ مردووان دەبات پێشەکییەکی ناپەسندنو سەرئەنجامیان ناپەسندە، ئاشکراکردنی ئەمە بە دوو شت دەبێت: یەکەم: بوترێت: هەر کەسێک بڵێت هانابەرو داواکار ئەگەر وئەگەر مەبەستی هۆکار بێت ئەوا کافر نابێت، بەڵکو قورئانی پیرۆزکاتێک بارودۆخی عەرەبی دەرخست (خوای گەورە باشتر دەیزانی) کە شیرکی ئەوان بە هۆی مەبەستی شێوەی هۆکاری بووە نەک سەربەخۆیی، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾ ﴾یوسف: ١٠٦. واتە: ئەو بێباوەڕانە کاتێک باوەڕ دەهێنن بەوەی خوای گەورە بەدیهێنەری ئەوانو کردەوەکانیانەو تەنها ئەو ژیان بەخشو مرێنەرەو تەنها ئەو پەنا دەداتو کەس ناتوانێت کەس لە خوای گەورە پەنابدات ئەوا ئەوان (لەگەڵ ئەوەشدا)

شـــەریکـو هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیاردەدەن بە هـــۆی ئەوەی بتەکانیان دەکـــردە هۆکار لە نێوان خۆیانو خوای گـــەورەدا، هەروەها ئەو روحیانەتی پیاوچاکانیـــان دەکردە هۆکار لـــە نێوان خۆیانو خوای گەورە کە لە ســـەر شـــێوەی بت دروستیان کردبوون بە گومانی خۆیان بۆ ئەوەی مەبەستەکانیان بێننەدی .

ئایا تۆ نابینی کاتێک ئەوان دڵنیا بوون لە مردن لە ناو دەریادا بە دڵســـۆزی پارانـــەوە بۆ خوای گەورە ئەنجام دەدەنو هیچ یەکێک لە دروســـتکراوەکانی ناکەن بە هۆکار هەروەکو ئەمە پیشەیانە لە کاتی خۆشیو ئاسودەییدا.

لـــە دژی کردەوەکانیـــانو لە دەقی قورئانـــی پیـــرۆزەوە دەزاندرێت کە ئەم موشریکانە مەبەستیان سەربەخۆیی نەبووە لە هاوارکردندا (واتە: مەبەستیان ئەوە نەبـــووە بتەکانیان بەدیهێنەرن وەکو خوا)، بەڵکو ئەوان مەبەســـتیان ئەوە بووە شـــتێک بکەنە هۆکار کە خوای گەورە نەیکردووە بە هۆکارو ڕێگەی پـــێ نەداوە، بۆچی خوای گەورە مەجـــازی عەقڵی نەکردە بەڵگە بۆیانو کافر نەبوون بەوەی وتیان: ﴿مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ﴾الزمر: ٣، واتە: ئێمە بۆیە ئەم پەرســـتراوانە دەپەرستین تاکو بۆمان لە خوا بپارێنەوەو تکاو شەفاعەتمان بۆ بکەن لای خواو لە خوا نزیکمان بکەنەوە.

ئەوان لەم کارەیاندا تەنها مەبەســـتیان ئەوەبوو بتەکانیان بکەنە هۆکار بۆ نزیکبوونەوە لە خوای پەروەردگار.

دووەم: دەرکردنی وتەی ئەو کەســـانەی گۆڕپەرســـتن – ئەوانەی داوا لە مردوو دەکەنو بە مەبەستی تکاو شەفاعەت هانایان بۆلا دەبەنو خۆشەویستییان بۆ گۆڕەکان لە خۆشەویســـتیان بۆ خوای گەورە زیاترە– لە قالبی شـــیرک بە بیانـــووی مەجازی عەقڵی تاوانو هەڵەیەکی گەورەیەو پێچەوانەی بارودۆخی

ئەوانە، لەبەرئەوەی زۆربەیان لە لای گـــۆڕەکان دەمێننەوەو باوەڕیان وایە کە خاوەنی گۆڕەکە توانای هەڵسوکەوتکردنو گۆڕانکاری لە گەردوندا هەیەو بە ئارەزووی خۆی کار دەکاتو هەڵســـوکەوتی ڕەهای هەیە[٢٨] چونکە خوای گـــەورە پێی داوە، ئەم جۆرە بیروباوەڕییەو گەورەترە لە بێباوەڕی باوەڕبوون بـــە هۆکاریەت، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بـــە بیری نەفامەکانی عەرەبدا نەهاتووە لە سەردەمی نەفامیدا، بۆیە تۆ ئەمڕۆ دەبینیت ئەم جۆرە هاوبەش بڕیاردەرانەی ئەم سەردەمە هانا بۆ پەرستراوەکانیان دەبەنو داوای فریاکەوتنیـــان لێدەکەن ئەگەر چی زۆریـــش لێیانەوە دوورین، چونکە پێیان وایە کە ئەو کەســـانەی ئەوان هاواریان دەکەنـــێ توانایەکیان هەیە زۆر لە توانای مرۆیی زیاترە، ئەم توانایەش خوای گەورە پێی داوە، هەروەها خوای گەورە کاروباری چاککردنی بەشێک لە خەڵکی داوەتە دەستی.

خوای گەورە زۆر بەرزو پیرۆزترە لەو قسانەی ستەمکاران دەیکەنو دەیڵێن.

هەر کەســـێک گوێبیســـتی وتەی ئەو کەســـانەبێت کە خەریکی داواکردنن لە گۆڕەکان دەزانێت کە ئەوان پێیان وایە کە ئەم گۆڕانە هەندێک هەڵسوکەوتیان بەدەســـتەو توانـــای گۆڕانکارییان هەیەو ســـەربەخۆییان پـــێ دراوە. ئەمە بێباوەڕییە و تاوانەکەی زیاترە لە بێباوەڕی هۆکارییەت و واسیتە.

---

٢٨) موسی محمد علی لە کتێبەکەیدا (التوسل الوسیلە) دا لە ل٢٢٩ دا وتوویەتی: لە محمدی کوڕی عبدالله الشکاز وەرگیراوە ئەو قسەیەی ئێستا باسی لێوە دەکرێت – لە کاتێکدا نووسەر قسەکەی پێ باشەو دەیکاتە بەڵگە، دەڵێت: چوار پیاو هەنە: پیاوانێک ڕاستگۆبوون لەگەڵ ئەو بەڵێنانەی بە خوای گەورەیان دابوو؛ ئەمانە پیاوانی ئاشکراو زاهیرن بریتین لە تێکۆشەرانو ئازاکان لە کاتی جیهادکردندا، پیاوانێکی ئەوانەن کە کڕینو فرۆشتنو بازرگانی ڕێگریان نابێت لەبەردەم یادی خوای گەورەدا، ئەوانە پیاوانی پەنهانو شاراوەن، ئەوانە لای خوای گەورە دادەنیشنو ڕاوێژیان پێ دەکرێت ... پاشان وتی: پیاوانی ئاشکراو دیار ئەوانەن کە توانای هەڵسوکەوتیان هەیە لە جیهانی الملک والشهادە.

أبو الفضل الشـــهاب الآلوسي له تەفسیرەکەیدا (روح المعانی ١١٥/٦) دەڵێت: ((هیچ کەســێکم نەبینیــوە لەوانەی ئەم جۆرە قســانە دەکــەن کە باوەڕی نەبووبێــت بەوەی ئەم زیندووە نادیــارە یان ئەو مردووە و غەیب و پەنهانی دەزانێت، هەروەها پێی وایە هاوارکردنەکە دەبیســتێت، بۆخۆی یان بە هۆی شــتیکی ترەوە دەتوانێت خێرو باشە بهێنێت یان خراپە لابدات، ئەگەرنا ئەم بانگەشــەیەی نەدەکردو دەمی نەدەکردەوە، لەمەشدا تاقیکردنەوەی گەورەی پەروەردگارتان هەیە)).

ئالوسی گۆڕ پەرستان بە باشی دەبینێتو دەیاننناسێت بە هۆی ئەو کەسانەی هۆگری گۆڕنو داوایان لێدەکەن، هەروەها بە هۆی زۆر تێکەڵبوونو بینینیان دەزانێــت چی لە ناویاندا ڕووەدات‌و دێتو دەچێت، زۆربەی ئەوانەی ڕوو لە خــوای گەورە وەردەگێڕنو ڕوو دەکەنە جگەلە خوای گەورە حاڵو باریان بەو شێوەیەیە کە باسمان کرد.

خاوەنی کتێبی (مفاهیم) کەوتۆتە ناو ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، بەشێوەیەک لە لاپەڕە (٩١) دا لە باسی وەسفکردنی پێغەمبەری خوادﷺ دەڵێت: ((پێغەمبەرﷺ لــە هەردووک ماڵەکان – دونیاو دواڕۆژ – زیندووە، بەردەوام گرنگی دەدات بە ئوممەتو گەلەکەی، بە یارمەتی خوای گەورە هەڵسوکەوت دەکات لە کارو باری ئوممەتەکەیدا، ئاگاداری هەموو بارودۆخێکیانە...)).ە. خاوەنی کتێبی (مفاهیم) ئاماژە بەو مانایە دەکات کە گۆڕپەرستان لەسەرینی، کە بریتییە لە باوەڕبوون بە توانای ئەو پێغەمبەرو پیاوچاکانەی مردوون لە هەڵســوکەوت کردنو دەستخستنە ناو کاروباری خەڵکەوە دوای مردنیان.

خاوەنی کتێبی (مفاهیم) لە لاپەڕە (٩٥) دا دەڵێت: ((ئەو کەســەی دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خوا شــیفام بدە، قەرزم لەسەر لابدە، ئەگەر گریمان کەسێک بەم

شێوەیەی گوت ئەوا مەبەستی ئەوەیە بڵێت: تکام بۆ بکە تاکو شیفام بۆ بێتو چاکببمـــەوە، یان داوام بۆ بکە تاکو قەرزەکەم بـــۆ بدرێتەوە، ڕووبکە خوای گەورە بە مەبەستی پارانەوەو تکا بۆ من، ئەوان تەنها داوای شتێکیان کردووە کە خوا بـــە پیاوچاکانو پێغەمبەرانی داوە، هەروەهـــا ئەو پارانەوەو داوای شـــەفاعەتەی خوا پێی داونو ڕێگەی پێداون بیکەن ئەوان داوایان کردووە (لە خاوەنەکانیان کە مردووانن). ئەمە ئەو بیرباوەڕەیە کە ئێمە باوەڕمان پێیەتیو بیری لێدەکەینەوە ســـەبارەت بەو کەســـەی ئەم جۆرە قسەیە دەکات، ئێمە خواپەرستی لەســـەر ئەم شێوازە دەکەین، دانە پاڵ لە وتەی خەڵکدا بەشێکە لە مەجازی عەقڵی کە هیچ مەترسییەکی نییە بۆ ئەو کەسەی دەیڵێت)). إ.ە.

دەڵێم:

یەکەم: هەر کەسێک بڵێت ئەو کەسەی مردووەو لە ژیانی بەرزەخیدایە توانای شـــەفاعەتو پارانەوەی هەیە پێغەمبەر بێت یان هەر کەســـێکی تر مردووەکە ئەوا بێگومان قسەیەکی ناپەسندو ناڕەوای کردووە.

لە شـــوێنێکی تر بە درێژی باســـی حوکمی دانانی واسیتەو هۆکارم کردووە، هەروەها بە درێژی باسی شەفاعەتو چۆنییەتی داواکردنیم کردووە، پێویستە لەوێ سەیربکرێت (خوێنەر بگەڕێتەوە سەری).

دووەم: ئـــەم جۆرە قســـەیە گومانی ئـــەوەی لێ دەکرێت کە مـــرۆڤ توانای خوێندنەوەو ئاگاداربوونی هەیە بەو شـــتانەی لە ناو دڵی ئەو کەســـانەدایە کەگۆڕ پەرســـتن، وەک ئەوە وایە خاوەنی کتێبی (مفاهیم) کەفیلی هەموو ئەو کەسانە بێت داوا لە گۆڕەکان دەکەن، هەر وەها لەسەر خۆی داناوە بەرگریان لێ بکات، کەمترین شت کەپێویست بوو لە سەری ئەوەبوو کە بە وێژدانەوەو بە بێ خۆ بەگەورە زانین ئەم جۆرە قسانەی دابایە پاڵ بیرو باوەڕەکەی خۆی

بە تەنها، ئەگینا دڵی خەڵک ناتواندرێت بزاندرێت ئاخۆ چی لە ناوداید و چی تێدا دەگوزەرێت.

سێیەم: لە بەروبووومی ئەم جۆرە قسانە ئەوە دێتە دی کە بڵێین دەبێت قسەی فەقیهەکان ڕەتبکرێتەوە لە بابەتی حوکمی ئەو کەسەی هەڵگەڕاوەتەوە لە ئایینی ئیسلام، چونکە هەر قسەیەکی کوفری یان شیرکی کە لەدەمی ئەم کەسە دەرچووە دەکرێت لە سەری لابدرێتو بە هۆی مەجازی عەقڵی لە گەردنی نەمێنێت.

ئەو دووڕووانەی سەردەمی پێغەمبەرﷺ کاتێک لە جەنگی تەبوکدا وتیان: ((هەرگیز نەمان بینیوە وەکو وێنەی قورئان خوێنەکانمان (کەسانێک) بە ئەندازەی ئەوان حەزبکەن زگیان تێربکەنو بە زمان درۆ بکەنو ترسنۆکیش بن لە کاتی گەیشتن بە دوژمن)) سەبارەت بە ئەوان ئەم فەرموودەیەی خوای گەورە دابەزی: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ۚ قُلْ أَبِاللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ ﴿٦٥﴾ لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ ۚ ﴿٦٦﴾ ﴾ التوبة: ٦٥ – ٦٦، واتە: ئەی پێغەمبەر کاتێک تۆ پرسیاریان لێبکەین سەبارەت بەو قسە خراپانەی کردیان ئەوا دەڵێن ئێمە گاڵتەمان کردو هیچ مەبەستێکمان نەبوو، ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ: ئایا ئێوە گاڵتە بە خواو ئایەتەکانیو پێغەمبەرەکەی دەکەن، هەرگیز پاساو مەهێننەوە ئێوە کافرو بێباوەڕ بوون دوای ئەوەی باوەڕتان هێناوە.

ئەم فەرموودەیە ابن أبی حاتم بە سەنەدێکی حەسەن گێڕاویەتییەوە، هەروەها ابن جریرو بێجگە لە ئەویش گێڕاویەتییەوە.

خوای گەورە پاساوی بۆ ئەم گاڵتەپێکردنەی ئەوان نەهێنایەوەو لێیشی قبوڵ نەکردن، ئەگەر ئەو دووڕووانەی ئەم جۆرە قسەیان کرد لەم سەردەمی ئێمەدا

بوونایە ئەوا ئەو کەســـانەی لافی مەجازی عەقڵی لێدەدەن قسەکەی ئەوانیان دەپۆشیو بە کافریان دانەدەنان.

بە هەمان شـــێوە ئەو زندیقەی دەڵێت: شـــەیتان پەروەردگارمە، یان حەللاج پەرستراومە، یان فلانە دۆستەی خوا ئاگاداری نهێنییەکانمە، ئایا دەکرێت بەو کەسەی ئەم جۆرە قسەیە دەکات بوترێت: ئەگەر هاتو ئەو کەسەی ئەم جۆرە قســـەیە دەکات ئەوا دەبێت قسەکەی بۆ بپۆشرێتو بەم شێوەیە لێکبدرێتەوە: شەیتان سەرپێچی پەروەردگارمی کرد، حەللاج لە لایەن پەرستراوەکەم گومڕا کرا، یان پەروەردگاری فلانە وەلییە ئاگاداری نهێنییەکانی منە؟

ئەمـــە هیچ وتەی فەقیهێک نایگرێتەوە، هیـــچ دەرکەرێک ناتوانێت لە قالبی کوفر دەری بکات، هیچ پاساو هێنەرەوەیەک ناتوانێت پاساوی بۆ بهێنێتەوە، ئەگەر ئەمە دروستبوایە ئەوا بەیانیانو ئێواران گوێت لە وتەی شیرکیو کوفری دەبوو لە تاوانبارانو دووڕووەکان، هەروەها تانەیان لە دین دەداو کاتێکیش کارەکان بگەیشتنایەتە لای دادوەر هەموو ئەوانەی ئەو وتە ناڕێکانەیان وتووە پەنایان دەبردە بەر مەجازی عەقڵی و (قسەکانیان بە) شیرک و هاوبەش دانان لە قەڵەم نەدەدرا.

ئایا هیچ دادوەرێک ئەمە دەڵێت، یان هیچ موفتییەک ئەمە بە دروست دادەنێت، ئەی هیچ فێرخوازێک ئەم جۆرە قسەیە دەکات، یاخود هیچ کەسێک کە خۆی بداتە پاڵ زانایان ئەم جۆرە قسەیە بە دەمیدا دێت.

هەر کەســـێک ئەمەی پێ وەرگیراو ڕازی بوو پێی ئـــەوا موژدەی بەهێزبوونی ئاینی زندیقەکانو ڕۆیشـــتنی ئاینی یەکخواپەرستەکانو ئاینی پەروەردگاری جیهانیانی لێبێت، پاشـــان موژدەی هەموو خراپەیـــەک بدە، ئایا دوای ئەمە دروستە بۆ کەسێک بەڵگە بەو مەجازە عەقڵیە داهێندراوە بهێنێتەوە؟

ئەمە مەزهەبی مالیکییەکانە لە بابەتی هەڵگەڕانەوە لە ئاین مەجازی عەقڵی وەرناگرێت، لەوانە وتەکەی (الدردیر)ە کە لە کتێبەکەی (الشرح الصغیر ١٤٤/٦) دا دەڵێت: ((هەڵگەڕانەوە لە ئاین بریتییە لە کافربوونو بێباوەڕبوونی مسوڵمانێک لە کاتێکدا بە ئارەزووی خۆی (پێشتر) شایەتومانی هێناوەو باوەڕی پێ بووە، ئەمەش بەم شێوەیە دەبێت: بە ڕاشکاوی قسەبکات و بڵێت: شەریک بۆ خوا دادەنێم.

یاخود قسەیەک بکات بۆنی کوفری لێبێتو حوکمی کوفری هەبێت، وەکو ئەوەی بڵێت: خوای گەورە لاشەی هەیە وەکو سەرجەم لاشەکانی تڕە. یان ئەو کەسە کردەوەیەک بکات کوفر بێتو کوفری لێبکەوێتەوە بە شێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا)).

پاشان لە بابەتی ئەو کەسەی جنێو بە پێغەمبەرێکدا دەڵێت (١٥٤/٦):

((پاساو بۆ ئەو کەسە ناهێندرێتەوە کە بە نەزانی جنێو بدات، چونکە هیچ کەسێک پاساوی بۆ ناهێندرێتەوە کاتێک بە نەزانی کوفر بکات، یاخود بە هۆی حەرامێک خۆی سەرخۆش بکات، یاخود قسە زۆر بکاتو نەتوانێت خۆی کۆنترۆڵ بکات.

هەروەها زمان هەڵانگوتنی لێوەرناگیرێت، پاساوی بۆ ناهێندرێتەوە کاتێک لە کاتی تورەبوونی زۆردا جنێوەکەیدا بەڵکو دەکوژرێت هتد، یان کاتێک وتی مەبەستم ئاواو ئاوا بوو ئەوا لێی وەرناگیرێتو دەکوژرێت)) إ.ە.

سەیرکە چۆن گوێ بە قسەکەی نادرێت کاتێک وتی مەبەستم ئاواو ئاوا بوو، ئەمە خودی مەجازی عەقڵییە کە گومان بەران بانگەشەی بۆلا دەکەن.

لە شەرحی شێخ علیش لەسەر مختصر خلیل (٤٧٧/٤) دا دەڵێت: ((یاخود جنێویدا لەبەر زۆر قسەکردنو خۆنەگرتنەوە لە زۆر وتنو کەم چاودێریکردنی

خـــۆیو نەیتوانی خۆی کۆنترۆڵ بکات؛ ئەوا پاســـاوی بە هۆی نەزانیو زمان لەنگیـــن بـــۆ ناهێندرێتـــەوە)). إ.ه، لای حەنەفییەکان باســـی کافرکردن بە هۆی تەنها قســـە زۆر دوورو درێژە، ئەوان بۆچوونیان جیاوازە ســـەبارەت بـــەو وتاربێژانەی لە وتارەکانیاندا ئەم لەقەبانە بۆ دەســـەڵاتداران دادەنێن: دادپەروەری گەورە، خاوەنی گەردنی هەموو میللەتان، دەســـەڵاتداری زەوی خوا، پادشـــای زەوییەکانی خوا، ابن نجیم لـــە کتێبی (البحر الرائق ١٢٤/٥) دا باســـیکردووەو دەڵێت: بۆچوونی زانایان جیاوازە لەسەر کافرکردنی، ئەو کەســـەی یەکخواپەرستە مەبەستەکەی دیارە، هەروەها ئەو بەم پیاهەڵدانەی مەبەســـتی ئەوە نییە ئەم شتانە بە ڕاستی بداتە پاڵ دەسەڵاتدار، بەڵکو ئەو تەنها مەبەســـتی پێی دانەپاڵـــی مەجازییە، ئەمەش نابێتـــە ڕێگر لەبەردەم هەندێک لە زانایان کە حوکمی بێباوەڕی بەسەردا بدەن.

لێرەدا ئێمە تەنها مەبەســـتمان نمونـــە هێنانەوەیە نەک گەڕان بەدوای وتەی زانایاندا، بە هۆی ئەو زانیارییانەی پێشـــتر ئاماژەمان پێکردنو باسمانکردن دەردەکەوێت کە پاساو هێنانەوە بۆ وتە شیرکیو کوفرییەکان بە هۆی مەجازی عەقڵییەوە شتێکی ناپەسندو بەتاڵو بێمانایە.

فصـــل

خاوەنـــی کتێبی (مفاهیم) لـــە ل١٦ دا دەڵێت: ((بێگومـــان مەجازی عەقڵی لە قورئانو سوننەتدا باسکراوە)) إ.ە.

دەڵێم: قەزوینی لە کتێبی (الإيضاح في علوم البلاغة ص٢٨) دا دەڵێت:

((بزانە کە هەموو شـــتێک گونجاو و شایستە نییە بۆ ئەوەی مەجازی عەقڵی تێدا بەکاربهێندرێت بە ئاسانی، بەڵکو لە زۆر شتدا دەبینیت پێویستیت بەوە هەیە شتەکە ئامادە بکەیتو بیگونجێنی لەگەڵیدا)).

پاشان دەڵێت: ((سەککاکی ڕەتیکردۆتەوە مەجازی عەقڵی لە ناو قسەدا بوونی هەبێت)). إ.ە، ئەم قسەیەی شێخی بەلاغە قەزوینی هەموو پاساوهێنانەوەکانی گۆڕپەرســـتان بە مەجازی عەقڵی بەتڵ دەکاتەوەو هەڵدەوەشێنێتەوە، چونکە بەکارهێنانی زۆر ئاسان نییە، بەتایبەتی لە بابەتە شەرعییەکانی وەکو ئیمانو کوفر، بەڵام لە وتەی ئەدیبێک یان شاعیرێک بە گرانییەوە بەکار دەهێندرێت، سەککاکی ئەوکەسەیە کە هەموو دەزانن کێیە؛ لەگەڵ ئەوەشدا بوونی مەجازی عەقڵی لە قســـەدا ڕەت دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشـــدا کە ئـــەو ناوێکی تری لێ دەنێت، دەرکردنی ناو هەندێک لـــە جێبەجێکاریەکانی دووردەخاتەوە، هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەو کەسانەی هانا دەبەن بۆ ئەو بەندە چاکانەی خوای گەورە کە گڵ دایپۆشـــیون هەرگیز مەجازی عەقڵی بە مێشـــکیاندا نەهاتووە، بەڵکو هەر نەشـــیان زانیوەو نەیان بیســـتووە. بەکارهێنانی مەجازی عەقڵی لای ئەو کەســـانەی پێیان دروســـتە هەبێت دەبێت لەگەڵ مەبەستی قسەکەردا یەک بێت، بەڵام ئەو کەســـەی مەجازی عەقڵی بە مێشکیدا نەهاتووە قسەکەی

ناخرێتە سەر مەجازی عەقڵی.

لە ڕاستیدا زانایان بۆچوونیان جیاوازە سەبارەت بە بوونی مەجاز لە زماندا، هەروەها لە بوونی مەجاز لە قورئاندا بۆچوونیان جیاوازە، دەستەیەک لە لێکۆڵەڕەوە زاناکان ڕەتیان کردۆتەوە مەجاز لە زماندا بوونی هەبێت: لەوانە أبو إسحاق الإسفراینی، أبو علی الفارسی؛ وتویانە: مەجاز لە زماندا بوونی نییە لە بنەڕەتدا، ئەمە ابن السبکی لە کتێبی (جمع الجوامع) دا باسیکردووە کە کتێبێکە لە کتێبەکانی الأصول.

ئەم قسەیە لە لایەن هەردووک زانا شەیخولئیسلام ابن تیمیەو زانای پایەدار شمس الدین ابن القیم بە بۆچونێکی پەسند داندراوەو هەردوکیان سەرخەری ئەم بۆچوونەن هەروەک لە کتێبی (الصواعق) دا باسکراوە، جگە لە ئەوانیش زانای تریش ئەم بۆچوونەی هەیە.

شێخو زانای پایەدار محمد الأمین الشنقیطی لە کتێبی (منع جواز المجاز فی المنزل للتعبد والإعجاز ل٧) دا دەڵێت: ((ئینجا ئەوانەی دەڵێن مەجاز لە زمانی عەرەبیدا هەیە بۆچوونیان جیاوازە سەبارەت بە بوونی مەجاز لە قورئانی پیرۆزدا، هەندێک دەڵێن: دروستنییە بوترێت لە ناو قورئاندا مەجاز هەیە، ئەوانەی ئەم بۆچونەیان هەیە ئەمانەن: ابن خویز منداد لە مالیکییەکان، ابن القاص لە شافیعییەکان، هەروەها زاهیریەکان.

شێخ أبوالعباس بن تیمیە زۆر ڕوونکردنەوەی داوە لەسەر قەدەغەکردنی مەجاز لە قورئانی پیرۆزدا، هەروەها قوتابییەکەشی زانای پایەدار ابن القیم ڕەحمەتی خوای لێبێت (ڕوونکردنەوەی داوە لەسەر ئەم بابەتە) بەڵکو هەردوکیان بە ڕوونی باسیانکردووە کە مەجاز لە زمانەواندا بوونی نییە لە بنەڕەتدا.

ئەوەی ئیمە خواپەرستی پێ دەکەینو پێویستە هەموو خاوەن ویژدانێک وەریبگرێت ئەوەیە کە لە سۆنگەی هەردووک بۆچوونەکەوە دروستنییە بوترێت مەجاز لە قورئاندا هەیە)). إ.ە.

لەوێنەی ئەم کتابە کورتەدا جوان نییەو گونجاو نییە بابەتی کورت دریژەی پێ بدرێت، بەڵام ئەوەی پێویستە لێرەدا بزاندرێت ئەوەیە کە ئەو کەسەی مەجاز ڕەتدەکاتەوە کە ئەوانیش بەشێکن لە پێشەواکانی أصولو عەرەبیو عقائد؛ مەبەستیان ئەوەیە کە مەجاز بەو شێوە گشتگیرییە نییە کە ئەوانەی پێیان دروستە بە ئارەزووی خۆیان بۆ هەر شتێک مەبەستیان بێت بەکاری دەهێنن.

وەستان لەو شوێنەی کە عەرەب لە کاتی قسەکردنیاندا بەکاریان هێناوە بۆچوونی تەواوە، ئەوەی عەرەب بەکاری هێناوە دروستە بەکاربهێندرێت لەو شوێنەی کە لەڕستەکە هەمووی مانای هەیە نەک بەتاک تاکی ڕستەکە لێکبدرێتەوە، مەبەستم ئەوەیە کە لێکدراوی قسە مانایەک دەبەخشێت کە بەش بەشو تاک تاکەکانی ئەو قسەیە ئەو مانایە نادەن بە دەستەوە.

ئەگەر عەرەب ئەو مانا لێکدراوەی بەکارهێنابوو ئەوا دروستە بەکاربهێندرێت، ئەمەش مانای ڕاستو دروستی لێکدراوە، بەڵام مانای ئەم مانایە ڕاست نابێت لەگەڵ بەش بەشەکانی قسەکە (کاتێک قسەکە بەش بکەیت ناتوانیت ئەو بەشانە مانای هەموو ڕستەکەی لێ دەربهێنیت، ناشتوانیت مانای هەموو ڕستەکە بۆ بەشەکانی دابنێیت).

هەر کەسێک بیهەوێت جیاوازی نەکات لەنێوان ئەوەی عەرەب بە لێکدراوی بەکاری هێناوەو ئەوەش کە لە شوێن داندرانی یەکەمجار بەکاریان هێناوە ئەوا چەند دەقێکی زۆر هێرشی بۆ دەهێنێو لەسەری کۆ دەبنەوە.

ئەوەی ئەو کەســـانەی پێیان دروستەو ناوی دەنێن مەجاز لای ئەو کەسانەی مەجاز ڕەتدەکەنەوە شێوازێکە لە شێوازەکانی زمانی عەرەبی، زمانی عەرەبی هەمووی ڕاستیو حەقیقەتە، حەقیقەتیش گوفتارییە واتە: وشەکە خۆی تەنها ماناکـــەی خۆی دەدات، یـــان لێکدراو دەبێت، واتە:: وشـــەکان مانای خۆیان دەبەخشن لەکاتی لێکدرانیاندا.

جیاوازی نێوان ئەمەو بە دروســـت زانینی مەجاز ئەوەیە: مەجاز گشتی تڕە، قســـەی لێکۆڵەڕەوان پوختتڕە، ئەوانەی بانگەشـــەی بوونـــی مەجاز دەکەن کۆمەڵێک دەســـتەواژەو شـــێواز بە دروســـت دەزانن کە عەرەب لە قسەکانیدا بەکاری نەهێناوە، بەوەی کە چەند شتێکی لابراو لە قسەدا تەقدیر بکرێت یان نسبەتێک تەقدیر بکرێت کە کۆنتڕۆڵ ناکرێت.

بێگومان عەقـــڵ بریتی نییە لـــە بنچینەی زمان، بەڵکو بنچینەی دروســـتی بەکارهێنان بریتییە لە بیستن، ئەوەی کە لەلایەن عەرەبەوە لە شوێنی خۆیدا بەکارهاتبوو ئەوا وەردەگیرێتو پێی دەوترێت: حەقیقەت.

ئەوەی ئەوانیش بەکاریان نەهێنابوو ئەوا لە ئاماژەو واتای وشەکاندا بەکار ناهێندرێت، هەروەها لە بنەماو دروستبوونەکانیشیدا بەکارنایەت.

ئـــەم بابەتە زاندراوەو بەربڵاوە، لـــەوە زیاتر هەڵناگرێت لەناو وێنەی ئەم جۆرە وڵامدانەوە کورتانە.

بەشی سێیەم

شەفاعەت

مانای شەفاعەت لە زمانی عەرەبیدا:

دەڵێی: شفع لی یشفع شفاعه، وتشفع: طلب. داوای کرد

ابن سیده لە کتێبی (المحکم) دا دەڵێت، هەروەها لە کتێبی (اللسان) باسیکردووە کە ئەبو مەنصور وتویەتی: ((ئەبـــو عەمر لە مبردو ثعلب گێڕاویانەتەوە کە وتویانە: ئـــەم فەرموودەیەی خوای گەورە کـــە دەفەرموویت: ﴿مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ﴾ البقرة: ٢٥٥. واتە: کێیە ئەو کەســـەی شەفاعەتو تکا دەکات لە ڕۆژی دوایی مەگەر بەفەرمانی خوا نەبێت (بە بێ ڕێگەپێدانی خوای گەورە کەس ناتوانێت شەفاعەتو تکا بکات). وتیان: وشەی شەفاعەت مانای پاڕانەوەیە لێرەدا. شـــەفاعەت: بریتییە قسەی تکاکار بۆ پادشا سەبارەت بە پێویستییەک کەبۆ جگە لە خۆی داوای دەکات))[٢٩] .

شفع إلیه: بەمانای داوای لێ کرد.

الشافع: ئەو کەسەیە بۆ جگە لە خۆی داوای شتێک دەکات.

مانای شەفاعەت واتە: پاڕانەوەو داوا کردن.

لەســـەر ئەم شـــێوازە لە هەموو شـــوێنەکان ئەم وشـــەیە مانا دەکرێت لە قورئانو سوننەتدا، ئەوەی لە ســـوننەتدا هاتووە ئەوەیە کە ئەبو هورەیرە گێڕاویەتییەوەو وتویەتی: گوێم لـــە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو لە کاتی نوێژی جەنـــازەدا دەیفەرموو: ((اللهم أنت ربها، وأنت خلقتها، وأنت هديتها للإسلام، وأنت

٢٩) تهذيب اللغة للأزهري: ٤٣٦/١ – ٤٣٧ .

قبضت روحها، وأنت أعلم بسرها وعلانيتها، جئنا شفعاء فاغفر له)) رواه أحمد

واتە: خوایە تۆ پەروەردگاری ئەم تەرمەی، تۆ دروستت کردووە، تۆ رێنماییت کردووە بۆ ئیسلام، تۆ گیانت لێ وەرگرتۆتەوە، تۆ شارەزاتری بە نهێنیو ئاشکرای ئەم مردووە، ئێمە هاتووین وەکو داواکار بۆی، خوایە لێی خۆشبە. وعن أنس وعائشه عن النبی قال: ((ما من میت یصلی علیه أمه من المسلمین یبلغون مئه کلهم یشفعون له إلا شفعوا فیه)) رواه مسلم.

ئەنەسو عائیشە گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: هەر مردوویەک کۆمەڵێک مسوڵمان نوێژی لەسەر بکەنو ژمارەیان بگاتە سەد کەس؛ گشتیان بۆی بپارێنەوەو نزای بۆ بکەن ئەوا خوای گەورە دەیانکاتە تکاکار بۆ ئەم مردووە (واتە: پارانەوەکەیان گیرا دەکات).

ئەمە مانای شەفاعەتە لە زمانی عەرەبیو بەکارهێنانی شەرعدا.

ئایەتەکانی شەفاعەت: چەند ئایەتێکی زۆر لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە سەبارەت بە شەفاعەت، هەندێک لەو ئایەتانە بە گشتی شەفاعەت نەفی دەکەنو ڕەتدەکەنەوە لە هەر کەسێک جگە لە خوای گەورە، بەشێکی تر لەو ئایەتانە شەفاعەت بە دروست دادەنێن لە لای خوای گەورەو سود وەرگرتن بەو شەفاعەتە دەبەستنەوە بە ڕێگەپێدانی خوای میهرەبان بەو جۆرە شەفاعەتە، لە هەندێک ئایەتدا سود بینین بەم شەفاعەتە دەبەسترێتەوە بە ڕازی بوونی خوای گەورە لەو کەسەی شەفاعەتەکەی بۆ دەکرێت.

لەو ئایەتانەی هاتوون سەبارەت بە تایبەتکردنی شەفاعەت بە تەنیا بۆ خوای گەورەو کەسیتر خاوەنی نییە جگە لە ئەو ئەم فەرموودەیەی خوایە کە دەفەرموێت: ﴿ أَمِ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَ ۚ قُلْ أَوَلَوْ كَانُوا۟ لَا يَمْلِكُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَعْقِلُونَ ﴿٤٣﴾ قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعًا ۖ لَّهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ ثُمَّ

إِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾. الزمر: ٤٣ – ٤٤، واتە: ئایا ئەم موشریکو هاوبەش بڕیاردەرانە جگە لە خوای گەورە پەرستراوەکانیان کردووە بە تکاکاری خۆیان، ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ ئایا ئێوە داوای تکا لەم پەرستراوانەی خۆتان دەکەن لەکاتێکدا ئەوان هیچیان بەدەست نەبێتو هیچ تێنەگەن، ئەی پێغەمبەر بەم موشریکانە بڵێ کە شەفاعەتو تکا هەمووی موڵکی خوایە، خاوەندارییەتی ئاسمانەکانو زەوی هەمووی هی خوای گەورەیەو پاشان بۆلای ئەو دەگەڕێنەوە.

ئەمە ڕەتکردنەوەیەکی ئاشکراو دیارە بە دەقێکی ڕاشکاو و صریح کە هیچ کەسێک شەفاعەتی بەدەست نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە فەرمووی: ﴿ قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعًاۖ لَّهُۥ ﴾. الزمر: ٤٤، یەکێکی تر لەم ئایەتانە ئەم فەرموودەیەی خوای گەورەیە کە ڕەتی دەکاتەوە جگە لە خوای گەورە هیچ شەفیعێک هەبێت ﴿ لَيۡسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِيٌّ وَلَا شَفِيعٌ ...﴿٥١﴾ ﴾ الأنعام: ٥١، واتە: جگە لە خوای گەورە هیچ کەسێک دۆستی ئەو کەسانە نییە کە دەترسن کۆبکرێنەوە بۆ لای خوای گەورە تا سەریان بخاتو هیچ تکاکارێکیان نییە جگە لە خوای گەورە تکایان بۆ بکات، ئەم ئایەتە سەبارەت بە بڕوادارانە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَأَنذِرۡ بِهِ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحۡشَرُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ لَيۡسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِيٌّ وَلَا شَفِيعٌ لَّعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ﴿٥١﴾ ﴾ الأنعام: ٥١، واتە: ئەی پێغەمبەر تۆ بەم قورئانە ئەو کەسانە بترسێنە کە دەزانن دەگەڕێنەوە لای خوای گەورەو بۆ لای پەروەردگاریان لە ڕۆژی دوایی کۆدەکرێنەوە، ئەوان جگە لە خوای گەورە هیچ دۆستێکیان نییە سەریان بخاتو هیچ تکاکارێکیان نییە تکایان بۆ بکات، (تۆ ئەوان بترسێنە) تاکو لە خوا بترسن.

لەم ئایەتەدا خوای گەورە ڕەتیکردۆتەوە کە باوەڕداران جگە لە خوا هیچ

تکاکارێکی تریان هەبێت، لەو ئایەتانەی لەم بابەتە دەدوێن ئەم فەرموودەیەی خوای گەورەیە کە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِمَّا رَزَقْنَٰكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ يَوْمٌ لَّا بَيْعٌ فِيهِ وَلَا خُلَّةٌ وَلَا شَفَٰعَةٌ ۗ وَٱلْكَٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٥٤﴾ ﴾ البقرة: ٢٥٤، واتە: ئەی بڕواداران ئێوە لەو مالّەی ئێمە پێمان بەخشیون ببەخشن بەر لەوەی ڕۆژێکتان بەسەردا بێت نە کڕینو فرۆشتنی تێدایە بۆ ئەوەی قازانج بکەن نەدۆستایەتی و دۆست سودی هەیە نە تکای تکاکار گیرایە (بەڕاستی) ئەوانەی بێباوەڕن ستەمکارن.

خوای گەورە ڕەتیکردۆتەوە (لەم ئایەتەدا) کە لەم ڕۆژەدا شەفاعەت هەبێت.

لەو ئایەتانە ئەم فەرموودەیەی خوای گەورەیە کە دەفەرموێت: ﴿ وَلَا يَمْلِكُ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِ ٱلشَّفَٰعَةَ إِلَّا مَن شَهِدَ بِٱلْحَقِّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٨٦﴾ ﴾ الزخرف: ٨٦، واتە: ئەو پەرستراوانەی موشریکەکان دەیانپەرستن جگە لە خوای گەورە توانای شەفاعەتو تکایان نییە بۆ ئەو کەسانەی دەیانپەرستن، بەڵام ئەوانەی شایەتی حەقیان داوەو یەکخواپەرستن لەسەر زانستو بەرچاو ڕۆشنی ئەوا شەفاعەتو تکای فریشتەکانو پێغەمبەران دەیانگاتێ[٣٠].

لە چەند ئایەتێکی تردا خوای گەورە باسی ئەوەی کردووە کەشەفاعەتو تکا لەم ڕۆژەدا (ڕۆژی دوایی) هەیە، سودی دەبێت بە مەرجی ڕێگەپێدانی خوای گەورە کە تکاکار تکا بکات. لەوانە ئەم ئایەتەی خوای گەورەیە: ﴿ مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ﴾ البقرة: ٢٥٥. واتە: کێیە ئەو کەسەی شەفاعەتو تکا دەکات لە ڕۆژی دوایی مەگەر بەفەرمانی خوا نەبێت (بە بێ ڕێگەپێدانی خوای گەورە کەس ناتوانێت شەفاعەتو تکا بکات).

لە سورەتی یونس دا خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ ۖ مَا مِن شَفِيعٍ إِلَّا

---

٣٠) أيسر التفاسير: ٣٧/٤ .

مِنۢ بَعۡدِ إِذۡنِهِۦۚ ﴾یونس: ٣. واتــە: خوای پەروەردگار کاروباری ئەم بوونەوەرە بەڕێوە دەبات، هیــچ تکاکارێک بە بێ ڕێگەپێدانی خوای گەورە ناتوانێت لە ڕۆژی دوایی تکا بکات بۆ هیچ کەســێک، هەروەها خوای گەورە لە سورەتی (النجــم) دا فەرموویەتــی: ﴿ وَكَم مِّن مَّلَكٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ لَا تُغۡنِي شَفَٰعَتُهُمۡ شَيۡـًٔا إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ أَن يَأۡذَنَ ٱللَّهُ لِمَن يَشَآءُ وَيَرۡضَىٰٓ ﴿٢٦﴾ ﴾النجــم: ٢٦، واتــە: زۆرێک لەو فریشتانەی لە ئاسمانەکانن (سەرەڕای بەرزی پلەو مەقامیان) تکاو ڕەجایان بۆ کەســانی تر لە خوا هیچ ســودێکی نابێت تاکو ئەو کاتەی خوای گەورە ڕێگە دەدات بەو تکاکارەی خۆی دەیەوێت تکا بکاتو هەروەها ڕازی بێت لەو کەسەش کە تکاکەی بۆ دەکرێت.

لە چەند ئایەتێکی تردا خوای گەورە باســی سود بینین لە شەفاعەتو تکای بەســتۆتەوە بە ڕەزامەندی خۆی، هەروەها ئەو کەســەی تکاکارەو ئەوەشی تــکا بۆکراوە دەبێت بەڵێنیان لەگەڵ خوای گەورە هەبێت، خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ وَلَا يَشۡفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرۡتَضَىٰ وَهُم مِّنۡ خَشۡيَتِهِۦ مُشۡفِقُونَ ﴿٢٨﴾ وَمَن يَقُلۡ مِنۡهُمۡ إِنِّيٓ إِلَٰهٞ مِّن دُونِهِۦ فَذَٰلِكَ نَجۡزِيهِ جَهَنَّمَۚ كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾الأنبياء: ٢٨ – ٢٩، واتە: فریشتەکان شەفاعەتو تکا ناکەن بۆ هیچ کەسێک مەگەر خوا لێی ڕازی بێتو ڕێگە بدات شــەفاعەتی بۆ بکەن، ئەوان لە ترسی خوا زۆر ئــاگاداری خۆیانن تاکو بێ فەرمانی خــوا نەکەن، هەریەکێک لەم فریشــتانە ئەگەر بڵێت من جگە لە خوا پەرستراومو شایستەی پەرستنم ئەوا ئێمە بە دۆزەخ سزای دەدەین، ئا بەم شێوەیەیە سزای ستەم کاران، هەروەها فەرموویەتــی: ﴿ لَا يَمۡلِكُونَ ٱلشَّفَٰعَةَ إِلَّا مَنِ ٱتَّخَذَ عِندَ ٱلرَّحۡمَٰنِ عَهۡدٗا ﴿٨٧﴾ ﴾ مریــم: ٨٧، واتە: ئەم بێبڕوایانە مافی شــەفاعەتو تکاکردنیان نییە بۆ هیچ کەسێک، بەڵکو تەنها ئەو کەسە دەتوانێت تکا بکات کە عەهدو بەڵێنی لەگەڵ

خوادا هەبێتو بەڵێنی بە خوادا بێت (كه بريتييه له وتنى: أشـــهد أن لا إله إلا الله، وأشهد أن محمدا رسول الله)[٣١] ، هەروەها فەرموویەتی:﴿ يَوْمَئِذٍ لَّا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ وَرَضِيَ لَهُۥ قَوْلًا ﴿١٠٩﴾ ﴾طـــه: ١٠٩، واتـــه: لەو ڕۆژەدا (كه ڕۆژی دواییه) شـــەفاعەتو تكا ســـودی بۆ هیچ كەسێک نابێت مەگەر بۆ ئەو كەســـەی خوا ڕێگەی داوە تكاكه بكاتو ڕازی بێت لەو كەسەی تكاكەی بۆ دەكرێتو لە وتەی ئەو كەسە ڕازی بێت (واته: وتبێتی لاإله إلا الله)[٣٢] .

چەند ئایەتێکی تر هەیە كەشـــاراوە نابن لەسەر ئەو كەسەی بیهەوێت دڕێژە بەم باسە بداتو بەدوای زانیاری زیاتر بكەوێت لەسەری.

كاتێـــک زاندرا كـــه خوای گـــەورە لـــه قورئانەكەیدا شـــەفاعەتو تكایەكی ڕەتكردۆتەوەو شـــەفاعەتو تكایەكی تری پێ باشو پەســـندە؛ ئەوا پێویستە لەسەر ئەو كەســـەی خوازیاری حەقو ڕاستییە سەیری ئەو جۆرە شەفاعەتە بكات كه خوای گەورە ڕەتیكردۆتەوەو هەروەها ســـەیری ئەوەشیان بكات كه لای پەســـندو باشـــه، هەروەها مانای ئەوەوئەوی تریان بزانێت، هەتاوەكو لەو شتەدا تووشی گومڕایی نەبێت كه چەندین تاقم لە ئوممەتی پێغەمبەرﷺ تووشـــی سەرلێشێواوی بوون، هۆكاری سەرلێشـــێوانیان ئەوەبووە كه هەر یەكه لەمانه چەند ئایەتێكی كردۆتە مەبەســـتو كردوویەتی بە بنەمای حوكم دانو بە دوای هەمووی ئایەتەكانی شـــەفاعەت نەكەوتـــووە لە ناو قورئانی پیرۆزداو ســـەرژمێری نەكردوون، هەندێكی قورئانیان كێشـــاوە بە هەندێكی تری، قورئان هەمووی حەقو ڕاســـتییە، هەرگیز ڕاســـتی پێچەوانەی ڕاستی نابێتو یەكتر هەڵناوەشێننەوە.

ئایەتەكانی ســـەرەتا بەڵگەن لەســـەر ئەوەی كه جۆرە شـــەفاعەتێک هەیە

٣١) أيسر التفاسير: ٤٢٦/٢ .
٣٢) أيسر التفاسير: ٤٥٤/٢ .

ڕەتکراوەیەو بۆ هیچ کەسێک نییە لە دروستکراوەکانی خوای گەورە بیکات، ئەو جۆرە شەفاعەتە ئەوەیانە کە موشریکو هاوبەش بڕیاردەران گومانی بوونیان دەکرد لە سەردەمی نەفامیدا، ئەو بێباوەڕانە پێیان وابوو کە شەفاعەت لای خوای گەورە هەروەکو شەفاعەتکردنە لای جگە لە خوای گەورە، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بنەماو هۆکاری گومڕابوونی گاورەکان بوو.

هەر کەسێک گومانی وابێت کەئەو شەفاعەتەی لە ناو مرۆڤەکاندا زاندراوەو بوونی هەیە لای خوای گەورەش بە هەمان شێوەیە؛ وەکو ئەوەی مرۆڤ داوای تکاو شەفاعەت لە کەسێک بکات کە شەفاعەت لێکراو (ئەو کەسەی تکاکەی لێ دەکرێت) ئومێدی پێ هەبێت یان لێی بترسێت، وەکو شەفاعەتی کوڕ لە باوکی کە خاوەن دەسەڵاتە یان پاشایە، یان شەفاعەتکردنی برای پاشا لە پاشا بۆ کەسێک کە مەبەستییەتی یان شەفاعەتی ئەو کەسانەی هاوکاری پاشان، یان وەکو شەفاعەتی ئەوانەی کە هاوشانیو لێیان دەترسێت یان ئومێدێکی پێیانەو وڵامی داواکەیان دەداتەوە، لەبەر ئەوەی ئومێدی پێیانە یاخود لێیان دەترسێت، یان لەبەر ئەوەی ئەوان لە لای پاشا مافێکیان هەیە وا پێویست دەکات داواکەیان وەربگرێتو ئەو تکایەی کردوویانە بۆ تکا بۆ کراو ڕەتی نەکاتەوە، ئەگەر چی ئەو حەز بە تکاکەیان نەکاتو ڕقی لێ بێتو بە بێ ڕێگەپێدانی ئەو شەفاعەتەکەیان کردبێت.

ئەمە ئەو جۆرە شەفاعەتو تکایەیە کە خوای گەورە ڕەتیکردۆتەوە لە ئایەتەکانی پێشودا، ئەویش ئەوەیە کە تکاکار مافێکی هەبێت لای خوای گەورە هەروەکو چۆن تکاکاران مافیان هەیە لای سەرۆکو پاشاکانیان.

ئەم جۆرەیان شیرکەو بە هۆیەوە شەریکیان بۆ خوای گەورە داناوە ئەوانەی هاوبەشیان بۆ خوای گەورە بڕیارداوەو کۆمەڵێک واسیتەو هۆکاریان

گرتۆتەبەر بۆ ئەوەی تکاو ڕەجایان بۆ بکەن لای خوای گەورە. هەروەکو چۆن گاورەکانو ئەوانەی وەکو ئەوان دەکەن لەم ئوممەتە هەمان ئەو کارە ئەنجام دەدەن، ئەوانە بیروباوەڕیان وایە کەبۆیان هەیە داوای تکاو شەفاعەت بکەن لە پێغەمبەرانو پیاوچاکە مردووەکان، پێیان وایە کە ئەم مردوانە مافیان هەیە لەلای خوای گەورە بە هۆیەوە خوای گەورە ولامی شەفاعەتەکەیان دەداتەوەو ڕەتی ناکاتەوە.

ئەمە هەڵەیە:

چونکە پارانەوەی پێغەمبەران جاری واهەیە ڕەتدەکرێتەوە، مەرج نییە هەر پارانەوەیەکیان کرد گیرا بێت، بەڵکو لەوانەیە جاری واهەیە ولامیان نەدرێتەوە لەبەر مەبەستێک کە ئەویش هەر خوای گەورە دەیزانێت، یان لەبەر ئەوەی بڕیاری خوای گەورە پێچەوانەی داواکەی پێغەمبەرەکەیە، یان داواو تکایان بۆ کەسێک کردووە خوای گەورە لێی ڕازی نییە، یان چەند شتێکی تری وەک ئەمانە کە دەبنە کۆسپ لەبەردەم گیرابوونی داواکانیان.

ئەوەی کە لە قورئانو سوننەتدا هاتووەو باسکراوە ئەوەیە کە پێغەمبەران مافی ئەوەیان نییە هەموو داواکانیان ولامبدرێتەوە، هەرچەندە داوای ئەوان شایستەی گیرابوونەو قبوڵکردنە؛ چونکە ئەوان لە جگە لە خۆیان لە ئوممەتەکانیان پلەیان بەرزترە، ولامدانەوەی پرسیاریان یان بە پێدانی ئەو شتە دەبێت کە داوای دەکەن، یان دوا دەخرێتو بۆیان دەکرێت بە پاداشتێکی زۆر، ڕەنگە هەندێک لەو خەڵکانەی باش لە زانستەکانی قورئانو سوننەت نەگەیشتوون ئەمە بە نامۆ بزانن و بە لایانەوە پەسند بێت، بۆیە من لێرەدا هەندێک بەڵگە لەسەر ئەو بابەتە دەخەمە ڕوو بە ئومێدی ئەوەی ئەم بەڵگانە

بەس بن بۆ هەندێک کەسو هەندێکی تریشی پێ بەرچاو ڕۆشن بکرێت:

پێغەمبەری خوا ﷺ خوای گەورە پێی فەرمووە: ﴿ ٱسْتَغْفِرْ لَهُمْ أَوْ لَا تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ إِن تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً فَلَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَهُمْ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَفَرُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۗ .... ﴿٨٠﴾ ﴾التوبة: ٨٠، واتە: ئەی پێغەمبەر تۆ داوای لێخۆشبوون بکەی بۆ دووڕووەکان یان نەیکەیت؛ ئەگەر حەفتا جاریش داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکەیت ئەوا خوای گەورە هەرگیز لێیان خۆشنابێت، چونکە ئەوان بێباوەڕ بوون بە خواو پێغەمبەرەکەی.

پێغەمبەری خوا ﷺ محمد لە کاتێکدا – لە هەموو بوونەوەر لای خوای گەورە بەڕێزترو باشترە – ئەگەر بێتو داوای لێخۆشبوون بۆ ئەم دووڕووانە بکات ئەوا خوای گەورە لێیان خۆشنابێت، ئەوەش لەبەر ئەوەیە ڕێگرێک هەیە لەبەردەم ئەم ولأمدانەوەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو کەسەی داوای لێخۆشبوونی بۆ کراوە خوا لێی ڕازی نییە، مەرجی ڕەزامەندی خوای گەورە نەهاتۆتە دی لەو کەسەدا کە تکای بۆ کراوە بۆیە داواکار ولأمی داواکەی نادرێتەوە. لەم ئایەتەدا ئەوە ڕوونکراوەتەوە: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَفَرُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۗ .... ﴿٨٠﴾ ﴾التوبة: ٨٠ .

جاری وا هەیە ولأمی پێغەمبەر ﷺ نادرێتەوە لەبەر مەبەستێک کە خوای گەورە دەیزانێت، هەروەکو لەو فەرموودەیەدا هاتووە کە مسلم لە صحیحەکەیدا گێڕاویەتییەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((سألت ربي ثلاثاً فأعطاني ثنتين، ومنعني واحدة: سألت ربي أن لا يهلك أمتي بالسنة فأعطانيها، وسألته أن لا يهلك أمتي بالغرق فأعطانيها، وسألته أن لا يجعل بأسهم بينهم فمنعنيها))[٣٣] .

واتە: سێ داوام لە پەروەردگارم کرد دووانی پێبەخشیمو یەکیانی ڕەتکردەوە،

---

٣٣) صحيح مسلم: (٨/١٧١ – ١٧٢).

داوامکـــرد لە خوای گەورە کە ئوممەتەکەم بە بێ بارانیو وشکەســـاڵی لەناو نەبـــات؛ خوای گەورە ئەمەی پێـــدام، داوام لە خوای گەورە کرد ئوممەتەکەم بە نقوم بوونو ژێرئاو کەوتن لەناو نەبات، ئەمەشـــی پێ بەخشـــیم، داوام لـــە خوای گەورە کرد کە ناکۆکی نەخاتە نـــاو ئوممەتەکەم، ئەم داوایەی لێ قەدەغەکردمو گیرای نەکرد.پێشەوا حافز ابن حجر لە کتێبەکەی (فتح الباری) دا قســـەی هەندێک لەو زانایانەی هێناوە کە ڕاڤـــەی کتێبی (المصابیح) یان کردووە کە وتوویەتی: ((بزانە کە پارانەوەی هەموو پێغەمبەران گیرایە)). ابن حجر لە دوای ئەم قســـەی خاوەنی کتێبی (المصابیح) دەڵێت: ((جەختکردنی (نووســـەر) لەســـەر ئەوەی هەموو داوایەکی پێغەمبەران گیرایە بێئاگاییەکی تێدایە لەو فەرموودە دروستەی (کە پێغەمبەرﷺ) فەرموویەتی: سألت اللّه ثلاثا فأعطاني ثنتين ومنعني واحدة ... الحديث)) . وتەی ابن حجر کۆتایی هات[٣٤] .

بوخاریو موســـلیم لە ئەبو هورەیرەو ئەنەســـی کوڕی مالیکیان گێڕاوەتەوە هەروەها موســـلیم لە جابری گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەری خواﷺ فەموویەتی: ((لكل نبي دعوة مستجابة يدعو بها، وأريد أن أختبىء دعوتي شفاعة لأمتي في الآخرة))، واتە: هەموو پێغەمبەرێک پارانەوەیەکی بۆ هەیە کە وڵام دەدرێتەوە، مـــن دەمهەوێت پارانەوەکەی خـــۆم هەڵبگرمو بیکەم بە تـــکا بۆ ئوممەتەکەم لـــە ڕۆژی دواییدا، دەقـــی ئەم فەرموودەیـــە ئەعرەج لە ئەبـــو هورەیرەوە نووسیویەتییەوە.

ابـــن حجر لە (فتح الباری) دا فەرموویەتی: ((مانای دیاری فەرموودەکە ڕەنگە

---

٣٤) ڕەنگە ڕاڤەکەری کتێبی (المصابیح) پشتی بەو فەرموودەیە بەستبێت کە لە عائشەوە گێڕدراوەتەوە: ((وكل نبي مجاب)) واتە: هەموو پێغەمبەرێک وڵامدەدرێتەوە، بەڵام ئەم فەرموودەیە لاوازە، بۆیە ابن حجر نەیکردە بەڵگە، بۆیە ئاگادارببە.
البخاری: ٩٦/١١، مسلم: ١٢/١٣٠/١ .

کێشـــەی ئەوەی لێ بکەوێتەوە کە زۆربـــەی پێغەمبەران کۆمەڵێک پاڕانەوەی گیرایان هەبووە، بەتایبەتی پێغەمبەری خۆمانﷺ، مانای دیاری فەموودەکە ئەوەی لێوەردەگیرێت کە هەمـــوو پێغەمبەرێک تەنها یەک پاڕانەوەی هەیەو وڵامدەدرێتەوە، وڵامی ئەم گومانە بەم شێوەیە دەبێت: مەبەست بە وڵامدانەوەو گیرابوونی پاڕانەوەکـــە بریتییە لە دڵنیابوون لە گیرابوونی، بەڵام جگە لەم پاڕانەوەیەی پێغەمبەران دەچێتە ناو ئومێدی وڵامدانەوە)) إ.ه.

لەسەر ئەم مانایە ڕۆیشتوون هەموو زانایانو ڕاڤەکارانی فەرموودە، کرمانی لە میانەی ڕاڤەکردنی فەرموودەکە لە (شرح البخاری ١٢/٢٢) دا دەفەرموێت: ((مانای فەرموودەکە بریتییە لەوەی کـــە هەموو پێغەمبەرێک بە بێ گومانو دڵنیایی پاڕانەوەیەکی هەیە کە گیرا دەبێتو دڵنیاشـــە کە وڵامی دەدرێتەوە، بەڵام سەرجەم پارانەوەکانی تری دەچێتە ناو ئومێدی وڵامدانەوەی، هەندێکی وڵامدەدرێتەوەو هەندێکی تری وڵام نادرێتەوەو گیرا نابێت))[٣٥]. انتهى.

بە هەمان شێوە جگە لە پێغەمبەری خوا ﷺ پێغەمبەرانی تریش پاڕانەوەیەکیان بۆ هەبووە کە شایســـتەی گیرابوون بـــووە لای خوای گەورە، مەرجیش نییە هەرچی ئـــەوان داوایان کردبێـــت وڵامدرابێتەوە، ئەمـــە پێغەمبەر نوحﷺ دەفەرموێـــت: ﴿ وَنَادَىٰ نُوحٌ رَّبَّهُۥ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ٱبْنِى مِنْ أَهْلِى وَإِنَّ وَعْدَكَ ٱلْحَقُّ وَأَنتَ أَحْكَمُ ٱلْحَٰكِمِينَ ﴿٤٥﴾ قَالَ يَٰنُوحُ إِنَّهُۥ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ ۖ إِنَّهُۥ عَمَلٌ غَيْرُ صَٰلِحٍ ۖ فَلَا تَسْـَٔلْنِ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ ۖ إِنِّىٓ أَعِظُكَ أَن تَكُونَ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿٤٦﴾ ﴾هـــود: ٤٥ – ٤٦، واتە: نـــوح هانای برد بۆلای خواو بانگیکردو وتی: ئـــەی پەروەردگارم ئەم کوڕەی مـــن یەکێکە لە خێزانەکەم (تۆ بەڵێنت پێـــدام خێزانەکەم ڕزگاربکەی)و تۆش وەعدو بەڵێنت لەجێی خۆیەتی و ڕاســـتەو هەرگیز بەڵێن ناشـــکێنیت، ئەی

٣٥) ٣٢/١ط. الأستاذ محمود شاكر.

پەروەردگارم تۆ دادپەروەرترینی دادپەروەرانیت، خوای گەورە فەرمووی: ئەی نـــوح ئەم کوڕەی تۆ تاکێکی خێزانەکەت نییـــە، ئەو کردەوەی خرپی کردووە (کافربووە) بۆیە هەرگیز داوای شـــتێکم لێ مەکە کە زانستت دەربارەی نییە، مـــن ئامۆژگاریت دەکەمو ئاگادارت دەکەمەوە لـــەوەی لە نەزانان بیت، نوح ﷺ شـــەفاعەتی بـــۆ کوڕەکەی کرد لای خوای گەورە بـــەڵام خوای گەورە پێی نەبەخشـــیو داواکەی ڕەتکردەوە، چونکە ئەم شەفاعەتە مەرجی ڕازی بوونی خوای گەورەی تێدا نەبوو لە کوڕی نوح، بۆیە فەرمووی: ﴿إِنَّهُۥ عَمَلٌ غَيۡرُ صَٰلِحٖ﴾هود: ٤٦، ئەمە ئیبراهیم پێغەمبەرە کەچی ئەو شەفاعەتەی بۆ باوکی کردی ســـودی نەبوو، نمونـــەی ئەمانە زۆرن بۆ ئەو کەســـانەی وردبنەوەو ڕامێنن لە قورئانو ســـوننەت، ئەم مانایانە لە قورئانو ســـوننەتدا زۆر بە ڕوونی بوونیان هەیە، کاتێک ئەم جۆرە شەفاعەتە لە پێغەمبەران نەیەتە دی کەواتە پیاوچاکان ئەولاترو لەپێشترن بۆ ئەوەی لێیان وەرنەگیرێت، هەندێک نەزان گومانیان وایە کە پێغەمبەران مافی ئەوەیان هەیە لای خوای گەورە کە هەرگیز نابێت پارانەوەیان ڕەتبکرێتەوە، ئەمانە کار بەم ئایەتو فەرموودانە ناکەن، ئەمەش بە هۆی لەخشـــتەبردنو گاڵتەی شەیتانەوەیە کە پێیان دەکات، ابن جریر لە ڕاڤەی ئەم ئایەتـــەدا: ﴿وَلَا تَنفَعُهَا شَفَٰعَةٌ﴾. دەفەرموێت: کەواتە مانای ئایەتەکە بەم شـــێوەیە: لە ڕۆژێک بترســـن کە هیچ گیانێک ناتوانێت مافێک لە بری گیانێکی تر بداتەوە کە ئەو مافی خوایەو کەوتۆتە سەرشانی، هەروەها ئەگەر مافی کەســـێکی تر بوو جگەلە خوا هـــەر ناتوانێت، هەرگیز خـــوای گەورە شـــەفاعەتو تکای هیـــچ تکاکارێک گیرا نـــاکات، ئەو مافەی لەســـەریەتی خوای گەورە لەســـەر ئەو کەســـە دەیهێڵێتەوە، وتراوە: خوای گەورە لەم ئایەتەدا لەگەڵ ئەو کەسانەیەتی کە لە ناو ئایەتەکەدا دواندونی،

چونکە ئەو کەســـانەی دوێندراون لە ئایەتەکەدا جولەکەکانی بەنی ئیسرائیل بـــوون، (چونکە) ئەوان دەیان وت: ئێمە کوڕانی خواو خۆشەویســـتانی خواو نەوەی پێغەمبەرانی خواین، باوانی ئێمە شـــەفاعەتو تکامان بۆ دەکەن لای خـــوای گەورە. خوای گەورە هەواڵی پێدان کە هیچ گیانێک لەبری گیانێکی تر ناتوانێت فیدیە بدات، شـــەفاعەتو تکای هیچ کەسێکی تری تێدا گیرا نابێت، تا ئەو کاتەی هەموو خاوەن مافێک مافەکەی خۆی وەردەگرێتەوە)) انتهى.

بەشـــی دووەمی ئایەتەکان ئەو شـــەفاعەتەی جێگیرو چەســـپاو کردووە کە پێچەوانەیە لەگەڵ شەفاعەتی موشـــریکەکان، خوای گەورە هەواڵی پێداوین کەئەم شەفاعەتە دروستنییە بە دوو مەرج نەبێت:

یەکەم: خوای گەورە ڕێگە بدات بەو کەسەی تکاکە دەکات.

دووەم: خوای گەورە ڕازی بێت لەو کەسەی شەفاعەتەکەی بۆ دەکرێت.

ئەم دوو مەرجانە پێویستە هەبن لە هەر شەفاعەتێکدا ئومێدی سود گەیاندنیان لێدەکرێت.

ڕێگەپێدانـــی خوای گەورە بریتییە لـــە ڕێگەپێدانی خوا کە تـــکاکار تکاکەی بکات، نهێنی ئەم قســـەیە لەوەدایە کە هەمـــوو ڕووەکان بۆلای خوای گەورە بسوڕێنو تەسلیمو ژێرباری ئەو بنو وابەستەی ئەو بن، هەروەها وازبهێننو دووربن لە وابەســـتە بوون بە جگە لە خوای گەورە بە مەبەســـتی شەفاعەتو تکا، بۆیە ئەم بابەتە دوای باســـکردنی خوا بەتەنها ناســـینو ئەو شتانەی باس لە پێویســـت بوونی تەنها خو پەرســـتی دەکەن، ئەم مەرجە بەشـــێکی زۆر لە خەڵکی لێی تێنەگەیشـــتوون، وا تێگەیشـــتوون کە (الاســـتثناء)ەکە مانای چەســـپاندنی شـــەفاعەت بە گشـــتی دەدات، هەروەها وایـــان زانیوە دەکرێت شـــەفاعەت لە جگە لە خوای گـــەورە داوا بکرێت، بۆیە گەڕاونەتەوە

سەر ئەو گومانەی موشریکەکان هەیان بوو، پاستی ئەم بابەتە ئەوەیە کە خوای گەورە ڕەحمەتو میهرەبانیو ڕزگاربوونی بۆ بەندەکەی ویستووە بۆیە ڕێگەی داوە هەر کەسێک خۆی حەزبکات شەفاعەتو تکا بکات وەکو سۆزو میهرەبانییەک بۆ شەفاعەت بۆ کراو و ڕێزلێنان لە شەفاعەتکار، ئەگەر هات و ئەم بەندەیە داوای شەفاعەتی لە خوای گەورە کردو خوای گەورەش ڕێگەی پێنەدا ئەوا ئەم شەفاعەتە هیچ سودێکی نابێت هەروەکو شەفاعەتەکەی نوح بۆ کوڕەکەیو ئیبراهیم بۆ باوکیو پێغەمبەر ﷺ بۆ مامی سودی نەبوو کاتێک داوای لێخۆشبوونی بۆ کرد تاکو ئەو کاتەی ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿ مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن يَسْتَغْفِرُواْ لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوٓاْ أُوْلِى قُرْبَىٰ مِنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَٰبُ ٱلْجَحِيمِ ﴿١١٣﴾ ﴾التوبة: ١١٣، واتە: پێغەمبەرو ئەوانەی باوەڕیانهێناوە بۆیان نییە داوای لێخۆشبوون بکەن بۆ هاوبەش بڕیاردەران باوەکو ئەو هاوبەش بڕیاردەرانە خزمانی نزیکیشیان بن دوای ئەوەی زانییانو بۆیان ڕوون بۆوە کە ئەوان لە ئەهلی دۆزەخنو لەو کەسانەن دەچنە ناو دۆزەخ.

درودی خوای گەورە لە هەموو پێغەمبەران بێت، ئەو پێغەمبەرانەی باسکران درودی خوایان لێبێت خوای گەورە شەرعییەتی نەدا بە شەفاعەتکردنەکەیان بۆیە ڕێگەی پێنەدان و شەفاعەتەکەیانی ڕەتکردەوە.

خوای گەورە ڕازی نەبوو لەو کەسانەی شەفاعەتیان بۆ کرابوو چونکە ئەوان کافرو موشریک بوون، هەر لەبەر ئەمە بوو شەفاعەتی ئەم پێغەمبەرانە سودی نەبوو درودی خوایان لێبێت، خوای گەورە لە یەکخواپەرستی زیاتر بە هیچ شتێکی تر ڕازی نییە، بۆیە فەرموویەتی: ﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ ... ﴿٨٥﴾ ﴾آل عمران: ٨٥، واتە: هەر کەسێک جگە لە ئیسلام

بکاتە بەرنامەو ئاینی خۆی ئەوا لێی وەرناگیرێت.

هەر لەبەر ئەمەشـــە زانایانی سەلەف ڕەزامەندییان لەو ئایەتانەی کە باسی ڕەزامەندی خوا دەکەن لە شـــەفاعەت بۆکراو بە دڵســـۆزیو یەکخواپەرستیو وازهێنان لە هەموو شیرک لێکداوەتەوە.

ابن جریر لە تەفسیرەکەیدا (٩٧/١٦)و ابن المنذرو، هەروەها ابن أبی حاتم لە تەفسیرەکەیداو، بەیهەقی لە (الأسماء والصفات ل١٠٩) دا هەموویان لە ڕێگەی موعاویەی کوڕی صالح لە علـــی کوڕی ئەبو طلحەوە گێڕاویانەتەوە ئەویش لە عبداللەی کوڕی عباســـی بیستووە کە بەم شـــێوەیە فەرموودەکەی خوای گەورەی سوڕەتی مەریەمی ڕاڤەکردووە:﴿ لَّا يَمْلِكُونَ ٱلشَّفَٰعَةَ إِلَّا مَنِ ٱتَّخَذَ عِندَ ٱلرَّحْمَٰنِ عَهْدًا ﴾ مریم: ٨٧، واتە: ئەم بێبڕوایانە مافی شەفاعەتو تکاکردنیان نییە بۆ هیچ کەســـێک، بەڵکو تەنها ئەو کەسە دەتوانێت تکا بکات کە عەهدو بەڵێنی لەگەڵ خوادا هەبێتو بەڵێنی بە خوادا بێت.

ابن عباس فەرموویەتی: واتە: شـــایەتیدان بە لا إله إلا الله، دەبێت لە هەموو شـــتێکیدا هانا بۆلای خوای گەورە بهێنێتو جگە لە خوا ئومێدی بە کەســـیتر نەبێـــت، ئەم ڕێگاو هۆکاری هاتنـــی فەرموودەیە ئـــەو ڕێگایەیە کە ئیمامی ئەحمەد لە بارەیەوە وتوویەتی: ((لە مصر لاپەڕەیەک هەیە لە ڕاڤەی قورئان کە علی کوڕی أبو طلحە گێڕاویەتییەوە؛ ئەگەر بێت و مرۆڤ لە پێناویدا گەشت بکات بۆ مصر ئەوا زۆر نییە)).

حافز ئیبن حجر دەفەرموێت: ((لای بوخاری لە (أبو صالح)ەوەیە، بوخاری لە کتێبەکەی (صحیح البخاری) پشـــتی بەم ڕیوایەتە بەســـتووە کە تەعلیقی دەکات لەســـەر ابن عباس)) انتهی، ئەم ڕێگای ڕیوایەتە بەرزترینو باشترین ڕیوایەتە لە ئیبن عباســـەوە سەبارەت بە تەفســـیر، لە مانای ئەم وشانەی

سەرەوە ئیبن مەردەویە لە تەفسیرەکەیدا لە ئیبن عباسی گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی: هەر کەسێک بمرێت لە کاتێکدا کە هیچ هاوەڵو شەریکێ بۆ خوا بڕیار نەدابێت ئەوا دەچێتە بەهەشت.

ئیبن جەریر (١٣/١٧)و ئیبن منذر، ئیبن ئەبی حاتەمو بەیهەقی لە بابەتی (البعث) لە کتێبی (الأسماء والصفات ل١٠٩) دا لە علی کوڕی ئەبو طلحەیان گێڕاوەتەوە کە ئیبن عباس فەرموویەتی لە ڕاڤەی ئەم ئایەتە: ﴿وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرْتَضَىٰ﴾ الأنبياء: ٢٨ . واتە: ئەوانەن کە شایەتومانی (لا إله إلا الله)یان پێ بەخشراوە لە لایەن خواوەو خوا لەو شایەتییەیان ڕازییە، لە فەرموودەی خوای گەورە سەبارەت بە فریشتەکان ﴿وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرْتَضَىٰ﴾ قەتادە فەرموویەتی: ((ولا يشفعون)) وتی: فریشتەکان لە ڕۆژی دوایی شەفاعەت ناکەن مەگەر بۆ ئەو کەسەی خوا لێی ڕازییە، فەرووی: یەکخواپەرستانن. ئەمە ابن منذرو ابن أبی حاتم گێڕاویانەتەوە، عبد بن حمیدو ئیبن جریر (٦٢/٢٥)و ئیبن منذر لە مجاهید گێڕاویانەتەوە سەبارەت بە فەرموودەی خوای گەورە کە فەرموویەتی: ﴿وَلَا يَمْلِكُ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِ ٱلشَّفَٰعَةَ إِلَّا مَن شَهِدَ بِٱلْحَقِّ ...﴿٨٦﴾﴾ الزخرف: ٨٦ ، واتە: ئەو پەرستراوانەی موشریکەکان دەیانپەرستن جگە لە خوای گەورە توانای شەفاعەتو تکایان نییە بۆ ئەو کەسانەی دەیانپەرستن، بەڵام ئەوانەی شایەتی حەقیان داوەو یەکخواپەرستن.

وتی: مەبەست پێی وشەی (الإخلاص)ە

شەفاعەتی پێغەمبەرﷺ

کاتێک ئەمە زاندرا پێویستە سەیری ئەو دەقە شەرعییانە بکرێت کە تایبەتن بە شەفاعەتی پێغەمبەرﷺ ، لە کاتی ژیانی پێغەمبەری خواﷺ هاوەڵان داوایان لێی کردووە بۆیان بپارێتەوە، ئەمەش مانای شەفاعەت بۆ کردنیان دەدات، ئەمە هیچ کەسێک بۆچوونی لەگەڵدا جیاواز نییە، بەڵکو کێشەکە لەسەر داواکردنی شەفاعەتە لە پێغەمبەرﷺ دوای مردنی، ئەهلی سوننەت لە هەرسێک سەدە مەزنەکە لەسەر دوو شت کۆک بوون:

یەکەم: نا دروستی داواکردنی شەفاعەت لە گۆڕی پێغەمبەرﷺ، بەڵکو پێچەوانەی ئەمە دوای دەرکەوتنی چالاکییەکانی باتینییەکانی وەکو ئیسماعیلییەکانو فاتمیەکان پەیدا بوو، هەروەها دوا بەدوای ئەمانەش هەموو ئەوانەی تریش کە کاریگەری باتینییەکانیان لەسەر بوو وەکو موسەوی جەعفەریو هاوشێوەکانیان، بۆچوونەکانی خۆیان لە ناو خەڵکدا ڕەواج پێداو بوو بە کێشە بۆ هەندێک خەڵک، مسوڵمانان لە هەر سێک سەدەکە نەیاندەزانی داوای شەفاعەتکردن لە پێغەمبەرﷺ چییە (دوای مردنی)، بەڵکو هەرچوار خەلیفە ڕێنمایی کراوەکان ڕۆیشتن هیچ کەسێک داوای شەفاعەتی لە پێغەمبەری خواﷺ نەکرد دوای مردنی، ئەگەر شتێکی شەرعی بووایە ئەوا ئەوان لە هەموو کەس زیاتر سوردەبوون لەسەر ئەنجامدانیو وازیان لە داواکردنی شەفاعەت دوای مردنی پێغەمبەرﷺ نەدەهێنا، ئەگەر گۆڕانی جۆری ژیان لای ئەوان کاریگەری نەبوایە ئەوا وازیان لێ نەدەهێنا، لەسەر هەمان بیرو بۆچون ڕۆیشتن هەریەکە لە تابعینو تابعی تابعین، تا ئەو کاتەی

بانگەوازی باتینییەکان دەستی بە جوڵەو چالاکی کردو خۆی پۆشی بە پۆشاکی شیعایەتیکردنی بنەماڵەی پێغەمبەرﷺ، بەڵکو ئەوان چەندین کتێبیان بە ناوی ئەوانەوە نووسی، ئەمە شتێکی ئاشکراو دیارە بۆ ئەو کەسەی بزوتنەوەی برایانی سەفائو العبیدین ی خوێندبێتەوە کە فاتیمیەکانیان پێ دەڵێن، هەموویان: فاتیمیەکانو ئیسماعیلیەکان بە گومانی خۆیان دروشمیان بریتی بوو لە شیعایەتیکردنی بنەماڵەی پێغەمبەرﷺ، ئەوان یەکەمین کەس بوون کە درۆیان لە نەسەبو خۆدانە پاڵ بنەماڵەی پێغەمبەرﷺ هێنایە کایەوە، ئەوەی کە مەبەستە لێرەدا ئەوەیە کە داواکردنی شەفاعەت لە پێغەمبەری خواﷺ دوای مردنی شتێکە کە باتینییەکان دایان هێناوە.

دووەم: کە گرنگترینیانە: ئەهلی سوننەت گشتیان یەک ڕان لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەرﷺ چەند جۆرێکی شەفاعەت هەیە شەفاعەتی پێ دەکات، هیچیان باسی ئەوەیان نەکردووە کە جۆرێک لەو شەفاعەتە بریتی بێت لە داواکردن لێی لە ناو گۆڕەکەیدا، بەڵکو گشتی لە ڕۆژی دواییدا دەبێت، پێویستە هەڵوێستە لەسەر ئەمە بکرێتو مرۆڤ لێی وردبێتەوە، هەر کەسێک پێچەوانەی ئیجماعو کۆڕای ئەهلی سوننە بکات ئەوا لە ئەوان نییە.

فصـــل

بەڵگەو ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتە کورتەی پێشـــتر ئاماژەمان پێکرد ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی پێداوین کە ئەو ((یەکەمین کەســـە شـــەفاعەت دەکاتو دەکرێتـــە شـــەفاعەتکار))[٣٦]، ئـــەم جـــۆرە شـــەفاعەتە بریتییە لە شـــەفاعەتی گەورە بۆ ئەو کەسانەی لە مەحشەر وەستاون بە دەقو ئیجماع، ئەمە قســـەی پێغەمبەرە ﷺ دەیکەینە حەکەم لەســـەر ئەو کەسەی بانگەشەی خۆشەویستی پێغەمبەر ﷺ دەکاتو بەڕاستی دادەنێت، فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموێت: ((مـــن یەکەمین تکاکارمو یەکەم کەســـم داوای تکابۆ کردنم لێدەکرێت)) پێشخســـتنی ڕەها دەخوازێت کە هیـــچ جیاکردنەوەی تێدا نییە، لەســـەر هەموو ئەوانەی قیامەتیان بەسەردا هاتووە.هەر کەسێک پێی وابێتو وا گومان بەرێت کە پێغەمبەر ﷺ دوای مردنی لە ناو گۆڕدا شەفاعەت دەکات، یان پێی وابێت پیاوچاکان شەفاعەت دەکەن دوای مردنیان لە ناو گۆڕەکانیاندا ئەوا هیچ مانایەک نامێنێت بۆ ئەم فەرموودەیە: ((من یەکەمین تکاکارم)) لای ئەو کەســـەی ئەو گومانـــەی هەیە، چونکە ئەگـــەر پێغەمبەر ﷺ دوای مردنی شەفاعەتی بکردبایە ئەوا دەبوو شەفاعەتەکەی لەو کاتەی دەمرد تا ئەو کاتەی فو دەکرا بە کەڕەنادا بەردەوام بوایە، ئەو کاتە هیچ مانایەک نەدەما بۆ ((من یەکەمین تکاکارم))، چونکە ئەگەر پێغەمبەر ﷺ شـــەفاعەتی بکردبایە لە ناو گـــۆڕدا ئەوا تایبەتکردنی پێغەمبەر ﷺ بەم ســـیفەتە لە ڕۆژی دوایی نەدەما، کاتێک پێغەمبەر ﷺ لە ماوەی ژیانیدا بە دوعاو نزا شـــەفاعەتیان بۆ بکاتو

٣٦) صحيح مسلم: (٧/٥٩).

دوای مردنیشی شەفاعەت بکاتو دوای هاتنی ڕۆژی دوایی شەفاعەت بکات؛ ئەو کاتە چ مانایەک دەمێنێت بۆ فەمروموودەکە: ((من یەکەمین کەسم شەفاعەت دەکەم))، کەواتە پێغەمبەرﷺ ئەگەر بەو ئەگەرە بێت ئەوا بەردەوام شەفاعەت دەکات، هەروەها بەردەوام لێی وەردەگیرێت لای ئەوانەی ئەم گومانە دەبەن، کەوابێت چ سودێک لەم فەرموودەیەدا هەیە: ((من یەکەمین شەفاعەتکارم))، لەمە وردبەرەوە چونکە بەسودە بۆ ئەو کەسەی خوای گەورە خێری بۆی بووێت، ئەهلی سوننە ئەوانەی دەستگرتوون بەو بەرنامەو مەنهەجەی هاوەڵان لەسەری بوون داوای شەفاعەت دوای مردنی پێغەمبەرﷺ لە خوای گەورە دەکەن، داوا لە خوای گەورە دەکەن کە بیانخاتە ژێر شەفاعەتی پێغەمبەرﷺ، ئەم داواکردنەی ئەوان بە دوو شێوە دەبێت:

یەکەم: بەردەوام بوون لەسەر وشەی یەکخواپەرستی کە ئەویش (لاإله إلا الله) یەو تێگەیشتنە لە ماناکەی‌و کارکردنە بە خواستەکانی ئەم وشەیە، هەروەها پێچەوانەکردنی بیروباوەڕی موشریکانی عەرەبو هاوشێوەکانیان، ئەوانەی وتیان: ﴿مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ﴾ الزمر: ٣. واتە: ئێمە بۆیە ئەم پەرستراوانە دەپەرستین تاکو بۆمان لە خوا ببارێنەوەو تکاو شەفاعەتمان بۆ بکەن لای خواو لە خوا نزیکمان بکەنەوە.

هەروەها ئەوانەش وتیان: ﴿هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ﴾ یونس: ١٨. واتە: ئەوانە دەبن بە تکاکارو شەفاعەتکار بۆمان لای خوای گەورە، لە کاتێکدا ئەوان ئەم قسانەیان دەکر ئاماژەیان بۆلای ئەو بتانەیان دەکرد کە لەسەر شێوەی پێغەمبەران و پیاوچاکان دروستیان کردبوون.

دووەم: ملکەچکردن لەبەردەم خوای گەورەدا لەو کاتانەی پارانەوەی تێدا گیرایەو لە کاتی پارشێوانو داواکردن لە خوای گەورە کە نازونیعمەتی بەردەوام بوون

لەسەر یەکخواپەرستیان پێ ببەخشێتو پاداشتیان لەسەری بداتەوە، هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ بکاتە تکاکاریان لای خۆی لەو کاتەی خەڵکی تووشی ناخۆشیو ناڕەحەتی بوون، ئەو کاتە پێغەمبەرﷺ یەکەمین کەس دەبێت تکا دەکاتو داوای تکای لێ دەکرێت، خوایەگیان شەفاعەتی پێغەمبەرمانﷺ پێ ببەخشەو لە کەسانەمان بگێڕە شەفاعەتی ئەو دەیانگرێتەوە، خوایەگیان لەم شەفاعەتە مەحرومەمان مەکەو بێ بەشمان مەکە، داواکارین لێت کە ئێمە لەسەر یەکخواپەرستیو ڕێنمایی بهێڵیتەوە، بەم دوو شتانە ئەوانەی لایەنگری ڕاستیو سوننەتن دەستیان گرتووە بە فەرموودەی پێغەمبەرﷺ: ((هەموو پێغەمبەرێک پارانەوەیەکی هەیە کە بە دڵنیاییەوە وڵام دەدرێتەوە، منیش پارانەوەی خۆم هەڵگرتووە بۆ ئوممەتەکەی خۆم لە ڕۆژی دوایی، ئەم پارانەوەیە بۆ ئەو کەسە دەبێت کە مردووەو هیچ شەریکی بۆ خوای گەورە بڕیار نەدابێت)). متفق علیه.

ئەمە ڕاڤەیە بۆ فەرموودەی پێغەمبەرﷺ کە بە ئەبو هورەیرەی فەرموو: ((بەختەوەرترین کەس بە شەفاعەتی من لە ڕۆژی دواییدا ئەو کەسەیە وتبێتی: لا إله إلا الله بە دڵسۆزییەوە لە دڵییەوە)). متفق علیه، ئەوانەی لایەنگری ڕاستین دەستیان بە هەردووک فەرموودەکە گرتووەو کاریان پێکردووەو لە شوێن مەبەستی خوای گەورە لایان نەداوە، بۆیە ڕێنماییان وەرگرتووە، خوای گەورە لە پاداشتی ئەمە زیاتر بەرچاوڕۆشنیو تەقواو لەخواترسانی پێدان.

فصـــل

خاوەنی کتێبی (مفاهیـــم) لە ل٧٨دا دەڵێت: ((هەندێـــک هەنە گومانیان وایە کە دروســـتنییە داوای تکاو شـــەفاعەت لە پێغەمبەری ﷺ بکرێت لە دونیادا، بەڵکو هەندێک لەوانەی تۆندن بۆچونیان وایە کە ئەمە شـــیرکەو گومڕاییە، بۆ ئەم مەبەســـتەش بەڵگـــە بەم فەرموودەیـــەی خوای گـــەورە دەهێننەوە: ﴿ قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعًا ﴾ الزمر:٤٤، ئەم جۆرە بەڵگەهێنانەوەیە ناپەسندەو ناتەواوە، ئەمەش لە دوو ڕوانگەوە دەبێت:

یەکەم: هیـــچ دەقێک نە لە قوئانو نە لە ســـوننەتدا نەهاتووە کە قەدەغەی داوای شەفاعەتکردن بکەن لە پێغەمبەری خوا ﷺ لە دونیادا)). إ.ە.

دەڵێم (واتە: شـــێخ صالح): نووســـەر مەبەســـتی بە دونیا ئەو کاتە نییە کە پێغەمبەر ﷺ لە ژیاندا ببـــوە، چونکە ئەو دەزانێت کە ئەم بابەتە کەس نەی وتووە، بەڵکو مەبەستی بە (لە دونیادا) داواکردنی شەفاعەتە لە پێغەمبەر ﷺ دوای مردنی، هەروەکو بە ڕاشکاوانە باسی ئەمەی کردووە لە ل٨١ داو دەڵێت: ((هیـــچ خراپییەک لەوەدا نییە کە داوای شـــەفاعەت لـــە پێغەمبەر ﷺ بکرێت دوای مردنی))إ.ە، ئەم ڕوانگەیەی نووســـەر باسیکرد لە زۆر ڕوانگەی تر،وە ڕەتکراوەیە، بەشـــێک لەو ڕووانگانە باس دەکەم کە ناتەواوی ئەم قســـەیە دەردەخەن:

یەکـــەم: پێغەمبەر ﷺ دوای مردنی نە بە عەقڵو نە بەشـــەرع پێی ناوترێت لە دونیادایە.

دووەم: ئـــەم بەڵگەیە لای زانایانو عارفان بە بەڵگە هەژمار ناکرێت، چونکە

قســـەی نووسەر کە دەڵێت: (هیچ دەقێکی لەســـەر نییە) قسەیەکی تیاچووەو شایستەی بوون نییە، هەر کەســـێک بیهەوێت حوکمێک جێگیر بکاتو پشتی پێ ببەســـتێتو سەری بخات ئەوا پێویستە لەسەری بەڵگەیەک لەسەر بوونی ئەو حوکمـــە باس بکات، ئەو کاتێک دەڵێت دروســـتە داوای شـــەفاعەت لە پێغەمبەرانو پیاوچاکانی ناو گۆڕەکان بکرێت قسەیەکە پێویستە ئەو بەڵگەی لەسەر بهێنێتەوە لەڕێگەی دەقێکی (شەرعییەوە)، نەک بێیتو بەو کەسە بڵێت کە ئەم جۆرە شـــەفاعەتە ڕەت دەکاتەوەو پشتی بەستووە بەو بەڵگە عامانەی ســـەبارەت بە موشـــریکەکان هاتووە؛ (نووســـەر) بڵێت: هیچ دەقێکی لەسەر نییـــە (قەدەغەی بکات)، هەروەها ئەمە بەو کەســـەش ناوترێت کە ئەم جۆرە شەفاعەتە ڕەتدەکاتەوە بە پێی ڕەتکردنەوەی بنەڕەتی (النفی الأصلی) تا ئەو کاتەی بەڵگەیەکی شـــەرعی دێت و بوونی دەچەسپێنێت، چونکە پەرستنەکان وەستاونو لەسەر هاتنی بەڵگەی ڕاشکاو و ڕوون.

سێیەم: ئەو قسەیەی نووسەر کە دەڵێت: (هیچ دەقێک لەسەر ئەمە نەهاتووە) قسەیەکی دروست و تەواو نییە، دەقە عام و گشتییەکانی شەرع قەدەغەی ئەوە دەکەن مرۆڤ داوای شـــەفاعەت لە مردووان بکات چونکە ئەوان گەڕاونەتەوە (بۆ لای خواو) ئەوەی پێش خۆیان بەڕێیان کردووە چوون بۆلای ئەو شـــتەی پێش خۆیان بەڕێیان کردووە، وردبەرەوە لـــەو فەرموودەیەی خوای گەورە: ﴿ وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِۚ ﴾یونس: ١٨، واتە: ئەو موشریکانە جگە لە خوا شتانێکیان دەپەرســـت کە نە زیانی بۆیان هەبوو نە سودیشی پێدەگەیاندن، دەیان گوت: ئەوانە دەبن بە تکاکارو شەفاعەتکار بۆمان لای خوا.

پارانەوە بریتییە لە پەرســـتش، شەفاعەتیش دوعاو پارانەوەیە، لێرە زاندرا

کە قسەی ئەوان کە دەیان وت: (هۆلاء شفعاؤنا) ڕاڤەی (یعبدون)ە لە سەرەتای ئایەتەکە.

لێرە شـــتێک هەیە لە رازییەوە[٣٧] (بۆتانی) باسدەکەم، بۆ ئەوەی بابەتەکە ڕوونتر بێـــتو نەوترێت ئەمە بۆچـــوونو تێگەیشـــتنی وەهابیەکانە بەس، (فەخرەدینـــی) رازی لە تەفســـیرەکەی (مفاتیح الغیب، یان التفســـیر الکبیر ٥٩/١٧ – ٦٠) دا دەفەرموویێت:

((زانایان بۆچوونیان جیاوازە لەسەر ئەوەی چۆن (ئەم موشریکانە وتوویانە) ئەم بتانە تکاکارو شەفاعەتکارن بۆمان لای خوای گەورە ! ..)) چەند شێوەیەک باس دەکات لەوانە دەفەرموویێت:

((چوارەمیـــان: موشـــریکەکان ئەو بتانەیان لەســـەر شـــێوەی پێغەمبەرانو پیاوچـــاکانو گەورەکانیـــان دانابوو، گومانیان وایە کە هـــەر کاتێک ئەوان مەژغولّی پەرستنی ئەم بتانە بوون ئەوا ئەو گەورانە دەبن بە تکاکار بۆیان لای خوای گەورە. هاوشێوەی ئەمە لەم زەمانو کاتەی ئێمەدا بریتییە لە مەژغولّ بوونی زۆرێک لـــە خەڵکی بە بەگەورەدانانی گۆڕی گـــەورەکانو باوەڕبوون بـــەوەی کە کاتێک ئەوان گۆڕی ئەوان بە گەورە دابنێن ئەوا ئەم گۆڕانە بۆیان دەبن بە تکاکارو شەفاعەتکار لای خوای گەورە)) إ.ە.

ئەم قسەیەی رازی لە بنەڕەگەوە قسەکەی خاوەنی کتێبی (مفاهیم) ڕیشەکێش دەکاتو لەناوی دەبات، تا وای لێدێت قســـەکەی بـــزر دەبێت لە ناو خاکو خۆڵو نامێنێت، قسەیەک وای لێدەکات کە هی پیاوێکە لای ئەو بە بۆچوونو هەستی ئەو لەپێشەو قسەکەی پڕبایەخە.

---

٣٧) قسە زۆرە لەسەر ئەم بابەتە، بەڵام من بۆیە قسەی فەخرەدینی رازیم هەڵبژارد چونکە ئەوان شانازی بە تێگەیشتنی رازی دەکەن لە أصول الدین، ئەمە قسەی ئەوەو بۆچوونی ئەوە لە بابەتی أصول الدین.

ئەو ئایەتەکانەی سەبارەت بە شەفاعەتی شیرکی دەدوێت زۆرن، خوای گەورە بە چەند جۆرێک باسیکردوون لە قورئانی پیرۆزدا بۆ ئەوەی ئەو کەسەی مەبەستی چاکەیەو بە دوایدا دەگەڕێت، هەروەها ئەو کەسە لێی تێبگاتو ورد بێتەوە کە لە ڕێگا ڕاستەکەی خوای پەروەردگار دەگەڕێت.

ئەمە باسکردنی هەواڵی موشریکەکانە تاوەکو ئێمە لەو بارودۆخەی ئەوانی تێدابوونە دووربکەوینەوەو لەسەر ئەو شێوازو ئاکارانە نەبین کە ئەوانی لەسەر بوون، سیاقی ئایەتەکان هەمووی‌و وتەی زانایانی تەفسیر گشتی وام لێدەکەن لە مەبەستی کورت باسکردن دەربچم، هەرچەندە بەشێک لەو بەڵگانەم باسکردووە، ئەو کەسەی دەیهەوێت زیاتر لەم بابەتە بخوێنێتەوە با بگەڕێتەوە سەر وتەو بۆچوونی زانایانی تەفسیر لە باسی ئایەتەکانی شەفاعەتدا.

چوارەم: خوای گەورە لە سورەتی سبأ فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ عِندَهُۥٓ إِلَّا لِمَنْ أَذِنَ لَهُۥ ... ﴿٢٣﴾﴾ سبأ: ٢٣، واتە: شەفاعەتو تکای تکاکار لای خوای پەروەردگار سودی نییە بۆ هیچ کەسێک مەگەر تکای کەسێک بێت خوای پەروەردگار ڕێگەی پێدابێت، لە ئایەتەکەی پێش ئەمەدا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلِ ٱدْعُوا۟ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۖ لَا يَمْلِكُونَ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا لَهُمْ فِيهِمَا مِن شِرْكٍ وَمَا لَهُۥ مِنْهُم مِّن ظَهِيرٍ ﴿٢٢﴾ وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ عِندَهُۥٓ إِلَّا لِمَنْ أَذِنَ لَهُۥ ... ﴿٢٣﴾﴾ سبأ: ٢٢-٢٣، واتە: ئەی پێغەمبەر بەو موشریکانە بڵێ دەی داوا بکەن لەو شتانەی ئێوە پێتان وایە پەرستراون جگە لە خوای گەورە، لە کاتێکدا ئەم پەرستراوانە بە ئەندازەی گەردیلەیەکیشیان بە دەستەوە نییە لە ناو ئاسمانەکان‌و زەویدا، هەروەها ئەوانە لە ناو ئاسمانەکان‌و زەویدا هیچ شتێکیان بە هاوبەشیش نییەو

خوای گەورە هیچ یەکێک لەو شتانەی ئێوە کردوتانە شەریکی خوا نەکردۆتە یاریدەدەرو یارمەتیدەری خۆی لە هیچ شتێکدا، شەفاعەتو تکای تکاکار لای خوای پەروەردگار سودی نییە بۆ هیچ کەسێک مەگەر تکای کەسێک بێت خوای پەروەردگار ڕێگەی پێدابێت.

خوای گەورە هەموو شێوە شـــیرکییەکانی هەڵوەشاندۆتەوە کە موشریکەکان باوەڕیان پێ بووە لە هەموو ســـەردەمێکدا، ئەم ئایەتە هەندێک لە زانایانی پێشـــوو ناویان لێناوە: ئەم ئایەتە بۆ هەر کەسێک تێی بگات ڕەگو ڕیشاڵی شیرک دەپسێنێتو دەردەهێنێت لە بنڕا.

رازی لـــە تەفســـیرەکەیدا (٢٥/٢٥٤ – ٢٥٥) دەفەرموویـــت: ((بزانـــە کە ئەو ڕێبازانەی تووشـــی شـــیرک بوون چوارن ....)) ســـێ جۆری باسکردو ئینجا فەرمووی: ((چوارەم: قســـەی ئەو کەســـەی دەڵێت: ئێمە ئەو بتانە دەپەرستن کە لەسەر شێوەی فریشتەکانە بۆ ئەوەی شەفاعەتو تکامان بۆ بکەن، خوای گەورە بۆ هەڵوەشاندنەوەی قسەی ئەوان فەرمووی: ﴿ وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ عِندَهُۥٓ إِلَّا لِمَنْ أَذِنَ لَهُۥ... ﴿٢٣﴾﴾سبأ: ٢٣ . پەرســـتنتان بۆ جگە لە خوای گەورە هیچ سودێکی نییە، خوای گەورە ڕێگە نادات شەفاعەت بۆ کەسێک بکرێت کە جگە لە ئەو دەپەرستێت. بە هۆی ئەوەی ئێوە داوای شەفاعەت دەکەن وادەکەن شـــەفاعەتتان لەدەست بچێت))!.ە ئەمە دەقی قسەی ڕازییە حەرف بە حەرف، وردبەرەوە لەو قســـەیەی ڕازی کە دەڵێت: هەر کەسێک داوای شەفاعەت بکات ئەوا ئەو شـــەفاعەتەی لەدەست چووە کە لە ڕۆژی دواییدا هەیە، چونکە ئەو شـــەفاعەتە تەنها بە یەکخواپەرستی بەدەست دێت، بەشێک لە تەوحیدو خوا بە تەنها پەرســـتن بریتییە لە وازهێنان لە داواکردنی شەفاعەت لە گۆڕەکان، جا ئەو گۆڕانە گۆڕی پێغەمبەران بن یان هی پیاوچاکان بن، بەڵکو شەفاعەتی

پێغەمبەران لە خوای گەورە داوا دەکرێت نەک لە خۆیان، ئەم شـــەفاعەتەش لە خوای گەورە بە هۆی یەکخواپەرستیو بەردەوام بوون لەسەریو وازهێنان لە داواکردنی شەفاعەت لەکەسێک کە لەدەستیدا نییە بەدەست دێت.

ئەمە ئەو ڕاستیەیە کە زانایان لەسەری یەکدەنگ بوون بەر لەوەی باتینییەکان بیروبـــاوەڕی پەیوەســـت بوون بە مـــردووان دابهێنن، هەروەهـــا بەرلەوەی فەلسەفەی دروســـێتێتی ئەم بیروباوەڕەو چەسپاندنی بە ڕێگەی عەقڵی نەک شەرعی لێبدرێت.

ئەوانەی لاڕێ بوون لەبەر ئەوە بووە کە گومانیان وابووە هەرچی ئایەت هەیە لە ســـەر شـــەفاعەت لە ناو قورئانی پیرۆزدا ئەوا سەبارەت بەو گەلانەیە کە سەردەمیان بەســـەرچووەو تێپەڕیوە، ئەمە یەکێکە لەو دەرگایانەی شەیتان پێیدا هاتۆتە ناو دڵی ئەو کەســـانە، چەندە جوانە وتەی شـــمس الدین ابن القیم[٣٨]

لەسەر ئەم ئایەتە کە دەڵێت: ((ئەم ئایەتە بەسە بۆ ئەوەی ببێتە مایەی نورو ڕۆشـــنایو بەڵگەو نیشـــاندانی تەنهایی خوای گەورە، هەروەها ئەم ئایەتە بەســـە بۆ ئەوەی ببێتە مایـــەی هەڵتەکاندنی بنەماکانی شـــیرک، (بەڵام بۆ کەسێکە) کە لێی تێبگات، قورئانی پیرۆز پڕە لە هاو وێنەی ئەم ئایەتە بەڵام زۆربەی خەڵکـــی ناتوانن ڕووداوەکان بخەنە ژێـــری، وا گومان دەبات ئەمە جۆرێکی تڕە، پێیان وایە خەڵکانێکی تر چوونە ناو حوکمی ئایەتەکەوە بەڵام میراتگریان لە دوای خۆیان جێ نەهێشـــت (کەسیتر لە دوای ئەوان ئەم جۆرە شیرکەی نییە).

ئەمە ئەو شتەیە کە دەبێتە پەردە لەنێوان دڵو تێگەیشتن لە قورئانی پیرۆز.

---

٣٨) مدارج السالکین: ١/٣٤٣ – ٣٤٤).

سـوێند بە خوای گـەورە ئەگەر ئەوان چوبێتنە ناوی ئـەوا لە دوای خۆیان کۆمەڵێک کەسـیان بەجێهێشـتووە کە لە خۆیان خراپترن. قورئان باسـی ئەوانیـش دەکاتو حوکمەکەی ئەوانیش دەگرێتـەوە هەروەکو چۆن ئەوانی تریشی گرتەوە.

بەڵام بابەتەکە بەو شـێوەیەیە کە عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێت باسی لێوە دەکاتو لە بارەیەوە فەرموویەتی: گرێکانی ئیسلام کاتێک یەک بە یەک دەبنەوەو لەناو دەچن کە کۆمەڵێک خەڵک لەناو ئیسلامدا گەورەبوونو سەردەمی جاهیلیو نەفامیان نەناسـیبێت. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە کاتێک ئەم کەسـە نەفامیو شیرکی نەناسـیبێتو ئەو ئاکارانەی ئەوان نەزانێت کە قورئان ڕەخنەی لێیان گرتووەو زەمیکردووە؛ ئەوا دەکەوێتە ناویو بە باشی دادەنێت، هەروەها بانگەوازی بۆلا دەکاتو پێی شـتێکی جوانو ڕێک دەبێت، لـەو کاتەدا ئەم مرۆڤە نازانێـت کە ئەو لە هەمـان بارودۆخی نەفامەکانی سـەردەمی نەفامییە یان وەکو ئەوانە یان خراپترە یان کەمترە لە هی ئەوان، بەو هۆیەوە گرێیەکانی ئیسلام لە ناو دڵیدا دەبنەوەو نامێنن)).إ.ە.

خاوەنـی کتێبی (مفاهیم) لە ل٧٨ دا دەڵێـت: ((دووەم: ئەم ئایەتە بەڵگە نییە لەسـەر ئەمە، بەڵکو ئەم ئایەتە وەکو سـەرجەم ئایەتەکانی تر باس لەوە دەکات کە ئەو شتانەی مرۆڵکی خوای گەورەن تایبەتن بە خوای گەورە نەک هی کەسی تر، بە مانای ئەوەی خوای گەورە کاروباریان ڕێک دەخاتو بەڕێوەیان دەبـات، ئەمە مانای ئەوە نییە کە تێـک بگیرێت لەگەڵ ئەوەی خوای گەورە بیبەخشـێت بە هەر کەسـێک خۆی حەزبکات، خوا خاوەنـی خاوەندارانە (پادشـای پادشایانە)، دەسەڵات دەداتە هەر کەسێک خۆی بیهەوێت و لە هەر کەسـێکیش بیهەوێت دەیسـتێنێتەوە ... تا کۆتایی قسەکانی. پاشان دەڵێت:

بە هەمان شێوە شەفاعەت گشتی هی خوایە، خوای گەورە ئەم شەفاعەتەی داوەتە پێغەمبەرانو بەندە چاکەکانی خۆی، بەڵکو داویەتی بە زۆرێک لە خەڵکی ناو بڕوادارانی هەروەکو فەرموودە دروستە موتەواتیرەکان لە ڕووی ماناوە ئەم ڕاستییە باسدەکەن، باشە چ تاوانێک لەوەدایە کە مرۆڤ داوای شتێک لە خاوەندارێک بکات کە هەیەتی ... هتد)) إ.ە.

دەڵێم:

تایبەت بوونی خوای گەورە بە شەفاعەت تایبەت بوونێکی خاوەندارییەتییە، ئەوەش مانای ئەوەیە کە هیچ کەسێک لە دروستکراوەکان بۆیان نییە شەفاعەت بکەن؛ تەنها ئەو کەسە بۆی هەیە شەفاعەت بکات کە خوای گەورە ڕێگەی داوەو باسیکردووە کە بۆی هەیە بە مەرج شەفاعەت بکات، خوای گەورە خاوەنی ئەو مرۆڤەیەو بە ئارەزووی خۆی ڕێگە دەدات کە کێ شەفاعەت بکات بۆ ئەو کەسەی کە خوا ڕازییە تکاکار تکای بۆ بکات، شەفاعەت مولکێکی ڕەها نییە بۆ دروستکراوان هەروەکو نووسەر وا گومانی بردووەو وا بۆی چووە، چونکە خاوەندار بۆی هەیە و مافی ئەوەی هەیە دەست لە کارو باری ژێر دەسەڵاتەکەی وەربدات، بەڵکو ڕووی ڕاستی شەفاعەت ئەوەیە کە هی خوای گەورەیە بە تەنها، بەڵام خوای گەورە بە ئارەزووی خۆی ڕێگە دەدات کە کەسێک شەفاعەت بکات، ئەمەش سودی وەرچەرخانی دڵەکانی تێدایە بۆلای بەدیهێنەری دڵەکانو خاوەنی شەفاعەت، ئایەتەکەی زمر بەڵگەیە لەسەر ئەو قسانەی پێشوو، خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿ أَمِ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَ ۚ قُلْ أَوَلَوْ كَانُوا۟ لَا يَمْلِكُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَعْقِلُونَ ﴿٤٣﴾ قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعًا ۖ لَّهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾الزمر: ٤٣ – ٤٤، واتە: ئایا ئەم موشریکو هاوبەشبڕیاردەرانە جگە لە

خوای گەورە پەرستراوەکانیان کردووە بە تکاکاری خۆیان، ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ ئایا ئێوە داوای تکا لەم پەرستراوانەی خۆتان دەکەن لەکاتێکدا ئەوان هیچیان بەدەست نەبێتو هیچ تێنەگەن، ئەی پێغەمبەر بەم موشریکانە بڵێ کە شەفاعەتو تکا هەمووی موڵکی خوایە، خاوەندارییەتی ئاسمانەکانو زەوی هەمووی هی خوای گەورەیەو پاشان بۆلای ئەو دەگەڕێنەوە، خوای گەورە هەواڵی داوەو پێی ڕاگەیاندووین کە ئەو پەرستراوانەی موشریکەکان کردوویانن بە تکاکار هیچیان بەدەست نییە، وشەی (شیئا) لێرەدا بە نەناسراوی هاتووە لە ناو ڕستەیەکی نەرێدایەو شەفاعەتو جگە لە شەفاعەتیش دەگرێتەوە، ئەوان شەفاعەتیان بەدەست نییەو خاوەنی نینە هەروەکو کۆمەڵێک لە ڕاڤەکارانی قورئان هۆشداریان لەسەری داوە، ئەم ئایەتە بە ڕاشکاوی باسی ئەوە دەکات کە موشریکەکان هیچیان نییە، ئەم دەستەڵات و موڵکە ئەو شتەیە کە موشریکەکان گومانی بوونیان هەیەو ئەم دەستەڵاتەش ڕەهایەو هەریەکە لە دوو مەرجەکانی ڕێگەدان بە تکاکارو ڕازی بوون لە تکاکەر لەخۆ دەگرێت، ئەو کەسەی تکاکارە بەم دوو مەرجە دەتوانێت شەفاعەت بکات بەڵام بەشێوەیەکی کاتیو دیاری کراو (سودێکی کاتی و دیاری کراوی لێ دەبینێت)، نەک بۆ هەتا هەتایی ببێتە خاوەنی، بۆیە لە هەموو شەفاعەتێکدا پێویستیان بە ڕێگەپێدانی خوای گەورەو ڕازی بوونی خوا لە تکا بۆکراو هەیە، شەفاعەت شتێکی ڕەها نییە بۆ تکاکار تا بە ئارەزووی خۆی بێ مەرج بیکات، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَ ﴾الزمر: ٤٣، (من دون الله) واتە بەبێ ڕێگەپێدانو ڕەزامەندی خوای گەورە.

دووەم: ئەو قسەیەی نووسەر دەیکات کە گوایە : شەفاعەت بەخشراوە

بە پێغەمبـــەران و چاکـــەکاران ... هتد، زیادەڕەوییەکی دیارو ئاشـــکرایە، شـــەفاعەتو تکا دراوەتە پێغەمبەران و چاکەکاران لـــە ڕۆژی دواییدا کاتێک مەرجی ڕێگەپێدانو ڕەزامەندی خوای گـــەورەی لەگەڵدا بێت، نەک پێدانێکی ڕەها، هەر لەبەر ئەوەشـــە ئەم شـــەفاعەتە هیچ پشـــکێکی بۆ موشریک تێدا نییە، ئەو فەرموودە دروســـتانەی کە لە مانادا متواترن هەروەکو نووســـەر دەڵێت؛ ئەوا گشـــتیان دەربارەی شەفاعەتی گەورەیە لە ڕۆژی دوایی نەک لە ژیانی بەرزەخیدا.

لە ژیانی بەرزەخیدا بۆ هیچ کەســـێک دروست نییە داوای شەفاعەت لە مردوو بکات، چونکە مردووەکان لە ژیانی بەرزەخیدا شـــەفاعەتیان بەدەست نییە، بەڵکو ناتوانن سودیشی لێ ببینن، چونکە ئەوان گەڕاونەتەوەو گەیشتون بەو کارو کردەوەیەی کە لە پێش خۆیاندا بەڕێیان کردووە.

پێغەمبەرﷺ کاتێک هەواڵی داوە کە دەبێتە تکاکار لە ڕۆژی دواییدا نەیفەرمووە لە ناو گۆڕەکەیدا شەفاعەتو تکا دەکات، هیچ بەڵگەیەکی نە دروستو نە لاواز لەســـەر ئەم بابەتە نییە، کاتێک خاوەنی کتێبی (مفاهیم) دەڵێت: ((هەروەکو فەرموودە دروســـتە متواتیرەکان لە ڕووی ماناوە باســـی لێوە دەکەن)) ئەم قسەیە بریتییە لە فێڵکردنو شـــاردنەوەی ڕاستییەکان لەسەر خەڵکی نەفامو نەزان، ئەم فەرموودانە لەســـەر شەفاعەتی ڕۆژی دواین نەک لەسەر ژیانی بەرزەخ، لەبەر ئەوە نووسەر وازی هێنا لە سەلماندنی قسەکەی بە بەڵگەوەو پەنای بردە بەر باسکردنێکی کورتو شاردنەوەی ڕاستیو پۆشینی، بۆ ئەوەی ئەو کەسەی زانیاری نییە پێی هەڵبخەڵەتێت، باشە بۆچی نووسەر هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ ناکات بە حەکەم، ئایا هیچ یەکێک لە دە هاوەڵەکان دوای مردنی پێغەمبەرﷺ داوای شـــەفاعەتیان کردووە، یان هیـــچ یەکێک لەو هاوەڵانەی

ئامادەی جەنگـــی بەدر بوون داوایان کردووە، یـــان ئەوانەی ئامادەی (بیعة الرضـــوان) بوون کەســـیان داوایان کرد، یان ئەوانـــەی حەجی مالّ ئاوایان لەگەڵ پێغەمبەرﷺ کرد یان هەر هاوەڵێکی تر کە خۆی حەزدەکات کامیان ئەم داوایەیان کرد، هیچ یەکێک لە هاوەڵان داوای شـــەفاعەتیان لە پێغەمبەرﷺ نەکردووە لە ژیانی بەرزەخیدا، بەڵکو لە ســـاڵی وشـــکە ســـاڵیدا چونە لای کەسێک داوای بۆ پارانەوەیان کرد کە پلەی لە پێغەمبەرﷺ نزمتر بوو، ئەمە إجماعێک لە ئەوانەوە ئەو کاتە.

سێیەم: ئەو ئایەتەی ســـورەتی الزمر: ﴿قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعًا﴾الزمر: ٤٤. بەرپەرچـــی هەموو ئەوانە دەداتەوە کـــە دڵیان بۆ لای جگە لە خوا دەچێت بە بیانووی شـــەفاعەتەوە، هەروەکو چۆن موشریکەکانی عەرەب وابوون لەگەڵ پەرستراوەکانیان، چونکە ئەوان باوەڕیان وابوو کە پەرستراوەکانیان تکایان بۆ دەکەن، خوای گەورە پێی ڕاگەیاندین کە شەفاعەت هی ئەوە، هیچ کەسێک هیچ پشکی نییە تێیدا.

ڕازی لە تەفســـیرەکەیدا دەڵێت: (٢٨٥/٢٦): ((بزانە کە بێباوەڕان لەسەر ئەم قســـەیە پرســـیارێکیان کردووە. وتویانە: ئێمە ئەم بتانە بۆیە ناپەرســـتین چونکە باوەڕمان وایە ئەوانە پەرســـتراوێکن سودو زیانیان بەدەستە، بەڵکو بۆیە ئێمە ئەوانە دەپەرســـتین لەبەر ئەوەی ئەمانە کۆمەڵە بتێکن کە لەسەر شێوەی کۆمەڵە کەسانێک دروســـتکراون کە لای خوا نزیک بوون، ئێمە بۆیە دەیانپەرستین تاکو ئەم گەورانە ببن بە تکاکار بۆمان لای خوای گەورە.

خـــوای گەورە وڵامی دانـــەوەو فەرمـــووی:﴿أَمِ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَ ۚ قُلْ أَوَلَوْ كَانُوا۟ لَا يَمْلِكُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَعْقِلُونَ ﴿٤٣﴾﴾الزمـــر: ٤٣، واتـــە ئایـــا ئەم موشـــریکـو هاوبەشـ بڕیاردەرانە جگە لە خوای گەورە پەرستراوەکانیان

کـــردووە بە تکاکاری خۆیان، ئەی پێغەمبەر پێیـــان بڵێ ئایا ئێوە داوای تکا لەم پەرســـتراوانەی خۆتان دەکەن لەکاتێکدا ئەوان هیچیان بەدەست نەبێتو هیچ تێنەگەن

ڕوونکردنەوەی وڵامەکە بەم شێوەیە دەبێت: ئەم بێباوەڕانە یان ئەوەتا ئومێدی شـــەفاعەتیان بەم بتانە بووە یان بەو زاناو خواناســـانەی کە ئەو بتانەیان لەسەر شێوەی ئەوان دروستکردووە.

<u>یەکەمیـــان بەتاڵەو بوونی نییە:</u> چونکە ئەم بێگیانانـــە کە بتەکانن هیچیان بەدەســـت نییەو لە هیچ تێناگەن، ئەی چۆن دێتە عەقڵەوە بتوانن شەفاعەت بکەن.

<u>دووەم بەتاڵەو بوونی نییە:</u> چونکە لە ڕۆژ دواییدا هیچ کەســـێک هیچ شتێکی بەدەســـت نییە، کەس توانای شـــەفاعەتکردنی نییە بە بێ ڕێگەپێدانی خوای گەورە. ئەو کاتە لە ڕاســـتیدا شەفاعەتکارەکە هەر خوا دەبێت بۆ خۆی، ئەو خوایەی کە ڕێگە دەدات بەو شەفاعەتی بکرێت. بۆیە مەژغوڵ بوون بە پەرستنی خوای گەورە لەپێشـــترە لە مەژغوڵ بوون بە پەرستنی جگە لە خوای گەورە)) إ.ە، خاوەنی کتێبی (مفاهیم) لە ل٧٨ – ٧٩ دا دەڵێت: ((چ تاوانێک لەوەدایە کە مرۆڤ داوای شـــتێک لە خاوەندارێک بکات کە هەیەتی بەتایبەتی ئەگەر بێتو داوالێکراو بەڕێز بوو، داواکاریش لە بارودۆخێکی وادابوو زۆر پێویستی بەو شتەبێت کە داوای دەکات)).

دەڵێم: ئەم قســـەیەی لەسەر ئەوە دروســـتکردووەو بیناکردووە کە شەفاعەت هەرچەندە مولکی خوایە کەچی بە پێغەمبەرانو چاکەکارانی بەخشیوە.

ئەم پێشـــەکییە موشـــریکەکانی عەرەب کردوویانەتە بەڵگە بۆخۆیان، ئەوان گومانیـــان وابوو کە خوای گەورە شـــەفاعەتی بەخشـــیوە بـــە پێغەمبەرانو

فریشتەکان بە شێوەیەک کە هیچ مەرجو قەیدێکی نەبێت، ئەمە خراپترین هەڵەیە لە تێگەیشتن، چونکە خوای گەورەو بەرزو پیرۆز لە ناوەکانیدا کەسی بە ڕەهایی نەکردۆتە خاوەنی شەفاعەت، بەڵکو هیچ کەسێک لای خوای گەورە شەفاعەت ناکات بەبێ دوو مەرج:

١. خوای گەورە ڕێگە بدات شەفاعەتکار شەفاعەت بکات.

٢. ڕازی بێت لەو کەسەی شەفاعەتی بۆ دەکرێت.

مەبەست بە ڕێگەپێدانی خوای گەورە لێرەدا ویستی کەونی نییە، واتە: ئەگەر خوای گەورە ڕێگە نەدات نابێتو ڕوونادات، بەڵکو هەر کەسێک ئەو گومانە بەرێت ئەوا وەکو گومانی موشریکانی بردووە ﴿ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكْنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا ﴾ الأنعام: ١٤٨ . واتە: ئەگەر خوا بیویستبایە ئەوا نە ئێمەو نە باوانمان شەریکو هاوەڵمان بۆ بڕیار نەدەدا، چونکە ئەوان دەیان وت ئەگەر خوای گەورە نەیوستبایە ئێمە شەریک بۆ ئەو بڕیار بدەین ئەوا لە ژێر دەسەڵاتو لە ناو مۆڵکی ئەودا ڕووی نەدەداو ڕێگەی نەدەدا بە بوونی.

مەبەست لێرە ئەوەیە کە پێغەمبەرو ﷺ چاکەکاران شەفاعەت تەنها بۆ ئەو کەسانە دەکەن کە خوای گەورە لە ڕۆژی دوایی ڕێگەی پێداوەو لە بیروباوەڕو وتەی ئەو کەسە ڕازی بێت.

بەڵام لە دونیاداو لەو کاتەی دەتوانن دوعاو پاڕانەوە بکەن شەفاعەت دەکەن بەو واتایەی داوا لە خوای گەورە دەکەنو لێی دەپاڕێنەوە، هەر کەسێک لە پێغەمبەران داوا بکات بە بێ ڕێگەپێدانی خوای گەورەو تکابکات بە بێ ئەوەی خوای گەورە ڕێگەی پێ دابێت ئەوا ڕەت دەکرێتەوە بەسەریداو شەفاعەتەکەی گیرا نابێت، ئەمە شتێکی ئاشکراو ڕوونە هەروەکو خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی ﷺ فەرموو کاتێک داوای لێخۆشبوونی بۆ مامی کرد: ﴿ مَا

كَانَ لِلنَّبِيِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن يَسْتَغْفِرُواْ لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوٓاْ أُوْلِى قُرْبَىٰ مِنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَٰبُ ٱلْجَحِيمِ ﴿١١٣﴾ ﴾التوبة: ١١٣.

واتە: پێغەمبەرو ئەوانەی باوەڕیان هێناوە بۆیان نییە داوای لێخۆشبوون بکەن بۆ هاوبەش بڕیاردەران باوەکو ئەو هاوبەشە بڕیاردەرانە خزمانی نزیکیشیان بن دوای ئەوەی زانییانو بۆیان ڕوون بۆوە کە ئەوان لە ئەهلی دۆزەخنو لەو کەسانەن دەچنە ناو دۆزەخ.

بە پێغەمبەرەکەی فەرموو: ﴿ ٱسْتَغْفِرْ لَهُمْ أَوْ لَا تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ إِن تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً فَلَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ ... ﴿٨٠﴾ ﴾التوبة: ٨٠، واتە: ئەی پێغەمبەر تۆ داوای لێخۆشبوون بکەی بۆ دووڕووەکان یان نەیکەیت؛ ئەگەر حەفتا جاریش داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکەیت ئەوا خوای گەورە هەرگیز لێیان خۆشنابێت.

ئەم ئایەتە سەبارەت بەو دووڕووانەیە کە دەیان وت: لا إله إلا الله محمد رسول الله لەگەڵ خەڵک و جیهادیشیان دەکرد، بەڵام ئەوان دڵسۆز نەبوونو بە تەنها کردەوەیان بۆ خوا ئەنجام نەدا بۆیە تووشی ئەم بارودۆخە بوونو داوای لێخۆشبوونی پێغەمبەری خوا ﷺ سودی بۆیان نەبوو.

لە ل٧٩ دا دەڵێت: ((ئایا شەفاعەت بریتی نییە لە نزاو پاڕانەوە. پاڕانەوەش ڕیگەپێدراوە، مرۆڤ توانای هەیە ئەنجامی بدات بەتایبەتی پێغەمبەرانو چاکەکاران لە ژیانداو لە دوای مردنیان لە ناو گۆڕداو لە ڕۆژی دواییدا، شەفاعەت بەخشراوە بەو کەسەی کە بەڵێنی لەگەڵ خوای پەروەردگار هەبێت، شەفاعەت لای خوای گەورە گیرایە بۆ هەموو ئەو کەسانەی لەسەر تەوحیدو یەک خوا پەرستی مردوون)) إ.ه، دەڵێم: ئەم ڕستەیە لە قسەی خاوەنی کتێبی (مفاهیم) شاردنەوەو هەڵەی لەخۆ گرتووە.

ئەوەی دەقی لەسەرەو باسکراوە ئەوەیە کە شەفاعەت واتە: داوای بۆ پاڕانەوە

داوا دەکرێت لە پێغەمبەری خواﷺ لە ماوەی ژیانیدا. هەروەها دەق هاتووە لەسەر داواکردنی شەفاعەت لە پێغەمبەرﷺ لە ڕۆژی دواییدا.

هیچ دەقێک لەسەر ئەوە نەهاتووە کە شەفاعەت لە پێغەمبەرﷺ داوا بکرێت لە ژیانی بەرزەخیدا، ئەو بەڵگانەی دڵنیاکەرەوەن لەسەر قەدەغەکردنی داوای شەفاعەت لە پێغەمبەرﷺ لە ژیانی بەرزەخیدا:

فەرموودەکان سەبارەت بە ژیانیو بە ڕۆژی دوایی دەدوێن، ئەگەر هاتبایە داواکردنی شەفاعەت لە پێغەمبەرﷺ لە ماوەی ژیانیدا شەرعی بووایە ئەوا نەدەبوو باسی ماوەی ژیانی پێغەمبەروﷺ ڕۆژی دوایی بکرابایە.

کاتێک ئاوا بوو ئەوا دەزاندرێت کە جۆری دووەم لە ژیان کە ژیانی بەرزەخییە پێچەوانەی پێش خۆیو پاش خۆیەتی، هەروەها بە بەڵگەی ئەوەی هاوەڵان ئەمەیان نەکردووە دوای مردنی پێغەمبەرﷺ، کەواتە ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەم شەفاعەتە لە مردووان داوا ناکرێت، ئەمە بەڵگەیەکی کورتە.

بەڵام وڵامدانەوەی درێژ بەم شێوەیە دەبێت، دەوترێت: قسەی نووسەر کە دەڵێت: پاڕانەوە ڕێگەی پێدراوەو مرۆڤ توانای ئەنجامدانی هەیە.

ئەم قسەیە ڕاست نییە کاتێک بەرامبەر ژیانو مردن بکرێت، ئەگەر بێتو داواکار زیندو بێتو توانای هەبێت ئەوا دروستە، بەڵام دوای مردنی کارەکە بەم شێوەیە نییە، پێغەمبەری خواﷺ قەدەغەیکردووە گۆڕەکەی بکرێتە مزگەوت، پێغەمبەری خواﷺ لەو فەرموودەیەی کە عائیشەو ئیبن عباسو ئەبو هورەیرە گێڕاویانەتەوە فەرموویەتی: ((لەعنەتی خوا لە جولەکەو گاورەکان بێت، ئەوان گۆڕی پێغەمبەرانیان کرد بە مزگەوت)) پێغەمبەرﷺ خەڵکی لە کرداری ئەوان ئاگادار دەکردەوە.

عائیشە فەرمووی: ئەگەر وا نەبووایە گۆڕی پێغەمبەرﷺ بە دیار دەخرا بەڵام

مەترسی ئەوەی لە ئارادا بوو کە بکرێتە مزگەوت. ئەم فەرموودەیە (متفق علیه)، فەرموودە لەو مانایە زۆرن.

ئەوەی مەبەستە لێرە ئەوەیە کە ئەو لەعنەتە بۆ ئەو کەسەیە کە گۆڕ دەکاتە مزگەوت، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە مزگەوت بۆ ئەوەیە نزاو پاڕانەوەی لێ بکرێت، گەورەترین جۆرەکانی پاڕانەوە نوێژە، (الصلاه) لە زمانی عەرەبیدا بە مانای نزاو پاڕانەوە دێت، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ ..وَصَلِّ عَلَيْهِمْ ۖ إِنَّ صَلَوٰتَكَ سَكَنٌ لَّهُمْ ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿١٠٣﴾ ﴾التوبة: ١٠٣ . واتە: داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکە چونکە داوای لێخۆشبوونی تۆ بۆیان دەبێتە مایەی ئارامیو کامەرانی بۆ ئەوان.

ئەعشا لە شیعرە بە ناوبانگەکەی دەڵێت:

تقولُ بنتي وَقدْ قَرَّبتُ مُرتحِلاً

يا ربَ جَنِّب أبي الأوْصَابَ والوجعا

عليكِ مثلَ الذي صليت فاغتمضي

نوماً، فإنَّ لجنبِ المرءِ مضطجَعا

ئەو وتەیەی ئەعشا کە دەڵێت: (صلیت) واتە: نزاو پاڕانەوەت کرد، شیعر لەسەر ئەم مانایە زۆرە، نوێژ هەمووی نزای پەرستنو داواکردنە، هەر کەسێک ئەم دوو جۆرەی نزا نەزانێت ئەوا سەرکەوتوو نابێت بۆ تێگەیشتن لە ئایەتەکانی نزا، ئەگەر بێتو مزگەوتەکان بۆ ئەوە بن کەنزایان بۆ خوای گەورە تێدا ئەنجامبدرێت کەواتە لەعنەتکردن لەو کەسانەی کە گۆڕی پێغەمبەران دەکەنە مزگەوت واتە: قەدەغەکردنی پاڕانەوەو نزایە لای گۆڕەکانو ئەو کەسانەی لەوێ نزاو دوعا دەکەن، ئەم قەدەغەکردنە بە شێوەیەکی تونده لە لایەن خواوە، ئەگەر بێتو ئەو کەسەی لای گۆڕ داوا بکات بەم شێوەیە بێت لە

کاتێکدا ئەو تەنها داوای لە خوا کردووە، ئەی دەبێت ئەو کەسە حاڵی چۆن بێت کە لە مردووەکە دەپارێتەوە دوعای بۆ بکات، زیندوو کاتێک چووی بۆلای و داوای پارانەوەت لێکرد ئەوا دروستە.

بەڵام هەرکاتێک داوات لە مردو کرد بۆت بپارێتەوە ئەوا شەریکو هاوەڵدانانە بۆ خوای گەورە. لەبەر ئەوە پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووەو قەدەغەی کردووە گۆڕەکان بکرێن بە مزگەوت، هەروەها نەهیکردووە لای گۆڕەکان نزا بکرێتو نوێژ بکرێت، هەورەها نەهیکردووە لە هاوشێوەی ئەمانەش لەو شتانەی هۆکارن بۆ شیرک، ئەمە سەرەڕای دڵسۆزی داواکار لە نزاکەیدا، بەڵکو لەبەر ئەوە چووە بۆ لای گۆڕ لەبەر ڕێزو شکۆداری ئەو کەسەی لەناو گۆڕەکەدایە، هەروەها لەبەر ئەوەی پێی وایە شوێنەکە پیرۆزە، ئەمە بەشێکە لەو شتانەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەعنەتی لێکردووە، هەروەها ئەو کەسە لە مرۆڤە خراپەکانە (کاتێک ئەم کارە بکات)، چونکە مزگەوتەکان بۆ ئەوە دروستکراون تاکو خواپەرستی تێدا بکرێت نوێژو نزاو یادی خوای گەورەی لەناودا بکرێت، کاتێک (ئەمەت زانی) سەیری تێگەیشتنی خەلیفەی ڕێنمایی کراو بکە (عومەری کوڕی خەتتاب) لەو فەرموودەیەی کە بوخاری تەعلیقی کردووە لە (صحیح البخاری) دا: عومەر چاوی بە ئەنەسی کوڕی مالیک کەوت نوێژی لای قەبرێک دەکرد عومەر پێی فەرموو گۆڕەکە گۆڕەکە، ئەنەسی ئاگادار دەکردەوەو فێری دەکرد کە لە نزیک شوێنی نوێژەکەیدا گۆڕێک هەیە. ئەگەر هاتبایە مردوو توانای پارانەوەی هەبایە، ئەگەر هاتبایە پێغەمبەری خوا ﷺ لە دەستی هاتبایە بۆ ئەو کەسە بپارابایەوە دوای مردنی کە داوای پارانەوەی لێدەکاتو توانای پارانەوەی هەبوایە هەروەکو چۆن لە ژیانیدا توانای هەبوو کەواتە لەبەر چ واتایەک پێغەمبەر ﷺ قەدەغەیکردووەو

نەهیکـــردووە گۆڕەکەی بکرێتە مزگەوت، مســـوڵمانان داوای پاڕانەوەیان لە ئەو دەکرد، پێغەمبەر ﷺ لە کاتی ژیانیدا بۆیان پاڕاوەتەوە، ئەگەر هاتبایە پاڕانەوە لـــە پێغەمبەر ﷺ بـــەردەوام بوایەو لە توانایـــدا بوایە بپاڕێتەوە ئـــەوا قەدەغەی نەدەکرد گۆڕەکەی بکرێتە مزگـــەوت، ئەمە هۆکاری گەورەیە بۆ شـــەریک دانانی گەورە بۆ پـــەروەردگاری پەروەردگاران، ئەوەش بەهۆی داواکردنی نزاوەیە لە مردووان و هانا بردنە بۆیان و هاوشێوەی ئەمانە.

دووەم: دەوترێـــت: ئەگەر داوای بۆ پاڕانەوە لـــە پێغەمبەران کاتێک مردوون دروســـت بێتو بشـــتوانن نزا بکەن ؛ باشە لەبەر چ مەبەســـتێکو هۆکارێک هاوەڵان داوای نزایان لە پێغەمبـــەر ﷺ نەکرد، بەڵکو چوون بۆلای عەباس، لەکاتێکدا ئەوان لە هەموو ئوممەت شـــارەزاتر بـــوون و لە هەموویان زیاتر مەبەستیان خێر بووە.

سێیەم: شـــەهیدەکانی ئوحود کە پلەو پایەو چاکەکاریان دیارو ئاشکرا بووە بۆ هەموو کەســـێک لەو سەردەمەدا؛ لەگەڵ ئەوەشدا هیچ یەکێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بە مەبەســـتی داواکردنی نزا نەچوون بۆ سەر گۆڕەکانیان دوای مردنیـــان، لەکاتێکدا ئەوان لە ژیانی بەرزەخیـــدا زیندوون بە دەقی قورئان: ﴿ وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتًۢا ۚ بَلْ أَحْيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴿١٦٩﴾ فَرِحِينَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ وَيَسْتَبْشِرُونَ بِٱلَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُوا۟ بِهِم مِّنْ خَلْفِهِمْ أَلَّا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿١٧٠﴾ يَسْتَبْشِرُونَ بِنِعْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضْلٍ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٧١﴾ ﴾ آل عمران: ١٦٩ – ١٧١، واتە: هەرگیز گومانتان وا نەبێت کە ئەوانەی لە پێناوی خوای گەورەدا دەکوژرێن مردوون؛ بەڵکو ئەوان لای پەروەردگاریان زیندوونو رزقو ڕۆزی دەدرێن، ئەوان بەو نازو نیعمەتەی خوای گەورە پێی بەخشـــیون دڵخۆشن و شادومانن بەبرا تێکۆشەرەکانیان کە

هێشـــتا بە ئەوان نەگەیشـــتوون (چونکە دەزانن ئەوانیش وەکو ئەوان شەهید دەبـــنو دێنە ناو ئەونازو نیعمەتەی ئەوانی تێدان) هەروەها ئەگەر براکانیان شـــەهیدکران هیچ ترس و بیمێکیان لەسەر نابێتو تووشی ناخۆشی نایەن، ئەوان دڵخۆشو کەیف ســـازن بەو نازو نیعمەتـــەی لە لایەن پەروەردگاریان پێیـــان دراوە، خوای پەروەردگار هەرگیز پاداشـــتی بـــاوەڕداران بزر ناکاتو بـــە زایەع نادات، باشـــە بۆچی ئەو هاوەڵانە وازیان هێنـــا لە داواکردن لەم شەهیدانە، بەڵکو هاوەڵان بۆ ئەوان دەپاڕانەوە، نەک داوای نزایان لێ بکەن، لەکاتێکدا ئـــەوان بە دەقی قورئانی پیرۆز زیندوون، بەڵام ژیانی ئەوان وەکو ژیانی ئێمە نییە لەسەر زەوی.

کەواتە ئێمە لـــەوەوە دەزانین کەئەوان ئەگەر چی زیندو بن لە ناو بەرزەخدا ئێمەی نازانین چۆنەو جیاوازیشـــە لەو شـــتانەی ئەوان توانایان لەســـەری هەبوو لە ژیانی دونیادا، ئەمە لێکۆڵینەوەیەکی بەسودە بۆ ئەو کەسانەی بۆ کەسێک لێی وردبێتەوە، سوپاس بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان.

چوارەم: مسلم لە کتێبەکەیدا (صحیح مسلم ١٨٩/٧) لە عومەری کوڕی خەتتابی گێڕاوەتـــەوە کەفەرموویەتی: من گوێم لـــە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو فەرمووی: ((إن خير التابعين رجل يقال له أويس، وله والدة وكان به بياض، فمروه فليستغفر لكم))، واتە: باشترینی تابعینەکان پیاوێکە پێی دەڵێن ئوەیس، ئەم پیاوە دایکێکی هەیەو پەڵەیەکی سپی پێوەیە، داوای لێبکەن با داوای لێخۆشبوونتان بۆ بکات، هەروەها موســـلیم گێڕاویەتییەوە کە عومەر بە ئوەیســـی فەرموو کاتێک پێی گەیشت: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو فەرمووی: ئوەیسی کوڕی عامر دێتە لاتان ... (پاشان وتی): ئەگەر ئەم پیاوە سوێند لەسەر خوا بخوات ئەوا خوا سوێندەکەی دێنێتە جێ، ئەگەر توانیت ئەو داوای لێخۆشبوونت بۆ

بکات ئەوا وابکە. ئینجا ئیمامی عومەر فەرمووی: داوای لێخۆشبوونم بۆ لە خوای گەورە بکە.

تێگەیشتن لەم فەرموودە (صحیح)ە ئەوەیە کە پێغەمبەرﷺ عومەری ڕێنمایی کرد بۆ ئەوەی داوای نزا لە ئوەیس بکات کە تابعی بوو، باشە پلەو پایەی ئوەیس لەکوێی پلەوپایەی پێغەمبەری خوایەﷺ پێغەمبەری خواﷺ ڕێنماییکرد کە داوا لە کەسێک بکات کە خەڵک هەیە لەو گەورەترو بەڕێزترنو واز لە داواکردن لە گۆڕی باشترین کەس بهێنێت، ئەمە بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوەی کە جیاوازییەکە بریتییە لە گۆڕانی جۆری ژیان، هەروەها ئەو توانایەی کە زیندو هەیەتی لەسەر نزاکرن بۆ ئەو کەسەی داوای نزای لێدەکات، بە پێچەوانەی ئەو کەسەی کە ژیانەکەی بەرزەخییەﷺ، بۆیە وردبەرەوە، قسەی خاوەنی کتێبی (مفاهیم) کە دەڵێت: ((بەتایبەتی پێغەمبەرانو چاکەکاران لە ژیانداو دوای مردنیان لە ناو گۆڕداو لە ڕۆژی دواییدا، شەفاعەت دراوەتە ئەو کەسەی بەڵێنی لەگەڵ خوادا هەبێت)).

دەڵێم: پێشتر لە خاڵی دووەم و سێیەم کۆمەڵێک زانیارمان باسکرد کە دەبن بە وڵام بۆ ئەم قسە نادروستە کە پێچەوانەی شەریعەتی پێغەمبەر (ﷺ)ە.

لێرەدا شتێک دەمێنێتەوە ئەویش ئەوەیە کە بوترێت:

کاتێک دەڵێت: ((دوای مردنیان لە ناو گۆڕدا)) ئەمە شتێکە ناتوانێت هەرگیز یەک بەڵگەشی لەسەر بهێنێت، بەڵکو موشریکەکان لەسەردەمی نەفامیدا ئەو بتانەی هەیان بوون لە سەر شێوەی کەسانی چاکەکار دروستیان کردبوون، هەروەها لەسەر گۆڕەکانیان تەنها داوای شەفاعەتیان لێیان دەکرد.

موشریکەکان هەرگیز حەجیان بۆ بتەکانیان نەدەکردو خێریان بۆیان

نەدەکرد، بەڵکو ئەوان لەو بتانە دەپارانەوە کە لەسەر شێوەی پیاوچاکان دروستکرابوون، یان لەو بتانە دەپارانەوە کەلەسەر گۆری پیاوچاکانیان داندرابوون، ئەوان دوو هەڵوێستیان هەبوو لەگەڵ بتەکانیان:

یەکەم: لەکاتی خۆشیدا: ئەوان هەندێک کات داوایان لێدەکردن بۆیان بپارێنەوە هەندێک کاتی تر داوایان لە خودی خۆیان دەکرد، ئەوان پێیان وابوو کە گیانی ئەو کەسەی بتەکەی لەسەر شێوە دروستکراوە گوێبیستی پارانەوەیەو بۆیان دەپارێتەوەو ولامیان دەداتەوەو ئەو شتەی دەیانهەوێت بۆیان جێبەجێ دەکات. بۆیە ئەوان داوای هێنانی خێرو بەرەکەتو زیادکردنو بەرەکەتدارکردنی سامانو بەردەوامکردنی خۆشیەکانیان لێدەکردن، ئەمەش بارودۆخی ئەوان بوو لە کاتی خۆشیدا کە لەدەوری داواکردنی نزا لە بتەکان یان پارانەوە لە خودی بتەکان دەسوڕایەوە، بارودۆخو گوفتاریان بەم شێوەیە بوو: ﴿مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ﴾ الزمر: ٣ . واتە: ئێمە بۆیە ئەم پەرستراوانە دەپەرستین تاکو بۆمان لە خوا بپارێنەوەو تکاو شەفاعەتمان بۆ بکەن لای خواو لە خوا نزیکمان بکەنەوە.

بۆ ولامدانەوەی بتەکانو گیرابوونی نزاکانیان پشتیان دەبەست بە نەزرکردن بۆیانو بردنی قوربانی بۆ سەر شوێنی دیاریکراویان کەشوێنێکی بەرز بوو قوربانییان لەسەر دەکرد، لەو کاتەدا قوربانییەکان بە ناوی بتەکان دەکرانو جنۆکەکان هەندێک جار ولامی داواکانیانی ئەوانی دەدایەوە، لەو کاتەدا پێیان وابوو کە ئەو کەسەی ئەوان داوای لێ دەکەنو بانگی دەکەن هەر ئەوە ولام دەداتەوە.

دووەم: لە کاتی ناخۆشیو نارەحەتیدا: خەڵکی سەردەمی نەفامی لە کاتی ناخۆشیو نارەحەتیدا پەنایان دەبرد بەر خوای گەورەو دڵسۆزی خۆیان

بۆی نیشـــان دەداو بە تەنها هاواریان دەکردە ئەو، هەروەکو خوای گەورە لە بارەیانەوە فەرموویەتی: ﴿ فَإِذَا رَكِبُوا۟ فِى ٱلْفُلْكِ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾ العنكبـــوت: ٦٥، واتە: کاتێک بێباوەڕو موشریکەکان سواری کەشـــتی دەبوون – مەترسی نقوم بوونیان هەبوو – بە تەنهاو بە دڵسۆزییەوە هاواریان دەکردە خوا، هەر کاتێک دەگەیشتنەوە سەر وشکانی دەستیان دەکردەوە بە هاوبەشو شەریک دانان بۆ خوا، جگە لەمەش چەندین ئایەتی تر هەیە لەسەر ئەم بابەتە.

ئەمە بەڵگەیە لەســـەر ئەوەی کە خوای گەورە لـــە ناو دەروونو دڵی ئەواندا گەورەتـــر بوو لە بتەکانیـــان، چونکە دەیانزانی کە خـــوای گەورە لە کاتی ناخۆشـــیو نارەحەتیدا تەنها بە هۆی ئیخلاصو دڵسۆزییەوە وڵامی داواکار دەداتەوە، هەروەها دەبێت ڕووی دوعاو نزا – کە ئەویش جۆرێکی پەرســـتنە – بکرێتە خوای گەورە.

بە گشـــتی (ئەوەی لێرەدا مەبەستە بووترێت ئەوەیە کە) هەر کەسێک داوا لە مردووی ناو گۆڕ بکات تاکو نزای بۆ بکات بۆ لادانی ناخۆشـــی لەسەری ئەوا ئەو کاتە ئەم مرۆڤە هەستاوە بە بەخشینی مافی ڕەهای خوای گەورە بۆ ئەو کەسەی کە مردووەو لە ناو گۆڕەکەدایە.

ڕوونکردنەوەی ئەمە بەم شـــێوەیە دەبێت: هەر کەســـێک تووشی ناخۆشیو نەهامەتیـــەک دەبێتو ناچار بـــوو داوای لادانی بکات، ئـــەو کاتە لە دڵیدا ئەوەندە پەیوەســـت بوون دروست دەبێت بەو کەسەی داوای لێدەکاتو خۆشی ویســـتووەو ئومێدی پێیە کە وای لێدەکات ئەو کەسەی داواکەی لێدەکات زۆر بە گەورەی بزانێت، ئەمەش ناکرێت بکرێت تەنها بۆ خوای گەورە نەبێت، جا کاتێک خۆشەویستیو ئومێد بوون ببنە مایەی وڵامدانەوەی پارانەوە، هەروەها

داوای لادانی ناخۆشیو خەفەتو ناڕەحەتی کرا لە جگە لە خوای گەورە (لە گۆڕی پێغەمبەرانو پیاوچاکان) ئەو کاتە هیچ شتێک لە دڵدا نامێنێت پێی بوترێت هۆگربوون بە خوای گەورە، دەی کوا ئەو خۆشەویستییەی کە نابێت بۆ هیچ کەسێک بێت جگە لە خوای گەورە.

هەر کاتێک ئەم خۆشەویستییە بەخشرا بە مرووان ئەوکاتە بەو شێوەیە دەبێت کە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ۗ ... ﴿١٦٥﴾ ﴾ البقرة: ١٦٥، واتە: هەندێک خەڵک بت دەکەن بە شەریکی خوا، خۆشەویستیان بۆ ئەو بتانە ئەوەندە زۆرە هەر وەکو خۆشەویستی (بڕوادارانە) بۆ خوای گەورە، (بەڵام) ئەوانەی بڕوادارن خۆشەویستیان زیاترە بۆ خوا (هەرگیز موشریکەکان بە ئەندازەی بڕواداران پەرستراوی خۆیان خۆشناوێت، چونکە باوەڕداران خۆشەویستییان تەنها بۆ خوایە بە دڵسۆزی، بەڵام موشریکەکان لەو خۆشەویستییەی پێویستە تەنها بۆ خوا بێ شەریکیان بۆ خوا داناوەو شتێکی تریان کردۆتە هاوەڵی خوای گەورە).

سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە خۆشەویستانی پێغەمبەرەکەیﷺ ڕێنمایی کردووەو سەرخستووە بۆ ئەوەی شوێنی بکەونو بە گوێرەی ڕێنمایی ئەو بجوڵێنەوەو وەکو ئەو بپارێنەوەو کارو کردەوەی باش بکەن و لە حەرام و خراپە دووربکەونەوە.

هەروەها خوای گەورە ویستوویەتی کۆمەڵە کەسانێک سەرشۆڕ بکات لە دروستکراوەکانی بە هۆی ئەوەی وازیان لە ڕێبازی پێغەمبەرﷺ هێناوە لە چۆنییەتی ئەنجامدانی کاری باشەو وازهێنان لە خراپەو بە باشیان دانەناوەو تووشی چەندین کوێرە ڕێ بوونەو بە هۆیەوە تووشی پارچە پارچەییو

سەرگەردانی بوون. ﴿قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُمْ بِالْأَخْسَرِينَ أَعْمَالًا ﴿١٠٣﴾ الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا ﴿١٠٤﴾﴾ الكهف: ١٠٣ – ١٠٤.

واتە: ئەی پێغەمبەر خەڵک ئاگادار بکەرەوەو پێیان بڵێ: ئایا پێتان بڵێین کێ لە هەموو خەڵک زیاتر لە کارو کردەوەکانیان بێ دەستمایەو ڕەنجەڕۆ دەبن؟ ئەوانەن کە لە دونیادا کردەوەکانیان لە دونیا هەڵوەشاوەتەوەو بێ بایەخ بوون (بە هۆی ئەوەی لەسەر ڕێبازی پێغەمبەران نەبوونو کردەوەکانیان باش نەبوون) لە کاتێکدا پێیان وابوو کە کردەوەی باش ئەنجام دەدەن.

شەیتان سورە لەسەر بەلاڕێدابردنی نەوەی ئادەم، بۆلای هەر کەسێک بەو شێوەیە دێت کە گونجاوە بۆی، ، دێت بۆلای ئەو کەسەی خۆی دەداتە پاڵ زانستو زانیاری؛ بەهۆی زاسنەکەیەوە گومڕای دەکات، فێڵو فرتەکانی شەیتان زۆر دیارو ئاشکران، ئەو گومانانانەی دەیانخاتە دڵی مرۆڤە دۆستەکانی ڕووخێنەرو بەهێزن، لا حول ولا قوة إلا بالله.

نووسەر لە ل٨٠ دا دەڵێت:

((ئەگەر بێتو دروست بێت داوای شەفاعەت لە مردوو بکرێت لە دونیا پێش دواڕۆژ ئەوا مانای وایە کە داواکار ئەم شەفاعەتەیە بەدەست دەهێنێت بە ڕاستی لە شوێنی خۆیدا لە ڕۆژی دواییدا، ئەمە دوای ئەوەی خوای گەورە ڕێگە دەدات بە تکاکاران تاکو تکا بکەن نەک ئەو کەسە هەر لێرە (واتە لە دونیا) بە دەستی بهێنێت پێش هاتنی وادەی خۆی)). إ.ە.

دەڵێم:

یەکەم: ئەمە مەبەستی ئەو کەسانە نییە کە داوای شەفاعەت لە پێغەمبەرﷺ دەکەن لە دونیادا، بەڵکو مەبەستی ئەو کەسەیە ئەوەیە ئێستا شەفاعەتەکەی بۆ بکات، خاوەنی کتێبی (مفاهیم) موراوەغە لەگەڵ خۆیدا دەکات، هەروەها

قســـەکانی دژ بەیەکن، باشە کە ئەمە مەبەستی خاوەنی کتێبی (مفاهیم)ە ئەی بۆچی ئەوەندە باســـەکەی درێژکردەوە لە بابەتی فەرموودەکەی عوســـمانی کوڕی حەنیف کە فەرموودەیەکی ناپەســـندەو لاوازەو بـــاس لەوە دەکات کە عوسمان ولّامدانەوەی بۆ کەسەکە دوا کەوت.

ئایا (خاوەنی کتێبی مفاهیم) گومانی وا نەبوو کە شەفاعەتەکەی پێغەمبەرﷺ بۆ ئەم پیاوە بۆ دونیایە بوو، ئەی بۆچی فەرموودەکەی(العتبی) باسکرد، لای ئێوە داواکردنی شەفاعەت لە پێغەمبەرﷺ گیرایە لە دونیا.

ئەی بۆچی هەموو قســـانەی باسکردن پێشـــتر ئاماژەت پێکردنو باسکردن، تۆ مەبەســـتت بەم قســـانە ئەوە بوو داواکردنی شەفاعەت لە پێغەمبەرﷺ لە دونیا بە ڕەوا دابنێیت، هەروەها ویستت بە هۆی باسکردنی ئاکامەکانی داوای شـــەفاعەتکردن لای خەڵک ئەم کارە خۆشەویست بکەیت، بۆچی هەموو ئەم شـــتانەیکرد خاوەنی کتێبی (مفاهیم)؟، بۆچی قســـەکانی پێچەوانەی یەکترن لەنـــاو چەند پەڕەیەکی نزیک لە یـــەک، ئایا ئەم پیاوە لە بیری دەچێت یان لەبیر خۆی دەباتەوە یاخود خاوەنی هەواو ئارەزووە.

دووەم: دەوترێت: ئەگەر ئێوە – ڕاست دەکەن – مەبەستان داواکردنی شەفاعەتی ڕۆژی دواییە ئەی بۆچی شوێن ئەو ڕێبازە مەشروعو دروستانە ناکەون کە ئەو کەسەی شەفاعەتی پێدراوە ﷺ داینـاوە .

یەکێک لەو هۆکارانە داواکردنی (الوســـیلە) لە خوای گەورە بۆ پێغەمبەرﷺ هەروەکـــو لە فەرموودەکەی جابری کـــوڕی عبدالله دا هاتووە کە پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی: ((من قال حين يسمع النداء؛ اللهم إرب هذه الدعوة التامة والصلاة القائمة آت محمداً الوسيلة والفضيلة، وابعثه مقاماً محموداً الذي وعدته، حلت له شفاعتي يوم القيامة)) صحيح البخاري. واتە: هەرکەســـێک لە

کاتی بیستنی بانگدا بڵێت: ئەی خوای پەروەردگاری ئەم بانگەوازییە تەواوە - کە بریتی یە لە یەکخوا پەرستی - ئەی خوای پەروەردگاری ئەم نوێژە بەردەوامە - کە هەرگیز گۆڕانی بەسەردا نایەت - پلەی الویسلة - کە بەرزترین پلەی بەهشتە - هەروەها الفضیلە - کە تەواوێتییە لە هەموو شتێکدا- ببەخشی بە پێغەمبەر ﷺ ، هەروەها پێغەمبەرﷺ بگەیەنە بە پلەی محمود - واتە: سوپاسکراو لە لایەن خواو دروستکراوەکانی - کە تۆ پەیمانت پێدابوو بیگەیەنیتە ئەم پلەیە. پێغەمبەرﷺ فەرمووی: هەر کەسێک ئەمە بڵێت بەر شەفاعەتو تکای من دەکەوێت لە ڕۆژی دواییدا.

لە (صحیح مسلم: ٤/٢) دا دەفەمەرموێت: ((من سأل لي الوسیلة حلت له الشفاعة))، واتە: هەرکەسێک داوای پلەی (الوسیلە)م بۆ لە خوای گەورە بکات ئەوا بەر شەفاعەتی من دەکەوێت لە ڕۆژی دواییدا.

هەروەها لە فەرموودەیەکدا بە ئەبو هورەیرە دەفەرموێت: ((أسعد الناس بشفاعتي یوم القیامة من قال: لا إله إلا الله خالصا من قلبه أو نفسه))[٣٩]، واتە: بەختەوەرترین کەس بە شەفاعەتی من لە ڕۆژی دواییدا ئەو کەسەیە وتبێتی: لا إله إلا الله بە دڵسۆزییەوە لە دڵییەوە[٤٠] .

ئیخلاصو دڵسۆزی بریتییە لە وازهێنان لە شیرکو بە تەنها پەرستنی خوای گەورە، هەروەکو لە فەرموودەیەکی تری ئەبو هورەیرەدا هاتووە: ((إني اختبأت دعوتي شفاعة لأمتي یوم القیامة، فهي نائلة - إن شاء الله - من مات لا یشرك بالله شیئا)). متفق علیة.

واتە: من پاڕانەوەکەی خۆم هەڵگرتووە بۆ ئوممەتەکەم بۆ ڕۆژی دوایی، ئەم پاڕانەوەیە بۆ ئەو کەسە دەبێت کە مردووەو هیچ شەریکی بۆ خوای گەورە بڕیار

٣٩) البخاري: ١٩٣/١.

٤٠) ئەم فەرموودەیە لە صحیح البخاری ومسلم جیاوازییەکی کەمی لەگەل ئەمەدا هەیە.

نەدابێت، بەمەو هاوشـــێوەی ئەمە داوای شەفاعەت لە خوای گەورە دەکرێت، با ئەوانەی یەکخواپەرســـتن بە وازهێنان لە شەریک دانانو دەستەبەرکردنی یەکخواپەرستی شەفاعەت بەدەست بێنن، هەروەها با بە داواکردنی (الوسیلە) بۆ پێغەمبەرﷺ لە خوای گەورە شەفاعەت بە دەست بێنن، ئەو مسوڵمانانەی یەکخواپەرستنو ڕقیان لە شەریک دانان بۆ خوای گەورە دەبێتەوە، هەروەها هاوەڵانو شـــوێنکەوتووانیان هەرگیز داوای شەفاعەت لە گۆڕی پێغەمبەرﷺ ناکـــەن تاکو ڕۆژی دوایـــی بەڵکو بە هۆی بەڵگەکانی قورئانو ســـوننەتەوە دەزانن کە هەر کەسێک داوای شەفاعە لە پێغەمبەرﷺ بکات دوای مردنی ئەوا شایستەی ئەوەیە بەرشەفاعەتی ئەو نەکەوێت، ئەی بەندەکانی خوا هەمیشە ئـــەو هۆکارە دروســـتە بەکاربهێنن بۆ داواکردنی شـــەفاعەت لە پێغەمبەرﷺ لـــە ڕۆژی دوایی کە دروســـتەو ڕێگەپێـــدراوە، دووربکەونەوە لەو شـــتانەی پێغەمبەروﷺ هاوەڵە نزیکەکانی ئەنجامیان نەداوە، ئەگەر بێتو ئێمە داوای شـــەفاعەت لە پێغەمبەرﷺ نەکەین ئەوا جگە لە پێغەمبەرﷺ لە پیاوچاکانو چاکەکاران ئەولاترو لەپێشـــترن بۆ ئەوەی داوایان لێنەکرێت، بەڵگە لەسەر ئەو زانیاریانەی خرانەڕوو زۆرو بەرچاون، بەڵکە تۆ دڵنێکت دەســـتبکەوێت کـــە ڕێنمایی کراو بن، هیچ هەواو ئارەزوویەک تووشـــیان نەهاتبێت، بۆیە پێویستە مسوڵمان بەرچاو ڕۆشن بێتو شوێنکەوتەی پێغەمبەرﷺ بێت.

ســـێیەم: دەوترێت: شـــەفاعەتی پێغەمبەرﷺ لە ڕۆژی دواییدا لە دونیا داوا ناکرێت بەتایبەتی کاتێک ئەو مردووە. بەڵکو لە کاتی پێویستیدا داوادەکرێت؛ لەو کاتەی کە پێغەمبەرﷺ لە ژیانی دواڕۆژیدایەو لەو کاتەی بارودۆخی ئەو کەسانەی لە مەحشەر وەستاون زۆر ناخۆش دەبێت هەروەکو لە فەرموودەی صحیح دا هاتووە، ئەو کاتەی کە خەڵکی بەهەشت دەیانهەوێت بچنە بەهەشت.

ئەو کاتەی ئەو کەسانەی تاوانی گەورەیان کردووە لە ئوممەتی پێغەمبەرﷺ دەچنە ناو دۆزەخ یان فەرمان دەکرێت بە خستنە ناو ئاگریان، هەروەکو دەقە دروستەکان ئاماژە بەو ڕاستییە دەکەن. بەڵام داواکردنی شەفاعەت لە ئێستادا ئەوا داواکردنییەتی لە پێش هاتنی وادەی خۆیدا. هەر کەسێک داوای شتێک بکات بەر لە هاتنی وادەی خۆی سزا دەدرێت بە لەدەستدانی شتەکە، خاوەنی کتێبی (مفاهیم) لە ل٩٢ دا لە میانەی وڵامدانەوەو بەرپەرچدانەوەی ئەو (ئەهلی سوننەو جەماعەتانە)ی جیاوازی دەکەن لەنێوان ئەو شتانەی خوای گەورە توانای لەسەری داوە بە بەندەکەی خۆیو ئەو شتانەش کە توانای لەسەریان نییە لە ژیانی بەرزەخیدا دەڵێت:

((با ئێمە باسەکە کورتبکەینەوە لەسەر ئەم پرسیارە: ئایا ئەوان باوەڕیان وایە کە شەهیدەکان لای پەروەردگاریان زیندوون هەروەکو قورئان ئەمەی باسکردووە یان نا؟ ئەگەر ئەوان باوەڕیان بەمە نەبێت ئەوا ئێمە هیچ قسەیەکمان نییە لەگەڵیان لەبەر ئەوەی ئەوان قورئانیان بەدرۆخستۆتەوە چونکە قورئان دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقُولُوا لِمَن يُقْتَلُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتٌ ۚ بَلْ أَحْيَاءٌ وَلَٰكِن لَّا تَشْعُرُونَ ﴿١٥٤﴾﴾ البقرة: ١٥٤، واتە: هەرگیز بەو کەسانەی لە پێناو خوادا دەکوژرێن مەڵێن مردوون، بەڵکو ئەوان زیندوون بەڵام ئێوە هەستیان پێناکەن... ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا ۚ بَلْ أَحْيَاءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴿١٦٩﴾﴾ آل عمران: ١٦٩ ، واتە: هەرگیز گومانتان وا نەبێت کە ئەوانەی لە پێناوی خوای گەورەدا دەکوژرێن مردوون؛ بەڵکو ئەوان لای پەروەردگاریان زیندوونو ڕزقو ڕۆزی دەدرێن، ئەگەر باوەڕیان بەمە هەبێت ئەوا پێیان دەڵێین: پێغەمبەرانو زۆرێک لە چاکەکارانی مسوڵمانان ئەوانەی کە شەهید نینە وەکو هاوەڵە گەورەکان بێگومان بەڕێزترن لە شەهیدەکان)) إ.ه.

دەڵێم: پێدەچێت نووسەر هیچ ئاگاداری بیروباوەڕی ئەهلی سوننەو جەماعەت نەبێت، ئەگەر بیزانیبایە ئەوا هەرگیز دەمی نەدەکردەوەو ئەوەی وتوویەتی نەیدەوت، زانایانی سوننەو بەتایبەت زانایانی ئەم وڵاتە زۆر شتیان لەسەر ئەم بابەتە نووسیوە، قوتابیەکانی شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب لە (وڵاتان) بڵاوبوونەتەوەو ناسراون، لە نووسینەکانی ئەواندا ڕوونکردنەوەی زۆر لەسەر بیروباوەڕی ئێمە دراوە سوپاس بۆ خوای گەورە.

لەو نووسینانە نووسینی (شێخ عبدالله کوڕی شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب)ە کە سەبارەت بە بیروباوەڕی خەڵکی مەککە لەو ساتەی یەکەمین شۆڕشکەوتووانی دەوڵەتی سعودیە هاتنە ناوی لە ساڵی ١٢١٨ە فەرمووی: ((بیروباوەڕمان وایە کە پلەوپایەی پێغەمبەرمان محمدﷺ بەرزترین پلەوپایەی دروستکراوەکانە، باوەڕمان وایە کە پێغەمبەرﷺ زیندووە لە ناو گۆڕەکەیدا لە ژیانێکی بەرزەخیدایە، پلەو مەقامی ئەو زیاترە لە هی شەهیدەکان، لەبەر ئەو دەقانەی سەبارەت بە ئەو هاتوون لە قورئانی پیرۆزدا، بێگومان ئەو لە ئەوان بەڕێزترو گەورەترە)) إ.ە[٤١] .

پرسیارکرا لە شێخ عبدالله أبا بطین کە لەساڵی ١٢٨٢ە کۆچی دواییکردووە: ئایا پێغەمبەرﷺ زیندووە لە ناو گۆڕەکەیدا؟ وڵامیدایەوەو فەرمووی: ((خوای گەورە پێی ڕاگەیاندووین کە شەهیدەکان زیندوون، بێگومان پێغەمبەران پلەو مەقامیان بەرزترە لە شەهیدەکانو شایستەتریشن لە ئەوان بەم ژیانە، ئەم شەهیدانە زیندوون لە گۆڕەکانیاندا، ئێمە دەبینین شەهیدەکان بوونەتە خۆڵو شی بوونەتەوە، لەوانەیە درندەکان خواردبێتیانن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان: ﴿ أَحْيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴿١٦٩﴾ فَرِحِينَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن

٤١) الدرر السنية: ١١٤/١ .

فَضْلِهِۦ وَيَسْتَبْشِرُونَ بِٱلَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُوا۟ بِهِم مِّنْ خَلْفِهِمْ ﴾آل عمـــران: ١٦٩ – ١٧١، واتـــە: هەرگیـــز گومانتان وا نەبێـــت کە ئەوانەی لە پێنـــاوی خوای گەورەدا دەکوژرێن مردوون؛ بەڵکو ئـــەوان لای پەروەردگاریان زیندوونو پزقو ڕۆزی دەدرێن، ئەوان بەو نازو نیعمەتەی خوای گەورە پێی بەخشـــیون دڵخۆشـــنو شادومانن بەبرا تێکۆشەرەکانیان کە هێشتا بە ئەوان نەگەیشتوون.

ژیانی ئەوان ژیانێکی بەرزەخییە کە هەر خوا ئاشناو زانایە بە بارو حاڵیانو بە ڕووی ڕاســـتی ئـــەم ژیانە، پێغەمبـــەری خوا ﷺ بە پێی دەقـــی قورئانی پیرۆزوسوننەت مردووە، هەر کەسێک گومانی لە مردنی پێغەمبەر ﷺ هەبێت ئەوا کافرەو بێباوەڕە)) إ.ە[٤٢]، سوپاس بۆ خوای پەروەردگار ئەمە بیروباوەڕی ئێمەیە، ئەگەر نووســـەر ئەم بیروباوەڕەی ئێمەی بزانیبایە ئەوا قەڵەمەکەی نەدەجوڵا بۆ ئەوەی ئەم شـــوبهەیە بنووســـێت، ئەم خەڵکانە پێیان وایە لە ئەهلی ســـوننەتو جەماعەت زیاتر دڵخۆشن بە بەڵگە دروستو ڕاشکاوەکان، هەر دەلیلێک صحیحو دروســـت بووبێت ئەهلی سوننەو جەماعەت (لە هەموو کەس زیاتر) هەوڵی سەرخستنیان داوە، لەگەڵ سەیرکردنی جگە لەو بەڵگەو لەبەرچاوگرتنی، سوپاس بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان.

پاشـــان نووســـەر چووە ناو بابەتی ڕوحو گیانەکانو بە بێ زانست ڕۆچوو لە ناویدا، لە ل٩٣ دا دەڵێت: ((گومان لەوەدا نیە کە ڕوحەکان ئەوەندە دەرچوونو جوڵەیان هەیـــە کە بە هۆیەوە بتوانن وڵامی ئەو کەســـە بدەنەوە کە بانگیان دەکەن، ئەوان هەر وەکو زیندووەکان وان، بەڵکو زیاترو زۆرتریش)) إ.ە.

دەڵێم: دەبوایە نووسەر بەڵگەیەکی شەرعی لەسەر زانست هەبوونی خۆی بە ڕوحەکان باسبکردایە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِ ۖ قُلِ

٤٢) الدرر السنية: ٢/١٦٥

ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّى وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٨٥﴾ ﴿الإسراء: ٨٥، واتە: ئەی پێغەمبەر پرسیارت لێدەکرێت سەبارەت بە ڕوح (گیان) بڵێ ڕوح پەیوەندی بە خوای پەروەردگارمەوە هەیەو (هەر ئەو دەزانێت ڕوح چییەو چۆنە) ئێوە تەنها شتێکی کەمتان پێدراوە لە زانستو زانیاری.

یاخود نووسەر پەردەی سەر پەنهانییەکانی بۆ لادراوە بۆیە ئەمەی زانیوە.

لێرەدا چەندشتێک هەیە کە پێویستە لەبەرچاو گیرێن:

یەکەم: پێغەمبەرﷺ لە هەموو بوونەوەر زیاتر شارەزایە بەو زانیاریانەی دەکرێت بزاندرێت سەبارەت بە ڕوحەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئەم زانیارییەی فێری هاوەڵەکانیو ئۆممەتەکەی نەکردووە کە: ((ڕوحەکان ئەو کەسانە پەنا دەدەن کەهانایان بۆ دەبەن هەروەکو چۆن زیندووەکان ئەم کارە دەکەن، بەڵکو ڕوحەکان زیاترو زۆرتریش ئەم کارەیان پێدەکرێت)).

ئایا پێغەمبەرﷺ ئەم زانستەی شاردۆتەوە کە ڕاڤەکارە موشریکەکان دەیزانن؟

دووەم: ڕوحەکان بارودۆخو چۆنییەتیان نازاندرێتو ناتواندرێت توانایان دیاری بکرێت، ئەوەی کە ئێمە بە دڵنیاییەوە دەیزانین ئەوەیە کە ئەوان وڵامی ئەو کەسانە نادەنەوە کە هاواریان دەکەنێ، هەروەها ئەو کەسە پەنا نادەن کە پەنایان بۆلا دەبەن.

باشە دەبێت نووسەر گومانی بەرامبەر بە ئاینی نەفامەکان (موشریکەکان) چۆن بێت، ئایا ئەو پێی وایە ئەوان (لە خۆیانەوە) بەردو بتەکان دەپەرستن، یان ئەوان بۆیە دەیانپەرستن چونکە بەرهەمی ئەو پەرستنەیان دۆزیوەتەوە کە بریتی بووە لە وڵامدانەوەی پاڕانەوەو پەنادان.

گەورەترین فیتنەی شەیتانەکان بریتییە لە شیرک، دەرگای شیرکیش بریتییە

لە گۆڕەکان، کاری شـــەیتانەکان لەم شـــوێنانە بەوە دەردەکەوێت کە خۆی بهێنێتە سەر شـــێوەی ئەو کەسەی لەناو گۆڕدایەو قسە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکات کەئامادەن، ڕەنگە جاری واهەیە وڵامی داوا بداتەوە، هەروەها جگەلەمانە کاری تریشیان بۆ بکات.

سێیەم: لەو بابەتانەی کە لەو زانیاریانەی باســمکردن سەرچاوە دەگرن ئەو باســەیە کە شـــێخی زانا تقی الدین ئیبن تەیمیە لە کتێبی (الجواب الصحیح ٣٣٢/١) دا دەفەرموویت: ((شەیتان هەمیشە خەڵکی بەو شتانە گومڕا دەکات کە گومانی ئەوەی هەیە لەو شـــتەدا خەڵک گوێڕایەڵی دەکەن، لەگەڵ گاورەکان بە گوێرەی ئاینەکەیان دەدوێتو قسە دەکات، هەروەها لەگەڵ ئەو کەسانەی گومڕابوونە لە مسوڵمانان بە شێوەیەک دەدوێت کەهاوشێوەی بیروباوەڕەکەیان بێت، کەســـەکە دەباتە ئەو شـــوێنەی کە ئەو بە گوێرەی بیروباوەڕی ئەوان وڵامیان دەداتەوە، بۆیە شـــەیتان خۆی دەهێنێتە ســـەر شـــێوەی جرجس بۆ گەورەی گاورەکانی وەک هەندێک لـــە بەتاریکەکانو موتارەنەو روهبانەکان کاتێک خۆیان بهێننە سەر شێوەی ئەو.

بۆ ئەو کەســـە گومڕا مســـوڵمانانەی هانای بۆ دەبەن خۆی دەهێنێتە ســـەر شێوەی شـــێخێک لە شێخەکان، هەر وەکو چۆن خۆی هێناوەتە سەر شێوەی من بۆ کۆمەڵێک کەس کەمن دەیانناسم، هەروەها خۆی هێناوەتە سەر شێوەی کۆمەڵێک شەیخی تر کە خۆیان باسی لێوە دەکەن.

زۆرجار خۆی دێنێتە سەر شێوەی مردووەکان، هەندێک جار دەڵێت: من شێخ عبدالقادرم، جاری وا هەیە دەڵێت: من شێخ ئەبولحاج ئەلئەقصەریم، جاری وا هەیە دەڵێت: من شـــێخ عەدیم، یان شێخ من ئەحمەد کوڕی ریفاعیم، یان من ئەبولمەدیەن ئەلمەغریبیم، کاتێک بڵێت من مەســـیحم یان ئیبراهیمم یان

محمد؛ ئەوا جگە لە ئەوان ئەولاترو لەپێشترە.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((هەرکەسێک من لە خەودا ببینیت ئەوا بە ڕاستی منی بینیوە، چونکە شەیتان نایەتە سەر شێوەی من))، لە ڕیوایەتێکی تردا: شەیتان نایەتە سەر شێوەی پێغەمبەران.

بینینی پێغەمبەران لە خەودا حەقەو ڕاستە، بەڵام بینینی مردوو لە کاتی بە خەبەریدا ئەوا جنۆکەیەکە خۆی خستۆتە سەر شێوەی ئەم مردووە، هەندێک خەڵک ئەمە بە ڕوحانییەتی شێخ ناودەبات، یان ئەوە دەڵێت ئەمە سروشتی شەیخە، زۆربەی ئەو خەڵکانەی ئەم جۆرە شتانە دەبینن لە شوێنی خۆیان هەڵدەستنو بتێک لەسەر شێوەی کەسەکە لە جێگاکەی دادەنێت، زۆربەی ئەوانەی لەوانەو لەمانەن لە دوو شوێنان دەبیندرێن، دەبیندرێت کەلە عەرەفات وەستاوەو کەچی لە وڵاتەکەی خۆشیدایەو نەڕۆیشتووە، لەو کاتەدا ئەو خەڵکانەی ئەم ڕاستییە نازانن سەریان دەسوڕمێ لەم ڕووداوە. ژیرو عەقڵی مرۆڤ دەزانێت کە یەک لاشە لە یەک کاتدا ناکرێت لە دوو شوێنان بێت، مرۆڤە ڕاستگۆکان ئەمەیان بە چاوی خۆیان بینیوەو هیچ گومانیان لەو بینینەدا نییە، بۆیە زۆرجار دووبەرەکی دەکەوێتە نێوان ئەوانەو ئەمانە، هەروەکو ئەمە زیاتر لە جارێک ڕوویداوە، قسەی ئەم دەستەیە ڕاستە لەبەر ئەوەی بینیویەتی، قسەی ئەوانی تریش ڕاستە لەبەر ئەوەی عەقڵ ڕێگەنادات بەمە، بەڵام ئەو بیندراوە جنۆکە بووەو خۆی هێناوەتە سەر شێوەی مرۆڤ)). إ.ە.

(ئیبن تەیمیە) ڕەحمەتی خوای لێبێت لە کتێبی (قاعدە فی التوسل والوسیلە) باسیکردووە کە لەدرێژەدان بەمە باوەڕداران زیاتر ڕێنمایی وەردەگرن، لەو زانیارییانەی ئەو خستونیە ڕوو (١٧٤/١ مجموع الفتاوی):

((لای ئــەو موشــریکانەی بتپەرســتنو ئەوانــەی وەکو ئەوانن لــە گاورو موبتەدیعەکانــی ئەم ئوممەتە چیرۆکی زۆر هەیە کە باســکردنیان بابەتەکە درێژدەکاتەوە، هیچ کەســێک ببینی تووشــی داواکردنو هانابردن بۆ گۆڕی مــردوو – پێغەمبەر بێت یان جگە لە پێغەمبەر – دەبێت ئەو کەســە هۆکاری گومڕابوونی پێگەیشتبێت.

هەروەکــو چۆن ئەو کەســانەی ئەوان داوایان لێدەکــەنو هانایان بۆ دەبەن شــتێک دەبینن کە لەسەر شێوەی ئەوان بێت، یان پێیان وایە شێوەی لە ئەو دەکات، ئەو کاتە کەســەکە دەڵێت: من فلانەکەسم، قسەیان لەگەڵدا دەکاتو هەندێک لە پێویستیەکانیان دابین دەکات، لەو کاتەدا ئەوان وا گومان دەبەن کە ئەو مــردووەی پەنایان بۆ دەبردو هاواریان دەکردێ هەر ئەوە قســەیان لەگەڵدا دەکاتو داواکاریەکەیان بەجێ دەگەیەنێت.

بەڵکو ئەو کەســە جنۆکەیەو شــەیتانە. هەیــە لەو جنۆکانــە دەڵێت: من فریشتەیەکم لە فریشتەکان، فریشتەکان هەرگیز یارمەتی موشریکان نادەن، بەڵکو ئەوانە شەیتانن‌و ئەوانیان لە ڕێبازی خوا گومڕاکردووە.

لە ناو بابەتەکانی شــیرکو هاوبەشدانان بۆ خوای گەورە چەندین ڕووداو و چیرۆک هەیە کە ئەو کەســانە دەیانزانن کە لەوێ بوونەو تووشیان بوون، ئەگەر بێتو ئەمانە باسبکەین بابەتەکە درێژە دەکێشێت)) !.ه.

نووســەر دڵنیابوو لەســەر ئەوەی کە ڕوحی مردووان ئەو کەسە پەنا دەدەن کە داوی پەنادانیان لێ دەکــەن، هەروەکو زیندووەکان بەڵکو زیاتریش: لەو جۆرە شیرکەیە کە جنۆکەو شەیتانەکان زۆرێک لە خەڵکیان پێ گومڕاکردووە، بۆیە لە قەبرەکان نزیکبوونەتەوە، لەڕاســتیدا ئەوان لە شەیتانە جنۆکەکان نزیکبونەتەوە، جنۆکەکان خۆیان بۆ خســتونەتە ســەر شێوەی مرۆڤەکان‌و

لەبەر ئەوەی ئەوان شـــەریکیان دانا بۆ خوای گەورە بە هۆی ئەم جنۆکانەوە بۆیـــە جنۆکەکانیـــش ئەوانیان ڕازیکرد، ئەمەش ئەو شـــتەیە کە ئیبلیســـی دوورخراوە لە ڕەحمەتی خوای گەورە دەیهەوێت، وا دەبیندرێت گۆڕپەرستانو ئەوانەی بەرگری لێدەکەن گوێڕایەڵی دەکەن.

نووســـەر لە ل٩٦ دا لە میانەی ڕاڤەکردنی مانای ئەم فەرموودەیەدا: ((کاتێک داوات کـــرد تەنها داوا لە خوا بکە، کاتێک پشـــتت بەســـت تەنها پشـــت بە خوا ببەســـتە)) دەڵێت: ((ئەم فەرموودە پیرۆزە مەبەســـت پێی قەدەغەکردنی داواکردنو پشـــت بەســـتن بە جگە لە خوای گەورە نییـــە هەروەکو لە مانای دیاری فەرموودەکە ئەوە دەخوێندرێتەوە، بەڵکو مەبەســـت پێی قەدەغەکردنو نەهیکردنە لە بێئاگابوون لەکاتی دەســـتکەوتنی خێرو باشـــەیەک لەســـەر دەستی کەسانی تر، هۆکارەکان لەلایەن خوای گەورەوەن، لەم فەرموودەیەدا فەرمانکردنـــی تێدایە لەســـەر بە ئاگابوون لەوەی کە هـــەر نازو نیعمەتێک لەسەر دەستی دروســـتکراوەکان بەدەست هات ئەوا لە خوای گەورەوەیەو بە هۆی خوای پەروەردگارەوەیە.

مانای فەرموودەکە بەم شێوەیە: کاتێک ویستو ناچار بووی هانا بۆ یەکێک لە دروستکراوەکان ببەیت ئەوا با هەموو پشت بەستنێکت تەنها بە خوای گەورەوە بێت. با هۆکارەکان نەبن بە پەردە لەنێوان تۆو ئەو کەســـەی دروســـتکەری هۆکارەکانە، لەو کەســـانە مەبە هەرگیز کە تەنها شـــتە دیارەکان دەبینن لە کاتی دروســـت بوونی پەیوەنـــدی لەنێوانیانداو بێ ئاگا دەبن لەو کەســـەی شتەکانی بەیەکەوە بەستۆتەوەو پەیوەندی لەنێوانیاندا دروستکدووە)). إ.ە.

دەڵێم: ئەم تەفسیرو ڕاڤەیەی نووسەر دەیکات بۆ فەرمایشتی پێغەمبەر – درودی خوای گەورەی لەسەر بێت – بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆی کردوویەتی لە تەوحیدو خوا بەتەنها ناسین کەئەو (وا لە خوا بەتەنها پەرستن تێگەیشتووە) کە بە تەنها دانانی خوایە لە پەروەردگاریتیدا، بەشێوەیەک تەفسیرکردو ڕاڤەیکرد کە لە هیچ زانایەکی نەقڵ نەکردووەو نەیگواستۆتەوە کەوەکو ئەو ئەم ڕاڤەیەی کردبێت، هەروەها پشتی نەبەستووە لەم ڕاڤەیەیدا بە زانایەک کە وەکو ئەو تێگەیشتبێتو ئەویش شوێنی بکەوێت، جا کاتێک ئەم ڕاڤەیە لە لایەن خودی خۆیەوە بێت ئەوا وەرناگیرێتو گوێی پێنادرێت، ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە چۆنییەتی جورئەتکردنییەتی لەسەر گۆڕینی مەبەستەکانی پێغەمبەرﷺ بە مەبەستی سەرخستنی هەواو ئارەزووی خۆی.

ئەو لایەنانەی خراپی ڕاڤەکەی نووسەر دەردەخەن ئەمانەن:

یەکەم: ئەم وەسیەتەی پێغەمبەری خواﷺ بۆ ئیبن عباس یەکێکە لە دەرخەرەکانی ڕێزو شکۆیی ئیبن عباس، ئەگەر ئەم وەسیەتە بەو شێوەیە ڕاڤە بکرێت هەر وەکو نووسەر کردی ئەوا لە ڕێزو شکۆ دەردەچێت، چونکە ڕاڤەکەی ئەو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دوێندراو – ئیبن عباس – کەمترین پلەکانی باوەڕی هەیەو پێغەمبەرﷺ لەوە ئاگاداری دەکاتەوە کە نەکەوێتە ناو چڕنووکی تەنها بینینی هۆکارەکان، ئیبن عباس دووڕە لەمە ڕەزای خوای لێبێت.

دووەم: ئەم ڕاڤەکردنە بەدەر لەو ڕاڤەیەیە کە زانایان سەبارەت بەم فەرموودەیە کردوویانە، هەر ڕاڤەیەکیش ئاوا بێت ئەوا لە هەواو ئارەزووەوەیە کاتێک خاوەنەکەی لە ڕووی نەقڵو عەقڵەوە بەڵگەیەکی دروستی لانەبێت بۆ پشتڕاستکردنەوەی، بەڵگەی ڕاستو دروستیش لە قسەی نووسەردا نییە

لێرەدا، لەکوێو چۆن دەتوانێت بەدەستی بهێنێت.

زانـــای گـــەورەو فەقیهـ ئیبن رەجەب لە کتێبی (شـــرح الأربعیـــن ٢٢٨/٢) دا دەفەرموێـــت: ((ئەو فەرمایشـــتەی پێغەمبەرﷺ کـــە دەفەرموێت: ((کاتێک داواتکـــرد ئەوا تەنها داوا لە خوای گەورە بکە، کاتێک پشـــتت بەســـت ئەوا تەنها پشـــت بە خوای گەورە ببەســـتە))، ئەم فەرموودەیـــە دەرهاتووی ئەم فەرمایشـــتەی خوای گەورەیە کە دەفەرموێت: ((إیاک نعبد وإیاک نستعین)) واتە: ئەی پەروەردگار ئێمە تەنها تۆ دەپەرستینو تەنها پشت بە تۆ دەبەستین. چونکـــە داواکردن لە خوای گەورە بریتییە لـــە پارانەوە لێیو مەیلکرن بۆلای ئـــەو، پارانەوەش بریتییـــە لە پەرســـتش، هەروەکو لـــە پێغەمبەرەوەﷺ گێڕدراوەتەوە لە فەرموودەی نوعمانی کوڕی بەشیر، ئینجا فەرموودەی خوای گەورەی خوێندەوە: ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِيٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ .. ﴿٦٠﴾ ﴾غافر: ٦٠، واتە: پەروەردگارت فەرموویەتی – ئەی بەندەکانم – بە تەنها داوا لەمن بکەنو من بپەرســـتن ولاّمتان دەدەمەوە. ئەم فەرموودەیە ئیمام ئەحمەدو ئەبوداود و ترمذی و نەسائی و ئیبن ماجە گێڕاویانەتەوە.

ترمذی گێڕاویەتییەوە کە لە فەرموودەی ئەنەسە کە لە پێغەمبەر(بیستوویەتی) ﷺ فەرموویەتی: (پارانەوە مۆخی پەرستنە)).

ئەم قســـەیە ئەوە لە خۆ دەگرێت کە مرۆڤ لە خوا داوابکات نەک لە جگە لە ئەو، هەروەها پشت بە خوا ببەستێت نەک بە جگە لە خوای گەورە. داواکردن لە خوا لەلایەن خواوە فەرمانی پێکراوە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَسْـَٔلُواْ ٱللَّهَ مِن فَضْلِهِۦٓ ﴾ النســـاء: ٣٢. واتە: داوا بکەن لە خوای گەورە کە لە فەزڵو کەرەمی خۆی پێتان ببەخشـــێت. لە (ســـنن الترمـــذی) دا هاتووە کە لە ئیبن مسعودەوە دەیگێڕێتەوەو ئەویش فەرموودەکە دەداتە پاڵ پێغەمبەرﷺ: ((داوا

لـــە خوا بکەن کە لە چاکەو نازو نیعمەتی زیادی خۆی پێتان بدات)). هەر لە هەمان کتێبدا لە ئەبوهورەیرەوە گێڕاویەتییەوە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((هەر کەســێک داوا لە خــوای گەورە نەکات ئەوا خوای گــەورە لێی تووڕە دەبێت))، لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە (پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی): ((با هەر یەکێک لە ئێوە داوای هەموو پێویســتییەکانی لــە خوای گەورە بکات، تاوەکو داوای قەیتانی نەعلەکەشی هەر لە خوا بکات کاتێک پسا))، لە بابەتی قەدەغەکردنــی داواو پارانەوە لە دروســتکراوان چەندیــن فەرموودەهەیە کە صحیحو دروستن، پێغەمبەرﷺ بەیعەتی دا بە کۆمەڵێک لە هاوەڵانی لەسەر ئەوەی کە داوای هیچ شتێک لە خەڵکی نەکەن، لەوانە ئەبوبەکرو ئەبو ذەرو ئوبیان. هەبوو لە ئەوان قامچییەکەی یان رێشــمەی وشــترەکەی بەردەبۆوە داوای لە هیچ کەس نەدەکرد پێی بداتەوە))، پاشان ئیبن رەجەب دەفەرموێت: ((بزانە کە داواکردن لە خوا نەک لە دروستکراوەکانی واجبو پێویستە، چونکە داواکردن دەرخســتنی ملکەچیو هەژاریو پێویســتی پێوە دیــارە، هەروەها لــە داواکردن داننانی بە توانای داوالێکراوو تواناکەی تێدایە لەســەر لادانی زەرەکەو بەدەســتهێنانی داواکراوەکەو بەدەســتهێنانی شتە سودبەخشەکانو لادانی ئەو شــتانەی زیانبەخشن. ملکەچی بۆ خوا نەبێت بۆ هیچ کەسێکی تر دروستنییە، چونکە ملکەچی بریتییە لە پەرستشی ڕاسەقینە.

ئیمامــی ئەحمەد دەیفەرموو: ((خوایە هەروەکو چۆن ڕووی منت پاراســتووە لەوەی سوجدە ببەم بۆ جگە لە تۆ ئاواش ڕووم بپارێزە لە داواکردن لە جگە لە تۆ)). وتەکەی ئیبن رەجەب کۆتایی هات.

ئیبــن رەجەبی هەیتەمی مەککی لە کتێبی (الفتح المبین شــرح الأربعین ل١٧٢) دا دەفەرموێت: ((لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەم لایەنەدا هیچ سودێک لە داواکردن

لـــە خەڵک نییە کاتێک پشـــتیان پێ ببەســـترێت چونکە دڵـــی هەموویان بە دەســـتی خوای گەورەو پاک و بێگەردە، خوای گـــەورە ئەم دڵەی (ئەوان) بە ئارەزوو و ویســـتی خۆی دەسوڕێنێت، کەواتە وا پێویست دەکات لە سەرجەم کارەکاندا پشـــت تەنها بە خوای گەورە ببەســـترێت، خوای گەورە هەر خۆی بەخشـــەرو قەدەغەکارە، هیچ کەسێک ناتوانێت ئەو شتە ڕەتبکاتەوە کە خوا دەیبەخشـــێت، هیچ کەسێکیش ناتوانێت ئەو شتە ببەخشێت کە خوا نایدات، خـــوای گەورە خاوەنی هەمـــوو بوونەورەو بەڕێوەبەری کاریانە ... پاشـــان دەفەرموێت: ((بـــە ئەندازەی لاربوونەوەی دڵەکان بەلای دروســـتکراوەکانی خوای گەورە ئەوەندە لە خوا بە دوور دەکەوێتەوە لەبەر لازوازبوونی یەقینو دڵنیاییو تێکەوتنی لە هۆسەی بێئاگابوون لە ڕاستی ئەو شتانەی کە خاوەن تەوەکـــول و یەقینەکان بە ئاگان لێی، بۆیە پشـــت دەکەن لە جگە لە خوای گەورەو هەموو پێویستییەکانیان دەخەنە بەردەم دەرگای بەخشش و کەرەمی خـــوای گەورە)).إ.ه، لە کتێبی ((الفتوحات الوهبیه بشـــرح الأربعین النوویة ل١٧٨)) ئیبراهیمی کوڕی مەرعی مالیکی دەفەرموێت: ((وإذا اســـتعنت: واتە: داوای یارمەتیت کرد لەســـەر کارێک لە کارەکانـــی دونیاو دین، بۆیە لێرەدا ئەو مەعمولە لابراوە کە ڕێگا بەوە دەدات ماناکە گشـــتی بێت (فاستعن بالله پشت بە خوا ببەستە) چونکە خوای گەورە توانای لەسەر هەموو شتێک هەیەو جگە لە خوای گەورە بێ توانایە بەرامبەر بە هەموو شـــتێک، داوای یارمەتی لە کەســـێک دەکرێت کە توانای یارمەتیدانی هەبێت، بەڵام ئەو کەسەی بارە بەسەر گەورەکەی و ناتوانێت ئەو شـــتەی خۆی ئارەزووی دەکات بە دەستی بهێنێت بەدەر لە خەڵکی تریش، ئەو کەسە چۆن شایستەی ئەوەیە پشتی پێ ببەســـترێت و بکرێتە هۆکار. هەر کەسێک نەتوانێت سود بە خۆی بگەیەنێتو

زەرەر لە خۆی لابدات بەولاترەوە ناتوانێت بۆ کەسیتر ئەنجامی بدات، خۆزگە کەڵ خۆی بەکەم گرتایە.

پشتبەستنی دروستکراو بە دروستکراو وەکو پشتبەستنی بەندکراوە بە بەندکراو، هەرگیز پشت مەبەستە تەنها بە خوای گەورەت نەبێت، خوا ڕێنیشاندەری تۆیە لە دونیاو دواڕۆژ، چۆن پشـــت بە بەندەیەک دەبەستیت لەکاتێکدا دەزانیت کە بێ توانایە، کەســـێک نەتوانێت بەڵایەک لەسەر خۆی لابخات چۆن دەتوانێت لەسەر ئەو کەســـانەی لابدات کە لە ڕەگەزی خۆتی، هەرگیز خۆت سەرمەخە تەنها بە خوا نەبێت؛ خوای گەورە پالپشتکەرو سەرخەرە، دەستمەگرە تەنها بە پەتی خوای گەورەوە نەبێت؛ چونکە خوای گەورە بەهێزو خاوەن توانایە)). إ.ە. ئەمانـــە نەختێکن لە وتە بەنرخەکانـــی زانایان؛ کە بەهۆیـــەوە دەزاندرێت نووسەر لە تێگەیشتنەکانیدا لە تێگەیشتنی زانایان دەرچووە، هەرکەسێکیش ئاوا بێت ئەوا لە ئەوان نییە.

ســـێیەم: کاتێک ئەمە وتەی زانایان بێت ســـەبارەت بەو کەســـەی زیندووەو دەتوانێـــت وەڵامبداتەوەو یارمەتی داواکەر بدات؛ ئـــەی دەبێت گومانت چۆن بێت بەرامبەر بەو کەســـەی کە مردووەو لە وڵامدانـــەوە لە زیندو لاوازترە، بەڵکو هەرگیز وڵامی زیندویەک ناداتەوە ســـەبارەت بەو شتەی پەیوەندی بە ئەوانەوە هەیە، مردوو ســـەرقاڵی خۆیەتی؛ یان ئەوەتا لە ناو خۆشیو باخو باخاتدایە، یان لە ناو دۆزەخو تەنگو چاڵیدایە.

نووسەری کتێبی (مفاهیم)ە سەیرەکە دەڵێت: ((لە تێگەیشتنی ئەم فەرموودەیە زۆرێک لە خەڵکی بە هەڵە دەچن؛ چونکە ئەوان ئەم فەرموودەیە دەکەنە بەڵگە لەسەر ئەوەی نابێت نە پارانەوە بە داوای یارمەتی لە کەس بکرێت بە ڕەهایی

تەنها لە خوای گەورە نەبێت، هەروەها دێت نزاو داواکردنی یارمەتی لە جگە لە خوای گەورە بە شیرکی دەرکەر لە ئیسلام دادەنێت)).

دەڵێم: هەر کەسێک زاناکان تۆمەتبار بکات بە هەڵە ئەوا گوێ بە قسەکانی نادرێت، باشترو لەپێشتر بۆ زیندو ئەوەیە کە داوای هیچ شتێک لە کەس نەکاتو پشت بە کەس نەبەستێت بەشێوەیەکی ڕەها جگە لە خوای گەورە کە ئەمە مایەی تەواوێتی خوا بەتها پەرستنیەکەیەتی، کە ئەمەش پلەی پێغەمبەرانو ڕاستگۆیانە، هەر لەبەر ئەوەیە ئەنەسی کوڕی مالیک خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموویت: ((من دە ساڵ خزمەتی پێغەمبەرمﷺ کرد سوێند بە خوا هەرگیز (لە دەستم) پێی نەوتم ئۆف، کاتێک کارێکم دەکرد هەرگیز نەیدەفەرموو بۆ واتکرد، ئەگەر کارێکیشم نەکردبایە نەیدەفەرموو بۆ نەتکرد؟))، پێغەمبەرﷺ هەندێک لە هاوەڵەکانی وەکو ئەبوبەکرو ئەبوذەرو ئوبان بەوە وەسیەتو ئامۆژگاری کرد کە لەسەر ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بن (تەنها داوا لە خوا بکەنو پشت بە خوا ببەستن)، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە برتییە لە دەستەبەرکردنی تەواوێتی خوا بەتەنها پەرستن.

بەڵام داواکردن لە مردوو هەروەها پشت بەستن پێی لە بنەڕەتدا پێچەوانەو هەڵوەشێنەرەوەی یەکخوا پەرستییە، مردو ناتوانێت یارمەتی خۆی بدات، ئەی چۆن یارمەتی جگە لە خۆی دەدات. مردو ئەگەر بۆی بلوێت یارمەتی خۆی بدات ئەوا خۆی ئەوڵاترو لەپێشترەو زیاتر ئارەزووی ئەوە دەکات کۆمەکی خۆی بکات و لە فریای خۆی بێت، مردو سەرقاڵە بە کاری خۆیو بێئاگایە لە خەڵک، سنوری خۆی تەنها گیانی خۆیەتی (هەر خەمی خۆیەتیو بەس). ئەمە لە کاتێکدایە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿...وَمَآ أَنتَ بِمُسۡمِعٖ مَّن فِي ٱلۡقُبُورِ ٢٢﴾ فاطر: ٢٢، واتە: ئەی پێغەمبەر تۆ هەرگیز ناتوانیت پەیامەکەی

خۆت بە گوێی ئەو کەســـانەدا بدەیت کە لە ناو گۆڕدان (چۆن مردووەکان نات بیستن ئاواش کافرو بێباوەڕەکان گوێنابیستی تۆ نابن).

نووســـەر فێڵ لە خۆی دەکاتو فەرموودەکانی پێغەمبەرﷺ لاردەکاتەوەو لە شوێنی خۆیان ناهێڵێت بۆ ئەوەی لەگەڵ مەزهەب و بۆچونەکەی ئەودا بێتەوە ئەگەر چی ئەو پێچەوانەی هەموو زانایان بێت لەو بۆچوونەی کە هەیەتی.

ئینجا ئەو ڕاڤەیەی کە بۆ فەرموودەکەی کرد بە کەم دانانی ئیبن عباســیڕ پێوە دیارە، بۆیە لەم کارەی تێکەوتووە چونکە پێچەوانەی هەموو ڕاڤەکانی کردووە، هەرکەسێک پێچەوانە (ی خەڵک) بکات تێدەکەوێت، پاشان ویستویەتی ئەو تێڕوانینەی هەیەتیو پێچەوانەی وتەی زانایانە بەهێزی بکات بە شتێک کە هەرگیز بەڵگە نییە، لەو قسانەی ئەو باسی دەکاتو دەیکات لە لاپەڕە ٩٧ دا: ((هەروەها پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: خوای گەورە کۆمەڵێک دروستکراوی هەیە کە دروســتیکردوون بۆ (دابینکردنی) پێویســتییەکانی خەڵک، لە کاتی پێویســتیاندا خەڵک بۆ لایان دێن، ئەوانە ئەمینو دڵنیان لە ســزای خوای گەورە))، ســەیری فەرموودەی پێغەمبەرﷺ بکە: ((خەڵک لە کاتی پێویستیدا بۆلایان دێن)) پێغەمبەرﷺ ئەوانی بە موشریک دانەنا، بەڵکو بە تاوانباریشی دانەنان)).

دەڵێم: باســی ئەوەی نەکردووە ئەم فەرموودەیــەی لە کۆ دەرهێناوە، ئەم فەرموودەیــە تەبەڕانی لە کتێبی ((المعجم الکبیــر)) لە ئیبن عومەرەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە، هەیســەمی لە کتێبی (مجمــع الزوائد ١٩٢/٨) دا دەڵێت: ((ئەم فەرموودەیە کەسێکی تێدایە جومهوری زانایان (زۆربەی زانایان) بە لاوازیان داناوە، ئەحمەدی کــوڕی طارق کە لەم پیاوەوە دەگێڕێتەوە نەم

ناسیوە، پیاوەکانی تری پیاوی (صحیح))ن.ئەمە موناوی لە کتێبی (فیض القدیر ٤٧٧/٢ – ٤٧٨) دا لە هەیسەمی نەقڵ کردووە، ئەوەی لە کتێبی (مجمع) ی چاپکراودا هاتووە خەلەلی تێدایە، سپیایەتییەکی تێکەوتووە پێویستە سەیری نوسخەیەکی باشتر بکرێت، ئەم فەرموودەیە ئیبن عەساکر لە کتێبە مێژوویەکەیدا لە ئیبن عومەرەوە گێڕاویەتییەوە، هەروەها ئیبن عەدی لە کتێبی (الکامل فی ضعفاء الرجال ١٥٠٧/٤) هێناویەتی لەڕێگەی عبدالله کوڕی ئیبراهیم کوڕی ئەبو عەمرەوە گێڕاویەتیەوە دەڵێت عبدالرحمن ی کوڕی یەزیدی کوڕی ئەسلەم لە باوکییەوە ئەویش لە ئیبن عومەر بیستوویەتی هەوالّی پێدام، ئەم سەنەدە زۆر لاوازە، ئەگەر بوترێت هەڵبەستراوە ئەوا ڕێی تێدەچێت، چونکە عبدالرحمن لە باوکییەوە چەندین فەرموودەی هەڵبەستراوی گێڕاوەتەوە هەروەکو حاکمو جگە لە ئەو باسیانکردووە، ئەو کەسەی کە لە عبدالرحمن دەگێڕێتەوە بەناوی عبدالله کوڕی إبراهیم یەکێکە لە لاوازەکان.

نووسەر چەندین فەرموودەی باسکردووە کەهانی خەڵک دەدەن لەسەر جێبەجێکردنی پێویستییەکانی خەڵکی و دەیانکاتە بەڵگە لەسەر خراپ تێگەیشتنی ئەو زانایانەی وتووتیانە وازهێنان لە داواکردن لە ئەو دروستکراوەکانی خوا کە توانای وڵامدانەوەیان هەیە مایەی تەواوێتی خوا بەتەنها پەرستییە، هەروەها ئەوەی کە داوا لە کەسێک بکات کە توانای وڵامدانەوەی نییەو لە ماڵو شوێنی کارکردنو تەکلیفو دونیا نەماوە ئەوا شەریکی بۆ خوا داناوە.

تێگەیشتنی زاناکان خراپ نییەو ناتەواو نییە، بەڵکو تێگەیشتنی ئەو کەسە ناتەواو و نا تەندروستە کە لە خۆی باییەو موعجەبە بە خۆی، ئێمە بیر نووسەر دەهێنینەوە کە خۆی دەرهەق بە زانایان وتویەتی: ((چۆن خوای

گەورە دەرگای ســـودبینین لە زانستی زاناکانمان بۆ دەکاتەوە کاتێک بڕوامان وابێت زانســـتی ئەوان لاڕێیەو لە ڕاســـتەڕێی ئیســـلام لایداوە)) ل ٣٩ . ئەمە قسەیەکی ڕاســـتو تەواوە، خوای گەورە دەرگای لە خاوەنی کتێبی (مفاهیم) نەکردۆتەوە تاکو ســـود لە وتەی زانـــاکان وەربگرێت چونکە پێی وایە ئەوان لە ڕاســـتی لایاندایەوە چونکە دەڵێت: ((ئەم فەرموودەیە زۆرێک لە خەڵکی لە تێگەیشتنیدا بە هەڵە چوون))، ئەوانەی بەهەڵەداچوون زاناکانن، ئەم پیاوە حوکمی لەسەر خۆیداو بە گوێرەی تێگەیشتنەکانی خۆی کێشانەی کرد.

ئینجا کۆتایی هێنا بە قســـەکانی لەســـەر فەرموودەکە لە لاپـــەڕە ٩٩ دا بە شـــێوەیەکی سەرسوڕهێنەرو شڵەژاو، دەڵێت: ((بەم لێدوانە ڕوونەبێتەوە کە مەبەست لە فەرموودەکە ئەوەنییە کە هەندێک کەس گومانی بۆلا دەکەن، ئەم گومانە خراپیو ناپەسندییەکەی دیارو ئاشکرایە هەر وەکو ڕوون بۆوە، بەڵکو مەبەســـت بە فەرموودەکە ئاگادارکردنەوەو ترســـاندنی خەڵکە لە داواکردنی ماڵی خەڵکی بە بێ پێویستیو بە مەبەستی حەزلێکردنی)).

ئەم جۆرە لێکدانەوەیە نەزانەکانیش خراپیو ناڕەواییەکەی دەزانێو دەبینن. لە ل ٩٨ دا دەڵێت: ((هەر کەســـێک دەســـتبگرێت بەو هـــۆکارەی خوای گەورە فەرمانیکردووە دەستی پێوەبگرێت بەمەبەستی بەدەستهێنانی مەبەستەکە ئەوا داوای لە هۆکارەکە نەکردووە بەڵکو داوای لە دانەری هۆکارەکە کردووە، قسەی ئەو کەسەی دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خوا دەمهەوێت چاوەکانم بۆ بگێڕیتەوە، یان بەڵامان لەسەر لابدە، یان نەخۆشیم لەسەر لابکەوێت، ئەمە مانای وایە ئەم شـــتانەی لە خوا داواکردووە بە هۆی شـــەفاعەتی پێغەمبەرەوەﷺ وەکو ئەوە وایە وتبێتی: ئەی پێغەمبەر بۆ ئەو شتە بۆم بپارێڕەوە یان تکام بۆ بکە لەو شـــتەدا، هیچ جیاوازییەکی تێدا نییە تەنها ئەوەندە هەیە کە ئەمەیان بە

ڕاشکاوانەتر دەوترێت لەوی تریانو مەبەستەکەی دیارترە)). إ.ە.

دەڵێم: قسەی ئەو کەسەیەی دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خوا دەمهەوێت چاوەکانم بۆ بگێڕیتـــەوە یان نەخۆشـــییەکەم لابچێت لە جۆری شـــیرکی (التصرف)ە (واتە: کەســـێکی ترت کردۆتە هاوبەشـــی خوای گەورە لە بەڕێوەبردندا)، ئەم جۆرە شیرکە گەورەترین شیرکە کە مرۆڤ لە ئیسلام دەردەکات.

بەڵام قســـەی ئەو کەســـەی دەڵێت: داوام بۆ بکە بۆ ئەو شـــتە یان لەو شتەدا شـــەفاعەتم بۆ بکە، داوا لە پێغەمبەرﷺ بـــکات دوای مردنی ئەوا لە جۆری شەریکدانانە بۆ خوا لە نزیکخستنەوەو شەفاعەتدا.

هەردووک جۆرەکە شـــیرکن بەڵام ئەوەی یەکەمیان گەورەترو خراپترە چونکە ماناکـــەی ئەوە دەگەیەنێت کە پێغەمبەرﷺ بکرێتـــە هاوەڵی خوای گەورە لە بەڕێوەبردنـــدا، بێژەری ئەم قســـەیە – هەروەکو ئەمە بـــاوەو بیندراوە لەو کەسانەی ئەو قســـانە بەرامبەر جگە لە پێغەمبەرﷺ دەکەن لە پیاوچاکان – باوەڕیان وایە کە ئەم مردووە هەڵسوکەوت لە بەشێکی ئەم گەردونەدا دەکات، لەدەستیدایە شیفای نەخۆشان بدات ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەم کارەی لەلایەن خوای گەورەوە پێدراوە، هەروەها بەدەســـتی ئـــەوە بەڵاو نەهامەتی لابداتو ناخۆشیو وشکەســـاڵی نەهێڵێت، چونکە خوای گەورە هەڵسوکەوتکردنی لە بەشێکی ئەم گەردونەدا پێداوە.

ئەمە زاندراوە، نووســـەر زیادەڕەوی دەکاتو بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو بیروباوەڕی هەموو ئەو کەسانە دەزانێت کە ئەم وشانە دەڵێنو دەردەبڕن، ئەمە چەند بانگەشەیەکی پانو پەڕۆن کە لە درۆو زیادەڕەوی زیاتر هیچی تر نییە، لەو زیادەڕەویانەی دەکرێن ئەوەیە کە لە کتێبی (رماح حزب الرحیم ٢١٩/١) دا

هاتووە کە عومەر الفونی[٤٣] نووسیویەتی سەبارەت بە پێغەمبەرﷺ دەڵێت: ((پێغەمبەرﷺ ئامادەی هەر شوێنێکە کە بیهەوێت لێی بێت، ئەو دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی هەڵسوکەوت لە پارچەکانی سەر زەوی و گەردوندا بکات، ئەو ئێستا لەسەر ئەو شێوازەیە کە لەسەری بووە بەر لە مردنی)). إ.ە.

لە شعرێکدا هاتووە کە یەکێک لە ئەوان[٤٤] نووسیویەتی دەڵێت:

فلذا إليك الخلقَ تفزَع كلهم

في هذه الدنيا وفي اليوم الأهم

وإذا دهتهم كربة فرجتها

حتى سوى العقلاء في ذاك انتظم

جُذ لي فإن خزائن الرحمن في

يدك اليمين وأنت أكرمُ من قسم

واتە: لەبەر ئەوەیە کە هەموو دروستکراوەکان لەم دوونیایەو لە ڕۆژی دوایی پەنا بۆلای تۆ دەهێنن. کاتێک ئەوان تووشی ناخۆشییەک بوون تۆ لەسەریان لادەبەیت، هەتاوەکو جگە لە عاقڵو هۆشمەندانیش هانای بۆ دەبەن، پێم ببەخشە چونکە خەزێنەکانی خوای میهرەبان لە دەستی ڕاستی تۆدایە تۆش بەڕێزترین دابەشکەری.

لای ئەو گۆڕپەرستانەی کە هانا بۆ خاوەنی گۆڕەکان دەبەن بەشێوەیەکی زۆر ئەو بیروباوەڕە هەیە کە خاوەنی ئەم گۆڕانە توانای گۆڕانکارییان هەیە لەم جیهانەدا، ئەمە یەکێکە لە گەورەترین جۆری شیرک کە پێی دەوترێت شەریکو هاوەڵدان بۆ خوای گەورە لە پەروەردگارێتیدا.

یەکێکی تر لە بەڵگەکانی نووسەر لەسەر هەڵە تێگەیشتنی زانایان لە

٤٣) عبدالرحمن الوكيل لە ئەوەوە باسیکردووە لە کتێبی: (هذه هی الصوفية ل ٨١).
٤٤) عبدالرحمن الوكيل لە ئەوەوە باسیکردووە لە کتێبی: (هذه هی الصوفية ل ٨٧).

فەرموودەکەی ئیبن عەباس ئەوەیە کە لە لاپەڕە ٩٨ دا دەڵێت:

((بەسە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم هەڵەیە کە بوترێت ئەم فەرموودەیە لە خودی خۆیدا ولامی پێغەمبەرﷺ بۆ پرسیارەکەی ئیبن عەباس – کە خۆی فەرموودەکە دەگێڕێتەوە – چونکە پێغەمبەرﷺ هانیدا بۆ ئەوەی پرسیاری لێبکات، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەی مێرمندان؛ ئایا من کۆمەڵێک وشەت فێرنەکەم کە بە هۆیانەوە خوای گەورە سودت پێ بگەیەنێت. ئایا چ هاندانێک لەسەر پرسیارکرن لەمە جوانترە؟

ئیبن عەباس فەرمووی: بەڵێ)) إ.ە.

دەڵێم: فەرموودەکە ترمذی لە کتێبەکەیدا (سنن الترمذی ژ٢٥١٦) گێڕاویەتییەوە بە سەنەدی خۆی لە عبدالله کوڕی عباس ڕەزای خوایان لێبێت فەرموویەتی: ڕۆژێکیان لەدوای پێغەمبەرەوە ﷺ بووم– دیارە لەسەر ولاخ لەدوای پێغەمبەرﷺ سواربووە– فەرمووی: ((ئەی منداڵ من هەندێک وشەت فێردەکەم – ئەوانیش بریتین لەوەی–: تۆ ئەگەر خوا بپارێزی – بە پارێزگاریکردن لە سنورەکانی– خواش تۆ دەپارێزێت– واتە: نایەڵێت توشی تاوان بیت لە دونیا و لە دواڕۆژیش لەئاگر دەتپارێزێت–، تۆ خوا بپارێزە – بەوەی چاکە بکەیت و خراپە نەکەیت– دەبینیت خوا بەرەو ڕووت دێت–واتە: خوا ڕێنموویت دەکات بۆ کاری باشە و لە خراپە دەتگێڕیتەوە، هەرکاتێک ویستت بپاڕێیتەوە و دوعا بکەیت ئەوا داوا تەنها لەخوا بکە، ئەگەر – تووشی ناڕەحەتی بوویت – داوای یارمەتی و پشت و پەنات کرد تەنها داوا لە خوا بکە و خوا بەپشت و پەنای خۆت دابنێ ...) ئەم فەرموودەیە ئەحمەد بەم شێوەیە گێڕاویەتییەوە (٢٩٣/١) هەروەها کۆمەڵێکی تریش گێڕاویانەتەوە.

ئەم ڕیوایەتە مەشهورو بەناوبانگەو سەنەدەکەی بەهێزە.

ئەم فەرموودەیە بەشێکە لەو فەرموودەیەی نووسەر ئاماژەی پێکردووەو دەڵێت: ((ئەمە بەشێکە لەو فەرموودە بەناوبانگەی کە ترمذی لە ئیبن عەباسەوە گێڕاویەتییەوە بە صحیحو دروستی داناوەو داویەتییە پاڵ پێغەمبەرﷺ (واتە: فەرموودەکە هی پێغەمبەرەﷺ).

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پرسیارو وڵامەی نووسەر باسیان دەکات لە فەرموودەکەدا نییە، بەڵکو ئەم پرسیارو وڵامە لە رێگەیەکی لاوازو پچڕاوەوە هاتووە کە ئەحمەد لە (المسند ٣٠٧/١) دا گێڕاویەتییەوە، شایەنی باسە کە لێدوانەکەی ئەحمەد شاکر لەسەر فەرموودەکەو ڕوونکردنەوەی پچڕاوێتییەکەی تەواوەو لەجێی خۆیەتیو بەسە. خوێنەر (کاتێک حەزیکرد) بابگەڕێتەوە سەری (٤/٢٨٦ – ٢٨٨).

ئینجا نووسەر دەڵێت: ((ئەگەر بێتو ئێمە لەسەر ئەم گومانە بڕۆین ئەوا بە پێی خواستی گومانەکە بێت دروستنییە نەزانێک پرسیار لە زانایەک بکات، هەروەها دروستنییە ئەو کەسەی تووشی تەنگەژەیەک بووە داوا لە فریاگوزار بکات ... هتد)).

دەڵێم: ئەوەی ئەو باسیدەکات شتێکە لە شەریعەتی ئیسلام بە هۆکارە دیارەکان ناوبراوەو ناسراوەو بەرچاوە، شەیعەتی ئیسلام وەکو خۆی هێشتوویەتییەوەو بە خراپی دانەناوە کە لە نێوان خەڵکیدا ڕووبدات ئەوا هیچ تاوانێکیان لەسەر نییە، بەڵام داواکردن لە مردووان یەکێکە لەو هۆکارە نادیارانەی کەشەریعەتی ئیسلامی ڕەتیکردۆتەو قەدەغەیکردووە، بەرپاکردنی جەنگ لەگەڵ عەرەبە موشریکەکانو جگە لە ئەوانیش لەسەر ئەمە بووە، نووسەر هەستی بە گەورەیی هەڵەکەییو زۆر قسەکردن لەسەر

بابەتێک کرد کە هیچ سودێکی نییە بۆیە وتی: ((فإن قالوا: إن[٤٥] المنوع إنما هو سؤال الأنبياء والصالحين من أهل القبور في برازخهم لأنهم غير قادرين، وقد سبق رد هذا الوهم مبسوطا)) ، واتە: ((ئەگەر ئەوان بڵێن: ئەو داواکردنەی قەدەغەکراوە بریتییە لە داواکردن لە پێغەمبەران و چاکەکارانی ناو گۆڕەکان ئەوانەی کە لە ژیانی بەرزەخیاندان چونکە ئەوان بێ توانان، وڵامدانەوەی ئەم گومانە بە شێوەیەکی تێروتەسەل و دووروو درێژ تێپەڕی و ڕابرا لەمەوبەر)).

دەڵێم: وڵامی مەرجەکەی باسنەکردووە، ئەم دەستەواژەیە نارێکە. بەڵام ئەو کاتێک بیروباوەڕی سەلەفو زانایان ڕەتدەکاتەوە بە قسەکانی ئەوا ڕەتدەکرێتەوە بەسەریدا، چونکە - هەروەکو لەپێشتر باسکرا - ئەو ڕەتی دەکاتەوە کە شەریک بۆ خوا دابنێت لە بەڕێوەبردندا، بەڵام لە شیرکی نزیکبوونەوەو شەفاعەت تێکەوتووە. هەڵوەشاندنەوەی ئەو بانگەشەیەی ئەو دەیکات بەدرێژی لەو نووسینەمدا بەرجەستە دەبێت.

پاشان نووسەر هاتۆتە قسە لەسەر فەرموودەیەک کە تەبەرانی لە (المعجم الكبير)[٤٦] دا گێڕاویەتییەوە

کە لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ دووڕوویەک هەبووە باوەڕدارانی ئەزیەت دەدا، ئەبوبەکری صدیق فەرمووی: وەرن با بچین هانا بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ ببەین لەدەست ئەم دووڕووە. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((هانا بۆلای من ناهێندرێت، بەڵکو هانا بۆلای خوا دەهێندرێت)).

---

٤٥) لە وتەکەی ئەودا (أن) بە فەتحی هەمزەیە.

٤٦) سەنەدی فەرموودەکەم لەو (المعجم الكبير)ەدا نەدۆزییەوە کە لەلای من هەیە.

نووسەر بەم شێوەیە هێنای ئینجا لە ل ١٠١ دا لە بارەی ماناکەی دەڵێت:

((گومانی تێدانییە کە دەبێت ئەم فەرموودەیە تأویل بکرێتو جۆرە لێکدانەوەیەکی بـــۆ بکرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ مانا گشـــتییەکانی دەقەکانـــدا بێتەوە، دەڵێین: مەبەست بەم قسەیەی جێگیرکردنی بنچنەو بنەمای یەکخواپەرستییە، ئەویش ئەوەیە کە خوای گەورە لە ڕاستیدا بریتییە لە پەنادەری ڕاستەقینە مرۆڤیش تەنها واسیتەو هۆکارە لەم کارەدا)). إ.ە .

دەڵێم: نووسەر چەندە بو ێرو بە جورئەتە لەسەر گۆڕینی مانای فەرموودەکانو شێواندنیان، ئەبوبەکری ســـدیق ڕەزای خوای لێبێت یەکەمینی باوەڕدارانەو هاوەڵی پێغەمبەرە ﷺ لە ئەشـــکەوتەکەدا، چاکەو شکۆمەندیەکانی زاندراو و بەربـــڵاون، ئایا گومانی ئەوەی لێدەکرێت کە پێی وابێت پێغەمبەرﷺ توانای ســـەربەخۆیی هەیە لە فریاکەوتن، ئایا هیچ مســـوڵمانێک پێی دروستە کە ڕۆژێک لـــە ڕۆژان ئەبوبەکربە خاڵیدا هاتبێت کە پێغەمبەرﷺ لە پەنادانانو فریاکەوتنی لێقەوماو سەربەخۆیە (ڕاستەوخۆ دەتوانێت فریاگوزار بێت)، ئەمە شـــتێکە خاوەنی کتێبی (مفاهیم) باوەڕی پێیەتیو هەوڵی چەسپاندنی دەدات، لێکدانەوەی ئەم فەرموودەیە بەو شێوە خراپەی کە نووسەر تێگەیشتووە بە گومڕاداندرانی ئەبوبەکری لێ دەخوێندرێتەوە، کە ئەویش بریتییە لە گومان هەبوون لە بەدیهێنەری هۆکاری شـــتەکان (کە خوای گەورەیە بە تەنها)، ئای لەم مانایانە چەندە خراپو ناپەســـندن کە بە هۆی تێنەگەیشـــتنەوە دروست دەبن، ئەی نووسەری کتێبی (مفاهیم یجب أن تصحح) تێگەیشتنەکانت چەندە خراپو ناڕێکن، لەناو کەوانەکەدا چەند تیرێکی توکاوی هەیە، ئەم ڕووانگەیە بەسە بۆ وڵامدانەوەی درۆیەکەی.

شەیخولئیسلام لە کتێبی وڵامدانەوەی البکری دا کاتێک قسەیەک وڵامدەداتەوە

کە لە ڕەگەزی قسەکەی نووسەرە لە ل ٢٠٤ دا دەفەرموێت: ((پێغەمبەرﷺ هەندێک شتی ڕەتکردۆتەوەو هەندێکی تری چەسپاندووە. ئەگەر ئەو شتەی پێغەمبەرﷺ ڕەتیکردۆتەوە بە دڵی ئەواندا نەهاتبێت چ پێویستییەکەک هەیە بۆ ئەوەی ڕەتبکرێتەوە، ئەگەر بوترێت ئەوان گومانیان پێی بردووە ئەوا بوختانێکی گەورەیە، بە پێچەوانەی گومان هەبوونی ئەوان لەوەی کە ئەو دەتوانێت ناخۆشی لابدات[٤٧] ، ئەم گومانە زۆرجار لە ئەوان ڕووی دەدا. جاری وا هەبووە کارەکەبەو شێوەیە بووە کە گومانکەر گومانی لێکردووە، ئەو کاتە هیچ تانەدانێکو بێ ڕێزییەکی تێدانییە بەرامبەر بە هاوەڵەکانو – خوا لێیان ڕازی بێت – پێغەمبەرﷺ، بە پێچەوانەی ئەو کەسەی دەڵێت: بیروباوەڕتان بەرامبەر بە من وا نەبێت کە من وەکو خوا وامە توانام هەیەو بە سەربەخۆیی دەتوانم کاریگەربم هەروەکو چۆن خوای گەورە بەو شێوەیەیە، ئەم مانایە کەسێک بە گومانیدا نایەت، ئەی چۆن هاوەڵی پێغەمبەرﷺ ئەمەی بە خەیاڵدا دێت)) إ.ە.

٤٧) مەبەستی ئەوەیە لە ماوەی ژیانیدا کاتێک هانایان بۆلای دەبرد.



بەشی چوارەم

کافرکردن

(التكفير)

کافرکردن

یەکێک لە گەورەترینی ئەو هۆکارانەی کە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم کۆمەڵێک کەسدا لە وەرگرتنی بابەتەکانی یەکخواپەرستیو دڵسۆزی بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان بریتییە لە بابەتی بە کافردانان، ڕووبەڕووبونەوەی ئەم بابەتە بەوە دەبێت کە ئەوان دەڵێن: ئەو مسوڵمانەی کە دەڵێت (لا إله إلا الله محمد رسول الله) پاشان نوێژ دەکاتو هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی هەموو پایە دیارەکانی ئیسلام ناکرێت هەرگیز بە کافرو بێباوەڕ دابندرێت، چۆن دەبێت بە کافر دابندرێت لە کاتێدا ئەو هەستاوە بە ئەنجامدانی هەموو پایەکانی ئیسلام. ئەوان بیر لەوە ناکەنەوە کە ئیسلام کۆمەڵێ هەڵوەشێنەرەوەی هەیە کە بە هۆیانەوە ئیسلامەتی مرۆڤ هەڵدەوەشێتەوەو هەڵوەشێنەرەوەکان دەبن بە دژی (لا إله إلا الله)، بەڵکو هەندێک کەس هەیە دەڵێت: هەرکەسێک بڵێت: لا إله إلا الله ئەوا مسوڵمانە ئەگەرچی کردەوەشی نەبێت، وازهێنان لە کردەوە وا لەو کەسە ناکات کە وشەی یەکخوا پەرستی دەربڕیوە لە ئیسلام دەربچێت، ئەم بیروباوەڕە لە ناو خەڵکدا بە بیرو باوەڕی مورجیئەو ماتوریدیەکان ناسراوە، هەروەها بیروباوەڕی ئەو خەڵکانەی ئەمڕۆشە کە شوێنیان دەکەون. ئەم دوو قسەیە کۆنن، لە سەردەمەکانی یەکەمدا دەرکەوتنو نوێ نینە. زۆربەی ئەوانەی بۆیان باسی بابەتەکانی دڵسۆزی بۆ خوا دەکەی لە پەرستنیداو

بۆیان باسی بە تەنها دانانی خوا دەکەیت لە کردەوەکانیدا – لەو کەسانەن کەشەیتانی دوژمنی ئادەم پەلکێشی کردوون بۆلای بە گەورە دانانی مردووانو داواکردنی شەفاعەتو نزا لێیانو پاڕانەوەو لێیانو داواکردنی بەخشش‌و لێخۆشبوونو چاکبوونەوەی لاشەو چاکردنی ولّات لێیان – ئەو کەسە بە لای زۆر گەورەو نەشیاوە کە حوکم بدات بە شیرکی گەورەو دەرچوون لە ئیسلام بەسەر ئەو کەسەدا کە شتێک لەو کردەوانەی باسمانکردن بۆ مردوان ئەنجامبدات.

دەڵێن: ئایا کەسێک بە کافر دادەندرێت لە کاتێکدا شایەتومانەکانی وتووەو نوێژیکردووەو بەڕۆژوو بووەو زەکاتی داوەو حەجیکردووە، هەرگیز ئەمە کافر نابێتو بە کافر داناندرێت، ئەگەر چی ئەو کەسە لە جگە لە خوای گەورەش پاڕابێتەوە، لەسەر ئەم پێشەکییەناپەسندە بەڵگە بەوە دەهێننەوە کە ئەوان بەرپەرچی ئەوە دەدەنەوە کەئەنجامدانی هەندێک لەو کارانەی باسمانکردن بۆ مردوان شیرک نییە.

بۆیە ڕاستیو ڕەوایی بە بەڵگەهێنانەوەی پێچەوانەوە بەتاڵ دەبێتەوەو هەڵدەوەشێتەوە.

لەم بەشەدا ڕاستی ئەو بابەتە ڕوونەدەکەینەوە کە سینەکانی تۆڕەکردووە، لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی بۆچونیان ناپەسندەو خراپە سەیری بەڵگە شەرعییەکانو قسەی زانایانیان نەکردووە لە بابەتی بیروباوەڕدا، هەروەها سەیری قسەی ئەوانیان نەکردووە لە بابەتی حوکمی ئەو کەسەی لە ئاین پاشگەز دەبێتەوە.

فصـــــل

گەورەترینی مەرجەکانی تەواوێتی ئیســـلام برتییە لە ئیخلاصو دڵســـۆزی دڵو بـــە تەنها دانانی خوای گەورە، خوای گـــەورە فەرموویەتی:﴿ فَٱعۡبُدِ ٱللَّهَ مُخۡلِصٗا لَّهُ ٱلدِّينَ ۝٢ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلۡخَالِصُۚ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ ﴾ الزمـــر: ٢ – ٣، واتـــە: ئـــەی پێغەمبەر خوای پەروەردگار بە پاکو دڵســـۆزی بپەرســـتەو ئایندارى بە دڵسۆزی بکە، ئاگاداربن گوێرایەڵی تەواوو پەرستشـــی پاکو بێگەردو دوور لە شیرک تەنها بۆ خوایە ئەو کەســـانەی جگە لە خوا کەسانی تریان کردە سەرخەرو دۆستی خۆیانو شەریکو هاوەڵیان بۆ خوا دانا؛ دەیانوت ئێمە بۆیە ئەم پەرستراوانە دەپەرســـتین تاکـــو بۆمان لە خـــوا بپارێنەوەو تکاو شـــەفاعەتمان بۆ بکەن لای خوا، لە خـــوا نزیکمان بکەنەوە، هەروەها خـــوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ قُلۡ إِنِّيٓ أُمِرۡتُ أَنۡ أَعۡبُدَ ٱللَّهَ مُخۡلِصٗا لَّهُ ٱلدِّينَ ۝١١ ﴾ الزمـــر: ١١، واتـــە: ئەی پێغەمبەر بڵێ: من لە لایەن خوای گەورەوە فەرمانم پێکراوە کە بە دڵســـۆزی پەرســـتنی بۆ ئەنجام بدەمو بە تەنها بپەرســـتم، هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ قُلِ ٱللَّهَ أَعۡبُدُ مُخۡلِصٗا لَّهُۥ دِينِي ۝١٤ ﴾الزمر: ١٤، واتە: ئەی پێغەمبەر بەو موشریکو بێباوەڕانە بڵێ کەوا من تەنها خوا دەپەرســـتم لەکاتێکدا من بە دڵسۆزییەوە ئەو دەپەرســـتمو گوێرایەڵی دەکەمو بۆ جگە لە ئەو پەرســـتن ئەنجام نادەم، هەروەهـــا خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَٱدۡعُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ ۝١٤ ﴾غافر: ١٤، واتە: بە دڵســـۆزیو بە تەنها پەرســـتن بۆ خوای گەورە ئەنجامبدەن هەرچەندە کافرو بێباوەڕەکان پێیان ناخۆشبێت.

خوای گـــەورە فەرموویەتـــی: ﴿ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ وَيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُواْ ٱلزَّكَوٰةَۚ وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلۡقَيِّمَةِ ۝٥ ﴾البينـــة: ٥، واتە: خاوەن کتێبە ئاســـمانییەکان – تەنها فەرمانی ئەوەیان پێکرابوو کەخوا بە دڵسۆزی بپەرســـتنو لە شـــەریکو هاوەڵ دانان خۆیان لابدەن و یەکخواپەرست بن، هەروەها نوێژ بکەنو زەکات بدەن – ئەم جۆرە خواپەرستییە – ئاینی پایەدارو ڕاستو دروستو بەردەوامە.

ئەو ئایەتانـــەی لەم بابەتە دەدوێـــن هەژمار ناکرێن (لـــەم کتێبەدا) بەڵکو هەموو قورئان بانگەوازی دەکاتو فەرمان دەکان بە دڵسۆزی، جا یان ئەوەتا فەرمانەکە ڕاســـتەوخۆ بە ئیخلاص کراوە، یـــان فەرمانەکەئیخلاص لەخوا دەگرێت، یان فەرمانەکە ئـــەوەی لێدەکەوێتەوە کە مرۆڤ ئیخلاصی هەبێت، هەر کەسێک لەمە وردبێتەوەو بیری لێبکاتەوە ئەوا هەستدەکات وایە.

لە سوننەتیشـــدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیکـــردووە بە ئیخلاص، هەروەها زۆر باســـی ئەوە کراوە کە کەسێک ئیخلاصو دڵســـۆزی نەبێت لەپەرستندا ئـــەوا ئاینەکەی لێ وەرناگیرێت، لەوانە ئـــەو فەرموودەیەیە کە بوخاری لە ئەبـــو هورەیرەوە دەیگێڕێتەوە خوا لێی ڕازی بێت کە فەرموویەتی: وترا ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، کێ لە هەموو کەس بەختەوەرترە بە شـــەفاعەتی تۆ لە ڕۆژی دواییدا؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((ئەی ئەبو هورەیرە من گومانم وابوو کە هیچ کەسێک پێش تۆ پرسیاری ئەم باسەم لێناکات چونکە من بینیومە تۆ زۆر سوری لەسەر (بیســـتنی فەرموودە). بەختەوەرترین کەس بە شەفاعەتی من لە ڕۆژی دواییدا ئەو کەســـەیە بە دڵســـۆزییەوە لە دڵییەوە دەڵێت: لا إله إلا اللـــه)). حافز ئیبن حجر لە (فتح الباری ١/١٩٤) دا دەفەرموێت: (خالصا) دووڕوو ناگرێتەوە (بۆیە فەرمووی خالصا تاکو دووڕوو نەگرێتەوە)، مانای

وەزنی (أفعل) لە وشەی (أسعد) کرداوە، نەک کرداوەکانی (تفضیل) بێت (واتە: بۆ ، تفضیل نییە). واتە: ئەو کەســـانە بەختەوەرن، ئەمە وەکو ئەو ئایەتەی خوای گەورەیە کەدەفەرموویت: (وأحسن مقیلا). إ.ە.

ئەبـــو ئومامە لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((خوای گەورە هیچ کردەوەیەک وەرناگرێت تەنها ئەوەیان نەبێت کە بە دڵسۆزی و بە پاکی بۆ ئەو ئەنجامدرابێت و مەبەست تێیدا تەنها خوا بووبێت)). ئەم فەرموودەیە نەسائی لە بابەتی (الجهاد ٦/٢٥) دا باسیکردووەو سەنەدەکەی (حسن)ە.

فەرموودەی زۆر هەیە لەســـەر ئەم بابەتە کە باس لە یەکخواپەرستی دەکەن بە دڵسۆزیو ئیخلاص، هەروەها باسی ئەوە کراوە کە هەر کاتێ: کردەوەیەک بە پاکی بۆ خوای گەورە ئەنجامنەدرا ئەوا وەرناگیرێتو شیرکە، گەورەترینی کردەوەکانیش بریتییە لە تەوحیدو خوا بەتەنها پەرســـتن، هەرکەســێک بە پاکی پەرســـتن بۆ خوای گەورە ئەنجامنەدات ئەوا کردەوەکەی ڕەتکراوەتەوە بەسەریدا، هەروەکو خوای گەورە لە فەرموودەیەکی قودسیدا فەرموویەتی: (أنا أغنى الشـركاء عن الشرك، من عمل عملا أشـرك فيه معي غيري تركته وشركه)[٤٨]، واتە: من لە هەموو کەس دەوڵەمەندترو بێ پێویســـتترم لەوەی شەریکو هاوەڵم هەبێت – ئەگەر کەســێک هەبێت پێویستی بە شەریک نەبێت ئەوا من لە ئەو زیاتر پێویســـتم بە شەریکو هاوەڵ نییە –، جا هەر کەسێک کارێک ئەنجامبـــداتو جگە لەمن بکاتە هاوبەشو شـــەریک لەم کارەیدا ئەوا خۆیو شەریک بڕیاردانەکەی وێڵ دەکەم – واتە: دەیدەمە دەست شەریکەکەیو هەرگیز کارەکەی لێوەرناگرم با ئەوکەسە پاداشتی بداتەوە کە کردوویەتیە هاوەڵ بۆ من – .

٤٨) صحيح مسلم: (٧٦٦٦).

جار هەیە پەرستنەکان لە ڕێگەی ئەندامەکانی لاشەوە دەبن، دڵسۆزی بابەتێکە پەیوەندی بە دڵەوە هەیەو هیچ کەسێک ناتوانێت بیزانێت جگە لە خوای گەورە، وەکو نوێژو ڕۆژوو هاو وێنەی ئەمانەش، جاری وا هەیە پەرستنەکە پەیوەندی بە دلەوە هەیەو کردەوەکان ڕوونکەرەوەی مەبەستی دڵەکانن.

هەیە لە خەڵک ڕیاو شیرکەکەی دەشارێتەوە، حەزناکات خەڵک ئاشنابنو بزانن کە ئەو ڕیادەکات، وەکوئەو کەسەی مونافیقو دوو ڕووە پەرستنی بۆ خوا لەڕێگەی ئەندامەکانی لاشەی دەرخستووە، بەڵام لە دڵیدا شەریکی بۆ خوای گەورە داناوەو دڵسۆزنییە.

بەڵام کەس نەبووە لە ناو ئیسلامدا شیرکو هاوبەش دانان بۆ خوا بە کردەوە دەربخاتو لە دڵیدا ئیمانو باوەڕ هەبێت، ئەمە بوونی نییەو ڕاستەقینە نییە، هەر کەسێک بە زوبانو کردەوەکانی شیرکی نیشانداو وازی هێنا لە ئیخلاصو دڵسۆزی ئەوا بێگومان دڵیشی پاکنییە، ئەمە هیچ کەس دووبەرەک نییە تێیدا.

لەم بابەتە جیا دەکرێتەوە ئەو کەسەی هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێتو زۆری لێدەکرێت هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُۥ مُطْمَئِنٌّۢ بِٱلْإِيمَٰنِ﴾ النحل: ١٠٦، واتە: تەنها ئەو کەسە بەر تووڕەیی و خەشمی خوا ناکەوێت کە زۆری لێدەکرێتو بە تۆپزی وشەی کوفرو بێباوەڕی پێ دەردەبڕنو ئەویش دڵی بە ئیمانو باوەڕ ئارامە.

بەڵام کاتێک مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی پەرستن هەڵدەبژێرێتو حەزی لێیەتی هەرگیز ناچێتە عەقڵەوە کە قسەیەکی بێباوەڕیو کوفر بکاتو دڵیشی پێچەوانەی وتەکەی بێت.

ئەو کەسەی بە کردەوە دڵسۆزی نیشان دەداتو لە ناو دڵیدا پێچەوانەکەی شاردۆتەوە ئەوا مونافیقو دووڕووە هەروەکو دووڕووەکانی سەردەمی

پێغەمبەر ﷺ، ئەو کەســـەی شەریک بۆ خوا دانان نیشان دەداتو دەردەخات هەروەکـــو ئەو موشـــریکە عەرەبانەو جگـــە لە ئەوان وایە کـــە پێغەمبەرﷺ جەنگی لە دژ ئەنجامدان، دووڕووەکانی ســـەردەمی پێغەمبەرﷺ دەیان گوت: لا إله إلا الله محمد رســـول الله، نوێژیان لەگـــەڵ دەکردو بەڕۆژوو دەبوونو زەکاتیان دەداو هەموو دروشمە دیارەکانی ئیسلامیان جێبەجێ دەکرد، لەگەڵ هەموو ئەمانەشـــدا ئەوان لە خواری خـــوارەوەی دۆزەخدان، ئەوان لە خوار کافرەکانن‌و لە ئەوان خراپترن، چونکە ئەوان بە دڵسۆزی بۆ خوا کارەکانیان ئەنجامنەداوە، هەروەها وشـــەی یەکخواپەرســـتیان بە دڵسۆزی نەوتووە، بەڵکـــو کۆمەڵێک کاریان کرد کە ئیســـلامەتییەکەی هەڵوەشـــاندنەوە؛ وەکو پاڵپشتیکرنی موشـــریکان‌و گاڵتەکردن بە بڕواداران‌و هاوشێوەی ئەمانە لەو کردەوانەی مرۆڤ کافردەکەن‌و ئاماژەن بە نەبوونی ئیخلاص‌و دڵســـۆزیان، ئەوان کافر بوون ســـەرەڕای ئەوەی دوو شـــایەتومانەکەیان وتو پایەکانی ئیسلامیان ئەنجامدا.

ئەمە لە بەســـودترینی ئەو بەڵگانەیە کە ئاماژەن بۆ خراپی‌و ناڕەوایی قسەی ئەو کەسانەی دەڵێن: هەر کەسێک بڵێت لا إله الا الله محمد رسول الله هەروەها نوێژبکات و زەکات بداتو هەســـتێت بە ئەنجامدانی دروشمەکانی ئیسلام ئەوا هەرگیز کوفرو بێبـــاوەڕی نادرێتە پاڵ لەگـــەڵ ئەنجامدانی پایەکان، ئەوان تەنها ســـەیری دروشـــمە دیارەکانیان کردووە، بنەما گەورەو پایە بەهێزەکە بریتییە لە ئیخلاص‌و دڵسۆزی کەچی ئەوان لایان لێی نەکردۆتەوەو ئاوڕیان لێ نەداوەتەوە، ئەم دڵسۆزییە بریتییە لە مانای وشەی (التوحید) هەر لەبەر ئەوەشە ناونراوە وشەی یەکخواپەرستی، چونکە هەرکەسێک بیڵێتو باوەڕی بە واتاکەی نەبێت کە بریتییە لە ئەنجامدانی پەرســـتن بە دڵسۆزی‌وبە تەنها

بۆ خوا ئەوا ئەو کەســـە پێی ناوترێت شـــایەتی بەو وشـــەیە هێناوە، بۆیە پایەی هەرە گەورە لە پایەکانی ئاین بریتی بووە لە شـــایەتیدان بەوەی هیچ پەرســـتراوێک شایستەی پەرستن نییە جگە لە خوا، نەک تەنها (وتنی لا إله إلا الله) و بەس (بێ گوێدانە ماناکەی).

خەڵک هەیە ئەم وشـــەیە بە زمانی دەڵێت بەڵام بە دڵ شـــایەتی پێناهێنێت، واتە: ئەو دڵسۆزنییە بەرامبەر بەو واتایەی ئەو وشەیە هەیەتی، ئەو کەسەی بەم شێوەیە بێت پایەی هەرە بەهێزی لەدەست چووە لە دینەکەی کە بریتییە لە ئیخلاص و دڵسۆزی.

فصـــل

لەبەر ئەوەیە کە خوێنەری کتێبی زانایان لەســـەر فقە و شەریعەت دەبینێت ئەوان بەشێکیان ناوناوە بابەتی هەڵگەڕانەوە لە دینو لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە، خوای گەورە ئێمە پەنا بدات لێی‌و لەو شـــتەش پەنامان بدات کەلەم کارە نزیکمـــان دەکاتەوە، لەم بابەتەدا زاناکان ئەو وشـــانە باســـدەکەن کە مرۆڤ پێی کافر دەبێتو هەڵدەگەڕێتەوە لە دینو خوێنو مالّی حەڵاڵ دەبێت، لەگەڵ ئەوەشـــدا ئەم کەسە هەڵگەڕاوەیە – زۆر جار – دەڵێت: لا إله الا الله هەروەها نوێژ دەکاتو زەکات دەداتو بـــەڕۆژوو دەبێتو حەج دەکات، بەڵام شـــتێکی ئەنجامداوە کە یەکێکە لە هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام وەکو شیرک بڕیـــاردان بۆ خوا، بۆیە بەم کارەی هەڵگەڕاوەتەوە لە ئیســـلام، لێرەدا من هەندێک قسەو دەستەواژەی زانایانت بۆ دەهێنم لە هەرچوار مەزهەبەکان بۆ ئەوەی زیاتر ڕوون بێتەوەو بارودۆخەکە ئاشکرا تر بێتە پێش چاو.

نووســـەری (مختصر خلیل) لە کتێبەکەیدا کە یەکێکە لە کتێبەکانی مەزهەبی مالیکـــی دەفەرموێـــت: ((هەڵگەڕانەوە لە ئاین بریتییە لـــە کوفرکردنی ئەو مســـوڵمانەی ئیســـلامەتیەکەی چەســـپاوە بەهۆی ئەوەی شـــایەتومانی بە ئارەزووی خۆی هێناوە، ئەم هەڵگەڕانەوەیە بەوە دەبێت کەسەکە بە ڕاشکاوی کوفرەکـــە بکات وەکو ئـــەوەی بڵێت: من هاوەڵ بۆ خـــوا بڕیاردەدەم، یاخود کەســـەکە کردەوەیەکی هەبێت خوازیاری کوفـــر بێت، وەکو ئەوەی بڵێت خوا لاشەی هەیە وەکو سەرجەم لاشەکانی تڕە، یان کردەوەیەک بکات کوفر لەخۆ بگرێت؛ **واتە:** کوفری لێبکەوێتەوە بە ڕوونو ئاشکرایی: وەکو فڕێدانی قورئان

یان هەندێکی قورئان با وشەیەکیش بێت، بە هەمان شێوە سوتاندنی قورئان بە مەبەستی سوکایەتی پێکردن دەگرێتەوە، بەڵام کەمەبەستی بە سوتاندنەکە پاراستنی بوو کافر نابێت، هەروەکو فڕێدانی قورئانە کاتێک لە شوێنێک دایبنێت کە پیس بێت ... وەکو قورئان وایە هەریەکە لە ناوەکانی خوای گەورەو پەرتوکەکانی فەرموودە، بەهەمان شێوە کتێبەکانی فقەو شەریعەتیش دەگرێتەوە کاتێک مرۆڤ بە مەبەستی سوکایەتی بە شەریعەتی ئیسلامی فڕێیان بدات ...هتد))[٤٩]، صاوی لە حاشیەکەیدا لە سەر سەرەتای قسەکانی خەلیل دەفەرموێت: قسەی خەلیل کە دەڵێت: (متقرر إسلامه) هتد: لە ڕواڵەتدا ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە ئیسلام بە تەنها دەربڕینی دوو شایەتومانەکە دەستەبەر دەبێت کاتێک مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی و بە بێ تۆبزی لێکران دەری بڕین، ئەگەر چی ئیسلامەتیەکەی نەوەستابێت لەسەر پایەکان، ئەمە وانییە، بەڵکو پێوستە بۆ دەستەبەربوونی ئیسلام دوای دەربڕینی دوو شایەتومانەکە ئیسلامەتیەکەی لەسەر پایەکان بینا بکاتو دابنێت)) إ.ه.

لەمەوە زاندرا کە هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام تووشی ئەو مسوڵمانەش دەبێت کە شایەتومانەکانی وتووەو کاری بە پایەکان کردووە، ئەمە مەزهەبو بۆچوونی هەموو زانایانەو هیچ جیاوازییەک لەنێوانیاندا نییە لەسەری.

حەنەفیەکان لە هەموو کەس زیاتر درێژەیان بە بابەتی هەڵگەڕانەوە لە ئاین داوە ئەوەش لەبەر لەبەرچاوگرتنی لایەنی بە گەورەدانانی ئایەتەکانی خوای گەورەو ئاینەکەی، هەتاوەکو ئەوان خەڵک کافر دەکەن بە هۆی چەند وشەیەک کە جۆرە وازهێنانێکی تێدایە بەرامبەر بە گەورەدانانی خوای گەورەو ڕێزگرتنی خواو واجبەکانیو پێغەمبەرەکەیو ﷺ ئاینەکەیو زاناکانی

---

٤٩) شرح الدردير على مختصر خليل: (١٤٤/٦).

مسـولمانانو زانستەکانیان. فەرموو ئەوە نمونەیەکە لە قسەی ئیبن نجیم الحنفی کە لە کتێبەکەیدا (البحر الرائق شرح کنز الدقائق ١١٩/٥ – ١٢٥) دەفەرموێت: ((مرۆڤ کافر دەبێت کاتێک پێی وابوو خوا ڕازییە بە کوفر، هەروەها بەوەش کافر دەبێت کە بڵێت: ئەگەر خوا ویژدانی هەبێت لەگەڵ منداڵە ڕۆژی دوایی ئەوا منیش تۆڵەم لەتۆ دەسەندەوە، یان ئەگەر خوا بڕیار بۆ من بدات، یان کاتێک خوا بە ویژدانو انصاف بێت، هەروەها بەوەش کافر دەبێت کە بڵێت: خوا بەڕەکەت بخاتە دڕۆکەت ... هەروەها بەوەش کە بڵێت: خوا دەزانێت من ئەو کارەم کردووە لەکاتێکدا کەسەکە بزانێت کە ئەو کارەی نەکردووە ... هەروەها بە چوونە لای فاڵچی بەڕاستدانانیو بەوەش کە بڵێت من دەزانم ئەوشتانەی دزراون چینەو چۆن دزراون، هەروەها بەوەش کە بڵێت: من نازانم کە ئادەمﷺ پێغەمبەرە یان نا، هەرەها کافر دەبێت کاتێک بە دڵ بیهەوێت ڕقی لە پێغەمبەر ﷺ بێتەوە ... هەروەها بەوەش کە بڵێت: ئەگەر ئەو قسەیەی پێغەمبەران دەیڵێن ڕاستبێتو حەق بێت.

بەوەش کافر دەبێت کە فەرموودەیەک ڕەتبکاتەوە کە متواتر بێت، یان بەشێوەی گاڵتەپێکردن بڵێت: زۆر بیستومانە، ... هەروەها بە گاڵتەکردن بە سوننەتێک لە سوننەتەکان کافر دەبێت.

هەروەها لەسەر بۆچوونی ڕاستتر بەوە کافر دەبێت کە بەڕەچی ئیمامەتیو پێشەوایەتی ئیمامی ئەبوبەکر بکات خوا لێی ڕازی بێت، هەروەها بەوەش کافر دەبێت کە ئینکاری خیلافەتی ئیمامی عومەر بکات خوا لێی ڕازی بێت، بەڵام بەوە کافر نابێت کە بڵێت ئەگەر پێغەمبەری ئێمە ﷺ نەبووایە ئەوا ئادەم سەلامی خوای لێبێت دروستنەدەبوو، بەڵکو ئەمە هەڵەیە.

هەروەها لە وڵامی ئەو کەسەی دەڵێت: واز لە دونیا بهێنە لەبەر دواڕۆژت

ئەویش بڵێت من دەست بەدەستو ئامادە بە دواخراو نادەم ئەوا کافر دەبێت، هەروەها بەوەش کە ڕەتی بکاتەوە وەترو قوربانی بوونی هەبێت، هەروەها بەوەش کافردەبێت کە پێی حەڵاڵو دروست بێت سەرجێی لەگەڵ ئافرەتی حەیزداردا بکات، هەروەها بەوەش کافر دەبێت کە حەرامکراوێک بە حەڵاڵ دابنێت کە بەبێ زەرورەت لە دین زانرداوە کە حەرامە، بەڵام بەکردەوە کافرنابێت کاتێک پێی حەڵاڵ نەبێت ...هەروەها بە خوێدنەوەی قورئان لەگەڵ دەهۆڵو زورناداو، بە باوەڕوبوون بەوەی قورئان بەڕاستی دروستکراوەو گاڵتەکردن بە قورئان بەوەی بەگاڵتە بڵێت: والتفت الساق بالساق، یان پەرداخێک بهێنێتو بڵێت: وکأسا دهاقا، یان لەسەر کێشانو پێوان بەگاڵتە پێکردنەوە بڵێت: وإذا کالوهم أو وزنوهم یخسرون، وتراوە: ئەگەر ئەو کەسە نەزان بێت ئەوا کافر نابێت.

هەروەها بە وازهێنان لە نوێژ بە ئەنقەست و بەبێ نیەتهێنانی گێڕانەوە کافر دەبێت یان نەترسێت لە سزای نەکردنی نوێژ، هەروەها بەوەش کافر دەبێت کە ئامادەی جەژنی کافران بێت و نوێژەکەی بچوێنێت لەسەری وەکو ڕێزێک بۆ ئەوان، ...هەروەها بەوە کافر دەبێت کە بڵێت: ئەم پەرستشانە خوای گەورە کردونی بە مایەی سزا بۆ ئێمە بەبێ تأویلو لێکدانەوە وابڵێت، یان بڵێت: ئەگەر خوای گەورە ئەم پەرستشانەی لەسەر ئێمە دانەنابایە ئەوا باشتر بوو بۆ ئێمە، هەروەها بە گاڵتەکردن بە زیکرەکانو ناوی خوا هێنان لەکاتی خواردنی نانی حەرامدا یان ناوی خوا هێنان لەسەر کاری حەرامدا وەکو زینا ئەوا پێی کافر دەبێت، هەروەها کافر دەبێت بەهۆی گاڵتەکردن بە بانگ، بەڵام بە هۆی گاڵتەکردن بە بانگبێژەوە کافر نابێت.

مەترسی کافر بوون هەیە لەسەر ئەو کەسەی بە کەسێک دەڵێت کە فەرمان

بە چاکە دەکات: غەوغاو ژاوەژاوت دروستکردووە بە مەبەستی ڕەتکردنەوەو بەرپەرچی دانەوە وابڵێیت، هەروەها بەوەش کافر دەبێت کە پێی بڵێیت: تۆ کەسێکی فزولیو زۆر خۆت لە شت هەڵدەقورتێنی ... هەروەها بەوەش کافر دەبێت کە بە شتێکی حەرام خێر بە هەژارێک بکاتو ئومێدی پاداشتیش لە خوا بکات، هەروەها مەترسی کافربوونی لێدەکرێت کە بەبێ هۆکار جنێو بە زانایەک بڵێیت، هەروەها بەوەش کافر دەبێت کە بچێتە دەر بۆ نەیروزی ئاگرپەرستەکانو وەکو ئەوان بکات لەو ڕۆژەدا، هەروەها لەو ڕۆژەدا شتێک بکرێت بە مەبەستی بەرز ڕاگرتنی ئەو ڕۆژە کە پێشتر نەیکرێوە، نەک لەبەر خواردن و خواردنەوە بیکرێت، هەروەها بەوەش کە لەو ڕۆژەدا ئەگەر شتێک ببەخشێت بە موشریکەکان با هێلکەیەکیش بێت بە مەبەستی بەگەورەدانانی ئەو ڕۆژە.

هەروەها بە کۆڕای زانایان بەوە کافر دەبێت کە ئیشی کافران بە باش بزانێت، تاوەکو وتویانە: ئەگەر بڵێت: وازهێنان لە قسەکردن لای ئاگرپەرستان باشە، یان نەچونە لای ئافرەتیان لە کاتی تووشبوونی بە حەیز کارێکی باشە ئەوا کافر دەبێت، هەروەها بەوەش کە شتێک بۆ کەسێک بکوژێتەوە لەکاتی دروستبوونی یان بۆ ئەو کەسەی لە حەج دێتەوە یان لە جەنگ، کوژراوەکەش مردارەوەبوو بوو، وتراوە کافر نابێت، هەروەها بەوەش کافر دەبێت کە بەدەسەڵاتدارانی سەردەمی ئێستامان بڵێیت: دادپەروەرە، وتراوە: وتراوە کافر نابێت، لەسەر ئەم خیلافە بنیاد دەنرێت ئەو اختلافەی هەیە لە قسەی وتاربێژان سەبارەت بەلەقەبی دەسەڵاتداران کاتێک پێیان دەڵێن: گەورەترین دادپەروەر، خاوەنی گەردنی هەموو میللەتان، دەسەڵاتداری زەوی خوا، دەسەڵاتداری وڵاتی خوا، هەروەها بەوەش بڵێیت: ئەوە بە دەسەڵاتدار

مەڵێ کاتێک ســـوڵتان پژمیو کەســـێکیش پێی وت خوا ڕەحمت پێ بکات ... هەروەها بەوەش کافر دەبێت کە پێی وابێت خەراج موڵکی سوڵتانە، هەروەها بەوش کافر دەبێت کە وشـــەی کوفر بە دەمی کەســـێکدا بدات بۆ ئەوەی بیڵێت با بەگاڵتەشـــی بێت، بە هەمان شێوە ئەو کەســـەی قسەی ئەو کەسانەی پێ باشبێت کە شوێن ئارەزووی خۆیان کەوتوونو بڵێت: قسەیەکی واتاییە، یان قســـەیەکە مانایەکی دروســـتی هەیە، ئەگەر بێتو بێژەری قسەکە بە قسەکە کافر بووبێت ئەوا بە باش دانەریشـــی هەر کافر دەبێت، بەهەمان شێوە ئەو کەسەش کە رسومی کافرانی پێ باشە، زانایان بۆچوونیان جیاوازە سەبارەت بە کافربوونی ئەو کەســـەی وتوویەتی: ئیبراهیمی کـــوڕی ئەدهەم لە ڕۆژی تەرویە لە بەسرە بیندراوە لەو کاتەدا ئەو لە مەککە بوبێت.

زاناکانمان دەفەرموون: هەرکەسێک بڵێت گیانی شەیخەکانمان ئامادەنو شت دەزانن ئـــەوا کافر دەبێت. لە کتێبی (الجامع الأصغـــر) هاتووە ئەگەر مرۆڤ وشـــەی کوفر بڵێت بە ئەنقەست بەڵام مەبەستی کافربوون نەبێت هەندێک لە هاوەڵانمان دەفەرموون: کافر نابێ، چونکە کافربوون پەیوەســـتە بە دڵەوە، ئەویش لەو کاتەدا بە دڵ مەبەســـتی کوفرو بێبـــاوەڕی نەکردووە، هەندێکی تریـــان دەفەرموون: کافر دەبێت، ئەوەیان ڕاســـتەو تـــەواوە لای من چونکە دینەکەی بەکەم زانیوە.

ئەوەی جێگای باسە ئەوەیە کە هەر کەسێک وشەی کوفر بڵێت بە گاڵتەپێکردنەوە ئەوا لای هەموویـــان کافرو بێباوەڕ دەبێت، هیچ ڕەچـــاوی بیروباوەڕەکەی ناکرێت ... هتد)) قسەی ئیبن نجیم کۆتایی هات.

ئیبن نجیم زۆرێک لەو وشـــانە دەخاتە ڕوو کـــە لای حەنەفییەکانو جگە لە ئەوان مرۆڤ پێی کافر دەبێت.

خەتیبی شەربینی لە ڕاڤەی مەتنی ئەبی شجاع کە ناوی (غایە الإختصار) ە و یەکێکە لە کتێبە فەیەکانی مەزهەبی شافعی (١٧٥/٢) دوای خستنەڕووی چەند شتێک لەو شتانەی مسوڵمان پێی کافر دبێت دەفەرموێت:

((ئەمە بەشێکە کە کەناری بۆ نیە)) إ.ە. لە کتێبی (الکبائر) کە ئبن حەجەری هەیتەمی نووسیویەتی زۆر شتی لەو بابەتە هەیە، بەهەمان شێوە لە کتێبی (قواطع الإسلام) دا باسکراوە کە خۆی نووسیویەتی.

مەرعای کوڕی یوسفی حەنبەلی لە کتێبی ((غایە المنتهی فی الجمع بین الإقناع والمنتهی ٣٥٣/٣) دا دەفەرموێت: ((هەر کەسێک بانگەشەی پێغەمبەرایەتی بکات یان ئەو بانگەشەی پێ ڕاستو ڕەوا بێت یان شەریک بۆ خوا بڕیاربدات، یان جنێوی پێ بدات، یان جنێو بە پێغەمبەرێک یان فریشتەیەک یان پەروەردگارێتی خوای گەورە یان تاکو تەنهایی یان سیفەتێکی ڕەتبکاتەوە ... یان کتێبێکی ئاسمانی یان پێغەمبەرێک یان فریشتەیەک یان واجبێتی پەرستشێک لە پێنج فەڕزەکان لەوانە پاکو خاوێنی، یان حوکمێکی دیار کە زانایان بە دڵنیایی لەسەری کۆڕان بەبێ تأویل وەکو حەرامی زینا یان گۆشت – نەک بەزی – بەراز یان حەشیش یان حەڵاڵێتی نان (ڕەت بکاتەوە) یان گومانی لێبێت چونکە وێنەی ئەمە نابێت نەزانێت، یان زانیویەتی بەڵام بەردەوام بوو لەسەر قسەی خۆی، یان سوجدەی برد بۆ بت یان بۆ هەسارەیەک، هەروەها ڕووکردنە دەسەڵاتداران لە کاتی سوجدە بە مەبەستی پەرستش کوفرەو بێباوەڕییە. بە مەبەستی سەلامکرن لە دەسەڵاتداران سوجدەبرن تاوانێکی گەورەیە. یان هەر کاتێک کەسانێک بێنێتە نێوان خۆیو خوا بیانکاتە واسیتەو پشتیان پێ ببەستێتو داوایان لێبکات ئەوا کافرە بە کۆڕای زانایان، ئەمە شەیخ (مەبەستی کەسێکە کە شەیخیەتی) فەرمووی.

یاخـــود قســـەیەک یـــان کردەوەیەکی لێ ڕووبـــدات کە بە ڕوونـــی دیاربێت گاڵتەکردنە بە ئاین یان قورئان بکاتە میهنەو پیشـــە بۆ پارە وەرگرتن – خوا پاراســـتوویەتی ئەم قورئانە – یان بانگەشـــەی ئەوە بکات قورئان اختلافی تێدایە (ئایەتەکانی پێچەوانەی یەکە) یان بانگەشـــەی ئەوەی کرد کە توانای نووســـینی شتێکی هەیە وەکو قورئان یان ڕێزی قورئان نەهێلێت ئەوا کافرەو بێباوەڕ دەبێت ... هتد.)).

ڕەنگە بەوەندە وتانەی کە لە زانا فەقیهەکانی هەر چوار مەزهەب حەقو ڕاستی بەدەربکەوێت، قسەی ئەو کەسەش هەڵبوەشێتەوە کە دەڵێت: ئەو مسوڵمانەی هەردووک شـــایەتومانەکەی هێنابێتو پایەکانی ئیسلامی بەجێهێنابێت کافر ناکرێت، هەروەکو زۆرێک لە ئەو کەســـانەی زیادەڕەوی دەکەن لە گۆڕەکاندا لە دەوری ئەم بۆچوونە ماوەیەکی زۆرە دەخولێنەوە.

فصـــل

کاتێک دڵنیابووین لە بوونی یەکدەنگی زانایان لەســـەر ئەوەی هەر کەسێک بڵێت لا إله إلا الله محمد رسول الله هەروەها نوێژبکاتو زەکات بداتو ڕۆژوو بگرێتو حەج بکات ئەوا دەکرێت بە گشـــتی لە ئاین بچێتە دەرو هەڵگەڕێتەوە لەبەر قســـەیک کردوویەتی یان کردەوەیەک ئەنجامیداوە، یان لەبەر بوونی بیروباوەڕێک لە ناو دڵو دەروونیدا، ئێمە دوای ئەم باسە بەڵگە دەهێنینەوە قسەی زانایان لەسەر کافربوونی گۆڕپەرستان، ئەوانەی کە لە لای گۆڕەکان دەمێننـــەوەو داوا لە خاوەنەکانیان دەکەن، یان شـــەفاعەت بە مردووانی ناو گۆڕەکان دەکـــەن لە هەرکوێیەک بـــوون، فەرموودەی خـــوای پەروەردگارو سوننەتی پێغەمبەرﷺ گەورەترین زانستن کە پێویست ناکات قسەی کەسانی تریـــان لەگەڵدا بهێندرێت، بـــەڵام خەڵکانێک هەن لـــە بەڵگەکانی قورئانو ســـوننەت تێناگەن تا ئەو کاتـــەی فەرموودەی زاناکانیان بـــۆ نەهێندرێت. ئەم بەشـــە تایبەتە بە ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە، بەشـــێوەیەک ڕێکخراوەو بەڵگەئامێزکراوە کە ئەو کەســـەی بۆچوونـــی پێچەوانەیە هیچ بەڵگەیەکی لا نامێنێت، هەروەها هیـــچ ڕێگایەکی نامێنێت بۆ ئەوەی ڕەخنەبگرێت، چونکە لەزاناکانەوە نەقڵکراوەو دەســـت بەدەست قسەکەیان گێڕدراوەتەوە کە ئەوان بە ڕاشـــکاوانە وتویانە ئەو کەســـەی داوا لە جگە لە خوای گەورە دەکات یان دەیکاتە واسیتە ئەوا کافرەو موشریکە.

١. لەوانـــە ئیبن حەجەری هەیتەمی لە (شـــرح الأربعیـــن) دا فەرموویەتی: ((هەرکەسێک داوا لە جگە لە خوای گەورە بکات ئەوا کافرە)). إ.ه.

٢. لەوانە زانای پایە بەرزی بە توانا صنع الله کوڕی صنع الله الحلبی المکی کە لەساڵی (١١٢٠ک) کۆچی دوایی کردووە لە کتێبێکدا کە تێیدا وڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە کە بانگەسەی ئەوە دەکەن دۆستانی خوا توانای هەڵسوکەوتکردنیان هەیە لە ژیانو لە دوای مردنیان، فەرموویەتی:

((لە ئێستادا لەناو مسوڵمانان کۆمەڵە کەسانێک پەیدابوون کە پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاودەکەنەوە کە دۆستانی خوا توانای هەڵسوکەوتیان هەیە لە ژیانیانداو لە دوای مردنیشیان، ئەمە وا دەکات کە ئەوان هانایان بۆ ببەن لە کاتە ناخۆشەکان و هاتنی بەڵاو ناڕەحەتیدا، بە هۆی ئەوانەوە شتە گرنگەکانیان بەدەرخەن و ئاشکرا دەکەن، دێنە سەر گۆڕەکانیانو بانگیان دەکەنو هاواریان دەکەنێ بە مەبەستی جێبەجێکردنی پێویستیەکانیان، ... فەرمووی: ئەم قسەیە زیادەڕەوی و کەمتەرخەمی تێدایە، بەڵکو ئەم قسەیە تیاچوونی هەتاهەتایی و سزای بەردەوامی پێوەیە چونکە بۆنی شیرکو هاوبەش بڕیاردانی لێدێت، هەروەها ئەمە تێکگیرانە لەگەڵ قورئانی پیرۆزو پیاکێشانییەتی، هەرەها پێچەوانەیە لەگەڵ بیروباوەڕی ئوممەتو ئەو ئاینەی ئەوان لەسەری کۆڕا بوون و ئیجماعیان لەسەری هەبووە)).

پاشان ئەم ئایەتەی خوای گەورەی هێنایەوە کە دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمۡلِكُونَ مِن قِطۡمِيرٍ ١٣﴾ فاطر: ١٣.

واتە: ئەو پەرستراوانەی ئێوە داوایان لێدەکەنو پەرستنیان بۆ ئەنجامدەدەن تەنانەت بە ئەندازەی ئەو توێکڵە سپیە تەنکەی سەر دەنکی دانەوێڵەشیان بەدەست نییە و خاوەنی نین.

ئینجا کۆمەڵێک ئایەتی تری لەم مانایە باسکردو فەمووی: فەرمایشتی خوای گەورە لە هەموو ئایەتەکان کە دەفەرموێت: (من دونه) واتە: لە جگە لە خوای

گەورە، ئەمە عامەو گشتییە هەموو ئەو شتانەش دەگرێتەوە کە تۆ باوەڕت پێیانە لە وەلیو شەیتانو .... تا دەفەرموێت:

بەڵام ئەو قسەیەی کە دەڵێت مردووەکان دوای مردنیان توانای هەڵسوکەتیان هەیە زۆر خراپترو بیدعەترە لەو قسەیەی کە دەڵێت زیندووان لە ژیانیاندا توانای هەڵسوکەتیان هەیە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ الزمر: ٣٠، واتە: - ئەی پێغەمبەر - تۆ دەمریتو ئەوانیش دەمرن.﴿ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَٱلَّتِى لَمْ تَمُتْ فِى مَنَامِهَا ۖ فَيُمْسِكُ ٱلَّتِى قَضَىٰ عَلَيْهَا ٱلْمَوْتَ ... ﴿٤٢﴾ ﴾الزمر: ٤٢، واتە: خوای گەورە ڕوحی ئەو کەسە دەکێشێت کە دەمرێت، هەروەها ئەوەی کە خەوتووشە هەر خوای گەورە ڕوحەکەی دەکێشێت، ئیجا خوای گەورە گیانی ئەو کەسەی بڕیاری مردنی لەسەر داوە دەهێڵێتەوە لای خۆی‌و (ئەو کەسەی کە نوسوتووە گیانەکەی بۆ دەگێڕێتەوە تا ئەو کاتەی ئەجەلی دێت و مۆڵەتی تەواو دەبێت).

پاشان دەڵێت: ((بەڵام ئەو هانایەی ئەوان دەیبەن‌و ئەو قسەیەی دەیڵێن وەکو هانا بردن بۆ ئەوان خراپترە لە قسەکانی پێشوویان‌و بیدعەترە، چونکە تێک دەگیرێت لەگەڵ فەرمایشتی خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿ أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٦٢﴾ ﴾ النمل: ٦٢، واتە: ئایا پەرستنی ئەو بتانە باشترە یان پەرستنی ئەو کەسەی ولامی لێقەوماو دەداتەوەو ناخۆشییەکەی لەسەر لادەبات کاتێک داوای لێکرد، هەروەها دەتان کاتە جێنشین لەسەر زەوی، ئایا هیچ پەرستراوێکی تر هەیە لەگەڵ خوادا (ئەم ناونیعمەتانەتان پێ ببەخشێت)؟

﴿ قُلْ مَن يُنَجِّيكُم مِّن ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ... ﴿٦٣﴾ ﴾الأنعام: ٦٣، واتە: ئەی

پێغەمبەر بەم موشـــریکانە بڵێ: باشە کێ ئێوە لە مەترسی تاریکیەکانی سەر وشکانیو ناو ئاو قوتار دەکات.

کۆمەڵێک ئایەتی تریشی لەم مانایە باسکردو ئینجا فەرمووی: بێگومان خوای گەورە داینـاوە کە تەنها خۆی لابەری ناخۆشیو نەهامەتیەکان بێت نەک جگە لە ئەو، تەنها خوای گەورە پشـــتی پێ دەبەستێت بۆ لابردنی ناخۆشیەکان، خوای گەورە توانای لادانی ناخۆشـــی هەیەو توانای گەیاندنی خێرو خۆشی هەیـــەو خۆی تەنها ئـــەم کارە دەکات، کاتێک ئەمە تایبـــەت بێت بە خوای گەورە هەرچی هەیە لە فریشتەو پێغەمبەرو پیاوچاک دەچێتە دەرو (ناتوانن ئەم کارانە بکەن)، هەر کەســـێک باوەڕی وابێـــت کە جگە لە خوای گەورە لە پێغەمبەرو وەلیو ڕوح یان جگە لەمانە توانای لادانی ناخۆشیەکی هەیە یان توانای بەجێهێنانی پێویستییەکی هەیە ئەوا لەسەر لێواری جەهەننەمە.

دەڵێت: ئەمە گومانی بت پەرســـتان بوو، خوای گەورە بەم شـــێوەیە هەواڵی ئەوانـــی پێداوین (کە دەیـــان وت): ﴿هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ﴾ یونس: ١٨ . واتـــە:: ئەوانە دەبن بە تکاکارو شـــەفاعەتکار بۆمـــان لای خوای گەورە. ﴿مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ﴾ الزمر: ٣ . واتە: ئێمە بۆیە ئەم پەرستراوانە دەپەرســـتین تاکو بۆمان لە خوا بپارێنەوەو تکاو شـــەفاعەتمان بۆ بکەن لای خواو لە خوا نزیکمان بکەنەوە.

﴿ءَأَتَّخِذُ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً إِن يُرِدۡنِ ٱلرَّحۡمَٰنُ بِضُرّٖ لَّا تُغۡنِ عَنِّي شَفَٰعَتُهُمۡ شَيۡـٔٗا وَلَا يُنقِذُونِ ٢٣﴾ یس: ٢٣، ئایا من جگە لە خوای گەورە پەرستراوێکی تر بپەرستم کە توانای هیچی نییەو کاتێک خوای گەورە ویستی ناخۆشییەکم تووشـــبکات ئەوا شـــەفاعەتو تکای ئەوان هیچ سودێکی بۆم نابێتو ناتوانن ڕزگارم بکەن، ناوهێنانی کەســـێک بە مەبەســـتی هانا بۆ بردن کە لە توانای

ئـــەودا نەبێت ســـودبگەیەنێتو زەرەر لابدات لە پێغەمبـــەرو وەلیو جگە لە ئەوانیش ئەوا شـــەریک و هـــاوەڵ بڕیاردانە بۆ خوای گـــەورە، چونکە هیچ کەسێ: ناتوانێت جگە لە خوای گەورە ناخۆشی لابداتو هیچ خێرو خۆشییەک نییە جگە لەوەی خوای گەورە دەیهێنێـــت)). فەرموودەی زانای پایەدار صنع الله الحلبی المکی الحنفی لێرە کۆتایی هات(٥٠).

٣. زانای پایەدار ئەحمەد کوڕی علی المقرزی کە لە ساڵی ٨٤٥ک کۆچی دوایی کردووەو خاوەنی چەندین نووسینە لە کتێبەکەیدا (تجرید التوحید المفید ل ٨) دەفەرموێت: ((شـــەریک بڕیاردان لای هەموو ئوممەتان دوو جۆرە: شەریک دانان بۆ خوا لە پەرســـتنیدا، شەریک دانان بۆ خوای گەورە لە پەروەردگاریێتیدا. شەریک دانان بۆ خوای گەورە لە پەرستنیدا زۆرەو باوە لە ناو ئەو کەسانەی شەریک بۆ خوا بڕیار دەدەن. ئەم جۆرە بریتییە لە شیرکی بت پەرستان و فریشتە پەرستانو پەری (جنۆکە) پەرستانو شێخو وەلیە مردوو زیندو پەرســـتەکان، ئەوانەی کە دەڵێن: (ئێمە بۆیە ئەمانە دەپەرســـتین تاکو لە خوامان نزیک بکەنەوە)و تکامان لای ئەو بۆ بکەن، بـــە هۆی ئەوەی ئەوان لـــە خوا نزیکنو ڕێزو قەدریـــان هەیە لای خوای میهرەبـــان، هەروەکو چۆن ئەمە لە دونیادا بوونی هەیە، ئەو خەڵکانەی کە لە پاشـــا نزیکن و خزمەتی ئەو دەکەنو خزمو کەسو خەڵکی تایبەتی ئـــەون لە لای بەڕێزنو لـــە خۆیان نزیک دەکاتـــەوەو (داوایان کەم وایە ڕەتبکاتەوە).

کتێبەکانـــی خوای گەورە لـــە یەکەمیانەوە تاکـــو دواهەمینیان ئەم مەزهەبو بیرو بۆچونانە بەتاڵ دەکەنەوەو ڕەتدەکەنەوە، هەروەها بە شـــتێکی خراپو

٥٠) بە کورتی لە کتێبی تیسیر العزیز الحمید کە شێخ سلیمان عبدالله نووسیویەتی هێناومە: ل (١٩٦ – ١٩٩).

ناپەسندی دادەنێن و لە ناو دەقەکانیاندا ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەمانە دوژمنی خوای گەورەن، هەموو پێغەمبەران لە یەکەمیانەوە تا دواهەمینیان لەسەر ئەمە یەکدەنگن و یەک ڕان، خوای گەورە هەرئوممەتو گەلێکی لەناو بردبێت تەنها لەبەر ئەم جۆرە شیرکو هاوەڵبڕیاردانە بووە بۆی))، لە ل ١٢ – ١٣ دا دەفەرموێت: ((خەڵک لەم بابەتەدا – مەبەستم لە سەردانیکردنی گۆڕەکان – بەسەر سێ بەشدا دابەش بوون:

خەڵکانێک هەنە دەچنە سەردانی مردووانو نزایان بۆ دەکەن، ئەمەیان بریتییە لە سەردانیکردنی دروستو شەرعی، خەڵکانێکی تر هەیە بە هۆی مردووانی ناو گۆڕەکان لە خوای گەورە دەپاڕێنەوە، ئەم کەسانە شەریکیان بۆ خوای گەورە داناوە لە پەستنو خۆشەویستیدا[٥١] .

خەڵکی تر هەیە سەردانی گۆڕی مردووان دەکاتو لە خودی مردووەکان دەپاڕێنەوەو داوا دەکەن، لە کاتێکدا پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((خوایە گۆڕەکەی من مەکەرە بە بتێکو ببپەرستێت)). ئەمانە شەریکو هاوەڵیان بۆ خوای گەورە بڕیارداوە لە پەروەردگاریێتیدا)).

هەروەها مەقریزی لە ل ١٨ –١٩ دا دەفەرموێت:

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی پەرستراوێتی بریتیە لە سوجدەو کڕنوشبردن، هەرکەسێک سوجدەو کوڕنوش بۆ جگە لە خوای گەورە ببات ئەوا ئەو کەسەی چواندووە بە ئەو، یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی پەرستراوێتی بریتیە لە پشت پێبەستن، هەر کەسێک پشت بە جگە لە خوای گەورە ببەستێت ئەوا

---

٥١) مەبەستی – نووسەر - بە (یدعون بهم) واتە: داوای شەفاعەتو تکاو واستەیان لێدەکەن، مەبەستی ئەوە نییە ئەوان بە هۆی خودی مردووەکان یان کەسایەتییەکانیان ڕووبکەنە خواو داوای لێبکەن،چونکە ئەمە شیرک نییە بەڵکو ئەمە جۆرێکە لە بیدعەو هۆکارێکە بۆ شەریکو هاوەڵ دانان بۆ خوای گەورە.

ئەوی بە خوای گەورە چواندووە، هەروەها تایبەتمەندیەکی تری پەرستراوێتی بریتیە لە سوێند خواردن بە ناوی ئەو، هەر کەسێک سوێند بە ناوی کەسێکی تر بخـــوات جگە لە ناوی ئەو ئەوا بەوی چوانـــدووە، تایبەتمەندیەکی تری پەرستراو بریتیە لە سەربڕین لە پێناویدا، هەر کەسێک سەربڕین بۆ جگە لە پەرســـتراوەکەی ئەنجامبدات ئەوا بە ئەوی چواندووە، یەکێکی تر بریتیە لە سەرتاشینو جگە لە مانە.

ئەمە لە ڕوانگەی چواندنەوەیە، بەڵام لە ڕوانگەی خۆ چواندنەوە هەر کەسێک خۆی وا دەربخات کە گەورەیەو تەکەبور لێبداتو خەڵکی بۆلای گەورەیی خۆی بانگ بکات و وا بچپێنێت بە گوێکانیاندا کە پێویستە ئەوان ئومێدیان بە ئەو بێت و هەر لە ئەو بترســـن ئەوا ئەو کەسە خۆی بە خوای گەورە چواندووەو کێبەرکـــێ لەگەڵ خوادا دەکات لە پلەی پەروەردگاریێتیدا، ئەو کەســـەی ئەوە حاڵی بێت شایســـتەی ئەوەیە خوای گەورە ئەو پەڕی سەرشۆڕی تووشبکاتو بیکاتە گەردیلەیەکی بچوک لەبەر پێی دروستکراوەکانیدا)) إ.ە.

شێخ قاسم کوڕی قطلوبغا الحنفی لە کتێبی (شرح درر البحار) دا دەفەرموێت: ((ئـــەو جۆرە نەزرەی کە زۆرێک لە خەڵکی عـــەوامو ئەنجامی دەدەنو دەچنە ســـەر گۆڕی هەندێک لە پیاوچاکانو دەڵێن: ئـــەی گەورەم فلانەکەس: ئەگەر ونبووەکەم بگەڕێتەوە یان نەخۆشـــەکەم چاکبێتەوە ئەوا ئەوەندەو ئەوەندە لە زێڕو زیو یان مۆم یان زەیت بۆ تۆ بێت – ئەم جۆرە قســـەیە –بە کۆڕای زانایان لە چەند ڕوانگەیەکەوە خراپەو ناپەسندە:–

تا دەگاتە ئەو شـــوێنەی دەفەرموێت: ((ڕوانگەیەکـــی تر بریتیە لەوەی ئەو کەسەی ئەم جۆرە قسەیە دەکات گومانی وایە کە مردووەکە توانای هەڵسوکەوتی هەیەو دەتوانێت گۆڕانکاری لە شـــتەکاندا دروســـتبکات، باوەڕهەبوون بەمە

کوفرەو بێباوەڕییە)). إ.ە. ئەم قسەیە کۆمەڵێک لە زاناکان لەم زانا بەڕێزەیان گێڕاوەتەوە لەوانە سراج الدین ئیبن النجیم لە کتێبی (النهر الفائق شرح کنز الدقائق) هەروەها شـــەوکانی لە کتێبی (الدر النضید ل ٤٠)و جگە لە ئەوانیش باسیان کردووە.

زانای پایەدارو زیندوکەرەوەی ســـوننەت لە ناوچەکانی یەمەن حسین النعمی کـــە لە ســـاڵی ١١٨٧ک دا کۆچی دوایی کردووە لە کتێبـــی (معارج الألباب فی مناهج الحق والصواب ل ٢٩٠) دا دوای ئەوەی قســـەیەکی زۆر لەسەر بابەتی پاڕانـــەوە دەکات دەفەرموێـــت: ((پاڕانەوە لە جگـــە لە خوای گەورە بریتیە لە دەرکردنی پاڕانەوە لە شوێنەکەی خۆی، وەکو ئەوە وایە هەستێت بە ئەنجامدانی ئەو جۆرە نوێژە لەســـەر ئەم شـــێوازە بۆ ئەو کەســـەی لە ناو گۆڕەکەیە یـــان بۆ بەردێک لە بەردەکان، ئـــەم دووانە وەکو یەک وان، جیاوازیکـــردن لەنێوان نوێژو پاڕانـــەوەدا: جیاوازیکردنە لەنێوان دوو برادا، هەروەهـــا جیاوازیکردنە لەنێوان دوو دراودا، ئەگینا دەبوایە نوێژو ڕۆژوو و هـــاو وێنەی ئەمانەیان بۆ مردووەکـــە ئەنجامبدابایە، ئەوکاتە جیاوازدەبوو لۆمە نەدەکرانو شەریکیان بڕیار نەدەدا، ئەو کاتە ئەم کارەیان پاکتر دەبوو خراپەی تێدا نەدەبوو (نووسەر مەبەستی لێرە بەم مەدحە خراپی کارەکەیانە واتە: وەک ئەوە وایە بڵێت: باشە ئێوە کە پاڕانەوە لە مردوو بە شتێکی شەرعی دەزانـــنو پێتان وایە کاریکی باش دەکەن خۆنوێژیش وەک پاڕانەوە وایە دەی وەرن ئەویشـــی بۆ ئەنجامبدەن تاکو کارەکەتان زیاتر دڵســـۆزی تێدابێت بۆ مردووەکەو باشتر بێت، بۆیە لە کۆتایی قسەکەیدا فەرمووی): پاکو بێگەردی بـــۆ تۆ ئەی خوای گەورەو میهرەبان ئەمە بوختانەو درۆیەکی گەورەیە ئەوان دەیکەن)) إ.ە.

ئەو کتێبەی ئەم زانا بەڕێزە گشتی لەسەر بابەتی گۆڕو پەرستنیەتی، ئەم کتێبە چەندین بەڵگەی ڕوونو بەهێزی تێدایە کە دەبێتە مایەی گێڕانەوەی هەر گومڕایەک هیدایەتی بۆ نووسرابێت بۆسەر ڕێگای ڕاستی خوای گەورە.

هاوڕێ و هاوپیشەی النعمی لەسەرخستنی سوننەت لە یەمەن زانای پایەدار محمد کوڕی ئیسماعیل الأمیر الصنعانی کە لە ساڵی ١١٨٢ک کۆچی دوایی کردووە لەو هۆندراوەدالیەکەیدا کە مەدحی شێخ محمد کوڕی عبدالوهاب دەکات دەفەرموویێت:

يَعْمُر أركانَ الشريعةِ هادماً

مشاهدَ ضلَّ الناسُ فيها عن الرشد

أعادوا بها معنى سَوَاعٍ ومثله

يغوثُ وودّ بئسَ ذلك من وَدّ

وقد هتفوا عند الشدائد باسمها

كما يهتفُ المضطرُ بالصَمَدِ الفرد

وكم عقروا في سَوْحها من عقيرةٍ

أهلَّتْ لغير الله جهلاً على عمد

واتە: ئەو (مەبەستی محمد کوڕی عبدالوهاب)ە پایەکانی شەریعەت دروستەکاتەوەو ئاوەدانیان دەکاتەوەو ئەو شوێنانەی خەڵک تێیدا لە ڕێنمایی لایانداوە تێکیدەشکێنێت و نایانهێڵێت، ئەو خەڵکانە هەمان ئەو ماناو مەبەستەی بۆ سواعو یغوثو ود لەلایەن کافرانی کۆنەوە وەک پەرستش بۆیان لەدڵیاندا بوو هێنایانەوە ناو ئاینی ئیسلام، ئەوان لە کاتی ناخۆشیدا هاوار دەکەنە ناوی ئەوان هەر وەکو چۆن کەسی لێقەوماو هاوار دەکاتە خوای نیاز بۆلاکراو، چەندین شتیان بە مەبەستی بەگەورەدانان بۆ ئەوان بە

نەزانیو بە ئەنقەست سەربڕیو بۆ جگە لە خوای گەورە کوژرانەوە.

هەروەها لە کتێبی (تطهير الاعتقاد عن أدران الإلحاد ل ١٥) دا فەرموویێت:

((نەزرکردن بە مالّ لەســـەر مردوو هەروەها سەربڕین لەسەر گۆڕو تەوەسول پێکردنیو داواکردنی پێویســـتی لێی: هەمان ئەو شتەیە کە خەڵکی سەردەمی نەفامـــی دەیانکرد، ئەوان ئەم کارانەیان بۆ ئەو شـــتانەیان دەکرد کە ناویان لێنابوون بت، ئەوەی ئەو کەســـانەی ئالّودەی گۆڕن ئەنجامی دەدەن بۆ ئەو کەسە دەیکەن کە ناویان لێناوە وەلیو گۆڕو دیدەگا، ناوەکان هیچ کاریگەریان نییە، هەروەها ناتوانن مانا شەرعیو زمانەوانیو عەقڵیەکان بگۆڕن)) إ.ە.

زانای یەمەن لە ســـەدەی سێزدەهەمدا محمد کوڕی عەلی الشوکانی لە کتێبی (الـــدر النضيد في إخلاص التوحيد ل ١٩) : دوای باســـکردنی ئەو بەڵگانەی جەخت لەســـەر کافربونی ئەو کەســـانە دەکەنەوە کە پەرســـتن بۆ گۆڕەکان ئەنجامدەدەنو داوای شەفاعەتیان لێ دەکەنو هانایان بۆ دەبەن دەفەرموویێت:

((ئەگەر بڵێی: ئەو کەسانەی هانا بۆ گۆڕەکان دەبەن باوەڕیان وایە کە خوای گەورە زەرەربەخشو سودبەخشـــەچاکەو خراپە بە دەست ئەوە، ئەگەر ئەوان داوا لە مردووان بکەنو هانایان بۆ ببەن ئەوا مەبەستیان ئەوەیە ئەوەی داوای دەکەن لەلایەن خواوە بۆیان جێبەجێ ببێت!

دەڵێم (واتە: شەوکانی): نەفامەکانی سەردەمی جاهیلی بە هەمان شێوە بوون، چونکە ئەوان دەیانزانی خوای گەورە سودبەخشو زیانبەخشەو چاکەو خراپە لە دەســـتی ئەوە، بەڵکە ئەوان پەرســـتنیان بۆیە بۆ بتەکانیان ئەنجام دەدا تاوەکو لە خوای گەورەیان نزیکبکاتەوە، هەروەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لە ئەوانەوە دەگێڕێتەوە، پاشان لە ل ٢١ دا دەفەرموویێت:

((ئەگەر تۆ بڵێیت: موشـــریکەکان باوەڕیان بە وشـــەی تەوحید نەبوو، بەڵام

ئەوانەی کە باوەڕیان بە کاریگەری مردووان هەیە باوەڕیان بە وشەی یەکخواپەرستی هەیە.

دەڵێم: ئەوانە بە زوبانیان وشەی یەکخواپەرستیان وتووەو بە کردەوەکانیان پێچەوانەیان کردووە، هەر کەسێک هانا بۆ مردووان بەرێت یان داوای شتێکیان لێ بکات کە هیچ کەسێک جگە لە خوای گەورە لە دەسەڵاتیدا نییە، یان بە گەورەی دانان یان بە بەشێک لە ماڵەکەی نەزری بۆ کردن یان سەبڕینی بۆ ئەنجامدان، ئەوا ئەو کەسە ئەوانی هێناوەتە ڕیزی ئەو پەرستراوانەی کە موشریکەکان ئەو کردەوانەیان بۆ ئەنجامدەدان، ئەو کەسە باوەڕی بە مانای لا إله إلا الله نەبووەو کاری پێنەکردووە، بەڵکو بە بیروباوەڕو کردەوە پێچەوانەی کردووە، ئەو کەسە کاتێک وتویەتی لا إله إلا الله درۆی لەگەڵ خۆیدا کردووە، چونکە شەریکو هاوەڵی بۆ خوای گەورە داناوەو پەرستراوێکی جگە لە خوای گەورە بۆ خۆی داناوە)) إ.ە.

هاوشێوەی ئەم قسانەی زانایان لە خۆرهەڵاتو خۆرئاوا زۆرەو لەزانایانی هەموو وڵاتان ئەوانەی خۆیان ڕزگارکردووە لە تەقلیدو شوێنکەوتنی ئەو شێخە درۆزنانەی لە خەڵکی هەژارو نەفام سودمەندن زۆر شت باسکراوە.

ئەو شتانەی لەم زانایانەوە باسکراوە زۆرن، تۆ بەدوایان بکەوە هەمان ئەو قسانەی ئێمەت دەستەکەوێتو دەبینی، بەردەوام زانایان[٥٢] لە هەموو سەدەیەکدا ئەم شتانەیان پێ خراپەو ئەو کەسانەی بکەرنی بە کافری دادەنێن، لە سەدەی پێنجەم: ئیبن عقیل الحنبلی خاوەنی الفنون بە خراپی داناوەو بکەرەکەی بە کافر داناوە، لەسەدەی شەشەم: ئیبن الجوزی، لە سەدەی حەوتەم: ئەبو شامەو النووی‌و جگەلە ئەوان هەروەها ئیبن تەیمیە، لە سەدەی

٥٢) ئەوانەی ناوم هێناون بۆ نمونە بوون.

هەشـــتەم: ئیبن القیمو ئیبن عبدالهادیو ئیبن کثیرو ئیبن مفلح هەموو ئەوانە زانای گەورەو (الحافظ) بوونەو کەســـانی ناودار بوونە، لە سەدەی نۆیەم: المقریزیو جگە لە ئەویش وەکو ئیبن قطلوبغا، لە سەدەی دەیەم: البرکوی، لە ســـەدەی یازدەیەم: صنع الله الحلبیو البهوتی، لە ســـەدەی دوازدەیەم: چەند کەســـانێک کە وڵاتەکانیـــان جیاوازبووەو وتەکانیـــان یەک بووە، لە ناوەڕاستی جەزیرە محمد کوڕی عبدالوهاب، لە یەمەن النعمیو الصنعانی، جگە لە ئەمانەش چەندین دەستەو تاقی تریش بوونیان هەبووە، دوا بەدوای ئەمە لە هەموو پارچەکانی زەویدا ڕاســـتی زۆر بێـــژراوە، لە هیندو عێراقو میســـرو شـــامو جەزیرەو جگە لە مانەش لە وڵاتان لە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا، ئەگەر بێتو زانایەک یان دوان حوکمێکیان دا بەبەڵگەوە ئەوا پێویستە خەڵک بگەڕێتەوە سەر قســـەکەیان، ئەی باشە ئەگەر ئوممەتێک لە زانایان نەهیان کردو خەڵکیان لەم شـــیرکە ئاگادارکردەوەو بەڵگەکانیان ئاشکراو ڕوون بێتو زۆر ڕاستو دروست بێتو ڕاشکاوانەتر بێت لەو وتە عەقڵیانەی (داواکەران لە گۆڕ دەیکەنە بەڵگە) دەبێت چۆن بێت، با هەموو کەس لە بیری ئیســـلامەتی خۆی بێت و کارەکە لەســـەر خۆی ســـوک بکات، ئـــەم بابەتە بابەتی کوفرو ئیســـلامە، بابەتی باوەڕنەبوونو باوەڕهێنانە، ئەی بەندەکانی خوا بترسێن بترسێن، خۆتان ڕزگاربکەن خۆتان ڕزگار بکەن

فصـــل

شـــێخ تقی الدین ئیبن تەیمیەو زانا حەنبەلیەکان قسەی زۆریان هەیە لەسەر کافربوونی ئەو کەسانەی داوای شەفاعەتو تکا دەکەن لە مردووەکانو دەیانکەن بە شـــەریکو هاوەڵی خوا، من هەندێک لە قسەی ئەوانت بۆ باسدەکەم تاکو بابەتەکە تێروتەسەلترو تەواتر بێت:

شەیخولئیســـلام دەفەرموویت: ((هەر کەسێک لە نێوان خۆیو خوای گەورەدا کۆمەڵە کەسانێک بکاتە واســـیتەو هۆکارو داوایان لێبکات ئەوا بە ئیجماعی زانایان کافرە ئەو کەســـە)) ئەم قســـەیە کۆمەڵێک لەو کەســـانەی لە شەیخ نزیک بوون ئەم قسەیان لێوە گواستۆتەوەو باسکردووە، لەوانە ئیبن مفلح لە کتێبی (الفروع ١٦٥/٦)، المرداوی لە کتێبی (الإنصاف ٣٢٧/١٠)، شەیخ مرعی لـــە کتێبی (غایه المنتهی ٣٥٥/٣)، لە جگە لـــە حەنبەلیەکان ئیبن حەجەری هەیتەمی لە کتێبی (قواطع الإسلام) لێوەی نەقڵکردووەو گواستۆتەوە.

شەیخ ســـلیمان لە کتێبی (تیسیر العزیز الحمید ل ١٤) دا دەفەرموویت: ((ئەمە ئیجماعێکی دروســـتەو شـــتێکە بە پێی زەرورەت لە دین ناسراوەو خەڵک پێی ئاشـــنایە، زانایان لە هەر چوار مەزهەب دەقیان هەیە لە بابەتی هەڵگەڕاوە لە دین لەســـەر ئەوەی هەر کەسێک شـــەریک بۆ خوا بڕیاربدات ئەوا کافرەو بێباوەڕە، واتە: لەگەڵ خوادا کەسێکی تر بپەرستێت بە هۆی ئەنجامدانی جۆرێک لە پەرستشـــەکان بۆی. بەگوێرەی قورئانو سوننەتو ئیجماع زاندراوە کە هەر پارانەوە لە خوای گەورە پەرســـتنی خوایە، ئەگەر ئەو جۆرە پەرستنە بۆ جگە لە خوای گەورە ئەنجامدرا ئەوا شیرکەو هاوبەش بڕیاردانە بۆی)) إ.ه.

ئیبن تەیمیە لە کتێبی (الرسالة السنية) دەفەرموێت:

((هەر کەسێک زیادەڕەوی بکات لە پێغەمبەرێک یان پیاوچاکێکو جۆرێک لە پەرستراوێتی پێ ببەخشێت وەکو ئەوەی بڵێت: ئەی گەورەم فلانەکەس سەرم بخە، یان بەهانام وەرە، یان ڕزقو ڕۆزیم بدەرێ، یان کەمو کوڕیم پڕبکەرەوە، یان من لەژێر چەترو ڕێزو شکۆی تۆمو هاووێنەی ئەم قسانە هەموو شەریک دانانە بۆ خوای گەورەو گومڕاییەو بێژەری ئەم قسانە داوای تەوبەو پەشیمانی لێ دەکرێت، ئەگەر تەوبەی کرد (ئەوا باشە) ئەگینا دەکوژرێت)). إ.ە.

قوتابی ئیبن تەیمیە بە ناوی ئیبن القیم لە کتێبی (مدارج السالکین ١/٣٤٠) دەفەرموێت: ((ئەو شتەی لە ناو دڵی ئەم موشریکانەو پێشینانیاندابوو ئەوە بوو کە: ئەو پەرستراوانەی ئەوان شەفاعەتیان بۆ دەکەن لای خوای گەورە، ئەمە شیرکی ڕاستەقینەیە، خوای گەورە لە کتێبەکەیدا – کە قورئانە – بەڕپەرچی ئەم کارەی ئەوانی داوەتەوەو بە خراپی داناوە، هەروەها ڕایگەیاندووە کە شەفاعەت هەمووی موڵکی ئەوە، هەروەها هیچ کەسێک ناتوانێت لای خوا شەفاعەت بکات تەنها لە کاتێکدا نەبێت کە خوای گەورە ڕێگەبدات شەفاعەت بۆکراو شەفاعەتی بۆ بکرێتو لە کردارو گوفتاری ڕازی بێت، ئەوانەش ئەهلی تەوحیدو یەکخواپەرستین.

هەروەها فەرموویەتی: تۆ دەبینیت ئەو حاڵو بارەی موشریک تێیدایەو ئەو کردەوەیەی ئەو ئەنجامی دەدات قسەکەی بە درۆ دەخاتەوە، ئەو دەڵێت: ئێمە ئەوانمان وەکو خوای پەروەردگار خۆشناوێتو نایان چوێنین بە ئەو، پاشان زۆر لە تووڕەبوون بۆ خوا زیاتر تووڕە دەبێت کاتێ: بێڕێزییەک بەرامبەر ئەو پەرستراوانەی ئەو دەکرێت، هەروەها زۆر کەیف شاد دەبێتو

موژدە وەردەگرێت بە هاتنی ناویانو دەگەشـــێتەوە، بەتایبەتی کاتێک باسی کۆمەڵێک شـــت دەکرێت لە بارەیانەوە کە ئەوان شـــایەنی نینو تێیاندا نییە وەکو پەنادانـــی پاڵکەوتەو لێقەوماو و لادانی ناخۆشـــییەکانو بەجێهێنانی پێویســـتییەکان، هەروەها کاتێک باسی ئەوەیان لەبارەوە دەکرێت کە ئەوان دەرگایەکن لەنێوان خوای گەورەو بەندەکانی، تۆ لەو کاتەدا دەبینی موشریک خۆشـــحاڵ دەبێتو دڵی دەگەشێتەوە، خۆشـــەویتی توندو بەهێزی بەگەورە دانان و ژێربارببوون بۆیان و شکانەوە بەلایاندا (لەناو دڵیدا) دەست بە خۆش و جـــرۆش دەکات، کاتێک بە تەنها و بە پاکی ناوی خوای گەورەی لا هێندرا تووشـــی تەنهایی‌و دڵتەنگی‌و نارەحەتی دەبێتو بەوە تـــۆ تۆمەتبار دەکات کـــە تۆ کەمو کورتیت هەیە لەوەی وەکو پەرســـتراوەکەی ئەوت نییە، بەڵکو لەوانەیە دوژمنایەتیت بکات.

ســـوێند بە خـــوای گەورە ئێمـــە ئەوەمان لـــە ئەواندا بەدیکـــردووە، ئەوان بەوە ئێمەیـــان تۆمەتبارکردووە کە ئێمە دوژمنـــی ئەوانین، بە خراپەکاری ستەمیان بەرامبەرمان کردووە، خوای گەورە لە دونیاو دواڕۆژدا سەرشۆڕیان دەکات، بەڵگـــەی ئەوانە تەنها ئەوەبوو کـــە براکانیان دەیان وت: ڕەخنە لە پەرستراوەکانمان دەگرێت، ئەوانەش وتیان: ئێوە شێخەکانی ئێمەتان بەکەم سەیرکرد ..)) إ.ە.

حافز ئیبن عبدالهادی لە کتێبەکەی (الصارم المنکی) لە کۆتا پەڕیدا دەفەرموێت: ((ئەو قسەیەی ئیبن السبکی کە دەڵێت: (زیادەڕەویکردن لە بەگەورەدانانی[٥٣] واجبەو پێویســـتە) ئایا مەبەستی ئەوەیە ئەو زیادەڕەوییەی بەرامبەر بکرێت کە بەگوێرەی بۆچوونی هەر کەســـێکو تێڕوانینی بێت تاوەکو حەجکردنیش

٥٣) واتە بەگەورەدانانی پێغەمبەر ﷺ.

بۆلای قەبرەکەی‌و سوجدە بۆ بردن‌و تەواف‌و سوڕانەوە بە دەوریدا، هەروەها باوەڕبوون بەوەی کە پێغەمبەر ﷺ لە غەیبو پەنهان دەزانێت و دەبەخشێت‌و بەخشین دەگرێتەوەو خاوەنی سودو زەرەرە بۆ ئەو کەسەی هانای بۆلا دەبات، هەروەها ئەو پێویستی ئەو کەسانە دابین دەکات کە داوای لێدەکەن و ناخۆشی لەسەر ئەو کەسانە لادەبات کە تووشی ناخۆشی هاتوون و شەفاعەت بۆ هەر کەسێک دەکات کە خۆی بیهەوێت‌و هەر کەسێک ئەو بیهەوێت و حەزی لێبێت دەیخاتە ناو بەهەشتەوە، بانگەشەکردنی زیادەڕەویکردن لەم بەگەورەدانانە زیادەڕەویکردنە لە شیرک‌و دەرچوونە لە هەموو ئاین)). إ.ە.

وردبەرەوە لە قسەی ئەم حافزە گەورە زانایەو ئەوانەی پێش خۆی، (دەبینی کە) سەرشۆڕی‌و خراپە بۆ موشریک‌و هاوبەش بڕیاردەرانە، ئەوانەی ڕێشمەی خۆیان داوەتە دەست شەیتانەکان‌و سەربازەکانی ئیبلیس، ئیبلیس زۆر سورەو زۆر بە هەوڵە لەسەر گومڕاکردنی ئەوان، هەروەکو خوای پەروەردگاری جیهانیان فەرموویەتی: ﴿ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٨٢﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ ﴿٨٣﴾ ﴾ص: ٨٢ – ٨٣.

واتە: سوێند بە عیزەتەو گەورەیی تۆ ئەی خوایە من هەموویان گومڕا دەکەمو لاڕێیان دەکەم، تەنها ئەوانە (ناتوانم لاڕێ بکەم) کە بەندەی پاک‌و دڵسۆزی تۆن‌و بە پاکی پەرستنت بۆ دەکەن‌و نەتهێشتووە دەستی منیان پێ بگات.

تێبگە لەو شوێنانەی کە وشەی ئەو زانایانە لەسەری یەک وشەیەو (یەکدەنگن) کە هەموو زاناکانی سەردەمی خۆیان باسی چاکەیان دەکات‌و شایەتی زانستو پێشەوایەتی‌و تێگەیشتن‌و شوێنکەوتنی سوننەتیان بۆ دەدەن، هەروەها ئەوانەی لە دوای ئەوانیش هاتن (هەمان شایەتیان) بۆ دەدەن تاکو ئەمڕۆ.

بەم باسە ڕوونانەو وشە دیارانەو پیتە ڕۆشنانە کە لە زانا پایەدارەکانەوە

گوازراوەتـــەوە دەبێتە مایەی لادانـــی گومانەکان هەرچەنـــدە ئەو گومانانە هەڵواسرابن بە دڵی ئەو کەسانەی کە خۆ بەگەورە دانەرەکان خراپەو شیرکیان بۆ ڕازاندونەتەوە بە نەزانی یان لەسەر زانستو زانیاری.

ئەوەی پێویستە ئەوەیە کە هەڵوێستە بکرێت لەسەر ئەم شتە کافرکەرانە، کە حوکمی شیرکی گەورەو دەرچون لە دین لەسەر ئەو کەسانە دراوە ئەنجامیان دەدەن، پێویستە سەیربکرێنو لە ماناکانیان مرۆڤ تێبگات، پێویستە مرۆڤ داوا لـــە خوای گـــەورە بکات لەم کارانەو ئەنجامدەرانـــی بە دوورببگرێتو بە کردارو گوفتار دووری خۆیو بەری بوونی خۆی لە ئەوان بسەلمێنێت.

بە پێی شـــەرع پێویست دەبێت لەسەر ئەو کەســـەی خوازیاری سەلامەتییەو بەهەشـــتو ڕەزامەنـــدی خـــوای پـــەروەردگاری جیهانیانی دەوێـــت: فێری یەکخواپەرســـتی بێت کە بریتییە لە مانی خوا لەســـەر بەندەکانی، هەروەها فێری گەورەییو جۆرەکانی یەکخواپەرســـتی بێـــتو حوکمی دژەکەی بزانێت بۆ ئەوەی خەڵکی لێ ئاگادار بکاتەوە، هەروەها خەڵک لە شـــیرکی گەورەو هۆکارەکانی ئاگادار بکاتەوە.

بـــۆ ئەوەی خوازیاری ڕزگاری لەســـەر تەوحیدو یەکخواپەرســـتی بە کردارو گوفتـــارو بیروبـــاوەڕ بەردەوام بێتو خـــۆی بەدوور بگرێت لـــە هەموو ئەو شـــتانەی تێکی دەدەنو لەناوی دەبەن، هەروەهـــا نەفسو گیانی خۆی ئارام بکات لەسەر دەستەبەرکردنی یەکخواپەرستی بە تەواویو ڕێکو پێکیو دوور لـــە کەمو کوڕی، بەمە کەڕامەتو ڕێز بەدەســـت دێـــت لای خوای گەورە، بە هۆیـــەوە باوەڕدار دەگات بە گەورەترین دروســـتکراو پێغەمبەر ﷺ هاوەڵانیو ڕاستگۆیانو شەهیدان.

﴿ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ

وَحَسُنَ أُوْلَـٰٓئِكَ رَفِيقًا ﴿٦٩﴾ النســـاء: ٦٩، ئەوانە (گوێڕایەڵیکەرانی خواو پێغەمبەر ﷺ) لەگەڵ ئەو کەسانەن کە خوای گەورە چاکەو نازو نیعمەتی خۆی بەسرا ڕشتوون لە پێغەمبەرانو ڕاستگۆیانو شەهیدانو چاکەکاران، بەڕاستی جوانە و شتێکی باشە کەئەمانە ببن بە هاوڕێ لە ناو بەهەشتدا.

فصـــل

شـــەوکانی لە کتێبـــی (الدر النضیـــد ل ٢٧ – ٢٨) دا دەفەرموێت: ((بزانە کە ئـــەو بابەتەی ئێمە خســـتمانە ڕوو کە وتمان زۆربەی ئـــەو کردارانەی کە لە لایەن ئەو کەســـانەوە دەردەچێت کە بیروباوەڕیان بە مردووان هەیە شیرکەو هاوبەشدانانە بۆ خوا؛ ڕەنگە ئەم بابەتە بزر بێتو شاراوە بێت لای زۆرێک لە زاناکان. لەبەر ئەوە نییە کە ئەم بابەتە لە خودی خۆیدا شاراوە بێت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە زۆرینەی خەڵک گیرۆدەی بوونو گەورە لەسەری پیر بووەو بچوک لەســـەری گەورە بووە، ئەو کەســـە ئەم بابەتە دەبینێتو دەبیستێتو نابینێت کەس ئینکاری بکاتو بەرپەرچی بداتەوە، بەڵکو جاری واهەیە گوێی لە هەندێک کەس دەبێت کە بانگەشەی بۆلا دەکەنو خەڵکی بۆلا هاندەدەن.

دێتە گەڵ ئەم بابەتە ئەو شـــتانەی کە شـــەیتان بۆ خەڵکی دەردەخات وەکو جێبەجێکردنی پێویستیەکانی ئەو کەسانەی دەچنە لای هەندێک لەو مردووانەی بەناوبانگنو خەڵکی باوەڕیان پێیەتی. ڕەنگە هەندێک جار کۆمەڵە خەڵکانێکی فێڵباز لەسەر گۆڕێک بووەســـتنو درۆو دەلەسی جۆراو جۆر بۆ خەڵک بکەن لەســـەر ئەم مردووە بۆ ئەوەی کۆمەڵێک کاری وەکو نەزرو بەخشـــینی ماڵو سەربڕین بکەنو بیدەن بە ئەوانو ئەم کارە بکەن بە مایەی مەعیشەتو ژیانی ڕۆژانەیان.

جـــاری واهەیە گۆڕەکە لای ســـەردانکەر گـــەورە دەکەنو کابرا دەترســـێننو لەبەرچاوی دەیکەن بە شتێکی سامناکو بە ترس ... پاشان دەفەرموێت: هەموو ئەم کردارانە بە گوێرەی تێپەڕبوونی سەردەمەکانو تیاچوونی خەڵکی

هەر سەدەیەک یەک لە دوای یەک مرۆڤ لە سەرەتای ژیانو تەمەنیدا وا گومان دەبات کە ئەم جۆرە شتانە بریتین لە گەورەترین گوێڕایەڵیو پەرستش بۆ خوای گەورە، پاشان ئەو زانستەی کە خوێندوویەتی دوای ئەم بیروباوەڕە هیچ سودێکی پێ ناگەیەنێت، بەڵکو بێئاگا دەبێت لە هەر بەڵگەیەکی شەرعی کە ئاماژە بەوە دەکات ئەم شتە شیرکەو هاوبەشدانانە بۆ خوای گەورە، کاتێک گوێبیستی کەسێک بوو بڵێت ئەمە شیرکە ئینکاری دەکاتو خۆی وا بەدوور دەگرێت لێی وەک ئەوەی هیچی لە ئەو نەبیستبێت، هەروەها سینگی بەم جۆرە قسانە تەنگ دەبێتو نارەحەت دەبێت، چونکە شتێکی دوورەو ئەستەمە کە تێڕوانینی کەسێک بۆ کارێک کە پێی وابووە گەورەترین خواپەرستیو فەرمانبەرداریە بە یەک کەڕەت بگۆڕێتو وا بیربکاتەوە کە ئەم شتە لە هەموو خراپەکان خراپترەو گەورەترە، ئەمە سەرەڕای پێوەخەریک بوونو تێوەگلانی پێشینان تێوەیو خوگرتن پێوەی بە درێژایی سەدەکان.

بەهەمان شێوە لە هەموو شتێکدا خەڵک شوێنکەوتەی پێشینانی خۆیەتیو عادەتو نەریتەکان بەردەوام بوون، بە هۆی ئەم هۆکارە شەیتانییەوە موشریکەکانی سەردەمی نەفامی لەسەر شیرکەکەیان مانەوەو جولەکە لەسەر جولەکایەتی خۆیو گاور لەسەر گاورایەتی خۆی مایەوە، هەروەها موبتەدیع لەسەر بیدعەکەی خۆی مایەوە، بۆیە وای لێهات چاکە بوو بە خراپەو خراپە بوو بە چاکە، ئوممەت لە زۆر شتدا گۆڕانو چوونە سەر بەرنامەی جگە لە خۆیان، پاشان بیروباوەڕی ئوممەتانی تریان وەرگرتو دڵیان لەسەری ئارامی گرتو ئۆڵفەتیان پێوەگرتو دڵیان وەریگرتو دڵنەوابوون پێی، تا وای لێهات ئەگەر کەسێک بیهەوێت ڕێنموویان بکاتو بیانخاتەوە سەر شەریعەتە پاکەکەی ئیسلام کە ئەوان گۆڕیویانەتەوە بە شتێکی تر ئەوا لێی

ڕادەکەنو سروشـــتیان وەریناگرێتو بە هەموو شـــێوازێکی خراپ ولاّمی ئەم ڕێنمایی کارە دەدەنەوەو بە هەموو زمانێک شەرەفو ناموسی پوچ دەکەنەوەو لەکەداری دەکـــەن ..)) وتەکەی زانای پایەدار شـــەوکانی کۆتایی هات، ئەم وتەیەی ئەو مایەی هەموو شـــتەکانی هەڵبڕیوە، ئومێد دەکەین خوای گەورە بە هۆی وتەکانی ئەم زانا بەڕێـــزە کۆمەڵێک لە خەڵک ڕێنمایی بکات بۆلای ڕێگا ڕاســـتەکەی خۆی، ئەو ڕێگایەی کە جێگای ڕەزامەندی ئەو کەسانەیە کە لەسەری دەڕۆن.

فصـــل

ئەو کەســـانەی بە هۆی مردووەکان تووشـــی فیتنە بوونو زیادەڕەوی دەکەن دەرهەق بە چاکەکاران زۆر جار بۆیە حوکمی شـــیرک بەســـەر ئەو کەسانەی بەم کارانەوە خەریکن نادەن چونکە دەڵێن: ئەم ئۆممەتە هەرگیز شـــەریکی بۆ خوای گەورە تێدا بڕیار نادرێت، هەروەها ناگەڕێنەوە سەر ئاینی ئۆممەتانی پێشـــین، بەڵگە بەمە دەهێننەوەو لەگەڵ ئەمەشـــدا بەڵگە بـــەوە دەهێننەوە کە هەر کەســـێک وشـــەی (لا إله إلا الله) دەربڕێتو کار بـــە پێی مانای ئەم وشـــەیە نەکات واتە: بە دڵســـۆزی پەرســـتش بۆ خوا ئەنجامنەداتو خوا بە تەنها دانەنێت لە خۆشەویستیو ئومێدپێبوونو ترسان لێی – ترسانی نهێنی – پاڕانەوەو هانا بۆبردنو داوای یارمەتیو ســـەربڕینو نەزرو هاوشێوەکانی ئەوا هەرگیز کافر نییە لای ئەوانو ناتواندرێت کافر بکرێت، پێغمبەری خوا ﷺ ئەم گومانەی ڕیشەکێش کردووەو لە دڵەکانی دەرهێناوە، ئۆممەتەکەی خۆی چاوڕۆشن کردووەو ئاگادارکردۆتەوە لەم بابەتەو ئەوانیش وازیان لێهێناوە، هەروەهـــا ئۆممەتەکەی ئـــاگادار کردۆتەوە لە چوونە ســـەر خـــوو نەریتی جولەکەو گاورەکان، ڕایگەیاندووە کە ئۆممەتەکەی شوێن، ئۆممەتانی پێش خۆیـــان دەکەون لەو شـــیرکو تاوانانەی ئەو ئۆممەتانـــە ئەنجامیان داوە، هەردووک شەیخەکان بوخاریو موسلیم گێڕاویانەتەوە لە دوو کتێبە (صحیح) ەکانیاندا لە ئەبو سەعیدی خودری ئەویش لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((لتتبعن سنن من كان قبلكم شبراً شبراً وذراعاً ذراعاً، حتى لو دخلوا جحر ضب تبعتموهم، قلنا: يا رسول الله! آليهود والنصارى؟ قال: فمن؟ هذا لفظ البخاري

(٢٠٠/١٣)، وأخرجه البخاري عن أبي هريرة.)).

واتە: ئێوە شـــوێن ڕێبازی ئوممەتانی پێش خۆتان دەکەون بســـت بە بســـتو قـــۆڵ بە قۆڵ، ئەگەر ئـــەوان بچنە ناو کونی بزنمژەوە ئەوا ئێوە شـــوێنیان دەکـــەون. وتمان ئەی پێغەمبەری خوا ئایا مەبەســـتت جولەکەو گاورەکانە؟ فەرمـــووی: ئەی دەبێـــت کێ بێت؟، ئەمە لە بوخاریـــدا هاتووە، بوخاری لە ئەبوهورەیرەشەوە گێڕاویەتییەوە.

ئیبن بطال لە شەرحی بوخاریدا دەفەرموێت: ((پێغەمبەری خوا ﷺ ئوممەتەکەی ئاگادار کردۆتەوە کە ئەوان شوێن کۆمەڵێک شتی داهێندراو و هەواو ئارەزوو دەکەون هەروەکو ئەمە لە ئوممەتانی پێش ئەوانیشدا ڕوویداوە. هەروەها لە چەندین فەرمایشـــتی تردا ڕوونیکردۆتەوەکە دوا ســـاتی ئەم دونیایە خراپەو دواڕۆژ تەنها بەسەر ئەو کەسانەدا دێت کە خراپن، هەروەها ئەم ئاینە تەنها لای کۆمەڵە کەسانێکی تایبەتەوە دەمێنێت)) إ.ە.

شێخ سلیمان کوڕی عبدالله[٥٤] فەرموویەتی: ((ئەمە یەکێکە لە موعجیزەکانی پێغەمبـــەر ﷺ ، زۆرێک لـــە ئوممەتی پێغەمبەر ﷺ شـــوێن ڕێبازی جولەکەو گاورو فارســـەکان کەوتوون و وەکو ئەوان دەکەن لە خوو ڕەوشـــتو ئامرازی بارکـــردنو جلو بەرگیانـــدا، هەروەها وەکـــو ئەوان دەکەن لـــە چۆنییەتی بەڕێکردنی دروشـــمەکانیانو جەنگەکانو خووڕەوشـــتەکانیانو لە چۆنیەتی ڕازاندنەوەی مزگەوتەکانو بە گەورەزانینی گۆڕەکانو کردنیان بە بەمزگەوت تا ئەو کاتەی پەرستنیان بۆ ئەنجامدانو جگە لە خوای گەورە ئەو کەسانەیان پەرســـت کە لە ناو گۆڕەکاندان، هەروەها شوێنیان کەوتن لە جێبەجێکردنی حەددو سزاکان لەســـەر خەڵکە لاوازەکانو جێبەجێ نەکردنی لەسەر خەڵکی

٥٤) تيسير العزيز الحميد ل ٣٢٠ – ٣٢١ چ. یەکەم.

بە تواناو خاوەن دەســـەڵات، هەروەها لە وازهێنان لە کار لە ڕۆژی هەینیداو ســـەلامکردن بە پەنجەکانو سەردانی نەکردنی نەخۆشو ڕۆژانی شەممووان ... هەروەها لە کردنی زاناو خوا پەرســـتان بە پەروەردگار جگە لە خوای گەورەو پشـــتکردن لە کتێبەکەی خوای گەورەو ڕووکردنە ئـــەو کتێبانەی مرۆڤایەتی بەرەو هەڵدێر دەبەن وەکو کتێبەکانی ســـحرو فەلسەفەو کەلام، هەروەها لە بابەتی باوەڕنەبوون بە ســـیفاتەکانی خوای گەورە کە خۆی وەســـفی خۆی پێکردووە یان پێغەمبەرﷺ وەسفی خوای پێکردووە شوێن ئەوان کەوتن)).

فەرمووی: ((ئۆممەتانی پێش ئێمە شـــیرکو هاوبەشـــدانانی بۆ خوای گەورە تێدا بەدیکراوە، بە هەمان شـــێوە شیرکو هاوبەشدانان بۆ خوای گەورە لەم ئۆممەتەشدا ڕووەدات هەروەکو بیندراوەو لەبەرچاوە)).

ئەحمەد لە موسنەدەکەیدا (٢٧٨/٥، ٢٨٤) هەروەها ئەبوداود لە سونەنەکەیدا (٤٢٥٢)، ئیبـــن ماجە (٣٩٥٢)، حاکم (٤٤٩/٤)، جگە لە ئەوانیش لە ثوبانەوە گێڕاویانەتەوە کەپێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((لا تقوم الساعة حتى يلحق قبائل من أمتي بالمشركين وحتى تعبد قبائل من أمتي الأوثان))، واتە: ڕۆژی دوایی دانایەت تاوەکو چەندین هۆزی ئۆممەتی من خۆیان دەدەنە پاڵ موشریکەکانو وەکـــو ئەوان دەکەن، هەروەها تاوەکو ئەو کاتەی چەند هۆزێکی ئۆممەتی من بتەکان دەپەرستن.

ئەمـــە ئیمامی ئەحمەدو ئەبو داود هێناویانە لە کتێبەکەیاندا، ســـەنەدەکەی (صحيح)ە لەســـەر مەرجی موســـلیمە. لەم فەرموودەیەدا وڵامی ئەو کەسانە دراوەتـــەوە کـــە پیچەوانەی ئەمـــە دەڵێن لـــە گۆڕپەرســـتان، ئەوانەی کە ڕەتیانکردۆتەوە کە شیرک لەم ئۆممەتەدا ڕووبدات.

بوخـــاری (٧٦/١٣)و موســـلیم (١٨٢/٨) فەرموودەیەکیان لـــە ئەبو هورەیرە

گێڕاوەتەوە کە لەو مانایە نزیکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((لا تقوم الساعة حتى تضطرب أليات نساء دوس على ذي الخَلَصة))، واتە: ڕۆژی دوایی دانایەت تا ئەو کاتەی لاشەی ئافرەتانی بەنی دوس نەلەرێتەوە لەسەر ئەو ماڵەی لەسەردەمی نەفامی پێیان دەوت (ذی الخلصه) و بتی تێدا بوو دەیانپەرست. (واتە: ئەوان دەگەڕێنەوە سەر ئاینی نەفامیو بتپەرستی).

هەروەها موسلیم گێڕاویەتییەوە (١٨٢/٨) عائیشە خوا لێی ڕازی بێت لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((لا يذهب الليل والنهار حتى تعبد اللات والعزى))، واتە: شەو و ڕۆژ نابڕێنو لاناچن (هەر بەردەوام دەبنو ڕۆژی دوایی نایەت) تا ئەو کاتەی لاتو عوززا دەپەرستێنەوە.

پێغەمبەری خوا دروود سەلامی خوای گەورەی لەسەر بێت ڕاستی فەرمووە، پەرستن بۆ لاتو عوززا دەکرێت.

ئیبن بطال لە شەرحی بوخاریدا فەرموویەتی: ((ئەم فەرموودەیەو هاوشێوەکانی مەبەست پێیان ئەوە نییە کە ئاین لە هەموو بەشەکانی زەویدا دەبڕێتو نامێنێت، چونکە جێگای گومان نییە کە ئیسلام تاکو ڕۆژی دوایی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوەندە هەیە ئیسلام لاواز دەبێتو بە نامۆییو غەریبی دێتەوە مەیدان هەر وەکو چۆن سەرەتا بە غەریبیو نامۆیی سەری هەڵداو دەستی پێکرد))!.ە.

ئەم فەرموودانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەم ئوممەتە شیرکی لەناودا دەبێت بەر لە هاتنی ڕۆژی دوایی، لە فەرموودەکەی ثوباندا بەڵگەیەکی ڕوون هەیە لەسەر پەیدابوونی شیرکو هاوبەشدانان لەناو هۆزەکان، لە شوێنێکی تردا وشەی (فئام) بەکارهاتووە واتە: کۆمەڵێکی زۆر، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین هۆز لە ئوممەتی پێغەمبەر ﷺ لەسەر حەقو ڕاستین، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم ڕووداوە لە کاتی غەریبیو نامۆیی ئایندا ڕوودەدات، ئەمە یەکێکە

لە نیشـــانە بچوکەکانی ڕۆژی دوایی کە بە چەند ســـاتێکی زۆر بەر لە هاتنی نیشـــانە گەورەکانی ڕۆژی دوایی دەبێت، ئەمە هەر وەکو ســـەرجەم نیشانە بچوکەکانی ڕۆژی دوایی وایە هـــەر وەکو پێغەمبەرﷺ ڕوونیکردۆتەوە کە لە دوای مردنـــی تاکو ڕۆژی دوایی ڕوودەدەن، ئەم نیشـــانانە لە فەرموودەکانی پێغەمبەرداﷺ لە چەندین فەرموودەی مەشهوردا باسکراون، چونە پاڵی چەند هۆزێکی ئوممەتی پێغەمبەروﷺ پەرســـترانی بت لەلایەن هەندێکی تریانەوە لە ڕەگەزی ئەو نیشانە بچوکانەن کە خۆی هەواڵی پێداونو وردە وردە دێتو ڕوودەدات تاکو هاتنی ڕۆژی دوایی.

فەرمـــوودەی پەرســـتنی لات و عوززا و ذی الخلصة و دەکرێت مەبەســـت پێی پەرســـتنی خودی ئـــەوان بێت، یاخود پەرســـتنی ئەو شـــتانەی لە ڕەگەزی ئەوانن کە هەموو ئەو شـــتانە دەگرێتەوە جگە لە خوای گەورە دەپەرستڕێن، ئەوەی یەکەمین شایســـتەترە چونکە باشتر وایە دەق لەسەر مانا دیارەکەی لێکبدرێتەوە.

فصـــل

هەندێک لەو موبتەدیعانەی شوێن خورافات کەوتوون بەڵگە بەو فەرموودەیە دەهێننەوە کە موسـلیم لـە کتێبە (صحیح) هکەیـدا گێڕاویەتییەوە (١٣٨/٨) جابری کوڕی عبدالله فەرموویەتی: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: ((إن الشـيطان قد أيس أن يعبده المصلون في جزيرة العرب، ولكن في التحريش بينهم))[٥٥]. واتە: شەیتان بێ ئومێد بووە لەوەی لە دوورگەی عەرەب نوێژخوێنان بپەرستن، بەڵام هەوڵدەدات نێوانیـان تێک بدات و خراپە لە ناویاندا بڵاوبکاتەوە، لە وڵامدا دەوترێت: شەیتان خۆی بێ ئومێد بووە نەک بێ ئومێدکرابێت، کاتێک بینی ئیسـلام لە لوتکەی عیززەتو شکۆمەندییە لە سەردەمی ژیانی پێغەمبەردا ﷺ هەروەها بینی ئەو هەموو گەلو هۆزانە ڕووی تێدەکەنو دەچنە ناو ئەو دینەی خـوای گەورە بە هۆیەوە ڕێزی لێگرتوون، کاتێک ئەمەی بینی بێ ئومێد بوو لەوەی جارێکی تر ئەوان بگەڕێنەوە سـەر ئاینی شەیتانو بپەرستن، واتە: گوێڕایەڵی بکەن.

ئەمـە هەر وەکو حاڵی ئەو بێباوەڕانە وایە کە خـوای گەورە لە بارەیانەوە فەرموویەتـی: ﴿ٱلْيَوْمَ يَئِسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ المائدة: ٣، واتە: ئەمڕۆ بێباوەڕەکان بێ ئومێـد بوون لە ئاینەکەی ئێوە (واتە: بێ ئومێد بوون لەوەی جارێکی تر واز بهێنن لەو ئاینەی خۆتانو بگەڕێنەوە سەر شیرکو بێباوەڕی).

بێباوەڕان نائومێد بوون لەوەی جارێکی تر مسـوڵمانان بگەڕێنەوە سەر ئەو ئاینە خراپەی پێشـتر لەسەری بوون، کە پێشتر هاوبەشیان بۆ خوا دادەناو

٥٥) خاوەنی کتێبی (مفاهیم ل ٢٧) بەم شێوەیە هێناویەتی: ((إن الشيطان قد أيس أن يُعبد فى جزيرتكم – جزيره العرب))، وشەی (المصلون) کە لەسەرەوە نووسراوە نەو لایبردووە.

پەرستنیان دەدایە جۆرە شتانێک لەگەڵ خوا یان جگە لە خوای گەورە (کە شایستە نەبوون بەو پەرستنە)، کاتێک موشریکەکان بینیان مسوڵمانان زۆر دەستگرتوون بەو ئایینەی لەسەرینە زۆر نائومێد بوون لە پاشگەزبوونەوەیان، بەهەمان شێوە شەیتان نائومێد بوو کاتێک مسوڵمانانی بینی کە لەوپەڕی شکۆمەندی دانو پۆل پۆل دێنە ناو ئایینەکەی خوای گەورە لە زۆربەی پارچەکانی دوورگەی عەرەب.

شەیتان – لەعنەتی خوای لێبێت – غەیبو پەنهان نازانێت، نەیزانیوە – ئەو کاتە – کە هەلی بۆ ڕێدەکەوێت تاکو بتوانێت ڕێگە بە خەڵک بگرێتو لە ئیسلام و یەکخواپەرستی لایان بدات، یەکەم کاری ئەو ئەوەبوو چۆن بتوانێت دوای مردنی پێغەمبەرﷺ خەڵک بانگهێشت بکات بۆلای پەرستنی خۆی، ئەو کاتە خەڵکانێک بەگوێیان کردو هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام جا چ بە هۆی نەدانی زەکات بووبێت یاخود بە هۆی شوێنکەوتنی ئەو کەسانەی بانگەشەی پێغەمبەرایەتیان دەکرد، بۆیە چالاک بوو گەڕانو هاتوو چۆی پەیدا بۆوە پاشان خوای گەورە خامۆشی کردەوە، ئەوەی مەبەستە لێرەدا ئەوەیە کە شەیتان نائومێد بوو کاتێک دەستگرتنی مسوڵمانانو پابەند بوونی ئەوانی بە یەکخواپەرستی بینی، هەروەها بینی ئەوان زۆر پێداگرن لەسەر شوێنکەوتنی پێغەمبەرﷺ، ئەمە لە کاتێکدا شەیتان زۆر سورە لەسەر ئەوەی خەڵک لابدات لەم ئایینە، بۆیە توانی ئەو هیوایەی خۆی بێنێتە دی، قەرامیتەکان پەرستنی گوێرایەڵیکردنیان بۆ ئەنجامدا، توانیان خراپە لەناو دوورگەدا بڵاوبکەنەوە، ئەوانەی دوای ئەوانیش پەرستنیان بۆ ئەنجامدا، شایەنی باسە ئەو کەسانە خاوەن زانستو بەرچاو ڕۆشنەکان باش دەیانناسن.

﴿ أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ أَن لَّا تَعْبُدُواْ ٱلشَّيْطَٰنَۖ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٦٠﴾

وَأَنِ ٱعْبُدُونِى هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴿٦١﴾ ﴾ یـس: ٦٠ – ٦١، واتـە: ئەی نەوەی ئادەم ئایا من ئامۆژگاریم نەکردن کە شـەیتان نەپەرسـتن چونکە بەڕاستی ئەو دوژمنێکی دیارو ئاشـکرای ئێوەیە، – هەروەها – فەرمانم پێکردن – لە ڕێگەی پێغەمبەرانەوە – کە من بپەرستن چونکە پەرستنی منو سەرپێچیکردنی شـەیتان – بریتی یە لە ڕێگای ڕاستو دروسـتو گەیەنەر – بە ڕەزامەندیو بەهەشتی من – .

ئەبو جەعفـەر محمد کـوڕی ئیبن جەریر پێشـەوای ڕاڤەکـەران ڕەحمەتی خوای لێبێت لە تەفسـیرەکەیدا (٢٣/٢٣حلبـی) فەرموویەتی: ((ئایا پەیمانم لێوەرنەگرتن کە پەرستن تەنها بۆ من ئەنجام بدەن نەک بۆ ئەوشتانەی جگە لە من دەپەرسـترێن، تەنها گوێڕایەڵی من بکەن، بەدڵنیاییەوە بە دڵسۆزانە پەرستن کردن بۆ من و بە تەنها گوێڕایەڵیکردنی من و سەرپێچیکردنی شەیتان بریتییە لە ئاینی ڕاست و دروست)) إ.ە.

دووەم: پێغەمبەرمان ﷺ ئەو قورئانەی بۆ دابەزیوە کە جیاوازی دەکات لەنێوان شیرکو یەکخواپەرستیدا، خوای گەورە لە ناو ئەم قورئانەدا ڕووندکردنەوەی زۆری لەسـەر ئەم دوو لایەنە داوە تاکو وای لێهاتووە بە زەرورەت زاندراوە کە پێغەمبـەر ﷺ خوای گـەورە ڕەوانەیکردووە وەکـو بانگخوازێک بۆلای یەکخواپەرسـتیو شـیرکو هاوبەشـدانان بۆ خوای گەورە قەدەغە دەکاتو نەهی لێدەکات، شـیرک واتە: پەرسـتن ئەنجامدان بۆ جگە لە خوای گەورەو خۆشویستنی جگە لە خوا وەکو خوای گەورە.

ئەمە بە زەرورەت زاندراوە، پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ کەسـانێکدا جەنگاوە کە دانیان بە بە تەنها دانانی خوا لە پەروەردگاریێتیدا ناوە، بە تەنها دانانی خوا لە پەروەردگاریدا واتە: خوای گەورە بەدیهێنەرو ڕۆزی دەرو بەڕێوەبەری

کاروبارو ژیەنەرو مرێنەریانە .. پێغەمبەرﷺ لەگەڵیاندا جەنگا بۆ ئەوەی دان بە تەوحیددا بهێنن و پابەندبن پێیەوەو کە ئەو یەکخواپەرستییە بریتییە لە مانای شایەتومانی لا إله إلا الله.

ئەم بنەمایە بریتییە لە بەهێزترین و گەورەترین پایە، ئێمە بە دڵنیاییەوە دەزانین خوای گەورە ئەم بابەتەی بە تێکەڵاوی جێنەهێشتووە، هەروەها بۆ ئەوە جێی نەهێشتووە تاکو زاناکان ئیجتیهادی تێدا بکەن، بەڵکو بنەمایەکی بێگومانەو هیچ تێکەڵاوییەکی تێدا بەستە نییە، هەروەکو پێغەمبەرﷺ لە فەرموودەکەی عرباضی کوڕی ساریەدا (کە فەرموودەکە صحیح)ە فەرموویەتی: ((تركتكم على البيضاء ليلها كنهارها لا يزيغ عنها بعدي إلا هالك)).

واتە: من ئێوەم بەجێ هێشتووە لەسەر ڕۆشناییەک کە شەوەزەنگەکەی وەکو ڕۆژی ڕوون وایە، هیچ کەسێک لێی لانادات و لاڕێ نابێت لێی تەنها ئەوانە نەبن کە تیاچوونەو بە هیلاک چوون.

ئەو ڕۆشناییە بریتییە لە ناوەڕۆکی لا إله إلا الله، واتە: بە تەنها دانانی خوای گەورە لە پەرستنیداو خۆ داماڵین لە هاوبەش دانان بۆی و کافر بوون و بێباوەڕ بوون بە هەموو ئەو شتانەی جگە لە خوای گەورە دەپەرستڕێن و خۆ بەدوورگرتن لەشیرکو ئەو کەسانەی پێوەی سەرقاڵن، هەروەکو زانایان بەم شێوەیە ئەم ڕستەیان ماناکردووە.

کاتێک ئەمە زاندرا شتێکی ئەستەمەو مەحاڵە کە شیرک بەو وێنەیەی خۆی کە خوای گەورە نەهی لێکردووە هەبێت لە زۆربەی ولاتانو حوکمی شیرکی بەسەردا بدرێتو لە ناو دوورگەی عەرەبیدا هەبێتو حوکمی شیرکی بەسەردا نەدرێت. ئەمە بریتییە لە گاڵتەپێکردنو ئارەزوو.

مانای فەرموودەکە ڕوونە سوپاس بۆ خوای گەورە.

سێیەم: لە فەرموودەکەدا هاتووە کە شەیتان نائومێد دەبێت لەوەی نوێژخوێنان بیپەرستن، نوێژیش یەکێکە لە پایە گەورەکانی ئیسلام، نوێژ دوای دوو شایەتومانەکە گەورەترین پایەی ئیسلامە، نوێژ مرۆڤ لە خراپەو کاری نابەجێ دەگێڕێتەوە، هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَۖ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِۗ ... ﴿٤٥﴾ ﴾ العنكبوت: ٤٥، واتە: نوێژ بە باشیو بە چاکی بکە، چونکە ئەنجامدانی نوێژ بە ڕێکو پێکی دەبێتە مایەی ڕێگەگرتن لە نوێژخوێن لەوەی تووشی خراپەو کاری نابەجێو ناپەسند بێت.

گەورەترین خراپە بریتییە لە شەریکو هاوبەشدانان بۆ خوای گەورەو پێدانی مافی تەواوی خوای گەورە بە جگە لە خوای گەورە لە پێغەمبەرانو چاکەکاران، کەواتە ئەم قسەیە پەیوەستە بە شایەتومانو دڵسۆزی لە ئایندارێدا، کەواتە مانای فەرموودەکە بەم شێوەیەی لێدێتەوە: شەیتان نائومێد بووە لەوەی ئەو کەسانەی دڵسۆزن لە ئایندارێدا بیپەرستنو گوێڕایەڵی بکەن. وردبەرەوە لە ماناو مەبەستی بەسترانەوەی نائومێدبوونی شەیتان لە نوێژخوێنان ، مەبەست پێی نوێژی ڕاستەقینەو بەروبوومەکەیەتی، ئەمە مانایەکی سودبەخشە کە خوای گەورە دەیبەخشێتو (خەڵکانی شایستەی لێ ئاگادار دەکاتەوە بە منەتو کەڕەمی خۆی)، سوپاس بۆ ئەو خوایەی مرۆڤەکان سەرکەوتوو دەکات بۆ ئەنجامدانی هەموو کارە باشو چاکەکان.

بەشی پێنجەم

التبرک
(تەبەرروککردن)

التبرک: دەوترێت: تبرک یتبرک تبرکا، لە (برکە) وەرگیراوە.

ئەبو منصور دەفەرموویێت: بنچینەی البرکە واتە زیادبوونو گەشە[٥٦].

البرکە: بریتییە لە زیادبوونو گەشەکردنی هەرشتێک کە ئەو کەسەی تەبەروک بە شتێکەوە دەکات دەیهەوێت زیادبکات و گەشەی بۆ بکات. ئەم زیادبوونە بەگوێرەی هاتنی لە زمانەوانیدا دەکرێت پەیوەست بێت بە شوێن یان خودی کەسەکان یان ئاکارەکان، بەڵام لە شەرعدا دێینە سەر باسکردنی بە درێژی إن شاء الله، نمونەی جۆری یەکەمی بەرەکەت خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا ...﴿١٠﴾﴾ فصلت: ١٠، واتە: خوای گەورە چەندین شاخی چەقاندووە لەسەر ڕووی زەمینو بەرەکەتی خۆی بەسەردا ڕشتووەو وای لە زەوی کردووە بەردەوام خێرو چاکەی هەبێت بۆ ئەو خەڵکو زیندەوەرانەی لەسەری دەژین، هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَأَوْرَثْنَا ٱلْقَوْمَ ٱلَّذِينَ كَانُوا۟ يُسْتَضْعَفُونَ مَشَـٰرِقَ ٱلْأَرْضِ وَمَغَـٰرِبَهَا ٱلَّتِى بَـٰرَكْنَا فِيهَا ...﴿١٣٧﴾﴾ الأعراف: ١٣٧.واتە: ئێمە نەوەکانی ئیسرائیل کە دەچەوسێندرانەوە لە لایەن فیرعەونو دارو دەستەکەی کردە جێنشین لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای سەر زەمین ئەو شوێنانەی کە بەرەکەتمان بەسەردا ڕشتبوون (واتە: ئاو و بەروبووم و ... هتد زۆری لێبووە).

هەروەها خوای گەورە فەرموویتی: ﴿وَقُل رَّبِّ أَنزِلْنِى مُنزَلًا مُّبَارَكًا وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْمُنزِلِينَ

---

٥٦) تهذيب اللغة: (٢٣١/١٠).

﴿٢٩﴾ ﴿المؤمنون: ٢٩، واتە: بڵێ ئەی پەروەردگارم لە جێگایەک نیشتەجێم بکە کە موبارەک بێتو خێرو بێری زۆر بێت، تۆ لە هەموو ئەو کەسانە باشتری کە کەسەکان نیشتەجێ دەکەن، نموونەی جۆری دووەمی بەرەکەت، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَبَٰرَكْنَا عَلَيْهِ وَعَلَىٰٓ إِسْحَٰقَ ۚ وَمِن ذُرِّيَّتِهِمَا مُحْسِنٌ وَظَالِمٌ لِّنَفْسِهِۦ مُبِينٌ ﴿١١٣﴾ ﴾الصافات: ١١٣، واتە: بەرەکەتی خۆمان بەسەر ئیبراهیمو کوڕەکەیدا ئیسحاق ڕشتو لە نەوەکانی ئەم دووانە چەندین کەسی گوێڕایەڵو خواپەرست هەبوو، هەروەها هەیان بوو ستەمی لە خۆی کردوو سەرپێچیەکەی ئاشکراو ڕوون بوو.

هەروەها خوای گەورە لە چیرۆکی نوحدا فەرموویەتی: ﴿ ٱهْبِطْ بِسَلَٰمٍ مِّنَّا وَبَرَكَٰتٍ عَلَيْكَ وَعَلَىٰٓ أُمَمٍ مِّمَّن مَّعَكَ ۚ ...﴿٤٨﴾ ﴾ هود: ٤٨، واتە: ئەی نوح لە کەشتیەکە دابەزە تۆ لە لایەن ئێمەوە سەلامەتیت پێدەدرێتو بەرەکەتت بەسەردا دەڕێژڕێت، هەروەها بەرەکەت بەسەر ئەو گەلانەشدا دەڕێژڕێت کە لەگەڵ تۆدان.

جۆری سێیەمیان: خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَسَلِّمُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ تَحِيَّةً مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ مُبَٰرَكَةً طَيِّبَةً ...﴿٦١﴾ ﴾ النور: ٦١.

واتە: (کاتێک چوونە ناو ماڵێکەوە) سەلامی خوای گەورە لە دانیشتوانی ئەو ماڵە بکەن ئەو سەلامەی کە موبارەکەو دەبێتە مایەی زیادبوونی خۆشەویستی نێوانتانو بیسەر پێی خۆشحاڵو کەیف خۆش دەبێت.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَهَٰذَا ذِكْرٌ مُّبَارَكٌ أَنزَلْنَٰهُ ۚ أَفَأَنتُمْ لَهُۥ مُنكِرُونَ ﴿٥٠﴾ ﴾الأنبياء: ٥٠، واتە: ئەو قورئانە مایەی بیرخستنەوە بۆ ئەو کەسانەی دەیانهەوێت یادی خوای گەورە بکەن و کار بە شەریعەتەکەی بکەن، هەروەها ئەم قورئانە خێرو چاکەی زۆری تێدایەو زۆر بەسودە، ئایا ئێوە دژایەتی ئەم

قورئانە دەکەنو ئینکاری دەکەن سەرەڕای ئەوەی ئەم هەموو مانا جوانانەش لەخۆی دەگرێت.

کاتێک تـــۆ وردبیتەوە لە قورئانی پیرۆز دەبینیت لەم قورئانەدا ئاماژە بەوە کراوە کە بەرەکەت لەلایـــەن خواوەیە، هەروەها تەنها لە ئەو داوا دەکرێت، خوای گەورە خـــۆی بە ئارەزووی خۆی بەرەکەت دەخاتە ناو هەر کەســـێک لە دروســـکراوەکانیدا، خوای گەورە فەرموویەتـــی: ﴿ ...أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ ۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٥٤﴾ ﴾ الأعـــراف: ٥٤، واتـــە: ئاگادارین دروســـتکردنی هەموو بوونەوەرو بەڕێوەبردنیان لەدەســـت خوای گەورەدایە، خوای گەورەو پەروەردگاری جیهانیان بەرزەو پیرۆزە لەوەی هیچ کەموکوڕیەکی هەبێت.

فەرموویەتی: ﴿ تَبَارَكَ ٱلَّذِى نَزَّلَ ٱلْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِۦ ... ﴿١﴾ ﴾الفرقان: ١ .

واتە: گەورەیەو زۆرە بەرەکەتی ئەو خوایەی کە ئەو قورئانەی دەبێتە مایەی جیاکردنەوەی ڕاستی لە ناڕاستی دابەزاندە سەر بەندەکەی ﷺ .

هەروەها فەرموویەتـــی: ﴿ تَبَارَكَ ٱلَّذِى جَعَلَ فِى ٱلسَّمَآءِ بُرُوجًا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَٰجًا وَقَمَرًا مُّنِيرًا ﴿٦١﴾ ﴾الفرقـــان: ٦١ ، واتە: گەورەیەو زۆرە بەرەکەتو خێری ئەو خوایەی کە لە ئاســـماندا کۆمەڵێک ئەستێرەی گەورەی داناوە خاوەن شوێنی تایبەتینو هەروەها خۆری داناوە ڕووناککەرەوەو درەوشاوەیە مانگی داناوە کە ڕووناکەو ڕۆشـــنە. هەروەهـــا فەرموویەتی: ﴿ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ ﴿١٤﴾ ﴾المؤمنون: ١٤، واتە: گەورەیەو زۆرە بەرەکەتی ئەو خوایەی کە هەموو شتێکی بە جوانیو ڕێکو پێکی دروستکردووە.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ تَبَٰرَكَ ٱسْمُ رَبِّكَ ذِى ٱلْجَلَٰلِ وَٱلْإِكْرَامِ ﴿٧٨﴾ ﴾الرحمن: ٧٨.

واتە: گەورەیەو زۆرە بەرەکەتی ناوی خوای خاوەن گەورەییو ڕێزو شکۆمەندی، ئەو ئایەتانەی وشەی (تبارک)ەیان بەکارهێناوە زۆرن.

وشـــەی (تبارک) لە قورئانـــدا بەبـــێ پاڵدرانی بۆلای خوای گـــەورە بەکار نەهاتووە، ئەمەش دەســـتەواژەیەکە واتای گەورەترین جۆرەکانی بەرەکەتو بەســـودترینیان و کاریگەرترینیان دەگەیەنێـــت. بەرەکەت هی خوایە، خوای گەورە ڕایگەیاندووە کە بەرەکەتی خۆی بەخشیوە بە چەند کەسێک لەوانە:

١. پێغەمبەران: هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَبَٰرَكْنَا عَلَيْهِ وَعَلَىٰٓ إِسْحَٰقَ ﴾الصافات: ١١٣، واتە: بەرەکەتی خۆمان بەســـەر ئیبراهیمو کوڕەکەیدا ئیسحاق ڕشت. هەروەها سەبارەت بە ئیبراهیمو بنەماڵەکەی فەرموویەتی: ﴿ ...رَحْمَتُ ٱللَّهِ وَبَرَكَٰتُهُۥ عَلَيْكُمْ أَهْلَ ٱلْبَيْتِ.... ﴿٧٣﴾ ﴾هـــود: ٧٣، واتـــە: ڕەحمەتو بەرەکەتی خوا لەســـەر ئێوەیە ئـــەی بنەماڵەی پێغەمبەران، ســـەبارەت بە نوح فەرموویەتی: ﴿ ....ٱهْبِطْ بِسَلَٰمٍ مِّنَّا وَبَرَكَٰتٍ عَلَيْكَ... ﴿٤٨﴾ ﴾ هود: ٤٨. واتە: ئەی نوح لە کەشتیەکە دابەزە تۆ لە لایەن ئیمەوە سەلامەتیت پێدەدرێتو بەرەکەتت بەسەردا دەڕێژرێت. سەبارەت بە عیسا ﷺ فەرموویەتـــی: ﴿ وَجَعَلَنِى مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ ... ﴿٣١﴾ ﴾ . واتە: منی خێردراو سودبەخش کردووە لە هەر شوێنێک بم.

٢. لەوانە خوای گەورە بەرەکەتی داناوە لە شوێنی پەرستن؛ وەکو مزگەوتی ئەقصـــاو مزگەوتی حەرام، خوای پـــەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ سُبْحَٰنَ ٱلَّذِىٓ أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِۦ لَيْلًا مِّنَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ إِلَى ٱلْمَسْجِدِ ٱلْأَقْصَا ٱلَّذِى بَٰرَكْنَا حَوْلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ مِنْ ءَايَٰتِنَآ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١﴾ ﴾الإســـراء: ١، واتـــە: پاکـو بێگەردی بۆ ئەو خوایەی شـــەوڕەوی بە بەندەکەی (محمدﷺ) کرد لە مزگەوتی حەرامەوە بەرەو مزگەوتی ئەقصا کە ئەو شـــوێنەیە ئیمە بەرەکەتی زۆرمان بەسەردا ڕشتووەو خاوەن خێروبێرێکی زۆرە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِى بِبَكَّةَ مُبَارَكًا ﴾آل عمران

:٩٦ ، واتــە: یەکەمین مالّ کە دروســتکرابێت بۆ پەرســتنی خوای گەورە بریتییە لە مزگەوتی حەرام لە مەککە، ئەو شوێنەی کە موبارەکەو خێرو چاکەی زۆری تێدایە.

٣. خوای گەورە ڕایگەیاندووە کە ئەو کتابەی دابەزاندووە موبارەکە، خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ وَهَٰذَا ذِكْرٌ مُّبَارَكٌ أَنزَلْنَاهُ أَفَأَنتُمْ لَهُۥ مُنكِرُونَ ﴿٥٠﴾ ﴾ الانبیاء:٥٠، واتە: ئەو قورئانە مایەی بیرخســتنەوەیە بۆ ئەو کەسانەی دەیانهەوێــت یادی خــوای گەورە بکەن و کار بە شــەریعەتەکەی بکەن، هەروەها ئــەم قورئانە خێرو چاکەی زۆری تێدایەو زۆر بەســودە، ئایا ئێوە دژایەتی ئەم قورئانە دەکەنو ئینکاری دەکەن ســەرەڕای ئەوەی ئەم هەموو مانا جوانانەش لەخۆی دەگرێت.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ مُبَارَكٌ ... ﴿٩٢﴾ ﴾الانعام: ٢٩. واتە: ئەمە کتێبێکە ئێمە دامانبەزاندووە زۆر موبارەکەو خێرو چاکەی زۆری تێدایەو زۆر بەسودە.

فەرموویەتــی: ﴿ كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ إِلَيْكَ مُبَٰرَكٌ لِّيَدَّبَّرُوٓا۟ ءَايَٰتِهِۦ ....﴿٢٩﴾ ﴾ ص: ٢٩ واتــە: ئەی پێغەمبەر ئەو نیگایەی بۆ تۆ هاتووە کتێبێکە لە لایەن ئێمەوە بۆت دابەزیوەو موبارەکــەو خێــری زۆری تێدایە، بۆ ئەوەی خەڵک لــە ئایەتو بەڵگەکانی وردببنەوەو بیری لێبکەنەوە.

قورئانــی پیرۆز یادخەرەوەیەکــی موبارەکە، وردبوونەوە لــە ئایەتەکانی کارێکی موبارەکە، شوێنکەوتنی قورئانو سوننەت موبارەکە، ئەو زانستانەی بە هۆی تێگەیشتن لە قورئانو سوننەتەوە بەدەستهاتوون کۆمەڵە زانستێکی موبارەکن.

ئەم سێ جۆرە بەرەکەتی تایبەتیان تێدایە، قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێکردووە.

بەرەکەتی تر هەیە پێی دەوترێت بەرەکەتی عامو گشتی، لەوانە:

١. بارانە موبارەکە چونکەبە هۆیەوە زیادبووون ڕووەدات لە گوزەرانی خەڵکو کشتوکاڵیان، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَنَزَّلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً مُّبَـٰرَكًا فَأَنۢبَتْنَا بِهِۦ جَنَّـٰتٍ وَحَبَّ ٱلْحَصِيدِ ﴿٩﴾ ﴾ق: ٩ واتە: ئیمە لە ئاسمانەوە ئاوێکی موبارەکو بەسودمان باراندووە کە بە هۆیەوە چەندین باخو باخاتو دەنکی دانەوێڵەی درواوەمان چاندووە.

٢. جۆرێکی تر بریتییە لە بەرەکەتی خوای گەورە لە ناو زەویدا، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَـٰرَكَ فِيهَا ﴾ فصلت: ١٠، واتە: خوای گەورە چەندین شاخی چەقاندووە لەسەر ڕووی زەمینو بەرەکەتی خۆی بەسەردا ڕشتووەو وای لە زەوی کردووە بەردەوام خێرو چاکەی هەبێت بۆ ئەو خەڵکو زیندەوەرانەی لەسەری دەژین، هەروەها فەرموویەتی: ﴿ مَشَـٰرِقَ ٱلْأَرْضِ وَمَغَـٰرِبَهَا ٱلَّتِى بَـٰرَكْنَا فِيهَا ﴾ الأعراف: ١٣٧، لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای سەر زەمین ئەو شوێنانەی کە بەرەکەتمان بەسەردا ڕشتبوون (واتە: ئاو و بەروبووەو ... هتد زۆری لێبووە)، ئەوانەو هاوشێوەکانیان بەرەکەتی گشتییان هەیە، بەهۆیانەوە خێرو سودو زیادە بۆ خەڵک دەستەبەر دەبێت.

ڕەنگە وا دەربکەوێت کە بەرەکەتی تایبەت پەیوەستە بە خودەوە تێپەڕ دەبێت، دەتواندرێت تەبەروک بە شتانە بکرێت کە هەیانە، چونکە بەرەکەتی بەردەوامو پەیوەستی هەیە – بە پێچەوانەی بەرەکەتی تایبەت بە شوێنو سیفەت – .

بەڵام ئەو بەرەکەتەی تایبەتە بە شوێنی پەرستن وەکو مزگەوتی حەرامو مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ ئەو بەرەکەتە تێناپەڕێتە سەر هەموو بەشەکانی ئەو

مزگەوتە، بۆیە نابێت دەستبەێندرێت بە مەبەستی تەبەرروک بە کۆڵەکەکانی مزگەوتەکەو دیوارەکانی بە کۆڕای زانایان، مزگەوتەکانیش گشتیان موبارەکن، بۆیە زاندرا کە بەرەکەتی ئەو مزگەوتانە واتە: زیادبوونو گەشەکردنی ئەو کارەی خواپەرستەکە ئەنجامی دەدات، مزگەوتی حەرام یەک نوێژ لە ناویدا بە ئەندازەی سەدهەزار نوێژی ناو جگە لە ئەوە، مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ بە ئەندازەی هەزار نوێژە.

ئەمە وەکو بەرەکەتی پێغەمبەران وایە سەلامی خوایان لەسەر بێت، چونکە بەرەکەتی ئەوان لە یەکێک لە بەشەکانیدا بەرەکەتی شوێنکەوتنو کارکردنە، ئەو کەسەی شوێن سوننەتی ئەوان دەکەوێتو ڕێنماییان لێوەردەگرێت زیادبوون بەدەست دەهێنێت لە پاداشتی کردەوەکەیدا بە هۆی ئەم شوێنکەوتنەی بۆ ئەوان، ئەمە مانای بەرەکەتی تایبەتە بە هەردووک بەشەکەیەوە.

بە پێچەوانەی بەرەکەتی گشتی چونکە ئەم جۆرە بەرەکەتە هەندێک کات بەدەست دێتو هەندێک کاتی تر بەدەست نایەت، یان جۆرێکی بەدەست دێتو جۆرێکی تر بەدەست نایەت. ئەوەی زاندراوە ئەوەیە مەرج نییە هەرچی لە ئاسمانەوە باریو لە زەوی دەرچوو موبارەک بێت بە بەردەوامی، بەڵکو بەرەکەتکرانی لە لایەن خوای گەورەوە بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێک شتی ترەوە، کاتێک ئەم شتانە هاتنەدی ئەوا خوای گەورە دەیبەخشێت، ئەگەرنا بەرەکەتەکە نامێنێت، ئەم جۆرە بەرەکەتێکی گشتییە لەڕووی کاتی گشتییەوە، تایبەتە لەڕووی کاتی ڕووداوەکەوە، پەیوەست نییە بە هیچ شتێکەوە.

کاتێک ئەوە زاندرا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کەبەرەکەت لە قورئانو سوننەتدا بە دوو شێواز هاتووە:

یەکەم: بەرەکەتی خود، ئەویش ئەوەیە کە هەر شتێ: بەو خودەوە بلکێت ئەوا

بەرەکەتاوی دەبێتو موبارەک دەبێت، ئەم جۆرەیان تایبەتە بە پێغەمبەرانو هیچ کەسێکی تر هاوبەشنییە لەگەڵیان، تەنانەت هاوەڵە گەورەکانی پێغەمبەر ﷺ وەکو ئەبو بەکرو عومەرو عوسمانو عەلی هاوبەشی پێغەمبەران ناکەن لەم جۆرە بەرەکەتەدا، بەرەکەتی پێغەمبەران بۆ هیچ کەسێک نابێت جگە لەو کەسانەی لەسەر بانگەوازی ئەوان دەڕۆنو شوێن کردەوەی ئەوان دەکەونو پابەندن بە فەرمانەکانی ئەوانو لەو شتانە خۆیان بەدوور دەگرن کە ئەوان نەهیان لێکردووە. هەر لەبەر ئەوەبوو کە بەرەکەتی پێغەمبەر ﷺ نەگەیشتە ئەو هاوەڵانەی سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەریان ﷺ کرد لە جەنگی ئوحوددا.

ئەم جۆرەی تێپەڕبوونی بەرەکەتە دوای مردنی پێغەمبەر ﷺ پچڕاوەو کۆتایی پێهاتووە، تەنها بەرەکەت لەو بەشانەی لاشەیدا ماوە کە بەدڵنیایی ماونەتەوەو لە دوای بەجێماونو لای کەسێک پارێزراون، ئەم دڵنیابوونە دوای نەمانو ڕۆیشتنی سەردەمی هاوەڵان نەما.

دووەم: بەرەکەتی کردەوەو شوێنکەوتن: ئەمە گشتییەو هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە کردەوەکانیان هاوپێکی سوننەتەتی پێغەمبەر ﷺ، هەموو مسوڵمانێک لە کردەوەکەیدا بەرەکەتێکی بۆ داندراوە کە بەگوێرەو ئەندازەی شوێنکەوتنو گوێڕایەڵی خوای گەورە لە فەرمانەکانو نەهیەکانی دەگۆڕێت.

بۆیە لەو فەرموودەیەی کە بوخاری لە کتێبە صحیحو دروستەکەیدا گێڕاویەتییەوە (٥٦٩/٩)؛ پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بە خورما فەرموویەتی: ((درەخت هەیە بەرەکەتەکەی وەکو بەرەکەتی مسوڵمان وایە)).

هەموو مسوڵمانێک بەرەکەتی بە ئەندازەی خۆی بۆ داندراوە.

هەروەها ئەمە بەرەکەتی خودو زاتێکی زاندراو نییەو هیچ کەسێکیش بانگەشەی ئەوەی نەکردووە، بەڵکو ئەم جۆرە بەرەکەتە بریتییە لە بەرەکەتی کردەوە.

بەندە چاکەکارەکان بە ئەندازەی شـــوێنکەوتنیان بۆ پێغەمبەرﷺ کردەوەی باش بەرەکەتیان دەبێت، ئەو کەسەی زانایایە بە سوننەت بەرەکەتی زانستی هەیە، ئەو کەســـەی قورئانی لەبەرەو سنورەکانی خوا دەپارێزێت بەرەکەتی ئەم کارە پیرۆزەی دەبێت، بەشێوەیە ... هتد.

ئەو کەســـەی لە هەمـــوو چاکەکاران زیاتر بەرەکەتی هەیـــە ئەوەیانە کە لە هەموویان زیاتر شـــوێن ئاینی ئیســـلام دەکەوێتو پارێزگاری دەکات لەسەر بەجێگەیاندنی واجبەکانو دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکان.

بەشێک لە حەرامکراوەکان بریتین لە کردەوە حەرامکراوەکانی ناو دڵو دەرون، زۆر کەس هەیـــە دووردەکەوێتەوە لەو کردەوانەی بەلاشـــە ئەنجامدەدرێنو حەرامن بەڵام ڕۆچووە لە ناو ئەو کردەوانەی بە دڵ ئەنجامدەدرێنو حەرامنو گوێشی پێنادات.

بەم شـــێوازە دەتواندرێت دەقەکان کۆبکرێنەوە، ئەگەر ئەو کەســـەی خاوەن بەرەکەتە پێغەمبەر بوو ئەوا هەردووک جۆرەکەی بەرەکەتی تێدا کۆدەبێتەوە. بەڵام ئەگەر کەسەکە پێغەمبەر نەبوو ئەوا تەنها بەرەکەتی کردەوەو زانستو شـــوێنکەوتنی پێ دەبڕێت، بۆیە شوێنەواری ئەم بەرەکەتە تێپەڕناکات تەنها بۆ کردەوە کان نەبێت، هەرگیز بۆ خودو زات نابێتو بۆ ئەندامەکانی لاشـــەی کەسەکە نابێت.

هەر لەبەر ئەوەیە ئوســـەیدی کوڕی خضیر لە باســـی هـــۆکاری هاتنەناوی تەیەمموم بۆ ناو شەریعەتی ئیسلام فەرموویەتی: ((ئەی بنەماڵەی ئەبوبەکر بەڕاســـتی خوای گەورە بەرەکەتی خستۆتە ناو ئێوە بۆ خەڵک)) بوخاری لە کتاب التفسیر گێڕاویەتییەوە لە کتێبەکەیدا (صحیح البخاری).

ئەم قسەیە لای بوخاریو موسلیم بەم شێوەیە ڕیوایەتکراوە: ((ئەمە یەکەمین

بەرەکەتی ئێوە نییە ئەی بنەماڵەی ئەبوبەکر)). مانای هەردووک ڕیوایەتەکە یەکە.زاندراوە کە نە ئوسەیدو نە جگە لە ئەو هەرگیز مەبەستیان ئەوە نەبووە بەرەکەت لە خودی ئەبوبەکر وەربگرنو بە کەسێکی بەرەکەتاوی دابنێن هەروەکو چۆن بەرامبەر پێغەمبەرﷺ وابوونو تەبەروکیان بە مووی قژی دەکرد بۆ نمونە، بەڵکو ئەمە بەرەکەتی باوەڕو کردەوەو بەڕاستدانانو سەرخستنو شوێنکەوتنە.

نمونەیەکی تر لەو نمونانە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێت بە جوەیریەی فەرموو – کاتێک پێغەمبەرﷺ جوەیریەی خواست –: ((نەم دیبوو هیچ ئافرەتێ: ئەوەندە بەرەکەتی زۆری بۆ هۆزەکەی هەبێت وەکو جوەیریە)). ئیمامی ئەحمەد لە مسند گێڕاویەتییەوە (٦/٢٧٧)، هەروەها ئەبوداود لە (السنن) دا بە سەنەدێکی باش.

ئەمە بەرەکەتی کردەوەیە چونکە پێغەمبەرﷺ کردی بە هاوسەری خۆی، بۆیە بە هۆی ئەوەوە چەندین کەس لە هۆزەکەی ئەو ئازاد بوون.

تەبەرووککردن بە پێغەمبەر ﷺ

پێغەمبەر ﷺ خۆی موبارەکەو سیفەتو کردەوەکانیشی موبارەکن، ئەم جۆرە بەرەکەتە لە خۆی و کردەوەو ئاکارەکانیدا بوونی هەبووە، هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ تەبەروکیان بەو شتانە دەکر کە لە لاشەی پێغەمبەر ﷺ جیادەبوونەوە وەکو: مو، دەستنوێژ، ئارەقو جگە لەمەش، ئەمانە لە فەرموودەی دروستی هەردووک کتێبەکەی بوخاری و موسلیمو جگە لە ئەوانیش هاتووەو باسکراوە.

پێغەمبەر ﷺ چەند جۆرێکی بەرەکەتی هەبووە، کە ئەو پەڕی پلەی بەرزی ئەو بەرەکەتانەی هەبووە کە خوای گەورە دەیبەخشێت بە مرۆڤێک لەو مرۆڤانەی ئەو ناردوونی و کردوونی بە پەیامبەر، ئەندامەکانی لاشەی بەرەکەت دەگوازنەوەو دروستە تەبەروکیان پێ بکرێت، هەروەکو کۆمەڵێک لە هاوەڵان ئەمەیان کردووە، بەڵام ئەو شوێنانەی کە پێغەمبەر ﷺ بەسەریاندا ڕۆیشتووە یان نوێژی لەسەر کردووە ئەوا هیچ بەڵگەیەکی شەرعیمان نییە ئاماژە بەوە بکات کە بەرەکەتی پێغەمبەر ﷺ گوازرابێتەوە بۆ ئەم شوێنە، تاکو موبارەک بێتو دروستبێت تەبەروکی پێ بکرێت. هەر لەبەر ئەوەیە هاوەڵان ئەم کارەیان نەدەکرد نە لە ماوەی ژیانیداو نە لە دوای مردنیشی.

ئەو شوێنەی پێغەمبەر ﷺ بەسەریدا ڕۆیشتووە یان لێی نیشتەجێ بووە دروستنییە تەبەروکی پێ بکرێت، چونکە ئەمە سەردەکێشێت بۆ بە گەورەدانانی ئەو شوێنەی دروستنییە بە گەورەی دابنێین، ئەمە هۆکارێکە لە هۆکارەکانی شیرک، هەر گەلێک شوێن ئەو جێگایانە بکەون کە لەدوای پێغەمبەرەکانیان

بەجێماونو تەبەروکیان پێ بکەن ئەوا تووشی گومڕاییو تیاچوون دەبن.

مەعروری کوڕی سویدی ئەسەدی فەرموویەتی: لەگەڵ پێشەوای بڕواداران عومەری کوڕی خەتتاب دەرچووم لە مەککەوە بۆ مەدینە، کاتێک بەیانیمان کردوە نوێژی بەیانی بۆ کردین. پاشان کۆمەڵە خەڵکانێکی بینی بۆ شوێنێک دەڕۆیشتن، فەرمووی: ئەوانە بۆکوێ دەڕۆن؟

وتیان: ئەی پێشەوای باوەڕداران لەم شوێنە مزگەوتێک هەیە پێغەمبەرﷺ نوێژی تێداکردووەو ئەوانیش دەچن نوێژ لەو جێگایە دەکەن.

فەرمووی: ئەو میللەتانەی پێش ئێوە بە هۆی ئەمەوە تیاچوون، ئەوان شوێنەواری پێغەمبەرانیان دەکردە کڵێساو جێگای فرۆشتن، هەر کەسێک کاتی نوێژی بەسەردا هات لەم جێگایانە ئەوا با نوێژ بکات، ئەوەی کاتی نوێژی بەسەردا نەهاتووە با بڕوات، با بەئەنقەست نەچێت بۆ ئەوێ. سەعیدی کوڕی مەنصور لە سونەنەکەیدا گێڕاویەتییەوە هەروەها ئیبن ئەبی شەیبە لە (مصنف ٧٦/٢) دا، هەروەها فەرموودەناسی ئەندەلوس محمد کوڕی وضاح القرطبی لە کتێبی (البدع واالنهی عنها ل ٤١) بە سەنەدێکی (صحیح) گێڕاویەتییەوە.

ئەمە وتەی خەلیفەیەکی راشیدە، ئەو کەسەی پێغەمبەرﷺ لەبارەیەوە فەرموویەتی: ((إن الله – عز وجل – جعل الحق على قلب عمر ولسانه)).

واتە: خوای گەورە حەق و ڕاستی لەسەر دڵو زمانی عومەر داناوە. ئەم فەرموودەیە ئەحمەد لە ئیبن عومەرەوە گێڕاویەتییەوە بە سەنەدێکی دروست (٩٥/٢)، لەڕێگەیەکی ترەوە لە ئیبن عومەرەوە دەیگێڕێتەوە (٥٣/٢)، هەروەها لە شوێنێکی تردا هەریەکە لە ئەحمەد (١٤٥/٥)و ئەبوداود بە ژمارەی (٢٩٦٢) لە لەبو ذەرەوە ڕیوایەتیان کردووە، هەروەها ئەحمەد لە ئەبو

هورەیـــرەوە ڕیوایەتی کردووە، کۆمەڵێکی تـــر لەم هاوەڵانەو جگە لەمانیش گێڕاویانەتەوە[٥٧]، بێگومان ئەو قسەیەی ئیمامی عومەر کەنەهی دەکات مرۆڤ شـــوێن بەجێماو بکەوێت بەشـــێکە لەو حەقو ڕاستییەی خوای گەورە لەسەر زمانی عومەری داناوە، خوا لێی ڕازی بێت.

ئیبن وضاح ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی ل ٤٣:

((مالیکـــی کوڕی ئەنەسو جگە لە ئەوان لـــە زاناکانی مەدینە پێیان ناخۆش بوو خەڵک بچێتە ئەو مزگەوتانە لەبەر شـــوێنەواری پێغەمبەرﷺ، جگە لە مزگەوتـــی قوباو کێوی ئوحود))[٥٨] ، ئیبن وضاح فەرموویەتی: ((پابەندبن بە شوێنکەوتنی پێشـــەوا ڕێنماییکراو و ناســـراوەکان، هەندێک لەو زانایانەی سەردەمیان ڕۆیشت فەرموویانە: زۆر کردار هەیە ئەمڕۆ لای زۆرێک لە خەڵکی بە کارێکی باش ناســـراوە کەچی لای پێشینان تاوانو خراپە بووە، ئەو کەسە بە شتێک دەیهەوێت لای خوا خۆی خۆشەویست بکات کە بە هۆیەوە ئەو ڕقی لێی دەبێتەوە، هەروەها بەشـــتێک دەیهەوێت لە ئەو نزیک بێتەوە کە دووری دەخاتەوە لێی، هەموو بیدعەیەکیش جوانیو قەشەنگیەکی لەسەرە)) إ.ە.

سەیری ئەم قسەجوانەی ئەم پیاوە بکە. ئیبن وضاح ساڵی ٢٨٦ک کۆچی دوایی کردووە، ئەوەی مەبەســـتە لێرەدا بگوترێت ئەوەیە کە پێشـــینەی پێشەواکان ئینـــکاری ئەوەیـــان دەکرد تەبەروک بە شـــوێنەوارەکان بکرێـــت، هەروەها ئینـــکاری ئەوەیان دەکـــرد مرۆڤ ئالودەیان بێتو بـــە بیانووی بەرەکەت بە دوایاندا بگەڕێت، هیچ یەکێک لە هاوەڵان پێچەوانەی ئەمەی نەکردووە تەنها ئیبن عومەر نەبێت خوا لێیان ڕازی بێت، ئیبن عومەر بەدوای ئەو شوێنانەدا

---

٥٧) وەکو: ترمذی ئیبن ماجەو جگە لە ئەمانیش وەکو ئەبو یعلیو حاکمو تەبەرانی.
٥٨) لە الاعتصام دا بەم شێوەیە هاتووە: جگە لە قوباء بەتەنها.

دەگەڕا کە پێغەمبەرﷺ نوێژی لەســـەر کردووە، ئەویش دەهات لەو شـــوێنە نوێژی دەکرد کە ئەو نوێژی لێدەکرد، بەو شێوازە.

لە هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە نەهاتووە کە هاوەڵەکانی تر جگە لە عبدالله کوڕی عومەر وەکو ئەویان کردبێت لە بابەتی شوێنەواری پێغەمبەرﷺ. ئیبن عومەر مەبەســـتی بەرەکەتی شوێنەکە نەبوو، بەڵکو ئەو مەبەستی ئەوە بوو بە تەواوی شـــوێن کردەوەی پێغەمبەر ﷺ بکەوێت لە هەموو بارەکانیدا، تا ئەو کاتەی ئەو دەیهەویست نوێژ لەو شوێنەدا بکات کە پێغەمبەرﷺ نوێژی لەســـەر کردووە، ئەوەی لـــە کرداری ئەودا دیارە ئەوەیە کە ئەو مەبەســـتی تەبەروککردن نەبووە بەو شـــوێنە هەروەکو چۆن خەڵکی سەردەمەکانی پاش ئەوان وا لێی تێگەیشتوون، بەڵکو مەبەستی شوێنکەوتنی پێغەمبەرﷺ بووە بە تەواوی و ڕێکوپێکی.هیچ یەکێک لە هاوەڵەکانی تر ئەمەیان نەکردووەو هاوڕا نەبوون لەگەڵیدا، بەڵکو باوکی عبدالله خەڵکی قەدەغە دەکرد لە ئالوودەبوون بەدوای شـــوێنەوارەکاندا، لە کاتی جیاوازیدا قسەی عومەر لەپێشترە لەسەر کرداری کوڕەکەی بە کۆڕای زانایان، ئەمە جیاوازییەکە هەرگیز خۆی ناگرێت لە ئاســـت یەکدەنگی هەموو هاوەڵان لەسەر وازهێنان لەو کارەی ئیبن عومەر دەیکرد ڕەزای خوای لێبێت. گومانی تێدانییە کە عومەرو سەرجەم هاوەڵانی تر پێکاویانەو لەسەر ڕاستین ڕەزای خوایان لێبێت. قسەی ئەم هەموو هاوەڵانە شایستەترە بە شوێن کەوتن و مایەی هەڵبڕینی خیلافو دووبەرەکییە. والله أعلم.

تەبەروککردن بە پیاوچاکان

پێشتر باسمانکرد کە ئەو تەبەروکەی تایبەتە بە خودی کەسەکان ناگونجێتو نابێت تەنها بۆ ئەو کەسانە نەبێت کە خوای گەورە پێیانی داوەو دەقی لەسەر ناردۆتە خوار؛ وەکو پێغەمبەران.

بەڵام جگە لە پێغەمبەران وەکو پیاوچاکان بۆ نمونە بەرەکەتی ئەوان بەرەکەتی کرداری، واتە: ئەو بەرەکەتە بە هۆی زانست و کردەوەو شوێنکەوتنیان بۆ پێغەمبەر ﷺ پەیدا دەبێت نەک لە خودی خۆیاندا، بەرەکەتی پیاوچاکان بەم شێوەیەیە: ئەوان دوعاو نزای خێر بۆ خەڵک دەکەنو سودیان پێدەگەیەنن ئەویش بەوە دەبێت کە بەنیەتی باش چاکەیان لەگەڵدا بکەنو چەندین شتی تریش ... هتد.

بەهۆی بەرهەمی کردەوەی باشی چاکەکاران خوای گەورە خێرو خۆشی دەهێنێتو سزای گشتیو نەخۆشی لادەبات. هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ ﴿١١٧﴾ ﴾هود: ١١٧ ، واتە: پەروەدگاری تۆ هەرگیز خەڵکی شارو دێهاتەکان لەناونابات لەکاتێکدا خەڵکەکە چاکەکارنو بە چاکسازییەوە خەریکنو دوورەکەونەوە لە خراپەو فەساد، بەڵام ئەگەر بیروباوەڕی مرۆڤەکان بەرامبەر پیاوچاکان وابێت کە خودی خۆیان موبارەکنو بە نیەتی تەبەروک دەستیان بکرێتێو بەرماویان بخورێتەوەو وەکو بەرەکەت هەمیشە دەستیان ماچبکرێت ئەوا لە جگە لە پێغەمبەران قەدەغەیەو دروستنییە؛ لەبەر چەند هۆکارێک:

یەکەم: هیچ کەسێک بەراورد ناکرێت بە پێغەمبەر ﷺ چجای وەکو ئەو

بەرەکەتی هەبێت.

دووەم: هیچ بەڵگەیەکی شەرعی ئاماژەی بە جگە لە پێغەمبەرﷺ نەکردووە کە وەکــو ئەو وابێت لە تەبەروککردن پێی، بەڵکو ئەمە تایبەتە بە ئەو هەروەکو تایبەتمەندییەکانی تری وایە.

ســێیەم: شاطبی لەو شوێنەی کە قیاســی جگە لە پێغەمبەرﷺ دەکرێتە سەر پێغەمبەرﷺ لە ویلایەتو گەورەییــدا فەرموویەتی: ((لەکاتێکدا پێغەمبەرﷺ لە ناو ئوممەتەکەیدا هیچ کەســێکی لە ئەبوبەکــر گەورەتری لەدوای خۆی جێنەهێشــتووە ئەو خەلیفەی پێغەمبەرﷺ بوو؛ کەچی هیچ یەکێک لەم جۆرە شتانە بۆ ئەبوبەکرئەنجامنەدران ڕەزای خوای لێبێت.

((تەنهــا ئەوەندە هەیــە کە لەم بابەتەدا بنەمایەک هەیــە کە جێگای گومان نییەو کێشــە دروستەکات لەکاتی جێبەجێکردنی؛ ئەویش ئەوەیە کە هاوەڵان هیچ کامێکیان ئەم جۆرە شــتانەیان نەدەکرد لــە دوای ئەبوبەکر. تەنانەت عومەریش ڕەزای خوای لێبێت ئەم کارەی نەدەکرد لەکاتێکدا ئەو دوای ئەبوبەکر گەورەترینی ئەم ئوممەتەیە. پاشان عوسمانو علی هەروەها سەرجەم هاوەڵان ئەمەیــان نەدەکرد، ئەو هاوەڵانەی کە هیچ کەســێک لەم ئوممەتە لە ئەوان گەورتر نییە ئەم کارەیان نەدەکردو نەبیســتراوەو بە دروستی نەهاتووە کە ئەوان تەبەروکیان بە چاکەکاران کردبێت بە هیچ شــێوەیەک لە شێوەکان[٥٩] ، بەڵکــو ئەوان تەنها گرنگیان بە شــوێنکەوتنی پێغەمبەرﷺ دەدا لە کردارو ڕەفتارو مامەڵەیانــدا. کەواتە ئەمە ئیجماعێکە لە ئەوان لەســەر وازهێنان لەم شــتانە))[٦٠] إ.ه، بەهەمان شــێوە ئەوەیان بەرامبەر حەسەنو حوسەین

٥٩) مەبەستی ئەوەیە تەبەروکیان بە ئارەقەو دەستنوێژو ئەوشتانەی هاوەڵان نەدەکرد.

٦٠) الاعتصام: (٦/٢ – ٧).

ڕەزای خـــوای لێبێت، هەروەها بەرامبەر بە فاتیمەش نەیانکرد ڕەزای خوا لە هەموویان بێت، ئەو بەرەکەتەی خوای گەورە دەیبەخشێت بە خودی کەسێک بە هۆی دڵۆپەئاوی مەنیەوە ناگوازرێتەوە، بە پێچەوانەی شیعە ڕافیزیەکانو هاوشێوەکانیان ئەو انەی زیادەڕەوی دەکەنو ئەو گومانە دەبەن.

چوارەم: بنەمای (ســد الذرائع) واتە: گرتنو نەهێشـــتنی هەموو ئەو شتانەی سەردەکێشـــن بۆ حەرامکراوەکان؛ بنەمایەکە لە بنەما گەورەکانی شەریعەتی ئیســـلامی، قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێکردووە لە چەندین شوێندا، بە هەمان شـــێوە لە سونەتیشدا نزیکەی سەد فەرموودەی دروست هەیە کە ئاماژە بەم بنەمایە دەکەن. ڕەنگە لەبەر ئەم بنەمایە بێت تەبەروک کردن بە پێغەمبەرانەوە نەگوازراوەتـــەوە بۆ پیاوچاکان، بەڵکو تەنها پێغەمبـــەران پێی تایبەتمەند بوون.

پێنجـــەم: بەکارهێنانـــی ئەم جـــۆرە تەبەروکە لەگەڵ جگە لـــە پێغەمبەرﷺ ناتواندرێت بە خاوەنەکەی دڵنیابین ئاخۆ تووشی عوجب و لەخۆبایی دەبێت یان نا، چونکە ڕەنگە بەو هۆیەوە تووشـــی سەرســـام بوون بە خۆی و ریاو خۆ بەپاکزانین بێت، هەموو ئەمانە بەشێکن لە کردەوە حەرامکراوەکانی دڵ.

فصـــل

خاوەنـــی کتێبی (مفاهیم) لە لاپەڕە (١٥٦) دا دوای هێنانی چەندین فەرموودەو وتـــەی هاوەڵان کە تیایدا باس لەوە دەکرێت هەندێک لە هاوەڵان تەبەروکیان بە خودی پێغەمبەرﷺ یان بە بەشێک لە ئەندامەکانی لاشەی کردووە، دەڵێت: ((ئـــەوەی لەم فەرموودەو وتانـــە وەردەگیرێت ئەوەیە کـــە تەبەروککردن بە پێغەمبەروﷺ شوێنەواری پێغەمبەروﷺ هەموو ئەو شتانەی دەدرێنە پاڵ ئەو سوننەتێکە دراوەتە پاڵیو ڕێبازێکی سوپاسکراو و ڕێگەپێدراوە)) إ.ە.

دەڵێم: لەم قســـەیەدا کورت بڕیەک هەیە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی لێکۆڵینەوەی تەواو، هەروەها وازهێنان لە وردبوونەوە لە دەقە شەرعییەکان.

خاوەنـــی کتێبی (مفاهیـــم) جیاوازی نەکـــردووە لەنێـــوان تەبەروککردن بە پێغەمبەروﷺ ئەو شـــتەی لەو جیادەبێتەوەو هەروەها ئەو شـــوێنەوارانەی پێغەمبـــەرﷺ بەریـــان کەوتووە وەکو جێـــگای نوێژلێکردنی، یان شـــوێنی دانیشتنی.

یەکەمیان: دروستەو لەبەردەم پێغەمبەرداﷺ کراوەو قەدەغەی نەکردووە.

دووەمیـــان: برتییە لـــە تەبەروککردن بە شـــوێنەوارەکان؛ وەکو زەوی‌و هەر شـــتێکی تر کە پێغەمبەرﷺ بەری کەوتووە، ئەم جۆرەیان ڕێگەپێدراو نییە، هەر لەبەر ئەوەشـــە خاوەنی کتێبی (مفاهیم) نەیتوانی تەنانەت بەڵگەیەکیش لەسەر ئەو بانگەشەیەی خۆی بهێنیتەوە کاتێک وتی: (سوننەتێکی مەرفوعەو دراوەتە پاڵ پێغەمبەرﷺ). ئەم تێکەڵکردنە بەهۆی جیاوازی نەکردن لەنێوان ئەو شتانەوە دروست دەبێت کە لێک جیاوازن، هەروەها بەهۆی وازهێنان لە

ڕێبازی زانا لێکۆڵەڕەوەکانەوە دروست دەبێت.

چەند شتێک هەیە بەڵگەیە لەسەر نادروستی تەبەروککردن بە شوێنەوارەکانو بەڵگەن لەسەر بیدعەیی ئەم کارە:

یەکەم: ئــەم جۆرە تەبەروکە لەســەردەمی پێغەمبــەرداﷺ بوونی نەبووە، هەروەها لە ڕێگەیەکی باوەڕپێکراوەوە بۆمان نەگوازراوەتەوە، نە بەسەنەدێکی دروســتو نە بە سەنەدێکی لاواز بۆمان باســنەکراوە، هەرگیز لە سوننەتدا نەهاتووە بوترێت کەسێک لەسەردەمی پێغەمبەرداﷺ تەبەروکی بە شوێنێکی زەوی کردووە، کاتێک ئەمە بۆ ئێمە نەگوازرابێتەوە سەرەڕای بوونی پاڵنەری ڕوودانی ئەم کارەو بوونی توانا لەســەر گواســتنەوەی چەندین شت کە لەم بابەتــە زۆر کەمتــرە: کەواتە دەزاندرێت ئەم جۆرە کارە لەســەردەمی ئەودا بوونی نەبووە، کاتێک وابێت ئەوا بیدعەیە، هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە، ئەوشتانەی بیدعەنەو داهێندراون پێویستە قەدەغەبکرێنو دژایەتی بکرێن.

ئەمە ئەو شــتەیە کە خەلیفەی ڕاشــید ڕێنمایی خەڵکی بۆلای قەدەغەکردنی کرد، هەروەها نەهی لە بەدواداچوونی شوێنەوارە زەمینیەکانی کرد، هەروەکو پێشتر باسکرا لەو فەرموودەیەی مەعروری کوڕی سویدی ئەسەدی گێڕایەوە.

دووەم: بەرەکەتی خودی پێغەمبەران تێناپەڕێتەســــەر هیچ شوێنو جێگایەک لەســــەر ڕووی زەمین؛ چونکە ئەگەر بڵێین بەرەکەتی ئەوان دەگوازرێتەوە بۆ جگە لە خۆیان ئەوا پێویســت دەکات هەموو ئەو شــوێنو جێگایانەی ئەوان بەسەریدا ڕۆیشتوون یان لەســەری دانیشتوون موبارەک بێتو خەڵک داوای بەرەکەتیان لێ بکاتو تەبەروکیان پێوە بکات.

ئەمەش لازمێکی ناپەسندە، وا پێویست دەکات (ملزوم)ەکەشی هەر ناپەسند بێتو بوونی نەبێت، ئەم ڕاستیە ڕوونو ئاشکرایە بۆ هەر کەسێک وردبێتەوە لێی.

سێیەم: داواکردنی بەرەکەتو تەبەروککردن بە شوێنەوارەکانی سەر زەمین پێچەوانەی سوننەتی هەموو پێغەمبەرانە پێش پێغەمبەرمان ﷺ، ئەوان هەرگیز بەدوای شوێنەواری سەر زەمینی پێغەمبەرەکانیاندا نەدەگەڕان، هەروەها فەرمانیان نەدەکرد خەڵک بەدوایاندا بگەڕێت، هەر شتێک کە لەم جۆرە کردارانە ئەنجامدرابێت ئەوا ئەو خەڵکانە دایان هێناوە کە دوامینەنو کارێکیان کردووە کە فەرمانیان پێنەکراوە دوای پێغەمبەرانیان تا وای لێهاتووە تەکلیفو خواستە شەرعیەکان لەسەریان گران و قورس کەوتووە – بە هۆی زیادەڕەویکردنیان – بۆیە ئارەزووی ئالودەبوون بە لێخۆشبوونی خوا لە تاوانەکانو زیادبوونی چاکەکان بوون لەڕێگەی تەبەروکێکی داهێندراو بەشوێنو جێگاکانی سەر زەوی، هەر لەبەر ئەوە بووە ئیمامی عومەر فەرموویەتی: ((ئەوانەی پێش ئێوە بە هۆی هاوشێوەی ئەمە بەهیلاک چوونو تیاچوون، ئەوان شوێن جێگای – دانیشتن یان بەرکەوتنی – پێغەمبەرانیان دەکەوتن)).

چوارەم: شوێنو جێگاکانی سەر زەوی موبارەک نابنو پیرۆز نابن تەنها بە کردنی خواپەرستی نەبێ لەسەری، خواپەرستی هۆکارە بۆ بەرەکەتدارکردنی شوێنو جێگاکان، مزگەوتەکان لەبەربوونی خواپەرستی لەناویاندا پیرۆزن، کاتێک ئەم خواپەرستیە نەما پیرۆزیەکەشیان نامێنێت.

بۆ نمونە: ئەو مزگەوتانەی دوژمنانی ئیسلام لەکاتی جەنگدا دەستیان بەسەردا گرتووەوکردوویانەتە کەنیسە بەدڵنیاییەوە ئەو بەرەکەتەی کە پێشتر لەم جێگایە هەبوو بە هۆی گوێڕایەڵیکردنی خوای گەورەوە دوای ئەنجامدانی شیرکو هاوەڵدانان بۆ خوا تێیداو خواپەرستیکردن لە ناویدا بە جگە لەشەریعەتی ئەو بەرەکەتەی تێدا ناهێڵێت.

پێنجەم: تەبەروککردن بە شوێنەوارەکان سەردەکێشێت بۆ کاری گەورەتر: وەکو بە پیرۆز زانینی شوێنەکەو باوەڕبوون پێی، ئەمە شتێکی سەیرو نامۆ نییە؛ بەڵکو هەواڵبێژەکان دەگێڕنەوە کە نەوەکانی ئیسماعیل پێغەمبەر ﷺ: ((تووشی ناخۆشی بوون لە مەککەو لەنێوانیاندا شەڕو ئاژاوە دروستبوو، هەندێکیان ئەوانی تریان لە وڵات دەرکرد، دەرکراوەکان گەڕان بەدوای ژیانیاندا لە شوێنی تردا نیشتەجێ بوون، ئەو کەسەی پەلکێشی کردن بۆلای پەرستنی بتەکان کەسێک بوو هەر مرۆڤێک لە مەککەوە دەرچوبایەو سەفەری بکردبایە بەردێک لە بەردەکانی حەڕەمی مەکەی پێ دەداو داوای لێدەکرد لەگەڵ خۆیدا هەڵی بگرێت، ئەمەشی بە مەبەستی ڕێزگرتنو بە گەورە ڕاگرتنی حەرەم دەکرد، تاکو خەڵک زیاتر حەز بە مەککە بکاتو دڵیان بۆی بچێت))[٦١]، هەر شتێک ئاوابێت ئەوا قەدەغەکردنی پێویستەرە، چونکە هەرشتێک هۆکاربێت بۆ حەرامو ناشەرعی حەرامەو ناشەرعیە، (نەکردنو ڕێگەپێنەدانی بۆ ئەوەیە تاکو ڕێگە لەو شتە بگیرێتو دەرگای لەسەر دابخرێت کە سەردەکێشێت بۆ حەرام).

إن السلامة من سلمى وجارتها أن لا تحل على حال بواديها

شەشەم: بە بەرزڕاگرتنو بە بەرێزو گەورە ڕاگرتنی پێغەمبەر ﷺ ئەمڕۆ بەوە دەبێت کە ئێمە ئەمڕۆ ئەو دوو بەرەکەتەی ئەو بەدەستبهینینو بەدوایدا بگەڕێین کە بۆمان جێماوە، ئەوانیش بەرەکەتی شوێنکەوتنو کارکردن بە سوننەتەکانیەتی، هەروەها تێکۆشان لە دژی دوژمنانی سوننەتەکەیو ئەوانەش کە پێچەوانەی فەرمانەکانی ئەو دەجوڵێنەوە، هەوەها تێکۆشان لە دژی ئەو دووڕووانەی خەڵکیان تووشی فیتنەکردو گومڕایان کردن،

٦١) کتێبی (الأصنام ل ٦)، بە مەبەستی بەڵگەهێنانەوە باسم نەکرد، بەڵکو بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە بوو کە چی وتراوە دەربارەیان.

پێشینە باشەکانو پێشەوایانی ڕێبازی ڕاست خەڵکیان بۆلای ئەمە هاندەدا، ئەو پێشەوایانەی کە خۆشەویستی پێغەمبەریانﷺ بەدەستهێناو ئەوەندەی خوای گەورە ویستی لەسەر بوو لە بەرەکەتی شوێنکەوتنی ئەو پێغەمبەرەﷺ بەهرەمەند بوون، وازیان لە جگە لەم تەبەروکە هێناو پەنایان نەبردە بەر تەبەروککردن بە شوێنەوارە زەمینیەکان، لەمەوە دەزاندرێت کە ئەو شتەی ئەوان نەیانکردووە باشە نەبووە لایانو شتێکی ناشەرعی بووە.

لەم زانیارییانەی خرانەڕوو چەندین بەڵگەی بەسود هەیە کە دەبێتە مایەی دڵنەواکردنی ئەو کەسەی خوازیاری ڕاستییەو ئارەزووی بەدەستهێنانی کارو کردەوەو وتەیەکی باشو تەواو دەکات، لەڕاستیدا حەقو ڕەوایو ڕاستێتی شایستەترە مرۆڤ شوێنی بکەوێت، خوای گەورە یارمەتیدەری مرۆڤەکانە لەسەر ئەنجامدانی کردەوە باشەکان.

خاوەنی کتێبی (مفاهیم) لە ل ١٥٦ دا دەڵێت: ((بە پێی ئەو دەقانەی ئێمە باسمانکردن درۆی ئەو کەسانە بەدەردەکەوێت کە گومانیان وایە کە دەڵێن ئەو کردەوەیە جگە لە ئیبن عومەر کەسیتر گرنگی پێنەداوەو نەیکردووە، هەروەها هیچ یەکێک لە هاوەڵان هاوڕا نەبوون لەگەڵ ئیبن عومەردا لەسەر ئەنجامدانی ئەم کارە، ئەمە نەزانیە یان درۆیە یان شاردنەوەی ڕاستیەو پۆشینیەتی، زۆرێک لە هاوەڵان جگە لە ئیبن عومەر ئەم کارەیان دەکردو گرنگیان پێدەدا، لەوانە: خەلیفە ڕاشیدینیەکان خوا لێیان ڕازی بێت، ئوم سەلەمە، خالیدی کوڕی وەلید، وائیلەی کوڕی ئەسقەع، سەلەمەی کوڕی ئەکوەع، ئەنەسی کوڕی مالیک، ئوم سولەیم، ئوسەیدی کوڕی خضیر[٦٢]،

٦٢) نووسەر (واتە: خاوەنی کتێبی مفاهیم) ناوی (خضیر) ی بە (حضیر) نووسیبوو، (خ)ی کردبووە (ح)، چاکم کردەوە.

سەواد کوڕی غەزیە، سەواد کوڕی عەمر، عبدالله کوڕی سەلام، ئەبو موسا، عبدالله کوڕی زوبەیر، سەفینە مەولای پێغەمبەرﷺ، سرە خزمەتکاری ئوم سەلەمە، مالیکی کوڕی سنان، ئەسما کچی ئەبو بەکر، ئەبو مەحزورە، مالیکی کوڕی ئەنەسو شێخەکانی خەڵکی مەدینە وەکو سەعیدی کوڕی موسەییەبو یەحیای کوڕی سەعید)) إ.ه .

دەڵێم: دریژە بە بابەتی تەخریجکردنی ئەو قسانە نادەم کە دانییە پاڵ ئەم هەموو هاوەڵو تابعینیانە، بەڵام لێرەدا چەند شتێک هەیە:

یەکەم: ئەو تۆمەتەی کە خاوەنی کتێبی (مفاهیم) دەیداتە پاڵ ئەو کەسانەی پێیان وایە تەنها ئیبن عومەر گرنگی بە شوێنەوارەکانی پێغەمبەرﷺ داوەو دەڵێت هەر کەسێک وابڵێت ئەوا نەفامەو درۆزنەو پاستی پۆشە؛ ئەم قسەیەی خاوەنی کتێبی (مفاهیم) دەچێتە پیزی قسە ناپەسندو خراپەکانو ناشیرینەکان. چونکە بچوکەکان بۆیان نییەو گومان ناکرێت ئەو فەرموودەناسە گەورەو فەقیهانە بەدرۆبخەنەوە کە دەڵێن تەنها ئیبن عومەر ئەم کارەی کردووە.

دووەم: ئەم قسەیە بدرێتە پاڵ نەزانی شایستەترە، چونکە هەر کەسێک جیاوازی نەکات لەنێوان بەرەکەتی خودی مرۆڤەکانو شوێنەوارەکان ئەوا شایستەی ئەوەیە قسەکانی پەتبکرێنەوەو فڕێ بدرێن.

سێیەم: ئەو هاوەڵانەی ئەو باسیکردنو ناوی هێنان ئەوانەن کە تەبەروکیان بە بەجێماوی لاشەیی پێغەمبەرﷺ کردووە لە دوای مردنی، هەروەها تەبەروکیان بە عەرەقو جوببەو جلو بەرگییەوە کردووە؛ ئەگەر ڕیوایەتەکە دروست بێتو وابێت، هەرچەندە دوای لێکۆڵینەوە دەردەکەوێت کە تەنها کەمێک لەم هەواڵانە صحیحو دروستن، چۆن دەبێت ئەو کەسە بە درۆزن دابندرێت کە جیاوازی

دەکات (لەنێوان ئەم دوو جۆرەی تەبەروک)؛ لەکاتێکدا ئەو کەســـە شایستەی تێڕوانینی دروستەو خاوەنی قسەیەکی پڕبایەخو بەکەڵکە، بەڵام ئەو کەسەی لەگەڵ زانســـتدا نەیەتەوەو فێرنەبووبێتو ڕازی بێت بەو خەڵکانەی کەمترین پشکیان هەیە لە تێڕوانینو وردبوونەوەو کەمترین زانستو زانیاری هەیە ئەوا وتەکانی لای زانایان هیچ بایەخو قورساییەکیان نییە، ئەم خەڵک کوێرکردنەی خاوەنی کتێبی (مفاهیم) کاری لەسەر دەکات ئەو کەسانەی پێ دەخەڵەتێن کە سیقەو متمانەیان بە زانستەکەی هەیەو گومانی باشی پێدەبەن، سەرئەنجامی ئەوانە لە ڕۆژی دوایی زۆر گەورەو ســـامناک دەبێت ﴿إِذْ تَبَرَّأَ ٱلَّذِينَ ٱتُّبِعُواْ مِنَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُواْ﴾ البقرة: ١٦٦.

واتە: کاتێک ئەو کەسانەی شوێنکەوتراون خۆیان بێ بەری دەکەن لەو کەسانەی شوێنیان کەوتوون. (مەبەست پێی ڕۆژی دواییە کە مرۆڤە خراپەکان خۆیان بێ بەری دەکەن لەو کەسانەی بە قسەی ئەوان خەڵەتاونو شوێنیان کەوتوون)، خاوەنی کتێبی (مفاهیم) ناتوانێت هەواڵێک باســـبکات بە سەنەدێکی صحیحو دروست لە جگە لە ئیبن عومەر کە تەبەروکی بە شوێنەکان کردبێت.

چوارەم: دانەپاڵی ئەم جۆرە کارە بۆ پێشەوا مالیک زانای مەدینە ڕاست نییە، مالیک هەمیشە نەهی لە خەڵک دەکردو قەدەغەی دەکرن بەدوای تەبەروککردن بە شـــوێنەوارەکان بگەڕێن، ئیمامی مالیک ئەم زانیاریانە لە گەورە زانایانی مەدینە دەگوازێتەوەو باســـدەکات، چەندین دەقی لەم جۆرە لەناو کتێبەکانی پەیڕەوکەرانی مەزهەبی مالیک بەرجەستەیەو هەیە.

یەکێک لەو دەقانەی لەم بابەتە دەدوێت ئەوەیە کە فەرموودەناسی ئەندەلوس ئیبن وضاح لە لاپەڕە (٤٣) دا لە کتێبەکەی (البدع والنهی عنها) فەرموویەتی: ((مالیکی کوڕی ئەنەسو جگە لە ئەویش لە زاناکانی مەدینە پێیان خۆشنەبوو

(خەڵک) بچێتە ئەم جـــۆرە مزگەوتانەو خۆیان خەریک بکەن بەو شـــتانەی لە پێغەمبەرەوەﷺ بەجێماونو بوونەتە شـــوێنەوار جگە لە قوباءو ئوحود)). إ.ە، باشە بۆ ئەو کەسەی خۆی دەداتە پاڵ مەزهەبی مالیک لەم بابەتانەشدا نابێتە مالیکیو شوێنکەوتەی پێشینان؛ هەروەکو چۆن مالیک بەو شێوازە بوو ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت.

فصـــــل

ڕوونکردنەوەی مانای خۆدانەپاڵ سەلەفو وشەی سەلەفیەت

مسولمانان دوو جۆرن: السلفیون، الخلفیون.

السلفیون: ئەوانەن کە شوێن سەلەفی صالح دەکەون، (واتە: بە پێی بەرنامەی پێغەمبەرﷺ هاوەڵانو تێگەیشـــتنی ئەوان کارو کردەوە دەکەنو خواپەرستی دەکەن).

الخلفیون: ئەوانەن کە شـــوێن تێگەیشتنی ئەو کەســـانە دەکەون کە لە دوای ســـەلەفەوە هاتوون، (ئەوانەی تێگەیشتنیان پێچەوانەبێتو دژی تێگەیشتنی پێغەمبـــەرﷺ هاوەڵان بێـــت) ئەوا پێیـــان دەوترێت موبتەدیعـــەکان (واتە: شـــتانێکیان داهێناوە پێچەوانەیە لەگـــەڵ تێگەیشـــتنو بۆچوونی زانایانی سەلەف)، هەر کەسێک ڕازی نەبێت بە تێگەیشتنی پێغەمبەرﷺ هاوەڵان ئەوا خەلەفییەکی موبتەدیعە.

الســـلف الصالح: بریتیە لە ســـەدە پیرۆزو گەورەکان، لەســـەروی ئەوانو پێشـــەنگیانەوە هاوەڵانـــی پێغەمبەرﷺ دەگرێتەوە، ئەوانـــەی خوای گەورە مەدحیان دەکاتو باســـی گەورەییـــان دەکاتو دەفەرموێت: ﴿مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِ ۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ ۖ تَرَىٰهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا﴾ الفتح: ٢٩.

واتـــە: محمد نێـــردراوی خوایە (پەیامبەری خوایە)، ئـــەو بڕوادارانەی لەگەڵ ئەودانو هەڵگری پەیامی ئەونو باوەڕیان بە ئایینەکەی ئەوە تواندن بەرامبەر بە کافرو بێدینانو دوژمنانی ئیسلام، بەسۆزو میهرەبانن لەگەڵ یەکتردا، تۆ دەیان بینیت رکوعو سوجدە بۆ خوای گەورە دەبەن.

هەروەها پێغەمبەرﷺ لە فەرمایشتی خۆیدا باسی چاکەو گەورەییان دەکات و دەفەرموێت: ((خير الناس قرني ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم)).

واتە: باشترین خەڵک ئەو خەڵکانەن کە لەو سەدەیەدا دەژین کە منی تێدام، پاشان باشترین خەڵک ئەوانە دەبن کە لەو سەدەیەدا دەبن کە لەدوای سەدەی ئەوانی پێش خۆیان هاتن (واتە: لەدوای سەدەی پێغەمبەرەوەﷺ هاتوون)، پاشان باشترین خەڵک ئەو خەڵکانە دەبن کە لەدوای ئەو سەدەیەوە دێن کە لەدوای سەدەی منەوە هاتوون، فەرمایشتی هاوەڵانو ئەوانەش کە لەسەر ڕێبازی هاوەڵان بوون بە چاکی هەمووی جەخت لەسەر (پیرۆزی ئەم ڕێبازەو) مەدحکردنو باسکردنی چاکەیان دەکاتەوە، هەروەها هانی مسوڵمانان دەدەن لەسەر شوێنکەوتنیان.

ئیبن مەسعود خوا لێی ڕازی بێت فەرموویەتی: ((من كان منكم متأسياً فليتأس بأصحاب محمد فإنهم كانوا أبر هذه الأمة قلوباً، وأعمقها علماً، وأقلها تكلفاً، وأقومها هدياً، وأحسنها حالاً، قوم اختارهم الله لصحبة نبيه وإقامة دينه، فاعرفوا لهم فضلهم، واتبعوهم في آثارهم، فإنهم كانوا على الهدى المستقيم)).

واتە: هەرکەسێک لە ئێوە ویستی شوێن کەسێک بکەوێت ئەوا با شوێن هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بکەوێت، چونکە ئەوان دڵیان لە دڵی هەموو ئوممەت باشتر بووە، لە هەموویان زانستیان زیاتر بووە، لە هەموویان کەمتر زۆریان لە خۆیان کردووە (واتە: زیادەڕوویان نەکردووە)، ڕێنمایی ئەوان لە هی هەمووخەڵک باشتر بووەو لە هەموو ئوممەت حاڵو باریان باشترو چاکتربووە، ئەوانە کۆمەڵە کەسانێک بوون خوای گەورە هەڵی بژاردوون بۆ ئەوەی هاوەڵایەتی پێغەمبەرەکەی بکەن و ڕێنمایی ئاینەکەی جێبەجێ بکەن، بۆیە ئێوە پێویستە هەست بە گەورەیی ئەوان بکەنو بیزانن، شوێن ئەوان

بکەونو لەسەر ڕێنمایی ئەوان بن، (چونکە) بەڕاستی ئەوان لەسەر ڕێنماییو ڕێگای ڕاست بوون.

ئەمە شتێکە هەموو ئەهلی سوننەت لەسەری کۆدەنگن، هیچ کەسێک لە ئەوان پێچەوانەی ئەمە نییە. کاتێک ئەوان لەسەر ئەم ڕینماییە جوانە بنو خاوەنی ئەو گەورەییە بن کەواتە شێکی سەیرو سەرسوڕهێنەرە مسوڵمان خۆی بداتە پاڵ کۆمەڵێک ڕێکەو بەرنامە (کە خۆی هەڵی بژاردووە) بۆ تێگەیشتن لە قورئانو سوننەتو ڕاڤەکردنیانو کارکردن بە دەقەکان.

هەموو ئەو گروپو دەستانەی لاڕێ بوون لە گروپەکانی ئەم ئوممەتە بەڵگە بە کۆمەڵێک ئایەتو فەرموودە دەهێنێتەوە بۆ مەبەستو بۆچوونەکانیان کە پێچەوانەیە لەگەڵ تێگەیشتنی سەلەف بۆیان، زۆر زیادەڕەویان لەمەدا کرد، تا وای لێهات هەندێکیان ئەوی تریان بە کافرو بێبەوەڕ دادەناو هەندێکی قورئانیان بە ئەویتردا دەکێشا، ئەمە هەمووی بەهۆی ئەوەوە بوو کە تێگەیشتنیان بۆ دەقەکان بەگوێرەی ئەو بۆچوونە بوو کە هەریەکە لەو گروپو دەستانە دەیانهەویستو بانگەشەیان بۆلا دەکرد، وای لێهات هەموو ئەو گروپو دەستانەی لاڕێ بوون دەیانگوت: ئێمە دەستدەگرین بە قورئانو سوننەت، ئەمە وایکرد ڕاستیەکە تێکەڵ بێت لای ئەو کەسانەی تێڕوانینیان لاوازەو کەم زانستن.

دەرچەی ڕزگاربوون لەم پڕوپاگەندەو قسە ناتەندروستانە ئەوەیە کە مسوڵمان شوێن پەیڕەوی باشترینی سەدەکان بکات، ئەو تێگەیشتنەی ئەوان هەیانە بۆ دەقەکان ڕاستەو ڕەوایە، ئەوەی ئەوان لێی تێنەگەیشتوونو کاریان پێنەکردووە ڕاستو ڕەوا نییە.

بەهەمان شێوەیە ئەو خەڵکانەی تابعو شوێنکەوتەی هاوەڵان بوونو زانستیان

لـــە ئەوان وەرگرتووە خوا لە هەموویان ڕازی بێت، وای لێهات ئەوکەســـەی خۆی بداتە پاڵ پەیڕەوی هاوەڵان لە تێگەیشتنی قورئانو سوننەت، هەروەها ئەوەی دەســـتبگرێت بەو ڕیوایەتە دروســـتانەی لە پێغەمبەرەوەﷺ هاتووەو گەیشـــتووە پێمان، هەروەها ئەو کەســـەی وازبهێنێت لـــە بۆچوونە عەقڵیو تێگەیشـــتنە داهێنداراوەکان ئەوا لەسەر ئەم پەیڕەوەیەو کەسێکی سەلەفییە، وایلێهات هەر کەسێک ئاوا نەبێت خەلەفی بێتو موبتەدیع بێت.

کاتێک ئەمە زاندرا، هەر بابەتێکی زانستی لە سێ حاڵەت بەدەر نییە:

یەکەم: هاوەڵانو شوێنکەوتوانیان فەرموویانەو گشتیان یان هەندێکیان کاریان پێکردووەو کەسیان پێچەوانەی ئەوانی تریانی نەکردووە.

دووەم: هەندێک لە هـــاوەڵان کاریان پێکردووەو هەندێکی تر پێچەوانەی ئەوان بوونو زیاتر بوون.

سێیەم: بابەتەکە لای ئەوان کاری پێنەکراوە.

ئەمە سێ بەشە:

<u>بەشـــی یەکەمیان:</u> ئەوەیان بوو کـــە هەموو هاوەڵان کاریـــان پێکردووە یان هەندێکیـــان کاریان پێکردووەو کەســـی پێچەوانەی ئـــەوان نەبووەو ناکۆک نەبووە لەگەڵیاندا، بێگومان ئەمە ســـوننەتێکە پێویستە مسوڵمان لەسەری بێتو پەیڕەوێکی ڕوونو ئاشکرایەو ڕێگایەکی ڕاستەو بەڵگەیەکی ڕوونە، هیچ کەسێک حەڵاڵ نییە بۆی پێچەوانەی ئەوان بکات لەو بابەتەدا. نموونەی ئەم جۆرە بابەتانـــە زۆر لەوە زیاترە کە لە بابەتی بیروباوەڕو پەرستشـــەکان باسبکرێت.

بـــەڵام <u>بەشـــی دووەمیان:</u> کـــە بریتییە لـــەو بابەتەی هەندێک لـــە هاوەڵان

کاریـــان پێکردووەو هەندێکی تر پێچەوانەی ئەوان بوونو کاریان پێنەکردووە لەکاتێکدا ئەوان ژمارەیان زیاتر بووە بەشێوەیەک زۆرینەی هاوەڵان ئەوەیان هەڵبژاردووە کە جگە لەوەیە کەمینە هەڵیبژاردووەو پێچەوانەی ئەوان کاریان کرد. شـــاگبی لە کتێبی (الموافقات فی أصول الشـــریعه ٥٧/٣) سەبارەت بە واجبێتی شوێنکەوتنی زۆرینەی هاوەڵان

دەفەرموویت: ((ئەوەی زۆرینە لەســـەریەتی بریتیە لەو ســـوننەتو ڕێبازەی پێویستە مرۆڤ لەسەری بێت،

بەڵام ئـــەو بابەتەی تەنها کەمێـــک لە هاوەڵان کاریان پێکردووە پێویســـتە لێکۆڵینەوە لەسەر بوونی بکرێت (ئاخۆ کاری پێکراوە یان نا) هەروها پێویستە مســـوڵمان بەردەوام بێت لەســـەر ئەو کردەوانەی زۆرینەی هاوەڵان لەسەری بوون. چونکە بەردەوام بوونی هاوەڵانی پێشـــوو لەسەر پێچەوانەکردنی ئەم کەمینەیە: یان ئەوەتا لەبەر هۆکارو مانایەکی شەرعی بووە یان نا.

ناکرێت ئەوان لەبەر مانایەکی تر جگە لە مانای شـــەرعی پێچەوانەی ئەوانی تر بکـــەن، بەڵکو بەدڵنیاییـــەوە دەبێت لەبەر مانایەکی شـــەرعی بووبێت، مـــادام وایە کارکردن بەگوێرەی کـــردەوەی کەمێک لە هاوەڵان وەکو تێکگیران وایە لەگەڵ ئەو ئەو مانایەی زۆرینە لە ســـۆنگەیدا کاریان لەسەر کردووە، ئەگەرچی ئەمە تێکگیرانیش نەبێت لەڕاستیدا. بۆیە دەبێت (مسوڵمان) بەدوای ئەوەدا بگەڕێت کە ئەوان لەسەری بوونەو بەردەوام بێت لەسەری)) إ.ه[٦٣] .

پاشان دەفەرموویت (٣/ ٧٠ – ٧١):

((لەبەر ئەم هۆکارەیە کە پێویســـتە کارکەر (بە دەقەشەرعیەکان) بەگوێرەی کارکردنـــی هاوەڵان کاربکات، هەرگیز ڕێچکە بەخـــۆی نەدات کار بەگوێرەی

٦٣) شاطبی چەند نمونەیەکی لەسەر ئەم بابەتە باسکردووە، شەیخولئیسلام نموونەی زۆری لەسەر ئەم بابەتە لە کتێبی ((التوسل والوسیلە)) دا باسکردووە.

کردەوەی کەمینە بـــکات، تەنها هەندێک جارو بە کەمی نەبێت؛ لەو کاتانەی تووشـــی زەرورەتو پێویســـتی دەبێتو بابەتەکە هەڵبژاردن بخوازێت (واتە: بابەتەکە فراوان بێـــتو مەجالی ئەوەی تێدابێت کـــە بتوانێت کام بۆچوونە هەڵبژێرێت)، هەروەها مەترســـی ئەوەی نەبێت کردەوەکە نەسخ بووبێتەوەو نەمابێت، مەترسی ئەوەشی نەبێت بەڵگەکە دروستو صحیح نەبێت، هەروەها نابێـــت هیچ گومانێک هەبێت لەو ئەگـــەرەی دەقەکەی پێکراوە بەبەڵگە، یان هەر شتێکی تری هاوشێوەی ئەمە.

بەڵام ئەگەر بێتو (مســـوڵمان) هەمیشە لەسەر ئەو کردەوەیە بێت کە کەمینە لەسەرینی ئەوا چەند شتێکی تووش دەبێت لەوانە:

یەکـــەم: پێچەوانەکردنـــی (زۆرینەی) هاوەڵان لەو شـــتەی ئـــەوان وازیان لە بەردەوام بوون لەســـەری هێناوە، ئاشـــکرایە کە پێچەوانەکردنی هاوەڵان چ سەرئەنجامێکی هەیە.

دووەم: لازمی وازهێنان لەو شتەی ئەوان کاریان پێکردووە: **واتە**: بەردەوام بوون لەسەر ئەو کردەوەیەی ئەوان لەسەری نەبوون پێچەوانەکردنی ئەو کردەوەیە کە ئەوان لەسەری بوون.

ســـێیەم: ئەمە سەردەکێشـــێت بـــۆ نەمانی دروشـــمی ئەو کردەوانـــەی ئەوان لەســـەری بوون، هەروەها بڵاوبوونەوەو ناوبانگ دەرکردنی ئەو کردەوەیەی پێچەوانەی کردەوەی ئەوانە، چونکە شوێنکەوتنی کردەوە گرنگترو لەپێشترە لە شـــوێنکەوتنی وتەو قسەکان، کاتێک ئەم کرداڕە (پێچەوانەکردنی زۆربەی هـــاوەڵان) لە کەســـێکدا ڕووبدا کە خەڵک شـــوێنی دەکەون ئـــەوا گەورەترو بەرچاوترەو زیاتر لەسەری حیساب دەکرێت.

پێویستە مسوڵمان ئاگاداربێتو خۆی بپارێزێت لە پێچەوانەکردنی هاوەڵانو

تابعین ! ئەگەر گەورەیی‌و چاکەیەک هەبێت ئەوا ئەوان شایستەتر بوون پێی. خوای گەورە پەنامان بدات)) قسەی شاطبی کۆتایی هات.

<u>بەشی سێیەم:</u> ئەوەیە کە ئەو کردەوەیە ئەوان کاریان پێ نەرکردبێت، گومان لەوەدا نییە دەرچوون لە کردەوەی هەموویان بیدعەیەو خراپە، کاتێک بکەرەکە بە هۆی ئەو کردەوەیە بیهەوێت لە پەروەردگاری نزیک بێتەوە. (بەڵام ئەگەر کردەوەکە عادەتی‌و نەریتی بوو) ئەوا نایگرێتەوە چونکە بنەمای ئەو کردەوە نەریتیانە ئەوەیە کە حەڵاڵن‌و دروستن.

بۆیە بە هەر کەسێک دەوترێت کاتێک پێچەوانەی ڕێبازی سەلەف دەکات‌و بەگوێرەی تێگەشتنی ئەوان لە دەقەکان قورئان‌و سوننەت هەڵسوکەوت دەکات؛ تۆ موبتەدیعیت‌و لەسەر ڕێبازێکی جگە لە ڕێبازی باوەڕدارانە.

زۆر کەس لەوانەی خۆیان دەدەنە پاڵ زانست‌و زانیاری ئەو داهێندراوانەی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ خواپەرستیان پێنەکردووە جوان دەکەن‌و دەڕازێننەوە لەبەرچاوی خەڵک.

((ئەمە گشتی بەهەڵە ئایندارکردنە، هەروەها شێوێنکەوتنی ڕێبازی ئەو کەسانەن لاڕێ بوون لە ڕێبازی ڕاست، بۆیە دەتواندرێت بوترێت: ئەو کەسانەی بەمشێوەیە بیردەکەنەوە ئەوا دەبێت یان جۆرە تێگەیشتنێکیان هەبێت کە پێشینان نەیانبووە، یاخود لە تێگەیشتنی ئەوان لایانداوە.

ئەوەی کۆتایی ڕاستەو تەواوە. چونکە بەندە خواپەرست‌و زاناکانی پێشوو (السلف الصالح) لەسەر ڕێبازی ڕاست بوونە، ئەوان تەنها بەو شێوازە لە بەڵگە شەرعیەکان تێگەیشتبوون کە کاریان پێکردووە، ئەو داهێندراوانەی دەبیندرێن لەناو ئەواندا نەبووەو کاریان پێنەکردووە))[٦٤] .

---

٦٤) لە (الموافقات)ی شاطبی وەرگیراوە: (٧٣/٣).

داهێندراو و بیدعـــەکان چەند جۆرێکن: هەیانە شـــیرکەو هەیانە هۆکارە بۆ شـــیرکو هەیانە کۆمەڵە بیدعەیەکن دەبنە مایەی پوکاندنەوەو لەناوبردنی ســـوننەتەکان، ئەم داهێندراوانە بە ســـەرجەم جۆرەکانیانەوە لەسەردەمی پێغەمبەروﷺ هاوەڵانو تابعیندا بوونی نەبووە، لەسەردەمی ئەواندا کۆمەڵە گۆڕێک بوونی نەبـــووە خەڵک لای مابێتەوەو قوببەیان لەســـەری کردبێتو داوای شەفاعەتو تکایان لێکردبێت.

هەروەها لەســـەردەمی ئەواندا تەوەسولکردن بە ڕێزو حورمەتی پێغەمبەرانو پیاوچاکان نەبووە، هەروەها ئەو کاتە ئەوان هەرگیز لای گۆڕەکان پارانەوەیان ئەنجام نەدەدا.

هەروەها لەســـەردەمی ئەواندا ئەم جۆرە ئاهەنگانە بە بۆنەی هاتنە دونیاوە بوونی نەبووە. هەموو ئەمانە لای ئەوان نەبووە بە کۆدەنگی زانایان.

کاتێک ئەمە ڕوونبۆوەو زاندرا؛ ئەو شوبهەو گومانانەی خەڵەف دەیانهێنناەوەو دەیانکەنە پاســـاو بۆ بە باشـــکردنی ئەم جۆرە بیدعانە دابەشدەبنە سەر سێ بەش:

یەکـــەم: کۆمەڵێک ئایەتیان بەدەســـتەوەیە کە زۆریـــان لەخۆیان کردووە بۆ ئەوەی تأویلیان بکەنو بەو شـــێوازە لێکی بدەنەوە کە خۆیان مەبەســـتیانەو دەیانهەوێت.

دووەم: کۆمەڵێک فەرموودەیان بەدەستەوەیە کە ئەوانیش دوو جۆرن:

أ. کۆمەڵێک فەرمایشـــتو فەرموودەی صحیحو دروستن کە بەو شێوازە نییە ئەوان لێی تێگەیشـــتوون، هەروەها بەگوێرەی مەبەستی ئەوانیش نییە، بەڵکو ئەوان ماناکانیان دەگۆڕنو لە مەبەستی خۆیان لایان دەدەن.

ب. کۆمەڵێک فەرموودەی لاوازو هەڵبەســـتراو و درۆیان بەدەستەوەیە، ئەم

جۆرەی فەرموودە بەشـــێوەیەکی زۆر لەناویانـــدا هەیەو ڕەواجی هەیە، ئـــەوان زۆر بەم جـــۆرە فەرموودانە دڵخۆشـــنو حەز لـــە ڕەواج پێدانو بڵاوکردنەوەو هاندانی خەڵک بۆلایان دەکەن.

سـێیەم: کۆمەڵێک حیکایەتو چیرۆکو خەونیان بەدەستەوەیە کە لە خەڵکانی تڕەوە دەیگێڕنەوە، بەشێوەیەک گرنگی پێدەدەن وەکو ئەوەی ئەم جۆرە شتانە بەشێک بن لە سەرچاوەکانی (التشریع).

ڕێگای دەرچوون لە بەڵگەهێنانەوە بەو ئایەتو فەرموودە دروســـتانە بە دوو شێواز دەبێت:

یەکەم: ئەو بەڵگانەی موبتەدیعەکان دەیهێننەوەو پشتی پێدەبەستن ماناکانیان مەبەســـت نییەو ئەو واتایە نابەخشن کە ئەوان مەبەستیانە، ئەوانەی ئەهلی سوننەتنو شـــوێنکەوتەی تێگەیشـــتنی زانایانی پێشینن بەشـــێوازێک لێی تێدەگەن کە جیاوازە لەو تێگەیشتنەی موبتەدیعەکان هەیانە. بۆیە لەو کاتەدا تێگەیشتنی خەلەف ڕەتدەکرێتەوە لەبەر بوونی تێگەیشتنی زانایانی سەلەف.

دووەم: ئەمـــەش لقێکە لە خاڵـــی یەکەم – ئایا ســـەلەف کاریان بەگوێرەی تێگەیشـــنی خەلەف کردووە یان نا. سەلەف هەرگیز کاریان بەم داهێندراوانە نەکـــردووە بە ئیجماعو کۆدەنگی زانایان، هیچ کاتێک موبتەدیعێک ناتوانێت کردەوەیەک بهێنێت ســـەلەف تیایدا پێچەوانەی هاوەڵانیان کردبێت، چونکە ئەهلی ســـوننەت شـــوێن کردەوەی هاوەڵانو تابعین دەکەون، بە پێچەوانەی خەلەف کە کارێک دەکەن فەرمانیان پێنەکراوە.

لە ئیمامی عومەرەوە خوای لێ ڕازی بێت دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: ((کۆمەڵە کەسانێک پەیادەبن گفتوگۆ بەهۆی کۆمەڵێک گومانەوە لەگەڵ ئێوە دەکەن،

ئێوە ئەوان بە سوننەتەکان بگرن، چونکە ئەوانەی لەسەر سوننەتن لە هەموو کەس شارەزاترن بە کتێبەکەی خوای گەورە))[٦٥] .

بۆیە هەرگیز نابینیت هیچ یەکێک لە گروپە گومڕاکان نەتوانێت بەڵگە بە ڕووکاری بەڵگەگان بهێنێتەوە لەسەر ئەو مەزهەبو پەیڕەوەی خۆی مەبەستێتی، ئەوەی گرنگەو پێویستە دروستیو تەواوێتی بەڵگەکەیە نەک تەنها بەڵگەهێنانەوە.

شاطبی دوای باسکردنی کورتەی ئەم مانایانە (٣/٧٧) فەرموویەتی:

((لەبەر هەموو ئەمانە پێویستە لەسەر ئەو کەسەی دەڕوانێتە بەڵگەیەکی شەرعی ڕەچاوی ئەو تێگەیشتنەو کردەوەیە بکات کە پێشینان هەیان بووەو لەسەری بوون، چونکە کارو تێگەیشتنی ئەوان شایستەترەو لەڕووی زانستیو کارپێکردنەوە تەواوترە)) إ.ە.

کاتێک ئەمە ڕوون بۆوەو ڕاستیەکان بەدەرکەوتن، ئەوانەی دەکرێت شەڕەفمەندبن بە خۆدانەپاڵیان بۆلای سەلەفی صالح ئەو بابەتانەی باسمکردن دەکەنە ئامانجو کاری لەسەر دەکەن.

١. ئەوەی هاوەڵان بە زۆریو بە شێوەیەکی باو و بەربڵاو کاریان پێکردووە ئەوانیش کاری پێدەکەن.

٢. ئەو بابەتەی کە تەنها یەکێک لە هاوەڵان یان چەند کەسێک کاریان پێکردووەو ئەوانی تر پێچەوانەیان بوون ئەوا شوێنکەوتەی هاوەڵان ئەو بابەتەیان گەڕاندۆتەوە بۆلای خواو پێغەمبەرﷺ هەروەکو خوای گەورە فەرمانی بێکردوونو فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ

٦٥) ئەمە الدرامی (١/٤٧)، اللالکائی لە کتێبی (السنة)و ابن عبدالبر لە کتێبی (جامع البيان العلم وفضله) گێڕاویانەتەوە، هەروەها الدراقطني و ابن أبی شيبةو ابن أبی زمنين لە (أصول السنه) گێڕاویەتییەوە، هەروەها نصر المقدسی لە کتێبی (الحجه على تارک المحجه)و جگە لە ئەوانیش باسیانکردووە.

ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلْأَمْرِ مِنكُمْ ۖ فَإِن تَنَٰزَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ۚ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا ﴿٥٩﴾ ﴾ النساء: ٥٩.

واتە: ئەی بڕواداران ئەگەر ئێوە لە شتێکدا ناکۆکو دووبەرەک بوون ئەوا بیگێڕنەوە لای خواو پێغەمبەرﷺ ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە، ئەم گەڕاندنەوەیە بۆلای کتێبەکەی خواو سوننەتی پێغەمبەرﷺ باشترە لەوەی بە بۆچوونی خۆتان بڕیار بدەنو دووبەرەکو ناکۆک بن.

خوای گەورە فەرمانیکردووە ناکۆکیەکان بگێڕدرێنەوە بۆلای ئەو، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە بابەتەکە بگەڕێندرێتەوە بۆلای فەرمایشتی خوای گەورە کە قورئانی پیرۆزو گەورەیە.

هەروەها فەرمانیکردووە کە ناکۆکیەکە بگەڕێندرێتەوە بۆلای پێغەمبەرەکەیﷺ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕاستەوخۆ کێشەکان بۆلای ئەو بگەڕێندرێنەوە لە ماوەی ژیانیدا، دوای مردنیشی بۆلای ئەو سوننەتانە بگەڕێندرێنەوە کە صحیحو دروستنو بە دڵنیایی لە پێغەمبەرەوەﷺ پێمان گەیشتووە، بۆ مەبەستی شوێنکەوتنی پێغەمبەرﷺ کار بەگوێرەی کردەوەی زۆرینەی هاوەڵان دەکرێت.

بۆیە سوپاس بۆ خوای گەورە شوێنکەوتوانی سەلەف هیچ خەلەلو ناڕێکیەک لە بنەماکانیاندا نەبووە، بنەماکانی ئەوان کۆمەڵە بنەمایەکی ڕاستو ڕوون بووەو ڕیبازێکی ئاشکراو دیارو ڕاست بووە. لەسەر ئەم ڕێبازو پەیڕەوە ڕۆیشتوون هەریەکە لە چوار پێشەواکان لە زۆربەی تێگەیشتنەکانیاندا ڕەحمەتی خوای گەورەیان لێبێتو پاداشتی زۆریان بداتەوە.

٣. ئەو کردەوانەی پەیوەندیان بە پەرستنەوەیەو هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ لەسەری نەبوونەو ئەنجامیان نەداوە ئەوا ئەو کەسانە دایان هێناوە کە (پێیان دەوترێت الخلف).

هاوەڵان لەبەر لەبەرچاوگرتنی کۆمەڵێک شت وازیان هێناوە لەو کردەوانەی

خەڵکی دوای ئـــەوان پێوەی خەریک بوونەو بە عیبادەتیان زانیوە، هەروەها لەبەر ئەوە بووە چونکە ئەوان خاوەن تێگەیشـــتنو سەلیقەیەکی زۆر بوونو باشتر لە ماناو مەبەستەکانی قورئانو سوننەت تێگەیشتوونو حاڵی بوون، ئەوانـــەی ئەم جۆرە پەرســـتنانەیان داهێناوە بەهۆی تێگەیشـــتنی تایبەتی خۆیانو وازهێنانیان لە سوننەتی شوێنکەوتراوەوە بووە.

ئەو کارو کردەوانەی هاوەڵان وازیان لێهێناوەو ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی پێیات دەوترێـــت (الخلوف) ڕەواجیان پێدەدا؛ هەرگیز هـــاوەڵان هانی خەڵکیان بۆلا نـــەدەدا، بۆیە ئەو کارەی هـــاوەڵان نەیانکردووە بەشـــێک نەبووە لە دین، چونکە ئەوان لە هەموو کەس زیاتر تامەزرۆی خەیر بوونەو سوربوون لەسەر ئەنجامدانـــیو لە هەموو خەڵک زیاتر گەڕاون بەدوای ئەو دەرگایانەی مرۆڤ دەخاتە ناو پەرستشـــە شەرعیەکان، هاوەڵان هەر شـــتێک شەرعی بووایەو مایەی نزیک بوونەوە لە خوا بایە دەیانکردو بە مەبەســـتی نزیکبوونەوە لە خوای میهرەبان ئەنجامیان دەدا.

دەبێت چەندە تێگەیشتوو بێت ئەو کەسەی شوێن هاوەڵان دەکەوێت لەو شتەی کردوویانەو نەیانکردووە، هەروەها شوێنیان بکەوێت لە تێگەیشتنو زانستیانو کردەوەیان، ئەو کەسە دەبێت چەندە شایستەی خەیرو نزیکبوونەوە لە خوای گەورە بێت، ئەو کەسە زۆر شایەنەو لەجێی خۆیەتی کە سەرکەوتوو بێت لە هەموو ئیشرو کارو کردەوەکانیدا.

بەشی شەشەم

خاوەنی کتێبی (مفاهیم) لە لاپەڕە (١٠) دا دەڵێت: ((بەڵام سەبارەت پێغەمبەرﷺ ئێمە باوەڕمان وایە کە ئەو ﷺ مرۆڤەو دروستە ئەو شتەی بەسەر بێت کە بەسەر مرۆڤ دێت، وەکو تووش بوونی بە کۆمەڵێک نەخۆشی کە نابێتە مایەی کەموو کورتی بۆئەو و خەڵکی لێ دوورناخاتەوە.

هەروەکو خاوەنی کتێبی (بیروباوەڕ) دەڵێت:

وجائز في حقهم من عرض

بغير نقص كخفيف المرض

واتە: دروستە ئەوان (واتە پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێت) تووشی کۆمەڵێک نەخۆشی سوکو سادە ببن بەڵام بەبێ ئەوەی بەهۆی ئەم نەخۆشیانەوە تووشی کەمو کوڕیو ناتەواوی ببن.

من دەڵێم (شێخ صالح):

ئەو قسەیەی هاوەڵەکەتان دەیکات قسەیەکی زۆر نەشیاوەو لەجێی خۆی نییە، ئەو دەڵێت پێغەمبەرﷺ تەنها تووشی کۆمەڵێک نەخۆشی سوکو ئاسایی دەبێت، ئەم پیاوە لەم قسەیەیدا بووەتە خراپترین پێشەنگ، ئێوە شوێن ئەو قسەیەی ئەو دەکەونو ئێمەش شوێن خۆشەویستمان پێغەمبەرﷺ دەکەوین. ئێوە قسەی خاوەن بیروباوەڕەکەتان پێ ڕاستە، ئێمەش قسەی پێغەمبەرەکەمان ﷺ پێ ڕاستەو تەواوە.

بۆیە ئێوە تووشی ناخۆشیو بەدبەختی دەبن کە شوێن هاوەڵەکەتان بکەون، خۆشبەختی بۆ ئێمە کاتێک شوێن پێغەمبەرمانوﷺ هاوەڵانی دەکەوین.

عبدالله کوڕی مەسعود خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: ((دخلت علی رسول الله

وهو يوعك، فقلت: يا رسول الله! إنك توعك وعكاً شديداً. قال: أجل إني أوعك كما يوعك رجلان منكم))[٦٦] ، واتە: چوومە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ لەکاتێکدا ئەو زۆر نەخۆش بوو تایەکی زۆری لێ بوو، وتم ئەی پێغەمبەری خوا تۆ نەخۆشیەکەت زۆر تووندەو تایەکەت زۆر بەرزە، فەرمووی: بەڵێ، من بە ئەندازەی دوو پیاو لە ئێوە نەخۆشدەکەومو تامدەگریت.

بوخاری بۆ ئەم فەرموودەیە لە کتێبەکەیدا (صحیح البخاری) ئەم عنوانو سەرەبابەتەی بۆ داناوە: (بەشی گەورەترین تاقیکردنەوەو ناخۆشی بۆ پێغەمبەرانە، پاشان باشترینو باشترین لەدوای ئەوان).

حافز ئیبن حجر لە (فتح الباری)دا دەفەرموێت: ((پێشەوەی ئەم سەرەبابەتە ئەو فەرموودەیەیە کە داریمیو نەسائی لە الکبریو ئیبن ماجە گێڕاویانەتەوە، هەروەها الترمذیو ئیبن حبانو حاکم بە صحیحو دروستیان داناوە، هەموویان لە ڕێگەی عاصم کوڕی بەهدەلە لە موصعەب کوڕی ئەبی وەقاص لە باوکیەوە دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: ((قلت: يا رسول الله! أي الناس أشد بلاءً؟ قال: الأنبياء ثم الأمثل فالأمثل، يبتلى الرجل على حسب دينه...الحديث)).

واتە: وتم ئەی پێغەمبەری خوا کێ لە هەموو کەس زیاتر تووشی تاقیکردنەوەو ناخۆشی دەبێت لە دونیا فەرمووی: گەورەترین تاقیکردنەوەو ناخۆشی بۆ پێغەمبەرانە، پاشان باشترینو باشترین لەدوای ئەوان، مرۆڤ بە گوێرەی ئاینەکەی تاقیدەکرێتەوە)) إ.ه.

ئەمە بیروباوەڕی ئێمەیە کە تیایدا شوێن پێغەمبەرەکەمان ﷺ دەکەوین، ئێوەش شوێن ئەو کەسانە بکەون کە بیروباوەڕەکەتان بۆ دەهۆنێتەوەو بۆتان دەکات بە شیعرو پێچەوانەی فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکات.

---

٦٦) صحيح البخاري، كتاب المرضى (١١١/١٠).

گوێبگرە لە فەرمایشـــتی عائیشـــە کە بوخاریو موســـلیم لە کتێبە (صحیح) ە کەیاندا گێڕاویانەتەوە: ((هیچ کەســـێکم نەبینیـــوە ئەوەندەی پێغەمبەرﷺ تووشـــی ئازارو ناڕەحەتی بێت))، ئەو شـــتەی بووە هۆی ئەوەی نووســـەر تووشـــی ئەم پێچەوانەکردنـــەی پێغەمبەرﷺ بکات بە ئاشـــکرا بریتییە لەو زیادەڕەوییە نەهیلێکراو و قەدەغەکراوەیە، سەیرکە بانگەشەی ئەوان چەندە بەتاڵەو ناپەسندەو ئەوانەی شوێنکەوتەی سەلەفن چەندە قسەکەیان ڕاستەو لەجێی خۆیەتی.

القاضـــی عیاض ڕەحمەتی خوای لێبێت لە کتێبی (شـــرح صحیح مســـلم) دا دەفەرموێت: ((بابزاندرێت کە ئەوان (واتە پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێت) مرۆڤنو تووشـــی بەڵاو ناخۆشـــیەکانی دونیا دێن، تووشـــی لاشەیان دەبێت هەرشـــتێک تووشی لاشـــەی مرۆڤەکان دەبێت؛ بۆئەوەی خەڵک دڵنیابێت کە بەڵێ ئەوان مرۆڤـــن، هەروەها بۆ ئەوەی بەهۆی ئەو موعجیزانەی لەســـەر دەستی ئەوان دێنە کایە خەڵک تووشی فیتنە نەبەنو شەیتان نەیانخەڵەتێنێت هەروەکو چۆن گاورەکانو جگە لە ئەوانیشـــی خەلەتاندو تووشی داوی خۆی کردن)) إ.ە.

خاوەنی کتێبی (مفاهیم) لە لاپەڕە (٣١) دا دەڵێت: ((بانگەشەکارە منالّ ئاساکان کەلەســـەر فەڕشی ڕاســـتین زۆرن، ڕاســـتی لە ئەوان بەرییە، هەرگیز دان بە خۆدانەپاڵی ئەوان بۆ حەقیقەتو ڕاستی ناندرێت)) پاشان دەڵێت: ((ئێمە دەستەی مسوڵمانان بەهۆی زۆرێک لەم جۆرە کەسانە تووشی تاقیکردنەوە هاتووین، هێرش دەکەنە سەر یەکڕیزی مسوڵمانانو نێوانی دەستەو تاقمەکان تێکدەدەنو دووبەرەکی دروســـت دەکەن ...)) ئینجا دەڵێت: ((لە دەرگای تێکدانی پەیوەندی

نێوان مسوڵمانانەوە بە مەبەستی چاککردنو باشکردنی تێگەیشتنەکان نێنە ناو – کۆمەڵگای ئیسلامیو فکرو بۆچوونیان –)) !.ە.

دەڵێم (شێخ صالح): ئەم وڵاتەی ئێمە لە دوای ئەوەی (حیجاز) هاتە ژێر ئاڵای دەسەڵاتی خۆی لەســـەر یەک بیروباوەڕو عەقیدە ژیاوە، هەموو خەڵکی لەم وڵاتە لە سەرجەم لاوە ئۆلفەتیان بەم بیروباوەڕەوە گرتووە، هیچ بیدعەیەک نابینن ناڕەحەتیان بکاتو کوفروبێباوەڕیو خراپە لەم بیروباوەڕە قەدەغەیان ناکات، گشـــتیان لەسەر یەک وشەنو یەک کۆمەڵنو لەژیانێکی پاکدا دەژینو تووشـــی دابڕانو گروپ گروپی دابەشـــکراو بەســـەر هەرێمەکانـــدا نەبوون، یەکتریان خۆشـــدەوێتو ئەو کەســـەی پێکاویەتیو لەســـەر ڕاستیە خاوەن هەڵەکەی ڕاســـتەکاتەوەو دەیگێڕێتەوە ســـەر ڕێبازی ڕاستو لە هەڵەکانی دەبووریێت لەو بابەتەی کە دروستە مرۆڤەکان ئیجتهادی تێدا بکەنو لە بنەما گشتیەکاندا یەکڕا بوون، هەموو مسوڵمانان لەم وڵاتەدا لەسەر ئەمە کۆدەنگ بوون و نەمانزانیوە کەســـێک هەبووبێت ناکۆک بووبێت لەگەڵیاندا، ئینجا کۆمەڵە کەســـانێک بەدەرکەوتن کە دەستیاندایە هەڵئایساندنی ئاگری فیتنەو تێکدانی یەکڕیزی مسوڵمانانو کۆمەڵێکیان کردە چەند کۆمەڵێک.

کێبوون ئەوانەی هەڵسوکەتیان منداڵانە بوو ئەم جۆرە کارانەیان ئەنجامدا، ئەوانەی بەردەوام لـــە هەوڵی ڕێگەگرتندا بوون لەبـــەردەم ئەو بیروباوەڕە پاکەی ئەم وڵاتە لەســـەری بوو. ئەمە تیرێکە لە تورەکەی کەوانەکەی تۆیەو بۆخۆت گەڕاوەتەوە، قسەیەکە ترسای بەتۆی بڵێن بۆیە پەلەتکردو بەخەڵکت وت.

ئینجا ئێمە بەتۆ دەڵێین: کێیە ئەو کەســـەی یەکڕیـــزی تێکدەدات، ئایا ئەو کەســـەیە کە بانگەوازی بۆلای یەکخواپەرستی دەکاتو داوا لە خەڵک دەکات

تەنها خوا بپەرستنو شوێن پێغەمبەرﷺ بکەونو دەستبگرن بە قورئانو سوننەت بۆئەوەی هەموو ئوممەت ببێتە یەک تاقمو کۆمەڵو یەک پەرستراویان هەبێت کە خوای گەورەیەو یەک پێشەنگیان هەبێت کە پێغەمبەر محمدﷺ، هەروەها یەک ڕێنیشاندەریان هەبێت کە قورئانو سوننەتەو لە ژێر یەک ئاڵادابن کە ئاڵای یەکخواپەرستییە. یان ئەو کەسە تێکدەری یەکڕیزییە کە خەڵک بۆلای ئالودەبوون بە جگە لە خوای گەورەوە بانگدەکات، بانگیان دەکات بۆ پەنابردن بۆ ئەولیاو پیاوچاکان، هەروەها بۆلای شوێنکەوتنی ڕێبازە سۆفیگەریە داهێندراوەکانو بەڵگەهێنانەوە بە کۆمەڵێک فەرموودەو چیرۆکی هەڵبەستراو و درۆو خەونی شەیتانی کە زۆرێک لە خەڵکان خۆیان پێ جوانکردووەو خۆیان پێ ڕازاندۆتەوە ﴿فَأَيُّ ٱلْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِٱلْأَمْنِ ۖ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨١﴾﴾ الأنعام: ٨١، واتە: کام لەم دوو تاقمەو گروپە شایستەی ئەوەن دڵنیابن لە سزای خوای گەورە ئەگەر ئێوە دەزانن قسەکەی من ڕاستەو لەجێی خۆیەتی ئەوا پێم بڵێنو هەواڵم پێبدەن.

خاوەنی کتێبی (مفاهیم) لە ل ٣٣ دا دەڵێت: ((ئەمە ئەو ڕاستیە کە زانایانی زانستی الأصول لە سەلەفی ئەم ئوممەتە ڕەزای خوایان لێبێت دوای لێکۆڵینەوەو بەدواداگەڕان پێی گەیشتوون: وەکو پێشەوا العز بن عبدالسلام، النووی، السیوطی، المحلی، ابن حجر)) إ.ه.

دەڵێم: ئەوەی پێویستە لێرەدا هۆشداری لەسەر بدرێت ئەوەیە کە وشەی (السلف) بە چەند شێوەیەک دەگوترێت:

لەوانە: جاری وا هەیە مەبەست پێی وشەیەکی گشتیە کە هاوەڵانو تابعینو تابع التابعین دەگرێتەوە، کە مەبەست پێی هەرسێک سەدەکەیە، ئەم مانایە مانایەکی دروستە بۆ ئەم وشەیە کاتێک پاڵدرا بۆلای وشەی الأمە، واتە: وترا

سلف الأمه، بۆلای ئەمانەو بەتایبەت هاوەڵان پاڵدەدرێت وشەی السلفیون. ئەمە مانای ئەوەیە کە سەلەفی شـــوێن پەیڕەوی هاوەڵانو شوێنکەوتوانیان دەکەون، شوێنکەوتنی قورئانو سوننەت شـــتێکە هەموو کەسێک بانگەشەی بۆلا دەکات، هەمووان ئارەزووی ئەو ڕێزو شـــەڕەفمەندیە دەکەن کە بە هۆی خۆدانەپاڵیان بۆلای قورئانو سوننەت بەدەستی دەهێنن، مەرج نییە هەرشتێک مرۆڤ ئارەزووی لێبوو پێی بگات، زۆر ئارەزوومەند هەیە ڕێگاکان تووشـــی ئاڵۆزیانکردووە، هەموو گروپە لاڕێکان خۆیان دەدەنە پاڵ قورئانو سوننەت، وەکو موعتەزیلە (لە گروپەکانی پێشووە) قادیانیە (لە گروپەکانی دواینەیە)، ڕافیزە (شـــیعة) کە لە گروپە پێشـــو و دواینەکانەو جگـــە لە ئەمانەش، ئەو خۆدانە پاڵەی بەڕاستیە بۆلای قورئانو سوننەت دەبێتە مایەی جیاکردنەوەی ئەهلی ســـوننەتو جەماعەت لە جگـــە لە خۆیان بریتییە لە شـــوێنکەوتنی هاوەڵانو پەیڕەوکردنی بەرنامەی ئەوانو ڕازی بوون بە ڕێبازیان، ئەو کاتە بانگەشەی ڕاستو ناڕاست لێک جودا دەبێتەوە، لەڕاستیدا ئەو بابەتەی لێرە بە کورتی باسکراوە لە شوێنێکی تری ئەم کتێبە بە درێژی باسی لێوەکراوە. یەکێکی تر لە ماناکانی (السلف) ئەوەیە کە وشەکە تایبەت بێتو مەبەست پێی ئەو کەسانە بێت کە لەپێش بێژەرەوە بوون، وەکو ئەوەی دەڵێن: پێشینانمان (سلفنا)، ئەمە وشـــەیەکە هەموو ئەو کەســـانە دەگرێتەوە کە لەپێش بێژەر ژیاون، مەبەســـت پێی هیچ پلەیەکی شەرعیو دینی نییە، ئەم مانایە زۆربەی کات نووســـەران بەکاری دەهێنن لەکاتی باســـکردنی زاناگەورەکانی ئوممەت ئەوانەی دوای ســـێ ســـەدەکە هاتوون، ئەم مانایـــە دەگونجێت بۆ هەریەکە لەو زانایانەی نووســـەر باســـیکردوون، لە هەموویان گەورەتر کە لە پێش هەموویان کۆچی دوایی کردووە (العز بن عبدالســـلام)ە، ئەم زانا بەڕێزە لە

سەدەی حەوتەمدا کۆچی دواییکردووە، کۆتاییان ابن حجر ئەلهەیتەمییە.

ئەم زانایانە لای زاناکانی شافیعی مەزهەب پێیان دەوترێت (المتأخرون) هەروەکو زاراوەی ئەوان بەم شێوەیەیە لە (المتقدمون، المتأخرون)، سنوری جیاوازی لەنێوان زانا پێشو و دواییەکانی شافیعی بریتییە لە سەری سالێ (٤٠٠)، بۆیە وتنی (سلف الأمه) بۆ ئەم زانا بەڕێزانە بە پێی خواستی زمانەوانیو خواستی نەریتی گونجاو نییە.

خاوەنی کتێبی (مفاهیم) لە ل ٤١ دا دەڵێت: ((لەو شتانەی کە پێویست نییە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت وەکو جیاوازی بۆچوونی زانایان لە بابەتی ئایا پێغەمبەرﷺ خوای گەورەی چۆن بینیوە، هەیانە دەڵێت بەدڵ بینیوەیەتی، هەیە دەڵێت بە چاو بینیویەتی، هەریەکە لەم دوو خاوەن بۆچوونە بەڵگەی خۆی دەهێنێتو ئەو لایەنە سەردەخات کە هیچ سودێکی تێدا نییە. ئەوەی کە من بە باشی دەبینم ئەوەیە کە هەموو ئەو شتانە گاڵتەو هەوەنتەنو هیچ سودێکیان نییە، بەڵکو زەرەرەکەی زیاترە لە سودو قازانجەکەی)) إ.ە.

دەڵێم: ئەم قسەیەی خاوەنی کتێبی (مفاهیم) زۆر سەیرو سەرسوڕهێنەرە، تیایدا هێرش دەکاتە سەر سەلەفو کەسایەتی هاوەڵانو شوێنکەوتوانیان بە کەمو کورت دادەنێتو تۆمەتی ئەوەیان دەداتە پاڵ کە گوایە ئەوان بەدوای شتێکدا گەڕاون کە سودو نەبووە، بەڵکو بە گومانی نووسەر ئەوان لێکۆڵینەوەیان لەسەر شتێک کردووە کە زیانی زیاتر بووە لە سودی، کێ تۆی فێری ئەم خۆبەگەورەزانیە کردووە، کێ تۆی کردووە بە حەکەم بەسەر وتەی هاوەڵان تاکو بە گاڵتە وەسفی بکەیتو لێکۆڵینەوەکانیان بە لێکۆڵینەوەیەکی زیانبەخش دابنێیت.

ئەبولعەببباس القرطبي لە کتێبی (المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم

١٤٨/١ نوسخەی الأحمدية له حلب) دەفەرموویت:

((له کۆنو ئێستادا زانایان بۆچوونیان جیاوازبووە سەبارەت بە دروستێتی بینینی خوای گەورە، ئەوانەی موبتەدیعن زۆر بەرپەرچی ئەوە دەدەنەوە کە دروستبێت لە دونیاو دواڕۆژ ببیندرێت، ئەوانەی لەسەر پەیڕەوی سەلەفن بۆچوونیان وایە کە دروستە خوای گەورە لە دونیاو دواڕۆژ بیندرێتو لە دواڕۆژ بە دڵنیاییەوە دەبیندرێت.

ئینجا ئایا پێغەمبەر (ﷺ) پەروەردگاری بینیوە یاخود نا؟ سەلەفو خەلەف لەمەدا بۆچوونیان جیاوازە، هەریەکە لە عائشەو ئەبو هورەیرەو کۆمەڵێک لە زانایانی سەلەف ڕەتیانکردۆتەوە پێغەمبەرﷺ خوای گەورەی بینیبێت، ئەم بۆچوونە بۆچونێکی بەربڵاو و بیستراوە لە ئیبن مەسعودو بۆچوونی کۆمەڵێک لە موتەکەللیمونو فەرموودەناسانە.

کۆمەڵێکی تری سەلەف پێیان وایە پێغەمبەرﷺ خوای گەورەی بینیوە، ئەو خوای گەورەی بە چاوەکانی خۆی بینیوە، ئەمە بۆچوونی هەریەکە لە ئیبن عەببباس فەرموویەتی: موسا بە قسەکردن لەگەڵ خوای گەورە تایبەتمەند بووەو ئیبراهیم بە دۆستو خۆشەویستی خوا، پێغەمبەر ﷺ بە بینینی خوای گەورە تایبەتمەند بووە. هەروەها هەر یەکە لە ئەبو ذەرو کەعبو الحسنو ئەحمەدی کوڕی حەنبەل پێیان وایە پێغەمبەرﷺ خوای گەورەی بینیوە، ئەم بۆچوونە بۆچونێکی تری هەریەکە لە ئیبن مەسعودو ئەبوهورەیرەیە)) إ.ە، هێنانەی بەڵگە بۆ ئەم بابەتەو هۆکاری جیاوازی بۆچوونی زانایان تێیدا لە شوێنی تردا باسدەکرێت، ئەوەی مەبەستە لێرەدا وڵامدانەوەی قسەی نووسەرە کە لە قسەکانیدا هێرش دەکاتە سەر سەلەفو دەڵێت زەرەری ئەم بابەتە زیاترە لە سودو قازانجی.

ئەگەر نووسەر خاوەن ڕەوشـــتێکی زانستیانە بووایەو کەسێکی خاوەن تەقوا بووایە هەرگیز تۆمەت خســـتنە ســـەر هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ نەدەخستە ناو قســـەکانی، ئەوە لە کاتێدایە کە خۆی لە کتێبەکەیدا لە لاپەڕە (٣٩) لە باسی بابەتی زانایانو سەلەفی صالح دەڵێت: ((چۆن خوای گەورە دەرگای ڕەحمەتی خۆیمان لێدەکاتەوە تاکو سود لە زانستی هاوەڵان وەربگرین کاتێک ئێمە پێمان وابێت زانســـتی ئەوان گومڕاییە)) إ.ە. ئەمە قسەی خۆیەتی بیرمانخستەوە، (پەندێـــک هەیـــە دەڵێت: بزن بە ســـمەکانی خۆی مردنـــی هەڵگرتووە، یان دەســـتەکانت بەنەکەیان بەســـتەوەو دەمت فوی تێکرد)[٦٧] ، نووســـەر خۆی دان بەوەدا دەنێت کە دەرگای فێربوون لەســـەر مـــرۆڤ ناکرێتەوە کاتێک لە کەســـایەتی زانایانی ســـەلەف بدات، خۆشی هەندێک زانســـتی هاوەڵان بە گاڵتەو زیانبەخش وەسف دەکات، ڕاستەکات چونکە دەرگای زانستی هاوەڵان بەڕوویدا داخراوە، ئەم دەرگایە ناکرێتەوە تەنها بۆ ئەو کەســـانە نەبێت کە بە بەرزیان ڕابگرێتو ســـەیری ئەو بابەتانە بکات کە ئەوان بۆچوونیان تێیدا جیاوازبووەو بڵێت خوا لێیان ڕازی بێت.

کتێبی (مفاهیم) بە شـــایەدی نووســـەرەکەی هیچ پەیوەندییەکی بە زانســـتی هاوەڵانەوە نییە، بە هیچ هۆکارێک ناگات بە ئەوان، با خۆشـــی بانگەشەی پێچەوانەی ئەمە بکات، چونکە زۆر گومان هەیە پێی دەوترێت عزمات.

خاوەنی کتێبی (مفاهیم) لە ل ٣٨ دا ســـەرەبابەتێکی نووسیوە بە ناونیشانی: (ئەشعەریەکان وەکو خۆیان):

دەڵێـــت: ((زۆرێک لە ڕۆڵەکانی مســـوڵمانان بێئاگانو نەزانـــن بەرامبەر بە ڕێبـــازی ئەشـــعەریەکان، نازانن ئەشـــعەریەکان کێنو ڕێبازیـــان چۆنە لە

٦٧) ئەم دوو پەندە بۆ کەسێک دەوترێت کە بەدەستی خۆی خۆی لەناوبردبێت.

بابەتی بیروباوەڕدا ... هەندێک کەس خۆیان ناپارێزن لە بە گومڕازانینیانو وەسـفکردنیان بە دەرچوو لە ئاینو گۆڕانکاریکردن لە سـیفاتەکانی خوای گەورە، نەزانینی مەزهەبو ڕێبازی ئەشـعەریەکان هۆکارێکە بۆ لێکدابڕانی یەکپارچەیی ئەهلی سوننەت .. هتد)).

دەڵێین: مەزهەبو ڕێبازی ئەشـعەریەکان لە بیروبـاوەڕدا زاندراوەو خاڵی جیاوازی ئەوان لەگەڵ ئەهلی سـوننەت دیارو ئاشـکرایە، پێویسـتە لێرەدا باس لە لایەنێکی ئەشـعەریەکان بکەین تاکو حاڵی ئەوانمان بۆ دەربکەوێتو بابەتەکـە تێکەڵاو نەبێت، دەڵێم: (الأشـاعرة) وشـەیەکی کۆیە، تاکەکەی (أشـعری)یە، ئەمە دەدرێتە پاڵ پێشـەوا ئەبولحەسەن علی کوڕی ئیسماعیل الأشعری، ساڵی ٢٦٠ک لەدایک بووە، لە ساڵی ٣٢٤ک کۆچی دواییکردووە.

باوکی کۆچی دوایی دەکاتو دایکی شو بە کەسێک دەکاتەوە کە لە گەورەپیاوانی موعتەزیلەیەو بە (الجبائی) ناسـراوە، ئەشـعەری لای ئەم پیاوە پەروەردە بوو، تا وای لێهـات قوتابی تایبەتی خۆی هەبـوو، بۆچوونی ئەم پیاوەو وانەوتنەوەو مەزهەبەکەی لەناو خەڵک ناسرا تا ئەو کاتەی تەمەنی گەیشتە چل ساڵ، هەموو ئەم ماوەیە دەمەتەقێی لەسەر مەزهەبی ئیعتیزال دەکرد.

ئینجا دەڵێن لە ڕۆژێکی هەینیدا چووە سـەر کورسـییەکـو بە هەموو دەنگی خۆی هاواریکرد: ئەو کەسـەی منی ناسـیوە ئەوا دەمناسێت، ئەوەی منیشی نەناسـیوە من خۆمی پێدەناسـێنم، من فلانی کوڕی فلانـم، من لەمەوبەر دەمگوت/ قورئان دروستکراوە، خوای گەورە بە چاو نابیندرێت، کاری خراپە من دەیانکەمو خۆشم تەوبەدەکەمو وازیان لێدەهێنم.

شـتی تریش وتراوە، بەڵام من ئەوەیانم باسـکرد کە لە هەموویان پوختترو کورتترە، ئەوەی مەبەسـتە لێرەدا ئەوەیە کە ئەشعەری تەوبەیکردو وازی لە

ئیعتیزالیەکەی هێنا. پاش ئەمە لە بازنەی فێرکردنی ئیبن کوللاب دانیشتو لە ماوەیەک زانستی لێوەرگرتن، ئەو مەزهەبە ناوەڕاستییەی هاوەڵەکانی دەیدەنە پاڵ ئەوا مەزهەبی کوللابییە جێ پەنجەو چڕنووکی ئیعتیزالی پێوە دیاربوو، ئەو بیروباوەڕەش بریتی بوو لە نەفیکردنو باوەڕنەبوون بە سیفەتەکانی خوای گەورە جگە لە حەوت سیفەت، بوونی بیروباوەڕی ئیرجاء، باوەڕبوون بە (الكلام النفسي)و پاوەڕنەبوون بە حیکمەتو دانایی خوای گەورە لە کردەوەکانیو شەرعی خۆی.

پاشان بەشێوەی فێرخواز سەیری دەقەکانی کردو وازی لەم مەزهەبە هێناو گەڕایەوە سەر مەزهەبی فەرموودەناسان، من چەندین دەقت بۆ دەهێنم لە کتێبەکانی کە ڕاستی ئەم قسانەم دەسەلمێنن:

١. لە کتێبی (مقالات الإسلاميين) کە لە هەموو کتێبەکان زیاتر زانایان دڵنیان لەسەری کە کتێبی ئەشعەرییەو دوای هێنانی مەزهەبی فەرموودەناسانو بیروباوەڕیان بەدرێژی فەرموویەتی (١/٣٢٠ – ٣٢٥): ((ئەمە کۆمەڵێک لەو بابەتانە بوون کە ئەوان – سەلەف – فەرمانیان پێکردووەو کاریان پێکردووەو بۆچوونیان بەم شێوەیە بووە لەسەری، ئێمە هەموو ئەو قسانەی ئەوان کردوویانە دەیانڵێینەوە، بۆچوونمان هەمان بۆچوونە، سەرخرانمان تەنها لەلایەن خواوەیە ...)).

٢. لە کتێبی (الإبانه) دا ئەم وتەیەی دەڵێت کە مەشهورەو بەربڵاوە: ((ئەو قسەیەی ئێمە دەیکەین، ئەو ئایندارییەی ئێمە پێوەی خەریکین بریتییە لە دەستگرتن بە کتێبەکەی پەروەردگارمانو سوننەتەکەی پێغەمبەرمان ﷺ، هەروەها هەموو ئەو زانیارییانەی لە هاوەڵانو تابعینو پێشەوایانی فەرموودە بۆمان نەقڵکراوەو گوازراوەتەوە، ئێمە دەست بە ئەمانەوە

دەگرین و ئەو قسەیە دەکەین کە ئەبو عبدالله ئەحمەد کوڕی حەنبەل دەیڵێت خوا دەمووچاو ڕۆشنی بکاتو پلەی بەرزبکاتو پاداشتی بۆ چەندقات بکات، هەروەها ئێمە خۆمان بەدوور دەگرین لەو کەسانەی پێچەوانەی قسەی ئەون ...)) إ.ه.

بەڵام ئەوانەی خۆیاندەدەنە پاڵی لەسەر ئەو مەزهەبەی ماونەتەوە کە پێچەوانەیە لەگەڵ مەزهەبی سەلەف لە بابەتی (الصفات)و قەدەرو جگە لە ئەمانەش، نەهاتنە سەر دواهەمین مەزهەبی کە خۆی لەسەری مایەوە، بەڵکو ئەوان چوونە سەر ئەو مەزهەبەی کە لێی پاشگەزبوویەوە، ئەو مەزهەبەی پێچەوانەیەو دەرچوونە لە مەنهەجی سەلەف، ئەی چۆن دەوترێت بە گومڕادانانی ئەشعەریەکان تێکدانی یەکڕیزی ئەهلی سوننەیە، بەڵکو دەڵێین بەرگریکردن لە مەزهەبی ئەشعەریەکان دەبێتە مایەی تێکدانی یەکڕیزی ئەهلی سوننە، چونکە کەسێک لەسەر ئەهلی سوننە حیسابکراوە کە لەئەوان نییە بۆ ئەوەی ئەو بۆچوونو مەزهەبە خراپەی خۆیان هەیانە حەڵاڵی بکەنو کەسێک بهێننە ناو ڕیزیان کە لە ئەوان نییە.

لە ل ٣٨ دا سەبارەت بە ئەشعەریەکان دەڵێت:

((ئەوان – ئەشعەریەکان – ئەو کەسانەن کە شەیخولئیسلام ئیبن تەیمیە لە بارەیانەوە فەرموویەتی: «زانایان سەرخەری زانستەکانی ئاینن، ئەشعەریەکان سەرخەری بنەماکانی ئاینن» الفتاوی بەشی چوارەم)) إ.ه.

دەڵێم: شەیخولئیسلام ئاوای نەوتووە، بەڵکو ئەم قسەیەی نەقڵکردووەو لە فەتوایەکیدا هێناویەتی (١٦/٤) کە لە (العز کوڕی عبدالسلام)ەوە باسی دەکاتو نەقڵی دەکات، ئەمەش دەقەکەیەتی:

((لـــە فەتواکانی الفقیه ئەبو محمد فەتـــوای زۆر درێژم بینی، ئەم فەتوایانە شـــتی زۆر جوانو باشیان تێدایە، کە تیایدا پرسیاری زۆر شتی لێکراوە، لە فەتواکانیدا دەفەرموویێت:))، ئینجا چەند شتێکی باسکردوو لەوانە:

فەرمـــووی: ((بەڵام ســـەبارەت بە لەعنەتکـــردن لە زاناکانو پێشـــەوایانی مەزهەبی ئەشـــعری؛ هەرکەسێک لەعنەتیان لێبکات سزا دەدرێتو لەعنەتەکە بۆخۆی دەگەڕێتەوە، هەر کەســـێک لەعنەت لە کەســـێک بکات کە شایستەی لەعنەت لێکردن نییە ئەوا لەعنەتەکە دەگەڕێتەوە سەری. زاناکان سەرخەری لۆوپۆپەکانی ئاینن‌و ئەشـــعەریەکان ســـەرخەری بنەماکانی ئاینن))، ئەمە قسەی (العز کوڕی عبدالسلام)ە، شەیخولئیسلام لەدوای ئەمە دەفەرموویێت: زانای الفقیه ئەبو محمد بە هەمان شـــێوە قەدەغەیکردووە لە لەعنەتکردن لە ئەشاعیرەو فەرمانیکردووە بە سزادانی لەعنەتکار لەبەر ئەوەی (ئەشعەریەکان) زۆر شـــتیان سەرخســـتووە لە بابەتی (بنەماکانی ئاین)و ئـــەو بابەتانەش ئەوانەبوون کە ئێمە باسمانکردن‌و لەگەڵ قورئان‌و فەرموودەدا دێنەوە، وڵامی هەموو ئەو کەســـانەش دەدرێتەوە کە پێچەوانەی قورئان‌و سوننەت دەکەن، بۆیە شێخ ئەبو ئیســـحاق دەفەرموویێت: ((بۆیە ئەشعەریەکان ڕەواجیان لای خەڵک پەیدا بوو چونکە خۆیان دەدایە پاڵ حەنبەلیەکان)).

ئەمە شتێکی دیارو ئاشکرا بوو لە سەر ئەو و هاوەڵانی‌و نووسینەکانیان بەر لە ڕوودانی فیتنەی قوشـــەیری لە بەغداد. هەر لەبەر ئەوە بوو ئەبولقاســـم بن عســـاکر لە ((مناقب))ەکەیـــدا فەرموویەتی: ((بـــەردەوام حەنبەلیەکان‌و ئەشـــاعیرەکان هەر لە کۆنەوە یەکڕیز بوون‌و جیاواز نەبوون، تا ئەو کاتەی فیتنەکەی ابن القشیری ڕوویدا)) هتد قسەی شێخ.

لەمـــەوە زاندرا کە شەیخولئیســـلام بـــە ڕەهایی نەیوتووە ئەشـــعەریەکان

سەرخەری بنەماکانی ئاینن، بەڵکو ئەو وڵامی ئەو ڕەهایەتییەی ئەبو محمد (کوڕی عبدالسلام)ی داوەتەوە، چونکە ئەشاعیرە کاتێک مەدح دەکرێن کە قسەکانیان هاوپێکی قورئانو سوننەت بێتو زەم دەکرێن لەو شتەدا پێچەوانەی قورئانو سوننەت بن.

ئەشعەریەکان ئاینیان لە زۆر بابەتدا سەرخست کە تیایدا وڵامی موعتەزیلەکانیان دایەوە، زۆر باش بوون لەم شتانەدا ئەوان، بەڵام ئەوان لە هەندێک بابەتی بنەمایی شوێن قورئانو سوننەت نەکەوتن، بۆیە ئەوان لایەنێکیان سەرخستو تووشی فیتنەیەکی گەورە هاتن لەو بابەتانەی ئەوان تێیدا لەگەڵ قورئانو سوننەتدا یەکیان نەگرتەوە.

نووسەری کتێبی (مفاهیم) لەو شتانەی لە خەڵکەوە باسیان دەکات زۆر وردبین نییەو وەکو خۆی نایهێنێت، بەڵکو ئەو شوێن ئەو کەسانە دەکەوێت کە شت لە خەڵکەوە باسدەکەن، ئەم قسەی العز بن عبدالسلام کەسێک بە مەبەستی ڕەواجدان دایە پاڵ شەیخولئیسلام کە پیاوێکی ئەشعەری هاوسەردەمە، ئێستا لە مەککە دادەنیشێت، زۆربەی ئەوانەی (وەکو ئەون) بە بچوکو گەورە مەنهەجو بەرنامەیان بریتییە لە نەگەڕانو خۆنەپارێزیو، خەڵەتاندنو تەزویرکردن، پەنا بەخوای گەورە.

خاوەنی کتێبی (مفاهیم) لە ل ٣٩ دا لە بابەتی بژاردنی ناوی ئەشعەریەکان دەڵێت: ((هەروەها أبوحیان التوحیدی خاوەنی کتێبی البحر المحیط)).

دەڵێم: چۆن مرۆڤ دڵنیادەبێت لەسەر ڕاستکردنەوەی تێگەیشتنو ڕاڤەی قورئانو فەرموودەی کەسێک کە ناوەکان تێکەڵ دەکاتو نایانناسێت، هەرکەسێک ئەمە حاڵی بێتو ئەمە زانستی بێت لێی دەوەشێتەوە زانیاریەکان تێکەڵبکات کاتێک دەیانگێڕیتەوە بۆ خاوەنەکانیانو شتێک بە دەم زانایانەوە

هەڵبەستێت کە نەیانگوتووە، جاری وایە قسەی محمد بن إسحاق بن خزیمە بکاتە قسەی محمد بن إسحاق بن یسار خاوەنی کتێبی السیرە، لەوانەشە ڕیوایەتی أبو نعیم الفضل بن دکین بکاتە ڕیوایەتی أبو نعیم أحمد بن عبدالله الأصبهاني، لەوانەیە قسە لە محمد بن إدریس أبو حاتم الرازی نەقڵبکاتو بیکاتە قسەی محمد بن إدریس الشافعی، لەوانەیە قسەی أبو داود الطیالسی بکاتە قسەی أبو داود السجستانی، لەوانەیە قسەی لە أبو زرعة العراقی نەقڵ بکات کە هی (أبو زرعة الرازی)یە، هەروەکو هەندێک لە ئەوان ئەم کارەیان کردبوو.

لە زانستەکانی زمانەوانیدا: لەوانەیە قسەیەکی ابن هشام کە ڕاڤەکەری (مقصورە ابن درید)ە یان هی ابن هشام النوی کە شەرحی ئەلفیە دەکات بداتە پاڵ ابن هشام خاوەنی السیرە. لەوانەیە قسەیەک بداتە پاڵ أبو عبید کە هی أبو عبیدە، یان قسەی ئەخفەشی مامناوەند سعید بن مسعدە بداتە پاڵ ئەخفەشەکەی تر وەکو علی بن سلیمان یان جگە لە ئەو، لەوانەیە زانیاری لە الأزهري أبی منصور باسبکات و پێی وابێت ئەمە (الأزهری خالد)ە کە دواتر هاتووەو شەرحی کتێبی (أوضح المسالک)ی کردووە، جگە لە ئەویش بەم شێوەیە.

لە زانسی قیرائات ڕەنگە قیرائەی ابن کثیر المکی وا تێبگات کە هی (ابن کثیر المفسر)ە، لەکاتێکدا ئەم دووانە چەندین سەدە لەنێوانیاندا هەیە، لەوانەیە شتێک بداتە پاڵ نافع المدنی کە هی (نافع مولی ابن عمر)ە، لەوانەیە قیرائەتی عاصم بن أبی النجود باسبکات پێی وابێت وەکو ڕیوایەتکردنەکەیەتی لای فەرموودەناسان.

لە زانستەکانی الفقە: ڕەنگە ناوی ابن تەیمیە شەیخولئیسلام أبو العباس

لەگــەڵ ناوی باپیری أبو البرکات تێکەڵبکات، ڕەنگە قســەی ابن حجر المکی بداتە پاڵ ابن حجر العســقلانی، ڕەنگە وا گومان بەرێت کە ئەو قسەیەی ابن عبدالهادی یوسف کردوویەتی قســەی ابن عبدالهادی محمد بن أحمده، ڕەنگە هەریەکە لــە (الهیثمي والهیتمي) تێکەڵبکات، ڕەنگــە وا گومان ببات کە ابن نجیم خاوەنی (البحر الرائق) هەمان ابن نجیم خاوەنی کتێبی (النهر الفایق)ە، لەوانەیە پێی وابێت زەیلەعی الفقیه هەمان زەیلەعی خاوەنی (نصب الرایه)یە، باســکردنی زانســتەکانی ترو درێژەدان بەو لایەنانەی ئاماژەیان پێدەکەم بۆ زانیاری ئەمانە ئێمە لە باسەکە دەبەنە دەرەوە.

من سەیرم دێت لە نووسەر کاتێک دەڵێت: أبو حیان التوحیدی خاوەنی (تفسیر البحر المحیط)، پاشــان زیاتر لەوە توشــی سەرسوڕمان دەبم کە ناوی ئەو زانایانە دەبینم پێشەکییان بۆ کتێبەکەی نووسیوەو پیایان هەڵداوە. هەموویان گومانیان وایە کتێبەکەیان خوێندۆتەوە (ئینجا پێشــەکییان بۆ نووســیوە)! هەیانە لەم زانایانە ناوەکەی بە دادوەری خاوەن زانســتو مێژووزانو الفقیه ڕازێندراوەتەوە، هەیانە دەرهەقی وتراوە: فەرموودەناســی لێکۆڵەر، هەیانە الفقیەی زۆر زانا، هەیانە لەبارەی وتراوە: زانای بە تواناو الفقهیه الأصولي ئەو کەسەی کە مەدحی کتێبی (مفاهیم یجب أن تصحح) دەکاتو دەڵێت:

بحث دقیق عمیق لا یقوم له

خبط وخلط وتدلیس وإبهام

هەیانە پێشەکییەکەی بڵاونەکراوەتەوە لەبەر ئەوەی خاوەنەکەی خۆبەکەمگر بــووە! چۆن دەبێت ئەم پێشــەکی نووســانە نەزانــنو ئــاگادار نەبن بەم تێکەڵکردنە، تێکەڵکردنی ناوی دوو کەس کە یەکێکیان لە ســەدەی چوارەمدا ژیاوەو ئەویتریان لە سەدەی حەوتەمو هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە.

چۆن دەبێت ئەم ڕستەیەیان نەبینیبێتو بەسەریدا نەڕۆیشتبن، یاخود بینیویانەو نەیانزانیوە! هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەوان کتێبەکەی نووسەریان نەخوێندۆتەوە، چونکە لەدەستچوونی ڕاستکردنەوەی وێنەی ئەمجۆرە هەڵانە لەسەر کۆمەڵێک زانا ناچێتە عەقڵەوە مەگەر لەبەر دوو شت نەبێت، یەکەمیان ئەوە بوو کە باسمانکرد، ئەوی تریان هەڵیدەگرین بۆئەوەی مرۆڤی خاوەن هۆشو عەقڵ بیری لێبکاتەوەو تێی بفکرێت.

ئەو کەسانەی لە پلەی مامناوەندان لە قۆناغەکانی فێربوون دەزانن کە التوحیدی کێیەو کێش خاوەنی کتێبی (البحر المحیط)ە، وەرە ئەو کەسەی بۆتە مێوژ بەر لەوەی ببێتە تڕێ با بۆت باسی ژیاننامەی ئەم دوو پیاوە بکەم بەڵکە ببێتە ڕێشمەیەک لەبەردەم سەرسام بوونی مرۆڤ بە خودی خۆی یان بە نووسینی پێشەکیەکان.

(التوحیدی): ناوی: علی بن محمد بن العباس البغدادی، ئیمامی الذهبي لەبارەیەوە فەرموویەتی: ((گومڕای مولحید ... خاوەنی چەندین نووسینی ئەدەبیو فەلسەفییە)) إ.ە. ساڵی ٣٣٥ک لەدایکبووەو نزیکەی ساڵانی ٤١٤ک مردووە، چەندین بەرهەمی نووسینی هەیە کە هەندێکی چاپکراوە لەوانە: الإمتاع والمؤانسە، لەم کتێبەدا ئاماژەی بەوەکردووە کە پەیوەندی بە إخوان الصفاوە هەیە، هەروەها کتێبی البصائر والذخائری هەیە، الصداقة والصدیق، ومثالب الوزیرن، جگە لەمانەش.

مەزهەب و ڕێبازی ئەم پیاوە نادیارە، بۆچوونی موعتەزیلەی بەلاوە پەسندە، لەوانەشە هەر لەبەر ئەمە ناوی لە خۆیناوە (التوحیدی) وەکو ئاماژەیەک بۆ ئەو یەکبوونەیان لەسەر نەفیکردنی الصفات. وتراوە بۆیە ئەم ناوەی لەخۆناوە چونکە دەدرێتەپاڵ دارخورمایەک لە عێراق، ئەمەیان تەواو نییە.

پێدەچێت أبو حيان التوحيدى لە إخوان الصفا باتينيەكان بێت، ياخود لە شوێنكەوتوانى ئيسماعيليەكان بێت؛ چونكە زۆر بۆچوونەكانيان دووبارەدەكاتەوە لە كتێبەكانيدا، ئەم بۆچوونانە گشتيان خراپن و فەلسەفەن و ئاينێكە جگە لە ئاينى ئيسلام.

بەڵام أبو حيان الأندلسى خاوەنى تەفسيرى (البحر المحيط) ناوى: أثير الدين محمد بن يوسف بن على يوسف بن حيان الأندلسى الغرناطى النفزى، دەدرێتە پاڵ نفزە، هۆزێكى بەربەرە، ئيبن العماد لە كتێبى (شذرات الذهب ١٤٥/٦) دەفەرموێت: ((نەحوزان و زمانزان و ڕاڤەكارو فەرموودەناس و خوێنەرەوەو مێژوونـاس و ئەديبى سەردەمى خۆى بوو، لە مطخشارش لە دايک بووە؛ شارێكە لە غرناطە لە ساڵى ٦٥٤ک)) إ.ە، الحافظ ئيبن حجر لە كتێبى (الدرر الكامنة ٣٠٤/٤) دەفەرموێت: ((أبو حيان زاهيرى مەزهەب بووەو خۆيداوەتە پاڵ مەزهەبى شافعيەكان، مينهاجى كورتكردۆتەوە، أبو البقاء دەيوت: ئەو بەردەوام بوو لەسەر مەزهەبى زاهيرى، ئەبوحيان دەيفەرموو: ئەستەمە كەسێک بۆچوونى زاهيريەكانى چووبێتە ناو عەقڵەوەو پاشان وازى لێبێنێت)) إ.ە. ساڵى ٧٤٥ک كۆچى دوايى كردووە.

أبو حيان الأندلسى بێژەرى ئەو هۆندراوەيە بوو كە كاتێک ئيبن تەيميە هاتە ناو مصر.

نووسەر لە ل ٤٩ دەفەرموێت: ((لە فەرموودەيەكدا هاتووە: پێغەمبەر ﷺ فەرموويەتى: ((لا تطروني كما أطرت النصارى ابن مريم)).

واتە: ئەوەندە مەدحم مەكەنو بەشێوەيەک سنور تێبپەڕێنن لە مەدحكردنمدا هەروەكو گاورەكان بەرامبەر بە كوڕى مەريەم (واتە عيسا ﷺ) كرديان.

ئەمە مانای وايە كە مەدحكردنى پێغەمبەر ﷺ بە جگە لەوەى فەرموودەكە

باسی لێوە دەکات دروستەو شتێکی پەسندەو مرۆڤ سوپاسکراوە لەسەری)).

پاشـــان دەڵێت: بەڵێ واجبەو پێویستە لەســـەرمان کە پێغەمبەر ﷺ بە هیچ یەکێک لە ســـیفەتەکانی پەروەردگاریەت وەســـف نەکەین، ڕەحمەتی خوا لە بێژەربێت کە وتوویەتی:

دع ما ادعته النصاری فی نبیهم

واحکم بما شئت مدحا فیه واحتکم

واتـە: واز لـــەو بانگەشـــەیە بەێنـــە کـــە گاورەکان دەیکـــەن بەرامبـــەر بە پێغەمبەرەکەیـــان، هەمـــوو مەدحێـــک بەکاربهێنەو حوکمی لەســـەر بدە بۆ پێغەمبەر محمد ﷺ.

هەرگیز بە مەدحکردنی پێغەمبەر ﷺ بە جگە لە سیفاتەکانی پەروەردگاریەتی مرۆڤ تووشـــی بێباوەڕیو شـــەریک بۆ خوادانان نابێـــت، بەڵکو ئەم کارە گەورەترین پەرستشەو هۆکارە بۆ نزیکبوونەوە لە خوای گەورە ..)) إ.ه.

دەڵێم: ئەهلی ســـوننەتو فەرموودە ســـوپاس بۆ خوای گەورە پێغەمبەریان ﷺ بـــە گوێرەی فەرمانی خوای گەورە بە بـــەرزو گەورە ڕاگرتووە، (ئەویش ئەوەیە) باوەڕمان بە ئەو و بەو بەرنامەیە هەیە کە پێغەمبەر ﷺ پێی هاتووە، هەروەهـــا بە گەورەی بزانێو ڕێزو حورمەتی بگرێو شـــوێن ئەو نورە بکەون کەئەو پێی هاتووە، ئەهلی سوننە پێغەمبەرو ﷺ فەرموودەکانو سوننەتەکانی ئەویان خۆشدەوێ، ئەوان بەرگری لە ئەو و فەرموودەکانی دەکەونو هەرگیز ڕازی نابن هیچ کەسێک شـــتێک بداتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ کە نەیفەرمووە، یان ڕەنگـــە وای فەرموبێت، ئەهلی ســـوننەت ئەو پلەوپایـــە دەزانن کە خوای گەورە بەخشـــیویەتی بە پێغەمبەر ﷺ، هەرگیز لەم پلەوپایەی کەمناکەنەوە بەڵکـــو ئەوان دوورن لـــەم کارە، هەرگیز پێغەمبـــەر ﷺ زیاتر لە پلەوپایەی

خـــۆی بەرزناکەنەوە هەروەکو چۆن ئەو کەســـانە وادەکەن کە زیادەڕەوی لە حەقیدا دەکەن، ئەهلی سوننە لە هەموو ئەمانە شوێن هاوەڵانو پێشەواکانی ڕێنمایـــیو ئاین دەکەون خوای گەورە لە هەموویـــان ڕازی بێت، ئینجا دوای ئەوەی کۆمەڵێک گروپو تاقمی بیدعەچی وەکو ئەو سۆفیانەی زیادەڕەوییان دەکرد فیتنەیەکیان تووشـــی خەڵکیان پێوە گرفتارکرد، ئەویش بریتی بوو لە فیتنەی دەرخســـتنی بە گەورەڕاگرتنی پێغەمبەرﷺ بە گوفتارو وازهێنـــان لەو کەســـانەی شـــوێنکەوتەی پێغەمبەرن ﷺ بە کـــردار، بۆیە پێچەوانـــەی فەرمانەکانـــی پێغەمبـــەرو ﷺ ڕێبازی هاوەڵـــە بەڕێزەکانیو خەلیفەکانی راشیدینو ئەوانەی دوای ئەوانیشیان کرد.

بۆیە ئەم جۆرە سۆفیانە کۆمەڵێک فەرموودەی درۆو هەڵبەستراویان بە هۆی نەزانیو کەم شـــارەزاییان لە زانســـتی فەرموودە خستە ناو فەرموودەکانی، یـــان ئەوەتا ئەم کارەیان بەئەنقەســـت ئەنجامداوە، پاشـــان ئەم فەرموودە هەڵبەســـتراوانە بەناو خەڵکدا بڵاوکراونەتەوە تا وای لێهاتووە ســـوننەتە دروســـتەکانی پێغەمبەرﷺ پشتگوێخراوەو شـــوێن ئەو فەرموودانە کەوتوون کـــە ڕەتکراوەو هەڵبەســـتراون. ئەم جۆرە ســـۆفیانە دان بـــەوەدا دەنێن کە لە فەرمـــوودەو تەخریجکردنی نازانن و صحیح و ضعیـــف لێک ناکەنەوە، هەرکەسێک سەیری کتێبی ئەوان بکات ئەوا بە ڕوونی ئەمە دەبینێت.

ئەو دەقانـــەی خاوەنی کتێبی (مفاهیم) کردوونی بـــە بەڵگە لەنێوان لاوازیو تەقلیددان، ئەو مانای ئەم پەندەی بەســـەر خۆیدا ســـەپاندووە (الحبل على الغارب)، ئەم فەرموودەیەی ئـــەو هێناویەتیو کردوویەتی بەبەڵگە بوخاری گێڕاویەتیـــەوە لـــە (صحیح)ەکەیـــدا (٤٧٨/٦)، عەمر لـــە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((لا تطرونی كما أطرت النصارى ابن مريم، فإنما

أنا عبد فقولوا عبدالله ورسوله))، واتە: ئەوەندە مەدحم مەکەنو بەشێوەیەک سنور تێبپەڕێنن لە مەدحکردنمدا هەروەکو گاورەکان بەرامبەر بە کوڕی مەریەم (واتە عیسا ﷺ) کردیان، من تەنها بەندەیەکم بڵێن بەندەی خواو پێغەمبەری خوایە.

نووسەر دەستی لەسەر بەشەکەی تری فەرموودەکە داناوە بۆئەوەی خوێنەر بەشێوەیەکی تەواو و دروست لێی تێبگات، پارچەپارچەکردنی ئەم فەرموودەیە فەرموودەکە تێکدەدات، ئەمە دەچێتە ژێر گۆڕینی مانای فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ، چونکە مانای فەرموودەکە بەبێ ئەم پارچەیە تەواونابێت، مانای فەرموودەکە بەمشێوەیە: سنور مەبەزێنن لەکاتی مەدحکردنی مندا بەشێوەیەک مەدحم مەکەن کە ئەم مەدحکردنە بتانگەیەنێتە کردەوەی گاورەکانو وەکو ئەوانتان لێبێت کاتێک گاورەکان لە مەدحکردنو بە گەورەدانانی عیسی سەلامی خوای لێبێت ڕۆچوون هەروەها ئەو موعجیزانەیان بینی کە خوای گەورە لەسەر دەستی ئەوانی دێنایە بوون وەکو زیندوکردنەوەی مردووانو چاککرنەوەی کەڕو کوێر، لەگەڵ ئەوەی ئەو وشەی خوای گەورە بوو بۆیە بانگەشەی پەرستراویەتیان بۆ کرد.

کاف لە فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ : ((کما)) تشبیەو چواندن نییە، بەڵکو ئەمە کافی تەعلیلە کە ئاماژەیە بۆ سەرئەنجامی کارو کردەوەیەکەیان.

لە ئینجیلی بەرنابادا هاتووە لە بەشی نەوەدو دوو کە عیسی سەلامی خوای لەسەربێت فەرموویەتی: ((من شایەتی دەدەم لەبەردەم ئاسمان، هەروەها هەموو کەسێکی نیشتەجێ لەسەر زەوی دەکەمە شایەت کە من بەریەو دوورم لە هەموو ئەو شتانەی خەڵک لەبارەی منەوە دەیڵێن، (بەریم لەوەی ئەوان دەڵێن) من لە مرۆڤ گەورەترم، چونکە من مرۆڤێکم لە ئافرەتێک بووم،

حوکمی خوای گەورە هەڵدەگرم، دەڕیم وەکو ســـەرجەم خەڵکـو وەکو ئەوان بەدبەختی گشتی تووشم دێتو دەکرێت ببمە ئامانج بۆی)).

هـــەر لە هەمان کتێبدا هاتووە کە وڵامـــی گاورەکان دەدانەوە: ((والی وهیرو دوس دەڵێت: ئەی پایەدار شـــتێکی مەحاڵو ئەستەمە کە مرۆڤێک بتوانێت ئەو کارە بکات کە تۆ دەیکەیت، بۆیە تۆ لەو قســـەیە ناگەیت – ئەی گاور – کە دەیڵێیت)).ئەمە قسەی عیسایە سەلامی خوای لێبێت، لەکاتێکدا خوای گەورە ســـەبارەت بە ئەو لە ســـورەتی (المائدە) دا دەفەرموێت: ﴿ مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلَّا مَآ أَمَرْتَنِي بِهِۦٓ أَنِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْۚ وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّا دُمْتُ فِيهِمْۖ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنتَ أَنتَ ٱلرَّقِيبَ عَلَيْهِمْۚ وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ ﴿١١٧﴾ ﴾المائـــدة: ١١٧، واتـــە: (عیسا لە ڕۆژی دوایی دەڵێت: ئەی پەروەردگارم)من تەنها ئەو شتەم بە نەوەی ئیســـرایل وتووە کە تۆ فەرمانت پێکردووم کە پێیان بڵێم خوای پەروەردگاری منو ئێوە بپەرســـتن، (ئەی پەروەردگارم) من شـــایەت بـــوومو چاودێر بووم بەســـەریانەوە بەدرێژایی ئەو کاتەی لەناویاندا بوو، کاتێک منت بردەوە لای خۆت (بەرزتکردمەوە بۆ ئاسمان) تۆ چاودێربوویت بەسەریانەوە، بەڕاستی تۆ ئاگاداری هەموو شـــتێکیت، عیسا بە ئەوانی وت: ﴿ أَنِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْۚ ﴾ المائـــدة: ١١٧، هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَمُبَشِّرًۢا بِرَسُولٍ ﴾الصـــف: ٦، واتـــە: (عیســـا وتی ئەی نەوەی ئیســـرائیل) من پێغەمبەری خوام بۆلای ئێوە ڕەوانەکـــراومو ئەو تەورێتەی لەپێش منداخوای گەورە بۆ ئێوەی دابەزاندووە من بەڕاستی دادەنێمو (باوەڕم پێیەتی).

شەیخولئیســـلام لە کتێبی (الرد علی البکری ل ١٠٥) دا دەفەرموێت: ((ئەگەر نەوەی ئیسرائیل فەرمانی پێغەمبەرەکەیان بەجێگەیاندبایە دەبوایە گوێڕایەڵی

پێغەمبەرانـــی خوا بوونایە، خوای گەورەیان بە تاک دانابایەو تەنها ئەویان بپەرستایە، بەهۆی ئەم کارەیان بەختەوەری دونیاو دواڕۆژیان بەدەست دەهێنا (خوای گەورە بەختەوەری دەکردن، (بەڵام) ئەوان زیادەڕەویان لە مافی ئەودا کردوو خۆیو دایکیان کردن بە دوو پەرســتراو جگە لە خوای گەورە: هانایان بۆ عیساو پێغەمبەرانو پیاوچاکانی تر دەبردو داوایان لێدەکردنو دەیانکردنە شـــەریکو هاوەڵی خوای گەورە، (ســـەرەڕای ئەمە) ئـــەو پێغەمبەرەیان بە درۆزانی کە ئەو موژدەی هاتنی دابوو، ئەو تەوراتەیان دەستکاریکردو گۆڕیان کە پێغەمبەر عیسا بەڕاستی دانا، لە هەموو ئەم کارانەیاندا گومانیان وابوو ئەوان مەســـیح بە گەورە دادەنێنو ڕێزو قەدری بەرز ڕادەگرن، ئەم کارانەیان لە نەزانینو گومڕاییانەوە بوو، ئەوان هەر کاتێک گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەیان بوونایە لەو شتەی ئەو بانگیان بۆلا دەکات ئەوا پێغەمبەرەکەیان بە ئەندازەی پاداشتی ئەوانی دەستدەکەوت، گوێڕایەڵی ئەوان بۆ پێغەمبەرەکەیانو دانان بە بەندەیی عیساو بەو پێغەمبەرەی ئەو موژدەی هاتنی پێداون: دەبووە مایەی بەدەستهێنانی پاداشت بۆ پێغەمبەرەکەیانو بۆ خۆیان بەشێوەیەک کە هەر خوای گەورە دەزانێت چەندە، (بەڵام) ئەوان ئەم پاداشتەیان لەدەست خۆیانو ئەودا، بەهۆیەوە دەیانتوانی پاداشتێکی باش بۆخۆیانو بۆ ئەو بەدەست بهێنن، (بەڵام) ئەمەیان بە شتێک قەرەبوو کردەوە کە زەرەری بۆ دونیاو دواڕۆژی ئەوان هەیە، کاتێک بۆیان ڕوونبکرێتەوەو پێیـــان بوترێت: ﴿مَّا ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ ٱلرُّسُلُ وَأُمُّهُۥ صِدِّيقَةٌ ۖ كَانَا يَأْكُلَانِ ٱلطَّعَامَ ۗ ... ﴿٧٥﴾﴾ المائدة: ٧٥، واتە: مەسیحی کوڕی مەریەم تەنها پێغەمبەر بووەو چەندین پێغەمبـــەری تر لەپێش ئەودا هاتوونو دایکی ئافرەتێکی ڕاســـتگۆو بەڕاستدانەر بووە، هەردووکیان خواردنیان خواردووە.

ئەوان دەڵێن ئەمە پلەوپایەی مەسیحی پێ کەم دەبێتەوەو بێ ڕێزیە بەرامبەری و جنێودانە پێی، بەڵکو دەڵێن ئەمە بێباوەڕیەو ئینکاریکردنی ئەوەو نەهێشتنی ئەو سیفاتە تەواوانەیە کە پێی دراوە)) إ.ە.

لە فەرموودەکەی ئیمامی عومەر کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی زیادەڕەوی مەکەن لە مەدحکردنم ڕێنمایی تێدایە بۆ نەهێشتنی هەموو هۆکارێکی زیادەڕەوی، (کاتێک تۆ بڵێیت پێغەمبەرﷺ) بەندەو نێردراوی خوای گەورەیە (ئەوا بە پێی ڕێنماییەکەیە)، ئەمە ئەو ناو و سیفەتەیە کە پێغەمبەرﷺ بۆخۆی داناوەو ڕازی بووە پێی، ئایا نابێت ئێمە بە شتێک ڕازی بین بۆ پێغەمبەرﷺ کەخۆی پێی ڕازییە، ئەمە لەکاتێکدا پێغەمبەرﷺ لە چەندین فەرموودەی صحیحو دروستدا نەهیکردووەو قەدەغەیکردووە زۆر بەگەورە دابندرێت بۆ ئەوەی هەوێنی زیادەڕەوی لە مافیدا نەکرێتو لەو پلەیەی خۆی زیاتر بەرزنەکرێتەوە کەخوای گەورە پێیداوە، (بەو شێوازە وەسفنەکرێت) کە تەنها شایستەی خوای گەورە بێت.

ئینجا قسەی نووسەر کە دەڵێت: ((بەڵێ واجبەو پێویستە لەسەرمان کە پێغەمبەرﷺ بە هیچ یەکێک لە سیفەتەکانی پەروەردگاریەت وەسف نەکەین، ڕەحمەتی خوا لە بێژەربێت کە وتوویەتی:

دع ما ادعته النصاری فی نبیهم

واحکم بما شئت مدحا فیه واحتکم

واتە: واز لەو بانگەشەیە بهێنە کە گاورەکان دەیکەن بەرامبەر بە پێغەمبەرەکەیان، هەموو مەدحێک بەکاربهێنەو حوکمی لەسەر بدە بۆ پێغەمبەر محمدﷺ.))

لە بارەیەوە دەڵێم:

هەموو ئەو قسانەی تۆ لە هەمان قسەی ئەو بێژەرەیە کە تۆ ناوت شاردۆتەوەو

لـــە هەموو کەس زیاتر ناوەکەیت لەبەرە، ئەو کەیە (البوصیری) یە خاوەنی کتێبی (البردە)، تۆ بۆچی ناوەکەیت شاردۆتەوەو نەتووە؟

ئەم قســـەیەی تۆ بەشـــێکە لە قســـەی ڕاڤەکارانی کتێبی بوردە، لاڕێکان بۆ ولّامدانەوەی ئەو کەســـانەی لەســـەر حەقّو ڕاســـتین لە کۆنـــەوە دەیهێنن‌و باسیدەکەن، ئەزهەری لە شەرحی ئەم دێڕە شیعرەدا دەڵێت (ل ٢٢):

((واز لەو شـــتە بهێنە کە گاورەکان ســـەبارەت بە بەپێغەمبەرەکەیان عیسای کوڕی مەریەم سەلامی خوایان لێبێت دەوت، (ئەویش ئەوە بوو کە بە ئەویان دەگـــوت) کوڕی خوایـــە، هەروەکو خوای گەورە (لە قورئاندا باســـیکردووە) پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لەمە کردووەو قەدەغەی کردووە، بۆیە فەرموویەتی: ((لا تطرونـــی کما أطرت النصاری عیســـی))، واتە: ئەوەنـــدە مەدحم مەکەن‌و بەشێوەیەک سنور تێببەڕێنن لە مەدحکردنمدا هەروەکو گاورەکان بەرامبەر بە عیسا ﷺ کردیان، واتە: من بەمە وەسفمەکەن، لە دوای ئەمە بە هەر سیفەتەیکی کمالو تەواوێتی تر دەتوانی وەســـفی پێغەمبەر ﷺ بکەیت کە شایستەبێت بە پلەو مەقامی بەڕێزی‌و گەورەیی نیشـــان بدات)) !.ه.، واتە: تەنها مەڵێن کوڕی خوایەو هەرچی زیادەڕەوی‌و شیرکی تر هەیە بیڵێن دەرهەق، ئەمەش بەشێکە لـــە لۆو بۆپی زیادەڕەویکـــردن لە مەدحکردنیدا کە خـــۆی قەدەغەیکردووەو ئەوان تێیکەوتوون، زیادەڕەویەکەیان بالّکێشـــی کردوون بۆ قسەیەک کە زۆر ترسناکەو خراپەکەی زۆر گەورەیە ئەویش قسەکەی (البوصیری) یە کە دەڵێت:

لو ناسبت قدره آیاته عظما

أحیا اسمه حین یدعی دارس الرمم

ئیبراهیم الباجوری لە شەرحی ئەم دێڕانە دەڵێت (ل ٣٣):

((واتە: ئەگەر ئایەتەکانی ئەو لە ڕێزو شـــکۆمەندیدا گەیشـــتبنایە ڕێزو پلەو

پایەی پێغەمبەرﷺ ئەوا بەشـــێک لە ئایەتەکانی ئەو (موعجیزەکانی) بریتی بـــوون لەوەی بە تەنها ناوهێنانی ئەو مردووەکانـــی زیندو دەکردەوە، بۆیە ئایەتەکانی نەگونجانو هاوتا نەبوون لەگەڵ ڕیزو پایەداری ئەو (نەگەیشتن پێی)، ئەمەش ویستراوەو خوازراوە، چونکە لەواقیعدا قەدرو ڕێزی پێغەمبەرﷺ زیاترە لە ئایەتەکانی، بەڵکو قەدرو ڕێزی ئەو زیاترە لە قورئانی خوێندراوە و نەخوێندراوە))[٦٨] إ.ە.

سەیرکە ئەو زیادەڕەویەی البوصیری ئەوی پەلکێشکرد بۆلای چەندین مانای خراپو نەشیاو کە دەبێتە مایەی ئەوەی واوەیلایان بۆ بکرێت لە هەموو نشێو و بەرزاییـــەک، تا وای لێهات خوای گەورەیان بـــەوە تۆمەتبارکرد کە مافی تـــەواوی بە ئەو نـــەداوە، خوایەگیان ئێمە پەنا بە تۆ دەگرین لەم قســـەیەو بێژەرەکەیو ئەو کەسەش ڕازییە پێی.

٦٨) پێشەوا ئیبن جریر الطبری لە کتێبەکەیدا (التبصیر فی معالم الدین) دا دەفەرموێت: ((هەر کەسێک گومانی وابێت کە قورئانێکی تر جگەلەو قورئانەی بە زمانمان دەیخوێنیەوەو بە دەستمان دەینووسنەوە لە سەر زەوی یان لە ئاسمان هەیە، یان بە دڵی باوەڕی وابێت، یان بە دڵی شاردبێتیەوەو بە زوبانی وتبێتی ئەوا بێباوەڕە بە خوای گەورەو خوێنی حەڵاڵەو لە ئاینو لە خوای گەورە بەرییە))إ.ە. ئەوەی مەبەستە ئەوەیە کە القاضی أبو یعلی لە کتێبی (إبطال التأویلات الأخبار الصفات ل٨ – ٩) لە ئەوەوە نەقڵیکردووەو باسیکردووە.

دواوتـــــە

الحمد لله بدءا وانتهاء، والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه، أما بعد:

ئەمە کۆتایی ئەو بابەتانەیە کە من ویســـتم ولّامی بدەمەوە لە کتێبی (مفاهيم يجـــب أن تصحح)، هەندێک بابەتی تر ماوە کە ئەو باســـیکردوونو من ولّامم نەداونەتەوە؛ وەکو مەولود، ســـەفەرکردن بە مەبەستی سەردانیکردنی گۆڕی پێغەمبەر، تایبەتمەندییە پێغەمبەرایەتییەکانو هاوشـــێوەی ئەمانە، لەبەر ئەوەی هەندێک لەمانە زۆر قســـەی لەســـەر کراوەو هەندێکی تریان قســـەی زۆر لەســـەر ئەو فەرموودەو هەواڵانەکراوە کە بۆ ئەم بابەتە دەکرێنە بەڵگە بەڕیوایەتو تێگەیشتنیان.

داوا لە خوای گەورەو پایەدارو زاناو دانا دەکەم کە چاوڕۆشـــنو شـــارەزامان بکات بە گیانی خۆمان، (خەڵک) سودمەند بکات لەم نووسینەم، خوای گەورە ســـەرمانبخاتو یارمەتیدەرمان بێت لەســـەر پابەندبوون بـــە ئاینەکەیو بە تەنها پەرســـتنی هەروەکو چۆن خۆی حەزدەکاتو ڕازییە پێی، داواکارین لێی نەماندانە دەستخۆمان.

وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين

سوپاس بۆ خوای پەروەردگار لە بەرواری ٢٥/ربيع الأول/ ١٤٣٦ – ٢٠١٥/١/١٦ لە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بووم وەیواداڕم خوای گەورە لە هەڵەکانم ببوڕێتەو ئەم نووسینە بکاتە تۆشوویەک بۆ ڕۆژی دوایم.

آمیـــــــــــــــن

عبدالخالق حمدأمين عبدالله

٢٥/ربيع الأول/ ١٤٣٦ – ٢٠١٥/١/١٦

الخرطوم – السودان

نـــــــاوەرۆک

پێشەکی وەرگێڕ ٥
پێشەکی نووسەر ٩
بەشی یەکەم ٢٥
بەشی دووەم ١٦٣
شیرکی گەلی نوح علیه السلام ١٦٥
شیرك و هاوبەش دانان بۆ خوای گەورە لەناو گەلی (ئیبڕاهیم)دا ١٦٨
شیرکی عەرەب و ئایندارییان ١٧٢
چۆن شیرك هاتە ناو موسڵمانان ١٧٤
فصل ١٧٩
فصل ١٨١
فصل ٢٢٣
بەشی سێیەم ٢٢٦
شەفاعەت ٢٢٩
شەفاعەتی پێغەمبەر ٢٤٥
فصل ٢٤٧
فصل ٢٥١
بەشی چوارەم ٣٠٣
کافرکردن (التکفیر) ٣٠٥
فصل ٣٠٧
فصل ٣١٣
فصل ٣٢١
فصل ٣٣٣
فصل ٣٣٩
فصل ٣٣٩
فصل ٣٤٣

بەشی پێنجەم ٣٥٥
تەبەڕوککردن ٣٥٧
تەبەڕوککردن بەپێغەمبەر ٣٦٧
تەبەڕوککردن بە پیاوچاکان ٣٧١
فصل ٣٧٥
فصل ٣٨٣
بەشی شەشەم ٣٩٥
دواوتە ٤٢٣



خوێنەرى بەڕێز

ئەم کتێبەی بەردەستت بابەتی تەوەسولکردنو تکاکردنو داواکردن لە گۆڕی پێغەمبەرانو پیاوچاکان دەخاتە ڕوو. هەروەها ئاماژە دەکات بە بۆچوونی زانایانی پێشین لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ خستنەڕووی شوبهەی ئەو کەسانەی ئەم جۆرە کارانە بە ڕەوا دەبینن‌و ولاّمدانەوەیان بە پێی قورئان‌و سوننەت‌و وتەی بەڵگە ئامێزی زانایان

صلاح الدين
Salahaddin Bookshop

بۆ دەستخستنی ئەم کتێبە پەیوەندی بکەن بە کتێبخانەی صلاح الدين

هەولێر- فلکەی شیخ محمود - باڵەخانەی سید بهاء الدين - نهۆمی خوارەوە

0662236480

چاپخانەی ڕۆژهەلات/هەولێر